
٤٢٨

# جەلالی عومەری سام ئاغا

## بە قەڵەمی هاوڕێکانی

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com



**لیژنەی ئامادەکار**

پڕۆفیسۆر هەڵکەوت حەکیم
خالید حەمە غەریب - ئاوات عەلی
فەیسەڵ محەمەد - ئارام حاجی
نامۆ سەربەست - ئاوات عەبدوڵا
ئاسۆ ئەکرەم

# جەلالی عومەری سام ئاغا

## بە قەڵەمی هاوڕێکانی

# جەلالی عومەری سام ئاغا
## بە قەڵەمی هاوڕێکانی

دکتۆر هەڵکەوت حەکیم....
ئاوات عەلی - فەیسەڵ موحەممەد - ئارام حاجی
ئاوات عەبدوڵڵا - ئاسۆ ئەکرەم
خالید حەمە غەریب - نامۆ سەربەست

ئەم کتێبە تەنها وەك دیاری دەدرێت

٢٠٢٢

**ناوی کتێب:** جەلالی عومەری سام ئاغا- بە قەڵەمی هاوڕێکانی

**ناوی نووسەر:** کۆمەڵێک نووسەر

**بابەت:** کۆ وتار

**هەڵەچنین و دیزایین:** خالید حەمە غەریب عبدالرحمن- کتێبخانەی لانەی کوردان

**دیزایینی بەرگ:** نامۆ سەربەست

**نۆبەتی چاپ:** چاپی یەکەم

**ساڵی چاپ:** ٢٠٢٢

**چاپخانە:** چاپخانەی تاران

**سەرپەرشتیاری چاپ:** ئاشتی شێرکۆ

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٣٢١) ساڵی ٢٠٢١ی پێدراوە

# دەستەی ئامادەکردنی کتێبەکە

١- بیرۆکەی کتێب: دکتۆر هەڵکەوت حەکیم.
پرۆفیسۆری موتەمەڕڕس لە زانکۆی سۆربۆن- پاریس
٢- گرنگیدان بە کۆکردنەوەی بابەتەکان: ئاوات عەلی.
٣- بەشداری دووەم بۆ کۆکردنەوەی بابەتەکان: فەیسەڵ موحەمەد.
٤- سەرپەرشتیاری ئامادەکردنی بابەتەکان: ئارام حاجی.. ئاوات عەبدوڵڵا.
٥- کاری هونەری وێنەکان: نامۆ سەربەست.
٦- تایپکردنەوەی چەند بابەتێکی ڤیدیۆیی: ئاسۆ ئەکرەم.
٧- سەرپەشتیاری هەڵەچنین و دیزایین:خالید حەمە غەریب.
(کتێبخانەی لانەی کوردان).
٨- کارێکتەری سەرەکی کتێبەکە: جەلالی عومەری سام ئاغا.

هەر نووسینێك لەم چوارچێوەیەدا هاتووەتە بوون، مایەی تێڕوانین و لێکدانەوەی خاوەنی نووسینەکەیە، لیژنەی ئامادەکار بە ئەخلاقی پارێزراوی نووسینەکەوە پەیوەستە.. بێ گۆڕینی هیچ لایەنێکی ناوەڕۆك وەکو خۆی دایناوەتەوە، بۆیە جێی خۆیەتی لێرەوە دەستخۆشی ئاراستەی بەشداربووانی ئەم دۆکیۆمێنتارییە بکەین.

**دروشمی پرنسیپتی کارکردنی**

**جەلالی عومەری سام ئاغا لەکاری وەزیفیدا**

السَخاء: أنْ تَكوُّن بِمالِکَ مُتَبَرِّعَاً .....

وَعَنْ مَالِ غَيرِکَ مُتَوَرِعَاً

سەخاوەت ئەوەیە، کە دەستت لە ماڵی خۆتا کراوە و بۆ ماڵی خەڵک گیربێت

يـــــكُونُ المَسؤُولُ قـــــــَويــــّاً.....

إلَى أنْ يَطْلُبَ شـــــَيْئاً لِنَفْسِهِ

بەرپرس بەهێزە تا ئەو کاتەی داوای شت بۆ خۆی دەکات



بەسەرکردنەوەی بەڕێز مام جەلال بۆ جاری دووەم
دەباشان - ٢٠١٥/٢/١٩

# پێرستی بابەتەکان


**١- دەستەی ئامادەکردنی بابەتەکە** ٥
**٢- پێرست** ٩
**٣- بەڵگە دیکۆمێنتییەکان لە چرکاندنی وێنەکاندا** ١٣
لیژنەی ئامادەکاری کتێبی جەلالی عومەری سام ئاغا
**٤- پێشەکی** بە پێنووسی دکتۆر هەڵکەوت حەکیم- فەڕەنسا ١٧
**٥- پیاوی سپی بۆ ڕۆژی ڕەش** فەیسەڵ موحەمەد- ڕۆژنامەنوس ٢٥
**٦- ئەفسانەی نەمری** خالید حەمە غەریب عبدالرحمن ٣٣
**٧- بە دۆستایەتیکردنی کاک جەلال شانازی دەکەم** د. فوئاد مەعسوم ٤٣
**٨- شاری سلێمانی لەنێوان من و کاک جەلالدا** د. بەرهەم ئەحمەد صالح ٤٧
**٩- کەسایەتی کاک جەلالی سام ئاغا** کۆسرەت ڕەسول عەلی ٥١
**١٠- جەلالی سام ئاغا... بیرەوەری و هاوڕێیەتیم** عەدنان موفتی ٥٥
**١١- کاک جەلالی سام ئاغا... پیاوێکی ئازا و دڵسۆزی گەلەکەیەتی** ٦١
فاروق مەلا مستەفا
**١٢- ئەو پیاوەی پۆستی سەرۆکایەتی هەرێمی ڕەتکردەوە** بەهادین نوری ٦٧
**١٣- کاک جەلالی سام ئاغا... وەک یەکێک لە هێما دیارەکانی دژە گەندەڵی** ٧١
جەلال جەوهەر عەزیز
**١٤- کورتەیەکی بیرەوەرییەکانم لەگەڵ جەلالی عومەری سام ئاغا** ٧٧
دکتۆر حیکمەت تۆفیق فیکرەت
**١٥- ئاواتێ لە ڕێگای شەوە بەفرێکی زریاناوی** پرۆفیسۆر خدر مەعسوم ٨٧
**١٦- یادەوەرییە ڕەنگامەکان لە ڕۆژگارێکی قەترانیدا** فەرهاد شاکەلی ٩٣
**١٧- پاکک بە و بێباک بە!** د. ڕەفیق سابیر ١٠٧
**١٨- جەلالی عومەری سام ئاغا** د. حەمە ڕەشید قەرەداغی ١١٧
**١٩- ڕۆژی ٢٠١٩/١/١ لەگەڵ جەلالی سام ئاغادا** د. قارەمان شێخ بزێنی ١٢٣
**٢٠- جەلالی سام ئاغا - سەلماندی شۆڕشێک بە تەنیا دەکرێت!** بەهرۆز جەعفەر ١٢٩
**٢١- با لەوە زیاتر، زیندووکوژی مردووپەرست نەبین** کامیل ژیر ١٣٧
**٢٢- خەمی هەفتە... جەلالی سام ئاغا، مرۆڤ و هەڵوێست،** ١٤٧
**بەشێکن لە ویژدانی مێژوو** کەریم زەند
**٢٣- کاک جەلالی سام ئاغا... یادەوەری ٤٠ ساڵ** دکتۆر فوئاد بابان... ١٥٣

٢٤- **كەسێكی نیشتمانیی جیاواز** صلاح الدين بهاوالدين ١٥٩
٢٥- **كاك جەلالی عومەری سام ئاغا... وەك بەفر سپی!** ١٦٣
پارێزەر: بەكر حەمە صديق عارف
٢٦- **كاك جەلالی هاوڕێ** سەلاح ڕەشید ١٦٩
٢٧- **جەلالی عومەری سام ئاغا... لە كوردستانی باشوور** عەبدوڵڵای موهتەدی ١٧٣
٢٨- **بۆ كاك جەلالی نەفسبەرز و خۆنەویست** عومەر ئێلخانیزادە ١٧٧
٢٩- **چراكانی نیشتمان** موحەمەد بەرزی ١٨١
٣٠- **خۆزگەم بەوكاتەی كە دەستمانپێكرد!** بەهرۆز گەلاڵی ١٨٧
٣١- **بەڵێ، شكۆمەندی ئەمەیە** نەوزاد مەحمود ١٩١
٣٢- **سەفەر و موعامەلە، سەنگی مەحەكە** بەختیار زوهدی ١٩٩
٣٣- **جەلالی سام ئاغای نیشتمانپەروەر و دژی گەندەڵی** جەمیلی حەمەو بەگ ٢٠٥
٣٤- **كاك (جەلالی عومەری سام ئاغا)** د. سامان شاڵی ٢٠٩
٣٥- **بیرەوەریم لەگەڵ جەلالی سام ئاغادا** مەزهەی خالقی ٢١٥
٣٦- **ئەو كەسەی كە ڕەوشت و ویژدانی كردە یاسای بەڕێوەبردنی ژیانی خۆی** ٢١٩
شێخ كامیل قادر سەعید.. شێخ كامیلی شەهیدان
٣٧- **كاك جەلالی سام ئاغا... دوور لە چاودێریی دارایی** ئیحسان ڕەشاد موفتی ٢٢٥
٣٨- **جەلالی سام ئاغا... ئەدرەسێكی جیاواز** عەبباس موحەمەد حسێن- ٢٣١
حاجی مەمۆ
٣٩- **لە نووسینگەی كاك جەلالی عومەری سام ئاغاوە** دالیا ئەسعەد ٢٣٥
٤٠- **قەدری زێڕ لای زێڕنگەرە** سەربەست حسێن ٢٣٩
٤١- **جەلالی عومەری سام ئاغا... قوتابخانەی دژە گەندەڵی** ٢٤٥
ئەحمەدی حاجی ڕەشید
٤٢- **كەسایەتی كورد « جەلالی عومەری سام ئاغا» وەك نموونە** ٢٤٩
مەسعود عەبدولخالق
٤٣- **پیسخۆریی... نەهامەتییە!** ناسر حەفید ٢٥٥
٤٤- **زۆریش نییە... كاك جەلالم ناسیوە!** عەبەسور ٢٦١
٤٥- **ئیمپڕاتۆریەتی سام** نزار موحەمەد ٢٧١
٤٦- **گەندەڵیی** مافناس- ئارام حاجی ٢٧٩
٤٧- **كەسێك سەر بەخۆی نەك بە كەسی تر** ٢٨٣
د. شێركۆ جەودەت
٤٨- **ویژدانی سام ئاغا و ئەزموونێك بۆ حكومەت-** ٢٨٧
**كوردستان پێویستی بە سام ئاغاكانە** زانا تۆفیق بەگ
٤٩- **ڕازێك بۆ پیاوێكی بوێری سپی!** تۆفیق سەعید موحەمەد ٢٩٣

**٥٠- چەند پەیڤێک و یادەوەرییەک سەبارەت بە مامۆستا** ٢٩٩
**(جەلالی عومەری سام ئاغا)** بەختیار شەمەیی
**٥١- ئەگەر چاو لە جەلالی عومەری سام ئاغا بکرێت** حەمە ڕەشید هەرەس ٣١١
**٥٢- کێ لە تۆ ئەچێت؟** ئازاد چالاک ٣١٥
**٥٣- بسم الله الرحمن الرحیم- بۆ ڕای گشتی** مامۆستا عەلی باپیر ٣١٩
**٥٤- کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا)... خەرمانی تەمەن بەرەکەت** ٣٢٣
مەلا مەجید گوێڕی
**٥٥- بە ناوی خودای بەخشندە و میهرەبان** مەلا موحەمەد ئەمین چەمچەماڵی ٣٢٧
**٥٦- (٤٥) ساڵ لەنێوان جەلالی سام ئاغا و بەندە-دا** فەرهاد عەونی ٣٣٣
**٥٧- هەڵوێستێک... هەر لە جەلالی سام ئاغا دەوەشێتەوە** ئاسۆس هەردی ٣٤٥
**٥٨- جەلالی سام ئاغا... پیاوێک لە هەڵوێست- سەرەتای ئاشنایەتی** ٣٤٩
هۆشیار عەبدوڵڵا
**٥٩- پەیامەکەی (جەلالی عومەری سام ئاغا)** سورکێو موحەمەد ٣٥٧
**٦٠- جەلالی عومەری سام ئاغا** عەلی کەریمی ٣٦٣
**٦١- مرۆڤێک بەتامی گەزۆ** شوان موحەمەد ٣٦٩
**٦٢- بۆ پیاوێک سپیتر لە بەفر، پاکتر لە ئاو** کاوە موحەمەد ٣٧٣
**٦٣- جەلالی عومەری سام ئاغا... پیاوێک لە ئاسمانەوە** پشکۆ نەجمەدین ٣٧٧
**٦٤- با.. ناوی بڵێم ئەگەر نایزانی** هەڵکەوت حەکیم ٣٨١
**٦٥- ضوء لن یغیب... بل هالة دائمة** یوسف زوزانی ٤٠٣
**٦٦- کاک جلال سام ئاغا، وقصصنا معه فی الجبل: پیاو!** کامران قرەداغی ٤٠٩
**٦٧- جلال عمر سام آغا: وظیفتکم لا تشرفنی، لاننی جسم غریب بینکم** ٤١٧
أیوب بابو بارزانی
**٦٨- کوردستان مازالت بخیر** د. طالب مراد ٤٢٣
**٦٩- ژیاننامەی جەلالی عومەری سام ئاغا** بەختیار شەمەیی ٤٢٧
**٧٠- سەرمەشقی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی** د. یوسف محمد صادق ٤٣٣
**٧١- جەلالی عومەری سام ئاغا... سەروەتێکی مەزن** بابەکر دڕەیی ٤٣٧
**٧٢- جەلالی عومەری سام ئاغا... قوتابخانەیەک بۆ فێربوون** ئاوات عەلی ٤٤١
**٧٣- جەلالی عومەری سام ئاغا** بروسکە ٤٤٥
**٧٤- ئاغای شەفافیەت و لێپرسینەوە لە گەندەڵکاران** عەبدولڕەحمان ئەبوبەکر ٤٥١
**٧٥- دیکۆمێنتی وێنەیی... قۆناغێک لە ژیانی جەلالی عومەری سام ئاغا** ٤٥٥

# بەڵگە دۆکیۆمێنتییەکان لە چرکاندنی وێنەکاندا

## لیژنەی ئامادەکاری کتێبی جەلالی عومەری سام ئاغا



جەلالی سام ئاغا. ئامۆ سەربەست - ماڵی جەلالی سام ئاغا
کاتی ئامادەکاریی کۆتایی

بێرغسۆن(١) دەڵێت: سەیری هەر وێنەیەک بکەیت، دەروونت دەجوڵێنیت و یادەوەرییەکانت دەخەیتەوە ناو کەشتی لەنگەرگیراوی ناخت، لەوێشەوە جیهانێکی فیزیکی بەرهەمهێنراوت دەستدەکەوێت، جا بۆ ئەوەی ساتەوەختی جوڵێنراوی ڕابردووت بگەڕێنیتەوە، پێویستت بە پانتاییەک دەبێت پێی دەوترێت وێنە.

لەم وێنەیەوە ساتەکانت دەخوێنیتەوە، بۆیە لێرەدا نامۆیی بوونی نییە، چونکە بە دەرکەوتنی وێنەکان ئەو نامۆییە لە واقعیدا دەبێتە خەیاڵ و خەیاڵەکانیشت بە وێنەکەوە دەکەیتە واقیع.

کێ دەتوانێت ئەو چرکاندنانە، ڕوونکاتەوە؟ لێرەدا ڕۆڵی نامۆیەکی تر دەردەکەوێت، ئەویش مەعریفەی جوانکارییە، کە دەتوانێت وێنە کۆنەکانی ساتەوەختی واقیع، لە خەیاڵدانی ئێستا جوانتر بکات و خەیاڵی وێنەکانت بۆ بکاتە واقعێکی جوانتر. بەرز نرخاندنی ئەم نامۆیەش، لە جێی خۆیدا دەبێت، کاتێک وێنەیەکی کۆنت لە خەیاڵدا بۆ دەکاتە واقیع و لە چوارچێوەیەکی خنجیلانەی یادەکانتدا بە زیندوویی دەتهێڵێتەوە، بۆیە ئەم نامۆیە بە بەخشینی ستایلێکی ڕازاوە بە نووسینەکان، وێنە کۆنەکان.. جوانتر دەکات! کاکە نامۆ دەستڕەنگینی لەوەدا دەردەکەوێت کە دووری نێوان ئێوەو کاکە جەلالی دژ بە گەندەڵکاران و شەرفەمەند نەبوو بە بەردەوامیدان بە کاری پڕ گەندەڵیی لە یەکتر نزیک دەکاتەوە، لێرەدا شایەن بوون دەگەڕێتەوە بۆ کاکە نامۆ کاتێک ئەو وێنە کۆنانە لە دابڕان قوتار دەکات و لە دووتوێی ئەم بابەتانەدا بە فۆرمێک زیندوویان دەکاتەوە.. کە ماندووبوونی ئەو لە جوانکاریی وێنەکاندا پڕ بایەخی و ناوازەیی لە سەرخستنی کارەکاندا لەبەرچاوگرتنی پێویست دەبێت، بۆیە دەستت خۆش کاکە نامۆ بۆ ئەو خزمەتە شایەنداره.

**خالید حەمە غەریب**

---

(١) هێنری بێرغسون: فەیلەسووفێکی فەرەنسییە، لە «١٨/ ئۆکتۆبەری/ ١٨٥٩» لەدایک بووە لە «٤ی کانونی دووەم / ١٩٢٧» کۆچی دوایی کردووە. ئەم فەیلەسووفە بە گرنگترین فەیلەسووفانی چەرخی نوێ دادەنرێت، جۆرێکی فراوان و قوڵیی لەبیرکردنەوە و شێوازێکی لە دەربڕین خستەئاراوە، شوێن پەنجەی لەسەر سەرجەم بەرهەمی هزریی ساڵانی پەنجاکانی سەدەی بیستەم بەجێهێشت.

# پێشەکی

## بە پێنووسی دکتۆر هەڵکەوت حەکیم

پرۆفیسۆری موتەمەڕیس لە زانکۆی سۆربۆن- پاریس



د. هەڵکەوت حەکیم، جەلالی سام ئاغا
فەرەنسا - ٢٠١١

ئەم کتێبە وتاری کۆمەڵێک لە هاوڕێ و ناسیاوانی کاک جەلال کۆدەکاتەوە. هی وایان تێدایە، هاوڕێی ساڵانی کۆنن و تا ئێستاش پەیوەندییان هەر بەردەوامە. هی واشیان هەیە لەم ساڵانەی دواییدا یەکتریان ناسیوە و نێوانیان گەرم بووە. هەر یەکە لەم نووسەرانە ویستی هەستی خۆی دەرببڕێ‌و شاهیدییەک بدا و بیانخاتە سەر کاغەز و چەند یادێکی ڕابوردووی دوور یان نزیک بێنێتەوە پێش خەیاڵی خۆی و بەرچاوی خوێنەر. بە گشتی مەبەستی هەموو لایەک پێزانین و بەرز نرخاندنی مرۆڤێک و کارەکانیەتی، بە تایبەتی خەباتی دژی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان، وەکو سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی لە ساڵی(٢٠٠٢)ەوە تا سەرەتای(٢٠١١). لە کاتێکدا ئەو خەباتەی بەرپا کرد، کە وەک کاک جەلال جەوهەر نووسیویەتی: «ڕووبەڕووبونەوەی گەندەڵکاران لەو سەردەمەدا کارێکی وا ئاسان نەبوو، کە چەک و هێزی چەکدار حوکمیان دەکرد. بۆیە سەرپەرشتیکردنی ئەو دەزگایە و کارکردن لەو دەزگایەدا، کارێکی پڕ مەترسی بوو، لەبەر ئەوە، هەموو کەس جورئەت و ئیقدامی نەدەکرد لە دیوانی چاودێریی دارایی کاربکات، چونکە سەرۆکایەتیکردن و کارکردن لەو دەزگایە، وەک ڕاگەیاندنی شەڕ وابوو لە دژی گەندەڵکاران».

بە خوێندنەوەی وتارەکانی ئەم بەرگە چەند پلەیەکی ژیانی کاک جەلالمان زۆر یان کەم بۆ ڕوون دەبێتەوە، بە تایبەتی لە پلەی خوێندنی زانکۆوە لە بەغدا هەتا ڕۆژی ئەمڕۆ.

ئەو خوێنەرەی بە دوای هەندێ زانیاری و نووسین دەگەڕێ لە بارەی سەردەمی منداڵی و هەرزەکاریی کاک جەلال، مەگەر چاوەڕێی کتێبێکی تر بێ، کتێبێک کە جگە لەو دوو پلەیە کە لێرە باسکراون بە دووروودرێژی لە خانەوادە و کەسوکارو سەردەمی منداڵی و هەرزەکاری زانیاری و بیرەوەری دەخاتە بەر دەست خوێنەر. چونکە ئەو جەلالەی ئێستا هەیە، لەم پەنجا ساڵەی دواییدا هەر تەنیا ئەنجامی خەباتی خۆی نییە، بەڵکو پێش هەموو شتێک مایەی خانەوادەیەک و بەها و بۆچوونەکانە، جا چ ئەوانەی وەریگرتوون و لێیان لای نەداوە، چ ئەوانەی وەرینەگرتوون و ڕێگایەکی تری گرتۆتە بەر لە ئاستیان. بۆ نمونە، بیروبۆچوونە چەپەکانی لە باوکییەوە وەرینەگرتوون. باوکی کە موڵکدار بوو بەها و بۆچوونی چەپی نەبووە،

جەلالی کوڕی بەهای چەپی هەبووە و هاوڕێ نزیکەکانی کۆمۆنیست بوون، بەڵام بە شێوەیەکی تر بیڵێین، نەبوو بە چەپڕەوێکی توند و پەڕگیر. لەمەدا لە کوڕە موڵکدارو دەوڵەمەندەکانی کوردستان ناچێ کە لە سەردەمی هەرزەکاری‌و گەنجیدا بوون بە چەپێکی توند و پەڕگیر و چوونە ناو بزووتنەوە ماوی و ترۆتسکییەکانی عێراق و ڕۆژهەڵات، کەچی پاش ساڵانێک گەڕانەوە بۆ باوەشی بەها و بەرژەوەندیی خانەوادەکانیان و لە کۆشی ئارامی سەرمایەی باوک و خانەوادە پاڵیان لێ دایەوە، بێ ئەوەی قسەی زل و خۆهەڵکێشانی سەردەمی شۆڕشگێریی کەم بێتەوە. ئەو هەڵوێستەی سەردەمی هەرزەکاری و گەنجییان زیاتر یاخیبوونێکی دەروونی بووە دژی باوکیان، نەک ئەنجامی بیرکردنەوەیەکی قووڵ و هەست بە جیاوازییەکی نایەکسانی لە نێوان چینی زەحمەتکێش و چینی سەرمایەدار!

بە پێچەوانەوە، کاک جەلال یاخی نەبوو لە باوک و خانەوادەکەی، بەڵام هەندێ هەڵوێستی وەرگرت لە ژیانی خۆیدا، کە بە گشتی دووربوون لە هەڵوێست‌و بۆچوونی دەوڵەمەند و موڵکدارانی کوردستان. هەرچەندە باوکی دژی ئەو بیروباوەڕانەی کوڕەکەی بوو، ڕای خۆیشی پێ وت، بەڵام هەوڵی نەدا ڕێگای پێ بگۆڕێ و بیهێنێتە سەر بیروباوەڕی خۆی. ئەم نمونەیە کوڕە مەلاکانی کوردستانمان دێنێتەوە یاد، کە بوون بە کۆمۆنیست. بەشی هەرە زۆری ئەو مەلایانە مێشکیان کراوە بوو، دەرگای ئاسنینی لەسەر دانەخرابوو هەرچەندە لە ناخەوە دژی کۆمۆنیزم بوون، کە پێچەوانەی ئیمان و دینیان بوو، بەڵام هەندێ بیروباوەڕ و بۆچوونی کۆمۆنیستی ئەو زەمانە و ئەو ڕۆژگارە کاری تێیان دەکرد. ئەگەر هەوڵیان نەدابا بیانخەنە ناو گفتوگۆ بێدەنگ دەبوون لە ئاستیاندا.

یەکێ لەو خاڵانەی، کە کارێکی قووڵی لە جەلالی منداڵ و گەنج و کامڵ کردووە، کۆچی دوایی دایکی بووە ئەو کاتەی تەمەنی دوانزە ساڵان بووە. ئێستاش کە دایکی دێتەوە یادی فرمێسک بەر چاوانی ئەگرێ زۆر زوو باسەکە دەگۆڕێ. مردنی دایک لەو تەمەنەدا کارێکی ئەوتۆ لە مێشک و باری دەروونی و کەسایەتیی ئینسان دەکا، کە هەتا هەتایە شوێن دەستی دەمێنێتەوە و ناسڕێتەوە. لەو ڕۆژەوە کە ئینسان بە منداڵی دایکی دەمرێ ئیتر قەت بە دەمیدا نایە بڵێ: دایە، دایکە، دایکە گیان... ئیتر گوێشی ئەو دەنگە نابیستێ کە هەتا ساڵانی گەورەییش دەڵێ: ڕۆڵەکەم، ڕۆڵە گیان... تەنیا لە هاوڕێکانی و لەم و لەو و لە دایکیان ئەو وشانە دەبیستێ و ئیتر لە ناخی ناخەوە بوونی لە کۆشی ئارام دەردەچێ و برینەکەی دەکولێتەوە. مردنی باوکیش لەو تەمەنەدا هەروا کاریگەرە و لەیاد ناچێ...

کاک جەلال زۆری بەها و ڕەوشتی جوانی لە باوک و خانەوادەکەیەوە بۆ

ماوه‌ته‌وه. هه‌روا زۆریشی وه‌رگرتووه له هاوڕێ چه‌په‌کانی هه‌روه‌ها بیروباوه‌ڕی چه‌پ و مرۆڤانه‌ی سه‌رده‌می خۆی. بۆیه به هه‌مان گه‌رمی و ڕۆح و زه‌رده‌خه‌نه‌وه بیره‌وه پێشوازی له کوڕه هه‌ژارێک و کوڕه ئاغایه‌ک ده‌کات و کاتیان له‌گه‌ڵ ده‌باته سه‌ر.

که ده‌چینه‌وه سه‌ر کاتی گه‌نجی و خوێندنی زانکۆ، له‌وێش هه‌ر کاک فارووقی مه‌لا مسته‌فا، هاوڕێی کۆن و دێرینی، وه‌ک چه‌ند دێڕێک ده‌ڵێ له‌سه‌ر باوکی کاک جه‌لال، ده‌گاته فریامان و چه‌ند یادێکی خۆی و کاک جه‌لالمان ده‌خاته پێش چاو، که ده‌قاوده‌ق له جه‌لالی ئه‌مڕۆ ده‌وه‌شێته‌وه. سه‌ره‌ڕای ئه‌و وێنانه‌ی له به‌غدا ئه‌م پله‌یه‌ش له ژیانیدا زۆری له‌سه‌ر نییه له توێی ئه‌م کتێبه‌دا.

ئه‌مجار ده‌گه‌ینه سه‌ر پله‌ی کارمه‌ندی. له‌وێ چه‌ند شایه‌تێکی باشمان هه‌یه، ئه‌وانه‌ی له‌گه‌ڵیدا ئیشیان کردووه. هه‌موویان باسی ئینسانێکی به‌توانا و ڕێکوپێک له ئیشه‌که‌ی ده‌که‌ن، که هه‌میشه چاوی له کارمه‌ندان بووه، بۆ ئه‌وه‌ی فه‌زای کاره‌که‌یان باش بێ و بتوانن به ئازادی ئه‌رکی خۆیان ئه‌نجام بده‌ن.

سه‌رده‌می پێشمه‌رگایه‌تیشی گۆڕانێکی بنه‌ڕه‌تی له ژیانیدا دروست ده‌کا. له کارمه‌ندێکی باڵا و به‌توانا، له مرۆڤێکی خاوه‌ن بیروباوه‌ڕ و هه‌ڵوێستی نه‌ته‌وه‌یی، ده‌چێته ناو خه‌باتی سیاسی و ژیانی پێشمه‌رگایه‌تی. له‌وێش وه‌کو خۆی به‌وه‌فا ده‌مێنێته‌وه بۆ پره‌نسیپه‌کانی. زیاتر له باری ئیداری چالاک ده‌بێ. پاش ئاشبه‌تاڵ و گه‌ڕانه‌وه‌ی وه‌کو زۆربه‌ی کوردی عێراق ژیانێکی زه‌حمه‌ت، بۆ ماوه‌یه‌کیش دوور له سلێمانی، ده‌باته سه‌ر تا پاشان ده‌گه‌ڕێته‌وه شاره‌که‌ی خۆی.

پله‌ی هه‌ره گرنگی ژیانی ئیداری کاک جه‌لال له‌گه‌ڵ حکومه‌تی کوردستان ده‌ستپێده‌کات. دیارترین ئه‌رکه‌کانی جێگری وه‌زیری دارایی و پاشان سه‌رۆکی دیوانی چاودێریی دارایی له سلێمانی بوو. ئه‌م پله‌یه‌ی ژیانی و ئه‌نجامی کاره‌کانی به دووروودرێژی له نووسینی هاوڕێکانیدا ده‌رده‌که‌وێ. له‌و کوردستانه‌ی بووه به به‌هه‌شتی گه‌نده‌ڵی و گه‌نده‌ڵان ئه‌و به ده‌نگێکی به‌رز و نه‌ترس دژی گه‌نده‌ڵی وه‌ستاوه، به ڕاده‌یه‌ک که وای لێ هاتبوو به یه‌که‌م ناوی دژ به گه‌نده‌ڵ. ته‌نانه‌ت گه‌نده‌ڵه زل و زه‌به‌لاحه‌کانیش تێگه‌یشتن، که بۆ ئه‌وه‌ی پیشانی بده‌ن گه‌نده‌ڵ نین، ده‌بێ سه‌ری دیوه‌خانه‌که‌ی کاک جه‌لال بده‌ن و هه‌موو که‌س بزانێ به‌و سه‌ردانه. خۆ ئه‌ویش له‌و که‌سانه نییه پێشوازی نه‌کا له که‌سێ که ده‌یه‌وێ بێت بۆ لای. ئه‌و دیوه‌خانه وای لێ هات، که هه‌ندێ له هاوڕێیانی ناویان ناوه "مه‌ککه". واته وه‌ک چۆن موسوڵمان پاش ساڵه‌های ساڵ له دزی و ده‌سبڕی ده‌چێ بۆ حه‌ج و ده‌ست به مه‌رقه‌ده‌که‌ی پێغه‌مبه‌ری ئیسلامدا ده‌گرێت، گوایه ئیتر خه‌ڵک متمانه‌ی

پێ دەکەن و ئەویش لە دزی و دەسبڕی واز دێنێ. هەموو جارێکیش قەسەم بە مەرقەدەکەی محەمەد دەخوا و دەست دەخاتە سەر پشتوێنی حەج بۆ ئەوەی گومانی لێ نەکەن... لە چەند نووسینێکی ئەم کتێبەدا ناوی ساسۆن حسقێل هاتووەو بەراوردی کاک جەلال بەو کراوە، چ لە ڕووی پاکییەوە چ لە رووی ئیدارییەوە. ئەو بەراوردکردنە نەک تەنیا جوانە و لە شوێنی خۆیدایە، بەڵکو دەرسێکی باشیشە بۆ نەتەوەپەرستەکان و ئیسلامچییەکانی کوردستان.

ساسۆن حسقێل، کە وەزیری دارایی یەکەم ساڵانی زەمانی مەلیک بوو لە عێراق، چەندان وەزارەت هاتن و چوون، بەڵام ساسۆن حسقێل، کە لە ساڵی (١٨٦٠) لەدایک بووە لە کۆشی خانەوادەیەکی یە هودی لە بەغدا، لەناو موسوڵمانان و بۆ موسوڵمانان کاری دەکرد، هەر مایەوە و گۆڕانی وەزارەت کاری لە شوێنی ئەو نەدەکرد. دەگێڕنەوە کە موحاسەبەی دیوانی مەلیکیشی کردووە. لەوە ناچێ لەو ڕۆژەوە ساسۆن حسقێل کۆچی دوایی کردووە، واتە نزیکەی نەوەت ساڵ لەمەوپێش وەزیرێکی دارایی عێراق ئەو دوو بەهرە و خەسڵەتەی حسقێلی هەبووبێ.

هەتا ئێستاش لای بەغدایییەکان مەسەلێک هەیە کە دەڵێ : «لا تحسقله»(لاتحسقله)، (مەیکە بە حسقێل)، واتە تۆخی مەکە لە حیسابکردن وەکو ساسۆن حسقێل، یان؛ خۆتمان لێ مەکە بە حسقێل؛ یان: دەتەوێ هەموو شتێ ڕوون و ڕاستو یەکسان بێ و کەس هەقی کەس نەخوا، وەک ساسۆن حسقێل؟ لەو ڕۆژەوە یەکەم وەزارەتی عێراق دروست بوو لە ساڵی (١٩٢١)دا، ساسۆن حسقێل بوو بە وەزیری دارایی و هەتا ئەو کۆچی دوایی کرد لە ساڵی(١٩٣٢) چەند وەزارەت گۆڕا ئەو نەگۆڕا. کەس نەیتوانی دژی ئەوە بێ کە ئەو وەزارەتەی پێ بدرێتەوە، واتە کەس لە خۆی ڕا نەبینیوە، بڵێ منیش توانای ئەوم هەیە. هەروا هەتا مردنیشی ئەندامی هەمیشەیی پەرلەمانی عێراق بوو. هۆی ئەو تەمەن درێژییەش لە وەزارەت و پەرلەمان ئەگەڕێتەوە بۆ دوو شتی سەرەکی: تواناو پاکیی حسقێل.

لام وایە ئێستا لای هەندێ لە برادەرانی کاک جەلال دەوترێ : «وەکو جەلال تۆخی مەکە». ڕەنگە ئەم مەسەلەیە پاش ماوەیەک بڵاوبێتەوە و شوێنێ خۆی بگرێ لەناو قسە و گفتوگۆی خەڵکدا!

دیاردەیەکی تر هەیە، کە زۆر گرنگە لە ژیان و وێنەی کاک جەلال، ئەویش دیوەخانەکەیە، زۆرجار لەم وتارانەدا باسی هاتووە. ئەو شوێنە سێ بەشە، شوێنی نانخواردن، شوێنی دانیشتنی ئەو هاوڕێیانەی کەمتر بە شێوەیەکی ڕەسمی دێن بۆ لای، هەروەها دیوەخانێکی گەورە کە زۆر بە ڕێکوپێکی ڕاگیراوە، بۆ ئەوەی

لە هەر وەخت و ناوەختێ میوانی هات ئامادەبێ، پێشوازیی لە میوان بکا و شایەنی ئەوە بێ تیایدا دانیشن و بکەونە گەرمەی چۆنی و چاکی، دەنگوباس‌و گفتوگۆ. زۆر لە هاوڕێکانی تەلەفۆن دەکەن و پاش ماوەیەکی کەم خۆیان ئەکەن بە ژووری دیوەخاندا. ئەوە ئیتر چایە و قاوە، بادەم و بستە، پاقلاوە و میوە کە ئێوارەش هات پێکی وێسکی و سەهۆڵ گفتوگۆ گەرم دەکەنەوە. پاشان وەختی نانخواردنیش سینییەک کەبابی زۆر نایاب دەگات، بۆنی ئەوەندە خۆشە، ساڵەهای ساڵ لەبیرناچێ... ئیتر گەرمە دیوانی شەوی کاک جەلال، بە قسەی خۆشی، بە چیرۆک و یادی کۆن. ئەم دیوەخانە سیاسییانی هەموو حیزب و لایەنێک و بێلایەن سەری پێدا دەکەن، هاوڕێی کۆن و برادەری تازە، فەقیر و هەژار هەروەک سەرۆک کۆمار...



**ساسۆن حسقێل**

دیوەخان شوێنی یەکگرتنی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی هەموو لایەنە جیاوازەکانە، هەروەک دکتۆر فوئاد بابان دەڵێ هەر لایەنێک کاک جەلال بە هی خۆی دەزانێ، بەڵام ڕەنگە بەهەڵەدا نەچین ئەگەر بڵێین ئەو هی کەس نییە، تەنیا هی خۆی و هی ئاشتی و تەبایی و دژە گەندەڵییە...

بۆ کۆتایی ئەم پێشەکییە، لام وایە باشترین وشەهێنانەوە بۆچوونی کاک جەلال بێ، کە کاک فەرهاد عەونی بە جوانی پوختەکەی بەم شێوەیە نووسیوە: «سەدان

ساڵە ئێمە بەم دەردەوە دەناڵێنین، کە سەرکردایەتیی سیاسی کورد لە زەمان و مەکانی جیادا خوێندنەوەیەکی بابەتیانەیان نییە بۆ دۆزی گەلەکەیان، نەخۆشییە خۆییەکانیش بە بەردەوامی لەگەڵمان دەژی، وەکو شانەی شێرپەنجەیە بە هێمنی جەستەمان دەخوات، نەخۆشییەکانیش بریتین لە گەندەڵی، خۆبەزلزانین، قبووڵ نەکردنی یەکتر، شەڕی برا و خۆکوژی، بەفیڕۆدانی سەروەت و سامانی ئەم میللەتە، دەوڵەمەندبوونی سەرکردەکانی لەسەر حیسابی خوێنی شەهیدان و تێکۆشەران، سەرەڕای نەخوێندنەوە و دەستنیشان نەکردنی دۆست و دوژمن لە هاوکێشە سیاسییەکاندا، غیابی عەقڵ و مەنتیق کە هەمووی وەکو رۆژی رووناک دیارە، سەرەڕای هەموو ئەمانەش حزبایەتیی سەقەت و تەسکی بێ مانا بۆتە پردی پەڕینەوە بۆ مەبەستێک کە نێوانیان دووری ئاسمان و ڕێسمانە، دوور لە کوردایەتی، سەرەڕای ئەو هەموو نەخۆشییانەش سەرکردەکان نە بە (مەنتیق، عەقڵ، بەرژەوەندیی باڵا، کوردایەتیی راستەقینەی بێ غەلوغەش، جیانەکردنەوەی دۆست و دوژمن، شەڕ بە کۆنەقین) بیریان نەک هەر لە چارەسەرکردنی ئەو دیاردە و نەخۆشییانە نەکردۆتەوە، بەڵکو خۆشیانی لێ گێل دەکەن، کۆمەڵگا شێواوە، وەفا و راستگۆیی خەریکە لەم کوردستانە باردەکا، خۆ دەوڵەمەندکردن لەسەر حیسابی موڵک و میللەت مەیدانی هەمیشەییانە، نائومێدی، جنێودان، تووڕەبوون، کۆچکردنی بە کۆمەڵ بۆ دەرەوەی وڵات، لێکترازانی خێزان سیمای ئاشکرای رووی کۆمەڵایەتیی خەڵکی کوردستانە، تەنانەت لەناو سەرکردایەتیی یەک حزبیش تەبایی باری کردووە، **ئەوجا نازانین بۆ ئێمەی (خەمخۆر) قوڕی کوێ بەسەری خۆماندا بکەین»**.

# پیاوی سپی بۆ ڕۆژی ڕەش

فەیسەڵ موحەمەد (ڕۆژنامەنووس)



فەیسەڵ موحەمەد، جەلالی سام ئاغا

لە پاش پەیامەکەی بارزانی، کە داوای کردبوو کەسێک بۆ شوێنەکەی دیاری بکەن، تا هەڵبژاردن دەکرێتەوە. لە ناوەندی سیاسی و میدیاییدا، ناوی چەند کەسایەتییەکی سیاسی و ناسراوی کوردستان بۆ (پۆستی سەرۆکی هەرێم) کەوتە بەرباس. یەکێک لەو ناوانە کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا)یە، کە کەسایەتییەکی ناسراو و نیشتمانی و پسپۆڕێکی دیاری بواری دارایی و ئابوورییە... بەر لە خانەنشین بوونی، دوا پۆستیشی لە حکومەتدا (سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی) سلێمانی بووە. ئەو وەک کەسێکی بێلایەن و خاوەن ئەزموونی دەیان ساڵە لە پۆستی ئیداریی و حکومی، توانیویەتی لە ماوەی کارکردنیدا متمانەیەک لە نێوان خۆی و خەڵکدا دروستبکات. سەربەرزانە و بێمنەتانە ماوەی کارکردن و بەرپرسیارێتی وەک سەرۆکی چاودێریی دارایی تەواو بکات. لە دواجاردا دەستلەکارکێشانەوەی لەو کارە ڕابگەیەنێت، پاش ئەمەش چەندینجار لە لایەن (مەسعود بارزانی، جەلال تاڵەبانی، نەوشیروان مستەفا و نێچیرڤان بارزانی) و چەندان سەرکردە و بەرپرسی دیکەوە داوای لێ کراوە، کە بگەڕێتەوە سەر وەزیفە و پۆستێک وەربگرێت و هاوکاریان بێت لە حکومەت، بەڵام ئەو ڕەتیکردووەتەوە. ئەوەی گرنگە بوترێت ئەوەیە، کە هەروەک چۆن لە ڕابردوودا دەستلەکارکێشانەوەکەی لە دیوانی چاودێریی دارایی، شۆکێک بوو بەشێک لە خەڵکیی نیگەران کرد! ڕوونکردنەوەکەی (١٠ی کانونی دووەمی ٢٠١٧) و چەند ڕۆژی پێشوشی بە پەسەندنەکردنی ئەو پێشنیارەی بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم دیسانەوە بەشێکی باش لە گەندەڵکاران دڵخۆش دەکات و خەڵکانی خەمخۆر و دڵسۆزیش نیگەران! چونکە بە درێژایی مێژوو، دوورکەوتنەوەی خەڵکە دڵسۆز و خەمخۆرەکە، هەمیشە زەمینەیەک بووە بۆ هاتنە پێشەوەی مرۆڤە مشەخۆر و گەندەڵکارەکان. بۆیە بە بڕوای من خەڵکانی وەک (جەلالی عومەری سام ئاغا) و هاوشێوەکانی، نابێ بێدەنگ و دوورەپەرێزو تەماشاکار بن، بەڵکو دەبێت بەشدار و خاوەن بڕیار و بوێر و کاریگەر بن، چونکە کاک جەلال بە ئەزموون سەلماندوویەتی کە تا چەند ئەمین و بەخشندەیە. ئەو لە ماوەی ٩ ساڵ کارکردنی وەک سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی، توانیویەتی ناو و دۆسیەی (٨٦) کەس ڕادەستی داواکاری گشتی هەرێم و (٢٧٢٠)

ڕاپۆرتیش ڕادەستی لایەنە پەیوەندیدارەکان بکات، کە سەدان هەزار دۆلاری دزراو و هەزاران پارچە زەوی و موڵک وماڵی گشتی تالانکراویان لەخۆگرتبوو. ئەمە جگە لەوەی (خانووەکەی سەرچنار)ی، کە لەکاتی خۆیدا بە (٧٠٠) هەزار دۆلار خەملێنراوە، لە (٢٠٠٢)ەوە بەخشیویەتی بە وەزارەتی تەندروستی، تا دوای خۆی بکرێتە بنکەیەکی تەندروستی بۆ خزمەتی هاوڵاتیان... ئاخر موڵک و ماڵیشی، کە پارچە زەوییەک بوو لە سلێمانی، فرۆشتووە و پارەکەی خستووەتە بانکەوە بە ناوی (دەزگای چاودێریی دارایی)یەوە، تا ساڵانە سوودەکەی وەک ڕێزلێنان پێشکەشی فەرمانبەرانی سەرکەوتووی دیوان و خانمە سەلارەکانی ئەو دەزگایە بکرێت. پێش خانەنشینبوونیشی بە پلەی وەزیر، پێشنیازی بۆ (د. بەرهەم ساڵح، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران) کردووە، موچەی مانگانەی خانەنشینییەکەی ببەخشرێتە دەزگای شەهیدان و کەمئەندامان، لەکاتێکیشدا کە بریکاری وەزارەتی ئابووریو دارایی و پاشانیش سەرۆکی دیوانی چاودێرییش بووە، بە نووسراوی فەرمی داوای لە (ئەنجومەنی وەزیران) کردووە، کە موچەی مانگانەکەی کەمبکرێتەوە، لەبەر دۆخی ئابووری ئەوکاتی کوردستان، ئەم پیاوە نەک هەر لە شار، بەڵکو لە شاخیش، هەڵگری هەمان ئەخلاقیات و دەسپاکی و دڵسۆزیی بووە، ئەو ڕۆژگارێک ڕووبەڕووی گەندەڵی بۆتەوە! کە گەندەڵی... نە ناو بووە و نە باو، لە ساڵی(١٩٧٤)، وەک پێشمەرگەیەکی شۆڕشی ئەیلول، کاتێک بەرپرسی مالییەی دەزگای ڕاگەیاندنی شۆڕش بووە، لە شاخیش بە لیستێکەوە بە دوای ناوی ئەو پێشمەرگانەدا گەڕاوە، کە لە شار فەرمانبەری حکومی نەبوون و لە شاخ خۆیان وەک فەرمانبەری شار ناونووس کردووە، تا بڕێک مووچەی زیاد لەوەی خۆیان وەربگرن.

خاڵێکی دیکەی بەهێزی ئەم کەسایەتییە و هۆکارێکی دیکەی پێویستبوونی ئەم پیاوە سپییە بۆ ئەم ڕۆژە ڕەشە، ئەوەیە کە موڵکی هیچ حزب و لایەنێکی سیاسی دیاریکراو نییە و کاریگەری هیچ خێزان و بنەماڵەیەکی لەسەر نییە... دوور لە ڕۆحی شارچێتی و ناوچەگەرێتی و تەکەتول و باڵباڵێن، وەک کەسێکی سەربەخۆ، بە یەک ڕەهەند و مەسافە لە هێز و لایەنە سیاسییەکان وەستاوە. بۆیە لەسەر ئاستی ناوخۆ هەمووان شاهیدی (گەواهی) بۆ دەدەن، لەمسەری ڕاستەوە بۆ ئەو سەری چەپ داوای لێ دەکەن، دۆست و دوژمن و یار و نەیار لەسەری کۆک و تەبان.

ئەوەتا کاتێک (جەلالی عومەری سام ئاغا) لە ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیدا، لەلایەن (ڕێکخراوی گەشەپێدانی ئابووری- کیدۆ) خەڵاتی کەسایەتی ساڵی پێ دەبەخشرێت، کۆسرەت ڕەسوڵ لە پەیامێکدا بەو بۆنەیەوە دەڵێت: **«ئەو**

**ماوەیەی لەگەڵ کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا) کارم کرد، بە ڕاستی نموونەی سەرۆکێکی دەستپاک و جوامێرە و ئەو ماوەیەی لە وەزارەتی دارایی و ئابووری بوو خزمەتێکی زۆری کرد، بە هیچ شێوەیەک قبوڵی نەکردووە کارێکی بێ قانونی ئەنجام بدرێت»**. هەر لەم بۆنەیەدا، د. بەرهەم ساڵحیش، دەڵێت: **«من وەک سەرۆکی حکومەت سوودمەند بووم لە ڕاوێژ و بیروبۆچوون و ڕاپۆرتەکانی کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا)، لە بواری دارایی و بەڕێوەبردن و دەستگرتن بە سەرچاوەکانی داهاتەوە، ڕێگری لە زیادەڕۆیی و خەرجی حکومی و بەفیڕۆدانی داهاتی گشتیی لە سەرجەم وەزارت و دامودەزگا فەرمییەکان، نیشانەی خەمخۆری و بەدەنگەوەهاتنی کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا) بوون بۆ کارەکەی و بەرژەوەندیی گشتیی میللەتەکەی و چەسپاندنی بنەماکانی دەستپاکیی و حکومەتێکی دروست»**.

عەدنان موفتی، لە هەمان بۆنەدا دەڵێت: **«من (جەلالی عومەری سام ئاغا)م لە نزیکەوە ناسیوە و بەرپرسیاریی هاوبەشمان هەبووە، لە (٣)ساڵی کاکردنم لەگەڵیدا، بە ڕاشکاوی دەیڵێم، وەک جێگری وەزیری دارایی هاوکاریی زۆری کردووم... لە بواری بەڕێوەبردن و داراییدا، سودێکی زۆرم لە ئەزموون و شارەزاییەکانی بینیووە. جێ پەنجەی بەسەر بەڕێوەبردنی وەزارەتەوە دیاربوو، جەلالی سام ئاغا هەر لە کاری وەزیفیدا کەسێکی خۆنەویست نەبووە! بەڵکو لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و مرۆڤدۆستیش کەسێکی بەخشندە بووە، هەموو موڵک و ماڵەکەی بەخشیوە.»**

قوباد تاڵەبانیش، بۆ هەمان بۆنە، لە پەیامێکدا دەڵێت: **«وەک جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم، جێی شانازیمە کە لەم ڕۆژەدا، وەک وەفایەک بۆ هەوڵ و ماندووبوونی کەسایەتی ناسراو و دڵسۆزی کوردستان و شاری سلێمانی ڕێز لە کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا) دەنرێت، چونکە کاک جەلال لە تەمەنی پڕ بەرهەمی خەباتی کوردایەتی و لە تەمەنی پڕ کۆششی کاری حکومەتدا، یەکێک بووە لەو پیاوە ئازا و تێکۆشەرانەی کە هەمیشە بە بڕوای تەواوەوە کاری بۆ زیادکردنی شەفافیەت و دژایەتی گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی موڵک و ماڵی میللەت کردووە. لەم پێناوەشدا زۆر ماندوو بووە»**.

هەروەها لە ساڵی ٢٠١٣دا نەوشیروان مستەفا لە پرسی سەرۆکایەتی هەرێم، چەندینجار پێشنیاری (جەلالی عومەری سام ئاغا)ی کردووە بۆ ئەو پۆستە، لەبەر ئەوەی پیاوێکی بێلایەن و بوێرە و لای هەمووان قبوڵکرا و دەستپاکە، ئەمە جگە لەوەی پێشوتریش، لە لایەن نەوشیروان مستەفاوە ڕاسپێردرابوو، کە (وەزارەتی دارایی هەرێم) وەربگرێت. لە دوا پەیوەندی تەلەفۆنیشدا، لە مانگی (١٢ی ٢٠١٦)دا،

نەوشیروان مستەفا سەبارەت بە پۆستی سەرۆکی هەرێم، لە دەرەوەی وڵاتەوە، بە درێژی قسەی لەگەڵ کردووە.

هەروەها سیاسەتمەداری ناسراو (بەهادین نوری) لەم بارەیەوە وتویەتی: «**لە دڵەوە بە بیستنی ئەم هەواڵە خۆشحاڵ بووم، کە ناوی ئەو کەسایەتییە هاتووە بۆ ئەو پۆستە من بە هەر دە پەنجەکەم ئیمزا بۆ ئەم پیاوە دەکەم بۆ ئەم پۆستە و داوا دەکەم کە ئەرکێکی لەو شێوەیە ڕەت نەکاتەوە، لە دانیشتنێکی ڕووبەڕووشدا بە (جەلالی عومەری سام ئاغا)ی وتووە : ئێوە کەسێکی شیاون بۆ ئەو جێگەیەو دەتوانن کاریگەریتان هەبێت، چونکە ئەو کارە بە کەسێک دەکرێت، کە لە گرێی فیکری نەتەوەیی ڕزگاری بووبێت و کەسێکی نیشتمانی و لیبڕاڵ و دیموکرات و مەدەنی و دەستپاک و ئەمین و بە ئەزموون بێت. ئەم سیفەتانەش لە ئێوەدا بەدی دەکرێت. ئەمە لەسەر ئاستی فەرمی و حکومی، لەسەر ئاستی خەڵک و شەقامی کوردیش، نازناوی (پیاوە سپی)یەکە، کە گەورەترین پۆستە لە لایەن خەڵکەوە بەخشراوەتە ئەم کەسایەتییە**».

ئەمە لەسەر ئاستی ناوخۆی کوردستان، لەسەر ئاستی دەرەوەش، (جەلالی عومەری سام ئاغا)، کەسایەتییەکی ناسراو و متمانەپێکراوە، ناوبانگی گەیشتووەتە دەرەوە. هەر بۆیە لە لایەن (یەکێتی ئابووریناسان و کارگێڕیناسان)ی وڵاتانی ئەورووپاوە ڕێزی لێ نراوە و پاداشتی ساڵانەی لە بواری دەستپاکیدا پێ بەخشراوە.. وەک کەسایەتی ساڵ دەستنیشانکراوە. ئەمە جگە لەوەی کە ساڵانێکی زۆرە، سوود لەو میراتە مەعنەوییەی کە لە ڕاپۆرتە ئامادەکراوەکانی پاش خۆی جێیهێشتووە دەبینرێت. ڕاپۆرتەکانی (جەلالی عومەری سام ئاغا) بوونەتە چەکی دەست و بەڵگەی حاشاهەڵنەگری دەستی پەرلەمانتاران و میدیاکاران‌و خۆپیشاندەران، چونکە پێش دروستبوونی ئۆپۆزسیۆنیش لە کوردستان ئەم ڕچەشکێن بوو لە چاودێریکردنی وردی بەکارهێنانی دەسەڵات. پیاوێک کە ئەم شاهیدی و گەواهییەی لەسەر ئاستی خەڵک و حکومی و فەرمی و ئیداری و حیزبی‌و سیاسی و دەرەوە و ناوەوە و لە لایەن یار و نەیار و دۆست و دوژمنەوە، بۆ بدرێت... لەم زەمەنی بێ متمانەییەدا ئەو خاوەنی ئەو هەموو متمانەیە و ئەو هەموو ئەزموون و دەستپێشخەرییە بێت، کوڕی ئەم ڕۆژە ڕەشە نییە و بابەتێکی لەمجۆرە جێگەی بایەخ و هەڵوەستە لەسەرکردن نییە؟

من شتێکی زیادم لەسەر ئەم پیاوە نەوتووە، ڕەنگە زۆرێکیش نەوترابێت و ساڵانێکیشە هیچم نەنووسیوە و لەسەر هیچ کەسیش قسەم نەکردووە، بەڵام لە ئاوا دۆخێک و بابەتێکی گرنگ و چارەنوسساز و نیشتمانیدا، (ڕوونکردنەوە)کەی

(جەلالی عومەری سام ئاغا)، ڕاپچڵەکاندم، بۆیە وەک ئەرکێکی ئینسانی و نیشتمانیو ڕۆژنامەوانی... بە حوکمی نزیکی و ناسینم لەگەڵ ئەم کەسایەتییە، وەک وەفایەک بۆ ئەو هەموو بوێری و لەخۆبردوویی و خزمەتەی... بە پێویستم زانی شتێک بڵێم، چونکە ئەم پیاوە وەک خۆی بەو هەموو گەورەیی و بەخشین و ئەزموونو خزمەت و بوێرەیییەوە ، پیاوێکی بێدەنگە، بۆ ڕۆژێک ئامادە نەبووە، لەشاشەی تیڤیو ڕووپەری ڕۆژنامەیەکەوە سنگ دەرپەڕێنێ و کەمترین قسە لەسەر خۆی بکات و کارەکانی خۆیمان پێ بفرۆشێتەوە، تەنانەت بۆ جارێکیش ڕێگەی بەخۆی نەداوە بچێتە هۆڵی مەراسیمەکان و دەرکەوێت و خەڵاتەکانی وەربگرێت، هەر لەبەر ئەمەشە هەندێکجار ڕۆژنامەنووسان بە (جەلالی عومەری سام ئاغا) دەڵێن: (ئەو پیاوەی قسە ناکات). دەبێ بشپرسین: پاش دوورکەوتنەوە و دەستلەکارکێشانەوەی (جەلالی عومەری سام ئاغا)، چەند هەنگاوی عەمەلی و جدی و بوێرانە نراوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و پاراستنی موڵکی گشتی؟ ئەی پێش ئەو و دوای ئەویش چ کارێکی گەورە کراوە لەم لایەنەوە و لە غیابی ئەودا چەند کارەساتی تر خوڵقاوە. ئەو لە کاتێکدا دەست بۆ قوتی خەڵکی دەبرێ و خەڵکی نانبڕاو دەکرێت، ئەو قوت و تیکەی دەمی خۆی بە خەڵکی دەدا، ئەمەش ئاسمان و ڕێسمانە.

ئەوەی ڕاپچڵەکاندم و هەستی بێئومێدی زیاتر لا دروستکردم ، ئەو پرسیارە بوو کە: ئاخۆ پیاوێک (٤٧) ساڵ کارمەندی دەوڵەت و نیو سەدە لە وەزیفەی ئیداریو قانوونی و پێشمەرگایەتیدا بووبێت و بەم هەموو ئەزموون و خەبات و ناسراوییو متمانە و دەستپاکی و دڵپاکی و پشتیوانییەوە، ترسی هەبێ لە چارەسەری ئەم دۆخەو زات نەکات بژێتە ژێر باری ئەم ئەرک و بەرپرسیارێتییەوە، دەبێت کێ دنیای ئێمە بگۆڕێت بۆ ڕۆژگارێکی ڕوونتر؟؟

ئەوێک کە توانیبێتی ساڵانێک لەم بار و لەو دۆخەدا ، وەک سەرۆکی دیوانی چاودێریی، چەندین بەرپرسی سیاسی و حکومی گەورە و بەدەسەڵات، ڕاپێچی دادگا و بەر قەفەزی توهمە و تاوان بکات و چەندەها ملیۆن دۆلار لە قوڕگیان دەربێنێتەوە، دڵنیام لەم پۆستەشدا دەتوانێ هەنگاوی گەورە بنێت ، با ڕێگرییەکانیش زۆربن، ناگەنە ئاستی ئیرادە و بوێری و دڵسۆزی ئەم پیاوە ، ئەمە سەرباری ئەوەی لە کارەدا بەشێکی باش لە خەڵک و کەسایەتی و سیاسییەکانیش پشتیوانی لێ دەکەن و ڕەنگە لەسەر ئاستی دەرەوەش هاوکاریی بکرێت، خۆ ئەگەر ڕێگریشی کرا و هیچشی پێ نەکرا، با وەک چیشەی هەمیشەیی و سەربەرزانە و بیمنەتانە، دیسانەوە و جارێکیتر بڵێ: «شەرەفمەندنیم بە وەزیفەکەتان و من جسمێکی غەریبم لەناوتانا»، ئەمەش دەبێتە سەروەرییەکی دیکە بۆت و لای خەڵک و خواو

مێژووش ون نابێت. بۆیە سام ئاغا لەم دۆخەدا، ئەگەر هەنگاوێکی کەمیش بنێت بۆ چارەسەر، باشترە لەوەی ئەو شوێنە چۆڵ بکات بۆ کەسانێک کە دڵنیانین لە ئاستی ئەو بەرپرسیارێتیەدا یان نا، چونکە بێدەنگی و دوورەپەرێزی و بێباکی و کەمتەرخەمیشیان، بە دیوێکی دیکەدا، ئەم کەسانە دەخاتە بەردەم بەرپرسیارێتی خەڵک و مێژووەوە، بەو پێیەی ئەمجۆرە کەسایەتیانە بوونەتە موڵکی گشتی، هەر بۆیە ئەگەر ئەو لە نوخبەی سیاسی دەسەڵاتدار بێئومێد بووبێت، دەبێت ئەو خەڵکەی کە هەموو ژیان و سامانی خۆی پێ بەخشین، بە خاڵی بەهێز و بە پشتیوان و جێگەی ئومێدی خۆی بزانێت، هیچ شتێکیش هێندەی ئیرادەی خەڵک و پشتیوانی جەماوەر بەهێز نییە، مێژوو وا دەڵێت.

چۆن حکومەتەکەی شێخ مەحمودی مەلیک پێویستی بە (کەریمی عەلەکە)یەک هەبوو بۆ خەزێنەی دەوڵەت، خەڵک و حکومەتی هەرێمیش پێویستی بەم پیاوە سپییە و (کەریم)ێکی دیکە هەیە. من بە حوکمی دۆستایەتی و نزیکیم لەم پیاوە، دڵنیام وەک چۆن هەمیشە پۆست و پلەوپایەی ڕەتکردووەتەوە، لەوەش دڵنیام کە جەلالی سام ئاغا پێویستی بەم پۆستە نییە، بەڵکو خەڵک و دۆخەکە و پۆستەکە پێویستیان بە ئەوە. سام ئاغا ئەوەی هەیبوو بەخشی، لە تەمەن و ئەزموون و لە توانا و بوێرییەکانی لە بەگژاچوونەوەی گەندەڵی و لە بێمنەتی لە پۆست و پایە، ئەوەش فەلسەفەی ژیانیەتی ، وەک (حەمدی) شاعیر دەڵێت:

**«وەرە حەمدی، ئەوی ماڵە لەپێش خۆتا ڕەوانەی کەی**
**ئەوی ڕۆیی ئەوا ڕۆیی، ئەوی جێی دێڵی کەی ماڵە».**

دوا جار دەڵێم سام ئاغا پێویستە لە نێوان (ئومێد و بێئومێدی)دا ڕێگایەکی دیکە بدۆزێتەوە و هەنگاوێکی دیکە بنێت، چونکە لە زەمەنی بێئومێدیدا، تەنها ئەمجۆرە مرۆڤانە دەتوانن ئومێدێک بگێڕنەوە.. نەک ئەوانەی بێئومێدیان کردین، لە خۆمان و بێئومێدیان کردین لە نیشتمان و لە ژیان.

# ئەفسانەی نەمریی

خالید حەمەغەریب عبدالرحمن



**خالد حەمە غەریب، جەلالی سام ئاغا -ماڵی جەلالی سام ئاغا**
**٢٠٢٠/٦/١**

له گفتوگۆی سەفسەتائیدا هاتووه: دەکرێت بڵێین ڕەخنەگرتن.. گرنگترین شێوەکانی بێگەردیی و سەروەرییە».. له بەرامبەر ئەوەشدا.. تەنانەت ئەو مرۆڤەی ئەگەر پاشای پاشاکانیش بێ.. نەکەوێتە ژێر ڕکێفی ڕەخنەوە..» وەکو ئەوە وایە کە توشی بۆگەنییەکی گەورە بووبێ(۲).

وَيَجْعَلُ الرِّجْسَ عَلَى الَّذِينَ لَا يَعْقِلُونَ(۳) (**خودا ئەشکەنجە و توڕەیی خۆی بەسەر ئەو کەسانەدا دەبارێنێت کە باوەڕ بە ئایات و ئامۆژگارییەکانی ناکات.**) لەو باوەڕەدام دەتوانم شێوەیەکی تایبەت لە گێلێتی جیا بکەمەوە، کە تێیدا توندیو یاخیبوون لەخۆ دەگرێت وای لێ دەکات لە قەبارەدا هاوتای هەموو شێوەکانی تری گێلێتی بێ، ئەوەش ئەوەیە کە مرۆڤ نازانێت کە نازانێت... وَطَائِفَةٌ قَدْ أَهَمَّتْهُمْ أَنفُسُهُمْ يَظُنُّونَ بِاللَّهِ غَيْرَ الْحَقِّ ظَنَّ الْجَاهِلِيَّةِ(٤) خۆ چەند بڕوانین بۆ کۆشکو تەلاری میر و خەلیفە و پادشاکان.. دەبینین.. خراونەتە سەرسەر لەبەر مەدحو پیاهەڵدانی شاعیر و مەلا و دەرباران.. کەچی لێرە لە حزوری بەخشندە و لە ناوەڕاستی ماڵ و دیوەخانیدا.. سکاڵای ئەو لە پیاهەڵدان و مەدح و سەنادایە.. تەنانەت خاضع و خۆبەکەمزان و نەزانیش توشی ڕەخنە و سەرزەنشتی ڕاشکاوانەی ئەم دەبن..

له زۆربەی خوێندنەوەکانمدا، بە تایبەتی بابەتی سەرکردە و فەیلەسووف و ناوداران... هتد، درکم بەوە نەکردووە، یەکێک لەوانە خاوەنی بڕیاری ئاڕاستەکراوی ڕاستەوخۆ بووبێت، بەبێ پەشیمانبوونەوە یاخود پاشگەزبوونەوە.

ئارەزووە یاخود شتی تر وای لەم پیاوە کردووە «بتوانێت هەم سەرڕاستو هەم بوێر» کام بوێری؟ بە مانا ئاساییەکەی دەوترێت «فلانە سیاسی بوێرە، کەچی هەڵوێستەی بوێرییەکەی کەم بڕئەکات» ئەم جەلالە وانییە « نەک هەر بڕ ئەکات»، بەڵکو بە بەردەوامی بۆڕی بڕکردنی ڕێبەزی کردووە.. ئاخ لەم خەمە مەزنە بێکۆتایە» ناتوانم پێوەری دانایی زەردەشت و ڕاستگۆیی و بێمنەتی سوقرات و سەرکێشی ئەسکەندەری مەکدۆنی و فراوانخوازی جەنگیزخان..

(۲) ئەفلاتون کتێبی سەفسەتائی لاپەڕە ۲۳۰-۲۳۱.
(۳) (الآیة ۱۰۰ سورة یونس).
(٤) الآیة ١٥٤ سورة آل عمران.

هتد» بکەمە پێوەری بەهاکانی تۆ ئەی نەوەی سام ئاغا.. ئەفسانەکانیش سنورداربوون. چەندم تاووتوێ کر «بەراورد و کەموزیاد کەچی لەواندا درکم بە پرنسیپەکانی تۆ نەکرد» وای لەم دۆخە ناسازە «چۆن دەبێت پێوەرێکی زانراو نەبێت» تۆی پێ هەڵسەنگێنم.. بەڵام ئەی گەردوونی خاوەنی ڕاستەقینەی ژیان و ناسێنەری هەموو شتە ماددییەکان» چەندین خولگەی خولاوت کێشکردووە بۆ ناو بازنە تاریکەکەی ناخت، ئەی بەکام هێز وتواناتەوە خولگەی جەلالی سامئاغات، ڕامکرد و لەکام ستونی خۆت دا لەنگەرت پێ گرت.. نیمانە..! گەردوون بە کۆڵێک فرمێسکەوە هاتە گوفت.. تا ئێستا ئەو کەنارەمان ئەندازەکاری نەکردووە «هەتا بتوانین جەلالەکەی ساماغای پێ ڕام بکەین و لە خولگەی بەردەوامیی ڕایبگرین..من هێندەم هەیە کە خولگەکەی ئەو» تەنها لە نەبوونی گەردووندا فەنا دەبێت «یاخود دەتوانم بڵێم نا فەنا نابێت»، بەڵکو هەروەکو چۆن چوار وەرزەکەی ساڵ بە تێپەڕبوونی کاتەکان دەگوازرێنەوە لە باکور بۆ باشور و لەرۆژهەڵات بۆ رۆژئاوا و ئینجا سێسەد و شەست پلە بەدەوری خۆیاندا خول دەدەن «لە کەناری جوغرافیایی خۆیاندا دیمەنی باوی خۆیان وێنا دەکەن». جا گەردوون چەمکی مانایەکی فراوانی سام ئاغای پەنهان کردووە.. ناسینی مرۆڤ تەنها بریتیی نییە لە پیاهەڵدان و ڕێکخستنی ڕستەسازی بۆ گێڕانەوەی سیستەمە پێکهاتەییەکەی.. ڕۆژێک دێت گەردوون ئەم بەها شاراوەیە لەم بوونەوەرە میوانەی ئێستامان بە کۆمەڵێک پرنسیپ و بیرۆکەی نابەرامبەری ئاوەزی مرۆڤەوە بۆ شیکار بکات، بەڵام چۆن بتوانم لە پێوەری گەردوون دەربچم.. من دەزانم بۆ ئەم کارە پێویستم بە فیزیایی و کیمیاگەر و ئەندازەکار هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی تر هەروەکو سۆمەرییەکان زووتر بۆ بابلییەکانی نەوەی خۆیانیان جێهێشتووە «منیش ئاوا لەکەناری فەرهەنگسازی زمانی کوردیدا خۆم دەهاویژمە ناو فوارەی شەستە بارانی وشە و دانە بەدانەی وەسف و چواندنی ئەم جەلالە دەکەمە دەسپێکی تێگەییشتنەکانم.. دەڵێن یاخود لە سەرچاوەکاندا هاتووە: خواوەندەکان چەندین ناویان بەسەردا دابڕاوە.. ئەمەش لەخۆوەڕا نەهاتۆتە بوون، پێوەرێکی مرۆیی ئەم ڕانانەی سەلماندووە.. بۆیە سەلماندن و ڕاڤە و پاساودان، بیرکاری و فەلەک و چەمکە مێژووییە بەرجەستەکراوەکان بۆ هەمووان شیدەکاتەوە. خەیاڵدانمان بۆ چەندەها بیرۆکە سیخناخ کردووە»، کەچی ئەوەتا گاستۆن باشلار فەیلەسووفی مەنهەجدار... وێنەکەمان بۆ شیدەکاتەوە بێ ئازار. دیارە ئازاری گزنگ (ڕۆح) لە دەرەوەی چەمکی خەیاڵ، کاری فشاری بۆ سەر ڕەوتی

ژیان توند دەکات «کێ لێی دەربچێت» ئاسوودەیی بۆ خۆی دەبات.. هێما هارمۆنییەکان مانایەکی گەورەی شاراوە لە خودی هێماکەدا قەتیس دەکەن «هەروا سانا نییە دەمودەست بێتە بوون»، بۆیە هێندەی تەمەنی گەردوون، کە بە چەند ملیارساڵێک مەزندە کراوە و چەند ملیار ساڵێکیشی لە نەزانراوی قووتداوە، وامان لێ دەکات، وەکو گۆستاف یونگ دەڵێت: «هێنانەوەی نموونەکان دیاریکردنی بەهاکان ڕەوانتر دەکات..»

هەروەک لەم شیعرەدا، کە پاش خەوێکی قووڵ بەرجەستەمکرد هاتووە کە:

**نیشانمان دەدا تروێک(٥) .. ژیان پاشان نشێوی دەهێنێ بۆمان**
**کەی لێی تێدەگەی بەڕوونی چاوان کە تەمەن ڕۆیی مەبە خەمباران**
**تیلەی چاوانت کزە و لە خوارە بەهەشتیش هەبێت مرۆڤ بێزارە**

لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە.. دەچینە ناو تیۆری دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتییەوە. (ئیمیل دۆرکهایم) دەڵێت: هەموو بۆ دیاردەیەکی گشتگیر دەڕوانین، کارگەکانی کارو پیشەی سەرمایەگوزاری پسپۆڕانە کارمەندیان بەسەر جۆری پیشە و دەستەبەری کارکردندا دابەشکردووە، هیچ کارێک لەخۆوە پیشەگەر و بێ پسپۆڕێتی ناڕوات بەڕێوە.. خوازەکانی تیۆرەیی لای ئادەم سمیس و ستیوارت میل بۆ ڕێساکانی کشتوکاڵکردن بەردەوام بوو «هەتا ئەو کاتەی پرنسیپ و بەرنامەی کاری پێشکەوتن» سیستمی بەرهەمهێنانی لە ژیاندا گۆڕی.. ئەوەش کە لە پرسی سام ئاغادا گۆڕاوە «پرنسیپی بەرهەمهێنانی هێزێکی بەزێنەرە» بۆ تێکشکاندنی گروپ و دەستە و تاقمی گەندەڵ، گەندەڵ بە چەمکی خۆی، کەلێنی کۆمەڵگا و پێکهێنەری ڕێساکانی ژیان لەم جوغرافیایەی ئێمەدا بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ جڵەوبەردانی سەرکردە و پێشەواکانی دین و سەرۆک عەشایر.. چۆن لەم ڕاستێتییانە تێبگەین؟ ئایا بهێڵین هەروا بە چەند کۆپلەیەکی سەرپێیی کوێ گشتی پرسی جڵەوکردنی گەندەڵی تێپەڕێنین.. نەخێر هەزار نەخێر..

یەکەم/ کۆمەڵگای ئێمە هێندەی بیمارستانەکانی ئەمریکا و ئەڵمانیا و چین و ئەفریقیای باشور ساویلکەی بەرهەمهێناوە.. ساویلکەی مەعریفی، دەرچووی زانکۆیە «بێباک لە دواڕۆژ.. بێ هزر.. هەڵەشە، هوتافکێشی بێ مەبەست.. ئەمجۆرە بوونەوەرانە لە مانای گەندەڵی تێنەگەیشتوون» پیاوێک لە وێنەی جەلال «دژی

---

(٥) لوتکە.

هەر جۆرە پرۆژەیەکی بێ سەروبەرە و بێ سیستەم» خۆ تەنها بە تەنیا هاواری بۆخۆی نییە، بەڵکو هاوار دەکات «کەسمان گوێمان لەو نییە»، کەچی گوێ بۆ گەندەڵ دەگرین! ئادەی بە درێژایی نۆ ساڵ سام ئاغا وتی: گەندەڵی بەسە «شورەییە» کەس نەچووە بەردەمی دەزگاکەی هەتا بڵێت ئەوە منیش دژی تۆم ئەی گەندەڵی وەک سام ئاغاکەی دیوان «تەنانەت ئەگەر تەنها بە هوتافکێشانیش بووایە».. دەستەو کارمەندانی ئەم جەلالە بۆ کاری پشکنین ڕوویان بکردایەتە هەر فەرمانگەیەک، فەرمانگەکە دەیبردەوە دەزانن بۆ.. چونکە حکومەت و دەسەڵاتداران پشتی سەرۆکو کارمەندانی فەرمانگەکەیان بۆ جەلالی سام ئاغا نەدەدا لە زەوی، ئای لە بەختی ڕەشی کورد تەنها یەکجار دۆخێکمان بۆ ڕەخسا بە نامۆکانی کۆمەڵگە بڵێین گەندەڵ، بەدڵنیاییەوە ئەویش لە بڵندگۆی سام ئاغاوە، کەچی هەروەکو چۆن کۆنسێرتێک لە هۆڵێکی داخراودا دەنگدەداتەوە، بەبێ بەردەوامی کارەکەی ئەمیش «لەبار..برا.. بۆ؟» لەبەر ئەوەی گەندەڵکاران «قابیل نابن، پێیان بوترێت مەکەن.. بەسە.. زۆرتان برد..» تەنها ڕۆژێک لە مینبەرێکی مزگەوتەوە گوێم لە وتارێکی ئایینی نەبوو، بڵێت: گەندەڵکاران.. ئێمەش هەموو لەپشت پرۆسەکەی سام ئاغاوە، نەفرەتتان لێ دەکەین.. هەموو ئازا بوون بە موڵک و ماڵی گشتی خۆیان ڕیسوا بکەن (دەوڵەمەندبوون)، کەچی کاتێک کار دەگەییشتە سەر ئەوەی باج بدەن، بە کردنەوەی مزگەوتێک لە باجی سەدان ملیۆن دینار قوتارییان دەکردن.

کۆنفۆشیۆس دەڵێت: ئەو وڵاتەی بە دروستی بەڕێوە دەبرێ «هەژاری هۆی شەرمەزارییە، وڵاتێکیش کە ئیدارەدانی خراپ و ناتەندروست بێت» سەروەت و سامان دەبنە هۆی سەرشۆڕی..

دووەم/ سەیر سەیر «خۆ کۆنفۆشیۆس لە کوردستاندا نەژیاوە» ڕاستە ئەڵێن «پیاوانی زانا دێرینەکان شەرحی حاڵي کۆمەڵگایان کردووە» ژیان چەندە تولانی(درێژە) بکێشێ لەو گوفتانە زیاتر بەرهەم ناهێنێت.. باشە ئەوانەی سەروەت و سامانیان پێکەوە ناوە سەرشۆڕی بۆ بەشێکیان هێناوە، زۆرینە لەبەرحەزیان بە ئیدارەدانی خراپ بەردەوامن بۆ بەدەستهێنانی سامانی نایاب.. **(کاکی سام ئاغا لە هەردوو پۆستی بریکاری وەزیری دارایی و سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی/ سلێمانی کە پلەی وەزیری هەبووە.. داوای کەمکردنەوەی موچەکەی لە حکومەت کردووە، لێرەدا حکومەت بەدەم داواکەیەوە نەهاتووە، ئەزانن بۆ؟ یەکەم سەیرکردووە داهاتی حکومەت سنوردار و ناپێوانەییە (بەدڵنیاییەوە لەبەر گەندەڵکاران، ئەگینا داهاتی زۆر بۆ لاکانی تر چووە).. دووەم هەتا ببێتە پرەنسیب! ئێ بەشکو ئەم دیاردەیەش**

**چاولێکەری ئەوانی تریشیی لێبکەویتەوە. چونکە کورد فێرە تەنها بە چاولێکەری دەڕوات بەڕێوە.. ئای حکومەت چ بڕیم!**)(٦) لێرەدا با بڕوانین بۆ جەلالەکەی لەمەڕ خۆمان.. هەتا هاتنە بوونی ئەم نووسینە.. جەلال تەمەنی نزیک هەشتا بۆتەوە «ئێ خۆ لەم تەمەنەدا موڵک و ماڵ پێکەوە نەنرابێ» ئیتر چی.. ئەو کە موڵک و ماڵیشی پێکەوە ناوە.. دە بەرامبەر لەوەی بەدەستیهێناوە.. بۆ تەندروستی و قوتابخانەو باخچەی ساوایانی داناوە.. واتە ڕێک بەشی یەکەمی وتەکەی کۆنفۆشیۆس لە دەوڵەتەکەی جەلالدا هاتۆتە بوون، هەرچی ناوەڕۆکی بەشی دووەمیشە، بە داخەوە ناپاکان و گەندەڵخۆران دەگرێتەوە، ئەوەش مەرامەکەی جەلالی سام ئاغای پێکاوە.. لە چیندا وتە و ئەندێشەکانی کۆنفۆشیۆس وەکو بنەمای فەلسەفی ناسێنراون.. خۆ وتەکانی هەرچی بن.. ئاساییە لە وڵاتێکی دامەزراودا ئەو هەنگاوانە بنرێ.. ئەوەی جێی داخە، دووفاقیی دەسەڵاتی کوردی و تێڕوانینێک بۆ کارەکانی جەلالی سام ئاغا، ئەوەمان بۆ دەردەخات. ئەم دووفاقییەی دەسەڵات، لە لایەک شین بۆ جەلالو وتە و کردارەکانی دەکات.. هەموو دەسەڵاتداران دەڵێن «جەلال ڕاست دەکات» لە لایەکی تریشەوە.. هەر چۆنێک بێت دەستلەکارکێشانەوەکەی پەسەند دەکرێت. ئەزانن بۆ! چونکە ئەوان ناتوانن واز لە گەندەڵی بێنن و ئەمیش ناتوانێ لەسەر ڕەوتی خراپی ئەوان بەردەوامی بە تێزەکەی بدات.. ڕەگوڕیشەی ئەوان تەنها لەژێر پرسیاردا دەمێنێتەوە، ئەمیش لە چاوەڕوانی بێ ئەنجامدا دەخولێتەوە.

کۆنفۆشیۆس دەڵێت: بێدەنگی هاوەڵێکە هیچ وەخت خیانەت ناکات، لای ئێمە بێدەنگی نەهامەتییەکە، هەتا بەردەوام بێت، دەسەڵاتدار خیانەتی قێزەونتر دەکات.

لە سەدەکانی نزیک کۆتایی پێش زایین «سوپای ڕۆمانی باشترین سوپاکانی سەردەم بوو، سەرەڕای ئەوەی سوپای دەوڵەت و دەسەڵاتدارانی دەوروبەری ڕۆمان لەو کەمتر نەبوون»، هەروەها سەرەڕای ئەوەی تەکنۆلۆجیا و هونەری جەنگی نەبووبوونە کارێکتەری ڕاستەوخۆی بەهێزیی ئەو سوپایانە وەکو (قەرتاج، مەکدۆنیا و سلوقییەکان).. هێشتا سوپای ڕۆمانەکانیش ناوەندی توێژینەوە و پەرەپێدانی سەربازییان نەهێنابووە بوون، ئەمانە هەموویان ڕێگر نەبوون لەبەردەم ڕووخانی سوپایەکی بەهێزی وەکو قەرتاج لەبەردەم ڕۆماندا، تەنها جیاوازییەک کە سوپای ڕۆمانیی دروستی کردبوو، ڕێکخستنێکی لێهاتووانە و بەکردەیی

(٦) «دانووسەندنی زانیارییەکان» وای لێ کردم ڕازەکانی خۆی بقۆزمەوە و لە بابەتەکەمدا بیکەمە چەپکە باسی ناوازەی ناوەڕۆکی ئەم نووسینە.

بوونی سوپاکەیان ئەمەی ڕەخساندبوو.. لە کۆمەڵگای کوردیدا لە کۆتاییەکانی سەدەی بیست و سەرەتاکانی سەدەی بیستویەکدا، لە هەرێمێکی بچووکی دابڕاوی ئەمری واقیعدا لە پارێزگایەکی قەتیسکراوی ململانێی سیاسیدا، جەلالێک بە خۆی و سوپایەکی مەعریفییەوە دژی هەموو باوە گەندەڵییەکان دەوەستێتەوە.. دڵنیابن جەلال نەیدۆڕاند.. هەرگیزیش نەدۆڕاوە.. تەنها چەکێک لە هەگبەی ئەم کەڵە تێکۆشەرەدا هێزی خۆی بە سەرکەوتوویی بەردەوامی پێ بدا بوێرییە «چەکی بوێری».

سێیەم/ لە سنگی داکوتراوی ئەم شکۆدارەدا.. نووسراوە «من بوێرم.. چونکە بێباکم لە ماڵ و سامان.. ئێوە بوێرنین»، چونکە هێشتا بەردەوامن لە پرۆسەی نوێکردنەوەی خۆ گەندەڵکردندا.. من بێباکم لە پلە و پۆستی ئیداری و سیاسی»، کەچی ئەوان بەردەوامن لە ناوزڕاندنی خۆیان بە وەرگرتنی پلەو پۆستی ناشایستە.. **(ئەم جەلالە بۆ ماوەی ١٢ ساڵ لە پلەی بریکاری وەزارەتی دارایی و سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی داراییدا کاری کردووە «تەنها یەک دانە ئیفادیشی لەسەر خەزێنەی حیزب و حکومەت بۆ خۆی سەرف نەکردووە»، لە کاتێکدا ئیفادکردن لە کوردستان، واتە لافاوێکی خوێنین لە بودجەی وڵات فت.. سەرەڕای ئەوەش سەرۆکی حکومەت بە بۆنەی هەموو جەژنێکەوە بڕێکی باشی لە دۆلار وەکو جەژنانە دەبەخشییە وەزیرەکان، کەچی ئەم جەلالەی خۆمان نەک وەرینەدەگرت، بەڵکو سکاڵای دەبردە بەردەمی سەرۆک و داوای دەکرد یان دەبێ بە هەموو کارمەندان بدرێت، یاخود من وەکو خۆم بێبەری دەبم لەم شەرمەزارییە)**(٧)

چییە وا لە مرۆڤێکی سەدەی بیست و یەک بکات.. لە سەردەمی چاوچنۆکیو چاوبرسێتیدا باکی بە کۆکردنەوە و کەڵەکەکردنی سامان نەبێت و بیر لە خۆبەدەستەوەدان و خۆ بچووککردنەوە نەکاتەوە.. لەوەتای مرۆڤ بە ناوی نیاندێرتاڵ و بەکین و کۆسۆڤۆ و ژێرەوە هاتونەتە سەر گۆی ئەم زەوییە.. کەم تا زۆر لەپێناوی مانەوە و پاوانخوازی دەسەڵات و کەڵەکەکردنی سەرمایە و ساماندا لە ململانێی قورسدان.. خێزانەکانی «ئال ڕۆتشیلد و ڕۆکفلەر و میتشی و... هتد» لە پیلان و پلاندان بۆ کۆنترۆڵکردنی سامانی جیهانی ڕەوەیەکیشیان لە مرۆڤی بودەڵە و خۆبەکەمزان بەرهەمهێناوە بۆ برەودان بە چالاکییە بێ بنەماکان.. **ئەم پیاوە دەڵێت: (وەزیفە لای من خزمەتە و مێژوو، نەک موچەی بەرز و ناونیشانو ئیمتیازات، ئەو لە بەرامبەر هەموو ئەمانەدا خۆی بەدوور گرتووە)**، جەلالێک کاتێک

---

(٧) گفتوگۆی یەکەم.. بە ئامادەبوونی خۆی.. دوای ئەوەی دەروازەی ڕاشکاوی خۆی بۆ خستینە سەر پشت.

خۆی خانەنشین دەکات، لە بری ئەوەی ئۆتۆمبیل و شوفێرو پاسەوانی یەدەگ لەگەڵ خۆی بەرێتەوە بۆ ماڵ.. **(کە بەپێی یاسای حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەویش مافی ئەوەی هەبووە ئەو ئیمتیازاتانە وەربگرێت، وەکو سەرجەم وەزیرەکانی تری حکومەت).** دەڵێت: **(چاوەڕوانی پاسەوان ناکەم هەتا دەرگام بۆ بکاتەوە، چونکە ئەوەش بەشێکە لە گەندەڵی..)**(٨) لەملاوە جەلالێک کە دەیتوانی لە بری کۆشکێک.. پرۆژەیەک و دەسەلاتێک، چەندینی بۆ خۆی قۆرغ کردایە، ئەو بە پێچەوانەی هەموو باوەکانەوە، دژە باوێکی جیاوازی خوڵقاندووە، ئەوەش بریتییە لە دژایەتیکردنی گەندەڵی و گەندەڵکاران، هەر بەوەشەوە نەوەستاوە، هێشتا لە وزەیدا ماوە، کە دەڵێت « ناتوانم لە مەجرای خولیاکانی ئێوەدا بگەڕێم.. ئێوە کۆمەڵگەتان پیس کرد..تاکی کۆمەڵگاتان نائومێد کرد.. کایەیەکی ناشیرینتان لە قێزەونیی بەرقەرار کرد.. کەواتە ئێوە دوژمنی میللەتن».. بۆیە بەردەوام دەڵێم: گەندەڵکاران چەند درێژە بدەن بەکاری گەندەڵییان، هێزێک دێتە بوون.. درەنگ یاخود زوو، ڕایدەماڵێت ئارەزوو.. لە داهێنانی کردەی ناپەڕجوو(موعجیزە).. **(ئەم پیاوە بۆ کوتا دەرفەت بیر لەوە ناکاتەوە ماڵ و موڵکو سامانەکەی هەروا بەبێتازی بمێنێتەوە.. لەسەر بنەمایەکی ناوازەی مرۆڤی باڵا زەوییەکی کردۆتە پارەی نەختینە و لە داهاتی سودی ساڵانەی دانراوی ناو بانکدا دڵی ئەو کارمەندانەی پێ خۆش دەکا، کە ساڵانە لە کارامەیی کارەکانی چاودێریی داراییدا، هەرچەندە نەیان توانیوە شوێنە بەجێماوەکەی ئەم ساماغایە بەچۆڵنەکراوی نەهێڵنەوە، بەڵام چاپوکەکانیان ساڵانە بەر ئەو خەڵاتە بەخشراوەی دامەزرێنەری خەڵاتی جەلالی عومەری ساماغا دەکەون.. بە دڵنیاییەوە خانمانی سەلاریش ئەو پشکی خەڵاتەیان بەردەکەوێت»، هەتا تەواوکردنی ئەم نووسینە دە جار بەجێهێنراوە.. ئەم پیاوە ساڵی ٢٠١٤ لە لایەن (الإتحاد الدولي للإقتصاديين والإداريين في دول الإتحاد الاوروبي)** خەڵات دەکرێت، بە ناوی (الجائزة الاوروبية الدولية لشخصية العام في النزاهة الإدارية)، هەروەها خەڵاتی کەسایەتی شاری سلێمانی پێ درا بۆ ساڵی ٢٠١٨، پاشان ئەم مرۆڤە زەوییەک لە وەزارەتی پەروەردە وەردەگرێت و خوێندنگەیەکی دوانزە پۆلی مۆدێرنی تێدا بینا دەکات و دەیبەخشێتە خوێندکارانی گەڕەکێکی هەژارنشینی شاری سلێمانی.. سەرەڕای ئەوەی لەسەر زەوییەکی تری وەزارەتی پەروەردە بە ڕووبەڕی نزیکەی (١٣٠٠م دووجا) هەڵدەسێت بە دروستکردنی باخچەیەکی منداڵان» هەرخۆشی دەڵێت: **(لە کۆتا بڕیارمدا ئەو خانووەی لە گردی سەرچنارەو**

(٨) گفتوگۆی دووەم.. پاش چەند ڕۆژێک جولاندن و تاووتوێی بابەتەکان پاسەوان نەگرتن و ڕەتکردنەوەی ئۆتۆمبیل ڕوونیکرەوە مەرامی.!

**ئێستا ژیانی تێدا بەسەر دەبەم، کە بە حەوت سەد هەزار دۆلار مەزەندە کراوە، بەخشیومەتە وەزارەتی تەندروستی، هەتاوەکو بکرێتە بنکەیەکی تەندروستی بۆ دۆستان و هاوەڵانی گەڕەکەکەم وەکو خەڵات بۆیان بمێنێتەوە..)** نابێت ئەوەش فەرامۆش بکەین کە ئەم سام ئاغایە، سەرەڕای ئەوەی بارودۆخی کارگێڕی و دەسەڵاتی ئەم وڵاتەی بەدڵ نەبوو، چونکە بەرهەمهێنانی گەندەڵی خێراتر بوو، لە بەرهەمهێنانی هەر شتێکی تر، ئەم پیاوە وەک کاندید بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم داخوازییەکی لە لایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە بۆ کرا، کەچی ئەم بێباکانە پەسەندی نەکرد..! دو ابە دوای ئەم داخوازییەش لە ڕوونکردنەوەیەکدا هۆکارەکانی ڕەتکردنەوەکەی بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و میدیاکاران و ڕۆشنبیران بڵاوکردەوە. (ئەمانە دوا قسەی گفتوگۆکانمان بوو.)(٩)

---

(٩) گفتوگۆی سێیەم.. بەدەم باسوخواسی ژیانەوە دوای ئەوەی چەند وتەیەکم ئاراستەکرد، ئەویش بە تامەزرۆییەوە، ئەم زانیارییانەی پێبەخشیم.

# بە دۆستایەتیکردنی کاک جەلال شانازی دەکەم

**فوئاد مەعسوم**

**سەرۆککۆماری پێشووی عێراقی فیدرال**



سەردانی کۆشکی کۆماری لە بەغدا
لەسەر داوەتی د. فوئاد مەعسوم سەرۆککۆماری عیراق
٢٠١٧/٣/٩

لە وڵاتانی عەرەبی سێ ئۆفیسی پەیوەندی شۆڕشی کوردستان هەبوون، یەکێکیان لە دیمەشق کە مام جەلال سەرپەرشتی دەکرد، یەکێکیان لە بەیروت کە عەزیزی شێخ ڕەزا بەرپرسیاری بوو، ئەوی سێیەمیش لە قاهیرە کە بەرپرسیارێتییەکەی ڕووبەڕووی من کرابۆوە. بۆ چەند کاروبارێکی گرنگی پەیوەندییەکانی شۆڕش لەگەڵ «دکتۆر خدری برام»، کە کۆلیجی پزیشکی تەواوکردبوو، بڕیاری دابوو بچێتە پاڵ شۆڕش، سەفەرمان کرد بۆ کوردستان.

لە قاهیرەوە بەرەو بەیروت بەڕێکەوتین و لەوێشەوە بۆ تاران، لە ڕۆژی ١٩٧٤/١٢/١٦ گەیشتینە حاجی ئۆمەران، پایتەختی شۆڕشی کوردستان. کاتەکە شەو بوو، ئوتێلی دەربەندیان بۆ دەستنیشانکردین. ئوتێلەکە تایبەت بوو، لە لایەن شۆڕشەوە سەرپەرشتی دەکرا. بۆ ڕۆژی داهاتوو، لە ژێر ئیشرافی کاک مەسعود بۆ کردنەوەی یانەی شەترەنج، بۆ ئاهەنگی کردنەوەکە بانگکرام.. کاک فەرهاد عەونی سەرپەرشتیاری ئاهەنگەکە بوو، لەوێ چاوم بە دکتۆر کەمال خەیات و هەندێ لە برادەران کەوت، دکتۆر کەمال دۆستێکی دێرینم بوو، پێکەوە لە زانکۆی بەسرە مامۆستا بووین، لە پاش دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کورد و ڕژێمی عێراق زۆربەی مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی هاتنە ناو شۆڕش.. دکتۆر کەمال یەکێک بوو لەوانە، کە پێداگری دەکرد دەبێت شەو بچین لای ئەوان بمێنینەوە، دکتۆر کەمال خەیات و دکتۆر کەمال مەزهەر و کاک جەلالی سام ئاغا لە ناوچەی ئازادی لە خانویەک دەژیان، کە دەکەوتە نێوان حاجی ئۆمەران و زینۆی شێخی، ئێوارەکەی لەگەڵ دکتۆر خدر چووین بۆ لایان، ئەو شەوە جگە لە خۆیان مامۆستا هەژاری شاعیر و کاک عەبدولخالق مەعروفیش لەوێ بوون. جگە لە کاک جەلال، ئەوانیتر هەموو یەکترمان دەناسی. بۆ جاری یەکەم بوو لەگەڵ کاک جەلال یەکتر ببینین. باسی کردنەوەی یانەی شەترەنجەکە کرا.. وتم: کارێکی جوان بوو، لەو شاخەدا بیر لە کردنەوەی یانەیەکی ئاوها بکرێتەوە، بەڵام پێم ناخۆش بوو لەناو هەموویاندا من چاکەت و پانتۆڵم لەبەردا بوو، ماوە نەبوو بۆ ئەوەی بچمە بازاڕ جلکێکی کوردی بکڕم، کاک جەلال وتی پێویست ناکات جلی کوردی بکڕیت لە سلێمانییەوە دەستێ جلی کوردی نوێم بۆ هاتووە، هێشتا لەبەرم نەکردووە.. پێشکەشت بێ. کە بە موجامەلە تێگەیشتم.. سوپاسم کرد و وتم : سبەینێ لە بازاڕ دەیکڕم، بەڵام خۆی

تێگەیشت، وتی: من موجامەلە ناکەم، بە ڕاستیمە، ئەو جلوبەرگە تازەیە بۆ تۆ.. من لەبەری ناکەم، زۆر سوپاسم کرد کە ڕزگاری کردم، شەوێکی خۆشمان بەڕێکرد.. درەنگانێکی شەو.. گەڕاینەوە بۆ جێگاکانی خۆمان، چەند ڕۆژێ لە کوردستان مامەوە، کە کارەکانمان تەواوبوو، گەڕامەوە بۆ قاهیرە.

بە داخەوە، بە هۆی ڕێکەوتنی شومی جەزائیر لە ئازاری ساڵی ١٩٧٥، نسکۆی شۆڕش ڕووی دا.. شۆڕش پەرشوبڵاوەی لێ کرا، کە کارەساتێکی گەورەبوو لە مێژووی نەتەوەکەماندا. بۆ هەڵسانەوەی شۆڕش، لەگەڵ مام جەلال و دەستەی دامەزرێنەران، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانمان دامەزراند.. کە لە ماوەی ساڵێکدا توانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان هەڵبگیرسێنێ.. هەڤاڵانی خەڵکی سلێمانی ناو شۆڕش، کە لە نزیکەوە کاک جەلالیان دەناسی، خۆشحاڵبوون بە خۆڕاگری و هەڵوێستەکانی.. پاش ڕاپەڕین و گەڕانەوەمان بۆ ناو شارەکان، دووبارە لەگەڵ کاک جەلال یەکتریمان بینییەوە و دۆستایەتیمان دەستی پێ کردەوە.


کاک جەلال نموونەی دەستپاکییە، لە کاری سەرپەرشتیکردنی دەزگای چاودێریی دارایی، بۆ دەستنیشانکردنی کەموکوڕییەکان و نەهێشتنی گەندەڵی و گێڕانەوەی ملیارەها دینار بۆ خەزێنەی حکومەت.. هەوڵی زۆری دا، بەڵام بە داخەوە.. کاری چاودێریی دەسەڵاتی جێبەجێکردنی نەبوو.. بۆیە نەیان توانی وەکو خۆیان دەیان ویست کارەکانیان بۆ پێشەوە بڕوات.. هەڵەکان ڕاست بکەنەوە.. بۆیە وەک سمبولی دەسپاکی و خۆنەویستی دەرکەوت، چەندین جار بۆ پلەوپایەی بەرزتر دەستنیشانکراوە، بەڵام ڕەتیکردۆتەوە.

یەکێک لە خاڵە گرنگەکانی کاک جەلال، ئارەزووکردنێتی بۆ خزمەت و بەخشندەیی، تەنانەت وەسیەتی کردووە خانوەکەی، کە خۆی تێیدا دەژی، پاش تەمەن بردنەوەی بیکەن بە موستەوسەف، لەگەڵ هیوای تەمەن درێژی.. جگە لە چەندین کاری بەخشین کە خۆی و خانەوادەکەی ئەنجامیان داوە، ماڵەکەی کاک جەلال، بە بەردەوامی بۆتە مەڵبەندێکی ڕۆشنبیری. بەردەوام کەسانی ڕووناکبیرو ناودار و خاوەن کەسایەتی لە ماڵەکەی دەبینرێن.. چوونم بۆ سلێمانی تەواو نابێت.. بەبێ سەردانی ماڵی کاک جەلال.. بە خۆشحاڵییەوە، بە دۆستایەتیکردنی کاک جەلال شانازی دەکەم.. ئومێدی تەمەندرێژیی و تەندروستباشی بۆ دەخوازم.

# شاری سلێمانی لەنێوان من و کاک جەلالدا

## د. بەرهەم ئەحمەد سالح

سەرۆککۆماری عێراقی فیدرال



سەردانی د. بەرهەم ساڵح سەرۆکی حکومەت
بۆ سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی
٢٠٠٩

من و کاک جەلالی سام ئاغا خەڵکی یەک شارین. ئەو کوڕی بنەماڵەیەکی ناسراوی سلێمانییە، تێکەڵاوی خانەوادەیی لە نێوان ئێمە و ئەواندا هەبووە، بەڵام من و کاک جەلال پەیوەندی کۆمەڵایەتی ڕاستەوخۆمان نەبوو، بەڵکو بە هۆی ڕۆڵی بەرچاوی کاک جەلال لە بواری وەزیفی و هەڵوێستە جوانەکانی پەیوەندی شەخسیمان دەستی پێ کرد.

بە ڕاستی کاک جەلال، جگە لەوەی کوڕی بنەماڵەیەکی ناسراوی سلێمانییە، وەکو خۆشی شوێن دەستی لە زۆر بواردا دیارە، وەکو کەسایەتییەک خاوەنی پێگەی کۆمەڵایەتی و نیشتمانپەروەرێکی ڕەسەن و خاوەن هەڵوێستە، لە بواری کارکردنیشدا کاک جەلال تۆمارێکی سەرکەوتووە و توانیویەتی لە ژیانی وەزیفی خۆیدا خزمەتێکی بەرچاو پێشکەش بکات و ببێتە نموونەیەکی سەرکەوتووی بواری خۆی.

سەرەتای دەستبەکاربوونم، وەک سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سلێمانی، کاک جەلال بریکاری وەزارەتی دارایی بوو، من لە سەردەمێکی هەستیارو یەکلاکەرەوەدا دەستم بە کارکردن کرد، بڕیاری ئەو کاتمان ئەوە بوو، بەو داهاتە سنووردارەی لەبەردەست بوو، باشترین خزمەتگوزاری پێشکەش بە هاوڵاتیان بکەین، هاوکات نموونەیەکی سەرکەوتووی حوکومڕانی بە لەبەرچاوگرتن و پێزانینی شوێندەستی کابینەکانی پێشوو بێنینە کایەوە، دەبوایە لەو کاتدا کارێک بکەین بەو داهات و دەرامەتە کەم و دیاریکراوەی کە هەبوو، خزمەتێکی بەرچاو و پێویست پێشکەش بکەین، ئاوڕێکی جیدی لە خەڵک و خواستی هاوڵاتیان بدەینەوە، بۆ ئەو بەرنامەیە وەزارەتی دارایی ئەرکی سەرەکی لەئەستۆ بوو، لەو سەردەمەدا کاک جەلال وەکو بریکاری وەزارەتی دارایی ڕۆڵی هەبوو لە کۆکردنەوە و ڕێکخستنەوەی داهات و کۆنترۆڵکردنی چۆنیەتی سەرفکردنی، بە توانا و شارەزاییو سەلیقەی خۆی کاری زۆر باشی کرد.

ئەو کات ئەرکەکەمان ئاسان نەبوو، دەبوایە پلانێکی وردی کارکردنمان هەبێ بۆ بەگژداچوونەوەی گەندەڵی و شێوازەکانی بەهەدەردانی سامان و داهات، لەم ڕووەوە کاک جەلال ئەرکەکانی خۆی بە باشی ئەنجام دەدا، بەم شێوازە لە کارکردن توانیمان بە داهاتێکی سنووردار و کەم، خزمەتێکی زۆر بکەین و سنووری سلێمانی

ببووژێتەوە، کەرتی خزمەتگوزاری و ژیان و گوزەرانی خەڵک باشتر بکەین، بواری موچە باشتر ڕێکبخەینەوە.. بۆ یەکەم جار مووچە بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوان تەرخان بکەین.

لە قۆناغی دواتریش وەکو سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی، جێدەستی کاک جەلال دیار و بەرچاوە، بە سووربوون و دڵسۆزییەکی زۆر توانی چوارچێوەیەکی باش بۆ کارەکانی دیوانی چاودێریی دارایی دیاری بکات و ڕێگری لە دزی و بەهەدەردانی سامانی گشتی بکات، دیوانی چاودێری دارایی لە سەردەمی کاک جەلالدا چاودێرییەکی ڕاستەقینە بوو بەسەر خەرجی حکومی و دەزگاکانی، من بۆ خۆم زۆرجار داوای ڕاوێژ و هاوکاریم لێ کردووە و هەمیشە هاوکارم بووە، کاک جەلال جگە لەوەی پیشەییانە کاری دەکرد، چاونەترس و بوێریش بوو، لەم پێناوەشدا کێشە و دەردەسەری زۆری دەهاتە بەردەم، بەڵام کۆڵی نەدا، چونکە ئەو هەڵوێست و تۆمارە سەرکەوتووەی کاک جەلال لە بواری وەزیفە و کاری ڕەسمیدا، لە بیروبۆچوونی نیشتمانپەروەری خۆی و خانەوادەکەی موتوربەکرابوو، بۆیە کاک جەلال لای من و خەڵکی کوردستان مایەی ڕێز و پێزانینە.

لە کۆتاییدا هیوادارم نموونەی کەسانی وەک جەلال زۆربن و تۆماری کار و کردەوەکانی ببن بە نموونە و مایەی دەرس وەرگرتن بۆ نەوەی ئێستا و داهاتوومان.

# کەسایەتی کاک جەلالی سام ئاغا

## کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی

### جێگری سکرتێری گشتیی (ی.ن.ک)



**جەلالی سام ئاغا، کۆسرەت ڕەسول عەلی**
**٢٠١٨**

کاک جەلالی سام ئاغا یەکێکە لە پیاوە سەنگینەکان کە لە ژیانمدا ناسیومە، ئەو بێجگە لەوەی کە لە بنەماڵەیەکی دیار و بەرچاوی شاری سلێمانیە، بۆ خۆیشی کەسایەتییەکی هەڵکەوتوو و کارامە بووە. دیارە من کاک جەلالم لە ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووەوە ناسیوە، ئەو سەردەمانە لە پۆستی بریکاری وەزیری دارایی لە کابینەی حکومەتی هەرێم کاری دەکرد، کە ئێمە سەرۆکایەتیمان دەکرد. بەڕێزیان یەکێک بوو لە فەرمانبەرە چوست و چالاکو دڵسۆزەکانی ئەو کاتی حکومەتی هەرێم، کە شوێن دەستیان لە بەرەوپێشبردنی ئەزموونی حوکومەتداری کوردیدا دیاربووە. لەبەر کارامەیی و دەستپاکی خۆی دواتر کرایە سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی حکومەت و ساڵانێکی زۆریش لەو جێگایە دڵسۆزانە درێژەی بە کارەکانی ئەدا، هەتا خانەنشینبوونی بە پلەی وەزیر. هێندەی من ئاگاداربم بەڕێزیان لە ژیانی سیاسیشیاندا نموونەی کەسایەتییەکی دیاری نیشتمانپەروەر بووە، هەمیشە لە بەرەی گەل و خەڵکی ڕەشوڕووت و زەحمەتکێشانی میللەتەکەیدا بووە و دوژمنێکی سەرسەختی گەندەڵی و گەندەڵکارانیش بووە، هەر بۆیە کاک جەلال لەلای سەرکردایەتیی سیاسیی گەلی کوردستانیش هەم خۆی و هەم کارو کردەوەکانی هەمیشە جێگای تەقدیر و ڕێزلێگیراو بوون. لەبەر ئەوە جێگای خۆیەتی کە ئەم زاتە بەڕێزە وەک کەسایەتییەکی خاوەن هەڵوێستی جوان و جوامێرانە، کە بێ پەروا لە خزمەتی گەلو نیشتمانەکەیدا بووە، بە باشی و وەکو خۆی تەقدیر بکرێت وهەڵبسەنگێنرێت.

# جەلالی سام ئاغا .... بیرەوەری و هاوڕێیەتیم

**عەدنان مفتی**



عەدنان موفتی، جەلالی سام ئاغا
سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان
٢٠٠٩/٧/٢٣

ئەگەر باسی مرۆڤێکی میهرەبان، ڕاستگۆ، دەستپاک، دەمپاک و داوێنپاک بکرێت، ماندوو لە خۆپێگەیاندن تا دەگاتە ئەو پێگە و ئاستە وەزیفی و کۆمەڵایەتییەی هەیەتی، بەڕێز و ڕووخۆش لەگەڵ خەڵک، لەگەڵ هەژاران پێش ئەوانیتر، خاوەنی بیروباوەڕ و سووربوون لەسەر جێبەجێکردنی یاسا و بنەماکانی دادپەروەری، ئەوە کاک (جەلالی سام ئاغا)یە، وەک یەکێک لەو کەسانەی کە دیار و تایبەتن بە مانای کەلیمە. هەر بۆیەش لەو ساڵانەی دواییدا چەندین جار بە بایەخەوە لە پای هەڵوێستو دڵسۆزی و کارە جوانەکانی ڕێزی لێ نراوە.

چەند ساڵێک لەمەوبەر بە بۆنەی یەکێک لەو ڕێزلێنانە نامەیەکم نووسی.. تیایدا وێڕای پیرۆزباییکردن، خۆشحاڵی خۆم دەربڕی، ئاماژەم بە سەرەتای ناسین و هاوڕێیەتی خۆم و کاک جەلال دا.. کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵ (١٩٧٤) ڕۆژانی شۆڕشی ئەیلول، ئەو کاتەی کە لیژنەی باڵای دارایی شۆرش بە سەرۆکایەتی خوالێخۆشبوو (خەسرۆ تۆفیق) پێکهێنرا. ئێمە هەردووکمان ئەندامی ئەو لیژنەیە بووین، لەگەڵ چەند شارەزایەکی تری بواری دارایی و ئابووری. .لەوانە شەهید شەهابی شێخ نوری، شەهید شاسوار جەلال (ناسراو بە شەهید ئارام)، هەر ئەو لیژنەیەش بوو کە ئەرکی دارشتن و ڕێکخستنی دارایی دامودەزگاکانی ئیدارەی شۆڕشی پێ سپێردرابوو. ئەوە سەرەتای یەکتر ناسینمان بوو.

دوای نزیکەی چارەکە سەدەیەک لەیەک دابڕان، لە سەرەتای ساڵی (٢٠٠٠)دا، کاتێک کە جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری دارایی و ئابووریی حکومەتی هەرێمی کوردستان/ ئیدارەی سلێمانی بووم، هاوکات کاک جەلالیش وەک جێگری وەزیری دارایی دەستبەکاربوو، بۆ دووەم جار لە نزیکەوە یەکترمان بینییەوە. لە کاتی باسکردنی بیرەوەرییەکانی ڕۆژانی پێشمەرگایەتی لە شۆڕشی ئەیلولدا، کە هەردووکمان ئەندامی هەمان لیژنەی دارایی ئەوسای شۆڕش بووین، بەڵام ئەوسا جگە لە ئەنجامدانی کاری لیژنەکە پەیوەندیی زیاترمان نەبوو.

دوای بیست و پێنج ساڵ لێکدابڕان! جارێکی تر لە ڕێی وەزیفەی فەرمییەوە یەکترمان بینییەوە. ئاسان نەبوو یەکتری بناسینەوە بێ باسکردنی بیرەوەرییەکانی ڕۆژانی شۆڕشی ئەیلول و ئەو مێژووە.

بۆ من دەرفەتێکی باش بوو لەگەڵ کاک جەلال و خەڵکێکی تری گونجاو و بە ئەزموون لە بواری دارایی پێکەوە کارمان دەکرد، ئەرک و بەرپرسیاریێتی ئەوێ ڕۆژێی وەزارەتی دارایی ئاسان نەبوو. بە هۆی ئەو دوو گەمارۆ ئابوورییەی لەسەر هەرێم هەبوو، یەکێکیان هی ڕژێمی ئەوسای عێراق، ئەویتریشیان هی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بوو کە بەسەر عێراقدا سەپێندرابوو.. هەرێمی کوردستانیشی دەگرتەوە، جگە لە ئاسەواری شەڕی ناوخۆ و دوو ئیدارەیی، گرفتی هەرە گەورە بۆ ئێمە کەمی داهات بوو، کە تەنیا پشت بە کۆکردنەوەی داهاتی خاڵە گومرگییەکان‌و باج و داهاتی چەند کارگەیەکی ناوخۆ دەبەسترا. ئێستا بە دڵنیاییەوە دەڵێم کە ئەو بەیەکەوە کارکردنە بە هاوکاری و پشتگیری سەرۆک مام جەلال و سەرکردایەتی یەکێتیی بە گشتی سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەستهێنا.

هەرچەندە بیروباوەڕ و کاری ڕۆژانەمان یەک بوو، بەڵام لە شێوازی کارکردنمان هەندێک جار جیاوازی بەدی دەکرا. من ئەم جیاوازییەم بە سروشتیی دەزانی کە هەندێک جار مرۆڤ لەنێو خۆشیدا هەستی پێ دەکا، بەڵام بۆ وەختی خۆی شتێکی دیار بوو لە ئاکامدا بێسوودنەبوو. زۆرجار ئەم جۆرە جیاوازییانە ڕۆژگار یەکلایی دەکاتەوە. سەرەڕای ئەمەش جیاوازییەکە کاریگەریی نەرێنی نەبوو لەسەر بەردەوامبوونی پەیوەندییەکانمان و زیادبوونی متمانەی نێوانمان لە ساڵانی پێکەوە کارکردنمان لە وەزارەتدا. دواتر هەردووکمان لە وەزارەتی دارایی نەماین، ئەو بووە سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی، منیش لە (٤-٦- ٢٠٠٥) ەوە وەک سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان دەستبەکار بووم.

پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە ئەو لەو ساڵانەدا سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی بوو، سەدان ڕاپۆرتی لەسەر گەندەڵی و کەموکوڕیی دامودەزگاکانی حکومەت لە سنووری ئیدارەی سلێمانی دەرکردبوو... کاک جەلال لە ماوەی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی داراییدا زۆر سەرکەوتوو بوو، جێی دەستخۆشیە، چونکە بوێرانە بێ گوێدانە پێگەی هیچ لێپرسراوێکی حزبی یا حکومی کەموکوڕی‌و گەندەڵییەکانی دەستنیشان دەکرد و لە ڕاپۆرتەکانیدا تۆماری دەکردن. جارێکیان کاک جەلال پەیوەندی پێوە کردم و گوتی: تیمێکی دیوانی چاودێریی لە وەزارەتی دارایی سلێمانین، خاڵێکیان تۆمارکردووە، کە گوایە من مووچەی خانەنشینی مانگی (٦ی٢٠٠٥) وەرگرتووە! کە ئەوەش خیلافی قانوونە بەو ئیعتیبارەی مووچە لە پەرلەمان وەردەگرم، بەڵام لەبەر ئەوەی خۆی ئاگاداربوو، کە من لە ڕۆژی دەستبەکاربوونم لە پەرلەمان، نووسراوم بۆ وەزیری دارایی ئیدارەی سلێمانی ناردبوو، کە ئەوسا خوالێخۆشبوو (شێخ بابیز تاڵەبانی) بوو، داوام لێ کردبوو

مووچەی خانەنشینی جێگری سەرۆکوەزیرانم ڕابگرێت. جا بەو ئیعتبارەی خۆم شارەزاییم لە ژمێریاریدا هەیە، گوتم کاک جەلال دیارە لیستی مووچە پێش جێبەجێکردنی ئەو نامەیەم نێردراوە بۆ بانک و خراوەتە سەر حسابم. ئەگەر لە بانکەکە بپرسن، بۆتان دەردەکەوێ، هەرواش دەرچوو. لێرەدا مەبەستمە بڵێم کاک جەلال کەسایەتییەکی بەهێزی هەیە.. چەند بوێرانە و بێ ڕەچاوکردنی هاوڕێیەتی و دۆستایەتی سوربوو لەسەر جێبەجێکردنی یاسا. تەنانەت جارێکیان لەسەر سەرۆکی حکومەتی نووسیبوو.. تێبینی لەسەر سەرفیاتێکی ئەویش هەبوو، هەروەها کەسە زۆر نزیک خزمەکانی خۆشی لە لێپرسینەوەی یاسایی ڕزگاریان نەدەبوو. بوێرانە دەیان ڕاپۆرت و تێبینی بەجێی لەسەر زۆرێک لە لێپرسراوانی حزبیو حکومی لە ڕاپۆرتەکانی ڕەچاودەکرا... بە هۆی ئەم ڕاپۆرتانەش چەندین لێپرسراوی دیار ڕووبەڕووی دادگا بوونەوە، بە جۆرێک ئەم ڕاپۆرتانە بوونە جێی بایەخدانی سەرۆک مام جەلال، کە لە زۆر بۆنەدا ئاماژەی بە دڵسۆزی کاک جەلال دەکرد و ستایشی هەنگاو و کارەکانی دەکرد. لایەنەکەی تری پەیوەندیی من و کاک جەلال و ژمارەیەک هاوڕێ و دۆستی ڕاستەقینەی هەردووکمان لەبیرناکرێن، هەمیشە وەک خاڵی هاوبەشی ئێمە، خۆشەویستی و ڕێز و برایەتی نێوانمان قووڵتری دەکردەوە، بە تایبەتی لە ڕۆژانی سەختی وەک بەسەرهاتی کارەساتی یەکی شوباتی (٢٠٠٤)، کە کاک جەلال و هاوڕێکانی ترم چۆن هاوکارم بوون بۆ کەمکردنەوەی ئێش و ئازار و ئاسەوارەکانی کارەساتەکە، هەروەها منیش لەگەڵ کاک جەلالدا لە سەردانەکانمان بۆ وڵاتانی دەرەوە، بەتایبەتی لە پاریس ئەو کاتەی کاک جەلال ڕووبەڕووی نەخۆشییەکی قورس بووبووەوە و نەشتەرگەری بۆ کرابوو. دەمەوێ ئاماژە بەوە بکەم کە ورەی هەر بەرزبوو، لە قسەو باسە خۆشەکانی نەدەکەوت.

هەر لەسەر شتە هاوبەشەکانمان، جارێکیان سەردانی خوالێخۆشبوو کاک عادل مورادمان کرد لە خەستەخانەیەکی شاری میونیخی ئەڵمانیا. لە کاتی گەڕانەوەمان لە فرۆکەخانە چاوی بە ڕووەکی (ساق البامبو)(١٠) لە شوێنی گوڵفرۆشتن کەوتو پێی سەرسام بوو، گەرچی هێنانەوەی بۆ کوردستان کارێکی ئاسان نەبوو، پێویستی بە ڕەزامەندی ئاسایشی ناو فرۆکە هەبوو، بە هەر حاڵ گەیاندمانەوە کوردستان،

---

(١٠) (ساق البامبو): ڕووەکی بامبۆ ناوێکی تریشی هەیە کە ئەویش (نبتة عصا موسى)یە. ڕەنگە ئەمە لەوەوە هاتبێ کە شێوەکەی لە مار دەچێت. ڕۆمانێکیش هەر بە ناوی (ساق البامبو) هەیە، کە نووسەری بەناوبانگی کوێتی، مەسعود السنعوسي، نووسیویەتی، هەر لەبەر ناوەکەشی ڕۆمانەکەم کڕی و خوێندمەوە.

بەڵام سەیر ئەوە بوو پاش ئەم هەموو ماندووبوونە بۆمان دەرکەوت کە ئەم ڕووەکە لە کوردستانیش هەیە!

ئێستاش کە ئەم دێڕانە دەنووسم بۆ دەربڕینی هەستی خۆم بەرامبەر بە برا و هاوڕێی دێرینم، کاک جەلالی سام ئاغا، هیوای تەمەن درێژی و تەندروستی باشی بۆ دەخوازم، دەزانم هاوڕێیەتی ڕاستەقینە لەو تەمەنەی ئێمەدا چەند پێویستە و چەندیش بایەخی هەیە، بە تایبەتی کە لەسەر بنەمای خۆشەویستی، ڕاستگۆیی و ڕێزگرتن بیناکرابێت.

مخابن لەم ساڵانەی دواییدا ڕۆژ بە ڕۆژ بازنەی هاوڕێیەتی و دۆستە هاوبەشەکانمان بچووکتر بۆتەوە، بە هۆیماڵئاوایی پێشوەختی زۆربەیان، کە خەمو پەژارەی کۆچکردنیان قووڵە و لەبیرناکرێت، کەلێنێکی گەورەیان لە ژیانی ئێمە و خۆشەویستانیان دروستکردووە. بە تایبەتی ماڵئاوایی سەرۆک مام جەلالو عادل موراد و شەمسەدین موفتیی مامم و محەمەد حەبوبی و عبدالرزاق فەیلیو زۆرێک لە هاوڕێ و دۆستەکانی ترمان. ئەوانەی ماوین خوا دۆستایەتیمان بپارێزێت و تەندروستی باشمان پێ ببەخشێت.

دیارە یادەوەری زۆر جوان و خۆشی نێوانمان لە لایەن هاوڕێی هاوبەشمان پرۆفیسۆر هەڵکەوت حەکیم نوسراوەتەوە، کە بە شیعر گوزارشتی لە هەندێکیان کردووە، بۆیە لێرەدا باسم نەکردوون.

# کاک جەلالی سام ئاغا
# پیاوێکی ئازا و دڵسۆزی گەلەکەیەتی

**فاروق مەلا مستەفا**



جەلالی سام ئاغا، فاروق مەلا مستەفا
ماڵی جەلالی سام ئاغا
٢٠٢٠/٧/٢٠

د. هەڵکەوت حەکیم، کە برادەرێکی زاناو تێگەیشتوومە، پەیوەندی پێوە کردم، کە نیاز وایە خۆی و چەند هاورێیەکی کاک جەلالی سام ئاغا کتێبێک دەربارەی ژیانی جەلال بنووسن.. منیش وەک یەکێک لە هاورێ نزیکەکانی ئەو تیایدا بەشداری بکەم.

پێم خۆشبوو، کە لەم کارە و لەم بۆنەیەدا ئاگادارکرام، بە تایبەتی، کە کاک جلال هاورێی نزیک و نازدارمە. پێش هەموو شتێک ئەمەوێ باسی مێژووی پەیوەندی و دۆستایەتی و هاورێیەتیم لەگەڵ ئەم خۆشەویستەمدا بکەم، کە لە سەرەتای پۆلی یەکەمی قوتابخانەی ناوەندیی سلێمانییەوە بوو، کە ئەگەرێتەوە بۆ سالانی (١٩٥٤-١٩٥٥).

ئەو سەردەمە تەنیا قوتابخانەی ناوەندیی سلێمانی لە شاری سلێمانیدا هەبوو. قوتابخانەی ناوەندیی سلێمانی بۆ یەکەم جار لەو ساڵەدا کرایەوە... من و جەلالی عومەرەفەندی سام ئاغا لەو قوتابخانەیەدا یەکمان گرت، کە خانوویەکی خوالێخۆشبوو عومەرەفەندیی باوکی جەلال بوو، دائیرەی موعاریفی ئەوسا بەکرێیان گرتبوو بۆ کردنەوەی ناوەندییەکی نوێ تێیدا، هەر لە هەمان کاتدا قوتابخانەی عەبدولئیلاهی سەرەتاییش موڵکی عومەرەفەندی بوو. ئەم خوالێخۆشبووە پیاوێکی زۆر دانا و جوانی نورانی و پاکوتەمیز لە جلوبەرگ و ڕەنگ و ڕوودا یەکێک بوو لە کەسایەتییە دیارەکانی سلێمانی. لە یادیشمە لە دوای کۆچی دوایی باوکم... کە عومەرەفەندی ئەیدیم دەستی ئەکردە ملم و ماچی ئەکردم و بە دەنگێکی پڕ لە حەسرەتەوە ئەیوت: «داخی گەورەم ئەوەیە لەم (٢٥) ساڵەی دواییدا بووم بە رەفیقی نزیکی باوکت، خۆزگە لە سەرەتای ژیانمەوە بەو بگەیشتمایە.»

وا ڕێکەوت من و ئەو هاورێیەم لە پۆلی یەکەمی ناوەندییەوە تا دواناوەندی پێکەوەبووین، هاورێیەتیی نزیک و خۆشەویستیمان بەردەوام بوو، دوای ئەوەش کە لە دوا ناوەندی دەرچووین لە ساڵی (١٩٥٩) دا لە کۆلیجی بازرگانی و ئابووریی زانکۆی بەغدا وەرگیراین. ئەو ساڵانەش هەر بە نزیکیی برادەرێتی و ئەویش وەک پێشکەوتنخوازێک لە بیروباوەڕدا لە ڕێرەوی سیاسیشدا زۆر گونجاوبووین لەگەڵ یەکتردا.

بیرەوەری ئەو چەند ساڵەی زانکۆی بەغدامان زۆرە، لەوانە وەک یادێکی

لەبیرنەچوو هەر لە ئێوارە و شەودا جەماوەرێکی زۆری قوتابیان و کرێکارانی بەغدا بۆ پشتگیریکردنی کرێکارانی کارگەی جگەرە بۆ دەستکەوتنی مافەکانیان مانیان گرتبوو.. ئیعتیسامیان لەناو کارگەکەدا کردبوو، کە ڕۆژ بۆوە هێزی ئەمنی و سوپا بە توندی لە کۆبوونەوەکەیان داین، من و جەلالیش گیراین، ئەو لە بەندیخانەی «فوزەیلیە- فضيلية» و من لە «سریەی خەیالە» بۆ ماوەیەک بەندکراین، لەو ڕۆژەدا کە (١٩٦٠/١١/٦) بوو باوکی جەلال و باوکیشم هاتن بۆ مواجەهەمان.

لە سیفەتە باشەکانی جەلال لەوساوە، باوەڕبوون بە خۆی تێدا دیار بوو. کە لە کۆلیجی ئابووری و بازرگانی بووین بۆ تاقیکردنەوەی نیوەی ساڵ مۆڵەتی نەخۆشیی وەرگرت بۆ ئەوەی تەنیا سەری ساڵ لە تاقیکردنەوەدا بەشدار بێت، نیوەی ساڵ (٤٠٪) و سەری ساڵ (٦٠٪) ی لەسەر بوو. ئەوە بوو بریاڕ لە «ڕاگری کۆلیج»ەوە دەرچوو بە قبووڵ نەکردنی هەموو مۆڵەتەکانی نەخۆشی. ئەمە بووە هۆی ئەوەی جەلال سەری ساڵی ئەمێنێ و ئەگەر هەموو دەرسەکان (١٠٠٪) نەهێنێ، واتە (٦٠٪) ی تاقیکردنەوەکانی سەری ساڵی ئەکرد، ئەوا لە پۆلی سێهەمدا دەرنەئەچوو، «ڕاسب» ئەبوو. بەو هۆیەشەوە کە من یەکێک بووم لە قوتابییە سیاسییە چالاکەکانی ئەو کۆلیجە و لێپرسراوی چالاکیی دیموکراسیی یەکێتیی قوتابیان بووم، دەستم کرد بە هەوڵدان بۆ چارەسەری ئەم گرفتە گەورەیەی جەلالی هاوڕێم، کە خۆی هەر لەسەر دەوامکردن بەردەوام بوو، هەروەها وا خۆی ئامادە دەکرد کە یا ئێمە و خۆی بە هەوڵدانمان بۆی سەرئەکەوین، یا هەر لەسەر خۆئامادەکردن بۆ تاقیکردنەوەی سەری ساڵ هەتا لە هەموو دەرسەکاندا (٦٠ لە ٦٠) واتە (١٠٠٪) بهێنێ بەردەوام بوو، ئەوەش ئیرادەی زۆر بەهێز و توانای ئێجگار لەبن نەهاتووی ئەویست.

دواجار لە هەوڵەکانماندا لە هەموو شوێنە خاوەن دەسەڵاتەکان لە کۆلیج، کە دکتۆر ئیسماعیل میرزا عەمید بوو و پیاوێکی زۆر باش بوو، هەروەها لە سەرۆکایەتیی زانکۆی بەغدا سەرکەوتین بە داننان بە قبووڵکردنی مۆڵەتەکانی نەخۆشیدا.. ئەم برایەشمان ڕزگاری بوو لەو گرفتە گەورەیە.

لە بیرەوەرییە سیاسییەکانی ئەو سەردەمەمان.. جەلال حیزبی نەبوو، بەڵام لاوێکی پێشکەوتنخواز بوو لەگەڵ کاروانی ئێمەدا بەشدار بوو لەگەڵ سەردار مستەفای کۆچکردووی زۆر خۆشەویستماندا زۆر نزیک بوو، سەردار ئەندامی حیزبی شیوعی بوو لەگەڵماندا.

شەڕ و بەیەکدادانی ئێمە و بەرەی بەعس و نەتەوەییە عەرەبەکان و ئیخوان موسلمین، کە ئەو کاتە لە یەک بەرەدا بوون دژی فەرمانڕەوایی عەبدولکەریم قاسم‌و هەمووشیان بە گشتی دوژمنی دیموکراسی بوون، هەواڵێکمان بۆ هات کە قوتابییە

شیوعییەکانی کۆلیجی پەروەردە (تەربیەی ئەوسا) دەوریان بە ژمارەیەکی زۆری ئەو بەرەیە گیراوە، ئەبێ ئێمەش کە کۆلیجەکەمان نزیک ئەوان بوو بە پەلە بچینە فریایان. جەلالیش هات لەگەڵماندا، شەڕ گەییشتە ئەوەی هێرشبەرەکانیان بوونە سەدان کەس، ئێمە کەوتینە سنووری بینای ناوخۆیی قوتابیان کە سێ نهۆم بوو.. سەرکەوتینە سەربانەکەی. ئەوانیش هەوڵیان ئەدا بگەنە سەربان و ئێمە لەوێوە هەڵبدەنە خوارەوە. سەربانی بیناکە بە خشتی کاشی داپۆشرابوو، دەستمان کرد بە خشت هەڵکەندن و شکاندنیان، بۆ بەرگری لە خۆمان پارچە خشتەکانمان ئەگرتە خوارەوە بۆ ڕێگری لەوانەی دەیان ویست هەڵکوتنە سەرمان. بەوەوە خەریک بووین، گوێم لەسەردار بوو هاواری ئەکرد: جەلال بۆ بەرد ناهاویت؟ جەلالیش لە وەڵامدا وتی وەڵا سەردار من لەگەڵتانم، بەڵام ویژدانم قبول ناکات خشتێک هەڵدەم، ڕەنگە یەکێک بکوژرێت پێی، جا خۆش ئەوە بوو سەردار ئەیقیژاند: جێگای نەفەرێکت گرتووە و شەڕیش ناکەیت؟! لەو بەزمە ناخۆشەدا بووین من کەوتمە بەینەوە، بە پێکەنینەوە وتم سەردار وازی لێ بێنە جێگای نەفەری چیی گرتووە لەم سەربانە گەورەیەدا!! جەلال هەموو کاتێ ژیانی ئازا و مەرد بوو، ئەوەتا ئێستاش بەو دەستپاکییە جوانەیەوە هەرچیی هەیەتی بەخشیویەتی بە خزمەتگوزاریی گشتی.

لە بیرەوەرییەکانی لەیادنەچووی من و ئەو برا خۆشەویستەم.. ئەو ساڵەی هاتنە دەرەوەی بوو بۆ ناو شۆرش. من لە ساڵی (١٩٦٨)ەوە لە ڕیزەکانی پێشمەرگەی کوردستان - شۆرشی ئەیلول- بەشدار بووم.

لە ساڵی(١٩٧٤)دا کاک جەلال کاری ناوشاری خۆی بەجێهێشت و هاتە ڕیزەکانی پێشمەرگەوە، لە ئەمانەتی ڕاگەیاندن بەرپرسیاری بەشی دارایی بوو... ئەو کاتە زۆر جار یەکمان ئەدی و بە گەرمی باسوخواسی دڵسۆزیی گەل و نیشتمان و فیداکاری دەکرا لە نێوانماندا... ئەمەش لاپەرەیەکە لە ژیانی هاوڕێی خۆشەویستم کاکە جلال سام ئاغا. بێجگە لەم سیفەتە جوانانەی، زۆر بەوەفایە بۆ هاوڕێکانی، ئەوەتا دکتۆر هەڵکەوت حەکیمیش بە وەفاداری و خۆشەویستییەکی زۆرەوە لەم دەرگایەی داوە.. زیاتریش لەوە ساڵی (٢٠١١) لە نەخۆشییەکەی کاک جەلالدا وەک پیاوێکی بەهەڵوێست و مەرد خزمەتی کرد و لێی جیا نەئەبۆوە، منیش لە سلێمانییەوە چووم بۆ پاریس بۆ لای و ئەو بەرزییەم لە دکتۆر هەڵکەوت بینی، کە جێگای هەڵسەنگاندنێکی گەورەیە.

هیوام وایە تەمەنی هەردووکیان درێژ بێت، بە تەندروستییەکی باش و بەسەربەرزی کاروانییان بەسەر بەرن.

# ئەو پیاوەی
# پۆستی سەرۆکایەتی هەرێمی ڕەتکردەوە
بەهادین نوری



**جەلالی سام ئاغا، بەهادین نوری**
**ماڵی بەهادین نوری**
**٢٠١٩**

ڕۆژێکیان دۆستێکم بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو هاتە لام. بە دەموچاویدا دیاربوو، کە ئیشێکی هەیە. پاش بەخێرهاتن و دانیشتنی وتم:

**- چاوەکانت دەڵێن ئیشێکت هەیە ! ئینشەڵلا خێرە.**

- باسەکە لەسەر پۆستی هەرێمە. ئەگەری ئەوە هەیە، کە پیاوێکی بێلایەن و گونجاو بکرێ بە سەرۆکی هەرێم. دوو ناو خراونەتە بەر باس بۆ ئەم مەبەستە، مەحمود عوسمان و جەلالی سام ئاغا.

**- باشە شتی وەها ببێ، بەڵام ئەوە پێوەندی بە منەوە چییە؟**

- نەوشیروان مستەفا حەز دەکات جەلالی سام ئاغا ئەم پۆستە وەربگرێت، ئەگەرچی بە کاتیش بێت. بەڵام کاک جەلال قبوڵی ناکات.

**- خۆزگە کاک جەلال ببوایە بە سەرۆک. چی لەوە باشترە ؟**

- ئیشەکەی من ئەوەیە کە تۆش دوو قسەی خێری تێدا بکەیت. کاک جەلال ڕێز لە تۆ دەگرێت و گوێت لێ دەگرێت. بۆ ئەوە هاتووم داوات لێ بکەم تۆیش یارمەتیمان بدەیت و هەوڵێک بدەیت بەڵکو قەناعەت بکات. تابلۆیەکی سەیرم هاتە بەرچاو! لە وڵاتێکی لیپ لە گەندەڵکاری، خەڵکێکی زۆر شێت و شەیدای کورسیو پارەن، بە هەر شێوەیەک بۆیان بلوێ هەوڵی بۆ دەدەن، کەچی کەسانێکیش هەن خۆیان بەدوور دەگرن لە هەڵپەی کورسی و پارە! بەڵێ، لە تەنیشت چیایەکی گەورە لە پۆخڵەواتەوە هێشتا ڕەوشت و قییەمی جوانیشمان ماوە! ئەم وڵاتە نەبۆتە مەڵبەندی خراپەکاری و بەس، هێشتا دوڕ و یاقوتیشی تێدایە ! ڕوومکردە میوانەکەم و پێموت: بەڵێ بان چاو. منیش بێڵێکی تێ دەخەم.. بزانین چی دەبێت.

**- تۆ تەندروستیت باش نییە، ناتوانیت بچیت بۆ لای کاک جەلال. سبەینێ یان دواتر هەوڵدەدەین لەگەڵ کاک جەلالدا بێینە لات لێرە.**

- چاوەڕێتان دەکەم.

پاش دوو ڕۆژ دۆستەکەم هاتەوە، لەگەڵ کاک جەلال و کادری پێشکەوتووی بزووتنەوەی گۆڕان هۆشیار عەبدوڵا. بابەت کرایەوە و لە نێوان چوار کەسدا قسە دەستپێکرد. من ڕوومکردە کاک جەلال و وتم:

**- بە هیوام ئێستە لە خزمەت سەرۆکی ئایندەی هەرێمدا دانیشتبم. قسەکەم مفاجەئە نەبوو بۆ کاک جەلال. دیارە پێشتر قسەی لەگەڵ کرابوو، بیری لێ کردبووەوە، قسەی لەسەر کردبوو. وەڵامی دایەوە:**

- مامۆستا بەهادین من بیرم لێ کردۆتەوە. ئەو ئیشە بە من ناکرێ.

**- لەگەڵتدام کە پرسێکی ئاڵۆزە و جۆرێکە لە ڕیسک، بەڵام لەگەڵ ئەوەش من بە شتێکی باشی دەزانم، پێم خۆشە قبوڵی بکەیت.**

- ئاخر من ناتوانم ببمە سەرۆکی ڕاستەقینە و خاوەن دەسەڵات، چونکە نە پارەم هەیە، نە هێز و توانای سەربازی و نە حیزب.. من بخرێمە سەر کورسییەکەش دەسەڵات هەر لە دەستی خەڵکی تردا دەبێ ، هیچم پێ ناکرێ.

**- ئەگەر زۆریشت پێ نەکرێ کەمت پێ دەکرێ بۆ خزمەتی ئەم گەل و نیشتمانە، کە ئەمڕۆ زۆر زۆر پێویستی بەمجۆرە خزمەتە هەیە.**

کاک هۆشیاریش، کە لە ئەسڵدا بەئاگابوو لە پرسەکە و بەشدار لە هەوڵ و تەقەلادا بۆ قایلکردنی کاک جەلال بە وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی هەرێم، بۆ ماوەیەکیش بێ، بێڵی خۆی تێخست و پشتگیری لە داخوازییەکەی من کرد، هەوڵی دا کاک جەلال نەرم بکات بەرانبەر پرسەکە، بەڵام ئەویش لە من زیاتری پێ نەکرا. قسە زۆر کرا و سوودی نەبوو. جەلالی سام ئاغا سووربوو لەسەر قسەی خۆی. دانیشتن کۆتاییهات و منیش جارێکی دیکە بیرم لە پرسەکە کردەوەو لە ناخەوە ڕێزێکی زۆرم لەو هەڵوێستەی جەلالی سام ئاغا گرت، کە بنەماکەی لەسەر ڕێز لە خۆگرتن و عیزەت نەفس داڕێژرابوو. ئەوەشم وەبیرهاتەوە کە خۆشم ڕووبەڕووی ڕووداوی لەم چەشنە بوومەتەوە و هەڵوێستم وەک هەڵوێستی کاک جەلال بووە، ئێستەش لەو هەڵوێستە پەشیمان نیم.

# کاک جەلالی سام ئاغا
# وەك یەکێك لە هێما دیارەکانی دژە گەندەڵی
**جەلال جەوهەر عەزیز**



جەلال جەوهەر، جەلالی سام ئاغا
ماڵی جەلالی سام ئاغا
٢٠٢٠/٦/١٨

لە دوای ڕاپەرینی ساڵی (١٩٩١) و هەڵبژاردنەکانی (١٩٩٢/٥/١٩) و پێکهێنانی حکومەتی هەرێم، بە هۆی ئابڵوقەی ئابووری و سیاسیی دەوڵەتانی دونیا بۆ سەر عێراق بە گشتی و ئابڵوقەی سیاسی و ئابووری و دارایی و کارگێڕیی عێراق بۆ سەر هەرێمی کوردستان بە تایبەتی... بارودۆخێکی ئابووری و دارایی و کارگێڕی زۆر قورس و زەحمەت ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان بووەوە.

لە دوای هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ لە نێوان پارتی و یەکێتی، لە (١٩٩٤/٥/١)، کێشە سیاسی و ئابووریی ودارایی و کارگێڕییەکان هەڵکشان و بوون بە قەیرانی زۆر قوڵ و قورس و ئاڵۆز.

هەموو ئەم کێشە و قەیرانانە لە ئابڵوقەی ئابووری و شەڕی ناوخۆ بوون بە بنەما بۆ سەرهەڵدانی گەندەڵی هەمەلایەنەی سیاسی، یاسایی، ئابووری و داراییو کارگێڕی لە هەرێمی کوردستان بە گشتی. بڵاوبوونەوەی گەندەڵی لە هەموو جومگەکانی هەرێمی کوردستانیش بۆ خۆی قەیرانێکی تر بوو بۆ سەر قەیرانەکانی ئابڵوقەی ئابووری و شەڕی ناوخۆ لە هەرێمی کوردستان.

بۆیە شەڕی گەندەڵی و ڕووبەڕووبونەوەی گەندەڵکارانیش بوو بە قەیرانێکی ترو شەڕێکی تر لە هەرێمی کوردستان.

هەرچەندە کورد ئەزموونی حوکمڕانی زۆر کەم و لاواز بووە، بۆیە بە ناچاری بۆ ڕووبەڕووبونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان هەندێ دامودەزگای دروستکرد. دیوانی چاودێریی دارایی لە سنووری ئیدارەی سلێمانی یەکێک بوو لەو دەزگایانەی لەو سنوورەدا دروستکرا.

ئەگەرچی دروستبوونی دیوانی چاودێریی دارایی چارەسەرنەبوو بۆ هەموو بوارەکانی گەندەڵی، بەڵام هەنگاوێکی دروست و بوێرانە بوو بۆ بار و زروفی ئەو زەمانە و بۆ ڕێگەگرتن لە گەندەڵیی دارایی.

ڕووبەڕووبونەوەی گەندەڵکاران لەو سەردەمەدا کارێکی وا ئاسان نەبوو، کە چەک و هێزی چەکدار حوکمیان دەکرد، بۆیە سەرپەرشتیکردنی ئەو دەزگایە و کارکردن لەو دەزگایەدا کارێکی پڕ مەترسی بوو، لەبەر ئەوە، هەموو کەس جورئەتو ئیقدامی نەدەکرد لە دیوانی چاودێریی دارایی کاربکات، چونکە سەرۆکایەتیکردن و کارکردن لەو دەزگایە، وەک ڕاگەیاندنی شەڕ وابوو لە دژی گەندەڵکاران...

هەڵبژاردنی کاک جەلالی سام ئاغاش بۆ سەرۆکایەتیکردنی ئەو دیوانە.. لەبەرئەوە بوو، چونکە لە بواری ئابووری و دارایی هەم شارەزا و پسپۆڕیش بوو، بەپێی ئەوەی دەرچووی کۆلیجی ئابووری و کارگێڕیی زانکۆی بەغدا بوو، لەو ڕووەوە ئەزموونێکی کارکردنیشی هەبوو، بڕوایان بە پاکی و دڵسۆزی و ئازایەتی کاک جەلالی سام ئاغا هەبوو، کە لە ئاستی ئەو مەسئولیەت و مەقامەدا دەبێ.

بەرلەوەی بکرێ بە سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی، من کاک جەلالی سام ئاغام دەناسی، ئاشنایەتیمان لەو ماوەیەدا بوو کە بریکاری وەزارەتی دارایی بوو لە حکومەتی هەرێم- ئیدارەی سلێمانی، منیش لە وەزارەتی پیشەسازی و وزە بووم، جاروبار تەکلیف دەکرام بۆ سەردانی وەزارەتی دارایی، بۆ بەڕێکردنی کاروباری وەزارەتی دارایی، لە کاتی نەبوونی کاک عەدنان موفتی- وەزیری دارایی و جێگری سەرۆکی حکومەت بەوەکالەت- لە وەزارەتدا.

پەیوەندی کاک جەلال و من بەهێز و قوڵتر بوو، کاتێ کە بەڕێزیان سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی بوون، منیش لە سەرەتای ساڵی (٢٠٠٧) بووم بە بەرپرسی مەکتەبی چاودێریی و پشکنین لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. دیارە لەو ماوەیەدا (لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٧، تا مانگی ٢٠٠٩/٢) و بەپێی سروشتی کاری هاوبەشی هەردوولامان، هاوکاری و هەماهەنگی بەهێز هەبوو لە نێوان دیوانی چاودێریی دارایی و مەکتەبی چاودێریی و پشکنین، بەڵام ئەوەی جێگای نیگەرانییە ئەوەیە، نە حکومەتی هەرێم- ئیدارەی سلێمانی کاری تەواویان لەسەر ڕاپۆرتەکانی دیوان کرد...نە مەکتەبی سیاسیی یەکێتییش کاریان بە ڕاپۆرتەکانی مەکتەبی چاودێریی و پشکنین کرد.


وەک ئەوەی کار بە ڕاپۆرتەکانی دژی گەندەڵی نەدەکرا وەک پێویست، بەرەیەکی گەندەڵکارانیش هەبوو دژی سەرۆکی دیوان (کاک جەلال) و کارمەندانی دیوانی چاودێریی دارایی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، بە هۆی ئازایەتی و نەترسی دیوان و بە هۆی بەدواداچوونی گەرمی دیوانی چاودێریی دارایی بە سەرۆکایەتی کاک جەلالی سام ئاغا، ئەو دەزگایە توانی (دوو هەزار و حەوتسەد و بیست) فایلی گەندەڵی کۆبکاتەوە و بیاندات بە دادگا، بە هۆیەوە توانرا دەیان ملیۆن دۆلار بگەڕێتەوە بۆ خزمەتی گشتی.

بە تەقدیری من، گەر حکومەتی هەرێم- ئیدارەی سلێمانی و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کاریان بە ڕاپۆرتەکانی چاکسازیی دیوانی چاودێریی دارایی و مەکتەبی چاودێریی و پشکنین و ڕاپۆرتەکانی ڕاگەیاندنی ئازاد و هەوڵەکانی ئیسلاحخوازان بکردایە، نە دۆخی ئاوەدانکرنەوە و بووژانەوە و خزمەتگوزاری

ئه‌م ناوچه‌یه به‌م ئاسته نزمه ده‌گه‌ییشت... نه دۆخی ناوخۆی یه‌کێتییش به دۆخی ئه‌مرۆ ده‌گه‌یی.

دیاره زۆرن ئه‌وانه‌ی ئه‌مرۆ له عێراق و هه‌رێمی کوردستان ئیدیعا ده‌که‌ن و وه‌ک ئیسلاحخواز خۆیان ده‌نووێنن، ڕیفۆرم و چاکسازییان کردووه به عینوان بۆ زۆرترین گه‌نده‌ڵی له کۆمه‌ڵگای هه‌رێمی کوردستان و عێراق، به‌ڵام ئه‌وانه‌ی به کرده‌وه سه‌نگه‌ریان له گه‌نده‌ڵکاران گرتووه بێباکانه شه‌ڕی گه‌نده‌ڵکاران ده‌که‌ن و شه‌ره‌فی ئیسلاحخوازیان پێ براوه، ژماره‌یان زۆر زۆر که‌مه، کاک جه‌لالی سام ئاغا یه‌کێکه له‌و که‌سایه‌تییانه‌ی ئه‌و شه‌ره‌فه گه‌وره‌یه‌ی به‌رکه‌وتووه و پێ براوه و بووه به یه‌کێک له هێما دیاره‌کانی چاکسازی و دژه‌گه‌نده‌ڵی له هه‌رێمی کوردستان.

# کورتەیەکی بیرەوەرییەکانم لەگەڵ
# (جەلالی عومەری سام ئاغا)
## دکتۆر حیکمەت تۆفیق فکرەت




**جەلالی سام ئاغا، دکتۆر حیکمەت فیکرەت**
**ئەمریکا - سان فرانسیسکۆ**

چۆن و کەی کاک جەلالم ناسی؟

هاوڕێیەتی بەندە و کاک جەلالی عومەری سام ئاغا، ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی حەفتاکانی سەدەی بیست لە سلێمانی، کاتێک بەندە سەرۆکی زانکۆی سلێمانی بووم. ڕۆژێکیان خوالێخۆشبوو دکتور کەمال خەیات، کە یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بوو، هات بۆ لام و پێی وتم کە زانکۆی سلێمانی پێویستی بە بەڕێوەبەرێکی لێهاتوو و بە توانا هەیە بۆ بەڕێوەبردنی ئیشوکارەکانی زانکۆ بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و ڕاپەراندنی کارەکان لە کاتی خۆیدا. خوالێخۆشبوو دکتۆر کەمال وتیشی کەسێکی زۆر گونجاو ئەناسم بۆ ئەم کارە، ئەویش کاک جەلالی سام ئاغایە، حەز ئەکات خزمەت بکات بە زانکۆ. منیش خۆشبەختانە وتم با بفەرموێت تا بزانین چۆن ئەبێ.

پاش چاوپێکەوتنەکە و گوێگرتن لە خودی کاک جەلال لەسەر ئەو ئیشوکارانەی لە ڕابردوودا کردوویێتی، توانیمان پۆستی کاک جەلال لە بانکەوە بگوێزینەوە بۆ زانکۆی سلێمانی، لە سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی وەک (بەڕێوەبەری بەڕێوەبردنی سەرۆکایەتی- Executive administrator) دامەزرا. پاش کارکردن لەگەڵ کاک جەلال، بۆم دەرکەوت لە بوارەکەی خۆیدا چەند کەسێکی لێهاتوو و شارەزایە، ئەم بڕیارە بە یەکێک لە هەرە بڕیارە باشەکانی ژیانم هەژمار دەکەم، هەرگیز لێی پەشیمان نەبوومەوە وە نابمەوە، چونکە کاک جەلال بووە دەستی ڕاستم بۆ بەڕێوەبردنی ئیشوکارەکانی سەرۆکایەتی زانکۆ. کاک جەلال زۆر چالاکانە، بە ڕێکوپێکی لە کاتی خۆیدا، سەرپەرشتی ئەو کارانەی ئەکرد کە لەگەڵ کۆلێج و بەشە ناوخۆییەکان هەروەها لەگەڵ بەشەکانی تری زانکۆ وەکو بەشی ئەندازیاری زانکۆو بەشی پەیوەندییەکانی زانکۆ لەگەڵ فەرمانگەکانی شاری سلێمانی پەیوەندی بە سەرۆکایەتی زانکۆوە هەبوو. هەر لە سەرەتای کارکردنی کاک جەلال توانای ئەم پیاوەم بۆ دەرکەوت، کاک جەلال زۆر بە پەرۆش و دڵسۆزییەوە کاری ئەکرد، کە ئەمە خەسڵەتێکی زۆر جوانە لە مرۆڤی خۆنەویست و سەرکەوتوودا. ئەم پیاوە هەر لە سەرەتاوە بە ڕەوشتی بەرزی سەرسامیکردم لە ئیشدا. کاک جەلال ڕەوشتبەرزیی ئیشی زۆر لا گرنگ و پیرۆزە. هەر وەک چۆن لە وڵاتانی ئەمریکاو ئەورووپا (ڕەوشتی ئیشکردن- اخلاقیات العمل- Work Ethics) گرنگ و پیرۆزە.

ئەم خەسڵەتە جوانانەی کاک جەلال وای لێ کرد لە کارەکانیدا سەرکەوتوو بێت و

لەناو خەڵکدا جێگای دیار بێت، خەڵک ڕێز و خۆشەویستییان بۆی هەبێت و جێگای متمانەی هەموو لایەنەکان بێت.

ئەوە بۆ ماوەی ٤٨ساڵ ئەچێ تێکەڵاوییەکی زۆر بەهێز و بەڕێزمان هەیە لەگەڵ کاک جەلال، چ لە ئیشدا بێت، یا لە پەیوەندی خێزانییەوە. ئەم پەیوەندییە ڕۆژبە ڕۆژ بەهێزتر ئەبێت و گەشە ئەکات، بە جۆرێک پاش ئەم هەموو ساڵە لە غەریبایەتی، کە دەگەڕێمەوە لەگەڵ خێزانەکەم و منداڵەکاندا یەکەم کەس و شوێن ئەمانەوێ بچین بۆ لای کاک جەلالە لە ماڵی خۆیان. یەکێک لە سیفەتە جوانەکانی کاک جەلال ئەوەیە، کە هەمیشە جێگای متمانەیە، جا چ لە ئیشدا بێت کە لە زانکۆ جێبەجێمان کردووە، یان لە پەیوەندی خێزانیدا. کاک جەلال هەمیشە حەزی بە کاری خۆبەخشانە کردووە، بە جۆرێک کە ئیسراحەت و تەندروستی خۆی هیچ کات لا مەبەست نەبووە، هەمیشە هەوڵی داوە ئەو ئەرک و ئیشانەی لەسەر شانێتی بە باشترین و زووترین کات ڕایپەڕێنێ و تەواویان بکات.

## شۆرشی ١٩٧٤

لە بەهاری١٩٧٤دا، پاش دەستپێکردنەوەی شۆرش.. زۆربەی ئەو کەسانەی کە دەستی باڵایان هەبوو لە دامەزراندنی زانکۆ و پێشکەوتنیدا بڵاوەیان لێ کرد.

بۆ ماوەیەک من و کاک جەلال لە یەکتر دووربووین، هەتا کۆتایی حەفتاکان. لە سەرەتای هەشتاکاندا کاک جەلال لە وەزارەتی تیجارە لە بەغداد ئیشی ئەکرد، بەندەش مامۆستا بووم لە کۆلێجی دەرمانسازی لە بەغداد.. ئەوە وایکردبوو کە هاتووچۆمان لەگەڵ یەکتردا هەبێ. پاشان کاک جەلال ئیشەکەی گواستەوە بۆ سلێمانی، بەڵام هەموو کات کە دەگەڕامەوە بۆ سلێمانی یەکترمان ئەبینی.

## سەیرانی دوکان بەهاری ١٩٨٠

کاتی خۆی کە لە بەغداد ئەژیام، لە یەکێک لە سەردانەکانمدا بۆ سلێمانی لەگەڵ خێزانەکەمدا، بەهاری١٩٨٠، بۆ سەردان چووینەوە بۆ سلێمانی کە پشووی یەکی ئایار بوو، هەمیشە کە پشوو هەبوایە ئەچووینەوە بۆ سەردانی خزم و کەسوکار.

ئەو ساڵە کاک جەلال تازە ئوتومۆبیلێکی جۆری تۆیوتای(١١) بۆ دەرچوو بوو

(١١) تا ئەم کاتەش ئەو ئۆتۆمۆبیلە لە گەراجەکەی ماڵی کاک جەلال هەر ماوە.

لە شەریکەی سەیارات لە بەغداد. لەو ماوەیدا کاک جەلال تازە ئیجازەی لێخورینی ئۆتۆمبیلی وەرگرتبوو. ڕۆژێکیان بڕیارمان دا بەیەکەوە بچین بۆ دوکان، بەڵام هەر کەسە و بە ئوتۆمۆبیلی خۆی. لە ڕێگای گەڕانەوەدا کوڕە بچووکەکەم (نوعمان) پێی وتم بابە من حەز ئەکەم لەگەڵ کاک جەلال بڕۆم. پاش ئەوەی نوعمان لە پشتی ئوتۆمۆبیلەکەی کاک جەلال دانیشت کەوتینە ڕێگا. ئۆتۆمبیلەکەی ئێمە لە پێشەوە بە ڕیکەوتین، کاک جەلالیش ئوتۆمۆبیلەکەی لە دوامانەوە بوو. وەک چۆن وتم، کاک جەلال تازە ئیجازەی وەرگرتبوو، بە تەواوی سایدی خۆی نەئەگرت، لەبەر ئەوە چ جارێک ئۆتۆمۆبیلێک بەرامبەرمان بهاتایە من دەستم لەسەر دڵم بوو و ئەکەوتمە مناوەرات بۆ ئەوەی ئۆتومبیلەکانی کە بەرامبەرمان ئەهاتن دوور بڕۆن لە ئۆتۆمبیلەکەی کاک جەلال، بەڵام لە کۆتاییدا هەموو بە سەلامەتی گەیشتینەوە جێگای خۆمان.

بۆیە ئەمەش ئەگێڕمەوە، چونکە کاک جەلال لای خۆم و ماڵ و منداڵم ئەوەندە خۆشەویست بوو.. هەرچەندە مەترسیش هەبوایە متمانەی تەواومان بە کاک جەلال هەبوو.

## نیشتەجێبونم لە ئەمریکا

لە پاییزی ساڵی ١٩٨٠دا بە خاو و خێزانەوە لە ئەمریکا نیشتەجێ بووین، بەندە بە مەبەستی (لێکۆڵینەوەی زانستی- Sabbatical) و خێزانەکەشم بۆ خوێندنی دکتۆرا لە (دەرمانسازی کلینکی)دا. هەردووکمان لە زانکۆی پاسفیک لە شاری ستۆکتن لە ویلایەتی کالیفۆرنیا دەستمان کرد بە کارەکانمان. ئیتر لەو کاتەوە بە سەردان نەگەڕاوینەتەوە بۆ کوردستان.

لەبەر بارودۆخی ساڵانی هەشتاکان پەیوەندی ئاسان نەبوو لەگەڵ کوردستان، بەڵام هەمیشە لەگەڵ کاک جەلال پەیوەندیمان هەبوو بە تەلەفۆن و نامە گۆڕینەوە.

لە ساڵانی نەوەدەکاندا، بە تایبەتی پاش پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان. پەیوەندیمان زۆر زیاتری کرد لەگەڵ کاک جەلال، پاش ئەوەی ئەمان توانی بگەڕێنەوە بۆ کوردستان لە ڕێگای تورکیاوە بۆ زاخۆ و سلێمانی. لەو ساڵانەدا باری ئابووری کوردستان زۆر باش نەبوو، لەبەر ئەوە چەند لە تواناماندا هەبوایە یارمەتیمان ئەناردەوە، یان خۆمان ئەمانهێنایەوە لەگەڵ خۆماندا، چ بە عەینی، یا بە نەقدی بێت، بە تایبەت لە پاش دامەزراندنەوەی زانکۆی سلێمانی.

### حەبە سیحرییەکە

لەو ساڵانەدا دەرمان لە سلێمانی زۆر کەم بوو، بەپێی توانا ئەو دەرمانانەی کە کاک جەلال داوای ئەکرد، یان ئەمان ناردەوە، یان خۆمان ئەمانهێنایەوە لەگەڵ خۆمان بۆ کوردستان. یەکێک لەو دەرمانانەی کە زۆر داواکاری لەسەر بوو، حەبێکی ئازار بوو کە ناوی (ئایبۆپرۆفین) بوو، کە خەڵک سوودی زۆر لێ ئەبینیو داوایان ئەکرد، چونکە ئازاری نەدەهێشت، لەبەر ئەوە کاک جەلال ناوی نابوو (حەبە سیحرییەکە).

### دامەزراندنەوەی زانکۆی سلێمانی لە سەرەتای نەوەدەکاندا

لە ساڵی ١٩٩٢دا زانکۆی سلێمانی دامەزرایەوە لە جێگای خۆی لە سلێمانی، چونکە وەک دەزانن کاتی خۆی حکومەتی بەعس زانکۆی سلێمانی داخست و خوێندکار و مامۆستاکانی گواستەوە بۆ هەولێر و ناوی لێنا زانکۆی سەلاحەدین.

کاک جەلال دەستێکی باڵای هەبوو لە دامەزراندنەوەی زانکۆی سلێمانیو ئەندامێکی چالاکی (لیژنەی باڵای یارمەتی زانکۆی سلێمانی) بوو، چونکە شارەزاییەکی زۆری هەبوو لە چۆنێتی ئیشوکارەکانی زانکۆ، شارەزاییەکەشی بۆ ئەو ساڵانە ئەگەڕایەوە کە کاتی خۆی ئیشی کردبوو لە زانکۆی سلێمانی، ئەیزانی چۆن کارەکان بەڕێ بکات بە شێوەیەکی پرۆفێشیناڵ و چۆن زانکۆ دائەمەزرێتەوە.

لەو ساڵانەدا بەندە و کوردەکانی ئەمریکا و هەموو ڕێکخراوە کوردییەکانی ئەمریکا هەر یارمەتییەکمان بناردایەوە بۆ سلێمانی یان زانکۆ، ئەبوایە بەسەرپەرشتی کاک جەلال دابەش بکرایە، لەبەر ئەوە کاک جەلالمان کردبوو بە نوێنەری خۆمان لە سلێمانی. ئەو ڕێکخراوە کوردییانەی کە لە ئەمریکا مەبەستمە لێرەدا بە تایبەتی ناویان بێنم ئەمانەی خوارەوەن.

1. Kurdish Relief Aid (KRA).
2. Kurdish National Congress of North America (KNC).

کاک جەلال لەبەر لێهاتوویی متمانەپێکردنی هەمووممان لە ئەمریکا کردبوومان بە نوێنەری ئەم دوو ڕێکخراوە کوردییە لە کوردستان. هەر وەک دیارە لە (هاوپێچی ژمارە ١).

لە ساڵانی نەوەدەکان و سەرەتای دوو هەزارەکاندا، هەموو جارێک کە ئەگەڕاینەوە بۆ کوردستان، بەپێی توانا چیمان پێ بکرایە لە یارمەتی تەکنۆلۆجی و کۆمپیوتەرو دەرمان و پارەمان ئەهێنایەوە بۆ کوردستان لەگەڵ خۆمان. زۆربەی جار خۆمو

کاک بەختیار زوهدی بە یەکەوە ئەگەڕاینەوە، هەندێ جار برادەرانی کەش، وەک دکتۆر حەمە ڕەشید قەراخی و کاوە نەجم و عەلی بەختیار شوان، لەگەڵمان ئەگەڕانەوە. هەردوو هاوپێچی ژمارە (٢) (٣) نموونە و جۆری ئەو یارمەتییانە پیشان ئەدات کە بەردەوامبوو.

## ساسۆن حسقێلی کوردستان

ساسۆن حسقێل ئەفەندی، یەکەم وەزیری دارایی حکومەتی عیراق بوو، کە یەکەم جار پێکهێنرا لە ساڵانی (١٩٢٠-١٩٢٥). ساسۆن ئەفەندی زۆر ناوی دەرکردبوو بە دەستپاکی و نەزاهەت. زۆر بە ڕێکوپێکی کارەکانی وەزارەتەکەی ئەبرد بەڕێوە، بە جۆرێک خاتری بۆ کەس دانەئەنا، ئەگەر مەلیک فەیسەلیش بوایە، لای ئەو یەک شت گرنگ بوو چۆن بتوانێ بە پارەیەکی کەم حکومەت کارەکانی خۆی جێبەجێ بکات بە باشترین شێوە.

لە ساڵانی نەوەدەکاندا حکومەتی هەرێمی کوردستان تازە دامەزرابوو، لە ڕووی داراییەوە وەزعی باش نەبوو، داهاتێکی دارایی وای نەبوو کە بتوانێ هەموو ئیشەکانی حکومەت بە تەواوی ڕاپەڕێنێ، زیاتر پشتی ئەبەست بە داهاتی گومرگی خاڵە سنوورییەکانی وەک پێنجوین و هەڵەبجە و هەندێ باجی ناوخۆیی تایبەت بە حکومەتی هەرێمی سلێمانی.

لەو کاتەدا کاک جەلال لە وەزارەتی دارایی ئیشی ئەکرد. خۆم لە نزیکەوە ئاگادار بووم چۆن کاک جەلال بەو داهاتە کەمەوە، کە حکومەتی هەریمی کوردستان لە سلیمانی هەیبوو، هەوڵی ئەدا بەبێ خاترانە ئەم داهاتە کەمە بە شێوەیەکی یەکسان دابەش بکات بەسەر هەموو لایەنەکان بە جۆرێ بەشی هەموو کەسێک بکات. کاک جەلال هەموو کاتێک کە ئەگەیشتە ٢٠ی مانگ ئەبوایە بیزانیایە تا کۆتایی مانگ ئەوەندە پارە لە خەزێنەدا هەیە بەشی موچەی فەرمانبەران بکات و ئیشەکانی حکومەتی پێ بەڕێ بکات. من لێرەدا بۆیە بە باسی ساسۆن حسقێل باسەکەم دەستپێیکرد، چونکە ئەتوانم بڵێم کە کاک جەلال بە ساسۆن حسقێلی کوردستان دائەنرێت لە دەستپاکی و نەزاهەتدا.

کاک جەلال شارەزایی زۆری هەبوو لە بواری داراییدا، چونکە ئەو ڕۆژانە زۆر ڕۆژانێکی سەخت بوون بە داهاتێکی کەمەوە ئەبوو وڵاتێکی وێرانە بەڕێوەبەریت شارەزایی و لێهاتوویی و دەستپاکی کاک جەلال وای کردبوو کە یاسا و ڕێنمایی بۆ باج وەرگرتن و پارەکۆکردنەوە و دابەشکردنی بەسەر وەزارەتەکاندا بنێ، کە لە پێشتر ئەو جۆرە یاسا و ڕێنماییانە نەبوون، یا کاریان پی نەئەکرا.

پاش ساڵانی دوو هەزارەکان باری ئابووری کوردستان گەشەی سەندبوو، ئەو کات فەرمانگەیەک هەبوو بە ناوی (دیوانی چاودێریی دارایی). کاک جەلال پێی باش بوو کە ئەو فەرمانگەیە زیاتر ڕۆڵی هەبێت لە بەرەوپێشچوونی ئابووریی کوردستان و زیاتر پەرە بە ئیشوکارەکانی ئەو فەرمانگەیە بدرێت و دەسەڵاتی زیاتری هەبێت، وەک چاودێریی دارایی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان. کاک جەلال زۆر بە پەرۆش بوو کە ئەو فەرمانگەیە زیاتر چالاکتر بێت لە بواری ئابووری و داراییدا، چونکە شەفافیەتی دارایی زۆر لا مەبەست بوو، بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان. لەبەر لێهاتوویی و متمانەی هەموو لایەنەکان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، کاک جەلال کرا بە سەرۆکی (دیوانی چاودێریی دارایی) بە دەرەجەی وەزیر. لەو ماوەیەی کە کاک جەلال سەرۆکی چاودێریی دارایی بوو، زۆر دۆسییەی گەندەڵی ئاشکرا کرد، زۆر مەبەستی بوو گەندەڵی دارایی لە کوردستان نەهێڵێت. خودی خۆی لە دادگا بەدواداچوونی بۆ ئەکرد، هەروەها ڕۆژنامەنووسەکان زۆر لەسەر ئەو دۆسییەی گەندەڵییانە ئەیاننووسی لە ڕۆژنامەکاندا کە کاک جەلال دەری ئەخستن.

## کاک جەلال و شاندی زانکۆی سلێمانی بۆ ئەمریکا

لە کۆتایی نەوەدەکاندا، زانکۆی سلێمانی پێشکەوتنێکی باشی بە خۆیەوە بینیبوو و لە زۆر ڕووەوە گەشەی کردبوو. هەڵبەت ئەم پێشکەوتنە بە هیمەتی مامۆستاکانی زانکۆ خۆیان و هەموو ئەو کەسە دڵسۆزانە کە ئەچوون بە دەنگ داواکارییەکانی (لیژنەی باڵای یارمەتی زانکۆی سلێمانی)، هەروەها بە یارمەتی کوردانی دەرەوەی وڵات، بە تایبەتی لە ئەمریکا.

لەو کاتەدا لە ڕێگای دکتۆر بەرهەم ساڵحەوە (سەرۆککۆماری عێراقی ئێستا)، کە ئەو کاتە نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو لە واشنتۆن، پەیوەندی باشمان هەبوو لەگەڵ یەکتردا، هەردووکمان زۆر گرنگیمان ئەدا بە پێشکەوتنی خوێندنی باڵا لە کوردستان، بە تایبەتی زانکۆی سلێمانی کە جێگایەکی تایبەتی هەبوو لە دڵی هەردووکماندا.

هەموو کات کە یەکترمان ئەبینی یا پەیوەندی ئیمێڵ باسی ئەوەمان ئەکرد چۆن زانکۆیەکی ئەمریکی لە سلێمانی دابمەزرێت، هاوشێوەی زانکۆی ئەمریکی لە بەیروت. هەردووکمان هەوڵی زۆرمان دا بۆ ئەوەی بناغەی ئەم زانکۆیە دابمەزرێنین بۆ دوارۆژ هەوڵی زیاتر بۆ پێشکەوتنی زانکۆی سلێمانی. هەر ئەو بیرۆکەیە گەورە بوو کە وای لێهات لە ساڵی ٢٠٠٣ ئەو زانکۆیە دابمەزرێت و

دەرگای خۆی بکاتەوە بۆ خوێندکاران و ئێستا بۆتە سەنتەرێک بۆ پێگەیاندنی خوێندکار و پێشکەوتنی زانست لە سلێمانی و ناوچەکەدا.

لەو کاتانەدا لەگەڵ دکتۆر بەرهەم باسی ئەوەمان ئەکرد چۆن بتوانین شاندێکی زانکۆی سلێمانی دەعوەت بکەین بۆ دەرەوەی وڵات، چونکە ئەو ڕۆژانە سەفەر ئاسان نەبوو وەک ئێستا. هەردووکمان پێمان باش بوو، کە شاندێکی زانکۆ بێن بۆ ئەمریکا، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری ئەو پێشکەوتنە زانستیانە بن کە هەیە لە بوارەکانی وانەوتنەوە، کۆمپیوتەر، لێکۆڵینەوەی زانستی، تەکنۆلۆجیای تازە کە بەکاردێت لە زانکۆکان لە دەرەوەی وڵات. هەردووکمان پێمان باش بوو کە هەندێ مامۆستای ناوەوەی وڵات بێنە دەرەوە بۆ ئەوەی بتوانن باشتر خزمەت بە زانکۆی سلێمانی بکەن. پاش هەوڵی هەردوو لامان توانیمان شاندێک پێک بهێنین بۆ ئەوەی سەردانی ئەمریکا بکەن. شاندەکەی زانکۆی سلێمانی لەم بەڕێزانە پێکهاتبوون:

یەکەم: دکتۆر جەلال شەفیق وەزیری خوێندنی باڵا لەو کاتەدا.

دووەم: دکتۆر عەلی سەعید ڕاگری کۆلێژی پزیشکی لەو کاتەدا.

سێیەم: دکتۆر محمد عەلی ڕاگری کۆلێژی زانستی لەو کاتەدا.

چوارەم: کاک جەلالی عومەری سام ئاغا لە لیژنەی باڵای یارمەتی زانکۆی سلێمانی لەو کاتەدا.

بەندەش لێرەوە بەرنامەیەکی تێر و تەسەلم دانا بۆ ئەوەی زۆرترین سوود ببینن لە سەردانەکەیان بۆ ئەمریکا. وەک سەردانی هەندی زانکۆ پێشکەوتووەکانی ئەمریکا، شوێنی زانستیی گرنگ لە کالیفۆرنیا و واشنتۆن. ئەمە ناوی هەندی لەو زانکۆیانەیە، کە شاندەکە سەردانیان کرد و گفتوگۆیان لەگەڵ کردن.

1. University of the pacific (Stockton, California).
2. California State University at Sacramento, (Sacramento, California).
3. University of California (U.C. System) at Santa Barbra (Santa Barbra, California). بە یارمەتی دکتۆر ڕەشید قەرەداخی
4. University of California (U.C. System) (Riverside, California). بە یارمەتی دکتۆر فوئاد دەروێش.

پاش سەردانکردنی ئەم زانکۆیانە، شاندەکە سەردانی ویلایەتی نیڤادایان کرد و گەڕانەوە بۆ کالیفۆرنیا. پاشان بەڕێکەوتن بۆ واشنتۆن، بۆ ئەوەی ئەو بەرنامەیەی کە کاک دکتۆر بەرهەم ساڵح بۆی دانابوون، لە واشنتۆن دەست پێ بکەن.

یەکێک لەو بابەتە گرنگانەی شاندەکە بینیان و زۆر سەرنجڕاکێش بوو لایان، ئەوە بوو کە چۆن لە ئەمریکا خەڵکیی ڕەوشتبەرزی ئیشیان (اخلاقیات العمل- Work Ethic) لا گرنگە، لە مامۆستاوە بۆ خوێندکار تا کرێکارێک. چۆن ڕێزی

ئیشەکەی خۆیان ئەگرن و پڕ بەدڵ ئیش ئەکەن یا ئەخوێنن، شاندەکە بینیان کە خەڵکی ئەمریکا ڕەوشتی کار بابەتێکی زۆر گرنکە لایان، هەر ئەوەشە وای کردووە ئەمریکا پێش بکەوێت لە جیهاندا.

## سەبیل کێشان لەگەل کاک جەلالدا

ئەو ماوەیەی کە شاندەکە لێرە بوون، من کاتی خۆم هەمووی تەرخان کردبوو بۆیان، لە لایەک ئەمویست زۆرترین سوود وەرگرن لە سەردانەکەیان، لە لایەکی تریشەوە ئەمویست ئەم دەرفەتە وا لێ بکەم کە زۆرتر لەگەڵ کاک جەلال کاتێکی خۆش بەسەربەرین. پاش گەڕانەوەمان لە سەردانی ڕۆژانەمان بۆ ئەو زانکۆیانەی کە ئەچووین بۆ سەردانیان. پاش هیلاکی ڕۆژەکە خۆم و کاک جەلال لە گەراجی ماڵەکەمان دائەنیشتین بۆ سەبیل کێشان (پایپ). ئەو کات من و کاک جەلال هەردووکمان (پایپمان) ئەکێشا، دانیشتنی گەراجەکە و پایپکێشانمان هیلاکیی ڕۆژەکەی لەبیر ئەبردینەوە. خۆشەویستی و هاوڕێیەتی کاک جەلال هەمیشە و هەتا دێت پتەوتر دەبێت.

## ئێوارەکانی ماڵی کاک جەلال بۆ باسکردنی بابەتەکانی ڕۆژ (دیوەخانەکەی کاک جەلال)


بە هۆی خۆشەویستی خەڵک بۆ کاک جەلال و ڕێزی تایبەتی خۆی لای هەموو لایەنەکان، برادەران ماڵی کاک جەلال وەک دیوەخانی لێهاتووە، هەموو ئەو کەسانەی کە دێن بۆ ماڵی کاک جەلال، بە جیاوازی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فیکرییەوە بێت، هەموو لە ماڵی کاک جەلال کۆدەبنەوە، وەک برا و هاوڕێی هەمیشەیی، قسەی خۆش و ئەخبار ئەگۆڕنەوە، باسی زۆر بابەتی جیاواز ئەکرا، وەک ئەدەب، کەلتوور، ڕۆشنبیری، چونکە ماڵی کاک جەلال هەمیشە هەموو ڕەنگ و دەنگە جیاوازەکان کۆئەکاتەوە. وەک یانەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری لێ هاتووە.

کاک جەلال یەکێکە لە ڕۆڵە بە ئەمەک و باشەکانی شاری سلێمانی، کە خودی کاک جەلال و خێزانەکەیان هەمیشە جێدەستیان دیاربووە لە سلێمانی و کوردستان، من لێرەوە تەمەندرێژیی و تەندروستی باشی بۆ ئەخوازم، هیوادارم خوا تەمەندرێژی بکات بۆ خزمەتی میللەتەکەمان، بە تایبەتیش بۆ خزمەتی شارە حەیاتەکە.

دکتۆر حیکمەت تۆفیق فکرەت، پرۆفیسۆری خانەنشین،
شاری پلێزنتۆن لە ویلایەتی کالیفۆرنیا/ ئەمریکا
Home phone 925-417-2255
Mobile phone 925-998-8117
Email: hfikrat@gmail.com

# ئاواتێ لە ڕێگای شەوە بەفرێکی زریاناوی

پرۆفیسۆر خدر مەعسوم
سەرۆکی پێشوی زانکۆی کۆیە



د. خدر مەعسوم، جەلالی سام ئاغا
مزگەوتی گەورەی کۆیە
٢٠١٨

لە مانگی دوانزەی ساڵی١٩٧٤دا لەگەڵ دکتۆر فوئادی برام لە هۆتێلی دەربەند بووین، هۆتێلەکە سەر بە شۆڕش بوو، زیاتر میوانی تایبەت بە مەکتەبی سیاسی یا بیانی لەوێ بوون. شەوێک (دکتۆر کەمال خەیات) دەعوەتی کردین لە گوندی ئازادی سەر بە حاجی ئۆمەران، کە د. کەمال لەگەڵ د. کمال مەزهەر و کاک جەلالی عومەری سام ئاغا پێکەوە لە خانوەکە دەژیان، هەرسێکیان لە دەزگای ڕاگەیاندنی شۆڕش کاریان دەکرد. بە دەستپێکردنەوەی شەڕ لە ساڵی ١٩٧٤دا لەگەڵ ڕژێمی بەعس زۆربەی مامۆستا و کارمەندانی زانکۆی سلێمانی هاتنە ناو شۆڕش. د.کمال خەیات ناسیاوێکی نزیکمان بوو.. کاتی خۆی لەگەڵ د. فوئاد لە زانکۆی بەسرە پێکەوە مامۆستا بوون. چەند جارێک هاتە قاهیرە لەوێ یەکترمان ناسی، ئەو شەوە وردە وردە بەفر دەباری، ناوچەی حاجی ئۆمەرانیش سومعەیەکی خراپی نییە لە بەفر و سەرما، کە شەو چووین جگە لە دکتۆر کەمال مەزهەر و کاک جەلال، شاعیری گەورەی کورد هەژار و شەهید عەبدولخالق مەعروف لەوێ بوون، شەوێکی دۆستانەی خۆشمان بەڕێکرد، لە چەندین بابەت قسەمان کرد، ئەستێرەکانی شەوەکەش مامۆستا هەژار و شەهید عەبدولخالق و کاکە جەلال بوون. شەو درەنگ بوو، دەبا میوانەکان بگەڕێنەوە شوێنەکانیان، بە ئۆتۆمبیلێکی لاندرۆڤەری سەربازی شڕ، دەبا پێش دە ساڵ بەلای کەمەوە خانەنشین بکرایە! پێکەوە سواری بووین لایتەکانی کاریان نەدەکرد، بەفریش بە توندی دەباری، بە زمانی کۆییان جلۆکە دەباری، بەو سەرمایەش دەبا پەنجەرەکان دانەخرێن، تا هەڵم دروست نەکات، سایەقەکە بۆ بینینی پێشخۆی کە بووبوو بە چەند مەترێ بە هۆی جلۆکە بارین، دەبا یەکێ لەسەر دەعامیەی ئۆتۆمبیلەکە هەڵبنیشێ و لایتی (عەنەتریک)لێ بدا. کاک عەبدولخالقیش ڕێگەی نەدا کەس ئەو شەرەفە وەرگرێ.. لەگەڵ ئەوەی وتم من لە هەمووتان بچووکترم، کە تەمەنم ٢٧ ساڵ بوو، سوودی نەبوو، باش بوو دەعامییەکە هەندێ پان بوو، لایتەکە پێش دەمی ئۆتۆمبیلەکەی نیمچە ڕووناک دەکرد، تا گەییشتینەوە دەربەند چەندین جار ئۆتۆمبیلەکە لە بەفر چەقی.. بەو بەفر و سەرمایە دەبا لە ئۆتۆمبیلەکە بێینە خوارەوە و لەناو بەفر دەری بهێنین. دیارە مەسەلەی کوردیش ئەو کاتە هەر ئاژەڵ هەبووە بۆ گواستنەوە، کەری قوربەسەریشیان تاوانبار کردووە بە لە قوڕ چەقین، باسی ئۆتۆمبیل بەفرچەقینیان


نەکردووە. ئۆتۆمبیلەکەش هێندە ڕێزی جادەکەی نەدەگرت وەکو سەرخۆشێ بەملاو ئەولای جادەکە دەڕۆیی، هەرکاتێ ئارەزووشی هەبا.. خۆی خەریک دەکرد بە خلیسکانی سەر بەفر. گومانم هەیە لە جیاتی بەنزین ئارەقیان لە تانکی ئۆتۆمبیلەکە کردبێ. باش بوو کە تەنیا خۆمان شاسواری جادەکە بووین بەو شەوە درەنگە، مامۆستا عەبدولخالق هەر بەردەوام بوو لە پێکەنین و نوکتە و قسەخۆشەکانی، بەهەر حاڵێ بێ بە سەلامەتی پاش هەزاران یا ئەڵڵا یا ئەڵڵا گەییشتینەوە شوێنەکانی خۆمان. لە دەزگای تەندروستی بە بەڕێوەبەری لقی دووی تەندروستی لە بادینان دانرام و ناوەندەکەشی لە شیروانی مەزن بوو، پێش بەڕێکەوتنم بۆ شیروانی مەزن، بۆ خودا حافیزی لە هەرسێکیان، سەردانێکی ترم کرد بۆ دەزگای ڕاگەیاندن لە ناوپردان، کە زۆر داوایان لێ کردم لە ڕاگەیاندن لەگەڵیان کاربکەم و ببمە دکتۆری تایبەت بە ڕاگەیاندن. وتم تازە دانراوم بۆ بادینان، پاش نسکۆی شۆڕش هەموو لەیەک دابڕاین.. کاک جەلالم نەبینیەوە، بەڵام ئەو شەوەم هەر لە پێش چاوە. تەنیا ناوی کاک جەلالم لەبیربوو نەک کۆدەکەی، جا نازانم لە سەرەتاوە کۆدەکەیم نەزانیوە یا لەبیرم چووبۆوە.

لە ساڵی ٢٠٠٥دا ڕەوانشاد مام جەلال.. داوای گەڕانەوەی بۆ کوردستان لێ کردم. چەند ڕۆژێک بوو گەڕابوومەوە لە هۆتیل پالاسی سلێمانی دابەزیبووم، لەگەڵ دکتۆر کەریم ڕەئووف سەردانی هەندی شوێنمان کرد، دکتۆر کەریم بووبووە چاو ساغم، گوتی یەک لەو کەسانەی دەچینە لای.. کاک جەلالە، کە نەم دەناسی لە پاش هەندێ گفتوگۆ لە دەموچاو و دەنگەکەی کاک جەلالی ئازادیم هاتە پێشچاو بە جلکە کوردییەڕەنگ ئەفسەرییەکەی، گەرچی لە پاش ٣٠ ساڵ دابڕان تەمەن کاری خۆی لە هەردووکمان کردبوو، بەڵام دەنگە تایبەتەکەی کاک جەلال نەگۆڕابوو، بە لێکدانی هەردووکیان، کەوتمە گومانەوە لێم پرسی جەنابت لەگەڵ دکتۆر کەمال مەزهەر و کەمال خەیات لە شۆرش بووی، بە ئەرێنی وەڵامی دامەوە، دۆستایەتیمان دەستپێکردەوە، نیوەڕۆکەشی نەیهێشت بڕۆم ناردی سینییە کەبابێکی خۆشیان هێنا. لەو ماوەیەی سەرۆکی زانکۆ بووم، بە بەردەوامی ڕاوێژم پێ دەکرد، زۆر قەرزاریم بە هۆی ڕاوێژەکانییەوە منی پاراست لە کاری ناڕاست. لە سەرەتای دەستبەکاربوونم، داوام لێ کرد گەر بکرێت خولێکی فێربوون بۆ ئەو لێپرسراوانەی لە دارایی و ئیدارە و پرۆژەکان کاردەکەن لە زانکۆی کۆیە بۆمان بکاتەوە، تا توشی هەڵە نەبن، سنوورەکانی خۆیان بزانن، خولەکەی بۆ جێبەجێ کردین، زۆر سوودی هەبوو بۆیان. منیش لە هەر کارێکی تەمومژاوی گومانم هەبا بە بەردەوامی پرسم پێ دەکرد.. بۆیە خۆشحاڵم بە پاڵپشتی کاکە جەلال بۆ نزیکەی

٩ ساڵ بە باشی کارەکانی زانکۆ ئەنجام دەدران، زانکۆی کۆیە بووە زانکۆیەکی نموونەیی.
بە ڕاستی لەم زەمانەدا نموونەی کەسانی وەک کاکە جەلال دەگمەنن، لە کاتی سەرپەرشتیکردنی چاودێریی دارایی، نموونەی دەستپاکی و کارکردنیان بوو، کاکە جەلال نموونەی ئیدارەیەکی پاکی دامەزراندبوو، لە میدیاکاندا دەبینین لە پەرلەمانی عێراقدا لە لیژنەی نەزاهە بە دانپێدانانی خۆیان چەند کەسانێ بە ملیۆنان دۆلاریان وەرگرتووە بۆ داخستنی چەند دۆسییەی گەندەڵکاران لە حکومەتی فیدراڵ. لەو باوەڕەدا بووم زیاتر گەندەڵکاران ئامادەبوون دەمی دەزگاکەی کاک جەلال چەورکەن، بەڵام کاکە جەلال وەکو عەرەبەکە دەڵێ (بالمرصاد) بۆیان ڕاوەستا برو، بەڵام بە داخەوە بە نەبوونی ئیجرائات و چەورکردنی دەمی کەسانی تر، کارەکانی دەستەکەیان لەناو قاسەکانیان قفڵ دەدرا، لەو باوەڕەدام گەر بە ڕاپۆرتەکانی دەستەکەی کاک جەلال کاریان کردبا، چۆن ساسۆن حسقیل چووە مێژووی عێراقەوە، کە بنەمای دەوڵەتی عێراقی دانا و دادەنرێ بە دەستپاکترین و بە ناوبانگترین وەزیری دارایی عێراق. جیاوازی لە نێوان حسقیل و کاکە جەلال، لە بەغدا مەلیک فەیسەڵی یەکەم هەبو، پاڵپشتی دەکرد و کارەکانی بۆ جێبەجێ دەکرد، بەڵام کاکە جەلال هیچ مەلیکێکی لە کوردستان لەپشت نەبوو. گەر بێتو بە دوای ڕاپۆرتەکاندا چووبان، دڵنیام بنەمای دەوڵەتی کوردی دادەمەزرا، کە گرنگترین بنەمای دەوڵەت ڕێکوپێکی داراییە، بە فیڕۆدانی سەروەت و سامانی کوردستان نەدەگەییشتینە ئەو ڕۆژەی کوردستان چاوی لە دەستی بەغدا بێت، بە (یا غلام اعطیه صرة) بە نقەنق پارە بنێردرێ، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا گەندەڵکاران هەر بەردەوامن، دڵخۆشیشن کە کاکە جەلال خانەنشینە.. ئەو کەسە لە کوێندەر بدۆزینەوە بە ئازایانە، بێ گوێدانە ترس لە ژیانی، ببێتە قوربانی بیری دەستپاکی بەدەستی دەمکوتکەرانەوە لەبەردەم سەری گەورەی گەندەڵکاران ڕابوەستێ.. لەگەڵ ئەوەی کاکە جەلال وا توند بەرامبەر گەندەڵکاران وا مرۆڤێکی دەستواڵاو کۆمەڵایەتییە، کە هەموو کاتێ لە میوانداری دۆست و خۆشەویستەکانی.. ڕۆشنبیران و کەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکان ماڵەکەی جمەی دێت، هەرچی سەروەت و سامانی خۆی و خانەوادەکەی هەیانە بۆ کاری پشتیوانی و هاوکاری دەزگا پەروەردەییو تەندروستییەکان بەکاری دەهێنن. پێدەچی کاکە جەلال و من فەزای سلێمانی و کۆیەمان لەسەر خۆمان تاپۆکردبێ، کە ئەو بە فەزای کۆیەدا بڕوا گەر سەریش نەدا بەپەلە بێت بۆ چوون بۆ هەولێر یا گەڕانەوە ئەوا تەلەفۆن دەکات.. دەڵێ لە فەزاکەتانم و منیش بە هەمان شێوە گەر بچمە سلێمانی، ڕەزامەندی دەدەین بە

ڕۆییشتن لە فەزایەکە، هەڵەمان کرد دەبا ئەو فەزایەمان لەسەرخۆمان تاپۆ بکردایە. باوکی جەمال حەکیم (جمال ئاغا) ڕۆژێکی زستانی ساردی ڕەشەبایەکی توند لە گوندەکەیان دەبێت، بە خەڵکەکە دەڵێت وەرن با ئەم بایەتان لێ بکرم، لەنێوان خۆیاندا، دەبێتە مشتومڕیان! دەڵێن بەخوا ئاغا تێکچووە، باپێی بفرۆشین.. چمان لە قیس دەچێ و پارەمان دەستدەکەوێ... بە نرخێکی هەرزان لێیان دەکڕێ و پەنجەمۆریان پێ دەکات. هاوین دێت جوتیاران خەریکی شنەبا دەبن بۆ جیاکردنەوەی دەغڵ و کا. حەکیم ئاغا لەسەر کارەکانیان ڕایان دەوەستێنێ دەڵێ: ئەو شنە بایە موڵکی خۆمە دەبێ پارە بدەنە نرخی بایەکە، هاوار دەکەن ئاغا ئەوە موڵکی خودایە، چۆن پارە بدەین، دەڵێ ئەوە پەنجە مۆرەکانتان، کاتێ نرخی بایەکەتان وەرگرت بۆ نەتانوت موڵکی خودایە. بە داخەوە نە کاک جەلال و نە من بە قەدەر حەکیم ئاغا زیرەک نەبووین، ئێستا داهاتی باشمان دەبوو بە تێپەربوونی ئەم هەموو فڕۆکانە لە فەزای کۆیە و سلێمانی، لە سلێمانی وا فڕۆکەخانەی لێیە و لە فەزای کۆیەش ڕۆژانە بۆ چەندین جار بە بەردەوامی دەیان فڕۆکەی سەربازی تورکیا بە فەزای کۆیە دێت و دەڕوا بۆ سەردانی قەندیل، داهاتێکی باشمان دەبوو، نەیان دەتوانی بە خۆڕایی لە فەزای کۆیە ئەوها تێپەڕ ببن. چەند بڵێین لە باسکردنی کاکە جەلال تەواونابێ.. کە ئەستێرەیەکی درەوشاوەیە لە ئاسمانی دەستپاکی و دڵ گەورەیی، بە تەندروستییەکی باش خودا تەمەنی درێژ بکات. وا دیارە ئەو ئاواتە پاش ٢٥ ساڵ ڕێگا هەر بەفر و زریانە. خاڵە هێمنیش لەم ڕێگا سەرلێشێواوە، چاوەڕوانی جەمێکو نازەنینێ بە خاڵوپەرچەمێک و سەردەمێکی ترە.

# یادەوەرییە ڕەنگامەکان
# لە ڕۆژگارێکی قەترانیدا
## فەرهاد شاکەلی



فەرهاد شاکەلی، جەلالی سام ئاغا
هۆڵەندا - ئەمستەردام
٢٠١٤

# ١

پێش ئەو ساڵەی پێشمەرگایەتی، بازنەی پێوەندییەکانم هێندە فراوان نەبوون، بەڵام لە بەهاری ١٩٧٤ەوە تا بەهاری ١٩٧٥، گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەر شێوەی ژیان و پێوەندی و ئاشنایەتییەکانمدا هات. هەر ئەو ساڵەیش بوو، کە بوو بە سەرەتای ژیانێکی دیکە بۆ من، کە هەتا ئەمڕۆیش هەر بەردەوامە، دەڵێی گلۆڵەیەک بەنی ڕەنگاوڕەنگە و بە دووی خۆمدا ڕایدەکێشم. سەرێکی لە دەشتی گەرمیانەو سەرەکەی دیکەیشی لە دەست و باسکم، لە سەر و گەردنم، لە زمان و لە دڵم ئاڵاوە. ئەگەرچی نازانم و ناتوانم ئاوەڵناوێکی گونجاو بۆ ئەو ژیانەی بە (ژیانێکی دیکە) ناویم هێنا، دابنێم: ژیانێکی چۆنین؟ خۆش، ناخۆش، باش، نالەبار، ڕەنگین، دزێو؟ دڵی خۆم بەوە دەدەمەوە، کە هێشتا زووە. هەر کاتێک ئەو ژیانە بڕایەوە و بەسەرچوو، کەسێک هەر دەبێت ناوێکی یا ئاوەڵناوێکی بۆ بدۆزێتەوە.

لە سەرەتای مانگی سێیەمی ١٩٧٤دا بوو کە گەیشتمە چۆمان. ئەو کاتە، لە بەغدا، لە ڕۆژنامەی (برایەتی)دا کارم دەکرد و هاوکاتیش خوێندکار بووم لە بەشی کوردیی کۆلێجی ئادابی زانستگەی بەغدا. کەس چاوەڕوانی ئەوە نەبوو کورد و ڕژێمی عێراق بگەنە چارەسەرێکی وەها کە ڕێگە لە دووبارەبوونەوەی شەڕ بگرێت. وا پێ دەچوو هەڵگیرسانەوەی شەڕ تاکە ڕووداوی چاوەڕوانکراو بێت. بەشی زۆری ئێمەی نووسەرانی ڕۆژنامەکە، پێکەوە بڕیارمان دا بچینە ناو شۆڕشەوە و ڕوومان کردە کوردستان. لە کوردستانیش هەر زوو جێگە و ڕێگەیان بۆمان دۆزییەوە. ئێمەی نووسەر و ڕۆژنامەنووس و هونەرمەندان لە (ئەمانەتی گشتیی ڕۆشنبیریو لاوان) دامەزراین. ئەمە جۆرێک وەزارەتی فەرهەنگ بوو. بەڕێوەبەری گشتیی ئەمانەتەکە کاک دارا تۆفیق بوو. ئەو تەنیا بە شێوەیەکی گشتی سەرپەرشتیی دەکرد، ئەگەرنا زۆربەی کارەکان جێگر و هاوکارەکانی ڕایان دەپەڕاندن. ئێمەی کارمەندانیش، پێم وایە پەنجا شەست کەسێک، یا ڕەنگە زیاتریش دەبووین، کاری دیکەمان دەکرد. یەکێک لە هاوکارەکانی کاک دارا، کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا) بوو. ئێستا لە بیرم نییە، نازانم چیی دەکرد و بەرپرسی چی بوو؟

یەکەمین شتێک لە کاک جەلالدا کە سەرنجی ڕاکێشام، ئەوە بوو کە پیاوێکی قۆزو ڕێکوپێک و شیکپۆش بوو. کەسانی دیکەیش هەبوون قۆز و شیکپۆش، بەڵام کەس

وەک کاک جەلال نەبوو. هەر بۆ نموونە کاک دارا تۆفیقیش پیاوێکی جوانخاس بوو، بەڵام کە جلی کوردیی لە بەر دەکرد، جلی خاکیی پێشمەرگانە، زۆر شلوشاو بوو، نەیدەزانی پشتێن باش ببەستێت. کاک جەلال دەستێ ڕانکوچۆغەی قاوەڕەنگی لەبەر دەکرد. لە ماوەی ئەو ساڵەدا، لە سڵاوکردن و ڕۆژباش بەولاوە، باوەڕ ناکەم هیچ قسەیەکم لەگەڵ کاک جەلالدا کردبێت. هیچ کارێکی من لای ئەو نەبوو. لەناو ئەو بەڕێوەبەر و بەرپرسانەدا بە زۆری پێوەندیم لەگەڵ مام هەژاری شاعیر و دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد و کاک فەلەکەدین کاکەییدا هەبوو. لە هەموو دنیادا وایە، کارمەند باسی بەرپرس و بەڕێوەبەرانی خۆیان دەکەن، ئیتر بە چاکە بێت یا بە خراپە. لە بارەی کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا) دوو شت دەگوتران: یەکەم، دەیانگوت لووتبەرزە... دووەمیش گوایە سلێمانیگەری، یا بە دەربڕینی ئەمڕۆی کوردەواری، سلێمانچێتی دەکات. من خۆم لەو ساڵەدا هیچ شتێکم لێ نەبینیبوو، تا ئەو تۆمەتانە لە بیرمدا بچەسپێنێت. قسەی خەڵکیشم بە لاوە گرنگ نەبوو.

نزیکەی سی وپێنج ساڵ یا زیاتری پێ چوو تا جارێکی دیکە چاوم بە کاک جەلال کەوتەوە، کەچی وام هاتە پێش چاو کە زۆر نەگۆڕاوە. تۆ دوای ئەو هەموو ساڵە کەسێک ببینیتەوە، چاوەڕوانی ئەوەیت گۆڕانی گەورە لە شێوە و لەشولارو دیمەنیدا ڕووی دابێت. ئەو منی نەناسییەوە. ئەمەش ئاسایی بوو، چونکە کاتی خۆی، ئەو ساڵەی پێشمەرگایەتی، لە سڵاوکردن بەولاوە پێوەندییەکم لەگەڵ کاک جەلالدا نەبووبوو. کورد دەڵێ نەچووە بچێ، وا نییە؟ سەرلەنوێ ئاشنایەتی و برادەریمان دامەزراند. من جارێکیان بە سەردان چووبوومەوە بۆ کوردستان. کاک بەختیار ئەمین لە بەغداوە تەلەفۆنی کرد، وتی دەچم بۆ هەولێر، تۆش وەرە، لەوێ یەکتر دەبینین، میوانێکی خۆشەویستیشمان لە لوبنانەوە هاتووە، ئەویش بناسە. لە هەولێر لە هۆتێل چوارچرا دەمامەوە، بەڵام ماوەی دوو ڕۆژ، لە ماڵی کاک عەدنان موفتی یەکمان دەگرت. میوانەکە (محەمەد سەعید حەبووبی) بوو، کە بە داخەوە ماوەیەک دواتر هەواڵی مردنیم بیست. حەبووبی، ڕەوانی شاد بێت، پیاوێکی تا بڵێی نازدار و ڕۆحسووک و لەبەردڵان بوو. ئیتر لەوساوە پێوەندیم بە کاک جەلالەوە هەر بەردەوام بووە. جاروبار بە تەلەفۆن قسەمان کردووە، لە سلێمانی دوو جار چوومەتە سەردانی کاک جەلال و ئەویش جارێک لە سوێد هاتە سەردانم.

## ٢

ئەو ساڵەی پێشمەرگایەتی بۆ من ساڵێک بوو پڕ لە ئەزموون و ڕووداوی تازەو وردبوونەوە و پێداچوونەوەی گەلێک لە نرخ و باوەڕ و چەمکە باوەکان، بەڵام

هاوکاتیش چەسپاندنی زۆر بۆچوون و نرخی دیکە، نەک تەنیا لە بواری فکریو سیاسیدا، بەڵکە لە بواری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و تەنانەت فیزیکییشدا، کە ئەمەیان زیاتر مەبەستم سروشتە.

کە چووینە دەرەوە، واتە کە پێوەندیمان بە شۆڕشەوە کرد، هێشتا شەڕ دەستی پێ نەکردبووەوە، بەڵام هەم هەلومەرجی سیاسیی عیراق و کوردستان و هەم شێوەی ئەو ئامادەکارییانەی لە کوردستان دەبینران و هەست پێ دەکران، هەموو ئەوەیان دەگەیاند کە نە حکومەتی بەعسی عیراق مافی ڕەوای کورد دەسەلمێنێت و نە کوردیش دەستبەرداری مافی خۆی دەبێت. ئەم هاوکێشەیە هەروا سادە و ساکار نەبوو. هۆکاری دیکەی سیاسییش لە پشتەوە کارکردی خۆیان هەبوو، بۆ نموونە دۆستایەتیی ڕژێمی بەعس و یەکێتیی سۆڤیەت، یا پێوەندیی شۆڕشی کوردستان و ئێرانی سەردەمی شا.

ساڵانی ژیانی بەغدام پڕ بوون لە چالاکی و فێربوون و داهێنان و هەڵدانەوەی داپۆشراوەکان و بەرز-ویستییەکی فەرهەنگی و زانستی، بەڵام ژینگەی ئەو کاتەی بەغدا و کوردستانیش هیی ئەوە نەبوون ڕێگا بۆ بەهرە و توانست و هیواکانی لاوانی بەهرەدار خۆش بکەن. بێجگە لەوەیش بە هۆی دەستتەنگییەوە ناچار بووم، هەر نەبێت ساڵی یەکەم و دووەمی خوێندنم لە زانستگە، زۆر هەژارانە بژیم. دواتر کە کارێکی ڕۆژنامەوانیم دەست کەوت، بڕێک بوژامەوە. بەهاری ١٩٧٣ یەکەمین دیوانی شیعریی خۆمم چاپ کرد؛ پرۆژەی کودەتایەکی نهێنی، کە زۆر باش فرۆشراو لە ڕۆژنامە و بازنە فەرهەنگییەکاندا پێشوازییەکی باش کرا.

بەشێکی یەکجار زۆری نووسەر و ڕۆژنامەوان و ڕووناکبیرانی کورد هاتبوونە دەرەوە. توێژێکی هەرە بەرچاو کە لە شارەکاندا مابوونەوە و دژی سیاسەت و شۆڕشی کوردستان بوون، نووسەران و ڕووناکبیرانی حیزبی کۆمونیست (شیوعی) ی عیراق بوون، کە حیزبەکەیان، بە فەرمانی یەکێتیی سۆڤیەت، لەگەڵ حیزبی بەعسدا بەرەیەکی سیاسییان پێک هێنابوو. کۆمونیستەکان تەنانەت چەکیشیان هەڵگرت و دژی کورد و شۆڕشەکەی شەڕیان کرد. ماوەیەکی زۆری پێ نەچووبوو، ڕۆژێک پێیان ڕاگەیاندین کە ئەمشەو لە کۆشکی ئاشتی (قصر السلام) نووسەران کۆ دەبنەوە. کە چووین بینیمان نزیکەی پەنجا شەست نووسەرێک دەبووین. مامۆستا ساڵح یوسفی سەرپەرشتیی کۆبوونەوەکەی دەکرد. بڕیار درا یەکێتیی نووسەرانی کورد لێرە، لە شاخ، سەر لە نوێ دەست بە کارەکانی خۆی بکاتەوە. دەستەیەکی دە دوانزدە کەسی وەک دەستەی بەڕێوەبەر هەڵبژێردرا، منیش یەکێک بووم لەو

دەستەیە. ئیتر لەوەودوا حەفتەی جارێک لە بابەکراوا، کە بارەگای سەیدا ساڵح یوسفی بوو، کۆ دەبووینەوە. هەر چەند مانگێک دواتریش ژمارەیەکی گۆڤاری «نووسەری کورد» ئامادە کرا و بە مامۆستا سەعید ناکامدا نێردرا بۆ تەورێز و چاپ کرا. بە هۆی نوسینێکەوە، (ڕقی پێویست و پیرۆز)، کە مامۆستا ناکام بێ پرسکردن بە دەستەی بەڕێوەبەر و دەستەی نوسەران، کردبوویە بەشێک لەو ژمارەیەی گۆڤارەکە، کێشەیەک دروست بوو، بەڵام بە ژیری و دووربینیی سەیدا ساڵح یوسفی، بە شێوەیەکی ئاشتییانە چارەسەر کرا.

وا دیار بوو سەرکردایەتیی شۆڕش هەر پێشەکی بیریان لەوە کردبووەوە کە سیستێمێکی کارگێڕی لە ناوچە ڕزگارکراوەکانی کوردستاندا ڕێک بخەن بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری خەڵک و بۆ لەخۆگرتنی ئەو سەدان هەزار کەسەی ڕوویان کردبووە کوردستان و ئەو دەیان هەزار خێزانەی دەبوو ژیانیان دابین بکرێت و لە تۆپ و بۆمبارانی ڕژێمی عێراق بپارێزرێن. ئەو سیستێمی کارگێڕییە جۆرە حکومەتێک بوو، هەشت نۆ ئەمانەتی گشتی هەبوون کە وەک وەزارەت کاریان دەکرد، لە سەرووی ئەوانیشەوە مەکتەبی سیاسی و مەکتەبی عەسکەری و بارەگای بارزانی. ئەمانەتەکەی ئێمەش، ئەمانەتی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان، یەکێک بوو لەو هەشت نۆ وەزارەتەی ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستانیان دەبرد بە ڕێوە. [جا با لە بیرم نەچێت؛ (جەلالی عومەری سام ئاغا) و منیش لەو ئەمانەتە کارمان دەکرد، من نوسەر بووم و جاروبار وتارم بۆ بەشی عەرەبی و کوردیی ڕادیۆی دەنگی کوردستان دەنوسی، کاک جەلالیش نازانم چی بوو، بەڵام دەزانم یەکێک بوو لەو پێنج شەش کەسەی کاروباری ئەمانەتەکەیان لە ئەستۆ بوو].

لە سەرەتاوە ئێمە زۆربەی خەڵکەکەش، وامان دەزانی هەر پێشمەرگایەتییەکەی جارانە و بە نانەسک و کەمتر لە نانەسک دەبێ بیبەینە سەر، کەچی هەر زوو دەرکەوت کە نەخێر، ئێمە کارمەندین و مانگانە مووچە وەردەگرین. موچەش بە تمەنی ئێرانی دەدرا. هێشتا دوو مانگ تێنەپەڕیبوو، کە مۆدێلی پشوودان و بەسەربردنی ماوەی پشوو لە ئێران و گەڕان بە شارەکانی ئێراندا دەستیپێکرد. دەیان هەزار خێزانی کوردیش، ماڵ و منداڵی بەشێک لە پێشمەرگەکان و ئەو خەڵکەی دیکەیش کە هاتبوونە دەرەوە، لە ئێران ئۆردوگایان بۆ دروست کردبوون و لەوێ دەژیان. ئەم سەردانی ئێرانەش لای زۆر کەس دیاردەی دیکەی بە دوادا هات. ئەو سەردەمە لە زۆربەی شارەکانی ئێراندا گەڕەکێک، یا بەشی گەڕەکێک، تەرخان دەکرا بۆ ژنانی لەشفرۆش و پێی دەگوترا (دەروازە). وای لێ هاتبوو، زۆر ئاسایی بوو، ئەوانەی بۆ پشوودان دەچوونە سەردانی ئێران، دەبوو بچنە سەردانی

ئەو دەروازانەش. کاتێکیش کە دەهاتنەوە بە شانازییەوە دەیانگێڕایەوە. هیی وا هەبوون کە فێری بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر دەبوون. لەپڕ کوردستان پڕ بوو لە کاسێت و وێنەی (گوگوش) و وێنەی (شابانوو) و منداڵەکانی و زۆر شتی دیکە. هەر بە شوێن ئەوانەدا جۆرە گومانێک بەناو خەڵکدا تەشەنەی کرد، کە فلان خۆی فرۆشتووە بە (ساڤاک)ی ئێرانی و فلانیش بۆ ئەوان کار دەکات. ئەمە کەشێکی گوماناویی دروست کردبوو. با لێرەدا ئەوەیش وە بیر بهێنمەوە کە بەشێکمان، ئەوانەی دەچووین بۆ ئێران، هەر بە جلی خاکیی پێشمەرگانەوە دەچووین. ئەمە لایەنی چاک و لایەنی خراپیشی هەبوو.

لە کوردستانی ئەمڕۆدا زۆر باسی گەندەڵی دەکرێت. دیارە ئەمە ڕاستییەکە و بناغەیەکی ئاشکرا و پانوپۆڕی هەیە. زۆریش سەیرە، تەنانەت ئەوانەش کە خۆیان نمونەی هەرە ناشیرین و هەرە بەدفەڕی دەست و دەم و داوێنپیسین، ئەوانیش باسی گەندەڵی دەکەن. لە ئەو ساڵەی تەمەنی شۆڕشدا، بەهاری ١٩٧٤ تا بەهاری ١٩٧٥، هەر زوو گەندەڵی سەری هەڵدا و تەشەنەی کرد، بەڵام کە ئێستاکە بیر لە گەندەڵیی ئەو کاتە و هیی ئێستا دەکەمەوە و بەراوردیان دەکەم، دەڵێم خۆزگە گەندەڵیی ئەو سەردەمە بکرایەتە قانونێکی ڕەسمی و لە هەموو کوردستانی ئەمڕۆدا پەیڕەو بکرایە. گەندەڵیی ئەو کاتە زۆر سنووردار بوو، بێجگە لەوەش ئەو سامان و دەوڵەمەندی و پارە و پوولە زۆرە لە بەردەستدا نەبوو، وەک ئەمڕۆی کوردستان.

ڕاستییەکەی دەبێ بڵێم کە ئەم شتانە ڕەوتاری هەموو کەسێک نەبوون. کەسانێک هەبوون، ئەگەرچی پێم وایە کەمینە بوون، دەچوون بۆ ئێران، بەڵام بە هیچ جۆرێک توخنی ئەو جێگایانە و ئەو ئەتوارانە نەدەکەوتن. من خۆم لە ماوەی ئەو ساڵەی پێشمەرگایەتیدا، پێم وایە سێ یا چوار جار چووبوومە ئێران، بەڵام خۆشبەختانە دوور بووم لە هەموو ئەو دیاردە دزێو و ئەو جێگا بەدناوانەوە. خۆ ئەو کاتە کەسێکی خواناسیش نەبووم تا بڵێم لە ترسی خوادا خاوێنیی خۆمم ڕاگرتبێت، بەڵام ویژدان و ڕەوشتی سیاسیم ڕێگەیان پێ نەدەدام توشی گلانی وەها ببم. بە پێچەوانەوە، من لە ئێران دەچوومە شارەکانی کوردستانی ئێران. لەوێش بە دوای کتێبی باشدا دەگەڕام، دەمویست کەسانی چەپ بدۆزمەوە و قسەیان لەگەڵ بکەم. ئەمە ئاسان نەبوو، چ بۆ من و چ بۆ خەڵکی ئەوێش، چونکە ساڤاک بە چوار چاوەوە چاودێریی ئێمە و ئەوانیشی دەکرد، بەڵام دیسان توانیم چەند کەسێک بناسم. جارێکیان لە سەردەشت، گەنجێکم بینی، کارمەندی بانک بوو، کە لە سەرەتاوە برێک دڕدۆنگانە قسەی لەگەڵ دەکردم، بەڵام وردە وردە تێگەیشت کە من بە جۆرێکی جیاواز لەو هەزاران کوردەی لە کوردستانی عیراقەوە دەهاتنە ئەوێ

بیر دەکەمەوە، داوای لێ کردم شەو میوانی ئەو بم. کوڕێکی خوێندەوار و چەپو شۆڕشگێڕ بوو. تا نیوەشەوێکی درەنگ دانیشتین. بۆ یەکەم جار لای ئەو ناوی (خوسرەوی گوڵسورخی)م بیست، گوێم لە سرودی (جمعەها جای بارون، خون میچکد) بوو، چەند دێڕ شیعری (مرا ببوس برای آخرین بار/ترا خدا نگهدار/که میروم به سوی سرنوشت...)م دەست کەوت. ئەو وێنەیە و ئەو بیرەم بە تەواوی لای ڕەواندەوە، کە گوایە پێشمەرگە و خەباتکارانی کوردستانی عێراق هەموو سەر بە ڕژێمی ئێرانن، پیاوی شاهنشاهی ئاریا میهرن.

لە یەکەم سەفەری ئێرانمدا، لە ورمێ چوومە دوو سێ کتێبفرۆشی و داوای کتێبەکانی (سەمەدی بێهرەنگی)م کرد. دیار بوو دەترسان، دەیانگوت نیمانە، بەڵام دواتر یەکێکیان چوو لە جێگایەکی پەنهانەوە بۆی هێنام. لە ماوەی ئەو ساڵەدا چەند نوسەرێکی دیکەم ناسی و دەستم کرد بە کڕین و خوێندنەوەی بەرهەمەکانیان، نوسەرانی وەک مەحمودی دەوڵەتئابادی، نەسیم خاکسار، جەلال ئال ئەحمەد، شاملو، ئەخەوان سالیس، فروغ فەڕوخزاد و سادق هیدایەت. بەرهەمی ئەمانە قەدەغە نەبوو. لە سەرەتادا، فارسییەکەم باش نەبوو، بەڵام هەر زوو ڕاهاتم پێی بخوێنمەوە، تا وای لێ هات نەک تەنیا ڕۆمان و شیعر، بەڵکە کتێبی فکری و ڕەخنەی ئەدەبییش بە فارسی بخوێنمەوە.

لە سابڵاخ دەمویست هەرچی زووتر مەیدانی چوارچرا ببینم. ئەمە هەر لە سەردەمی منداڵییەوە لە مێشکمدا چەسپی بوو، چونکە کۆماری کوردستان لەوێدا جاڕ درابوو، بەڵام شەهیدبوونی پێشەوا قازی محەمەدیش هەر لەوێدا بوو. مەیدانی چوراچرایان پیشان دام، بە لامەوە جێگایەکی زۆر ئاسایی بوو. ئێوارەیەک ڕێم کەوتە کتێبفرۆشیی سەیدیان. کاتێک مامۆستا مەلا خەلیفە و میرزا سمایلی برای زانییان من کێم، زۆر گەرموگوڕ پێشوازییان لێ کردم. مەلا خەلیفە وتی من دەتناسم و شیعری تۆم خوێندووەتەوە. ئەمەم زۆر پێ سەیر بوو. بەڵام لەوەش سەیرتر، دەستی برد و لە سوچێکەوە دیوانەکەمی دەرهێنا و پیشانی دام. نە ئەوسا و نە ئێستاش، من تێنەگەیشتم ئەمەی چۆن دەست کەوتبوو؟ ئێمە ناوی سەیدیان و مەلا خەلیفەمان لە ڕێگەی مامۆستا هەژارەوە بیستبوو، کە لە یەک دوو کتێبی خۆیدا کۆمەڵێک قسەی تاڵ و ڕەقی لە دژ نوسیبوون. بەڵام ئەو چەند جارەی چووبوومە کوردستانی ئێران و سەردانی کتێبفرۆشیی سەیدیانم کردبوو، لەوە گەییشتم کە مامۆستا هەژار هەر بە ناهەق و لەبەر پارە ئەم شەڕەی هەڵگیرساندبوو. ساڵانێک دواتر ئەمەم بە مامۆستا هەژار خۆی گوت، بەڵام وەڵامێکی نەبوو.

هەر ئەو هاوینە بوو کە گۆرانیی (سەبری گوڵفرۆش)ی عەبباس و ڤیدا بە شێوەیەکی سەیر بڵاو بووەوە. دواتر زانیمان کە ئەمانە هونەرمەندان عەبباسی کەمەندی و خاتوو شەهێن تاڵەبانی بوون. ئەگەر باشم لە بیر مابێت، هەر ئەو سەردەمە بوو کە گۆرانیی (شیرین گیان)ی شەهابی جەزایری بووبوو بە گۆرانیی وەرز و ساڵیش. بە دوای ئەویشدا، (هایدە)ی گۆرانیبێژی فارس هەر ئەو گۆرانییەی بە شێوەیەکی زۆر جوان وتەوە و تا ڕادەیەکی باشیش دەربڕینی وشە کوردییەکانی پاراستبوو. شیعری گۆرانییەکەی (سەبری گوڵفرۆش) لە ژمارە یەکی گۆڤاری (تماشا)ی فارسیدا، هەر بە کوردی پەخش کرابوو. ئێمە ئەمەمان زۆر پێ خۆش بوو، زۆریشمان بە لاوە سەیر بوو، گۆڤارێکی فارسی شیعرێکی کوردی بڵاو بکاتەوە. شتی وا چۆن دەبێت؟ بەڵام وا دیارە بووبوو.

## ٣

سەرەڕای ئەو لایەنە تاریک و دزێوانەی شۆڕشی کوردستان، گەلێک لایەنی ڕووناک و جوان و خاوێن هەبوون، کە دەبێ باس بکرێن و جەختیان لەسەر بکرێت. پێشمەرگە بەوپەڕی ئازایەتی و فیداکارییەوە شەڕی لەشکری داگیرکاری عێراقی دەکرد، ئەگەرچی لە ڕووی چەک و ئازووقە و تفاق و تەقەمەنییەوە هێندەیش پێشکەوتوو نەبوون و بە هیچ جۆرێک لەگەڵ لەشکری عێراقدا بەراورد نەدەکران. عێراق چەکی زۆر پێشکەوتووی لە یەکێتیی سۆڤیەت وەردەگرت و دەستگای جاسوسیی سۆڤیەت هەموو زانیارییەکی پێویستی پێ دەگەیاندن. تەنانەت وێنەی ساتلیتی بەرەکانی شەڕ و بنکە و سەنگەرەکانی پێشمەرگەی دەگرت و دەیدا بە عێراقییەکان. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا پێشمەرگە لە زۆربەی هەرە زۆری شەڕەکاندا سەرکەوتوو بوون. هەر بە هۆی ئەم ئازایەتی و فیداکارییەی پێشمەرگەوە بوو کە ڕژێمی بەعسی عێراقی ناچار بوو پەنا بباتە بەر سازش لەگەڵ ئێراندا، چونکە دەیزانی بە شەڕ ناتوانێت شۆڕشی کورد لە ناو ببات و پێشمەرگە بشکێنێت.

لە دوای دووبەرەکی و لێکترازانی شۆڕش و پارتی لە بەهاری ١٩٦٤دا، ئەمە یەکەمین جار بوو کورد بەرەیەکی یەکگرتوو، سەرکردایەتییەکی یەکگرتوو و لەشکرێکی یەکگرتووی هەبێت. ئەمە، بێ هیچ گومانێک و بێ هیچ ئەملا و ئەولایەک، ئەنجامی ژیری و دووربینی و دڵسۆزیی مەلا مستەفای بارزانی بوو. لەو ڕۆژگارەدا، بێجگە لە مەلا مستەفای بارزانی، هیچ سیاسەتمەدارێکی کورد و هیچ هێزێکی سیاسی نەیدەتوانی هەموو کورد لە بەرەیەکدا کۆ بکاتەوە. تەنیا بارزانی دەیتوانی

ببێتە ڕێبەر و پێشەوای نەتەوایەتیی کورد. ئەم نەخشە پیرۆزەشی سەرکەتووانە جێبەجێ کرد.

لە ماوەی ئەو ساڵەدا ڕێکخراوی سیاسیی جۆراوجۆر و کەسانی خاوەن بیروباوەڕی جیاواز و هەزاران کەسی سەربەخۆ، لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستاندا بەشدارییان دەکرد. دیارە پارتیی دیموکراتی کوردستان خاوەنی شۆڕشەکە و بەرپرسی یەکەمی بەڕێوەبردنی سیاسی و سەربازی و کارگێڕیی کوردستان بوو. هاوکات ڕێکخراوی کاژیک، کۆمەڵەی مارکسیست لینینیستی کوردستان، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی کۆمونیستی عێراق– سەرکردایەتیی ناوەندی (القيادة المركزية) لە کوردستاندا هەبوون و کاری سیاسیی خۆیانیان دەکرد و سەرکردایەتیی پارتی و دەستگای پاراستنیش ئاگاداری هەموو کاروبارێکیان بوو. لەوانە بترازێت، کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش هەبوون و بە شێوەی جۆراوجۆر بەشدارییان دەکرد. مەبەستم ئەوە نییە بڵێم کوردستان هێندەی سویسرا دیموکرات و هێندەی سوێد ئارام بوو، بەڵام بارزانی، ئەگەر بیویستایە، دەیتوانی ڕێگە بە هیچ ڕێکخراو و بیروباوەڕێکی دیکە نەدات و پارتی ببێتە تاکە هێز و تاکە دەستەڵاتدار. کە ئەمە ڕووی نەدا، دیسان عەقڵێکی دووربین و دڵسۆزی لە پشتەوە بوو، کە مەلا مستەفای بارزانی بوو.

یەک ساڵی تەواو، بەهاری ١٩٧٤ تا بەهاری ١٩٧٥، من لە باڵەکایەتی، لە ناوپردان و چۆمان و ئازادی و حاجی هۆمەران ژیام و پێشمەرگە بووم، بەڵام زۆر بە داخەوە هەرگیز وا ڕێک نەکەوت، ئەگەر لە دووریشەوە بێت، چاوم بە بارزانی بکەوێت. ڕاستە من لە تەمەنێکدا نەبووم بتوانم ئاشنایەتیم لەگەڵ ئەو پیاوەدا هەبێت، بەڵام ئەگەر هەوڵم بدایە، ڕەنگ بوو بتوانم چاوم پێ بکەوێت. کەسانێکم دەناسین کە دەیانتوانی یارمەتیم بدەن. ئێستایش کە بیر لەوە دەکەمەوە زۆرم پێ ناخۆشە و پێم وایە هەلێکی گەورەی ژیانم لە دەست چوو، کە ئەو سەرکردە گەورەیەی مێژووی کوردم نەبینی.

## ٤

ئەمەی گێڕامەوە وێنەیەکی پاشخان و هەلومەرجی ئەو ساڵە بوو، کە لە مێژووی گەلی کورددا بوو بە سنورێک لەنێوان دوو بەشی فرە جیاواز و لەیەکنەچووی ژیان و خەبات و مێژووی نەتەوەیەکدا. ئەمە پاشخانێکی هاوبەشی هەموومانە، هەموو ئەوانەی ئەو ساڵە لە شاخ بووین و هەر یەکێکمان بە شێوەیەک لەو شۆڕشەدا بەشداریمان کرد. لەوەیە کەسانی جیاواز بە شێوەی جیاواز و جۆراوجۆر بیر لەو

ساڵە و لە ڕووداوەکانی بکەنەوە و هەر یەکێکمان، بە شێوەی تایبەتی خۆمان و لە ڕوانگەی خۆمانەوە هەڵیسەنگێنین. کاک جەلالی ساماغایش و منیش و دەیان هەزاری دیکەیش لەوێ بووین و ڕووداوەکانمان بینین. من هەرگیز ئەو پرسیارەم لە کاک جەلال نەکردووە، ئەو لەبارەی ئەو ساڵەوە چی دەڵێت و چۆنی بیر لێ دەکاتەوە. باوەڕ ناکەم پێویستیش بێت پرسیاری وەهای لێ بکەم.

(جەلالی عومەری سام ئاغا)، بەوە ناسراوە کە پیاوێکی دەستپاک، نیشتمانپەروەر، ڕەوشتبەرز و بە وەفایە. هەموو جارێک وا ڕێک ناکەوێت کەسێک هەموو ئەو لایەنە ڕووناکانەی لە کەسایەتیی خۆیدا جێ کردبێتەوە. کەسانی وا دەبێ شانازییان پێوە بکرێت و هیواخواز بین وێنەیان زۆر بێت و ببن بە نمونە بۆ کۆمەڵ. من لای ئەدا و تایبەخۆکانی دووەم و سێیەم و چوارەمدا ناوەستم، چونکە دڵنیام کەسانی دیکەیش هەن، بکرێ بەو جۆرە باس بکرێن و بنرخێنرێن، بەڵام تایبەخۆی یەکەم، کە دەستپاکییە، سەرنجم ڕادەکێشێت. بۆچی دەبێت لە کوردستانێکی پانوپۆڕدا، یا لە ناوچەیەکی فراوانی وەک سلێمانی و دەوروبەرەکەیدا، تاکەکەسێک وەک دەستپاک ناو دەربکات؟ ئەی ئەوانی دیکە؟

دەستپاکی ئەدایەک و تایبەخۆیەک نییە لە سنوری فیزیکی و ئەخلاقیی کەسێکدا قەتیس ببێت و کارکردەکەی لەو سنورەدا پەنگی خواردبێتەوە. بێگومان، تۆ لەگەڵ خۆتدا دەستپاکیت. خۆ ناچیت دزی لە خۆت بکەیت. دەستپاکی پێوەندیی بە کەسانی دیکەوە، بە خەڵکانی دیکەوە هەیە. دەستپاکی پێوەندیی بەوەوە هەیە کەسێک پارە، مووچە، سامان یا بژێوی خەڵکی بە دەست بێت و دەستی بە سەردا بڕوات، بەڵام هیچی لێ نەدزێت و نەشارێتەوە و بۆ بەرژەوەندیی خۆی، یا کەسوکار و دۆستو ئاشنای خۆی، بەکاری نەهێنێت. دەستپاکی ئەوەیە کەسێک پارە و سامان و دەستەڵاتێکی زۆری حکومەت یا هەر دەستەڵاتێکی لە بەردەستدا بێت، بەڵام بە پاکی بەکاری بهێنێت و هێندەی پوشێکی لێ نەخاتە لاوە بۆ سود و بەرژەوەندیی خۆی، یا بۆ کەسوکار و خزم و دۆست و ئاشنای خۆی. دەستپاک خۆی ئەو بەدکارییانە ناکات و ڕێگە نادات کەسانی دیکەش بیکەن. ئەگەر ئاگادار بێت کەسێک ڕەوتاری وای لێ دەوەشێتەوە لە قاوی دەدات و ڕیسوای دەکات. ئەمانە تەنیا چەند نمونەیەکن، ئەگەرنا دەتوانین چەندان پێناسەی دیکەیش بخەینە بەرچاو.

ئایا دەستپاکی بنەما و قانون و یاسایە یا ڕیزپەڕە (إستثناء)؟ ئەگەر لە ڕوانگەی تیۆلۆگی و فەلسەفەوە لێی وردببینەوە، وەڵامی جیاوازمان دەست دەکەوێت. یوسوفی پەیامبەر دەفەرموێت (إِنَّ النَّفْسَ لَأَمَّارَةٌ بِالسُّوءِ). ئەمە گشتاندنێکی تێدایە کە ڕەنگە ڕەوا نەبێت، بەڵام ئەو هەر زوو، ئەو گومانە

دەرەوێنێتەوە و دەڵێت (إِلَّا مَا رَحِمَ رَبِّي)(١٢). یوسوف ئەگەرچی پەیامبەرە، بەڵام مرۆڤیشە، ئەوەش باش دەزانێت کە مرۆڤ، یا نەفسی مرۆڤ، لاوازە، بۆیە هەر لە سەرەتاوە دەڵێت (وَمَا أُبَرِّئُ نَفْسِي). مام هەژار ئەو ئایەتەی وەها کردووەتە کوردی: (منیش هەرگیز هیچ پاکانە بۆ خۆم ناکەم. نەوس هەموو خراپەیەک بە پیاو دەکا؛ مەگین ئەوی پەروەرندەم بەزەیی پێدا بێتەوە). هەروەها عەلی شەریعەتی (١٩٣٣-١٩٧٧)، پشت بە فەلسەفەی ئیسلامی دەبەستێت و پێی وایە مرۆڤ تێکەڵاوێکە لە مادده (چونکە لە قوڕ/گڵ دروست کراوە) و ڕۆح (وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي خَالِقٌ بَشَرًا مِنْ صَلْصَالٍ مِنْ حَمَإٍ مَسْنُونٍ. فَإِذَا سَوَّيْتُهُ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِنْ رُوحِي فَقَعُوا لَهُ سَاجِدِينَ)(١٣). کوردییەکەی، بە تەرجەمەی مام هەژار، وەهایە: (کاتێ پەروەرندەت بە فریشتانی گوت: وا من مرۆم لە قوڕەڕەشەی بۆگەنیوی وشکەڵاتوو چێ کردووە؛ هەرگا ڕێکوپێکم کرد و لە گیانی خۆم فووم پێدا کرد، ئێوە بۆ سوژدەبۆبردن داوەرنەوە و دەمەوڕوو بن). کە وا بێت، شەریعەتی دەڵێت، هەمیشە دوو هێزی دژ بە یەک لە دەروونی مرۆڤدا، لە نەفسی مرۆڤدا، لە جەنگدان. گڵ بەرەو زەوی، بەرەو کردار و ئاکارە ماددی و نزمەکان ڕایدەکێشێت، ڕۆحیش بۆ سەرەوە، بەرەو ئاسمان، بەرەو نرخە پاک و بێگەرد و باڵاکان. بەڵام مرۆڤ دەتوانێت ڕاهێنان بە نەفسی خۆی بکات، مەشقی پێ بکات، بۆ کپکردنی لایەنە ماددییەکە و گەشاندنەوە و سەرخستنی لایەنە ڕۆحییەکە. ئەم مەشق و ڕاهێنانە لای سۆفییەکان بەشێکی گرنگی ڕێبازەکەیانە و پێی دەڵێن وەرزش یا ڕاهێنانی ڕۆح. دوالیزمی دوو هێزی دژ بە یەک لە دینی زەردەشتیشدا هەیە. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا لەناو پیڕۆیانی ئێزیدیدا زۆر بەهێزە. بێگومان لە دینەکانی دیکەیشدا بە شێوەی جۆراوجۆر بەرچاو دەکەوێت.

دیسان دەپرسمەوە: ئایا دەستپاکی بنەما و قانوون و یاسایە یا ڕێزپەڕە؟ لە وڵاتێکی وەک سویددا، خەڵک ناچن یەک تاکە مرۆڤ وەک دەستپاک دەستنیشان بکەن، چونکە چاوەڕوانییەکە ئەوەیە کە هەموو بەرپرسان و هەموو دەستەڵاتداران دەستپاک بن. بەڵام ئەگەر بەرپرسێک یا دەستەڵاتدارێک ڕێزپەڕ بوو، واتە دەستپاک نەبوو، لە دەستگاکانی ڕاگەیاندندا لە قاوی دەدەن و ڕیسوای دەکەن و لە کارەکەیشی دوور دەخرێتەوە. قانوونێکی سفت و بتەو و ئاشکرا ئەم کارانە ڕێک دەخات و هەمووان دەگرێتەوە. لە کوردستان وا پێ دەچێت دەستپاکی ڕێزپەڕ بێت و نادەستپاکی فەرهەنگ و نەریت و باو بێت. لە کەشێکی وەهادا،

---

(١٢) قورئان:یوسف: ٥٣.
(١٣) قورئان، الحجر: ٢٨-٢٩.

مرۆڤی دەستپاک ڕیزپەڕە، لە فەرهەنگ و نەریت لای داوە، هەر لەبەر ئەوەیش لای زۆربەی خەڵک، بە تایبەت لای بەرپرس و دەستەڵاتداران، خۆشەویست نییە. هەموو ئاوات دەخوازن ئەو دەستپاکەیش وەک ئەوان دزیی بکردایە، بەرتیلی بخواردایە و بە هۆی دزی و بەرتیلەوە دەوڵەمەند ببووایە.

## ٥

(جەلالی عومەری سام ئاغا)، هێندەی من ئاگادار بم، بیرەوەریی خۆی نەنووسیوە. لەوەیە لە ژیانی کاک جەلالدا، بە بۆچوونی خۆی، شتی هێندە سەیر و گرنگیش ڕووی نەدابێت، شایانی بڵاوکردنەوە بێت. بەڵام من دڵنیام ئەزموونی ئەو پیاوە بۆ بەربەرەکانێی گەندەڵی و دزی و نادەستپاکی چیرۆکێکی جوان و شایانی تۆمارکردن و خوێندنەوە بێت.

پێم وایە کاک جەلال دەخوێنێتەوە. باوەڕ ناکەم لە ئەدەبییاتەوە زۆر نزیک بێت، بەڵام دەزانم کتێبی بیرەوەری و سیاسی و مێژوویی دەخوێنێتەوە. حەزی لە مۆسیقایە، بە تایبەت مۆسیقای عەرەبی. حەزی لە سەفەریشە، بەڵام لەوەیاندا کورتی هێناوە. دەیتوانی هەموو دنیا بگەڕێت و ببینێت، کەچی زیاتر هەر ڕووی لە ئەورووپایە.


لە دیدارێکدا کە گۆڤارێکی کوردستان لەگەڵ کاک جەلالدا ئەنجامی دابوو، لەناو کۆمەڵێک باس و بابەتی جۆراوجۆردا، ڕووداوێک دەگێڕێتەوە، کە بە لای منەوە یەکێکە لە چیرۆکە هەرە جوانەکانی ژیانی ئەو پیاوە. خۆیشی دواتر بۆی گێڕامەوە، ڕووداوی ڕزگارکردنی کچێکی عەرەب لە مردن و ئەو پێوەندییەی کە دواتر لەنێوانیاندا دروست بوو. ڕەنگە نەتوانین چیرۆکەکەی ناو بنێین چیرۆکی عیشق و ئەوین و دڵداری، بەڵام پڕە لە نرخە تیشکهاوێژەکانی فیداکاری و وەفا و دڵسۆزی. ئەم نرخانەیش دەبنە کۆمەڵێک کەوانەی ڕەنگاوڕەنگی دیکە و دەچنە پاڵ ئەو پەلکەزێڕینەیەی بووە بە پەیکەری لە تیشک چنراوی جەلالی سام ئاغا. منیش، لە دوا بڕگەی ئەم نووسینەدا، هەر نزاکەی بیریاری گەورەی کورد مامۆستا مەسعوود محەمەد دەڵێمەوە:

چەپکێ گوڵ و چەپکێ نێرگز، مەرگی کورد نەبینم هەرگیز.

**(ئوپسالا، سوێد)**

# پاك بە و بێباك بە

د. ڕەفیق سابیر




**د. ڕەفیق سابیر، جەلالی سام ئاغا**
**سلێمانی - ٢٠١٧**

# ١

لە کۆتایی هاوینی ٢٠٠٥ گەڕامەوە بۆ کوردستان و لە سلێمانی نیشتەجێ بووم. لە ڕێی هاوڕێم کاک یوسف زۆزانی، کاک جەلالی سام ئاغام ناسی. دوای ماوەیەکی کەم، پەیوەندیمان پتەوتر بوو. کۆمەڵێک بەها و پرینسیپ و ئامانج و تێڕوانینی هاوبەش، لەبارەی ژیان و مرۆڤ و ئازادی و داهاتووی وڵات، ئێمەی لێک نزیک و نزیکتر کردەوە و بووینە هاوڕێ- دوو هاوڕێ، کە راشکاوانە و بێ کۆنترۆل و پەردە، لەگەڵ یەکتری دەدوێین، بە متمانەوە خەمی تایبەتی خۆمان، بۆ یەکتر هەڵدەڕێژین، راز و نیازمان، لای یەکتر دەدرکێنین.

ئەو کاتەی کاک جەلالم ناسی، هێشتا هەرێمی کوردستان، لە لایەن دوو حکومەتی هەولێر و سلێمانی، بەڕێوە دەچوو. کاک جەلال سێ ساڵێک بوو، وەک سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی، لە سلێمانی، دەستی بە کار کردبوو. لەو ماوە کەمەدا، دیوانی چاودێریی دارایی کردبوو بە دەزگایەکی چالاک و بە هەیبەت، کە وەزارەتەکان و ئەو ڕێکخراوانەی حکومەت هاوکاریی دارایی دەکردن، حیسابیان بۆ دەکرد. چونکە دەیانزانی، دەستەکانی دیوان، کە لە کەسانی شارەزا و بە توانا پێک هاتبوون، بۆ پشکنین و وردبینی، سەردانیان دەکەن. هەر سەرپێچییەکی قانوونی، ئیداری و دارایی ببینن، بە ئەمانەتەوە، لە راپۆرتەکانیاندا دەیان نووسن.

دیوانی چاودێریی دارایی، بە بەڵگەوە، دەری خست کە گەندەڵیی، لە هەندێک دەزگا و دامەزراوەی حکومەت و ڕێکخراوی ئەهلیدا، چەند بڵاوبۆتەوە و چۆن هەڕەشە لە کوردەواری دەکات. لە هەمان کاتدا پیشانی داین، دەزگایەک هەیە کە گەندەڵیی ئاشکرا دەکات، ئەمەش هیوا بەخش بوو. چونکە، دەرخستن گەندەڵیی، لە هەر وڵاتێک، کە تیایدا یاسا سەروەر بێت و ئەخلاقی بەرپرسیاریی هەبێت، سەرەتایەکی گرنگە بۆ چارەسەرکردنی و نەهێشتنی.

# ٢

کاک جەلال مرۆڤێکی پاکە، بۆیە بێ باکە. ئەمە سەرچاوەی هێز و بێمنەتیی کاک جەلالە، کە ئاوێتەی خواستی عەدالەتخوازی، ئیرادەی چاکویستی و مرۆڤدۆستی

بوون. بەڕێزی، وەک سەرۆک دەزگا و بەرپرسێکی حکومەت، چاوی لەوە نەبوو، لە ڕێی دەسەڵات و پۆستەکەیەوە، چی دەست دەکەوێت، بەڵکو لە خەمی ئەوەدا بوو چی بە وڵاتەکەی ببەخشێت. لەپاڵ بەخشندەیی خۆیدا، بەشیک لەو مافانەی، وەک کارمەندێک، کە بە پلەی وەزیر بوو، بە قانون بۆی دیاری کراون، ڕەتکردوونەوە. هەروا لە ڕێی دیوانی چاودێرییەوە، توانی بە دەیان ملیار دینار، بۆ خەزێنەی حکومەت بگەڕێنێتەوە.

کەسانێک هەن، لە هەر پۆستێکدا بن، هەیبەت و حورمەت بە پۆستەکانیان دەبەخشن. کەسانی تریش هەن، هەر پۆستێک وەربگرن، چەند گرنگ بێت، پۆستەکە سوک و بێ بایەخ دەکەن.

## ٣

تا کۆتایی ساڵی ٢٠١٠ هیوای چاکسازیی و نەهێشتنی گەندەڵیی زۆر بوو. دیوانی چاودێریی دارایی، بە بەردەوامی ڕاپۆرتەکانی خۆی، بۆ حکومەت و پەرلەمان و لایەنی تری پەیوەندیدار دەنارد. دەیان دۆسیەی گەندەڵی ڕەوانەی دادگا کرابوون، تا بەدواداچوونیان بۆ بکرێت. گەندەڵی بابەتێکی گرنگ و ڕۆژانەی میدیا و کۆڕو کۆبوونەوەکان بوو. ساڵی ٢٠٠٩ لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، پرسی چاکسازی و نەهێشتنی گەندەڵی، لە پرسە هەرە گرنگەکانی بەرنامەی هەڵبژاردنی لایەنە سیاسییەکان بوون.

لەو هەڵبژاردنەی پەرلەماندا، برادەرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پێشنیاریان پێ کردم، وەک کەسێکی سەربەخۆ، لە لیستی کوردستانیدا، کاندید بکرێم. پێش ئەوەی بڕیار بدەم، پرسم بە دوو هاوڕێی نزیکم کرد، یەکێکیان (جەلالی عومەری سام ئاغا) بوو، کە بە باشی زانی پێشنیارەکە قبووڵ بکەم. بەڕێزی، هەروا منیش، تا ئەو کاتە، لەو باوەڕەدا بووین کە هێشتا دەرفەتی چاکسازی و بنەبڕکردنی گەندەڵی، ماوە. بۆیە گرنگە پەرلەمانیش، لە دژایەتیی گەندەڵیدا، بەشدار بێت. لەوە زیاتر، چاو لە گەندەڵی و تاڵانکردنی سامانی گشتی نەپۆشێت و بەدواداچوون بۆ ئەو ڕاپۆرتانە بکات، کە دیوانی چاودێریی دارایی، بۆی ناردوون. هەروا کاک جەلال، پشتی بە بەڵێنێکی جەنابی مام جەلال، لە بارەی دەستکردن بە چاکسازی، ئەستوور بوو. لە چاوپێکەوتنێکدا، لەگەڵ کاک جەلال، کە لە ژمارەی یەکەمی گۆڤاری سپی میدیادا بڵاوکراوەتەوە، باس دەکات کە لە ٣١-١٢-٢٠٠٨ نامەی دەستلەکارکێشانەوەی لە پۆستەکەی، بۆ جەنابی مام جەلال و مەکتەبی سیاسیی ناردووە بەڵام جەنابی مام جەلال قبووڵی نەکردووە. دواتر کاک جەلال دەڵێ: «هەروا بەڵێنیشی پێدام کە بەم

زووانە دێتەوە بۆ سلێمانی و خۆیشی سەرپەرشتی پرۆسەی چاکسازی دەکات و وتیشی تۆش (واتا من) سەری رمەکە دەبیت. بەڵام بە داخەوە نەیتوانی بەڵێنەکەی جێبەجێ بکات، بۆیە منیش جارێکی تر بە کورتی دەستلەکارکێشانەوەکەم تازە کردەوە و بە ئیمەیل، لە رێی ئاراسی شێخ جەنگییەوە، بۆم نارد، کە ئەو کات جەنابی مام جەلال لە کۆریای باشوور بوو. ئەویش کاک عیماد ئەحمەدی راسپارد کە پێم رابگەیەنێ کارەکەم بەجێنەهێڵم، کە گەڕایەوە هەموو شتێ بە دڵی من دەکات. بەڵام بە داخەوە ئەمەش جارێکی تر جێبەجێ نەکرا.» (لاپەڕە ٩).

دوای هەڵبژاردنی پەرلەمان، بۆ یەکەم جار، لیژنەی نەزاهەت پێکهێنرا. بەندە بە سەرۆکی ئەو لیژنەیە دیاری کرا. لە ماوەیەکی کورتدا لیژنەکە، سەردانی دیوانی چاوێریی دارایی سلێمانی و هەولێر و دەستەی داواکاری گشتی و دادگای ئیداریی کرد. رێککەوتین پێکەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، هەماهەنگی و هاوکاریی یەکتری بکەین. تەنیا سەرۆکی دیوانی چاودێریی هەولێر نەبێت، کە وتی: ئەوان راپۆرتەکانیان بۆ حکومەت دەنێرن، بەبێ رەزامەندی سەرۆکی حکومەت ناتوانن هاوکاریمان بکەن. ئەم قسەیە مایەی سەرسوڕمان بوو. چونکە، بە پێی قانون، دیوان سەر بە پەرلەمانە، نەک حکومەت. ئایا ماقوڵە دەزگایەکی سەر بە پەرلەمان، بەبێ رەزامەندیی سەرۆکی حکومەت، نەتوانێت راپۆرتەکانی، لەبارەی کاری دەزگاکانی حکومەت (دیارە ئەگەر راپۆرتی لەم جۆرە هەبن) بداتە پەرلەمان!!

ئەو ساتە وتەیەکی (کۆنفۆشیۆس)م بە بیردا هات، کە دەڵێت: «زەحمەتە لە ژوورێکی تاریکدا پشیلەی رەش بگریت، بە تایبەت ئەگەر ئەسڵەن پشیلە لە ژوورەکەدا نەبێت».

دوای ماوەیەکی کەم، لەناو پەرلەمانەوە، کۆسپ و بەربەست، بۆ لیژنەی نەزاهە، دروست کران، بۆ ئەوەی دەستبەستراو بکرێت. ویستمان سەرەتا لەو تومەتانە بکۆڵینەوە، کە لە بارەی گەندەڵیی ناو پەرلەمان و بەهەدەردانی پارەی پەرلەمان، باس دەکران و لە هەندێک گۆڤاریشدا، بڵاوکرابوونەوە. بەڵام سەرۆکی ئەو کاتەی پەرلەمان رێگریی لێ کردین. ئەو دەمە بە کاک جەلالم وت: ئەگەر نەهێڵن دەوروبەری خۆمان پاک بکەینەوە، چۆن رێگە دەدەن روو لە جێگای تر بکەین! هەروا سەرۆکی پەرلەمان، سەرەتا، بەڵێنی پێداین، راپۆرتەکانی دیوانی چاودێریی دارایی، بخاتە بەردەستمان، تا بەدواداچوونیان بۆ بکەین. بەڵام دواتر پەشیمان بۆوە.

نزیکەی ساڵ ونیوێک تێپەڕی، گەندەڵیی و بێدادی، نەک هەر کەمتر نەبوون، بەڵکو وەک ڤایرۆس، بڵاوتربووەوە. سەرەتای بێزاری و خۆپیشاندان بۆ چاکسازی و نەهێشتنی گەندەڵی و بێدادی، لە هەندێک شار و شارۆچکە، دەستیان

پێکرد. رۆژی ١٧ی شوباتی ٢٠١١ لە خۆپێشاندانێکی ئاشتییانەدا لە سلێمانی، کە خەڵک داوای چاکسازییان دەکرد، دڕندانە، تەقە لە خۆپێشاندەران کرا، چەندانیان، شەهید و بریندار کران. ئەمانە یەکەم قوربانیانی ڕێگای چاکسازی و نەهێشتنی گەندەڵی بوون.

کاک جەلال، ئەو کاتە لە کوردستان نەبوو. لە رۆژی ٢٦ی شوبات، لە پاریسەوە، نامەیەکی نارد و ئەو تاوانەی مەحکوم کرد. لە نامەکەیدا، هاتووە: «ئەو گوللانەی بە سنگی گەنجانەوە نران، دەبوو بنرێن بە گەندەڵییەوە».

ئەم تاوانە بەو ئەنجامەی گەیاندم کە دەسەڵاتێک، بتوانێت بە تیرۆر و کوشتن وەڵامی داخوازیی رەوای خەڵک بداتەوە، داهاتووی نییە، نایەوێ و ناشتوانێت چاکسازیی بکات. بۆیە لە بەردەم خۆپێشاندەرانی بەردەرکی سەرا و لەناو پەرلەماندا، ئەم تاوانەم مەحکوم کرد، هەروا دەستبەرداری لیژنەی نەزاهە بووم. لە نوسراوێکدا، کە رۆژی ٢١ی شوبات، بۆ سەرۆکایەتیی پەرلەمانم نارد، هاتووە:

«لەبەرامبەر خوێنی بەناهەق ڕێژراوی جوانەمەرگان ڕێژوان عەلی و سورکێو زاهیر و هاوڕێ بریندارەکانیاندا، کە بە هەق قوربانییانی خەباتی دژە گەندەڵین، لام شەرمە سەرۆکی لیژنەیەک بم، لە پەرلەماندا، کە گوایا بۆ دژایەتیی گەندەڵی پێکهێنراوە. من موراڵی ئینسانیم و گیانی کوردایەتی و پەیامی شاعیرانەم ڕێگەم پێ نادەن ئەم زوڵمە گەورەیە قبوڵ بکەم.» چەند مانگێک دواتر، رۆژی دووی ئۆکتۆبەر، بە نوسراوێکی تر دەستم لە کاری پەرلەمان کێشایەوە.

## ٤

کاک جەلال، وەک سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی، پێشەنگی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بوو، لە ناو دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمدا. دەیزانی دیاردەی گەندەڵی چ مەترسییەکی بۆ کوردەواری دروست کردووە. لە چاوپێکەوتنەکەی گۆڤاری (سپی میدیا) ئەکتەرەکانی گەندەڵی دیاری کردووە و دەڵێت:»گەندەڵی لە کوردستان وەک سێکوچکەیەکی لێ هاتووە، کە سیاسییەکان، لوتکەی سێکوچکەکەن و دوای ئەوان خاوەن کۆمپانیاکان و دواتر پۆستە باڵاکانی حکومەت دێت. ئەم سێکوچکەیە هاوکێشەیەکی سەیر و سەمەرەی مافیاویی سیاسی و سەرمایەداریی مافیاویو فەرمانبەری مافیاویی دروست کردووە. زۆر جار وەک شێوەی هەڕەمێک دەردەکەون، کە ئەمیان لەسەر شانی ئەویان راوەستاوە، ئەمانە هاوشێوەی نەهەنگ، هەموو شتێک قووت دەدەن» (ل٤).

کاری سەرەکی کاک جەلال و دیوان، بە پێی قانون، رووی لە کوچکەی سێیەم

بوو، واتا (پۆستە باڵاکانی حکومەت). کاک جەلال شایستەی ئەوە بوو، ئەم خەباتە، بە تایبەت دوای خانەنشینبوون، بباتە دەرەوەی دەزگاکانی حکومەتیش، واتا دەست بە خەبات دژی (مافیاویی سیاسی و سەرمایەداری مافیاوی) بکات. تا لە ڕێگای بزاڤێکی کۆمەڵایەتیی مەدەنییەوە، بە شێوازی ئاشتیانە و دیموکراتانە، فشار بۆ دەسەڵات بهێنرێت و ناچاری چاکسازی بکرێت.

ڕۆژانی دوای کوشتارەکەی حەڤدەی شوبات، زەمینەی دروستبوونی بزاڤێکی لەو جۆرە ڕەخسا بوو، کە پێویستیی بە کەسێکی وەک کاک جەلال بوو، بەشداری یان ڕابەرایەتیی بکات. دوای گەڕانەوەی کاک جەلال بۆ سلێمانی، لەم بۆچوون و چاوەڕوانییەوە، پێشنیارم پێکرد سەردانی خۆپێشاندەرانی بەردەرکی سەرا بکات، بەڵام بەڕێزی ڕایەکی تری، لەم بارەیەوە، هەبوو، کە بۆ من مایەی ڕێز بوو.

هەرێمی کوردستان، ئەمڕۆ زیاتر لە هەر کاتێکی تر، پێویستی بە بزاڤێکی فراوانی کۆمەڵایەتی هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی دیاردەی گەندەڵی و نەهەنگەکەی گەندەڵی، بەتایبەت مافیاویی سیاسی، کە لە دەسەڵاتدان. ئەوان سەری فەسادین و سەد لە سەد بەرپرسن لە گەندەڵی و ڕێگرن لە چاکسازی، چونکە خۆیان و کۆمپانیاکانیان، بایی دەیان ملیار دۆلار موڵک و سامانی وڵاتیان قووت داوە. کاک جەلال لە هەمان چاوپێکەوتندا، دەڵێت: «دەبێت شۆڕشێک دژی گەندەڵی و گەندەڵکاران بەرپا بکەین». ئاشکرایە ئەو شۆڕشە دەبێت سەرەتا لە دژی گەندەڵکارانی سیاسی و مافیاویی سیاسی دەست پێ بکات.

ئەمڕۆ گەندەڵی، دەیان هێندەی ڕۆژانی خۆپێشاندانەکانی شوباتن. ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە دەست بەو شۆڕشە بکرێت؟ بۆ ئەوەی موڵک و سامانی تاڵانکراوی وڵات، بۆ خاوەنەکەی، گەلی کوردستان، بگەڕێنرێنەوە و لە نێو جوامێری، وڵاتپەروەری، پاکی و شەڕافەتمەندی، لە کوردەواریدا، سەروەر بکرێنەوە.

## ٥

کاک جەلال مرۆڤێکی قسەخۆش و خۆشمەجلیسە. روون و پوخت دەدوێت. بە ڕێزەوە گوێ بۆ بەرامبەرەکەی دەگرێت. ئەزموونی ژیان و خوێندنی زانکۆ و نیوسەدەیەک کاری ژمێریاری و وردبینی و بەرپرسیاری، ئەویان کردۆتە کەسێکی بە دیسیپلن و جیدی، واقیعبین و نەفەسدرێژ، ورد و پڕدیقەت، کە مەرج و پێوانەی تایبەتی، بۆ هەر کار و کردارێک هەیە. کەمتەرخەمی و خوارڕۆیی قبووڵ ناکات. ئەخلاقی بەرزی بەرپرسیاریی دەپارێزێت. ڕێز و حورمەت لە کار و کارمەندی چالاک و بوێر و سەرڕاست دەگرێت و پاداشتیان دەداتەوە. تەنانەت دوای

دەستلەکارکێشانەوەی، پارچە زەوییەکی خۆی فرۆشت، پارەکەی خستە بانکەوە، تا سوودەکەی، سالانە وەک خەلات، پێشکەشی کارمەندی نموونەیی دیوان، ژن و پیاو، بکرێت.

کاک جەلال سادە و ئاسایی بە تەنیا دەژی. خۆی، بە روویەکی خۆش و بە حورمەتەوە، پێشوازیی میوان و هاوڕێیانی دەکات. چایان بۆ لێ دەنێت. میوە، شیرینی، یان هەر شتێکی لەو جۆرە، کە لە ماڵەکەیدا هەبێت، دەخاتە بەردەمیان. ئەگەر میوانەکان زۆر بوون، ڕێگا دەدات هاوڕێ نزیکەکانی، کە بە (ئەندامانی کارا) ی ماڵ قبووڵ کراون، لەگەڵ ئەو هەڵبسووڕێن. کاتی ماڵئاوابوون، گەرما بێت، یان کڕێوەو باران، تا بەردەگا، میوانەکانی بەڕێ دەکات. وەک مرۆڤێکی چاوتێرو دەستودڵ کراوە، هەرچی لە خۆی و ژیانە سادە و ئاساییەکەی زیاد بێت، حەز دەکات بیان بەخشێت. لەگەڵ هاوڕێیانیدا میهرەبانە و راشکاوانە لەگەڵیان دەدوێت. بەتەنگیانەوە دێت و ماڵ و دڵی بە روویاندا ئاواڵەیە. خۆشییەکانی خۆی لەگەڵ ئەواندا بەش دەکات، هاوبەشی خەم و ناخۆشییەکانیان دەبێت. ئەگەر کەسێک داوەت بکات، لەگەڵ ئەو چەند هاوڕێیەکی تر، کە ناسیاوی ئەو کەسەن، یان کاک جەلال حەز دەکات بە یەکتریان بناسێنێت، بانگ دەکات. لە خواردن و خواردنەوەشدا حیسابی ئەوە دەکات، کە لەوانەیە لەناکاو کۆمەڵە هاوڕێیەک، تەلەفۆن بکەن و بێن. تەنانەت ئەو جارانەی ئەختەر خانی خوشکی، گیانی شاد بێت، بە تایبەت رۆژانی هەینی یان شەممە، خواردنێکی تایبەت و بەتامی بۆ دەهێنا، کاک جەلال بە تەنیا بە گەروویدا نەدەچوو، حەزی دەکرد، ئەگەر کەمیش بێت، لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا، لەوانە بەندە، پێکەوە بیخۆن. جار هەبووە خواردنەکە بۆ دوو کەس، یان دوو ژەم لێنراوە، کەچی سێ-چوار کەس لە دەوری کۆبووینەتەوە. دەڵێن دوو پاشا لە وڵاتێکدا جێیان نابێتەوە، کەچی دوو دەروێش بە بەرماڵێک رازین. لە ماڵی ئاوەدان و لەسەر خوانی پڕ مەحەبەتی کاک جەلالیش، تەنانەت چوار کەس دەتوانن بە دوو کفتە، یان قاپێک یاپراخ، یاخود خواردنێکی کەمی لەو جۆرە، قەناعەت بهێنن.

## ٦

کەس بە دز و گەندەڵی لەدایک نابێت. پەروەردەی خێزان، هەلومەرجی کۆمەلایەتی و سیاسی، نەبوونی کۆنترۆڵ و لێپرسینەوە و سزا، دەتوانن مرۆڤ بەرەو گەندەڵی و کوشتن و چەتەیی بەرن. مرۆڤ، بە پێی سرشتی خۆی، وەک ئاژەڵێک، لاوازە. زۆر نین ئەوانەی دەتوانن، لەبەردەم پارە و دەسەلاتدا، خۆیان رابگرن و نەدۆڕێن، وەک ئینسان بمێننەوە و نەگۆڕدرێن. بەلام، بە بۆچوونی بەندە،

کەسانێک هەن بە غەریزە پاک، سەرڕاست و هەقخوازن. جوامێری و دادخوازی و شەرافەتمەندی، بەشێکن لە پێکهاتە و کەسایەتییان و لەگەڵ خوێنیاندا تێکەڵاو بوون. ئەو جۆرە کەسانە، لە هەر کات و شوێن و هەلومەرجێکدا بن، هەر پلە و پۆستێکیان هەبێت، پاک، دادخواز، جوامێر و نەفسبەرز دەمێننەوە، چونکە کارێکی پێچەوانەی ئەمانەیان لەدەست نایەت. بە رای من کاک جەلال لەم جۆرە کەسانەیە.

ولات بە کاک جەلالەکانەوە جوانە، بە ئەوان دروست دەکرێت، ئازاد، پڕداد و ئاوەدان دەبێت.

**(ئۆپسالا)**

# (جەلالی عومەری سام ئاغا)

د. حەمە ڕەشید قەرەداخی(*)
مامۆستا لە زانکۆی کۆیە بەشی مێژوو




**جەلالی سام ئاغا، د. محەمەد ڕەشید قەرەداغی**

**سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی**

**٢٠/١٠/٢٠٠٨**

ئەگەر ئەتەوێ لە هەست و نەستی شار تێ بگەیت و بارودۆخی ڕاستەقینەی سلێمانی و کوردستان بزانی، ئەوا بچۆرە ماڵی کاک (جەلال سام ئاغا)، چونکە بەبێ ئەوەی بە شوێنیدا بگەڕێ کاک (جەلال) دوا دەنگوباسی لە هەموو کون و قوژبنێکەوە بۆ دێ.

ماڵی کاک (جەلال) هەمیشە جمەی دێت چونکە ئەم برادەرە وەک موگناتیس وایە خەڵک ڕادەکێشێ بەبێ جیاوازی ڕای سیاسی و پێگەی کۆمەڵایەتی و پلەوپایەی حکومی و ئەگەر ئەوەندە بەختەوەر بێ بیناسی، ئەوا هەرگیز لێی نابیتەوە. کاک (جەلال) سیحرێکی تایبەتی تێدایە، کە لە کەم کەسدا بینیوومە. گرنگ نییە باسی چی لەگەڵ دەکەیت، چونکە باسەکە هەرچییەک بێ ئەوەندە لقی لێ ئەبێتەوە هەرگیز تاقەتت ناچێ و حەز ئەکەیت تا بتوانی درێژە بە دانیشتنەکە بدەیت. ئەو سیحرە تایبەتییەی کە وتم لە کاک (جەلال)دا هەیە وات لێ ئەکات، کە حەز بکەیت هەر گوێ لە قسەکانی بگری. کات لەگەڵ کاک (جەلال)دا زوو ئەڕوات. تەنانەت دەنگیشی تایبەتمەندێتیی خۆی هەیە، کە خۆشە بە گوێ. خۆ زۆریش لەسەر یەک باس ناڕوات، بەڵکو لەم باسەوە ئەچێ بۆ ئەو باس، بەڵام هەموویشی پێکەوە دەبەستێتەوە. کاک (جەلال) پیاوێکی سادە و قسەخۆشە.

من ماوەی بیست ساڵە کاک (جەلال) ئەناسم. هەر لە یەکەم ڕۆژەوە وام زانیوە بە درێژایی ژیانم ناوسیوومە. هەموو جارێک کە دێمەوە بۆ سلێمانی یەکێک لەو برادەرانەی کە ئەمەوێ زوو بیان بینم و زۆریش بیان بینم کاک (جەلال)ە، چونکە هەمیشە تامەزرۆی قسە خۆشەکانی و دانیشتنەکانیم.

ماڵی کاک (جەلال) وەک (تەکیە) یا دیوەخان وایە، چونکە هەمیشە کراوەیە و هەمیشەش پڕە لە خەڵک. کە ئەچیتە ماڵەکەی وا هەست ئەکەیت لە ماڵی خۆت دای. هەمیشەش دۆستی نوێ ئەدۆزیتەوە لەوێ. ماڵی کاک (جەلال)، واتە دیوەخانەکەی، هەمیشە کراوەیە بۆ ئەو کەسەی بیەوێ بچێتە لای.

کاک (جەلال) پیاوێکی سەخییە. قوتابخانەیەکی بنەڕەتی (پۆلی ١- ٩) لەسەر ئەرکی خۆی و بنەماڵەکەی دروستکردووە بۆ پێگەیاندنی منداڵی کورد. کۆتایی

پار (٢٠١٨) کرایەوە و ئێستا قوتابیان تێیدا دەخوێنن. من قوتابخانەکەم دیوە، زۆر ڕێکوپێک دروستکراوە بە شێوەیەکی سەردەمییانە، هەروەها ماڵەکەی کە ئێستا تێیدا ئەژی بەخشیوە بە ڕێکخراوی خێرخوازی بۆ بەکارهێنانی دوای خۆی.

کاک(جەلال) پیاوێکی ڕۆشنبیر، زمانزان، زانا، شیعر دۆست و قسە خۆشە، بەلام لە هەموو شتێک زیاتر بە دوژمنی گەندەڵی و گەندەڵکاران ناسراوە. بڕوا ناکەم لە سلێمانی و بگرە لە هەموو کوردستانیشدا کەس هەبێ ناوبانگی کاک (جەلال)ی هەبێ بۆ پاکی و دەسپاکی و ڕاستی و دڵسۆزی لە کارەکەیدا. هەر بۆیە بە «پیاوە سپییەکە» ناسراوە. لە دیدارێکدا کاک (جەلال) ئەڵێت «دەبێت شۆڕشێک دژی گەندەڵیو گەندەڵکاران بەرپا بکەین.» هەر بۆیە کە سەرۆکی «دیوانی چاودێری دارایی» بوو خولیای ئەوەی بوو گەندەڵی لە کوردستان نەهێڵێ و هەوڵێکی زۆری دا پەردە لەسەر گەندەڵکاران لاببات و بیان دا بە دادگا تاکو سزای خۆیان وەرگرن، بەڵام بە داخەوە گەندەڵکاران بە سزای خۆیان نەگەییشتن، هەر وەک خۆیشی لە هەمەن دیداردا ئەڵی «٨ دۆسیەی گەندەڵمان ڕادەستی دادگا کردووە کوا چارەنووسیان؟»

کاک (جەلال) خۆشەویستی زۆرە. ئەوەی کە بیناسێ یا ناوبانگی بیستبێ خۆشی ئەوێ، چونکە ئەوەندە ناوبانگی بە پاکی و سەرڕاستی دەرچووە. هەر بە هۆی ئەم پاکی و بەویژدانی و نیشتمانپەروەری و ڕابوردوو پاکییەوەیە کە چەندەها برادەری خۆی و ئەندامی حیزبە جیاجیاکان و خەڵکی بێلایەن خواستیان وا بووە و داواشیان لێ کردووە کە خۆی بپاڵێوێ بۆ پۆستێکی بەرز لە هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەو ملی نەداوە.

دانیشتنی کاک (جەلال) زۆر خۆشە. کاتت زوو لێ ئەڕوات کە لەگەڵی دائەنیشی. هەرگیز تاقەتت لە قسەکانی ناچێ، چونکە باسەکە بە سەرگوزەشتە و پەندی پێشینان و قسەی نەستەق خۆش ئەکات. کاک (جەلال) پیاوێکی زمانزانە. لە زمانی (عەرەبی)دا کەم کورد ئەیگاتێ و ئەتوانم بڵێم لە ناو عەرەبیشدا کەم ڕۆشنبیر و زمانزان شان لە شانی ئەدا. شیعر و پەندی پێشینانی عەرەبیش زۆر لەبەرە و لە قسەکانیدا بەکاریان دەهێنێ و باسەکە خۆشتر و بەپێزتر ئەکات. کوردییەکی پەتی خۆش قسە ئەکات و لە زمانەکەیشدا دەستی باڵای هەیە.

کاک (جەلال) یەکێکە لەو کەسانەی کە بوویت بە برادەری ناتەوێ هەرگیز لێوەی دوور بیت. من شانازی بە هاوڕییەتی و دۆستایەتی ئەم برادەرە خۆشەویستە ئەکەم. خۆم بە بەختەوەر ئەزانم کە ئەیناسم.


(*) د. محه‌مه‌د ره‌شید قه‌ره‌داخی له ناوچه‌ی قه‌ره‌داغ له‌دایک بووه، بڕوانامه‌ی دکتۆرای هه‌یه له (ئینگلیزی)دا له زانکۆی (کالیفۆرنیا – سانتاباربرا). مامۆستای ئینگلیزی و عه‌ره‌بی بووه، هه‌روه‌ها وه‌رگێڕ بووه. دانه‌ری فه‌رهه‌نگی ( ئازادی) ئینگلیزی-کوردی) (٢٠٠٦) و (ئازادی نوێ) ئینگلیزی-کوردی یه (٢٠١٥). ده‌یان وتاری نووسیوه به ئینگلیزی له‌سه‌ر کێشه‌ی کورد و بڵاویکردۆته‌وه له‌سه‌ر ئینته‌رنێت. له (کالیفۆرنیا) له شاری (مۆنترێ) ده‌ژی.

# ڕۆژی ٢٠١٩/١/١

# لەگەڵ جەلالی سام ئاغادا

## دکتۆر قارەمان شێخ بزێنی

**مامۆستا لە زانکۆی کۆیە بەشی مێژوو**



جەلالی سام ئاغا، د. قارەمان شێخ بزێنی
ماڵی جەلالی سام ئاغا
٢٠٢٠/٦/٧

ڕۆژی سەری ساڵ کلیلی ساڵێکی نوێیە و سەرەتای هیوایە بۆ تێپەڕاندنی کێشە و نەهامەتی و ئاستەنگەکانی ساڵی ڕابردوو، ڕۆژێکە مرۆڤەکان بە ئۆمێدەوە دەڕواننە ڕووداوەکانی ساڵی نوێ، بۆ زۆرێک بەختەوەرییە و هەوڵدەدات خۆشی و چێژ لەو یادە وەربگرێت، ڕەنگە من یەکێک بم لەو کەسانەی بە ئامانجی قازانج و چێژ و سودوەرگرتن ڕووم کردبێتە ماڵی کاک جەلالی سام ئاغا، بەڵام چ چێژ و چ قازانجو چ سوودێک، گەورەترین قازانج بۆ من ئامۆژگارییە پڕ بەهاکانییەتی، لوتکەی چێژ بینین بۆ من، هێمنی و لە سەرخۆییەکەیەتی، کە چۆن وشەکان ڕێزدەکات و دەیەوێت تێمان بگەیێنێت، بەرەنگاربوونەوەی ستەمکاران و گەندەڵکاران کارێکی ئاسان نییەو تاقەتپڕوکێنە، سەنگەر و قەڵای گەندەڵکاران بەهێزە و ڕووخان و زاڵبوون بە سەر ئەو قەڵایەدا کارێکی قورسە، بەڵام مەحاڵ نییە. لەو ڕۆژەدا بە هێمنییەوە گوێم بۆ هەڵخستبوو، بیرم دەکردەوە و دەم ڕوانییە سیما و جووڵەی جەستەی، بەراوردم دەکرد و کارەکانیم لێکدەدایەوە و لەبەرخۆمەوە دەموت: ئایا دەبێت لێپرسراوێک لەم نیشتمانەدا هەبێت، کە زیاتر لە جارێک لە نێو خۆشبەختانی دەسەڵاتی خۆماڵیی کوردیدا داوای کەمکردنەوەی مووچەکەی بکات و لە خۆیەوە دەست بە چاکسازی بکات؟ ئایا دەکرێت سەختترین ڕێگا بگریتەبەر و ژیانی خۆت بخەیتە موزایەدەوە، بەرەنگاری گەورە ستەمکاران و گەندەڵکاران و زۆرداران بیتەوە و پاسەوان ڕەتکەیتەوە؟! بەدەم قاوە خواردنەوە تەماشام دەکرد و شرۆڤەم دەکرد، لە خۆم دەپرسی: ئایا دەکرێت ئەم مرۆڤە پێست سپییە نەرمونیان و لەسەرخۆیە ئەو ئەفسانەیە بێت لە نێو دەریایەک لە تاریکیدا مۆمێکی پێکردووە؟ ئایا چۆن توانی شۆڕشێکی گەورە بە تاقو تەنیا بەرپا بکات بێ ئەوەی بێتە سەر شەقامەکان و وتاف بکێشێت، یاخود خۆی بکاتە پاڵەوانی شاشەکان.. وشەی باقوبریق ڕیز بکات، یان مان بگرێت و نان نەخوات، یان کۆڕ و سیمینار ڕێکبخات و خەڵک هانبدات... بەردەوام بووم لە بیرکردنەوە.. بەڕێزیشیان خۆیان بە میوەخواردنەوە سەرقاڵکردبوو، جاروبار وتەیەکی خۆشی بۆ دەگێڕامەوەو باسی ژیانی زانکۆیی و بەراوردی ڕادەی زانستی و لێهاتوویی ئەو دەمو ئێستای بۆ دەکردم، کە چ کارەسات و ماڵوێرانییەکە بەسەر زانست و زانیاریدا هاتووە، جاروبار نیگای دەکرد و پێی دەوتم کاکە زانستە دەتوانێت مرۆڤایەتی پێش بخات،

زانستە مرۆڤی گەیاندە ئاسمانەکان و ئاشنای کرد بە کەشکەڵانی فەلەک، زانستە ئاشتخوازیی بەرهەم دێنێت، ئاسایش بەرقەرار دەکات، زانست ژیان پێش دەخات و خۆشگوزەرانی بەرهەم دێنێت.

ئاخر چۆن دەکرێت زانست ئەتک بکرێت، ئاخر چۆن دەکرێت بڕوانامەکان بێ بەها بکرێن، ئاخر چۆن دەکرێت دەرچووی یاسا بێت و لە بڕگە و ماددەکاندا هەژار بێت، ئاخر چۆن دەکرێت و چۆن دەکرێت...! منیش لە لایەک گوێبیستی قسەکانی ئەو بووم و لە لایەکی تر لە شرۆڤەکردنی کارە دانسقەکانی بەردەوامبووم، لەبەر خۆمەوە دەمووت: ئێ خۆ خەڵکی سڵ لە پیلان و کوشتن و بڕین بۆ گەییشتن بە دەسەڵات ناکاتەوە، خەڵکی کودەتا دەکات و یەکتر قرچ و بڕ دەکەن بۆ گەییشتن بە پۆستی باڵا، بەڵام ئەم کارێکتەرە پێشنیاری کاندید بوونی بۆ سەرۆکی هەرێم و پۆستی سەرۆکی نەزاهە و پۆستی وەزیری دارایی هەرێم (دوای خانەنشینکردنی) ڕەتکردەوە. لەوانەش گەڕێ، ئایا دەکرێت پلەت وەزیر بێت، بەڵام ئامادە نەبیت وەکو وەزیر بژیت؟ پاسەوان لە نێوماڵ تەراتێن نەکات، پرسگە نەبێت، دیوار تەلبەند نەبێت، دەرگا تا نیوە شەو واڵا بێت. ئەمانە خەیاڵمی بەرەو بیرکردنەوەی قوڵ دەبرد، شرۆڤەکانم بۆ کۆ نەدەکرایەوە، جارجارە شعوری شانازیم بۆ دەهات، کە لە نێو کوردیشدا کەڵەپیاوی مەزن هەن، گوێ بە خۆیان و ژیانی تایبەتی بەرژەوەندییەکانیان نادەن، جاروبار هەستێک دروست دەبوو دەمووت: ئایا دەبێت ئەم مرۆڤە مەزنە شێت نەبووبێت. ئێ ڕەنگە ناهەقم نەبێت، چونکە نموونەی لەو شێوەیەم لەنێو کۆمەڵگای کوردیدا نەبینیووە! هەموو ئەمانە لە کاک جەلالی عومەری سام ئاغادا پراکتیزە بووە، کەوا بێت.. ئەم مرۆڤە دانسقەیە و ئەفسانەیە! لەنێو مۆزەیەکی جەنجاڵدا لەنێو کۆمەڵگایەکدا کە تارمایی گەندەڵیو دزی و فزی دایپۆشیوە، بەڵام ئەم کارێکتەرە هەرگیز پۆستپەرست نەبووە و هەوڵی نەداوە پۆستی پێ بدرێت، تەنها لە کاتێکدا فشاری زۆریان بۆ هێنا بێت. سەیر لەوەدایە ئەوەی حەوت پشت باوک و باپیران کۆییان کردبۆوە، ئەم دەیبەخشێت.. بۆ نموونە خانوە تایبەتییەکەی خۆی.. پێش زیاتر لە (١٥) ساڵ پێشکەش بە وەزارەتی تەندروستی کردووە و تاپۆی کردووە لەسەریان، هەروەها زەوییەکی خۆی بەخشییە دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی، دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانیش بە بڕی زیاتر لە ٧٠ ملیون دینار فرۆشتیان و پارەکەی خرایە بانکەوە و قازانجی ساڵانەی ئەو پارەیە بە فەرمانبەری نموونەیی و لێهاتوو لەنێو دەزگای چاودێریی و دارایی و خانم سەلاری ئەو دەزگایە وەکو (جەلالی عومەری سام ئاغا) دەبەخشرێت، ماوەیەکی کەم لەمەو پێشیش قوتابخانەیەکی بە زیاتر

لە نیو ملیۆن دۆلار لە سەر ڕووبەری (٧) هەزار م٢ دروستکرد و پێشکەشی بە ناوچەیەکی هەژارنشین و ڕەشوڕووتی سلێمانی کرد. تەنیا دەژی، بەڵام شەو و ڕۆژ کات و ناکات، لە خۆشی و ناخۆشیدا، لە کاتی پشوو یان ئاساییدا، سەری ساڵ یان ڕۆژانی هەفتە ماڵەکەی کراوەیە و قەڵەبالغە بۆ ڕەنگە جیاوازەکان و پارتەو ڕێکخراوە نێوخۆیی و دەرەکییەکان، بۆچوونە جیاوازەکان سەردانی دەکەن‌و ڕێزی لێ دەگرن و گوێبیستی ئامۆژگارییەکانی دەبن، نازناوی مرۆڤە سپیەکەی پێ بەخشراوە، هەرچەندە لام وایە نازناوی مرۆڤە ئاڵتونییەکە شایستەتر بێت بۆ کاک جەلال. لەبەر ئەوەی:

١. توانی (٢٧٢٠) ڕاپۆرتی گەندەڵی لە ماوەی پتر لە نۆ ساڵدا ئامادە بکات و بوێرانە بۆ ڕای گشتی و دەسەڵاتدارانی وڵات و دادگاکان ئاشکرای بکات.

٢. دەستپاک و داوێنپاک و دادپەروەرە.. بێ سڵەمینەوە بەرگریش لە دادی کۆمەڵایەتی دەکات.. بەرەنگاری گەورە ستەمکاران دەبێتەوە و دژیان وەستاوەتەوە، بێ ئەوەی تۆسقاڵێک سڵیان لێ بکاتەوە.

٣. دەستنیشانکراوە بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ڕێزلێنان لە لایەن گەورەترین ڕێکخراوی جیهانییەوە بە نێوی (الجائزة الاوروبية الدولية للشخصية العامة في النزاهة الادارية) لە بەرواری ٢٠١٥/٩/١٠، بەڵام لەبەر چەند هۆکارێکی تایبەت بە خۆی ڕەتیکردۆتەوە کە ئەو خەڵاتە وەربگرێت.

٤. خانوەکەی، کە ئێستا تێیدا دەژێت، خەمڵێندراوە بە (٧٠٠) هەزار دۆلار (حەوسەد هەزار دۆلار)، بەخشیوییەتی بە وەزارەتی تەندروستی و بەنێو ئەو وەزارەتەوە تاپۆی کردووە.

٥. قوتابخانەی ١٢ پۆلی پێشکەش بە وەزارەتی پەروەردە کردووە، بە ناونیشانی (خوێندنگای زەکیە سام ئاغا)، کە بڕی زیاتر لە (٦٠٠) شەش سەد هەزار دۆلاری تێچووە.

٦. بەردەوام داوای چاکسازی ڕاستەقینە و یەکڕیزی نیشتمانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دەکات، لە دیارترین وتەکانی دەڵێت (گەندەڵی لە کوردستان وەک سێگۆشەیەک وایە سیاسییەکان لە لوتکەی سێگۆشەکەدان.. دوای ئەوان خاوەن کۆمپانیاکان و دواتر پۆستە باڵاکانی حکومەت دێن) لەوتەیەکی تردا دەڵێت: (چاکسازی ڕاستەقینە بە لیژنەیەکی سەربەخۆی دەرەوەی حکومەت دەکرێت، لیژنەیەک نەترس و دادپەروەرو کارامە بێت).

٧. لە یادی دروستبوونی شاری سلێمانیدا لە بەرواری ٢٠١٨/١١/١٤ هەڵبژێردرا بە کەسایەتی شاری سلێمانی، هەروەها لە هەمان ڕۆژدا دەزگای نێودەوڵەتی

(Alatic) ڕۆڵ و ماندووبوونی (جەلالی عومەری سام ئاغا)یان لە خزمەتکردنی شاری سلێمانیدا بەرزنرخاند.

٨ لەئاستی نێوخۆییدا.. دوو خەڵاتی تری پێشکەشکراوە، یەکەمیان خەڵاتی ڕێزلێنان لەلایەن ڕێکخراوی گەشەپێدانی ئابوری کوردستانەوە(KIDO) بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی. دووەم خەڵات لەیادی ڕۆژی دامەزراندنی زانکۆی سلێمانیدا دووجار خەڵاتکراوە. هەوڵی زۆریدا کاروانی چاکسازی بگەیێنێتە کەنار، تێکۆشا و شەونخوونی کرد، بەڵام هەوڵەکانی بێهودە مانەوە، بۆیە چەندینجار داوای دەستلەکارکێشانەوەی کرد، کە لە نێو پەڕاوی دەستلەکارکێشانەوەی دوایین جاریدا کە ئاراستەی دەسەڵاتی سیاسی و فەرمی وڵات کرد، هاتووە.. کە پێیان دەڵێت (شەرەفمەند نیم بە وەزیفەکەتان چونکە من جسمێکی غەریبم لە نێوتاندا). هەڵبەتە ئەم کارانە و دەیان کاریتر ئەم مرۆڤە مەزنەیان کردۆتە سومبولی بەرەنگاربوونەوەی نادادی و ستەمکاری و گەندەڵی، بۆیە هەستم بە بەختەوەری دەکرد کە لە خزمەت ئەو مرۆڤەدا سەعاتێکی ڕۆژی ١/١م گوزەراند.

٢١٠٩/٢/٢٢

# (جەلالی عومەری سام ئاغا)
# سەلماندی شۆڕشێك بە تەنها دەكرێت

**بەهرۆز جەعفەر**

**سەرۆكی ئینستیوتی مێدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی-MIRS**



بەهرۆز جەعفەر، جەلالی سام ئاغا
چەمچەماڵ - ٢٠١٧

ئەم نووسینە بۆ «مێژوو»ە، مێژوویەک کە ئێمە نامێنین و هەزاران خوێندکار و ڕۆڵەی کورد پێویستی بە سەرچاوەی زانستییە ئاخۆ دوای ئەنفال و گازبارانەکەی ساڵانی هەشتاکانی سەدەی بیستەم، کاتێک بارودۆخی ناوچەیی دەرفەتێکی دا و حوکمڕانی کوردی دروست بوو، کوردەکان لە باشووری کوردستان چۆن چۆنی حوکمڕانیان کردووە؟ کامانەن ئەو کارێکتەر و کارە گەشانەی لەو ماوەیەدا کورد هەیبوە؟!

زۆرن ئەوانەی مێژوو ئەنووسنەوە، دەگمەنیشن کە «مێژوو» ئەیان نووسێتەوە، ئەو دەمەی کاک جەلالی سام ئاغام ناسی، خوێندکاری قۆناخی ئامادەیی و کادرێکی هاکەزایی حیزب و ڕۆژنامەوان و ڕەخنەگرێکی ناو میدیای «نووسراو» بووم، ئێستا کە ئەمەوێ هەڵسەنگاندنێک بکەم لە دوایین ساتەکانی تەواوکردنی خوێندنی دکتۆرادام، سەرۆکی ناوەندێکی توێژینەوەی هەرێمایەتیم لە سنوری دەریای ناوەڕاست بە سێ زمان کارەکانی خۆی ئەکات. ئاشنابوون و مامەڵەکردن لەگەڵ کاک جەلالی عومەری سام ئاغا بە تەنها میحوەرێک نییە. تەنها ئەو سووچەی نییە، کە سام ئاغا چ ڕۆڵێکی لە بەگژاچوونەوەی گەندەڵیدا گێڕاوە، بەڵکو لەم ناساندنەدا پەندو وانە هەیە، ئەکرێت هەڵسەنگاندنەکە پۆلێن بکەین بۆ ئەم خاڵانەی لای خوارەوە:

## یەکەم: شۆڕش.. بە تەنها کەسێکیش.. ئەکرێت

یەکەمین وانەیەک لە «جەلالی سام ئاغا»وە فێری بین ئەوەیە.. ئەکرێت مرۆڤ.. کاری حیزبیش نەکات و سەر بە هیچ کوتلە و گرووپێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژجی نەبێت و لە هەمان کاتدا کارێکتەرێکی حیساب بۆکراو و کاریگەریش بێت، بتوانێت خزمەتێگی گەورە پێشکەش بە میللەتەکەی و تاکەکانی کۆمەڵگەکەی بکات. مرۆڤ لای خۆیەوە ئەتوانێت بە تەنها شۆڕشێک بەرپا بکات، ئەتوانێت خۆی بکاتە چەقێک بۆ ڕاستگۆیی و ئەوانیتر بەرەو خۆی ڕابکێشێت. ئەم پیاوە نزیکەی نیو سەدە ئەزموونی کاری ئیداری جۆراوجۆر هەیە، دیارترینیان ئەوەیە کە سەرۆکی دەزگای چاودێریی دارایی بووە، بە گژی ئەو پیاوە پۆخڵانەدا چۆتەوە، کە بە گیرفانی خاڵی لە شاخەکانەوە دوای شۆڕش دێنەوە شارەکان و زەوی و شاخ و داغ و بیرە نەوتەکانی کوردستان ئەڕەتێنن و سامانی گشتی بۆ مەرامی تایبەتی بەکاردێنن،

لە جەنگەڵێکدا بەگژ لێشاوێک لە پیاوە گەندەڵەکانی دەستەڵاتدا ئەچێتەوە، کە لە دوای ڕاپەڕینەکەی (١٩٩١)ەوە لە بری ئاوەدانکردنەوە و بونیادنانی دامەزراوەکان جەستەی نیشتیمانیان هەڵلا هەڵلا کردووە!

ئێمە ئەو سەردەمانە سەرەتای دەمکرانەوە و ڕەخنەگرتنمان بوو، گەندەڵکاران لە هەموو کونجێکەوە مۆرەیان لێ ئەکردین، شوێنێکی حکومڕانی کوردستانیان بە ساخڵەمی نەهێشتبۆوە، ئێ وەختێک ئەچینە دائیرەیەک بە ناوی «سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی» لە پرسگەکەیەوە هەتا ژوورەکەی خۆی چەندین جار هەستمان بە « ئاهـ و ئۆخەیشێک ئەکرد، کە هێشتا هەناسەیەک ماوە، هێشتا شوێنێک هەیە تەندروستە و نەیهێشتووە دەستی گەندەڵکاران حەرەمەکەی ببەزێنن. کۆکردنەوەی نزیکەی (٢٧٢٠) ڕاپۆرتی وردبینکراو لەسەر گەندەڵی و بەهەدەردانی دارایی لە هەرێمێکی چکۆلانەدا.. لە ماوەی کەمتر لە (٨) ساڵدا، جورئەتێکی ئەوێ کە «جەلالی سام ئاغا» کردوویەتی، تیایدا دەیان سەری گەورەی حیزب و حکومەت هەیە، تیایدا گێڕانەوەی ملیارەها دینار و ملیۆنەها دۆلار هەیە لە قورگی گەندەڵکارانەوە بۆ قاسەی میللەت. گرنگییەکی تری ئەم کارە لە چوارچێوە مێژووییەکەی خۆیدا ئەوەیە، کە «جەلالی سام ئاغا» ئەو سەردەمانە یەکەمین ئەو کەسانەیە کە دژی فەرمانڕەوایی دزەکان خەنجەری لە کێلانا دەرهێناوە، یەکەمین گوللە ئەو هاوشانی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی بە پەنجەی دەست ئەژمێردران تەقاندی دژی پەتای گەندەڵی. دواتر لێرەولەوێ گرووپی ناڕازی یان حیزبی ئۆپۆزسیۆن! دروستبوون، بەڵام ئەمانە بە نییەتی سیاسیی و مەرامی پلەوپۆست ڕەخنەیان لە گەندەڵی ئەگرت (دواتریش ماهیەتی هەموویان دەرکەوت).

## دووەم: پارە و پۆست هێمای خانەدانی و بەگزادەیی نییە!

لە کولتووری کورددا وا باوبووە، کەسێک دەسەڵاتی هەبووبێت، یان ئەو چینانەی هەر کۆمەڵگەیەک کە پێیان وتراوە «ئەریستۆکرات- نەجیبزادەکان»، یان دەسەڵاتدارانی هەرشوێنێک، ئیتر ئەو کەس و کەسایەتییە پێویست بووە سێ و چوار گەنجی قیت لە خواری ماڵەکەوە وەستابن چاوەڕێی بچووکترین فەرمان بن، یان دەوار هەڵبات و هەموو ڕۆژێک خەڵک لەسەر سفرە کۆ بکاتەوە، یان کۆمەڵێ پاسەوان و عەشیرەتەکەی دەوری بدەن، تەنانەت تا بەرواری ئەم نووسینەش پێوەر بۆ «حیساب بۆ کردن» لە کۆمەڵی کوردیدا بریتییە لە بوونی خانوو ڕەتڵە سەیارە و پۆست و عەشیرەت و کۆمپانیا. (دیارە هەمووشی لەسەر حیسابی خەڵکی ڕەشوڕووت)، بە بڕوای ئێمە ئەم خاڵە کۆمەڵگەش تێیدا تاوانبارە، لەوەی کورد

هەنگاوی بەرەو «دامەزراوە- المؤسسات» نەناوە. لە کاتێکدا بە درێژایی ماوەی تەمەنی (جەلالی عومەری سام ئاغا)، ئەبینیت ئەم بینین و نیگایەی هەڵگێڕاوەتەوە، کە ناوبراو نەک پاسەوانی نەبووە، لە کاتی دەستلەکارکێشانەوەکەی «پلەکەی وەزیر» بووە کە بەپێی یاسا بۆی هەیە ئۆتۆمبیلێک و چەند کەسێک و شۆفێرێک لەگەڵ خۆی ببات، نە ئۆتۆمبیل و نە شۆفێریشی لەگەڵ خۆی قبوڵ نەکرد. دەیان کەس ڕووی کردبایە ماڵەکەی، هەمیشە خۆی قاوە و ئاوی بۆ ئەهێنان و خزمەتی ئەکردن.

(جەلالی عومەری سام ئاغا)، کە دەستلەکار ئەکێشێتەوە، هۆیەکەی ئەوەیە دەسەلاتی سیاسیی لە گەندەڵکاران ناپێچێتەوە و سزایان نادات، هۆیەکەی ئەوە بوو لە هەرێمی کوردستاندا دامودەزگای دادوەریی و داواکاری گشتی... حیزب کۆنترۆڵی کردوون.. گەندەڵکاران وەک «بەرزەکی بانان»(١٤) بۆی دەرئەچن. لە نامەی دەستلەکارکێشانەوەکەدا، دوو دەستەواژەی گرنگ هەن، یەکێکیان ئەڵێت: «من جسمێکی غەریبم لە ناوتاندا» ئەم سایکۆلۆجیەتی نووسینە ئەوە دەگەیەنێت لەم سەردەمەدا ئەوەی دزی و ڕاوڕووت نەکات، لەناو کۆمەڵگەی کوردی و کایەی حوکمڕانیدا غەریبە. دەستەواژەی دووەم لە نامەی دەستلەکارکێشانەوە و ماڵئاوایییەکەیدا بۆ دەسەلاتی کوردی ئەنووسێت «شەرفمەندنیم بە وەزیفەکەتان»... ئەمە مانای بێمنەتی و ڕاشکاوییە.

## سێهەم: شەرمکردن لە داواکردنی هەر شتێك بۆ خودی خۆت

ساڵی (٢٠٠٩) کتێبی «ململانێکانی نێو شۆڕشی ئەیلول»م نووسی، کە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی- سیاسییە، ئەو کاتانە ئەو پیاوانەی لە شاخ و لەسەر ژیانی خەڵک شۆڕشیان بەرپاکردبوو، دوای ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان لە ساڵی (١٩٩١)، دواتریش دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن، پارەی زۆروزەوەندیان کەوتبووە دەست، زۆر ڕقیان لە ئێمەی گەنج ئەبووەوە، بە تایبەتی ئەوانەشمان کە تازە دەستمان قەڵەمی گرتبوو. بۆیە بۆ چاپکردنی ئەو کتێبە هیچ هاریکارییەکیان نەئەنواند، وەختێک بڵاوبۆوە بۆ هەریەکەیان نووسخەیەکمان خستە سەر مێزەکانیان. ئەو دەمانە بەرپرسی کورد زۆربەیان دارودەستە و چەندین پرسگە و

---

(١٤) لە کوردەواری خۆماندا، چەند جۆرە ئاژەڵێک هەن، وەکو کەروێشک یاخود ڕێوی و لەم جۆرە ئاژەڵانە، دیارە ئەم ئاژەڵانە لە ڕێکردندا خێرا بەدەستن بۆ دەرچوون و خۆ دەربازکردن، بۆیە کەمێک ئەستەمە مرۆڤ بەئاسانی بتوانێت بیان گرێت، بە تایبەتی ئەم جۆرە ئاژەڵانە لەسەر یاڵو سەربانە بەرزەکاندا دێن و دەچن، بۆیە کاتێک مرۆڤ دەیەوێت پەییان پێ بەرێت و بیانگرێت، وەکو تیسکەی تفەنگ بۆی دەردەچن و خۆیان قوتار دەکەن، لەم کاتەدا پێیان دەوترێت وەکو بەرزەکی بانان بۆی دەرچوو.

ئەملاولایان هەبوو، دەگمەنیان هەبوو خۆی لە سەروو هەموو شتێکەوە دانەنایە. بۆیە ڕۆژێکیان تەلەفۆنێک کرا! «ئێمە لە نووسینگەی کاک جەلالی سام ئاغاوە قسە ئەکەین، کەی کاتت ئەبێت سەردانێکی دیوانی چاودێریی دارایی بکەیت؟... ئاغا؟... سەرۆک؟... دیوان؟... حەقیقەتێک بۆ مێژوو بگێڕمەوە کەم کەس هەیە لە مێژووی حوکمڕانی کوردیدا تۆزێک ناوبانگی هەبووبێ و دەستی دوو گەنجی گرتبێ... هەموو ئەوانەمان کە داوای دەستگرتنمان لێ ئەکردن، لە باتی ئەوە پاڵێکیشیان بەرەو چاڵەکان پێوە ئەنایین...

ڕۆیشتینە دیوانە پاکوخاوێنەکەی چاودێریی دارایی، چووینە ژوورەکەی «سەرۆک»...! مێز و کورسی باو نییە..! تابلۆیەک هەڵواسراوە بە زمانی عەرەبی نووسراوە «يَكونُ المَسؤُولُ قَوِيًّاً.. إلى أنْ يَطْلُبَ شَيْئاً لِنَفْسِهِ» واتە: بەرپرس بەهێزە تا ئەو کاتەی کە داوای شت بۆ خۆی ناکات. کاتێک بەرپرسێک داوای هەر شتێک بۆ خۆی بکات ئەوە «هێز»ی خۆی لە دەست ئەدات... ئا... ئینجا لەولاترەوە تابلۆیەکی تری عەرەبیمان بینی نووسرابوو «السَخاءُ أنْ تَكونَ بِمَالِكَ مُتَبَرِّعاً.. وَعَنْ مَالِ غَيرِكَ مُتَوَرِّعاً» واتە: سەخاوەت ئەوەیە کە دەستت لە ماڵی خۆتا کراوە و بۆ ماڵی خەڵک گیربێت. دیمەنی ژوورەکە و فەرمانگەکە پرسیاری دروست ئەکرد! ئەوە تومەز پرسیاری کردووە، ئەم کتێبە کێ هێناویەتی؟. گوتوویانە کوڕێکی نەوجەوان!... کتێبی مێژوویی و ناکۆکییەکانی شۆڕشی ئەیلول!؟... ئیتر لێرەوە تێگەییشتم کە ئەم پیاوە وای لێکداوەتەوە کە نەوجەوانێک ئیمڕۆ کتێبێک بنووسێ سبەی شتێکی دیکەش ئەکات... لێرەوە زانیمان ئەم لەوحەیەی هەڵواسراوە ئەم کاراکتەرە بە جددییەتی، داوای مافی خەڵکی ئەکات.

تێگەییشتین.. ئەم پیاوە لە نەوەدەکانی سەدەی بیستەمدا، کاتێک جێگری وەزیری دارایی بووە، بە نووسراوی فەرمی داوای کردووە کە «مووچەکەی زۆرە و کەمی بکەنەوە». دواتر خانوەکەی خۆی کە دەیان ساڵ پێش ئەوەی حکومەتی کوردی دروست بێت دروستی کردووە لە باشترین شوێنی شاردا ئەبەخشێت بە وەزارەتی تەندروستی، ئەو زەوی و موڵکانەشی هەیەتی و بۆی ماوەتەوە، ئەیفرۆشێ و پارەکەی ئەخاتە بانکەوە، تا هەتایە ساڵانە قازانجی ئەو پارەیە ئەدرێت بە خانمە سەلار و کارمەندە سەرکەوتووەکانی دیوانی چاودێریی دارایی. پاشان بە پێی زەمەن بینیمان خوالێخۆشبوو «ئەختەرخان»ی خوشکی، کە خاوەنی شوققەیەک بوو لە شوێنێکی پاک و گونجاوی شاردا، دوای کۆچی دوایی مێردەکەی هەر لە ماڵی کاک جەلال ئەمایەوە، دواتر ئەو شوققەیەشیان دا بە وەزارەتی پەروەردە تا بیکەنە دایەنگە بۆ مناڵە چاوگەشەکانی شار، تا

کۆچی دوایی «ئه‌خته‌رخان» له‌و ماڵه‌ی کاک جه‌لال مایه‌وه‌، که کراوه به‌ناو وه‌زاره‌تی ته‌ندروستییه‌وه‌.

ئینجا بینیمان ئه‌مانه بنه‌ماڵه‌ن- نه‌جیبزاده‌ن، هه‌ر ئه‌و سه‌رده‌مانه‌ی له‌ناو کورددا خوێنه‌وار و مامۆستا که‌م بووه‌، خوشکێکی دیکه‌یان «زه‌کیه‌ی عومه‌ری سام ئاغا» له شه‌سته‌کانی سه‌ده‌ی بیسته‌مدا مامۆستا بووه‌، چه‌نده‌ها ڕۆڵه‌ی شاری پێگه‌یاندووه‌، ئینجا له‌سه‌ر ئه‌رکی بنه‌ماڵه‌که‌یان به‌سه‌رپه‌رشتی ئه‌م کاک «جه‌لالی سام ئاغا»یه خوێندنگایه‌کی نموونه‌یی له‌و سه‌رده‌می قه‌یرانی داراییه‌دا له ساڵی (٢٠١٨)ه‌دا به ناوی «قوتابخانه‌ی زه‌کیه‌ی عومه‌ری سام ئاغا» دروست ئه‌که‌ن و ڕاده‌ستی وه‌زاره‌تی په‌روه‌رده‌ی ئه‌که‌ن. ئیتر ئه‌مانه چه‌ند مه‌ڵۆیه‌کن له‌و خه‌رمانه‌ی که ئه‌کرێت (جه‌لالی عومه‌ری سام ئاغا)ی پێ بناسین، وه‌ک مناره‌یه‌کی به‌رز و ڕاستگۆ له‌و په‌یامه‌ی هه‌ڵیگرتووه‌. له ساڵی (٢٠٠٧)ه‌وه تا (٢٠١٩) ده‌یان وتارمان له‌سه‌ر کاک «(جه‌لالی عومه‌ری سام ئاغا)» نووسیوه‌، سه‌دان سه‌ردان و هه‌زاران ته‌له‌فۆن و گفتوگۆمان پێکه‌وه بووه‌، هه‌موو ئه‌وه‌ی له‌و ماوه‌یه‌دا ڕووی داوه و وتراوه‌.. ته‌نها بۆ کاتی خۆی بووه‌، به‌ڵام ئه‌وه‌ی له کۆتاییدا ئه‌نووسرێ وه‌ک ئه‌م نووسینه بۆ مێژوو ئه‌مێنێته‌وه‌، چونکه تاقه که‌سێکه جاڕی شۆڕشێک دژی گه‌نده‌ڵکاران ئه‌دا بێ هیچ مه‌رامێکی شه‌خسی و سیاسیی، ڕاسته ئێمه‌ی ڕۆژنامه‌نووسان و ڕه‌خنه‌گران و کارمه‌نده‌کانیش شانبه‌شان پارێزه‌ری ڕاپۆرته‌کانی دیوانی چاودێریی دارایی بووین، وه‌لێ ناخی نه‌جیبزاده‌یی و پاکی هه‌ر له خودی جه‌لالی سام ئاغا خۆیدا بوو. نه پێش ئه‌و و نه دوای ئه‌ویش شتێکی پراکتیکی نه‌بوو و نه‌ما بۆ ڕاگرتنی تاڵانکردنی داهات و سه‌رمایه‌ی کوردستان.

### کۆتایی: ئه‌وه‌ی باقی بمێنێ هه‌ر ناوه

به درێژایی ماوه‌ی ته‌مه‌نی (جه‌لالی عومه‌ری سام ئاغا)، له‌و زه‌مانه‌ی که کوردایه‌تی قه‌ده‌غه‌یه و ئه‌و چالاکی پێشمه‌رگانه ئه‌نجام ئه‌دات تا ئه‌گاته ئه‌وه‌ی وه‌ک مناره‌ی ده‌ستپاکی و هێمای به‌گژداچوونه‌وه‌ی گه‌نده‌ڵی بناسرێت و ببێته پێشه‌نگ له به‌خشین و خۆش مه‌شره‌بی له مه‌جلیس و دانیشتن و هێمن و له‌سه‌رخۆ له مامه‌ڵه‌کردن و ڕاشکاو و ئازا له ڕووبه‌ڕووبونه‌وه و ژیر له نموونه هێنانه‌وه‌ی جۆراوجۆر، به‌هێز له به‌ڕێوه‌بردن و کاردا، که هه‌میشه ده‌ستێکی چه‌کوش و ئاسن بووه و ده‌سته‌که‌ی تریشی پاداشت و میهره‌بانی، ته‌نانه‌ت ئه‌و گۆرانییانه‌شی له ماڵه‌که‌ی خۆیدا گوێی بۆ ئه‌گرتن هی سه‌رده‌می هیچوپووچبوونی مرۆڤ نه‌بوو، به پێچه‌وانه‌ی زۆربه‌ی خه‌ڵکه‌وه ئه‌و گوێی له‌و ده‌نگانه ده‌گرت که له سه‌رده‌می

بەرەنگاربوونەوە و جوانناسی و خۆشەویستیدا چڕیویانە، بۆ نموونە: فەرید ئەترەش- ئوم کەلسوم- ئەسمەهان ئەترەش و...تا دوایی، کە ئەوانە هەموویان لە سالانی سییەکانی سەدەی بیست بەدواوە ژیاون و گۆرانییان وتوە.


هەموو ئەو خاڵ و دێڕانەی لە سەرەوە باسکران، هۆی ئەوە بوو کە چ ئێمەمانان‌و تەواوی میدیای کوردی و حیزبە سیاسیەکان، وەک ئەوەی تێکڕا عەجایەبیان بێت شتێکی وا هەیە لەناو کورد و کوردستاندا، کتومت ئەمە هەنگ دۆزینەوەیە لە کلۆرە داردا. هەرچەند سەیری ئەکەیت و ئەیهێنی و ئەیبەیت، ئەمە پیاوێکە ئەوە ئەهێنێت بۆ مێژوو باسی بکەیت و لەسەری بنووسیت، نەک لە پێناو (جەلالی عومەری سام ئاغا)دا، بەڵکو لە پێناو ئەوەی چوار کەسی دیکەش چاو لەم پیاوە بکەن و فێربن بەتەنها دارێک لە بەردەم ماڵەکەی خۆیاندا نەڕوێنن بەڵکو هەوڵ بدەن باخچەیەک بۆ تەواوی کۆمەڵگا دروست بکەن.

بۆیە ئەم هەموو سیفەتانەی سەرەوە.. وای لە «جەلالی سام ئاغا» کردبوو، هەندێک جار ماڵەکەیمان ناونابوو «سالۆنی سیاسەت»، لە یەک کاتدا یەکێتیی و پارتیی و پەکەکە و کۆمەڵە و حسک و ئیسلامی و گۆڕان و شیوعی و دیموکرات‌و....تا دوایی، سەردانیان ئەکرد... ڕاوێژیان پێ دەکرد، داوایان لێ دەکرد ببێتە نێوبژیوان‌و ڕێگە نەدات نێو ماڵی کورد ترازانی زیاتر بەخۆیەوە ببینێت. مام جەلال تاڵەبانی تا لە ژیاندا بوو داوای لێ دەکرد دەستلەکارنەکێشێتەوە، لە پۆستەکەی خزمەتی زیاتر بکات، نەوشیروان مستەفا پێش کۆچی دوایی کاندیدی ئەکرد ببێتە وەزیری دارایی حکومەتی هەرێم ڕەتی ئەکردەوە، میدیاکاران ناویان ئەهێنا وەک کەسایەتییەکی بێلایەن پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان وەربگرێت، ماڵی بارزانی داوای لێ بکەن هاوکاریان بێت لە ڕاستکردنەوەی باری لاری حوکمڕانی کوردستان، وەزیری پەروەردە لەناو ماڵەکەیاندا بەپێش چاوی هەموومانەوە بڵێت: «ئێمە لە هەولێرەوە حەسودی بە سلێمانی و کاک جەلالی سام ئاغا دەبەین»...و... هەتا دوایی. هەموو ئەمانە وایان کردبوو (جەلالی عومەری سام ئاغا)، وەک خاڵێکی درەوشاوە و گەش لەناو لاپەڕە ڕەشەکانی مێژووی حوکمڕانی کوردیدا هەمیشە جێی باسوخواس بێت، ئیتر وەک حاجی قادری کۆیی ئەڵێت:

**«مەرگ و ژین میسلی سێبەری تاوە،**
**ئـــەوەی بـــاقی بمێنـێ هەر ناوە».**

# با لەوە زیاتر زیندووکوژی مردووپەرست نەبین

**کامیل ژیر**



جەلالی سام ئاغا، کامیل ژیر
ماڵی کامیل ژیر
٢٠٢٠/٦/٨

ئاشکرایە، ئێمە وەک گەلێک، لامان گرانە بە ویژدانەوە ناوی مرۆڤە چاکەکانی نەتەوەکەمان بەرین و مافی خۆیان بدەینێ! کەچی دوای مردن، ئەکەوینە ستایش‌و پیاهەڵدان، نەک هەر بە مرۆڤە چاکەکاندا، بەڵکو بەوانەشدا کە پێیان خزاوەتە گۆمی ناپاکی و گەندەڵییەوە! ئەوەش نیشانەیەکە بۆ باری دواکەوتنمان، بەڵکۆ هۆکارێکیشە بۆ ڕێگری لە پێشکەوتنمان وەک گەلێک. بۆیە پیمان ئەوترێ: گەلێکی زیندووکوژی مردووپەرست!.

لەم ڕوانگەیەوە، وەک پیرۆزباییەک لە هاوڕێیەکی خۆشەویستم، بە بۆنەی ساڵی تازەی ٢٠١٩، وەک هەندێ یادەوەریش، پێم خۆشە هەڵوێستەیەک لەسەر ئەو هاوڕێیەم جەلالی سام ئاغا بکەم.

گەرچی من و ئەو هاوگەڕەک بووین لە شاری سلێمانی، بەڵام تەنیا لە دوورەوە ئەم ناسی تا کاتی پێکهێنانی لیژنەی کۆششی نەتەوەیی لە ساڵی ١٩٩٤دا کە بوو بە هۆی ئەوەی لە نزیکەوە یەکتر بناسین.

لەو ساڵەدا، باشوری کوردستان بۆنی خوێنی لێوە ئەهات! گرژیی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان، تا ئەبوو زیاتر پەرەی ئەسەند. جا بۆ ڕێگری لە شەڕێکی ناوخۆ، کە ئەوە دەردی کوشندەی نەتەوەی کورد بووە لە دێرزەمانەوە، سەرەتا سەردانی تاڵەبانیم کرد لە قەڵاچوالان و داوام لێ کرد دەسەڵاتی خۆی بەکاربێنێ بۆ ڕێگرتن لە شەڕێکی لەو جۆرە. لە وەڵامدا، مام جەلال وتی کاک ژێر کاغەزی سپیت بۆ ئیمزا ئەکەم. دوایی هاتە سەر باسی بەشیریات و وتی پێم خۆشە زووزوو سەرم بدەی بۆ ئەوەی تۆزێ باسی بەشیریاتیش بکەین.

بۆ هەمان مەبەست، دیدەنی بارزانیشم کرد لە هاوینەهەواری سەلاحەدین. وەڵامەکەی ئەویش هەر ئەرێنی بوو، بەڵام لە ڕووی کردەییەوە هەستم ئەکرد خەریکە ئاگرەکە کڵپە ئەسەنێ! ئەگەری ڕوودانی شەڕەکە زیاترە لە ڕوونەدانی! بۆیە وام بە باشزانی پەرە بە هەوڵەکەم بدەم بە پێکهێنانی لیژنەیەک بۆ ئەو مەبەستە. یەکەم جاریش بیرۆکەکە و هەوڵەکەم لای پارێزەر شێخ سالار حەفید درکاند لە ژووری پارێزەرانی سلێمانی، ئەویش بوو بە هاوڕام. ئینجا کەوتینە دیاریکردنی چەند کەسایەتییەکی تر بۆ پێکهێنانی لیژنەکە. ئەنجام لەسەر ئەم ناوانە پێکهاتین: جەلالی عومەری سام ئاغا، جەمال شاڵی، ڕەفیق قەزاز، سالار حەفید،

کامیل ژیر، نیهاد فازیل، هوشیار بابان، کە هەموویان ئامادەیی خۆیان پیشاندا و لیژنەکەشمان ناونا لیژنەی کۆششی نەتەوەیی.

بەو جۆرە و لە ڕێی ئەو لیژنەیەوە، (جەلالی عومەری سام ئاغا)م لە نزیکەوە ناسیو بووین بە برادەر و خۆشەویستی یەکدی، ئێستەش لە گردی سەرچنار بووینەتەوە بە هاوگەڕەک و نزیکی یەکتر و سەردانی یەکتر ئەکەین. بۆشم دەرکەوتووە، ئەو هاوڕێیەم کەسێکی سەربەخۆ و نەتەوەیی و نیشتمانی و خێرخوازو دەسپاکو ئازایە. ئینجا بۆ ئەوەی دید و بۆچوونەکانم بە بەڵگەوە بێ، ئاماژەیەک بۆ ئەم ڕاستیانە ئەکەم:

**سەربەخۆیە، چونکە پەیوەندیی بە هیچ حیزبێکەوە نییە**

نەتەوەیی و نیشتمانییە، بە بەڵگەی ئەوەی هەردووکمان لە دیدێکی نەتەوەییانەوە ئەڕوانینە ئێستە و ئاییندەی نەتەوەکەمان، ئاگاداری ئەوەشم کە لە سەردەمی خوێندکارییەکەیدا بەشداری خۆپیشاندانەکان بووە لە بەغداد دژی دەسەڵات، توشی گرتن و زیندانی بووە، سەرەڕای ئەوەی بەشداری شۆڕشی ئەیلولیش بووە. خێرخوازە، ئاگادارم ئەوەندەی بۆی بکرێ یارمەتیی هەژاران ئەدا، زەوییەکی هەبوو، کردی بە خەڵاتێکی ساڵانە بۆ کارمەندانی دیوانی چاودێریی دارایی، خانووی نیشتەجێبونەکەشی بەخشیوە بە وەزارەتی تەندروستی، کە بکرێ بە دەزگایەکی پزیشکیی. وەک بنەماڵەش، دروستکەری قوتابخانەی نموونەیین بۆ نەوەکانمان و بەخشیویانە بە وەزارەتی پەروەردە.

**دەسپاکە**، چونکە لە ماوەی وەزیفە و بریکاری وەزارەتی دارایی و سەرۆکی دیوانی چاودێریی داراییەکەیدا، هیچ لەکە و گومانێکی گەندەڵیی لەسەر نەبوو.

**ئازایە لە دوو ڕووەوە:**

یەکەم: لە ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێریدا، کە من ئاگادارم، بەو هۆیەوە کە وەک پارێزەرێک ڕاوێژکاری یاسایی خۆبەخشی دیوان بووم، پەنجەی تاوانبارکردنی بۆ هەموو گەندەڵییەک درێژکردووە، لە وەزیرەوە تا هەر فەرمانبەرێک.

دووەم: بەبێ ترس واژۆی هەموو ڕاگەیاندنەکانی لیژنەی کۆششی نەتەوەیی کردووە، وەک ئەندامەکانی تری لیژنەکە. گرنگیی ئەو ڕاگەیاندنانەش لەوەدایە، ئەو ڕۆژگارە لەسەر وشەیەک خەڵک ئەکوژرا! ئێمە بە بار خراپەکاریی ئەو دوو حیزبەمان هەڵئەڕشت. لە کاتی هاتوچۆی لیژنەکەشماندا لە نێوان مەکتەبی سیاسیی

یەکێتیی لە هەولێر و سەرکردایەتی پارتی لە سەلاحەدین، تەنانەت لەو شەوەشدا کە قەدەغەی هاتوچۆ بوو، لە چەند لاوە کەوتینە بەر مەترسیی تەقەکردن لێمان و کوشتنمان، بەبێ کۆڵدان!.

ئەمەی خوارەوەش، یەکێکە لەو ڕاگەیاندنانە، کە لە شێوەی نامەیەکی کراوەدا، دوای بەرپابوونی شەڕەکە، بڵاومان کردەوە:

گرنگیی ئەم ڕاگەیاندنە لەوەدایە، کە ئێمە٢٥ساڵ لەمەوبەر، بە ئەوپەڕی بوێرییەوە، چووینەتەوە بەگژ شەڕی ناوخۆ و گەندەڵیدا. لەو ڕاگەیاندنەدا بە جۆرێ پەردەمان لەسەر خراپییەکانی ئەو دوو پارتییە هەڵداوەتەوە، کە ئێستەش هەموو کەس ناوێرێ، بەو جۆرە و ڕاشکاوانە، خاڵبخاتە سەر پیتەکان.

ڕۆژێکیش لە ڕۆژەکانی سەرەتای مانگی کانونی یەکەمی ١٩٩٥، لە ئەنجامی ئەو نامە کراوەیەماندا بە بەرواری ١٩٩٤/١٢/٢٦، کە ئاراستەی سەرکردایەتی دوو لایەنەکەمان کرد، بە تەلەفۆن بانگکراین بۆ ناو خانویەک لەسەر شەقامی سالم- بەرامبەر مەڵبەندی سلێمانیی یەکێتی، وتیان گوایە نەوشیروان مستەفا ئەیەوێ قسەتان لەگەڵدا بکا، کە چووین ناوبراوی لێ نەبوو، بەڵکو لە لایەن چەند کەسێکەوە ئابڵوقە دراین، ئینجا کەسێک بە ناوی عەبدولرزاق فەیلییەوە کەوتە گرمەگرم و هەڕەشە و سوکایەتیکردن.

سەرەتا، ڕوویکردە ڕەفیق قەزاز و پێی وت: تۆ کێیت؟ تۆ ئەوە نیت کە ئەمنە سورەکەت دروستکرد؟

لە وەڵامدا قەزاز وتی: من وەک بەڵێندەرێک ئەو بینایەم دروستکردووە، بەڵام من هەرگیز لە ژیانمدا جاشێتیم نەکردووە!

ئینجا ڕوویکردە دکتۆر نیهاد فازیل و پێی وت: ئەی تۆ کێیت؟ تۆ برای ئەو کەسە نیت کە لە بارەگای تورکمانەکان کار ئەکات؟ ئێوە کەس نازانێ کوردن یا تورکمان!

لە وەڵامدا دکتۆر وتی: براکەی من کاسبە، چێشتخانەی ئەو جێگەیەی بە قونتەرات وەرگرتووە، ئێمە کوردین. من چەند ساڵێ پێشمەرگە بووم، نازانم تۆ ئەو کاتە لە کوێ بووی!؟

دوای ئەوە زۆر بە قینەوە ڕوویکردە من، بێ ئەوەی هیچ قسەیەک بکات، تەنیا سەرێکی لێ بادام و دەستێکی لێ ڕاوەشاندم!! لێرەدا جەمال شاڵی ڕاپەڕی و نەڕانی بەسەریدا و پێی وت: ئەی تۆ کێیت؟ تۆ ئەزانی ئێمە کێین؟ من کاتێ ئەندامی لیژنەی مەرکەزی بووم، تۆ کەس نەی ئەزانی کێیت. ئینجا بۆی هەستا، برادەران هێوریان کردەوە، دوای ئەوە وشیار بابان ڕووی تێ کرد و وتی: من نازانم ئێوە کێن؟ ئێوە ئەمنن، یا پۆلیسن، یا چین!؟ لەولاوە (جەلالی عومەری سام ئاغا) ڕووی تێ کردو

وتی: ئێمە بۆ لای کاک نەوشیروان هاتووین، بمان زانیایە وا نییە هەر نەئەهاتین، ئینجا لە وەڵامی قسەیەکی ڕەزاقدا، کە وتی ئێمە دوانتان بە چاکی ئەنرخێنین: کاک جەلال و کاک هوشیار، کاک جەلال وتی: من بەرتیلی قسە قبوڵ ناکەم، ئێمە هەموو یەکین، ئێمە بە سیفەتی میوان هاتووین، حەز ئەکەم ئەگەر کۆبوونەوەی دووەممان هەبێ، بێیت بۆ لامان بۆ ئەوەی فێری ئوسوڵی میوانداریت بکەین، وتی: من ئەمە ئەگەیەنم بە کاک نەوشیروان.

گەلێ قسەی تری پێ وت. جارێکی تر جەمال شاڵی نەڕانییەوە بەسەریدا. ڕەزاق ژوورەکەی بەجێهێشت، کەسێکی تر هات و کەوتە هێورکردنەوەمان. دوای نزیکەی دە دەقیقەیەک، ڕەزاق گەڕایەوە، من پێم وت: ئێمە نازانین تۆ لەسەر چی ئەمە ئەکەی؟ ئەگەر لەسەر نامەکەمانە، ئێوە ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنتان هەیە، ئەتوانن وەڵاممان بدەنەوە. کاک جەلال کەوتەوە سەرزەنشت کردنی. ڕەزاق هاتە بەردەمی و داوای لێبوردنی لێ کردین و سەری دانەوان و وتی ئەمە پشتی من و ئەوە شەقی ئێوە، بەڵام پۆزشکەی لێ قبوڵ نەکرا و بێ ماڵئاوایی چووینە دەرێ.

ئینجا پیاو قسەیەکی هەقیش بۆ ئەوان بکا، نامەکەی ئێمە زۆر توند بوو، ئێمەش تەنیا لە دڵسۆزیمانەوە بوو، پێشەکیش چاوەڕوانی هەموو کاردانەوەیەکمان ئەکرد لە دژمان.

ئەمەش دەقی نامەکەیە:

**نامەیەکی کراوە لە لیژنەی کۆششی نەتەوەییەوە**

**بۆ سەرکردایەتی (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) و جەماوەری گەل**

وا جارێکی تر خوێنی کورد بە دەستی کوردکوژە کوردەکان ڕژێنرایەوە.

ڕێکەوتنامە ستراتیجییەکانتان، کە دواهەمینیان ڕێکەوتنامەی ١٩٩٤/١١/٢١ بوو، ئەبوایە تا کۆتایی ئەم چەرخە بڕی بکردایە، لە دوای یەک مانگ پێشێل کرا.

ئێستاش ئەشێ بپرسین کێ خەتابارە؟ بە هەموو پێوانەیەک خەتابار ژمارەیەک لە ئێوەی سەرکردەکانی ئەو دوو حیزبەن، کە دەستتان گرتووە بەسەر:

١- بەرهەمی ڕاپەڕینەکەی جەماوەری کوردستاندا.

٢- پارەی بانقەکان و ئامێر و کەلوپەل و کەرەسەی فەرمانگەکان و گومرکی کوردستاندا.

٣- بەسەر ماڵ و موڵکی خەڵکیدا بە بیانووی ئەوەی سەر بە ئەملا یا ئەولان، یا بە ناوی پیتاکەوە.

٤- کۆنەجاش و موستەشار و بەعسی و ئەمن و موخابەراتەکانی ڕژێم لەنێو خۆتاندا بەش ئەکەن.

٥- هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانتان تەزویر کرد و ڕێژەی ٧٪ پیلانێک بوو دژی حیزبەکانی تر.

٦- بازرگانی بە خوێنی شەهیدانەوە ئەکەن و لە دوای ڕاپەڕینەوە پێشبڕکێ ئەکەن لەسەر ئەوەی زیاترین ڕۆڵەی کورد بکوژن، یا بەکوشت بدەن.

٧- دیموکراتیەت و ئازادی و مافی مرۆڤ و حوکمی یاسا پێشێل ئەکەن و هەوڵ ئەدەن لە ڕێگەی هێز و پیلان و تەزویر و چەواشەکردن و ویژدان کڕینەوە دەست بەسەر دەسەڵاتی حوکمدا بگرن.

٨- گوللەتان بە P.K.K و بزووتنەوەی ئیسلامی و حیزبی شیوعیەوە نا، بەربەستێکن لەبەردەم پەرەسەندنی هێزە سیاسیەکانی تردا، ڕێگرێکن لەبەردەم کەسانی شارەزا و بەتوانادا بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات.

٩- فەرمانگەکانتان کردووە بە تەمەڵخانەی لایەنگرەکانتان بێ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی گشتی و میلاک و پێویستی.

١٠- گوێ لە ڕاوتەگبیر و هانا و هاواری کەسانی دڵسۆزی ئەم نەتەوەیە ناگرن، لەبەردەم هێمایەکی بێگانەدا ملکەچ و دەستەوستانن.

١١- یاری بە بازاڕ و بە دراو و بە دۆلار و بە ئابووریی وڵات ئەکەن.

١٢- ناوچە ڕزگارنەکراوەکانی کوردستانتان لەیاد کردووە.

١٣- پەنا ئەبەنە بەر تۆقاندن و کوشتن و گرتن و ئازاردان لەسەر بیروباوەڕ.

١٤- بوونەتە هۆی نائارامی و لاوازکردنی هەستی نەتەوایەتی، ئەوەش وای کردووە خاوەن تواناکان کوردستان بەجێبێڵن.

١٥- گرنگی بە پرۆژەی ئابووری و گەشەسەندن نادەن ، بیر لە گوزەرانی خەڵکیو دادی کۆمەڵایەتی و نەهێشتنی برسێتی هەژاران و فەرمانبەران و خانەنشینان ناکەنەوە.

١٦- لە کاتێکدا کە نەخۆشخانەکان بێ دەرمان و بێ کەرەسە و بێ ئامێرن، بەبێ حساب پارەی ئەم میللەتە ئەدەن بە چەک و کوردی پێ ئەکوژن.

ئێوەی سەرکردایەتی ئەو دوو حیزبە، کە ژمارەیەکتان بە خوێنی ئەم میللەتە بوونەتە سەرمایەداری گەورە و پەساپۆرتی هەڵاتن لە گیرفانتانایە، خێزان و منداڵتان لە ئارامی و ڕابواردنی هەندەرانن.. یا هەر لە سەرەتاوە ڕێکەوتننامەکانتان بە ڕاست نییە و بۆ چاوبەست و چاوەڕوانکردنی هەلێکی لەبارترە بۆ شەڕێکی تر، یا بە هۆی لەزمە و خاڵە لاوازەکانتانەوە دەسەڵاتتان بەسەر کوردکوژە و هەلپەرست و

جەردە و ئاودیوکەر و پیاوانی ڕژێم و پیاوانی بێگانەی ناو حیزبەکانتان نییە. بۆیە بە ناوی جەماوەری ستەمدیدەی کوردستانەوە داواتان لێ ئەکەین کە چیتر یاریی بە چارەنووسی ئەم میللەتە نەکەن و ئەم تاقیکردنەوەیەی باشووری کوردستانیش لەدەست نەدەن.

داواش لە بەڕێزان سەرۆک و سکرتێری گشتی ئەو دوو حیزبە و تێکۆشەران و دڵسۆزانی ناو ڕیزەکانیان ئەکەین کە لەم قۆناغە ناسکەی کوردستاندا، بەرژەوەندیی تەسکی حیزبایەتی بەلاوە نێن و کوردایەتی پێش حیزبایەتی بخەن. بە دەستێکی پۆلایین ڕیزەکانی حیزبەکانتان لە شەڕخواز و پیاوخراپ پاک بکەنەوە و بۆ بنەبڕکردنی شەڕی براکوژی و چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێم، ئەم خاڵانە جێبەجێ بکەن:

١- ڕاگرتن و قەدەغەکردنی هەموو شەڕێکی براکوژی.

٢- بەشداریکردنی کەسی یەکەمی ئەو دوو حیزبە لە دەسەڵاتەکانی حکومەتی هەرێمدا.

٣- کۆتایهێنان بە دیاردەی پەنجا بە پەنجا و سپاردنی کار بە کارامە و داوێنپاک.

٤- هەڵوەشاندنەوەی میلیشیای هەموو حیزبەکان و دروستکردنی سوپای کوردستان لە ڕێگەی تەجنیدی زۆرەملێوە. سپاردنی چەکی حیزبەکان بەو سوپایە.

٥- جێبەجێکردنی یاسای حیزبەکان و یاسای چەک.

٦- تەرخانکردنی ٩٠٪ی گومرگ و باج و داهاتە گشتییەکان و دەستکەوتەکان بۆ حکومەتی هەرێم و ١٠٪ی بۆ حیزبەکان.

٧- پێکهێنانی وەزارەتێکی هەمەلایەن لەگەڵ حیزبەکانی تری ناو کوردستان.

٨- یەکخستنی ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی خوێندکاران و قوتابیان و لاوان و ئافرەتان و ژنان و.. هتد، هەریەکە و لە تەنیا یەک ڕێکخراودا.

٩- سپاردنی هەموو ئێزگەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن بە وەزارەتی ڕۆشنبیری.

١٠- ئەنجامدانی ئاماری گشتی، پێش هەڵبژاردنی گشتی پەرلەمان و هەڵبژاردنی داهات و لەسەر شێوازی دائری بێت، نەک ڕێژەیی.

بە باوەری ئێمە ئەو هەنگاوانە لەمڕۆدا چارەسەری کێشەکان ئەکەن. چونکە ئەگەر گومرگ درایە حکومەت، ئەوسا شەڕ لەسەر چی ئەکەن؟ ئەگەر میلیشیا نەما، ئەوسا بە کێ شەڕ ئەکەن؟ ئەگەر چەک داماڵرا، ئەوسا بە چی شەڕ ئەکەن؟ ئەگەر حکومەتێکی هەمەلایەنی بەهێز دروست بوو، ئەوسا حوکمی یاسا ئەچەسپێ و ڕێگە لە یاسالادەران ئەگیرێ.

جا ئەگەر برادەرانی سەرکردایەتی یەکێتیی و پارتی گوێ بەم چارەسەرییانە

نەدەن، ئەوا چوار ڕێگەیان ئەکەوێتە بەردەم: یا واز بێنن و هەلێک بڕەخسێنن بۆ دوای خۆیان، یا شەڕ و بەیەکدادان لە شارەکان دوورخەنەوە تا لایەکتان لاکەی تر تەواو ئەکا، یا ببن بە یەک لە یەک حیزبدا، یا چاوەڕوانی غەزەبی جەماوەر بن بە ڕاپەڕینێکی تر و هاتنە سەرجادە و مانگرتن.

هیوادارین نامەکەمان ڕاستیەکانی خستبێتە ڕوو، چاوەڕوانی وەڵامین

لەگەڵ ڕێزمان.

کامیل ژیر، رفیق توفیق قزاز، شێخ سالار حەفید، خالد محمد خاڵ، جلال سام ئاغا، د. نهاد فازیل، هوشیار بابان، جەمال شاڵی.

**لیژنەی کۆششی نەتەوەیی – ١٩٩٤/١٢/٢٦**

ئەم ڕاگەیاندنەمان بۆ ئەوان و زۆر کەس و لایەنی تر نارد. لە ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی ژمارە ٢٦٩٤ لە ١٩٩٥/١/٢٢ و پەرتوکی پەرلەمانی شەهید ل٢٨٣–٢٨٥ بڵاوکردەوە و سەدان وێنەی لەبەر گیرایەوە.

لە کۆتاییدا و بە بۆنەی ساڵی نوێوە، خوازیاری تەمەنی درێژ و تەندروستیی چاکم بۆ کاک جەلالی سام ئاغا و ئەندامەکانی تری لیژنەکەمان، ئەوانەی لە ژیاندا ماون. ڕەوانی شاد و بەهەشتی بەرینیش بۆ کۆچکردووەکان کە هەموویان هەمان هەڵوێست و جەوامێرییان هەبوو.

**٢٠١٩/١/١**

خەمی هەفتە

# جەلالی سام ئاغا، مرۆڤ و هەڵوێست؟

# بەشێکن لە ویژدانی مێژوو

کەریم زەند

رۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە ٦٨٧ ٢٠١٠/١٢/١٢



**جەلالی سام ئاغا، مامۆستا کەریم زەند**

**ڕەوا- لە سەروەریی و ئابڕومەندی وشەدایە**

ئەو دروشم و ئارمەیە بەسەر داری ئاڵای بەرزدا چەسپاوە- لە قەدی مرۆڤی بوێر و خاوەن هەڵوێست چەقیوە بە ڕەهایی- دەینووسن و سڵ ناکەن.

وشەکان- هەڵوێستن، لێرەوە یادەوەری و بیرەوەری و هۆشیاری لە مێشکی مێژوودا بنیاتنراوە- چیرۆکی گەواهی داستانی سەر موردەکانە.

ئەو مرۆڤەی کە ماڵئاواییەکەی بە ناسۆر و ئەسرینەوە.. پایە و پلە و دەسەڵاتو فەرمان و کارمەند و دۆستان و نووسەران و ڕۆشنبیرانی هەژاند. مرۆڤ و بوێری هەڵکەوتووی کەم وێنە لە فەرماندا، کەڵەپیاو و شامێری هاوچەرخ، کۆمکار و هێمای ئەمەک و بەخشش، سیمبول و ئارم و دروشمی خۆنەویست و هەژاردۆست و دەستگیرۆیی.

**دەبێ ئەو مرۆڤە کێ بێ؟**

کە نشینگەی خودی خۆی، زەوی و سامان و مووچە و هەرچی هەیەتی ببیەخشێت، هاوتای خەڵاتی نۆبڵ بۆ بەهرەوەرانی هەردوو ڕەگەز. ئەو مرۆڤەی کە مامۆستای کوردی نەتەوە هێژا، کەمال ژیری سەرسامکرد و مامۆستای هونەرمەندی تاراوگە کاک حەمە ڕەشید هەرەسی هەژاند.. د. رەفیق سابیر و زانا و ئەرشیفپارێزی ناسراو مامۆستا کەمال رەئوف، کە خامە و پێنووسە زێڕینەکانیان بخەنە کار و گەڕ و سۆزو ناڵەی دەروونی ئاوابوونی ئەستێرەی (جەلالی عومەری سام ئاغا)، بخەنە ڕوو.

کەریم زەند.. دۆست و هاوڕێ و ئاشنای دێرین لە باب و خانەوادەوە، لە ئەنجومەنی شارەوانییەوە بۆ ماوەی ١٥ ساڵ زەوی تەرخانکراویان وەرنەگرت، دوو جار بە سۆنگەی هەڵوێستی ئەو مرۆڤە هەڵکەوتووەوە کە شاییستەی نەک مەدالیای زێڕە بەسەر سنگییەوە، بەڵکو شاییستەی پەیکەری زێڕە.. دەستنیشانکردووە لە ڕێکخراوەکاندا مرۆڤی لێبوورد و دەست و داوێن دەم پاک بێفیز و ساکار، مرۆڤی کەم وێنە کاکە سام ئاغا ماڵئاواییەکەتان پەیامێکی مێژوویی بوو، وەڵامی دەروون و ئینسانی مێژوو بوو، بەمەبەستی ئارامی هزر و ژیری بۆ بەکارهێنانی لە پێشوازی دەرفەتەکاندا، دەرفەتی قەدەر و ناگەهان، ئەگەرچی لە بۆنە و دیدار و نووسراوەکانمدا بە ئاشکرا و ڕوونی و بێپەروا ناوم بردوون، کە خۆتان ئەوەتان

نەدەویست کۆمەکەکانتان بۆ بەردەوام چاپکردنی نووسراوەکانم لەو ئاستەدا زبانم لاڵە، بەڵام دووبارە لە ئێستە و سبەینێ و ئایندەشدا، بە دڵێکی بەجۆش و گیانێکی پڕ خرۆشەوە پێشوازی لە ماڵئاواییەکەتان دەکەم، وێڕای پیرۆزبایی لە گەڕانەوەتان لە گەشتی هەشت ساڵەی کارایت لە سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی داراییدا، وەکو کەڵە نووسەری ڕۆژنامەوان، هێژایان مامۆستا مستەفا صالح کەریم و مامۆستا فەرهاد عەونی، کە بە یەکەم شایاری دارایی چەرخی پادشاهێتی عێراق خواجا «ساسۆن حەسقیل» ناوی بردوون، مێژوو زبانی هەیە و دێتە زبان، بەزبانی حالیی دەڵێ: کاکە فەرهاد گوتەنی- ڕۆژگار و ڕۆژانی شاکۆرش و خاتوو ئەستێرەی خێزانی، داستانی گەلی جوو، سەبیی بابلم دێتەوە یاد و گەڕانەوەمان بۆ زەوی ژوانگە.

کاک جەلال، سەروەریتان.. مایەی بۆ ماوەیی خانەوادەتانە.. ماڵئاواییەکەتان هاوارێ بوو بۆ میری شاعیرانی کورد، مستەفا بەگی کوردی، تەخەڵوسی کوردی کە غەزەلی کردە بەربەیتی کوردی، پەیامەکەتان هاوسۆز و هاوشێوە بوو.

**مەڵێن کەڵکی نەبوو ڕۆیی جەهەنم ‌ ‌ ‌ ‌ سەرم قەڵغانە بۆ تیری قەزاتان**
**کە ئێوە پادشای موڵکی عەدالەت ‌ ‌ ‌ ‌ دەترسم من بڕۆم بشکێ سوپاتان**

دۆستایەتیم لەتەک بنەماڵە و خانەوادەکەتان لە ساڵانی سییەکانەوە لە باوکی بەڕێزتانەوەیە، لەفەرموودەکەی هێژا سەرۆک مام جەلالەوەیە، کە ناوی بردووی بە جەلالەین – دوو جەلال، لەگوێمدا دەزنگێتەوە. بەم هەڵبەستە کۆتایی بەوشەکانم دێنم، کە هەرچەندە شەوگار شەق بێ و ترووسکەی مۆم کۆتایی بێ خەفە و خامۆش بێت، پەروانە و پەپوولە بسووتێ، بەڵام چیرۆکی دڵی من لەئاست و ئاقاری مرۆڤ و هەڵوێست کە بەشێکن لە ویژدانی مێژوو هەرگیز کۆتایی نایەن. ئەمەیە ڕەوش و یاسای چەرخ و ژیان.

أما ترى البحرَ تَعلُو فوقَهُ جِيَفٌ!(١٥)
وتَستَقرُّ بِـ أقصى قاعِهِ الدّررُ؟
قل الذي بصروف الدهر عيرنا
هل حاربَ الدهرُ إلا من به شممٌ

(١٥) الإمام الشافعي/ محمد بن إدريس الشافعي(١٥٠-٢٠٤هـ / ٧٦٧-٨٢٠ م) هو ثالث الأئمة الأربعة عند أهل السنة والجماعة، وصاحب المذهب الشافعي في الفقه الإسلامي، ومؤسس علم أصول الفقه. كان الشافعي فصيحا شاعرا، شعره في أغلبه يتناول الحكمة ومناجاة الخالق.

بڵقاو بۆگەناو لەسەروو دەریاوەیە
بەردی بەنرخیش لە بنکییەوە.
بڵێ بەو پێوەرەی زەمەن، ئەوەی هەڵمان دەسەنگێنێ،
هەر دژی مرۆڤی شەهم و سەروەر و بوێر و خاوەن هەڵوێست نەبووە؟

# کاك جەلالی سام ئاغا
# یادەوەری ٤٠ ساڵ
## دکتۆر فوئاد احمد بابان
### هاوڕێی دێرینی کاک جەلال



د. فوئاد بابان، جەلالی سام ئاغا
ماڵی جەلالی سام ئاغا
٢٠١٨/٥/٣١

هەرچەند سەردەکەم بە دیوەخانەکەی کاک جەلالدا لە سلێمانی، بیری دوکانەکەی «بشیر مشیر»م دەکەوێتەوە یاد، لەگەڵ جیاوازی و دووری زمان و جێگادا. گەرچی «بشیر مشیر» ٧٠ ساڵ لەمەوبەر لە دوکانێکی تەنگەبەری حەیدەرخانەی سەرشەقامی رشیدی بەغدادا بوو، کە تەنها چەند کورسییەک و مێزێکی تێدابوو، بەڵام میوانەکانی ئەو سەردەمەی خوالێخۆشبوو مامۆستا «بشیر مشیر» وەک میوانەکانی ماڵی کاک جەلال وا بوون، کە پێکهاتبوون لە هەموو لایەنە کوردییەکانی ئەو زەمانە وەک شیوعی و پارتی، بێ ئەوەی کەس لە کەس بکەوێت، لە ماڵەکەی کاک جەلالیشدا هەموو لایەنەکان هەر لە یەکێتی و گۆڕان و پارتی و کۆمەڵ و یەکگرتوو و کەسانی زۆری بێلایەن کۆدەبنەوە، بێ ئەوەی کاک جەلال خۆی بداتە پاڵ لایەنێک... بەڵکو هەمیشە بووە بە هەوێنی ئاشتی و برایەتی لایەنەکان، هەر لایەنێک کاک جەلالی بە بەشی خۆی زانیوە، ئەمەش بەهرەیەکە بە دەگمەن کەسێک لەم زەمانەدا بتوانێت ئاوا دڵی فراوان بێت و میوانخانەکەی بکاتە هۆڵی گفتوگۆ و راگۆڕینەوە و هێورکردنەوەی لایەنەکان. سەرەڕای ئەم خزمەتە گەورەیە، ئەبێت ئەوەش بڵێم لە ڕووی زانستیەوە کاک جەلال بێ ئەوەی بە خۆی بزانێت خزمەتێکی گەورەی خۆی کردووە بە باوەش کردنەوەی بۆ ئەم هەموو کەسایەتیانە، چونکە ئەو گیانی لێبووردەیی و دڵفراوانییەی بۆتە هۆکارێک بۆ دوورکەوتنەوە لە تەنهایی و توش نەبوونی بە خەمۆکی پەرەپێدانی خانەکانی مێشکی، بۆیە هەمیشە چست و چالاک و بیرتیژە.

سەرەڕای ئەم هەموو سەرقاڵییە کاک جەلال زۆر خەمخۆری خوشکە جوانەمەرگەکانی بوو زەکیەخان و ئەختەرخان خوا لێیان خۆشبێت، تا دواهەناسەیان زۆر دڵسۆزانە بەتەنگیانەوە بوو.

کاک جەلال پیاوێکی بێ تەماعە و چاوی لە ماڵی دونیا نییە، هەر بۆ نموونە خانوەکەی خۆی لەسەر بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی سلێمانی تاپۆ کرد.. هەروەها بەو پارەیەی بۆی مابۆوە لە زەکیەخانی خوشکییەوە کردی بە قوتابخانەیەکی نموونەیی، کە هەتا هەتایە خوێندکاران و مامۆستایانی ئەو ناوچەیەی شاری سلێمانی لەیادی ناکەن. بە ئاهەنگێکی خنجیلانە، کە بە سەدان کەسایەتی و بەرپرسانی پەروەردە ئامادەی بوون، هەر لە وەزیری پەروەردە و بەڕێوەبەرانی پەروەردە و کەسایەتییەکانی شار، دەرگای

ئەو قوتابخانەیەی خستە سەر پشت و کلیلەکانی پێشکەش بە پەروەردەی شار کرد.

کاک جەلال بەوە ناسراوە کە پیاوێکی حەقبێژە، ئەمەش لە ماوەی (٨) ساڵی کارکردنیدا لە سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریدا زۆر بە زەقی ڕەنگیدابۆوە، کە بوو بە میراتێکی پڕ سەروەری نەک هەر بۆ خۆی، بەڵکو بۆ هەموو دڵسۆز و برادەران و خەڵکی بەئەمەکی شاری سلێمانی، کە وەک کەسایەتییەکی چاونەترس و بەویژدان تێی ئەڕوانن.

کاک جەلال پیاوێکی نەفس بەرزە و چاوی لە دەستی هیچ کەسێک نییە، تەنانەت لە کاتی نەخۆشییەکەی چەند دۆستێکی لە بەرپرسان ئامادەی یارمەتیدانی بوون، بەڵام کاک جەلال دەستی نا بەڕووی هەموویانەوە.

بە هۆی ئەوەی ماوەی ٤٠ ساڵێک دۆستێکی نزیکی کاک جەلالم، بەر لە چەند ساڵێک زۆر بە زوویی لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا نەخۆشییەکەیم دۆزییەوە و دەستنیشانم کرد. بە ڕاستی بۆ من هەواڵێکی زۆر ناخۆش بوو کە ئەوە دووەم برادەری نزیکم، پاش خوالێخۆشبوو کاک صالح محمد امین کە تووشی هەمان نەخۆشی بوو.. هەر منیش بووم دەستنیشانی نەخۆشییەکەی ئەویشم کرد.

بەڵام کاک جەلال ئیرادەیەکی بەهێزی هەبوو، بە تایبەت بە هۆی پاڵپشتی برادەرە هەرە نزیکەکانی، وەک کاک عەدنان موفتی و دکتۆر هەڵکەوت حەکیم، توانی بگاتە فەڕەنسا و لەوێش نەشتەرگەرییەکی سەرکەوتووی بۆ کرا و توانی بگەڕێتەوە ناو خزم و برادەرەکانی، کە لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا پیان لێ نەبڕیەوە.

کاتێک خوشکە نازدارەکەی خاتوو زەکیە نەخۆش کەوت لە هەشتاکاندا دەرکەوت کاک جەلال چۆن پیاوێکی دڵسۆز و خەمخۆری هەرە نزیکەکانێتی، ئەوەندە پەرۆشی ئەو خوشکەی بوو کە هەمووومانی سەرسام کردبوو، بە هەمان گرۆتینەوە لە کاتی نەخۆشییەکەی ئەختەرخانی خوشکیدا دووبارە چاکی پیاوەتی لێ هەڵماڵی و کەوتە خزمەتکردنی ئەمیش تا ڕۆژی ٢٠١٨/١٢/٣ گیانی سپارد، کاک جەلال لە خانوەکەی خۆیدا ژوورێکی بۆ تەرخان کرد و چەند کەسێکی شارەزای ڕاسپارد بۆ خزمەتکردنی.

کاک جەلال زۆر بە تەنگ ڕازاندنەوەی ماڵەکەیەوەیە، بۆیە دیوارێکی ماڵەکەی نەخشاندووە بە پانۆرامای لادێیەکی کوردستان سەرەڕای کتێبخانە دەوڵەمەندەکەی و باخچە خنجیلانەکەی.

کاک جەلال هەمیشە ڕووخۆش و بە پێکەنینەوە پێشوازی لە میوانەکانی دەکات...

بە دەگمەن ڕۆژێک تێپەڕێت بێ میوانداریکردنی برادەرەکانی بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ، یان شەوان وەک بڵێی بە تەنها خواردنی بە دڵەوە نانووسێت.. کاک جەلال ڕێزێکی زۆری بۆ هەموو میوانەکانی هەیە.. لە کاتی بەڕێکردنی میوانەکانیدا تا سەرجادەکە بەڕێیان دەکات.

# کەسێکی نیشتمانیی جیاواز

صلاح الدین محمد بهاء الدین




سەردانی مامۆستا سەلاحەدین بەهائەدین و هاوەڵانی
بۆ ماڵی جەلالی سام ئاغا
٢٠١٧/٤/١٦

دەمێک بوو چاوم دەگێڕا و گوێم هەڵدەخست بۆ دۆزینەوە و ناسینەوەی کەسێکی هاوچەرخ، کە لە گۆڕەپانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستاندا هەڵنەخلیسکابێت، نیشتمانپەروەری و خەباتەکەی خۆی بە هەرزان نەفرۆشتبێتەوە.. هیچ نزیکیی کاربەدەستان و ناسراوێتییان و پێگەی ئیداری و کۆمەڵایەتیی بۆ گیرفان و خزمانی خۆی نەقۆستبێتەوە، مەرحەبایی پیاوانی گەورە و خۆشەویستی سەروەت و سامان، کاریگەری سلبی (نەرێنی) لەسەر نەکردبێت..!!

حەزم لێ بوو.. لەناو هەڵکەوتوان و ناودارانی گەلەکەمدا ئەم جۆرە کەسایەتییە زۆر بێت، بەڵام بە داخەوە زۆر نەبوو.

لەم ساڵانەی دواییدا.. ناوێکی سازگارم بیست، ئاشنا بە ناخ و هەستم.. کەسێک زۆرێک لەو خاڵ و مەرجانەی تێدایە، نەک دەیتوانی پلەی باڵاتر و دۆستایەتی گەوران بە متبوونی خۆی و بێدەنگی دابین بکات، بەڵکو لە پۆستی سەرۆکی چاودێریی دارایی.. لەسەر مافی گشتی و بە هۆی ناڕازیبوون لە ئەدای حکومەت، دەستی لەکار کێشایەوە.

ئەو کەسایەتییە.. جەنابی جەلالی سام ئاغا بوو...

یەکەم جار لە ساڵی ٢٠١٥دا هەلی دیداری بەڕێزیانم بۆ ڕەخسا و لە نزیکەوە ناوبانگەکەم تاقیکردەوە و زانیم کە زۆری ڕاستە، ئەو کەسە نەوعییە و کەسێکی نیشتمانپەروەری جیاوازە.. خۆزگە ژمارەیەکی زۆرترمان لەو جۆرە کەسایەتییە هەبوایە، چونکە بە ئەندازەی زۆری ئەو جۆرە کەسایەتییە، دەتوانین چاوەڕێی پێشکەوتن و سەرکەوتن بین...

سەلامەتی و بەردەوامیی بۆ دەخوازم...

# کاك (جەلالی عومەری سام ئاغا)..
# وەك بەفری سپی

### پارێزەر: بکر حمه صدیق عارف

**ئەندامی خولی دووەمی پەرلەمانی عێراق..**

**لەسەر لیستی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان**



جەلالی سام ئاغا، بەکر حەمە سدیق
ماڵی جەلالی سام ئاغا
٢٠٢٠/٦/٧

کۆمەڵگاکەمان، دامودەزگاکانمان، ڕووبەرە جیاوازەکانی کارکردنی تاکەکانی ئێمە پڕن لە مرۆڤی دڵسۆز و خزمەتگوزاری خۆنەویست، کە ڕۆژانە کاردەکەن و بەرهەمی ماددی و مەعنەوی پێشکەش بە کۆمەڵگا دەکەن. گەر وانەبوایە، ئەو جێگەیەی ئێستا هەیە، بە یاسا و زەبری دەسەڵات ئارام نابێتەوە. هەرچەندە پڕبووە لە دیاردەی تەڵخ و نەخوازراو، بەڵام بە لایەنی کەمەوە دیارە بەهای زۆرینەی باشەکان زاڵن، ئەوەی جێگای سەرنجە کاتێ بە لای دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستاندا لادەکەیتەوە، لە جیاتی ئەوەی بۆ خاڵی ڕەش بگەڕێیت بۆ ئەوەی چارەسەری بکەیت، دەبێ بە دوای خاڵی سپیدا عەوداڵ بیت.. بۆ ئەوەی هیچ نەبێ بەپێی توانا و لێهاتوویی خەڵاتی ڕێزلێنانی پێشکەش بکەیت، هەتا بە خۆت و دەوروبەر بڵێیت: هێشتا مرۆڤی سپی و جوانمان هەیە. من لای خۆمەوە ڕەنگی سپی بۆ ئەو جۆرە جوانییە دائەنێم، بەبێ ئەوەی بە کەسیتر بڵێم ڕەش.. یان هەر ڕەنگێکی تر. لە کاتی خۆیدا لەبەردەم سەرای ئازادیدا یەکەم کەس بووم کە وتم: {کاک جەلالی عومەری سام ئاغا، خاڵێکی سپییە لە ناو حکومەتێکی تاریکدا}. مرۆڤە سپییەکان زۆرن، گەر وانەبوایە، کۆمەڵگەکەی ئێمە ئاوا ئارام و سەقامگیر نەدەبوو، بۆیە هۆی سەرەکی مانەوەی بەهای ڕەوشت لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بۆ کاریگەری مرۆڤە سپییەکان دەگەڕێتەوە. جیاوازی سپیبوونی کاک جەلال، لەم کات و شوێنەدا نادیدەکردنی سپییەکانی تر نییە، بەڵکو جوانترکردنی ئەوانە. بە ڕای من جیاوازی سپیبوونەکەی کاک جەلال لەوەدایە، کە بە پلەی وەزیر سەرۆکی دەزگایەکی هەستیاری وەک دیوانی چاودێریی دارایی بووە. ئەم دەزگایە دەزگای ژمارەو حاڵەتە و دەرفەت بە هەڵە و ساختە نادات. کاک جەلال ئەم دەزگایەی لە فەرمانگەیەکی ئاساییەوە گۆڕی بۆ دەزگایەکی بزۆزی چاودێری پڕ لە جوڵە و وزەو ترسناک بەسەر گەندەڵکارانەوە. پێشتر گەندەڵکاران لەنێو عەقارات و زەویوزار و موڵک لەپاڵ حکومەتدا، وەکو جرج جەستەی حکومەتیان دەکرۆژت، هەر ڕۆژەی لە شوێنێکەوە شیرازەیان دەپچڕاند، لە دیاردەیەکی تاکەکەسییەوە بۆ ڕێکخراوێکی ئاڕاستەکراو هەنگاوی نابوو. بەرپرسەکان پۆستی گەندڵکارییان بە یەکتر دەسپارد، جاروباریش بۆ خۆڵکردنە چاوی خەڵک، هەندێ وردە گەندەڵیان دەدا بە دادگا. بەڵام

سەرە گەورەکان، هەرچەندە لە ناخەوە لە کاک جەلال و دەزگا چاودێرییەکەی دەترسان، بەڵام هێشتا سەرەقیتەیان بوو.. لە دەرەوەی لێپرسینەوە بوون، مەگەر کێ لێیان بپرسێتەوە؟ حیزب! ئەوان حیزب دایناون. دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم؟ ئەوانیش بە کادێرە پێشکەوتووەکانی ئەو حیزبە سەردەستانە تەنراون. مەسەلەکە تەنها لە دەرخستنی گەندەڵییەکاندا نەبوو، بەڵکو چاونەترسی و نەسڵەمینەوە لەو سەرە گەورانە نەک ئاسان نەبوو.. بگرە ئەستەمیش بوو. کاک جەلال لەسەر هەموو گەندەڵەکانی نووسی.. نەسڵەمییەوە لێیان.. ڕەچاوی دۆستایەتی خۆی و ئەوان.. تەنانەت مێژووشی نەکرد لەگەڵیاندا.. ئەم پیاوە لەم کاروانە تەنهایەدا لە (أبوذر) دەچوو، کە یەکێکە لە هاوەڵەکانی پێغەمبەری ئیسلام، کاتێک پێی وت، ئای کە هەژارە (أبوذر).. بە تەنها دەژی.. بە تەنها دەمرێ... بە تەنهاش زیندوو دەکرێتەوە. لێرەدا مەبەست لە وتنەکە تەنهایی جەستە نییە، بەڵکو فیکر و باوەڕ و هەڵسوکەوتە، کە ئەو لە کەسی تر ناچێت، هەوڵی زۆری دا.. لەسەر گەندەڵی هەرێمەکە چەندین لاپەڕەی نووسی، چەندینیشی هەواڵەی لێکۆڵینەوەی دادگاکان کرد، کەچی ئەم حکومەتەی هەرێمی کوردستان بەرپرسێکی لەسەر گەندەڵی دەرنەکرد.. گەندەڵێکی ڕووبەڕووی دادگا نەکردەوە، گەندەڵێکی لە وەزیفەکەیەوە بۆ وەزیفەیەکی تر نەگواستەوە.. ئەم حکومەتە یان فریشتەیەکی سپی گوناهە کە هیچ گەندەڵێکی تێدا نییە، یان گەندەڵێکی فراوانی تەشەنەکردووی ڕووهەڵماڵراوی تێدایە و چارەناکرێ. لەم تاقیکردنەوە گەورەیەدا کاک جەلال بە تەنها مایەوە، بەڵام سپیتر بۆوە، ڕووی خۆی و دەزگاکەشی جوانتر کرد، ئازایەتی و بوێری دەرونیشی دایە فەرمانبەرانی دەزگاکەی، بۆ ئەوەی بەگژ گەندەڵیدا بوەستنەوە.. بەڵام بڵێین چی، هەزار هەوار و هیچ و نەبیستن. هەزار گلەیی و هیچ گوێ پێنەدان، هەزار گازندە و یەک بێباکی.. دووهەزار وحەوتسەدو بیست دۆسییەی گەندەڵی و یەکجار فڕێدانیان بۆ ناو سەبەتەی فەرامۆشکرا. ڕاپۆرتە سپی و تەنهاکانی دیوان، پێویستە ڕۆژانە بۆ خەڵک نمایش بکرێن، نەک لە ئەرشیفدا هەڵبگیرێن.

## ڕێزلێنان:

لە لایەن دامودەزگای مەدەنی و خزمەتگوزار و کەسێتی شکۆدار و ڕێکخراوەکانەوە چەندین مەدالیای شکۆداری و ڕێزلێنراوی پێ بەخشراوە، لە یەکێک لەو خەڵاتبەخشینانەدا شەرەفی ئەوەی پێ بەخشیم کە نوێنەرایەتی بکەم بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ڕێزلێنانەکە. بۆ من ئەو ڕۆژە شکۆیەکی تایبەتی و مێژووییە، سوپاسی دەکەم.. هەمیشە شانازی بەو ڕۆژەوە دەکەم.

**هاوڕێیانی کاك جه‌لال:**

ئه‌و که‌سه‌ی سه‌ردانی ماڵی کاک جه‌لالی سام ئاغا ده‌کات، که‌سایه‌تی هه‌موو جۆره حیزب و بیروباوه‌ڕی جیاوازێک ته‌صادوف ده‌کات، کاک جه‌لال وه‌سیه‌تی کردووه، پاش ته‌مه‌نی خۆی ماڵه‌که‌ی بخرێته سه‌ر وه‌زاره‌تی ته‌ندروستی، ئه‌و ماڵه‌ی وه‌ک مۆزه‌خانه‌یه‌ک وایه.. هه‌موو جۆره بیروڕا و که‌لتورێک تێیدا ئازاده، به‌ڵام بێ ئازاردانی یه‌کتر، چه‌پ.. ڕاست.. سکیۆلار.. ئیسلام.. کۆمۆنیست.. بێلایه‌ن.. مه‌یخۆر.. نوێژخوێن.. خۆشویستنی کاک جه‌لال و خۆشخوانی و ئازادییه‌که‌ی، خاڵی هاوبه‌شی هه‌موانه.

**گاڵته‌وگه‌پ:**

ئه‌وانه‌ی ده‌ڕۆینه ماڵی کاک جه‌لال، هه‌ندێکمان پیلان له هه‌ندێکی ترمان ده‌که‌ین، کاک جه‌لالیش بڕیاری داوه هه‌رکه‌سێک که‌موکوڕ بێت سزای بدات، سزاکه‌ش وه‌رگرتنی سفره. هه‌ندێ براده‌ری چه‌پ و ڕاست، هه‌موو جارێ چاڵم بۆ هه‌ڵده‌که‌نن و لای کاک جه‌لال قسه ده‌که‌ن بۆ ئه‌وه‌ی سفرم بداتێ، که‌چی کاک جه‌لال هه‌موو جارێ به خه‌ڵات سه‌ر و سفری چاوزه‌قیان ده‌داتێ. له هه‌مووی خۆشتر ئه‌وه‌یه، له‌نێو هاوڕێیانی کاک جه‌لالدا ته‌نها من له لیستی سفرخوازه‌کاندا نیم. جارێکیان یه‌کێک له‌و براده‌رانه هه‌نجیری بۆ بردبوو، خراپ و بێکه‌ڵک بوو، کاک جه‌لال یه‌ک سفری پێ دا، ئه‌و هاوڕێیه‌ش چوو به‌رچینه‌یه‌ک هه‌نجیری تری بۆ هێنا بۆ ئه‌وه‌ی سفره‌که‌ی بسڕێته‌وه، که‌چی ئه‌مجاره کاک جه‌لال دوو سفری تری پێ دا، چونکه هه‌نجیری ئه‌مجاره‌ش باش نه‌بوو.. به‌ڵام من (بِحَمْدِ اللهِ والمنَّة)، هه‌تا ئێستا بێ سفرم.. قنج و قیت.. دێم ده‌چم!

**مانای دۆستایه‌تی:**


کاک جه‌لالی سام ئاغا له‌به‌رده‌م پاره و ساماندا، چه‌ند نه‌فسی به‌رزه.. ئه‌وه‌نده‌ش پیاوێکی بێ فیز و دڵسۆزه، هه‌واڵپرسیی هاوڕێکانێتی.. هه‌موو جارێ په‌یوه‌ندییه‌کانی ئه‌و پێش من ده‌که‌وێ.. نازێکی باوکانه‌ی جوانی هه‌یه، هه‌واڵی هه‌موو هاوڕێکانی ده‌پرسێ و به‌ده‌م ناخۆشی و نه‌خۆشی و مه‌رگی که‌سوکارییانه‌وه ده‌چێ.. هه‌رچه‌نده با ری ته‌ندروستی سه‌قامگیر نییه، به‌ڵام وه‌کو گه‌نجێکی چالاک.. ده‌جوڵێ و هیممه‌تی باشی هه‌یه.

**هیوا:**

ده‌خوازم کاک جه‌لال سه‌لامه‌ت بێت، نموونه‌کانی زۆر بن، حکومه‌تی هه‌رێم ئاوڕێک له ڕاپۆرته گرنگه‌کانی بداته‌وه.. کاریان له‌سه‌ر بکات، سا به‌ڵکو دونیایه‌کی له ئێستا باشتر ببینین.. (آمین یارب العالمین).

# کاک جەلالی هاوڕێ

## سەڵاح ڕەشید



جەلالی سام ئاغا، سەڵاح ڕەشید

پێش ئەوەی کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا) لە نزیکەوە ببینم و بیناسم، ناویم وەک کەسایەتیەکی نیشتیمانپەروەر و بەهەڵوێستی شاری سلێمانی بیستبوو.

لە کۆتایی ساڵی دوو هەزاردا، کە تازەش بەندە لە دەرەوە گەڕابوومەوە بۆ شارەکەم، لە نیوەڕۆخواردنێکدا لە ماڵی هاوڕێم بەختیاری عەبدوڵا زوهدی کاک جەلالم ناسی و دەمێک بوو لە نیوەڕۆخواردنی لەو شێوەیە بێبەش بووم، بە تایبەتیش کە بە دەستی ئەنجوم خانی خوشکی کاک بەختیار لێنرابوو.. ئەوەندەی خواردنەکە بەلەزەت بوو، زیاتر گفتوگۆی کاک جەلال لەسەر باسکردنی خواردنەکان و شێوەی لێنانی خواردنی کوردی ئەم شارە و ئەو خواردن و شیرینیانەی کە بەرەو نەمان دەچێت.. هێشتا کاک جەلال لە خواردنەکە تەواو نەبووبوو بانگی ئەنجوم خانی کرد، کە ئایە حەڵوای گوڵە زەردەکە ئامادەیە؟ ئەمە یەکەم جار بوو، ناوی ئەم شیرینیە کوردییە ببیستم و لە هەمان کاتیشدا میوان داوای خواردن بکات! ئیتر دوای ئەوە کە کاک جەلالم لە نزیکترەوە ناسی، ئەو شتانەم زۆر بە ئاسایی وەرگرت..

بە هۆی کاری حکومەتەوە، کاک جەلال و بەندە پەیوەندییە شەخسیەکانمان بەرەو پێشەوە بە باشی چوو، بە تایبەتی ئەو بە تەنها (زگورتی) بوو، بەندەش نزیکی دوو ساڵ بوو وەک ئەو وابووم، لەبەر ئەوە خاڵی هاوبەشمان زۆر بوو..

ئەو تەنهاییە وای کردبوو، زۆر لە هاوڕێیانی ئێواران لای کاک جەلال کۆدەبووینەوە، بە تایبەتی خوالێخۆشبوو مەحمودی مەلا عیزەت، کە خانوەکەی ئەویش چەند خانوویەک لەولای ماڵی کاک جەلالەوە بوو، هەروەها کاک سەعدی دزەیی و کاک فاتیح و کۆمەڵێک لە دۆست و هاوڕێیان و ماڵەکەی کاک جەلال شوێنی بەیەکگەیشتن و کۆکردنەوەی کۆمەڵێک هاوڕێی خۆشەویست بوو و هەمیشە خاوەن ماڵ زۆر بە زیادەوە ئەرکی خاوەن ماڵی بەجێهێناوە.

کاک جەلال زۆر سادە بوو لە ژیانی ڕۆژانەیدا و لە خواردن و خوردنەوەدا بێ تەماع بوو، زۆر ئاسایی بوو، خواردنی پێش چەند ڕۆژێ بخوات، بێ ئەوەی گلەیی لەوە بێت کە کۆنە یان پاکە یان پیس.. ئێوارەیەکیان لای کاک مەحمودی مەلا عێزەت دەبێ کە کەمێک زیاد گرنگی بە پاک و تەمیزی ئەدا.. شتێک دەکەوێتە

سەر فەرشی ماڵەکە، کاک مەحمود هەڵدەسێ فرێی ئەدا و ئەڵێ پیس بووە، کاک جەلالیش دەست ئەداتە هێلکەیەکی کوڵاو پاکی دەکات و چەند جارێک بەسەر فەرشەکەدا ئەیهێنێت و ئەیبات و ئینجا ئەیخاتە دەمیەوە و ئەیخوات.. پێشی دەڵێ با بزانین کاممان زووتر نەخۆش دەکەوین، تۆ یان من!

کاک جەلال، سەرەرای دڵسۆزی و خەمخۆری بۆ هاوڕێیانی و بۆ سلێمانی، سەرەڕای سادەیی لە ژیان و هەڵسوکەوتیدا، یەکێک بووە لەو کەسایەتیانەی لە ژیانی فەرمانبەریدا بە یەکێک لە کەسایەتییە پاک و مشورخۆرەکان دائەنرێت، کە بە ئازایانە دژایەتی گەندەڵی و دەستبردن بۆ سەروەت و ماڵی دەوڵەت وەستاوەو بە دڵنیاییەوە ئەو ڕێگایەی ئەو هەڵیبژاردووە، هەمیشە ئاسان و پڕ لە گوڵ و گوڵزار نەبووە..

ئەتوانیت چەندەها لاپەڕە لەسەر کاک جەلال و سیفەتە باشەکانی باس بکەیت، بەڵام دڵنیام لەم کتێبەدا، کۆمەڵێک هاوڕێی ئەو لە بەندە زیاتر لەو بارەیەوە دەنووسن.

به هیوای تەمەندرێژی و تەندروستی باش بۆ کاک جەلال.

# جەلالی سام ئاغا .. لە کوردستانی باشور

## عەبدوڵڵای موهتەدی

### سکرتێری گشتی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران



جەلالی سام ئاغا، عەبدوڵای موهتەدی
٢٠١٧

ناوی کاک جەلالی سام ئاغام وەکو کەسایەتییەکی جێگەی ڕێزی کوردستانی باشوور بیستبوو، بەڵام ئاشنایەتی و لە نزیکەوە ناسینی ئەو بەڕێزە بۆ من.. دەگەڕێتەوە بۆ کەمتر لە بیست ساڵ لەوەوپێش، ئەویش زۆرتر بە بۆنەی کاکمەوە بوو.

دەقیقەن یەکەم دیدارمانم لەبیرم نییە کەی و لەکوێبوو؟ بەڵام دەزانم زۆر زوو بۆم دەرکەوت کەسێکی قسە لە ڕوو و ڕاستگۆیە و لە دەربڕینی ڕاشکاوانەی دید و بۆچوونی خۆی سڵ ناکا. ئەو و کاکم، کاک سەلاحەدینی موهتەدی، کە ئەویش کەسایەتییەکی پاک و قسە قووتنەدەرە، دۆستایەتییەکی زۆر لە نێوانیاندا پێکهاتبوو. منیش کە هاتوچۆی ماڵی کاک سەلاحم دەکرد لە سلێمانی، فرسەتی زۆرترم بۆ هەڵدەکەوت لەگەڵ جەنابی کاک جەلالیش لە نزیکەوە دانیشتن و تێکەڵیم هەبێت.

لەو دیدارانەدا.. بۆخۆی زۆر سەخی و ماڵ خۆش و بەپەزیرایی بوو، بۆ لای ئێمەش قەت بە دەستی بەتاڵ نەدەهات. جا لە یەکێک لەو جارانەدا، کە یادی بەخێر لەگەڵ ئەختەر خانمی خوشکی بۆ شەوی نەورۆز میوانمان بوون، چەند جۆرە شیرینی و هەڵوای خۆمانەی بە دیاری بۆ هێنابووین. بۆ بەدبەختی، لەو جەنجاڵییەی شەوی نەورۆزدا شیرینی و هەڵوا ونبوون.. هەرچی بەهەڵەداوان بە دوایاندا گەڕاین، شوێنمان هەڵنەگرتن. ئێمە بە ڕاستی شەرمەندە بووین و نەم اندەزانی بڵێین چی، بەڵام تازە چمان پێ نەدەکرا: هەڵوا لەنێو پێشمەرگە شۆڕشگێڕەکاندا بە دوو خولەک هەڵمەقووت کرابوو. گرفتی گەورەتر و ترسناکتر ئەوە بوو جوابی کاک جەلالمان پێ نەدەدراوە، کە بە هەمان وردبینی و سەرسەختی بە دوای دۆزینەوەو ئاشکراکردنی گەندەڵی لەناو مەسئوولەکاندا دەگەڕا، دەیویست سۆراغی هەڵوا دزی ئێمەش بکات.

کاک جەلالی سام ئاغا بۆ خۆی قامووسێکی زیندووە لە ناسینی مێژوو و ڕووداوو کەسایەتیەکان.. هەمووشی بەئینساف و واقیعبینیەوە. لە بابەتە یاساییەکان و لە سیاسەت و ڕۆشنبیریدا، قەت وا نییە لە مەجلیسیدا فێری شتێکی تازە نەبی.

وەکو کاک سەلاحی برام، ئەویش حیزبی نییە. کاک جەلال لەو کەسایەتیانەیە کە پێی وایە حیزبایەتی بۆی بەرتەسکە و لە ڕاستیدا زمانی خۆی نە لە ئاست

دەسەلاتداران و نە لەبەردەم یاسا و ڕێسا و مەسلەحەتە حیزبییەکاندا پێگری نادریّ، بەلام ئەمە بە مانای بێدەربەستی و کەمتەرخەمی ئەو بە سیاسەت و بە کۆمەلگا و بە چارەنووسی کورد نییە. ڕێک پێچەوانە، خەمی گەورەی کاک جەلال ئەو بابەتانەیە. نەک هەر بە تەنیا بۆ کوردی عێراق، بەلکو خەمخۆری ئێمەشە. هەموو جاریّ بە فرسەتی زانیوە پرسیاری بارودۆخی سیاسی ئێران و کوردستانی ڕۆژهەلاتم لیّ بکا.. دلسۆزانە و بەپەرۆشانە لەسەر پێویستی یەککرتوویی بۆم بدویّ. کە توشی تەنگوچەلەمە و گیروگرفتیش هاتووین، کە بە ناشوکری نالێم ئەوەشمان کەم نەبووە، بە کردەوە بۆمان تێکۆشاوە کە پێویست ناکا لێرەدا باسی وردەکاری بکەم، بەلام شاهیدی بۆ دەدەم و مەمنوونیم.


هەولەکانی بۆ نەهێشتن و لەقاودانی گەندەلی لە کەس شاراوە نییە و دەری دەخا ئەو خەونی چ چەشنە کۆمەلگایەک بۆ داهاتووی کوردستان دەبینیّ. ئەوەش لەگەل دیدی ئێمە وەکو حیزبێکی پێشکەوتنخواز دێتەوە، کە کوردستانێکمان دەویّ هەم ئازاد و هەم دادپەوەر، کوردستانێک کە حکومەت و دەسەلات هەلبژێردراوی خەلکە و خزمەتی خەلک و کۆمەلگاش دەکا، دەسەلاتێک کە هەم پاکە و هەم کارامە، بەرژەوەندی درێژخایەنی کۆمەلگای کوردستان و ژینگەکەی لەبەرچاوە، نەک ڕازیکردنی کاتی ئەم و ئەو. بە داخەوە ئەوەی من لەم سالانەی دوایی لە کاک جەلالم بەدیکردبیّ، دلی بە وەزعەکە خۆش نییە، پێی وایە کورد بەو پچرپچڕی و بەو ناتەباییە و بەو ئیدارە کزەی، ئەویش لەم مەلبەندە ئالۆزەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، ئاواتەکانی نایەتە دی. خۆ لە ڕاستیشدا زۆر ئەستەمە، بەلام من لەو گەشبینترم. گەلانی دیکە بە قۆناغی زۆر سەختتر و خراپتریشدا تێپەڕیون، سەرەنجام ڕێگەی خۆشیان بەرەو ڕزگاری و بەختەوەری بەسەرکەوتوویی بڕیوە. کورد بۆ نەتوانیّ؟ خەبات و هەلسوکەوتی کاک جەلالەکان، خۆی یەکێک لە سەرچاوەکانی هیوا و ئیلهامی نەوەی نویّ لەو پێناوە دان.

کە نەخۆشکەوت، دلی هەموو دۆستان و دلسۆزانی نیگەران کرد، بەلام بۆ خۆی هەر خاوەن ورە مایەوە.. خۆشبەختانە زوو مەجلیس و قسەی خۆشی دەستپێکردەوە. چەند مانگێکە دوورم و بە خزمەتی نەگەیشتووم. ئارەزوومەندم بە زوویی و بە خۆشی بە دیداری شادبمەوە و سالەهای سالی دیکەش کاک جەلالی سام ئاغا چرای ڕووناکی بەخشی کۆڕی دۆستان و کۆمەلگەی کوردەواری بێت.

٢٠١٩/٦/١٠

# بۆ كاك جەلالی نەفسبەرز و خۆنەویست

## عومەر ئیلخانیزادە



عومەر ئێلخانیزادە، جەلالی سام ئاغا
ڕێستۆرانتی ئیڤڵ
٢٠٠٦/٦/٢٦

یەکەم جار لە ساڵی ۲۰۰۳دا، کە ڕژێمی بەعس نەمابوو، ئەو پیاوەم ناسی. کەسێکی ڕێکپۆش، پایپ بەدەست، بە حورمەت، کەمدوو و کەمێکیش مۆن بوو، تا ڕادەیەک هەستت دەکرد خۆی پێ زلبێ. لە قسەکردنیشدا زۆرێک لە وشەکانی عەرەبی بوون. بۆیە دەتوانم بڵێم هەوەڵجار زۆر نەچووە نێو دڵمەوە، لام وابوو زۆر ڕەسمی و وشکە. دواتر کە زۆرتر دیتم و لە مەجلیسان پێکەوە بووین، بۆم دەرکەوت لە هەموو حاڵو هەوایەکدا هەوڵدەدا خۆی بێ، چۆن هەیە هەروای ببینن، بەپێی مەجلیس و مەسڵەحەت خۆی نەدەگونجاند. سەریح بوو، قسەی خۆی دەکرد بێ ئەوەی بەرانبەرەکەی بڕوشێنێ، بەڵام دەربەستیش نەبوو گەر بۆچوونەکەیان بەدڵ نەبوایە و لێی زویربووبان. جەلالی عومەری سام ئاغا، بەرپرسی دەزگای چاودێریی دارایی هەرێم بوو، ڕۆژ هات و ڕۆژ ڕابورد، پێترۆدۆلار بەلێشا و هەموو عێراق و کوردستانی گرتەوە، دەسەڵات بەسەر موڵک و ماڵی گشتی، ڕەونەقی بازرگانی و تیجارەت و پڕبوونی خەزێنەی دەزگا حکومییەکان، وەها دەسەڵاتی شیرین کردبوو.. وایکرد هەر قوڵە بەرپرسێکیش بیویستبا مەودای هەبوو نەک گیرفانی خۆی، هی خزم و کەسیشی بئاخنێ (کە زۆرێک کردیشیان). لەو ڕۆژ و هەلانەدا، دەبوو ئەو دەزگایە لە تاقیکردنەوەدا، پاک یان پیس دەربێ. سانا نەبوو، بەرپرسە باڵا و دەستڕۆیشتووەکان مەشمولبوون، هەندێکیان دۆستی کاک جەلالیش بوون و دەوریان دەگرت و دەسەڵاتیشیان هەبوو کێشەشی بۆ دروست بکەن، بەڵێ ئەوە (جەلالی عومەری سام ئاغا) بوو کە بە بوێری دەزگای چاودێریی دارایی پاک و ڕووسور لەم تاقیکردنەوەیەدا تێپەڕاند، دەسەڵات و ئاواتی گەلی لەوان پێ بەهێزتربوو، بێ ترس دەیان و سەدان فایلی گەندەڵی بێ لەبەرچاوگرتنی حیزب حیزبێنەی باو و خزمخزمێنەی جێکەوتوو و دۆستایەتی و... هتد دایە مەحکەمە. جەخار سەد جەخار مەحکەمەکان هەموویان وەک کاک جەلال نەبوون، خزمایەتی، دۆستایەتی، حیزبایەتی و مەسڵەحەت بڕێکیانی کول کردبوو، یان باشترە بڵێم هێشتا دەزگای داد لەم وڵاتەی ئێمە دەزگای تەواو سەربەخۆ نەبوو. دوای ساڵانێکی زۆرو شوێن دانانی جوان، کاک جەلال دەستی لەکار کێشایەوە، تەنانەت دەسەڵات بە دەستە باڵاکانیش هەوڵیان دا لە یەک ئیدارەییشدا لە کاری خۆی بەردەوام بێ و متمانەی خۆیانی پێ بەخشێ، بەڵام ئیتر درەنگ بوو.. هەرچەند ئەزموونی تاڵی ساڵ

بەریان بەو کەسە پاکە گرت کە بەردەوامبێ، یەکێک لە دڵسۆزانی گەل و کوردستان خۆی دوورخستەوە.

ڕێک لەو کاتەدا کە ئەو بەرپرسایەتیشی نەما، دەرکەوت باڵای چەندە لە باڵای زۆرێک لە بەرپرسیارەکان بەرزترە، تا چ ڕادەیەک بە نەفسبەرزی و خۆنەویستی بڕیاری داوە کارێکی نەکردوو بکات. (جەلالی عومەری سام ئاغا)، وەسیەتی کرد هەموو موڵک وماڵی بۆ دووبەش تەرخان بکات:

یەکەم/ دوای خۆی.. خانووە ڕاقی و بەنرخەکەی ببخەشێتە دەزگای تەندروستی.

دووهەم/ باقی داراییەکەی کردە فەندێک بۆ ئەو کارمەندانەی چاودێریی دارایی، کە بە بوێری و دەستپاکی ئەرکەکانیان ڕادەپەڕێنن. ئەو پەیامەی ئەوەندە بەهێزو شوێندانەر بوو، کە حەیفی ئەوەی قەرەبووکردەوە، دووبارە بەرپرسایەتی وەرگرتنەوەی ئەو دەزگا هەستیارەی ڕەدکردەوە.

جیا لە هەموو ئەوانە، کاک جەلال دۆستی ڕاست و دروستی کۆمەڵەش بوو، زۆر بەخەممانەوە بوو، هەرچەند تارچین پڵاوەکەی ئێمەی ناونابوو برنجە زەردەکە و قوبوڵییەکەی باشووری پێ خۆشبوو، بۆیە بە تەوسەوە دەیگوت با ئەگەر هاتین برنجە زەردەکەمان هەبێ، لە حاڵێکدا پێشتر ڕایسپاردبوو کە قوبوڵییەکەی پێ خۆشترە. پێشتر و لە کاتی جیابوونەوەی ساڵی٢٠٠٧ بە هەموو شێوەیەک هەوڵی دا هەوێنی یەکریزیمان بێ، چەندین جار سەردانی کردین، بە میوانی بۆ کردن و خەڵک کۆکردنەوە بە کردنی قسەی خێر بەردەوام بوو، کە ترازانەکە چارنەکرا، هەر دەستی هەڵنەگرت و بۆ دۆستایەتی و نێوان خۆشیمان نەوەستایەوە، بۆیە حەقوایە سوپاسێکی تەواوی بکەم. هەرچەند کاک جەلال هەمیشە دەیگوت من سیاسی نیم، بەڵام سیاسییەکی بەدەربەستە بەرانبەر هەموو بەشەکانی کوردستان. ئارەزوومەندم نموونەی زۆر بێ و تەمەنیشی درێژ، پێی بڵێین لێت فێردەبین.. ئافەرین بۆ تۆ ئەی مامۆستای پاکی.

٢٠١٩/٠٣/١١

# چراكانی نیشتمان

محەمەد بەرزی



محەمەد بەرزی، جەلالی سام ئاغا
ماڵی جەلالی سام ئاغا
٢٠١٧/٣/٢٥

نیشتمانەکەمان بریتییە لەو پارچە زەوییە بەپیت و بەرەکەتە پیرۆزەی، کە بۆتە پێناسەمان و چەند هەزار ساڵێکە واری نەتەوەی کوردە و میللەتەکەمانی لەسەر دەژی.. پشتاوپشت گەیشتۆتە ئێمە و بۆتە مایەی شکۆ و شانازیمان. ئەو بەهەشتە پڕ سۆزە گەرموگوڕەیە، کە سۆزی هیچ نیشتمانێکی تری دونیا پێی ناگات و بۆنو بەرامی دایک و باوک و نەتەوەکەمانی گرتووە.. حەزئەکەین بە مردووییش جەستەمان لە باوەشە خۆشەکەیدا بە ئاسودەیی ئارام بگرێت و ئاوێتەی خاکە پاک و پیرۆزەکەی بێت. بێگومان نیشتمانیش بە هۆی نیشتمانپەروەرانەوە دەبێتە نیشتمانێکی ئازاد و ئاوەدانی خاوەن ئاڵا و سرودی تایبەتی خۆی. نیشتمانپەروەریش ئەو کەسەیە، بە دڵ نیشتمانی خۆی خۆشدەوێت و شانازی پێوە دەکات، دوور لە بەرژەوەندی تایبەت و پۆست و پارە، بە ویژدانەوە کار و خزمەتی هێژای پێشکەش دەکات و پارێزگاری لە شکۆ و سەروەت و سامانی دەکات.. لە کاتی تەنگانەشدا، چ بە گیان چ بە خزمەتکردنێکی بێهاوتا، بە هانایەوە دەچێت و لە هیچ کارێکی چاکە خۆی نابوێرێ، هەموو خەون و خولیا و سەودایەکی پاراستن و پێشکەوتنیەتی.

ئەوەی شایانی باسە، بە درێژایی مێژوو ڕۆڵە نیشتمانپەروەرکانی نەتەوەکەمان، بۆ گەیشتن بە ئازادی و نیشتمانێکی ئاوەدانی پڕ لە ئاشتی و ئاسایش، دریغیان نەکردووە و دەریایەک خوێنیان بۆ ڕشتووە. مێژوومان پڕە لە ناوی کەسانی مەزنی نەمر، چ بە سەر و ماڵیان، چ بە کارە ناوازەکانیان خزمەتی نیشتمانیان کردووە، بەڵام بەداخەوە لە دوای ڕاپەڕین و ئەو مێژووە لە خەم و خوێن هەڵکێشراوەمان، سیاسییە پاوانخوازەکان، نەیانتوانیوە حوکمڕانییەکی وامان بۆ دەستەبەر بکەن بە قەد باڵای تێکۆشان و قوربانیی ڕۆڵەکانمان بێت. ئەوەتا ماوەی ٢٨ ساڵە وەک زەروو لەسەر حسێبی ڕەنجی شانی خەڵکی کەساس و داماو دەژین، داهاتی سەر زەوی و ژێر زەوی نیشتمان تاڵاندەکەن، ئاوات و خەونی مێژینەی کورد لەباردەبەن. بۆ مانەوەو پاراستنی بەرژەوەندی خۆشیان، کار لەسەر داوەشاندن و کرمێکردنی ناخی مرۆڤی کورد دەکەن، نەوەیەکی بندیواری وایان پەروەردەکردووە، کە گرەویان لەسەر ناکرێت. بەم سیاسەتە چەوتەشیان کۆمەڵگایان وا لێ کردووە، بە تەواوەتی واتاو مانای نیشتمانپەروەریی کاڵ بێتەوە و بکەوێتە ژێر پرسیارەوە. ئەمە سەرباری ئەوەی بە چەشە و تیکەی ژەهراوی پۆست و پارەش، پەردەی نیشتمانپەروەریان

لە سەر ڕووی زۆر کەسی هەلپەرست داماڵیوە و دەنگ و ڕۆڵی نیشتمانپەروەری ڕاستەقینەشیان خامۆشکردووە. لە ئەنجامیشدا نیشتمان و کۆمەڵگاکەمانیان ڕووبەڕووی نەهامەتی و مەترسی گەورە و گران کردۆتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەو بارە نالەبارەشدا، هێشتا کەسانێکی نیشمانپەروەری بەویژدانی چاونەترسی ئازا هەیە، کە خەمی نیشتمانیان لەکۆڵ ناوە و دوور لە بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان و پۆستو پارە، بەردەوام داکۆکی لە بەها جوانەکان دەکەن. بێگومان یەکێک لەو چرایانە کاک (جەلالی عومەری سام ئاغایە)، کە لە دوای ڕاپەڕینەوە، مەردانە و کوردانە گیانی لەسەر لەپی دەستی خۆی داناوە و بێ پرس و بێ ترس دەستی خستۆتە سەر برینەکان، کەموکورتی ئەو حوکمڕانییە شکستخواردووەی ئاشکرا کردووە، بە هیوای ئەوەی نیشتمان و ماڵومولکی گشتی بپارێزێت. بۆ ئەم مەبەستەش ئەو کاتەی سەرۆکی دیوانی چاودێریی بووە، (٢٧٢٠) ڕاپۆرتی دەربارەی گەندەڵی و بەهەدەردانی سامان و موڵک و ماڵی گشتی ڕادەستی داواکاری گشتی کردووە. خۆ ئەگەر لەبەر ڕۆشنایی یاسایەکی عادیلانەدا لەو ڕاپۆرتانە بکۆڵرایەتەوە، ئەوا بە دڵنیاییەوە ڕۆژمان بەم ڕۆژە ناخۆشە نەدەگەییشت و سەدان ملیۆن دۆلار دەگەڕایەوە بۆ خەزێنەی دەوڵەت و دەستی دزە گەورەکانیش لەبندا دەبڕران، ڕێگاش لە ڕاووڕووت دەگیرا. پاشان، لە کاتێکدا نیشتمانپەروەرانی دوێنێ لە پێناوی هەڵپەی پۆست و کۆکردنەوەی سەروەت و ساماندا، نیشتمانپەروەری خۆیان خستە ژێر پرسیارەوە.. ئاگریان لە ڕابوردووی خۆیان بەردا، کاک جەلال بە خواستی خۆی واز لە پۆست و پلە و پایە دەهێنێت و خزمەتێکی بێوێنەش پێشکەش بە شاری سلێمانی و هاوڵاتییەکانی دەکات. ئەوەتا هێشتا لە ژیاندایە خانووە گەورەکەی خۆی لە گردی سەرچنار، دەبەخشێت بە وەزارەتی تەندروستی، تا دوای خۆی بکرێت بە نەخۆشخانەیەک. پارچە زەوییەکیی دەفرۆشێت و پارەکەی دەخاتە بانکەوە.. ساڵانە قازانجەکەی دەکات بە پاداشت و پێشکەشی فەرمانبەری لێهاتوو و چەند خانمێکی سەلاری دیوانی چاودێریی دارایی دەکات. پاشان ئەختەرخانی خوشکی هەمان ڕێگا و ڕێبازی کاک جەلال دەگرێتەبەر و دوای خۆی تاقە باڵەخانەکەی پێشکەش بە پەروەردەی سلێمانی دەکات و دەکرێت بە دایەنگەیەک بۆ ساوایان. بێگومان کارە ناوازەکانی ئەم بنەماڵە بەخشەرە سەربەرزە، کە وەک تیشکی خۆر دەدرەوشێنەوە هەر لێرەدا نەوەستاوە، بەڵکو بە هاوکاری و ڕەنجی چەند ساڵەی مامۆستا (زەکێ خانی عومەری سام ئاغا)، شارایەکی تر دەخەنە سەر خەرمانی ئەو خزمەتە بەنرخەی خۆیان و لەسەر ڕووبەری «حەوت هەزار مەترە چوارگۆشە» و بە سەرپەرشتی کاک جەلال، هەڵدەستن بە دروستکردنی خوێندنگایەکی نموونەیی

بنەڕەتی دوازدە پۆلی، کە توانای لەخۆگرتنی (٧٠٠ ) خوێندکاری هەیە. بڕی تێچووی ئەو پڕۆژەیەش گەیشتۆتە (٥٥٠ هەزار دۆلار). بەمەش دەیانەوێت لەژێر سایە و سێبەری بیرکردنەوەی خۆیاندا، تۆوی بڕوا لە دڵی نەوەیەکی نوێی ئازا و پاکی نیشتمانپەروەردا بچێنن و لە دواڕۆژدا بتوانن بەوپەڕی دڵسۆزییەوە خزمەتی ئەو نیشتمانە بێنازەیان بکەن، کە سەدان ساڵە لەژێر زوڵمی داگیرکەر و جاش‌و خۆفرۆش و کەسانی ملکەچی ئەڵقە لە گوێی هەلپەرستدا دەناڵێنێت... سوپاس بۆ ئەو بنەماڵە نیشتمانپەروەرە دڵسۆزەی چرایەکی گەشیان بۆ هەڵکردین، کە تا هەتایە، کارە مەزن و ناوازەکانیان، وەک نەخشی سەر بەرد لە یادەوەری خەڵکە بە شەرەفەکەی شارە قارەمانەکەی هەڵمەت و قوربانیدا، وەک تیشکی خۆر دەدرەوشێنەوە.

٢٠١٩/٠٣/١٨

# خۆزگەم بەو کاتەی کە دەستمانپێکرد!

## بەهرۆز گەلاڵی




**جەلالی سام ئاغا، بەهرۆز گەڵاڵی**
**لەسەر مەزاری عادل موراد**
**٢٠١٩**

کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا)، پیاوێک لە ئاڵتون، جوامێرێک لە پاکی، بێوێنە لە خانەدانیی، پێویست ناکات پێیدا هەڵبڵێم، چونکە خودی کاک جەلال بە سیفاتەکانی مرۆڤی ڕاستەقینە دەوڵەمەندە.

بەندە.. ئارەزووم لەوەیە، کە دۆست و برادەر و ناسیاوەکانم.. پیاوی لێوەشاوەو دونیا دیدە و بەناوبانگ.. لە هەموو ڕوویەکەوە پاک بن. دەمێک بوو ناوبانگی ئەو پیاوە ئاڵتونییەم بیستبوو.. خوا کردی یەکترمان بینی. هەر لە یەکەم دانیشتندا ڕەفتار و هەڵسوکەوتی جوامێری و مەردایەتی و بەلوتفییەکەی، زۆر سەرنجی ڕاکێشام، خۆشبەختانە بووین بە برادەر.. تاکو ئێستا هیچ سفرم وەرنەگرتووە، چونکە ئەوانەی لەگەڵی برادەرن هەندێکیان سفریان وەرگرتووە یان ئیکمالن.

(کاک جەلال سفر دەداتە ئەو برادەرانەی کارێک دەکەن، کە کاک جەلال بەدڵی نەبێت، لەبەر ئەوە یان سفرێکیان بۆ دادەنێ یان ئیکمالیان دەکات).

ڕۆژێکیان ئێمە لەگەڵ کاک کۆسرەت لە هیران بووین. کاک جەلال و کاک شێخ سالاری حەفید هاتن بۆ سەردانمان، لەوێ یەکەم جار کاک جەلالم ناسیو زۆر قسەی خۆشی کرد. ئیتر بڕیارم دا کە بگەڕێمەوە سلێمانی سەردانێکی بکەم. ڕۆژێک بۆ پشودان هاتمەوە سلێمانی و چووم بۆ حزوری کاک جەلال. وام زانی ئێستا لێپرسراوی حمایەکەی دێت، دەرگام لێ دەکاتەوە.. سەیرم کرد کاک جەلال خۆی هات.. وتم ئەمە بۆ خۆت ئەزیەتت کێشا و حیمایەکەت بناردبایە.. وتی: ڕۆڵە لێپرسراوی حیمایەی من ئەو «سورگیەیە» کە لە پشت دەرگاکە قایمکراوە.. ئەوە حیمایەتی من دەکات. خۆ من لێپرسراوەکان نیم، خۆم حیمایەتی خۆم دەکەم. بە یەکەوە دانیشتین و زۆر بە گەرمی بەخێرهاتنی کردم. ئیتر لەو کاتەوە پەیوەندییەکی زۆر باش و بەهێز و دۆستانەمان هەیە.. کارەکانی بەندەشی باش هەڵسەنگاندووە. هەندێجار کە لە تورکیا دەهاتمەوە سەردانیم دەکرد.. لەگەڵ هەندێ دۆستی ئازیزی ترمان، کاک خەسرەو کەریم، پێکەوە دەڕۆین بۆ لای دوکانی دۆستێک بۆ جگەرخواردن، ڕۆژێکیان چووین، جگەرەکە ئەوەندە بەتامو خۆش بوو، منیش ئەوەندە بەزەوق و خۆشییەوە دەمخوارد.. هیچم لەبەردەم نەمابوو، کاک جەلال و کاک خەسرەو وتیان بەهرۆز خۆشبوو؟ وتم خۆزگەم بەو کاتەی کە دەستمانپێکرد. هەردووکیان دایان لە قاقای پێکەنین، وتیان دە ڕۆڵە نوێی بکەوە...


ئێستاش کە بە یەکەوە دادەنیشین، ناوە ناوە دەڵێن کاک بەهرۆز خۆزگە بەو کاتەی کە دەستمانپێکرد، لەگەڵ کاک جەلال زوو یەکتر دەبینین، جاری وا هەیە کە بەڵێنێکمان دەبێت پێکەوە بڕۆین بۆ شوێنێک! من هەر زۆر زوو دەڕۆم بۆ لای. چونکە کاک جەلال زۆر هێمن و لەسەرخۆیە! بە هێواشی خۆی ئامادە دەکات، منیش ئەوەندە خێرا و بە پەلەم. بە جۆرێک هێواشە پیاو پەرێشان دەکات. بۆیە هەر زوو دەڕۆم بۆ ئەوەی زوو بکەوینە ڕێ.

کاک جەلالی عومەری سام ئاغا، پیاوێکی تا بڵێی مرۆڤ دۆست و بەلوتف و دۆستێکی زۆر ئازیز، ڕەفیقێکی زۆر ڕاستگۆ. چاوتیژ، لە دەربڕینی هەڵوێستەکانیدا زۆر ڕاشکاوە. لە کۆتاییدا دەڵێم خۆشحاڵم کە هاوڕێی پیاوێکی وا ناسراو و دنیا دیدە و مەردم. هیوای تەمەن درێژی بۆ دەخوازم و دەڵێم کاک جەلال گیان: (خۆزگەم بەو کاتەی کە دەستمانپێکرد).

٢٠١٩-٧-٢٦

# بەڵێ شکۆمەندی ئەمەیە

نەوزاد مەحموود



نەوزاد مەحمود، جەلالی سام ئاغا
ماڵی جەلالی سام ئاغا
٢٠٢٠/٦/١٠

یەکێک لە ڕۆژە گەرمەکانی هاوینی ساڵی ٢٠٠٩، واتە دوو ساڵ پێش دەستلەکارکێشانەوەی، تینوی ساخکردنەوەی هەواڵێک بووم. باشترین بژاردەش ئەوە بوو پرسیارەکە ڕووبەڕووی پیاوێک بکەمەوە، کە هێشتا لە نزیکەوە لەگەڵی دانەنیشتبووم. نیگەران بووم لەوەی بۆچی ئەم پیاوە بە خێرایی دەرگای لەسەر ئەو بابەتە پێوەدا.

**- تۆ بینیوتە من بۆ هیچ میدیایەک قسەم کردبێت؟**

- بەڵام من تەنیا پرسیاری ڕاستی و ناڕاستی ئەو هەواڵەم کردووە و داوای لێدوانم نەکردووە؟

**- بڕوا بکە، یەک پیت لەو بارەیەوە لە من نابیستی. پێم خۆشە بێیتە دیوان و لەوێ پێکەوە هەندێک قسە بکەین.**

من بۆ سۆراغی هەواڵێک چوومە دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی، بەڵام لە بری ئەو وەڵامە، جەلالی سام ئاغام ناسی. ئەو پیاوە بێدەنگەی، بەبێ ئەو ئاسان نەبوو تاوەکو ساڵانی داهاتوویش ڕای گشتی تێبگات دیوانی چاودێری دارایی چییەو دەبێت چی بکات.

من لە یەک کاتدا دوو جۆر پەیوەندیم لەگەڵ (جەلالی عومەری سام ئاغا)، هەبووە و هەیە. کاتێک وەک ڕۆژنامەوانێک پێویستم بەوە هەبووە تەلەفۆنێکی بۆ بکەم یان بچمە لای. نایشارمەوە ئەوە پەیوەندییەکی ڕەزا قورس بوو. بەردەوام وشەی وەک (نابێ و ناکرێ)م دەست دەکەوتەوە، بەڵام سەیر ئەوە بوو، هەندێک ئێواران، دەنگی جەلالی سام ئاغایەکی دیکە لە مۆبایلەکەوە سڵاوی دەکرد و باسی خۆشەویستی و قاوە و ڕەوشی ژیانی دەکرد و پێی دەگوتی «تۆ ناترسی، ئەوەندە غیاب بیت؟» بە تێپەڕینی ڕۆژگار و تێگەیشتن لە وردەکاریی ئەو ڕووداوانەی بوونە هۆی پەیدابوونی چیرۆکی جیاواز و ئەو عەیب و عارە گەورانەی لەبارەی بەڕێوەبردن و ئیدارەدانەوە نائومێدیان کردین، ئیدی هەردوو جەلالی سام ئاغا، بوونە دوو ڕووی یەک دراوی خۆشەویستی و هیوا بۆ من.

ئێستا، ساڵی ٢٠١٩یە و من بۆ سۆراغی هیچ هەواڵێک تەلەفۆن بۆ (جەلالی عومەری سام ئاغا)، ناکەم، جگە لە تەندروستی خۆی. چونکە ئەو پیاوێکی خانەنشینەو لە

ماڵەکەی خۆیدا، کە ئەویش بۆخۆی بووەتە چیرۆکی بەخشندەیی، دواهەمین لاپەڕەکانی تەمەنی هەڵدەداتەوە. بەڵام دیمەنی سەرنجڕاکێش لە دوای جێهێشتنی پۆستەکەیەوە دەستپێدەکات. لەبەر ئەوەی ژمارەی میوانەکان و هاموشۆکاران ئێستا زۆرترن لەو ساڵانەی ئەو گەڕیدەی نێو فایلە تاریکەکان بوو. بە ڕاستی، مرۆڤی هۆشمەند پێویستی بە بیرکردنەوە نییە تێبگات لەوەی، چۆن دوای پشتکردنە دەسەڵات، مرۆڤ سێبەرەکەی پۆشتەتر و ئاوەدانتر دەبێتەوە، لە کاتێکدا ماڵە ڕۆژهەڵاتییەکان هەمیشە لە ڕۆژگاری دەسەڵات و هەژموون و دەستپڕیدا ئاوا و ئاوەدانن.

پیاوە مەزنەکان، ئەوانەن لە پێش مەرگی خۆیان ناچارت دەکەن هەر بە زیندوویی بیانکەیت بە رووگە. بە هۆی ئەوەی مامۆستای هەرە دیاری ژیانی من هەژاریی بووە، کەمتر بەو چیرۆک و پاڵەوانانە سەرسام بووم، کە پارە و دەسەڵات ڕۆڵی هەبووە لە تابلۆی نێوبانگیاندا. پێشتریش گوتبووم سەرسام بووم بە (موحەممەدی پێغەمبەر) یان بە (یوسفی ڕاستگۆ) و بە (گاندی) و (چاپلن) و نووسەری مەزنی جیهانی نیکۆس کازانتزاکیس، یان گابریێل گارسیا مارکیز و ماندێلای مەزن. نایشارمەوە لە جەلالی سام ئاغاشدا، دونیا نەویستی سەرسامی کردووم. دوای ئەو سەرسامییە، ئیدی هەرچی بکەی و هەرچی بڵێی ڕام ناوەشێنێ. چونکە یەکجار بەسە بۆ ئەوەی لە مرۆڤێک و باوەڕەکەی تێبگەی.

باسی پیاوێک دەکەین، ناوی (جەلالی عومەری سام ئاغا)یە. ئەو بە پێشمەرگایەتی دەستپێیکرد و دواتریش چەند بەرپرسیارێتییەکی حکومیی وەرگرت و دواهەمینیان، لێپرسراوێتی دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی بوو. ئەو دیوانەی لە ساڵانی ڕابردوودا بێبەزەییانە سلێمانی هەژاند. نادادگەریی و هەواڵە خنکێنەرەکانی دەستپیسی کارێکیان کرد، مرۆڤی کورد هێندە لالوت ببێ لە ژیان، بگاتە ئەوەی بگاتە دڵێشان لە شۆڕش و شەهیدەکانیشی. تەنانەت لەنێو ژیاننامەی خودی سام ئاغاشدا، خەڵک ساڵە درەوشاوەکان ببەستنەوە بەو ماوەیەی سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی بووە، لە کاتێکدا ئەو تاوەکو نسکۆی شۆڕشی ئەیلوولیش پێشمەرگە بووە!

### بەڵێ، شکۆمەندی ئەمەیە...

سادەترین تێگەیشتن لەم بارەیەوە ئەوەیە، جەلالی سام ئاغا، بە درێژایی ئەو ساڵانەی لەنێو دیوانەوە سەرقاڵی یەکالاکردنەوەی ڕاپۆرتەکان بوو، لە گفتوگۆی بەردەوامدا بوو لەگەڵ شەهیدەکانی ئەم نەتەوەیە. دەزانن بۆ؟ چونکە کەس ناتوانێ و نایەوێ خۆی لەو ڕاستییە بشارێتەوە کە ئەوەی بەدەستهاتووە و پێی دەگوترێ حکومەتی هەرێمی کوردستان، شەهیدەکان دروستیانکرد. ئەو هات دڕک و داڵی

نێو ئەو بێستانە بژار بکات، کە خەڵک بە بەردەوامی چاویان لە وەرزی پێگەیشتن و تێربوون بوو، بەڵام ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دڕکەزێ دایدەپۆشی! دەیویست بە شەهیدەکان بڵێ، نابێ و ناکرێ، خوێنی ئێوە مەدالیای بەرۆحچنراوی ئێوە، بە هۆی دەستە پیسەکانەوە تۆز و گەردی گلەیی لێ بنیشێ.

ئێمەی ڕۆژهەڵاتی، ئەو ڕۆژهەڵاتەی گۆڕەپانی پەیدابوون و گەورەبوونو پەلکێشانی زۆربەی ئایینە ئاسمانییەکانە، پڕین لە چیرۆک. خاکی بەپیتی وانە کاریگەرو بەهێزەکان. ئاسمانی پڕ لە سەرگوشتەی جوان و مێژووی سەدان پاڵەوانی ڕاچڵەکێنەر. کەچی هێشتا باسی ڕۆژێک دەکەین کە هەتاو هەڵدێ! چاوەڕوانی کەسانێک دەکەین بەرپێی خۆیان و ئێمەش ڕۆشن بکەنەوە! بە دیار کەسێکەوە دادەنیشین، بۆ باشترکردنی ژیانی خۆیی و ئێمەش دەستپاک بێت! ئەمەیە نهێنی گلاراوکردنی هەمیشەیی ئێمە.

هەر ئەوەیە وام لێ دەکات بڵێم، با دڵخۆش نەبین بەو هەموو گۆرانییەی بە باڵای پیاوێکی دەستپاکدا دەگوترێن. چونکە بە مانای ئەوە دێ، دەستپاکیی بووبێ بە چیرۆک و تەنانەت لەنێو خەڵکانی سادە و نووسەران و ئامۆژگاری خوێنەکانیشدا، نامۆ بووبێ. بە مانای ئەوە دێت، خۆمان ئامادە بکەین پێشوازیکردن لەسەردەمێک، لە جیاتی دروستکردنی پاڵەوانی دیکە، ڕازی بین بەوەی پاڵەوانە سیمبولییەکان بکەین بە پەیکەر و بڵێین «ئێمەش ڕۆژێک لە ڕۆژان ئافرێنەر و پاڵەوانمان هەبوو!»

**بەڕێز سام ئاغا...**

کە منداڵ بووم، زۆر پەیوەست بووم بەو چیرۆکانەوە لە بارەی پاڵەوانەکانەوە دەیان گێڕایەوە. هەموو پاڵەوانەکانیش لای من لە ئازایەتیدا کورت دەبوونەوە، بەڵام گەورەبوونی من کەوتە ڕۆژگارێکەوە کە دەستپیسی و مشەخۆری و دەرکەوتنی هەزاران دەوڵەمەندی بەرسیبەر، هاوکێشە و پێناسەی ئازایەتییان لای من گۆڕی. ئێستا لەم جیهانەدا پارە کارێکی کردووە، دەبێ چیرۆکەکان بۆ نەوەکانمان ڕاستبکەینەوەو جارێکی دیکە تێیان بگەیێنین، پاڵەوان ئەوانەن کە بوارنادەن پارە شکۆمەندییان لێ زەوت بکات و زۆرانبازی لەگەڵ چێژێک دەکەن، ناو شەرەفمەندێتییان دەڕووشێنێ.

تەنیا شتێک کە هیوا لەسەر مرۆڤ دەهێڵنەوە، ویژدانییەتی. دەکرێ ڕۆژێک لە ڕۆژان باری سەختی ژیان وا لە مرۆڤ بکات، خانوەکەیی و جلوبەرگەکەشی بفرۆشێ. هەموو ئەو شتانەی بە ناچاری دەیفرۆشێ، بەدەستی دێنێتەوە، بەڵام برینی ویژدانفرۆشتن نە هەرگیز سارێژ دەبێتەوە و نە هەرگیز بەدەستیش دەهێنرێتەوە. دەزانم لەم ڕۆژهەڵاتەدا ڕۆژانە ئەوەندی سەودا و مامەڵە بە ویژدانەوە دەکرێ،

هیچ کاڵایەکی دیکە هێندە لەسەر ڕێگای بازاڕ نییە. دەشزانم چەندە سەختە، مرۆڤ دەستبەکڵاوی خۆیەوە بگرێ، بەڵام پیاوە مەزنەکان بەوە جیادەکرێنەوە، کە نەک هەر خۆیان، بەڵکو دەستبەکڵاوی خەڵکیشەوە دەگرن بۆ ئەوەی بای ستەم و بێدادی نەیبات.

ئەو ڕۆژانەی کە هێشتا مەرەکەبی نامەی دەستلەکارکێشانەوەکەت وشک نەببووەوە، لەگەڵ یەکێک لە کارمەندانی دیوانی چاودێری دارایی قسەم دەکرد. ئەو کورت پێناسەی کردیت، بەڵام لەو جۆرە کورتبڕییانەی تێیگەیاندم تەنیا دەستپاکی ئازایەتی نییە، بەڵکو بەهێزتر لەوە، ڕاگرتنی تیمێکە لەسەر ئەو ڕیتمە چاکەخوازییە، چونکە گوتی، کە تۆ هەموو جارێک بیرت هێناونەتەوە، ئەوە بەرەی شەڕێکی مەترسیدارترە لەو خەندەقانەی ڕۆژانە بۆمباران دەکرێن.

ئەی ئەو پیاوە شکۆمەندەی، گومانم نییە لەوەی دڵی زۆر کەست شکاندووە، بەڵام دڵنیاشم ئەوەت بۆ بردنەوەی دڵی هەزاران کەس کردووە. ئەمڕۆ کە گەندەڵی کنەی کردووەتە نێو دڵ و دەست و دەمی ملیۆنان مرۆڤ و زۆربەی هەرە زۆری دامەزراوە و حکومەتەکانی جیهانەوە، ئەوە وەک پرۆسەیەکی تا ڕاددەیەک نهێنی ڕووپۆشکراو دەمێنێتەوە، بەڵام ئێمە بە ئاشکرا بەرهەمەکەی دەبینین. جیهانێک دەبینین، وەک ئەو هەویرە دزراوەی، نە دەکرێتەوە بە ئاردو نە دەشکرێ بە نان! ملیۆنان مرۆڤی برسی و بێدەرەتان و سەتان حکومەتی نەخۆش و دەیان سیستمی کۆڵەوار.

من دڵنیام ڕۆژێک دێت، لە دوای تابوتەکەتەوە سەدان کەس دەیانەوێ ڕێز لە دەستە خاوێنەکانت بگرن و جوانترین ڕستەکانیان پێشکەش بە ژیانئاواییت بکەن، بەڵام لە ڕاستیدا خۆشەویستیی ڕاستەقینە ئەوەیە ئەگەر بەشێکی کەمیشیان بێت بڕیار بدەن لەو گیانبازانە بن کە ساغ و تەندروست مانەوەی ژیان و بەڕێوەبردن پێویستییەتی.

سەدان کەس تۆیان لەنێو دڵیاندا هەڵبژاردووە، ئەوەش باشترین هەڵبژاردنە بۆ کەسێک کە دەیەوێ بە خەڵک بڵێ، چیم لەدەست هات پێم بەخشین و جگە لە دڵیشتان هیچ شتێکی ئێوە بۆ من گونجاو نییە تاوەکو لێتان وەربگرم.

### بەڵێ، من خۆشم دەوێی ...

سوپاس بۆ هەموو ئەو شەوە درێژانەی ڕۆشناییت لە چرا و مۆم وەردەگرت، بۆ ئەوەی ساغی بکەیتەوە قەبارەی ئەو تاریکییە چەندە کە بەو شێوەیە پارەی خەڵکی تێدا وندەکرێ. سوپاس بۆ ئەو ساڵە درێژانەی عومری تۆ بوون، بەڵام

دیارییەکی جوانیش بوون لە دنیای عەیب و عاری ئێمەدا بیری خستینەوە، چەند هەڵە بە سەرماندا تێپەڕیون. سوپاس بۆ تۆ سام ئاغا، بەو بێدەنگییە گرەوت لە غەڵبەغەڵبی بێکەڵک و ژاوەژاوی بێسوود و هاتوهاواری بەدرۆ ڕووپۆشکراو بردەوە. دواجار دەبێت دان بەو ڕاستییەدا بنێین کە خاڵی هاوبەشی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، شەیداییەکی بێسنوورە بۆ نێوبانگ، بەڵام کەسانێکیش هەن نێوبانگ و پاڵەوانێتی دەکڕن، بەبێ ئەوەی دینارێکی بۆ خەرج بکەن.


سوپاس ئەی ئەو پیاوەی سالانی داهاتوو باشتر تێدەگەین (جەلالی عومەری سام ئاغا) کێ بوو؟ دەیویست چی بکات؟ بۆ هەمیشە بە بێدەنگی دەژیا؟ من خۆشم دەوێ و دڵنیام، کە زۆر خەڵکی دیکەش هەمان دیدی منیان هەیە.

١٣ / ٣ / ٢٠١٥

# سەفەر و موعامەلە سەنگی مەحەکە

## بەختیار زوهدی

سەرۆکی ڕێکخراوی CRA.USA



جەلالی سام ئاغا، بەختیار زوهدی
ئەمریکا سان فرانسیسکۆ
٢٠٠٠

سه‌ره‌تای دروستکردنی زانکۆی سلێمانی بوو، که به‌نده وه‌ک ئه‌ندازیاری ته‌لارسازی، له پرۆه‌ی دروستکردنی نه‌خۆشخانه‌ی فێرکاری ته‌نیشت زانکۆی سلێمانی کارم ئه‌کرد، که سه‌ر به وه‌زاره‌تی ئیشغال و وئیسکانی به‌غدای ئه‌و کات بوو. پاش چه‌ند مانگێک کارکردن وه‌ک یاریده‌ده‌ری به‌ڕێز ئه‌ندازیاری ته‌لارسازی، شاره‌زا «عوسمان به‌گ» کاره‌که‌مان وه‌ستا. به‌ڕێز عوسمان به‌گ زۆر به‌لایه‌وه گرنگ بوو، که به‌نده وه‌ک ئه‌ندازیارێکی نوێ له شوێنێک کار بکه‌م که کاری هونه‌ری زۆر بێت، تا بتوانم ئه‌و په‌ڕی توانا و کاتی خۆمی بۆ ته‌رخان بکه‌م. هه‌ر بۆیه له ساڵی ۱۹۷۰-۱۹۷۱دا له به‌شی ئه‌ندازیاری زانکۆی سلێمانی ده‌ستبه‌کار بووم، به‌و پێیه‌ی سه‌رۆکی زانکۆی ئه‌و کات شاره‌زاییه‌کی ئه‌وتۆی له بواری ئه‌ندازیاریدا نه‌بوو، به شێوه‌یه‌ک به‌شی ئه‌ندازیاری ئاڵۆز بووبوو، که لقێکی بچووکی وه‌ک ته‌لارسازی، هه‌رده‌م شوێن ڕه‌خنه‌ی زۆربه‌ی لێپرسراوانی زانکۆ بێت، به‌ڵام کاتێک به‌ڕێز حیکمه‌ت تۆفیق وه‌ک سه‌رۆکی نوێی زانکۆ ده‌ستبه‌کار بوو، توانی گڕوتینێکی نوێی بێسنور بدات به زانکۆ. به شێوه‌یه‌ک که به‌ڕێزیان به هاوکاری یاریده‌ده‌ره‌کانی که بریتی بوون له به‌ڕێزان «دکتۆر که‌مال خه‌یات- دکتۆر جه‌مال فوئاد»، له به‌شه کارگێڕییه‌کاندا ده‌ستیانکرد به چاکسازی، هه‌روه‌ها گه‌ڕان به دوای که‌سانی دڵسۆز و شاره‌زا، نموونه‌ی به‌ڕێز (جه‌لالی عومه‌ری سام ئاغا)، که ئه‌و کات وه‌ک هه‌میشه گه‌نجێکی خوێنگه‌رمی پڕ وزه بوو، به‌نده، کاتێک به ڕێکه‌وت و به هۆی کاری زانکۆوه به دیداری به‌ڕێزیان شاد بووم، به جۆرێک به‌یه‌کتر ئاشنابووین! که ده‌توت چه‌ندین ساڵه و زۆر له‌مێژه یه‌ک ئه‌ناسین. ئه‌و ده‌مه به‌نده پاش ده‌وامی فه‌رمی له زانکۆ، کاری سه‌ره‌ڕاییم کردبوو به کارێکی ڕۆژانه، ته‌نها له‌به‌ر پێشخستنی زانکۆ و زووتر ته‌واوکردنی شه‌قام و ڕاڕه‌وه‌کانی ناوه‌وه. ئه‌وه‌ی شایانی باسه ئه‌وه‌یه، که به‌ڕێزان (جه‌لالی عومه‌ری سام ئاغا) و دکتۆر حیکمه‌ت پشتگیری زۆریان کردین. له فه‌رمانگه‌کانی ئه‌و کات ئامێر و هاوکارییه‌کی باشیان بۆ دابین کردین، که لێره‌دا جێی خۆیه‌تی باسی هاوکاریکردنی هه‌ندێک له لێپرسراوانی ئه‌و فه‌رمانگانه بکه‌ین، نموونه‌ی هه‌ریه‌ک له به‌ڕێزان (کاک عه‌بدولی سوران- کاکه حه‌مه له ئیشغال- کاک موحه‌مه‌دد عه‌بدوڵڵا و کاک حه‌مه‌خان له ئیعمار) که ڕه‌نگه به‌بێ

هاوکاری ئەو بەڕێزانە بە هۆی تێچوویەکی زۆر، کارەکەمان ئەستەم ئەبوو زۆر دوابکەوتایە.

بەم شێوەیە کاک جەلال، وەک بەڕێوەبەر لە سەرۆکایەتی زانکۆ، گڕوتینێکی لەڕادەبەدەری بەکارەکەمان دا، بەڕێزیان نموونەی وزە و توانا بوو لە هەموو کارەکانیدا، هەر بە هەمان شێوە لە شۆڕشیشدا توانای خۆی سەلماند و بووە یەکێک لە لێپرسراوانی بەشی ڕاگەیاندن.

پاش ماوەیەک و دوای هەرەسی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ بەندە لە کارەکەم دوورخرامەوە و ڕەوانەکرام بۆ شاری ناصریە لە خوارووی عێراق، لە فەرمانگەی ئیدارە محەلی دەستبەکار بووم، بەڕێز کاک جەلال نامەیەکی دابوومێ بۆ جێگری پارێزگاری ناصریە، کە ناوی کاک قوباد بوو (خەڵکی شارۆچکەی کۆیە بوو) و دۆستێکی دێرینی کاک جەلال بوو، ئەوە بوو ئەو نامەیە بووە هۆی یارمەتیدەرێکی زۆرم بۆ کارکردن و ڕاهاتنم لە شوێنێکی نامۆی وەک ناصریە. هەر ئەو پەیوەندییەی بەڕێزیان کارئاسانی بۆ زۆرێکی تر لە دۆستان و هاوڕێیانی کرد، کە دواتر ڕەوانەی ناصریە و دەوروبەری کرابوون. کاک جەلال لە کار و چالاکیو پەیوەندییەکانیدا پیاوێکی زۆر ڕاستگۆ و کارامەیە، هەر ئەوەش وایکردبوو هەرکات بۆ یەکەم جار بتبینییایە، وات ئەزانی دۆستێکی زۆر دێرینتە و زۆر لەمێژە ئەیناسیت. بەهەرحاڵ، ڕۆژگار هات و ڕۆیی.. کاتێ پاش ١٥ساڵ بۆ جاری یەکەم گەڕامەوە بۆ کوردستانی ئازاد.. بە شار و دێی وێرانکراوەوە، خۆم و خێزانەکەمو بەڕێز حەمەڕەشید قەرەداغی، کاتی کۆڕەوەکە.. هەرندێک یارمەتیمان ناردبوو، کە بایی پتر لە « ١,٠٠٠,٠٠٠- یەک ملیۆن دۆلار» کەلوپەل و دەرمان و بابەتی پزیشکی بوو و بە هەرەوەزی و هاوکاری ڕێکخراوی (کرا-CRA)ی ئەمریکی کۆمان کردەوە و بە ڕێگای ئەودیودا بە «٣-سێ» کاتی جیاواز، هەروەها لەگەڵ خۆشمان کە هاتین هەندێک پارەی نەقدیمان لەگەڵ خۆمان هێنابوو بۆ یارمەتی بەشی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان.. لەگەڵ (ڕێکخراوی کرای کوردستان)» وەک هەمیشە دووبارە کارەکانی کوردستان پشێوی و پەلەپەلییەکی زۆری پێوە دیاربوو، بۆیە کتوپڕ پەیوەندیم کرد بە کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا)وە کە هاوکارمان بێت، لە بری ئێمە سەرپەرشتیکردنی یارمەتییەکانی ڕێکخراوی ناوبراو بگرێتە ئەستۆ. هەر بەو بۆنەیەوە، ئێمە وەک ڕێکخراوی (کرا)ی ئەمریکی هەمیشە شانازی بە دڵسۆزی و توانا و پاکیی بێسنوری کاک جەلالەوە ئەکەین، کە لە دابەشکردنو بەخشینی هەموو هاوکارییەکان زۆر دادپەروەر و یەکسان بوو، بەبێ جیاوازی بەسەر هەموو ئەوانەی کە پێویستیان پێی بوو. بەم جۆرە لێرەدا بە باشی دەزانم

کە باسی توانای لەڕادەبەدەر و دڵسۆزی و پاکیی بەڕێز کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا) بوەستێنم، چونکە پێناسەکردنی لەبن نایەت، ئەم بابەتە بۆ خوێندکاران و دڵسۆزان جێدێڵم.

بەڕێز کاک جەلال هەمیشە حەزەکانی لەگەڵ سروشت و پەیوەندی ڕۆحیی لەگەڵ جوانی کوردستاندا دەبەست. بەڕێزی کردبووی بە نەریت هەموو ساڵێ دوو سێ جار سەردانی (ئاوەکورتێ)ی دەکرد بۆ ماڵی (عەلی ئاغای ئاوەکورتێیی)، بەندە زۆر بە ئاواتەوە بووم کە بە خزمەتی عەلی ئاغا بگەم، چونکە ئەو بەڕێزە لەگەڵ دروستبوونی شۆڕشی ١٩٦١-١٩٧٠ مێژوویەکی قوڵی هەبوو. لە ساڵانی ١٩٦٢ بەدواوە، هەموو ناوچەکانی ئاوەکورتێ بە هەموو سەروەت و سامانی عەلی ئاغاوە لە باوەشی شۆڕشەکەدا بوو. بە زۆری نازانم ئەگەر بڵێم هیچ کادیرێکی حیزبی (پارتی) نەمابوو لە ئاوەکورتێ- ماوەت کە خزمەت نەکرابێ، بە مەکتەبی سیاسیشەوە. بۆیە دوای دەرکردنی باڵی مەکتەبی سیاسیی بۆ ئێران، جەنابی بارزانی ڕەحمەتی لە کاتی دەوروبەرەکەیدا بوو بە میوانی بەڕێز عەلی ئاغا. گلەیی یەکەمی لە ڕەحمەتی عەلی ئاغا ئەوە بوو، کە هەمیشە عەلی ئاغا لە خزمەتی حیزبیەکاندا بووە، لەبەر ئەو مێژووانەی عەلی ئاغا و لەبەر ئەوەی بەر لە دەرکردنی مەکتەبی سیاسیی بۆ ئێران، بەندە لەگەڵ بەڕێزان.. هاوڕێی دێرینم (دکتۆر ڕۆژ نوری شاوەیش و دکتۆر ڕەنجی برای)دا چووین بۆ ئاوەکورتێ.. بۆ سێ ڕۆژ بۆ لای کاک نوری صدیق شاوەیشی ڕەحمەتی، کە ئەوکات ئەندامی مەکتەبی سیاسیی (پ.د.ک) بوو، بۆیە زۆر تامەزرۆی دەعوەتی عەلی ئاغا بووم، بە تایبەتی گەلێک پرسیار لە دڵمدا مابوو.

## گەشتی ئاوەکورتێ

ساڵی ١٩٧١-١٩٧٢، مانگی «دوانزە- کانوونی یەکەم» بوو، کاک جەلال دەعوەتی کردین بۆ ئاوەکورتێ، بەندە لەگەڵ حاکم فەرەیدون و کاک جەلال و چەند هاوڕێیەکی هەردووکیاندا بە خزمەتێکی زۆر تایبەتەوە دوو ڕۆژی زۆر خۆشمان ڕابوارد. میوانداریێتی کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا) و کاک عەلی ئاغا، تایبەتمەندێتی خۆی هەیە و هەبووە! کە هەردەم لەیادت دەمێنێت و ئەو گەشتانەن کە لەیادت ناچن. هەست دەکەیت کە تۆش بەشێکیت لەو خێزانە و لەگەڵ کوڕ و براو برازاکانیدا هیچ جیاوازییەک نامێنێت. ئەمە جگە لە مەجلیسە خۆشەکەی کاک جەلال و عەلی ئاغا، کە بە قسەی خۆش و پەندی پێشینان و مێژووی کوردایەتی زۆر دەوڵەمەند بوو. بە دوای سەفەری یەکەمم بۆ ئاوەکورتێ،

هەرچەند فرسەت بڕەخسایە، لەگەڵ بەڕێز کاک جەلال بۆ ڕۆژانی چەژن یان لە ماوەی نێوان چەژنەکاندا سەردانی ئاوەکورتێمان دەکرد و دەبووینە میوانی عەلی ئاغا. کە بۆ بەندە و هەموو هاوڕێیانی کاک جەلال زۆر تامەزرۆ بوو.

## ئەو ساتانەی کە لەیاد ناچن

لە مانگی «١١-تشرینی دووەم»ی ساڵی ١٩٩٢دا بەڕێز دکتۆر حیکمەت تۆفیق- سەرۆکی زانکۆی سلێمانی و بەندە، لەگەڵ بەڕێزان کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا) و بەڕێز مامۆستا جەمال عەبدول و شێخ سالاری حەفید، چووین بۆ بەخێرهاتنی بەڕێز جەنابی «مەسعود بارزانی» لە ئوتێل سەرچنار، لەم سەردانەدا هاوڕێیەکی دێرینم دییەوە، کە لەگەڵ جەنابی کاک مەسعود کاری سیاسی دەکرد، ئەویش کاک نیزامەدین گلی بوو. هاورێ و هاوخەباتم لە قوتابیانی کوردستان- لقی بەسرە بۆ ساڵانی ١٩٦٥-١٩٦٩.

## سەردانی ئەزمەڕ

ساڵی ٢٠٠٢ بوو، کاک جەلال و دکتۆر سامان شاڵی بە پیاسە چووین بۆ ئەزمەڕ.. سەیری ناو دۆڵەکانی خوارەوەمان دەکرد، لەپڕ «١٠-١٥» ئۆتۆمبیلی جام ڕەش دەرکەوتن، یەکەم ئۆتۆمبیل لەپڕ وەستا و دەرگاکە کرایەوە، بەڕێز جەنابی مام جەلال لە ئۆتۆمبیلەکە هاتە خوارەوە و باوەشی کرد بە کاک جەلالدا.. پاشان باوەشی کرد بە بەندەدا و هەواڵی گەڕانەوەی منی پرسی و دوای ئەوەش بە پەلە سواری ئۆتۆمبیلەکەی بۆوە، بەر لەوەی بڕوات داوای لێ کردین کە سەردانی بەڕێزیان بکەین. لە چەند بۆنەیەکی تردا بۆم دەرکەوت کە کاک جەلالیش کەسایەتییەکە لەو کەسایەتییانەی بە دڵی مام جەلال بێت، هەروەها لەنێوان ئەم دوو زاتەدا پەیوەندییەکی پتەو دروست بووبێت. بۆیە بە دڵنیاییەوە دەڵێم کاک جەلال نەک هەر لای هاورێ نزیکەکانی خۆشەویست بوو، بەڵکو لای دۆست و ڕۆشنبیر و پیاوماقوڵانی شار و سەرکردە باڵاکانی نێو حیزبە کوردستانییەکانیش، هەم خاوەن ڕێز و هەم نازیشیان هەڵدەگرت. بێگومانم لە ساڵانی بەر لە شەڕی براکوژیدا لە نێوان هەردوو حیزبی سەرەکی کوردستان، ئەگەر لە نزیکەوە ڕۆڵی کەسانی بێلایەن و بێ تەماع بایەخی پێ بدرایە و لە ناوەندی بڕیارەوە نزیک بوونایە، مێژووی ڕۆژانی براکوژی بە ئاقارێکی تردا تۆمار دەکرا. وەک هاوڕێیەکی نزیک لە نیو سەدە تەمەن، داوای تەمەن درێژ بۆ دەکەم، داوا لە یەزدانی گەورە دەکەم نموونەی کاک جەلال لەناو گەلەکەمدا زۆر بن.

**کالیفۆرنیا- ئەمریکای ژووروو - ٢٠١٩/٥/٢٠**

# جەلالی سام ئاغای
# نیشتمانپەروەر و دژی گەندەڵی
## جەمیلی حەمەو بەگ



جەلالی سام ئاغا، جەمیل حەمەو بەگ
ماڵی جەلالی سام ئاغا

(جەلالی عومەری سام ئاغا)، ئەو کەسایەتیەیە کە جێگای ڕێز و خۆشەویستی لە دڵی گشت نیشتمانپەروەرێکدا کردۆتەوە و بۆتە سیمبوڵی دەستپاکی و دژەگەندەڵیو خۆبەخشی، دەورانی مێژوو لەناو گەلانی ئەم جیهانەدا کەسایەتی دڵسۆز و بێوێنە دەبەخشێتە گەلەکەی کە دەبنە مایەی شانازی کۆمەڵگا، ئەو کەسایەتییانەش هەریەکەو لە بوارێکدا خاوەن بەهرە بوون بۆ خزمەت و پێشکەوتنی گەلەکەیان، کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا)، نموونەیەکی گەشاوەی ئەو کەسایەتیانەیە کە توانی دڵسۆزێکی بێوێنە بێت و لەو کاتەی کە سەرۆکی دەزگای چاودێریی دارایی حکومەتی هەرێم/سلێمانی بوو توانی ڕووبەڕووی گەندەڵیی ببێتەوە، چەندین دۆسییەی لە دادگادا بە داخەوە ئەرشیف کراوە. دڵسۆزی ئەم کەسایەتیە جیاواز لە هەموو کەسێک کە ماڵو سەروەتی خۆشی بەخشییە نیشتمانەکەی، وەک ماڵەکەی خۆیو دروستکردنی قوتابخانەی مۆدێرن و بەخشینی ئەپارتەمان باخچەی منداڵانو درێژکردنی دەستی یارمەتی بۆ کەسانی نەخۆش و بەخشینی هاوکاری بۆ فەرمانبەرانی بەئەزموون لە دەزگای چاودێریی دارایی. ماڵەکەی کاک جەلال وەک مەڵبەندێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی کەسانی ڕۆشنبیر سەردانی ئەکەن. کاک جەلال خاوەنی کۆمەڵێک مەدالیای ڕێزلێنانە لە لایەن ڕێکخراوە مرۆیی و مەدەنی و حکومییەکانەوە.. بەرامبەر بەو دڵسۆزی و پاکییەی لە بواری کارەکەی و دەرەوەی کارەکەی پێشکەشی کردووە، هیوادارین نموونەی کاک جەلال زیادبێت بۆ خزمەتی گەل و نیشتمان و تەمەن و تەندروستییەکی باشیش بۆ کاک جەلال.

٢٠١٩/٧/٢٥

# كاك (جەلالی عومەری سام ئاغا)

د. سامان شاڵی



د. سامان شاڵی، جەلالی سام ئاغا
ماڵی جەلالی سام ئاغا
٢٠١٨

کاک جەلالی سام ئاغا لە بنەماڵەیەکی ڕەسەنی شاری سلێمانییە، من لە منداڵییەوە بنەماڵەکەی دەناسم. ماڵی باوکی لە گەڕەکی بەرخانەقا ٧٥ مەترێک لە ماڵی باپیرمەوە دووربوو کە تیایدا لەدایک بووم، هەمیشە چاوم بە خانەوادەکەی دەکەوت. باوکی بەڕێزیان (خودای مەزن لێی خۆش بێت) یەکێک بوو لە پیاوە ناودار و ڕووخۆشەکانی شارەکەمان، کە هەمیشە زەردەخەنە لەسەر لێوەکانی دەبینرا. سەرەڕای ئاستبەرزیی کۆمەڵایەتی خانەوادەی ئەم پیاوە ڕێزدارە، کە لە چینێکی دەوڵەمەند و ناوداردا گەورە بووە، هەمیشە ئەم هاوڕێ و هاوسۆزی چینی هەژاران بووە و هەستی ئیشتراکییەتێکی فیعلی بەدوور لە حیزبایەتی و بنەما سیاسیەکان لە کردار و بیروباوەڕیدا ڕەنگیداوەتەوە هەتا ئێستا. ئەم پیاوە کە ناوی نراوە «**پیاوە سپیەکەی شاری سلێمانی**» چەندین سەرمایەی مەعنەوی مەزنی لەخۆ گرتووە و لە مەیدانی پیشەییشدا سوارچاکی بوارەکەی خۆیەتی، بەڵکو لە پێشەنگی هەموانیشە. زۆربەی جارەکانیش هێندە ئەسپەکەی خۆی تاوداوە، کە گەییشتۆتە ئەو شوێنانەی کەس پێی ناگات! لە کاتی پەرپرسیارێتیدا، کە سەرۆکی دیوانی چاودێریی بوو، ٢٧٢٠ ڕاپۆرت پێشکەشکراوە و ٨٦ کەس دراوە بە دادگا، کە لە ناویاندا بەرپرسی گەورەشی تێدا بووە. لە دەرئەنجامی ئەم کارانەش چەندین ملیار دینار گەڕێنراوەتەوە بۆ خەزێنەی حکومەت. سەرمایەی گەورەی ئەم پیاوە ڕاستگۆیی و قسە لەڕووییەکەیەتی، کە بە هیچ شێوەیەک مساوەمەی لەسەر ناکات و ڕاستییەکان وەکو خۆی دەخاتە ڕوو، خۆ ئەگەر سەری خۆشی داناوە لەسەری. سەرمایەیەکی تریشی... سادەیی و لەخۆبووردەییەکەیەتی، کە هەمیشە پرەنسیپەکانی لەپێش هەموو شتە ماددیەکاندا داناوە. کاتێک کە بریکاری وەزیری دارایی بوو لە سلێمانی، لە ئۆفیسێکی گەلێک سادە و ساکاردا کاری دەکرد، تەنانەت بە ئۆتۆمۆبیلە تایبەتەکەی خۆی هاتوچۆی وەزارەتی دەکرد، بۆ ئەوەی کەس پەنجەی گەندەڵی و موزایەدەکردنی بۆ درێژ نەکات. بە هەمان شێوەش کە بوو بە سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی و گواستیانەوە بۆ باڵەخانە نوێیەکەیان، فەرمانی کرد بۆ کڕینی شتومەکی نوێ بۆ ئۆفیسی هەموان جگە لەوەی خۆی و وتی: «**ئەساسی فەخم و گران بەها، نرخ بۆ مرۆڤ دروست ناکات، ئەگەر مرۆڤ خۆی نرخی نەبێت**». کە سەردانم کرد و بینیم بە هەمان شێوەی جاران بەدوور لە

لووتبەرزی و خۆبەزلگرتن، لە ئۆفیسێکی سادە و لەسەر مێزی گفتوگۆکان کارەکانی بەڕێوە دەبرد، بەڵام ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام دوو ڕستەی جوان بوو کە بە سەر دیوارەکەی پشتی سەریەوە هەڵیواسیبوو. یەکەمیان: السَخاءُ أَنْ تَكونَ بِمَالِكَ مُتَبَرِّعاً.. وَعَنْ مَالِ غَيرِكَ مُتَوَرِّعاً- واتە: سەخاوەت ئەوەیە کە دەستت لە ماڵی خۆتا کراوە و بۆ ماڵی خەڵک گیربێت. دووەمیشیان: يَكونُ المَسْؤولُ قَوِيّاً.. إلي أَنْ يَطْلُبَ شَيْئاً لِنَفْسِهِ- واتە: بەرپرس بەهێزە تا ئەو کاتەی داوای شت بۆ خۆی ناکات. ئەمانە دروشمی پیشەیی ئەو بوون و ئەم دوو وتەیە هێز و لەخۆبووردەیی ئەم کەڵەپیاوەی نیشان ئەدا و ئیتر نە کەس داوای واستەی لێ دەکرد و نە ئەویش قبوڵی دەکرد لە کەس. کاک جەلال هەمیشە دەسپێکی گفتوگۆکانی بە نموونەیەک دەست پێ دەکات بۆ ئەوەی سەرنجی زیاترت ڕابکێشێت، ئەمەش بووە بە مۆرکێکی ئەو، هەروەها ئەگەر سەردانی هەر بەرپرسێکیش بکات، ئەوا هیچ کاتێک بە تەنها ناچێت. هەمیشە کەسێکی متمانەپێکراو لەگەڵ خۆی دەبات بۆ شاهیدی لەسەر قسەکانی خۆی. یەکێک لە چیرۆکە بەناوبانگەکانی ئەوەیە کە بە هێرۆخانی وتبوو: «من وەزیری باینجان نیم!» ئەمەش لەوەوە هاتبوو کە هێرۆخان داوای کردبوو ئەو ببینێت بۆ باسکردن لەسەر وەزیرێک کە لە چەند دۆسییەکی گەندەڵییەوە تێوەگلابوون، وادیار بوو «هێرۆخان»یش کەوتبووە گلەیی و گازەندەکردن لەسەری. لە پاش هەندێک بێنە و بەردە کاک جەلال و کەسێکی تر بە دۆسییەکانەوە دەچنە لای هێرۆخان. ئەویش لە پاش سڵاوکردن داوایان لێ دەکات کە بچنە سەر مێزی گفتوگۆکان لەبەرئەوەی خۆشترە و گونجاوترە. کاک جەلالیش پێی دەڵێت با لە پێش چوونەسەر مێز کورتە چیرۆکێکت بۆ باس بکەم. دەڵێ: «**وا دەیگێڕنەوە کە لە زەمانێکی کۆندا پاشایەک هەبوو زۆر حەزی لە شلەی باینجان دەکرد و لە هەموو بۆنە و لەگەڵ هەموو میێنیوەیەکدا دەبوایە شلەی باینجان لەسەر خوان دابنرایە بۆی، وەزیرەکەشی هەمیشە باسی باشی و گرنگی باینجانی بۆ دەکرد کە چەند باشە بۆ خەو، زیرەکی، دڵ، ڕیخۆڵە و... هیتر. لە پاش ماوەیەک ئیتر پاشا باینجانی لەبەرچاو کەوت و فەرمانی کرد کە نایەوێت باینجان لەسەر سفرە ببینێت، ئیدی هەمان وەزیر دەکەوێتە باسکردنی خراپە و زیانەکانی باینجان بۆی. پاشاش دەڵێ: ئەرێ کە من حەزم لە باینجان بوو دەتگوت هێندە باشە... کە لەبەرچاوم کەوت دەڵێیت خراپە! وەزیریش دەڵێت: جەنابی پاشا من نۆکەری تۆم، باینجانی هیچ و پووچ چییە؟ حەزی لێ دەکەیت وەسفی دەکەم و ڕقت لێیە زەمی ئەکەم! جا فەرموو با بڕۆینە سەر مێزەکە، بەڵام ئەوەش بزانە من وەزیری باینجان نیم!**» دیارە مەبەستی کاک جەلالیش ئەوە بوو، کە هێرۆخان چاوەڕوانی ئەوە نەکات کە

ئەم بە مەزاجی ئەوان زەم بکات یان مەدح بکات، بەڵکو لەسەر بنەمای ڕاپۆرت و ئیسپاتەکان باسی دەکات.

کاتێک کاک جەلال سەردانی ئەمەریکای کرد، وەکو ئەندامێکی شاندی زانکۆی سلێمانی، شەوێکیان لە ماڵی خۆمان بە دیداریان شادبووین، بەڵام ئەو هەندێک نیگەران بوو لە هەڵسوکەوتی هەندێک لە ئەندامانی شاندەکە و وتی: «**حەزدەکەم تەیارەکەمان بکەوێتە خوارەوە بۆ ئەوەی ئەمانە نەگەڕێنەوە سلێمانی و خۆیان هەڵکێشن بە باسی ئەمەریکاوە**»، منیش پێم وت: «**ئەی خۆ خۆشتی تیا دەچیت!**» بەڵام ئەو وتی: «علیَّ و علی اعدائی». ئەمە نموونەی هەڵوێست و ناخی ئەم پیاوە بەنرخەیە!

کاک جەلال زۆر دژی گەندەڵییە هەتا سەر ئێسقان. لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ گۆڤاری سپیدا دەڵێ: «**ئاگری گەندەڵی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر پوشی ویژدانی دەسوتێنێ، گەندەڵی زۆرجار لە پرسگەکانەوە تا ژووری بەرپرسەکان بە سنووری خۆی دەزانێ، لەبەر ئەوەی نەک هەر کەم نەبۆتەوە، بەڵکو ناتوانی سنووریشی بۆ دابنرێت. گەندەڵی شێوەی خۆی گۆڕیوەو دەتوانم بڵێم ئەوەی ئێستا دەگوزەرێت تاڵانچێتییە!**» لە هەمان چاوپێکەوتنیشدا دەڵێت: «**پەتای گەندەڵی لە کیمیاباران و ئەنفال خراپترە بۆ گەلی کوردستان**».

ماڵی کاک جەلال بۆتە سەنتەری گردبوونەوەی خەڵکانی نیشتمانپەروەر و سیاسیو ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووس و هاوڵاتیانی سادەش. ڕۆژانە بابەتە گەرمەکانو نهێنیەکانی ناو حیزبەکان لە کێشە و ناکۆکییەکانی خۆیان گفتوگۆی لەسەر دەکرێت لە ماڵی ئەودا... ئەوەی شایانی باسە، زۆربەی نزیکبوونەوە و چارەسەرییەکانیشیان لەوێدا بۆ دەکرێت، لەبەر ئەوەی هەموان بیروبۆچوون و هەوڵەکانی ئەو بە نرخ دادەنێن و ڕێزی لێ دەگرن. بە هەمان شێوەش کێشە کۆمەڵایەتییەکان باس دەکرێنو بە پێی پێویست و توانا هەوڵی چارەسەری و هاریکاری هەموان دەدات. من خۆم شایەتحاڵم لەسەر کارە دڵسۆزەکانی، هەوڵەکانی ئەو لەپێناو خزمەتکردنی میللەتو کۆمەڵگا کە کردوویەتی و بەردەوامیشە لەسەریان. هەر لەبەر ئەوەشە کە خانوە تایبەتییەکەی خۆشی لە گردەکەی سەرچنار لەسەر وەزارەتی تەندروستی تاپۆکردووە، بۆ ئەوەی لەپاش نەمانی خۆی بکرێت بە بنکەی تەندروستی. (هیوای تەمەن درێژی بۆ دەخوازم). تا لەپاش خۆشی هەر درێژە بە هاوکاری و دڵسۆزییەکەی خۆی بدات. کارێکی تری پیرۆزیشی ئەوەیە کە پارچە زەویەکەی خۆی فرۆشت و داهاتەکەی لە بانکدا داناوە، فائیدەکەشی ساڵانە دەبەخشرێتە چالاکترین فەرمانبەرانی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی، وەک ڕێزگرتن بۆ ئەرکە نیشتمانییەکەیان.

ئەوەی شایانی باسە، کاک جەلال پاڵپشتی لە گەلێک چینە جیاوازەکانی شاری سلێمانی و کوردستان کردووە، بە تایبەتیش چینی قوتابیان. ئەندامێکی کارای لیژنەی دامەزراندنەوەی زانکۆی سلێمانی بووە، هەوڵێکی ماندوونەناسانەی بە خۆیەوە بینی لە ١٩٩٢ەوە تا ئەو زانکۆیە کەوتەوە سەرپێی خۆی، کارێکی ناوازەی تریشی دروستکردنی قوتابخانەیەکی دوانزە پۆلی بە ناوی قوتابخانەی زەکیێ عومەری سام ئاغا بۆ قوتابیانی گەڕەکی ئیبراهیم ئەحمەد لە سلێمانی. کاک جەلال هەستی نیشتمانپەروەری گەلێک بەرزە، بەڵام بە داخەوە کاڵوکرچی ئەمڕۆی نیشتمانپەروەری لە کرداری سیاسییەکانماندا بێئومێدیان کردووە و وایان لێکردووە هەندێک تاریکبین بێت. ئەوەی ئەمڕۆ ڕوودەدات بە زەرەرێکی زۆر دەزانرێت بۆ دواڕۆژی نەتەوەکەمان بۆ یەکێکی پاشەڕۆژبینی وەکو ئەو. ئەو هەمیشە بیر لە ئاکامی کارەکان و دەرئەنجامەکان دەکاتەوە، نەک ئەوەی لەم ساتەدا دەگوزەرێن. کاک جەلال یەکێکە لە نزیکترین و دڵسۆزترین هاوڕێم و پڕشانازم بە هاوڕێیەتی و خۆشەویستی ئەو. هەموو ساتێکی کات بەسەربردنم لەگەڵ ئەو بە ساتە ناوازەکانی ژیانی خۆمی هەژمار دەکەم. ئاواتەخوازیشم کە گەلەکەمان چەندین پیاوی بوێرو خۆنەویستی وەکو ئەوی تیادا هەڵکەوێت، لەپێناو دواڕۆژێکی پڕ سەربەرزی و شکۆمەندی گەل و نیشتمان.

٢٠١٩/٦/٦

# بیرەوەریم لەگەڵ جەلالی سام ئاغادا

مەزهەری خالقی




جەلالی سام ئاغا، مەزهەری خالقی
ئینستیتیوتی کەلەپوری کورد - سلێمانی
٢٠٠٥/٧/٣١

ساڵی ٢٠٠٣، بۆ یەکەم جار چاوم بە بەڕێز (جەلالی عومەری سام ئاغا) کەوت، ئینستیتیوتی «کەلەپوری کورد» تازە دامەزرابوو. کاک بەرهەم ئەحمەد صالح سەردانی کردین. ئەو کاتە سەرۆکوەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو. کەسێکی لەگەڵ خۆی هێنابوو.. وتی بەڕێز «جەلالی عومەری سام ئاغا»یە.. سەرۆکی دیوانی چاودێریی داراییە، ئەو کاتە زانیاری تەواوم لە بارەی دەزگای ناوبراو نەبوو، دواتر زانیم کاک جەلال سەرۆکی ئەو دەزگایەیە.. کاک جەلال پاییپێکی بەدەستەوە بوو، بە جوانی لە ژوورەکان ڕادەما.. دواتر دانیشتن.. لە گەڕانەکەی ئەوانم نەپرسی.. دواتر پرسیاری کاروباری ڕێکخراوەکەمانی کرد و بە ئیشێکی پیرۆز وەسفی کرد.

پاش ماوەیەک سەردانی کاک جەلالم کرد لە سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی، ژوور و بەشەکانی پیشاندام، باسی جۆری کار و بەدواداچوونەکانی بۆ کردم.. لە ژوورەکەی کاک جەلال تابلۆیەک هەڵواسرابوو.. داتای چالاکییەکانی لەسەر تۆمارکرابوو.. کە چ دامودەزگا و فەرمانگەیەک پشکنینی چاودێریی دارایی تێدا کراوە، ئەوانەشی کە پشکنینیان بۆ نەکراوە، هەر لەناو تۆمارەکەدا ناویان هاتبوو.. لە سەردانەکەمدا دیمەن و کارەکتەری (جەلالی عومەری سام ئاغا) و دیوانی چاودێریی دارایی سەرسامیان کردم.. بەو دیمەنە خۆشحاڵ بووم.. پێشتر لە کاک بەرهەمم بیستبوو، کە کاک جەلال و بنەماڵەکەشیان خەڵکانی ناسراوی شاری سلێمانین.

ئەم یەک دوو دیدارە بوونە هۆی ئەوەی پەیوەندییەکانمان فراوانتر بێت، بە درێژایی ساڵانی دواتریش زیاتر بە پێگەی کۆمەڵایەتی و کەسایەتی کاک جەلال ئاشناتر بووم. کاتێک کاک جەلال خۆی خانەنشین کرد... وەکو پاداشت و بەخشینێکی ناوازە بۆ کارمەندانی دیوانی چاودێریی دارایی/ سلێمانی پارەی زەوییەکی فرۆشراوی بە بڕی زیاتر لە «٧٠,٠٠٠,٠٠٠ دینار» کردە حسابێکی بانکی و ساڵانە بە ڕێژەی لە٩٠٪ی سوودی ئەو پارەیە بە شێوەی پاداشت بدرێتە کارمەندانی چالاک و خانمە سەلاری ناو دیوان.. ئەمەش لە بەرامبەر بەوەفایی ئەو کارمەندانەی کە ڕووبەڕووی کاری قورس و تا ڕادەی دروستبوونی مەترسی بۆ سەر گیانی کارمەندان و هەڕەشە لێکردنیشیان، چونکە کاری وردبینی ئەم


دەزگایە سەرجەم دامودەزگاکانی حکومەت و تەنانەت هەندێ دامەزراوەی تریشی دەگرتەوە، هەمیشە ئەمەش ئەرکێکی قورس و سەختیان لەسەر بوو. بۆیە کاک جەلال بەو شێوازە دەستخۆشی لە کارمەندەکانی کرد و دڵخۆشی دانەوە.

ئەمەش ڕەوشتبەرزی و هەڵوێستێکی گرنگ و تایبەتە.. تەنانەت کاک جەلال پاشماوەی سامانەکەشی وەکو بەخشین کردووەتە پرۆژەی پەروەردەیی و تەندروستی، بە دروستکردنی قوتابخانە و باخچەی مندالآن... تا ئەو ڕادەیەی نیشتەجێکەی خۆی بە وەزارەتی تەندروستی بەخشیوە، بە مەبەستی ئەوەی لە دوای خۆی بکرێتە ناوەندێکی تەندروستی.. ئەمەش بۆ ئەو باسانە دەگەڕێتەوە کە لە پێشتردا ئاماژەمان پێ دان.. کە وەک گەلانی پێشکەوتوو، نەریتی پیاوە گەورەکانە، کە ئەتوانن بۆ ئێستا و ئاییندەش شوێن دەستیان بەدیاری بمێنێتەوە.

بە ڕای من ئەمانە بۆ کەسێکی وەک (جەلالی عومەری سام ئاغا) کاری زۆر تایبەتن، لەم سۆنگەیەوە گرنگە مرۆڤەکان خۆیان بە بەرپرسیار بزانن بەرامبەر بە بەرژەوەندی ڕەوشت و کرداری کۆمەڵگا.. تەنانەت پێویستە حکومەتیش پشتیوانی ئەم جۆرە کارانە بکات، ئەوەش بە دەستپێشخەری نێوان دەسەڵات و خەڵک بۆ سودی هەموان.

**مایسی ٢٠١٩**

# ئەو کەسەی کە ڕەوشت و ویژدانی..
# کردە یاسای بەڕێوەبردنی ژیانی خۆی
شێخ کامیل قادر سەعید (شێخ کامیلی شەهیدان)



جەلالی سام ئاغا، شێخ کامیلی شەهیدان
ماڵی جەلالی سام ئاغا
٢٠٢٠/٦/١٠

لە دوای پرۆسەی ڕزگارکردنی عێراقەوە، لە ژێر چنگی ڕژێمی دیکتاتۆری بەغداد، لە ساڵی ٢٠٠٣دا، بە هۆی هێزی هاوپەیمانان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان.. بە پاڵپشتی خەڵکی ڕاپەڕیو .. لە مانگی ئازاری ساڵی ١٩٩١دا، پێش ناوەڕاست و خواروی عێراق، کوردستان ئازاد کرا.. بەشێکی باش لە خەونی مێژینەی کورد و بەرهەمی خەباتی سەدان ساڵەی میللەت و نەتەوەکەمان هاتەدی، دەستکەوتی ئەم خەباتەش، دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان و خۆبەڕێوەبردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو. منیش لە ساڵی ٢٠٠٥دا گەڕامەوە هەرێمی کوردستان و وەک ڕاوێژکار لە دەزگای شەهیدانی شۆڕشی کوردستان لە شاری سلێمانی دەستبەکاربووم. زۆرجار لە خوا دەپاڕامەوە بە هەموومان نموونەیەکی جوانی حوکمڕانی پێشکەش بە دونیای سەدەی بیستەم بکەین. خۆزگەم دەخواست پەیامبەرێک و ڕێبەرێک لەناوماندا هەڵکەوێت لە حوکمڕانەکانی کۆمەڵگای مەدەنی جیهان یاخود ناوچەکەمان نزیک بکاتەوە. بێگومان هیچ دەوڵەتێک لە جیهاندا بوونی نییە، دزی و گەندەڵی و سەرپێچی و کەموکوڕی تێدا نەبێت. ئێمەی کوردیش لەو دیاردە قێزەونانە بەدەرنەبووین. جیاوازی ئێمە و ئەو وڵاتانە لەوەدا بووە، ئەگەر حوکمڕانانی ئەو وڵاتانە وڵاتیان بەهی خۆیان زانیبێ، ئەوا لە هەرێمی کوردستاندا هەموو خەڵکی بەشمەینەت خۆیان بە خاوەنی زانیوە، چونکە حوکمڕانیی لە کوردستاندا بەرهەمی خەباتی سەدان ساڵەی کوردە و بە خوێنی شەهیدان و قوربانیدان و وێرانکردنی شار و شارۆچکە و گوندەکان هاتۆتە بوون و بەدیهاتووە. لێرە و لەوێ دەم بیست کەسێکی بێگەرد لە بنەماڵەیەکی دیاری شاری سلێمانی، لە سەردەمی دوو ئیدارەییەکەی هەرێمی کوردستاندا، کراوەتە بەرپرسی دەزگای چاودێریی دارایی/ سلێمانی. لەناو کۆڕ و کۆمەڵدا زۆر باسی جوامێری ئەو پیاوە دەکرا. چۆن بێ سڵەمینەوە بۆتە هەڵگری پەیامی چاکسازی و دژ بە گەندەڵکاران دەوەستێتەوە، بێ جیاوازی. بە سەدان ڕاپۆرتی لە دژی سەرپێچیکاران بەرزکردۆتەوە، سەبارەت بەو کەسانەی لە گەندەڵییەوە تێوەگلاون، جا ئەو کەسانە لە هەر ئاستێکدا بوونایە.

کات ساڵی ٢٠٠٩یە، کاتی کۆنگرەی سێی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە.. لە دووەم ڕۆژی کۆنگرەدا، مامۆستا عەبدوڵڵا عومەر ئاوەکورتێیی نیوەڕۆخوانێکی

بۆ ئەم بەڕێزانە ئامادەکردبوو.. «دکتۆر فوئاد مەعصوم- د. عومەر شێخ موس- شێخ عەلی شێخ حەمە صالح- کاکە حەمەی فەرەج- مامۆستا عەلی کەمال- کاک صەلاح کونجرینی- کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا) و بەندە». دکتۆر فوئاد مەعصوم لێی پرسیم : ئایا کۆنگرەت بەدڵە!؟ وتم نەوەڵڵا بەدڵم نییە. من حەزم دەکرد کۆمەڵێکتان دەست لەکار بکێشنەوە، هەتا بە گەورەیی خۆتان بمێننەوە. لە هەمان کاتیشدا کەسی نوێ جێتان بگرێتەوە، هەروەها پێم باشە پاڵێوراوانی سەرکردایەتی، هەریەکەیان بۆ ماوەی پێنج خولەک مۆڵەتیان بدرێتی، هەتا لەسەر شانۆکە خۆیان بناسێنن کە دەتوانن لەچ بوارێکدا سەرکردایەتی خۆیان بنوێنن، یان هەندێ خەڵکتان هێناوەتە پێشەوە کە بیان کەن بە سەرکردایەتی، من وای دەبینم ئەگەر بەشێک لەوانە بکرێنە سەرکردایەتی، ئەوا دڵنیام یەکێتی پێویستی بەسەرکردە نییە، هەر مەکتەبی سیاسیی بەسە، گەر بۆ سەرکردایەتی دەرچوون، ئیتر وەک تەعینات بەسەر ئۆرگانەکانی یەکێتیدا دابەشیان دەکەن، بێ ئەوەی بیر لە توانا و بەهرەیان بکرێتەوە. هەندێ ڕەخنەی تریشم لێ گرتن.

لە کۆتایی قسەکانمدا کاک جەلال لە کاک صەلاح کونجرینی پرسی بوو ئەم کوڕە کێیە وا ئەم قسە زلانە دەکات؟ ئەی خۆشی هەر وەک ئەمانە نییە؟ کاک صەلاحیش پێی وتبوو: ئەوە شێخ کامیلە و لە خۆی دڵنیایە تا ئەو کاتەش لەگەڵ ئەم پیاوە جوامێرە یەکترمان نەناسیبوو. کاتێک کە یەکترمان ناسی، هەر بە هۆی مامۆستا عەبدوڵڵا و مامۆستا عەلی کەمال و کاک صلاح کونجرینییەوە بوو، لێرەوە سوپاسیان دەکەم منیان بەو کەڵە پیاوە ناساند، کە بەربەرچاو ڕوونییەوە داکۆکی لە کەسانی هەژار و لە دامودەزگاکانی حکومەتە بەخوێن پاراوەکەی کوردستان دەکرد.

کاتێک یەکترمان ناسی، بینیم کەسێکی چەندە نیشتمانپەروەرە. زۆر ڕاستگۆو دەست و دەم پاکە. بە لەخۆبردوویەکی زۆرەوە خۆی تەرخان کردووە بۆ گەلەکەی، بە تەنها دەچووەوە بە دژ گەندەڵکاراندا، بە سەدان گەندەڵی و کەموکوڕی ئیداری ئاشکرا کرد. هەستمکرد بۆ خزمەتی گەلی کورد و حکومەتەکەی هەرێمی سلێمانی لە زۆنی سەوزدا خۆی تەرخانکردووە، هەتا ئەو کاتەش کە وازی لە وەزیفەکەی هێنا و خانەنشینکرا، وەک خۆی ئاشکرای کرد، کە «ئەو جسمێکی غەریبە لەناو پرۆسەی حوکمڕانیدا»، زۆر ڕاستیشی کرد، خۆ ئەگەر ئێستاش پێغەمبەرێک بۆ چاکسازی دروست بێت، ئەگەر خەڵکی کوردستان پشتی نەگرن سەرکەوتوو نابێت. لێرەدا حەزدەکەم ئەوە بڵێم، ئەم پیاوە بە تەنها مقاوەمەی کردو سەرکەوتووش بوو. بە سەدان گەندەڵی ئاشکرا کرد. بە ملیۆنان دینار و دۆلاریشی لە گەندەڵیدا ئاشکراکردو پاشان گەڕاندییەوە بۆ خەزێنەی حکومەت و چەندین کەسیشی

ڕووبەڕووی دادگا کردەوە، بەڵام پرۆسەکە لە کوردستاندا کورتی هێناو سەرکەوتوو نەبوو، لەبەر ئەوەی کاربەدەستان زۆر بەکەمی پشتگیرییان لێ کرد، هەروەها تەنها لە زۆنی سەوزدا کاری پێ دەکرا، بەڵام کاک جەلال توانی لە سەردەمی حوکمڕانی کوردستاندا لە دەڤەری سەوز مێژوویەک بۆ خۆی تۆمار بکات. کاتێک کە وازی لە دەزگای چاودێریی دارایی هێنا، تەنها ژوورەکەی خۆی چۆڵکرد، بەڵام تا ئێستاش بە ڕۆح هەر لەگەڵ خەڵکە باشەکەی ناو دەزگاکەیدا دەژی.

کاتی خۆی، کە ماڵئاوایی لە فەرمانگەکەی کرد، مافی خۆی بوو کە سەیارەیەکو چەند پاسەوانێکی هەبێت، کەچی ڕەتیکردەوە و گەڕاندییەوە بۆ حکومەت.

ئەو خانووەی لە گردی جەمعییەیە سەر ڕێگای سەرچنار، کاتێک بوو نرخی فرۆشتنەکەی یەک ملیۆن دۆلار زیاتری دەکرد، هەر لەو کاتەدا بوو ئاشکرای کرد لە دوای ژیانی خۆی خانوەکەی دەبێتە موڵکی وەزارەتی تەندروستی و وەکو بنکەیەکی تەندروستی لێ بکرێت، بۆ چارەسەری نەخۆشی هاوڵاتیان، هەروەها بڕە پارەیەکی لە بانکدا هەبوو، ئەوەندەی من زانیبێتم پارەی فرۆشتنی پارچەیەک زەوی خۆی بووە، ساڵانە قازانجی بانکی ئەو پارەیە وەک خەڵات دەبەشێتەوە بەسەر کۆمەڵێک فەرمانبەری دڵسۆزی دەزگای چاودێریی داراییدا. خوالێخۆشبووی خوشکیشی «ئەختەرخان»، پێش ئەوەی ماڵئاواییمان لێ بکات، شوقەیەکی هەبوو لە شوقەکانی «پاک سیتی- زەکەریا» لە سلێمانی، بەخشی بە «وەزارەتی پەروەردە- پەروەردەی سلێمانی»، ماوەیەکیش پێش ئێستا لە گەڕەکێکی هەژارنشینی شاری سلێمانی لەسەر پارەی خۆی قوتابخانەیەکی «١٢پۆلی» بە ناوی «زەکیەی سام ئاغا» دروستکرد و بەخشییە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان. بۆ ئەوەی هەتا ژیان بەردەوام بێت، خوێندکاران لەو قوتابخانەیەدا فێری خوێندن بن. ئەمانە کارە ئاشکراکانی کاک جەلال و ئەختەرخان و بنەماڵە بەڕێزەکەیانە. بێجگە لە کارە مەعنەوییەکانی، کە لە ڕووی مادییەوە جارێکی تریش هاوکار و پشتوپەنا بووە بۆ خەڵکی کەم دەرامەت.

ئەم پیاوە تا ئەم کاتەش، لەپێناو باشترکردنی حوکمڕانی حکومی و حیزبی، وازی لە بوێری نەهێناوە. ئەگەرچی بێلایەنە لە سیاسەتدا، بەڵام هەڵبژاردەکانی هەمیشە لە بەرژەوەندی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و بەرپرسە دڵسۆز و پاکەکانە بەبێ جیاوازی. ئەگەرچی برادەر و هاوڕێیەتی لەگەڵ کاک جەلالدا هەروا ئاسان نییە و ڕەشوەی کەلام بە کەس نادات... لە هەموو دۆخ و کاتە گونجاو و نەگونجاوەکاندا لای ئەو هەر ڕاستبێژە، تەنانەت ئەگەر بە زیانی سەروماڵی خۆشی تەواو بێت.

لە ماڵەکەشیدا پیاوێکی ژیر و ڕووخۆش و میواندۆستە، بە دەستی خۆی خزمەتی

میوانەکانی دەکات، وەکو خۆم شانازی پێوە دەکەم، نموونەی زۆر بێت، لەناو کۆمەڵگەدا کە توانی ڕەوشت و ویژدانی خۆی بکات بە یاسای بەڕێوەبردنی ژیانی خۆی و خانەوادە سەربلندەکەی.

٢٠١٩/٠٥/١٠

**نەمسا**

# کاک جەلالی سام ئاغا...
# دوور لە چاودێریی دارایی
ئیحسان ڕەشاد موفتی




ئیحسان موفتی، جەلالی سام ئاغا
ناوچەی چوارتا
٢٠٠٦/٥/٤

دوای پێنج ساڵ لە پەناهەندەیی (هۆڵەندا)، لە هاوینی ساڵی ٢٠٠١دا لەگەڵ منداڵەکانم بە سەردان گەڕاینەوە کوردستان، ئەو کات کاک عەدنانی برام جێگری سەرۆکی حکومەت «هەروەها وەزیری دارایی ئیدارەی سلێمانی بوو بەوەکالەت» لە هەمان کاتدا برای بەڕێز کاک جەلالی سام ئاغا لە وەزارەت جێگری بوو. ئەو ماوەیەی لە سلێمانی ماینەوە کاک جەلال زۆر بە گەرموگوڕییەوە پێشوازیو سەردانی دەکردین، لەو ڕۆژەوە تا ئەمڕۆ دۆستایەتی و برایەتی نێوانمان نەپچڕاوە. پاش گەڕانەوەشم بۆ هۆڵەندا پەیوەندیمان بەردەوام بوو، جارجاریش سوودم لە زانیاری ئەو وەردەگرت لە نووسینی ڕاپۆرتە هەواڵەکانم بۆ ئاژانسی هەواڵی نێودەوڵەتی (یونایتد پرێس ئینتەرناشیۆنال- UPI)، کە تا سەرەتای ٢٠٠٤ لەو بوارەدا کارم دەکرد.. کاک جەلال، کە بووە سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی/ حکومەتەکەی سلێمانی، پڕبەدڵ پیرۆزباییم لێ کرد. بەڵام لە کوردستان ئەم پۆستە کارێکی ئاسان نییە.

سەرەتای ساڵی ٢٠٠٣ هەنگاوی گرنگی ئاشتی نێوان پارتی و یەکێتی وەرگیرا، بە کردنەوەی مەڵبەند لە هەولێر و بارەگای لق لە سلێمانی.. کە کاک عەدنان وەک لێپرسراوی مەڵبەندی ٣ی یەکێتیی لە ڕۆژانی جەژن و بۆنەکاندا، لە جەژنی قوربانی ٢٠٠٤ کاک جەلال میوانی کاک عەدنان دەبێ، وەک نەریتێکی ئەوێ ڕۆژ یەکێتی لە مەڵبەند و پارتیش لە لق لە بەیانی یەکەم ڕۆژی جەژن لە پێشوازی هاوڵاتیان دەبوون بۆ جەژنە پیرۆزە.. دوای سەعاتێک لە گەیشتنی کاک عەدنان بۆ هۆڵی مەڵبەند، کاک جەلال خۆی ئامادە دەکات بچێتە مەڵبەند، پێش ئەوەی بگاتە ئەوێ تیرۆریستێکی سعودی خۆی دەتەقێنێتەوە، بە هەمان شێوە بە جیاوازی چەند خولەکێک تەقینەوەیەکی تری خۆکوژی لە بارەگای لقی ٢ی پارتی ئەنجام دەدرێ، ئەو دوو کارەساتە بووە هۆی شەهیدبوونی زیاتر لە سەد کەس لە سەرکردە و ئەندامانی هەردوو حیزب و شەهیدبوونی دەیان هاوڵاتی لە خەڵکی شاری هەولێرو کوردستان.. کاک عەدنانیش بە سەختی بریندار بوو.

١ی شوبات لە هۆڵەندا بووم بۆ بەیانی گەڕامەوە هەولێر بە یاوەری مامم خوالێخۆشبوو کاک شەمسەدین موفتی (١٩٣٣-٢٠١٢)... دیمەنی ئەو ساتەی کە گەیشتمە ناو شاری هەولێر قەت لەیاد ناکرێ. لە گشت مزگەوت و سەر شەقامەکان

پەڕۆی ڕەش بەدی دەکرا.. بێ ڕاوەستان بەرەو نەخۆشخانەی ڕزگاری ڕۆیشتین. لەوێ لەگەڵ کۆمەڵێک خزم و دۆستان و هاوخەمی ڕووداوەکە لەبەردەم کاک عەدناندا ڕاوەستابوون، هەروەها کاک جەلالی سام ئاغاش لەنێو ئامادەبواندا بوو، کە بە درێژایی چارەسەری پزیشکی بۆ کاک عەدنان لە سەردانکردن و پەیوەندی نەپچڕا.

دوای گەڕانەوەم لە چارەسەری پزیشکی بۆ کاک عەدنان، کە شەش مانگی خایاند لە هەولێر و هۆڵەندا و پاریس.. لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٤ و سەرەتای ساڵی ٢٠٠٥دا ماوەیەک لە سلێمانی مامەوە، لەو ماوەیەدا پەیوەندیم لەگەڵ کاک جەلال بەردەوام بوو. زۆربەی جار لە سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی سەردانم دەکرد، بۆ یەک جاریش تێبینی ئەوەم نەدەکرد لە پشت مێزی ژوورەکەی دابنیشێ، هەردەم لەسەر مێزی کۆبوونەوەکان کارەکانی بەڕێوەدەبرد... دەیوت: ئەم شوێنە کاتییە لەبەر ئەوەی کورسی هیچ پۆستێک وەفای بۆ کەس نییە، بۆیە من لە یەکەم ڕۆژەوە، کە ئەم پۆستەم وەرگرتووە، لەگەڵ خۆم وازم لەم کورسییە هێناوە. چەندین وتەی دانایی و پێشینانی لە ژوورەکەی خۆی هەڵواسیبوو، بۆ وەبیرهێنانەوە و هۆشداریدان بە فەرمانبەران بە مەرامی پابەندبوونیان بە یاساوە. هەر لەسەر وەبیرهێنانەوەی شتی هاوبەشمان لەگەڵ کاک جەلال، یەکەم جار بوو بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ بە یاوەری کاک فاتح وەزیری شارەوانی ئەو کات لە بازاڕی کۆنی سلێمانی داوەتی کردین، کە لە شوێنەکە نزیک بووینەوە، ئەوجا بیرم کەوتەوە ئەمە کەبابخانەی جارانی (عەباس ئەبو شوارب)ە، کە بە گەرموگوڕییەوە پێشوازی لێ کردین، جا تا شاگردەکان کەبابیان ئامادەکرد، کاک عەباس وەک ڕۆشنبیرێکی بەتوانا دەستیکرد بە وتنی موحازەرەیەکی کورت لەسەر بیری ئیشتراکی و سۆشیالیست، بارودۆخی کوردستان و هەڵوێستی حیزبەکان. کاک جەلال ڕووی لە من کرد و وتی: (تا باش تەسقیفمان نەکات وازناهێنێ).. کاک جەلال بۆی باسکردم ئەو کاتەی کاک کۆسرەت سەرۆکی حکومەت بوو لە سلێمانی.. جارێکیان دوای تەواوبوونی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران بۆ نانی نیوەرۆ گشت وەزیرەکانی هێنابووە کەبابخانەی کاکە عەبباس، کە هەمان موحازەری بۆ ئەوانیش ڕادابوو.. بێگومان تامی تکە و کەباب و ماستاوی نێو جامە فافۆنە پڕ لە بەفرەکەی.. نارێکی کورسی و مێزی کەبابخانەکەی لەبیر دەبردییەوە. کاتێ تەندروستی کاک عەبباس باش نەبوو.. چەند جارێک هەواڵم پرسی هەروەها ئاگاداری ئەوەش بووم تا ماڵئاواییکردنی دواجارەکی کاک جەلال خەمخۆری بوو. دوور لە کاروباری چاودێریی دارایی، کاک جەلال بەشێکی ژیانی ڕۆژانەی بایەخدانە بە باخچە و گوڵ و گوڵزار و بولبولی جوان، تەنانەت ئەگەر

کەسێک نەیناسێت، وا ئەزانێ وەک بەرپرسانی دی لە دەرەوەی شار خاوەن باخچەیەکی چەند دۆنمییە! کەچی باخچەکەی ئەو لە سەد مەتر دووجا کەمترە.. بەڵام جوان ڕێکی خستووە. هەرجارەی بە شێوازێک گۆڕانکاری تێدا دەکات.. هەر کاتێک کاک جەلال بە سەردان بێتە هەولێر، سەردانی مەشتەلەکانی گوڵ و گوڵفرۆشان دەکا. کاتێک کاک جەلال لە دەمی نەخۆشییەکەیدا بوو، تا ئەو ڕادەیەی پێویستی بە نەشتەرگەری هەبوو، ئا لەو کاتەدا زۆر بە هەڵوێست بوو.. ئەو کاتەی ئێمە دڵتەنگ بووین لەبەر ئەوەی چۆنیەتی بڕیاردان لە چارەسەرەکەی نادیار بوو.. هەروەها کاک عەدنان خەریکی کارئاسانی بوو هەتا بڕواتە پاریس کە نەشتەرگەری بۆ کرا، ئەو ماوەیە لە پەیوەندی بەردەوامدا بووم لەگەڵی هەتا ئەو کاتەی گەڕایەوە بۆ هەولێر.. سەرباری ئەوەش ماوەیەک بۆ تەواوکردنی چارەسەری پزیشکی لە نەخۆشخانەی نانەکەلی یاوەریم دەکرد.

کاک جەلال سەرجەم پێشنیارەکان بۆ ئەوەی پارەی چارەسەری پزیشکی بۆ بدرێ پەسەندنەکرد.. هەروەها ڕەزامەندی نەدەدا بۆ ئەوەی خوشک و خزمانی سەردانی بکەن لە هەولێر، کە لێم پرسی بۆ؟ وتی: ئێستا من بێتاقەتیم پێوە دیارە، نامەوێت خزمان بەم دۆخەوە ببینن.. بە تایبەت ئەختەری خوشکم کە زۆر خەفەت ئەخوات. کاک جەلال بۆ خوشکانی نەک تەنها لە کاتی ژیانیان، بەڵکو تەنانەت دوای کۆچی دواییشیان.. وەفای بۆیان بەردەوام بوو. ئەوە بوو لەسەر ئەرکی خۆی قوتابخانەیەکی ١٢ پۆلی بە ناوی خوشکی کۆچکردووی (زەکیە سام ئاغا) دروستکرد و پێشکەشی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کرد. لە دوا پەیوەندیم لەگەڵ کاک جەلال ئەوەم زانی کەوا ئێستا خەریکی بەخشینی پرۆژەیەکی تازەیە بۆ دروستکردنی باخچەی منداڵان بە ناوی (ئەختەر سام ئاغا). پاش تەواوبوونیش وەک نەریتی خۆی دەیبەخشێتە وەزارەتی پەروەردە. ئەم هەڵوێستانەی کاک جەلال گەر لەنێو دەروونی گشت سەرمایەدارانی کوردستاندا هەبوایە، قوتابخانەکانی کوردستان دوو دەوامی و سێ دەوامی تێدا نەدەما، بەبێ ئەوەی کاک جەلال سەرمایەداری گەورە بێ.. تەنها لە خودی پارەی خۆی بۆتە نموونە بۆ ئەو کەسانەی توانای وەرگرتنی هەمان هەڵوێستیان هەبێ.. تەنانەت ئەوانەی من باسم کردن کۆتا بابەتەکان نییە، چونکە کاک جەلال ئەو خانوەش کە خۆی تێدا نیشتەجێیە پێشکەشی وەزارەتی تەندروستی کردووە، هەروەکو زانراویشە کاک جەلال پارەی پارچە زەوییەکیشی کردۆتە خەڵات بۆ کارمەندانی نموونەیی و خانمە سەلارەکانی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی، کە ساڵانە وەک ڕێزلێنان پێیان دەبەخشرێت. ئەم کتێبەش کە

دەیان قەڵەمی لە بازنەی خۆیدا کۆکردۆتەوە و هەریەکەیان بە ئامانجو ڕوانینێک دەربارەی کاک جەلال دەنووسن ئومێدەوارم دەستەگوڵێکی جوان بۆ هەڵوێستو ڕۆڵی شکۆمەندانەی کاکە جەلال بچننەوە.


**٢٠١٩/٠٦/٠١**

**هەولێر**

# جەلالی سام ئاغا

# ئەدەرسێکی جیاواز.. زۆریش جیاواز

**عەبباس محمد حسێن (حاجی مەمۆ)**



حاجی مەمۆ، جەلالی سام ئاغا
سلێمانی - ٢٠١٩

ناسیاوی و پێزانینی یەکلایەنەی ناوی کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا) بۆ من دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی(١٩٧٤). ئەودەم لە شانی هاوڕێی نەمر (شاسوار جەلال- ئارامی پەڕجوو- المعجزة)، لەناو خێمەکانی دەوروبەری گوندی زینۆی شێخی دەڤەری حاجی هۆمەران دەژیا. شاسوار زۆری ڕێز لێ دەگرت، ئەوێ ڕۆژێ بەسام و هەیبەت ناوی دەهێنا، کە ئەو مرۆڤە چ ماددەیەکی خام و پڕ خانەدانی سەربڵند و چ جەوهەرێکی شاراوەیە. زەمان هات و چوو، ئارامی هاوڕێی هەردووکمان بۆ قەدەر کەوتە دەمی مەلەکردنی ناو دەریای ڕزگارکردنی کۆمەڵەی مارکسیست- لینینی لە ساڵی (١٩٧٥-١٩٧٨) و مەرگی ناوادەی خۆی ئەو کاروانەی هەتیو بەجێهێشت. ئارام ڕێک بە بیر و جەستەی مرۆڤێکی شاکاری شاری شانی دابوە تەوێڵی سەرگەردانی بزاڤی چەکداری، منیشی لەگەڵ خۆی بەو خمخانەیە ساڵی(١٩٧٥) کاڵفامانە ئاوێزان کردووە. ئەوجا تێم بگەن جەلالی سام ئاغایەکی دەستە برای شاسوار جەلال لەو ڕوانگەیەوە زۆر ڕاشکاوانە.. لەژێر ئاسمانی بزربوونی یەکجارەکی پڕ بە دەمی خۆی هاواری خۆی بکات و بە دەسەڵات بڵێ: «من شەرەفمەندنیم بە وەزیفەکەتان». من لەگەڵ کاروانی ئەزمونی پڕ گێرمەوکێشەی خۆمدا، لێرە و لەوێ ڕۆژگارێکی چەندان ساڵە بە شاری سلێمانی تێکەڵم، لە کەسی ناشارمەوە دیاردەی (جەلالی عومەری سام ئاغا) دوای زنجیرە ناوێکی دیکە، دیسانەوە شاسوار جەلال سەرقافڵەیە، خۆشەویسی و ڕێزی ئەو شارە پڕ لە جەنجاڵەی لە لا بەهێزتر کردووم. یەکەم جار و بۆ کەڕەتی دووەم لە ساڵی (٢٠٠٥)دا بە هۆی تازە کارمەندبوونم لە دەزگای شەهیدانی (ی.ن.ک) لە سلێمانی دەستبەکار بووم و تازەکی کاک جەلالم دیتەوە. ئەو مرۆڤە پڕ لە سەربڵندی سەرتاپای کەسایەتی گەورەیی خۆی بەوپەڕی جوانمەردی بۆ بەسەرکردنەوە و دیداری پیرۆزباییکردن لە ئەز زەحمەتی کێشابوو، ئەوێ ڕۆژێ خۆم خۆشویست و دانەدانەی وێنەگەلی شاسوار جەلالم دەهاتنەوە بەر دیدە، کە پیاوێکی سەرکەشی وەک (جەلالی عومەری سام ئاغا) هاتۆتە میوانداری من، کە هێندەی لوتکەی شاخ بۆی تامەزرۆ بووم. ئەو چەند ساڵە لە سلێمانی و کارکردنی وەزیفەکەم مامەوە، بە شەو و ڕۆژانی زۆر لە خزمەتی ئەو کەڵە مرۆڤەدا بووم. لە دڵەوە بۆ خاکیبوون- سادە و ساکاری- جورئەت و بوێری و چاوتێرییەکەی خۆشەویستیم بۆ ئەوان

دەبوو، شانازیم دەکرد بە هاوڕێیەتیی ئەو بە ئەمەکە. بێگومان نابێت ناوەکانی یوسف زۆزانی- فاتح عەبدوڵڵا عەبباس- هاوڕێیانم، لەبیر بکەم، کە لەو بوارەدا بۆ من هەوێنی ئەو پەیوەندییە پڕ لە دڵسۆزی و شکۆمەندییە بوون.

(جەلالی عومەری سام ئاغا)، لە ڕەوتی کاروانی وەزیفەکانیدا لەو ئەستێرە تاقو تەنیایانە نەبێت، کە وەک مۆمێکی گەش و بە سوتاندنی ئاکارەکانی لە خۆبایبوون و لووتبەرزی و خەڵک نەخوێندنەوە و ژیانی بورجی عاجی ترە کەڵەکەن، دونیایەکی دیکەی جیاواز لە دونیای خۆگوزەرانی گەندەخۆران بۆ من وێناکردبوو.. دیارە (جەلالی عومەری سام ئاغا)، دەنگێکی زوڵاڵی ئەو گورزە دەنگانەیە بۆ هیچ دەستەو دایەرەیەک نەنووساوە، دەنگی جیاوازی خۆی بەرزکردۆتەوە.. دەبێ سلێمانی و خەڵکی کورد بۆ هەمیشە شانازی پێوە بکات. ئاخر لە کوێی خاکی کوردان و لەناو کام حیزب و دامودەزگایەکی ئەم ڕۆژگارە تژی لە «بێوەفایی- ناپیاوەتی- چاوچنۆکی- بێویژدانی- خۆزەنگینکرنی سەرقوتی خەڵک، وێنەیەکی وەک (جەلالی عومەری سام ئاغا)، دەبینرێ. ئەو کونجە خانوەی بە ئارەقەی نێوچەوان و بگرە میراتی باوو باپیران بۆی ماوەتەوە، وەک دیاری بنکەیەکی تەندروستی پێشکەش بە شارەکە بکات.. من لەو بارەیەوە زیاتر ناچمە گێڕانەوە و هەڵدانەوەی لاپەڕە بەخشینەکانی بۆ دوای مەرگی خۆی. دەمێنێتەوە ئەوەش بڵێم.. ناوی (جەلالی عومەری سام ئاغا)، بۆ ڕۆژگاری داهاتوو لەچاو قەومی لەشکرە حیزبییەکانی کوردستان کە داروبەردیان تالانکرد، گرد و هەردیان بۆ نەوەکانی خۆیان قۆرغکرد.. (جەلالی عومەری سام ئاغا)، دیمەنی باخچەیەکی پڕ لە گوڵ و گوڵزار بۆ نەوەکانی داهاتووی سەرجەمی کۆمەلانی خەڵک پێشکەش دەدات. بۆ هەر مرۆڤێکی شەرفمەندی ئەو خاک و خەڵکە مایەی شانازی و سەرکەشییە.

سڵاو بۆ (جەلالی عومەری سام ئاغا)، تەندروست تۆکمە و تەمەن درێژبێت.

٢٠١٩/٠٥/٢٥

**هەولێر**

## له نوسینگەی کاك (جەلالی عومەری سام ئاغا)

داليا ئەسعەد




**داليا ئەسعەد، جەلالی سام ئاغا**
**ڕۆژی خانەنشین بوون**
**٢٠١١/١/١٦**

لە بەرواری (٢٠٠٣/٠٣/١٦)دا، لە نووسینگەکەی کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا)، وەک سکرتێری نووسینگەی سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی دەستبەکار بووم.. چەند ڕۆژێک پێش ئەو بەروارە کاک جەلال بانگی کردم بۆ نووسینگەکەی خۆی و پێی وتم: بەخێر بێیت. پاش وەڵامدانەوەی بەخێرهاتنەکەی، پێی وتم: کچم دەزانی بۆچی تۆم بانگ کردووە بۆ ئێرە، منیش لە وەڵامدا وتم نەخێر.. لە ساتی دەستبەکاربوونت لەم جێگەیە.. تۆ (کەڕیت- لاڵیت- کوێریت...)، منیش ئەم شتانەم بەلاوە سەیربوو، چونکە لەمەوپێش، هیچ کەس بەم شێوە زارە لەسەر کاروباری وەزیفی هیچ کاتێک قسەی ئاوای لەگەڵ نەکردبووم. وتی: ئەزانی بۆ وات پێ ئەڵێم، وتم نەخێر. وتی کەڕیت: وەکو ئەوەی هیچ قسەیەکت گوێ لێ نەبووە... لاڵیت... بۆ ئەوەی هیچ قسەیەک نەگێڕیتەوە... کوێریت، وەکو ئەوەی هیچ شتێکت نەبینیووەو هیچیشت بەرچاو نەکەوتووە. چونکە ئێرە نووسینگەی تایبەتە و هەموو کەس ڕووی تێ دەکات.. پاراستنی ئەمانەتی ئێرە لەئەستۆی تۆدا دەبێت. دوای ئەوە چوومە نووسینگە و کاری نوێم بەدەستەوە گرت. بە تێپەڕبوونی کات، ئینجا بۆم دەرکەوت قسەکانی چەند ڕاست بوون.

لە بەرواری (٢٠٠٥/٠٩/٣٠)دا کرام بە بەڕێوەبەری نووسینگەی تایبەت، تا بەرواری (٢٠١١/٠١/١٥) لەو شوێنەدا بە ئەمانەتەوە کارم ئەکرد. بێ موجامەلە و هەڵنان، بە ڕاستی کاک جەلال کەسێکی داوێنپاک و دەسپاک و نموونەی مرۆڤی دامەزراو بوو، هەمیشە لە هاوکاری و یارمەتی کەسانی تردا زۆر هاوکاربوو. یارمەتییەکانیش ئەگەر لە دەرەوەی نووسینگە بووبێت، یاخود بۆ کارمەندانی ناو نووسینگە، هەمووی لەسەر حیسابی شەخصی خۆی دابینی دەکرد.

لە ژیانی وەزیفیمدا لەگەڵ کاک جەلال کاری زۆرم کردووە، هەمیشە ئێمەی وەک منداڵی خۆی سەیر دەکرد. ڕۆژ هەبوو تا کاتژمێر (٨ ی شەو) کارمان دەکرد. لە کاتی گەڕانەوەمان بۆ ماڵەوە، هەتا هەموومان سواری ئۆتۆمبیلەکە نەبووینایە، ئەو هەر لە چاوەڕوانیدا دەمایەوە، پاش ئێمە ئیتر ئەویش دەڕۆیشتەوە.

یەکێک لەو تایبەتمەندییانەی من لە کاک جەلالدا هەستم پێ کردبوو، بوێریو چاونەترسی تا ڕادەیەکی بێئەندازە لەو پیاوەدا دەبینرا. بێباکانە کاری خۆی

دەکرد. سڵەمینەوە لە هیچ کارێکدا لە فەرهەنگی کاک جەلالدا تۆمار نەکرابوو. جارێکیان نامەیەکی لە ڕەوانشاد مام جەلال تاڵەبانی (سکرتێری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)ەوە بۆ هات، کاک جەلال وەڵامی مامی دابۆوە کە دەبێت لەسەر سەروەری یاسا کارەکان جێبەجێ بکەین، چونکە لای کاک جەلال یاسا سەروەربوو.


حەزدەکەم لێرەدا باسی ئەوە بکەم، مرۆڤێک بوو تەنها هەوڵی پێشخستنی کارەکانی سەرۆکایەتی چاودێریی دارایی ئەدا، سەرەڕای ئەوەش چەند کارمەندێک بە هۆی کاک جەلالەوە گەیشتبوونە ئەو پلە و پایە وەزیفییە، کەچی جێی متمانە و بەرپرسیارێتی نەبوون، بە داخەوە.. چونکە کاک جەلال بەبێ جیاوازیکردن لەنێوان کارمەندانی دیواندا، بە یەک ڕوانین و هەڵوێست هەوڵی بۆ هەموویان ئەدا، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو کە بەڕێز کاک جەلال مەرامی سەرکەوتنی کارمەندانو دەستەی کارەکان بوو، دوور لە پەیوەندی و وابەستیەیی هیچ کامیان، بە داخەوە کە بەرامبەر کاک جەلال زۆر بێوەفابوون.

بە باوەڕی تەواوەوە، ئەو ڕۆژەی کاک جەلال نووسینگەی دیوانی بەجێهێشت، وام زانی ژیان کۆتاییهات. ماڵئاوایی لە یەک بەیەکی کارمەندانی بەشەکان دەکرد، هەموو کارمەندان لە لایەک، منیش وەک خۆم لە لایەک، بۆم دەرکەوت کە چیم لەدەست چووە.

٢٠١٩/٠٤/٢٦

# قەدری زێڕ لای زێڕنگەرە

سەربەست حسین(*)



سەربەست حسێن، جەلالی سام ئاغا
سلێمانی - ٢٠١٨

کەسێک، پاش مردنی، وەسیەت بکا، تەواو یا بەشێک لە سامانەکەی ببەخشێت بە کۆمەڵگا، کارێکی زۆر چاکە، وا نییە!؟ ئەی ئەوەی بە زیندوویی، بە تەندروستیی چاک و بە تەمەنی پێش پەککەوتەیی ئەمە بکات، کارێکی چەند چاکە؟

کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا)، هەردووکیانی کردووە. دواییینیان، ٢٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٨ قوتابخانەی (زەکیەی ساماغا)ی بنەڕەتی لە سلێمانی، لەسەر ئەرکی خۆی، بە تێچووی نزیکی سێ چارەکە ملیۆن دۆلار کردەوە.

بە ڕای من، گەورەیی کاک جەلال تەنها لەوەدا نییە بەرهەمی ماددیی و بەری ڕەنجی ژیانی خۆی بەخشیوە. زیاتر لەوەدایە ساڵانێکی تەمەنیشی بە گەلەکەی بەخشیوە. ئەو ساڵانەی ئەم بە پلەی وەزیر، سەرۆکی دەزگای چاودێریی دارایی بوو، لە جیاتی ئەوەی وەک ئەوانیتر خەریکی وەلانانی موڵک و سامانی گشتی بێت، ئەم چاوی خەڵکی خۆڵ لەچاوکراو بوو.. دەنگی بێدەنگەکان بوو.. بڕی سەدان ملیار دینار سامانی گشتیی لە چنگی گەندەڵکاران دەرباز کرد. نازناوەکەی خۆی خەسار نەکرد. بەسەر گەندەڵکارانەوە (سامی) هەبوو . ئەوانیش زۆر قینیان لێی بوو.

لە کوردستانی دوای ڕاپەرین، پلەوپایە چەورە! دۆش بە سەرتا دەڕژێنێ. بەردەرگاکەت پڕ دەکا لە حیمایە و ئۆتۆمبیلی گرانبەها. لەسەر جادەکەی بەر ماڵت، دەبیتە خاوەنی تاسەی خۆت. کەچی لە گەراجەکەی ماڵی کاک جەلال تۆیۆتایەکی مۆدێل(١٩٨٠) ڕاگیراوە. لەبەردەرگاکەی، نە تاسە هەیە و نە حیمایە. کە سەری دەدەیت، خۆی چات لەبەردەم دادەنێ.

**کاک جەلال بۆ جیاوازە؟**

کاک جەلال یەکەم خێرخوازی کوردستان نەبووە و دواییینیشیان نابێ، بەڵام دوو خاڵ ئەم لە زۆربەیان جیادەکاتەوە. دوو خەسڵەت کاک جەلال دەکەن بە پێشڕەو و ڕێچکەشکێن، کە ئەمانەن:

یەکەم: تەماشای بەشێک لە (ڕاستترە بڵێم زۆربەی) خێرخوازانی ئێستا بکە، دۆلارێک نابەخشن ئەگەر لە بەرامبەردا هەزار دۆلار، دەمودەست نەیەتەوە جێگەی. جا هەر لەوەی زەوی خۆڕاییان وەرگرت، مزگەوتێکیان کردەوە، لە پاڵیشیا، هەزار شوقەیان قوت کردەوە، یا چوار بست شەقامیان قیرتاو کرد و

لەبەرامبەردا پرۆژەیەکی سەدان ملیۆنی بێ ڕکابەریان درایە. ئەمە جگە لە قازانجە ڕیکلامییەکەی. دەیان دامەزراوەی ڕاگەیاندن بە شان و باڵیدا هەڵدەدا، کە چەند شار دۆستن، لە خەمی هەژاراندان. کاک جەلال ڕقی لەم دەهۆڵکوتانەیە. ئاگادارم ئەگەر زۆری لێنەکرابایە، بۆ کردنەوەی قوتابخانەکەی زەکیەی ساماغا نەدەچوو. چەندین خەڵات و بەخشینی سەر تەلەفزیۆنی ڕەتکردۆتەوە.

دووەم: زۆر لە خێرخوازان، تا لە ژیاندان، هەموو سەروەت و سامانەکەیان لە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان دەهێڵنەوە. بە ئارەزوی خۆیان بەکاری دێنن. (هەقی خۆشیانە). وەسیەت دەکەن، دوای مردنیان، بەشێک لە سامانەکەیان بکرێت بە خێر، بەڵام ئەگەر هەتا لە ژیاندا ماوی، سامانەکەت بەخشی، زۆر جیاوازە. چونکە (خۆت) مەحروم کردووە لە سودەکانی ئەم سامانە، نەک کەسێکی تر (واریسەکانت). خۆنەویستی زیاتر، بەخشندەیی زیاتر و لە ژیان تێگەیشتنی زیاتری دەوێ. کاک جەلال هەردووکیانی کردووە. بە سامانێک کە نە لە سایەی پلە و پایەوە بە ناشەرعی کۆیکردۆتەوە، نە لاف و گەزافیشی پێوە لێ دەدات. جارێک لە کاک جەلالم پرسی: بۆچی وادەکەی؟ ئاوا وەڵامی دامەوە: «من لەزەت لەوە وەردەگرم خۆم بە زیندوویی ببینم ئەوەی هەمە بۆ ئەوانەیە کە خۆم دەمەوێت». وتی حەمدی شاعیر دەڵێ:

**وەرە حەمدی ئەوەی ماڵە**
**لەپێش خۆتا ڕەوانەی کە**
**ئەوەی ڕۆیی، ئەوا ڕۆیی**
**ئەوەی جێماوە کەی ماڵە؟**

### لە کاک جەلالەوە دەبێ فێری چی بین؟

١. تا لە ژیاندا ماوی ببەخشە. ئاسودەییەکی بێوێنە دەبەخشێ. خۆت لەو ئاسودەییە مەحروم مەکە.

٢. بیدزی و نەیدزی، سامانت زۆر بێت یا کەم، ڕۆژانە هەر سێ ژەم نانخواردنت پێویستە. ئێستا زانست کەمیشی کردۆتەوە. ساڵانە، هەر تەنها قاتێک جل و پێڵاوێک دەدڕێنی. دەوڵەمەند دە قات جل بە جارێک لەبەرناکات. دە جووت پێڵاو بە جارێک لەپێ ناکا. هەر یەک ئۆتۆمبیلی پێویستە. هێندەی هەڵپەی کەڵەکەکردنی کاڵای، هێندە خەریک بە، ئاستی ژیانت بەرز بکەوە. پارە لە خۆتا سەرف بکە، نەک لە کاڵا. زۆربەی خەڵک باوەشێکی وایان بە کاڵاکانی ژیانیاندا کردووە، تەنانەت سومعە و تەندروستی خۆشیان لەپێناو داناوە. بەخشین و خێرخوازیی بریتین لە مەسرەفکردن لە خودی خۆتدا. تێگەییشتن لە مانا ڕاستەقینەکەی ژیان، ئاوڕدانەوەیە لە خۆت،

نەک لە کاڵا. دیارە بەخشندەیی و خێرخوازی زۆر زەحمەتە، بۆیە کەم کەس پێی دەکرێ.

### هەر قۆناغە و ئەرکی خۆی

گومانی تێدا نییە، لە هەر قۆناغێکی دیاریکراودا، کۆمەڵگا پێویستیی بە ڕابەرانێک هەیە، کە توانایان تێدایە ئەرکە هەرە سەختەکانی ئەو ڕۆژگارە لەئەستۆ بگرن. لە قۆناغی قەڵاچۆکردن و خاپورکردنی کوردستان، کورد پێویستی بەو ڕۆڵانەی هەبوو کە «ئازا، لەخۆبردوو، چاونەترس، گیانلەسەردەست بۆ دوژمن، دڕ بوون». لە حەفتا و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، ڕێکخستنەکان، ماڵ بە ماڵ بە دوای ئەو ڕۆڵانەدا دەگەڕان کە ئەم خەسڵەتانەیان تێدابوو. دەدۆزرانەوە، ڕێک دەخران، زەمینەیان بۆ دەڕەخسێنرا تا هەموو توانایان بخەنە گەڕ. لە ئەنجامی ئەو کارانەوە بەشێکیان بوون بە ئەستێرە و پاڵەوانی گەل. لەم قارەمانانە زۆر هەڵکەوتن.

ئەمڕۆ، کە کوردستان لە هەڕەشەی قەڵاچۆبوون دەربازی بووە، حوکمڕانی خۆیەتی. بە ڕای زۆربەمان، بە سەقەتی دەیکات، گەندەڵی ژیانی لە خەڵک تاڵکردووە. لە خەسڵەتەکانی ڕابەر، فیشەک وەشێن بە پلەی یەکەم نایە. کۆمەڵگا پێویستیی بەو ڕۆڵانەیە کە ئەو خەسڵەت و توانا و ئامادەییان تێدایە، کە ئەرکە هەرە سەختەکەی ئەمڕۆ لەسەر شانی خۆیان هەڵبگرن. کۆمەڵگا لە بەڵای پاشاگەردانی و گەندەڵی ڕزگار بکەن، کە هیچی وای لە هەڕەشەی قەڵاچۆ- کیمیا باران و زیندەبەچاڵکردن کەمتر نییە.

پێویستە کۆمەڵگا وەک ڕۆژە سەختەکانی خەباتی حەفتاکان، ماڵ بە ماڵ بگەڕێ بە دوای ئەو ڕۆڵانەیدا، کە بەرامبەر تەماعی پارە و موڵکی گشتی خۆڕاگرن، چاونەترسن، دەتوانن سامانی گشتی لە قوڕگی گەندەڵ دەربهێنن، زیرەکن دەتوانن ئاقاری سەرفرازیی خەڵک بدۆزنەوە، چاویان تیژە ئاییندەی دوور دەبینن، بەهەیبەتن دەتوانن کۆمەڵگا بەرەو عەدالەت و بوژانەوە دوای خۆیان بخەن، هەتا ئەگەر زەحمەتیش بێت.

هەقە کۆمەڵگا سەرەپەتەکانی حوکمڕانی ڕادەستی ئەم جۆرە کەسایەتیانە بکات. چونکە دەبینین ڕۆڵە قارەمانەکانی سەنگەری فیشەک و شەڕی دژی داگیرکەری دوێنێ، ئەمڕۆ لە ئاست شەڕی دژی گەندەڵی، نەک هەر تێکشکاون، بەڵکو چوونەتە سەنگەری دوژمنەوە. خۆیان بوون بە دوژمن.

دیارە، ئەرکەکانی ئەم قۆناغە لەوانەی ڕابردوو سەختترن. دەستپاکی و تەماع نەکردنە سامانی گشتی زەحمەتترە لە سنگنان بە گوللەوە. زۆرێک لەوانەی دوێنێ

سنگیان نابوو بە گوللەی داگیرکەرەوە، ئەمڕۆ بەرامبەر گەندەڵی سەرشۆڕ و بەزیون. بۆیە ئەرکی خەڵکیش لە دۆزینەوەی پێشڕەوانی دەسپاکی و عەدالەت زەحمەتترە. کۆمەڵگامان لەم ڕۆڵە قارەمانانەی کەم نییە، بەڵام بە دەستی ئەنقەست و بە پلان، هەوڵدراوە لە تاریکیدا بمێننەوە.

کاک جەلال.. بە پاکی چۆتە ناو دەستاری ڕۆژگار و بە پاکتر لێی دەرچووە. گەوهەرێکە، هەق نییە دوور لە ڕۆشنایی بمێنێتەوە، چونکە سامانێکی نەتەوەییە.

کێشەی ئەم جۆرە کەسایەتییە ئەوەیە: عیزەتی نەفس ڕێگەی پێ نادات خۆرەپێش کەن و هەلپەرست بن لە پێناوی پلە و پایە، بەردەرگای ئەم و ئەو بگرێ، چونکە لە ڕاستیدا پلەوپایە بۆ ئەم چەرمەسەرییە، شەونخونییە، هەڵگرتنی باری قورسە، بەگژداچوونەوەی ئەم و ئەوە. بە داخەوە پلەوپایەش بەردەرگایان ناگرێ. جاران کە ڕێکخستنەکان لە دەرگای ڕۆڵە قارەمانەکانیان دەدا و فەرموویان دەکردن بۆ خەبات، ئێستا گەر بۆیان بکرێ دەرگای ئەو ڕۆڵە قارەمانانە بە قوڕ دەگرن. لێرەدا ئەرکی ڕۆشنفکر و بەشخوراوانە ئەم جۆرە کەسایەتییانە بخەنە بەر تیشک.

زێڕ، لە تاریکستان نابینرێ، بەڵام زێڕ هەر زێڕە. تاریکی و تەڵخیی زەمانە لە بەهاکەی کەم ناکەنەوە. لەگەڵ ئەمەشدا، ئەگەر تیشکی نەخرێتە سەر، سودی لێ نابینرێ. کەسانی وەک کاک جەلال تاوێرێک لە زێڕن، هەتا هەتایە لە دەورمان نین. هەتا لەکیسمان نەچوون، هەقە ڕۆشنایی زیاتریان لەسەر بێت. پێشینان وتویانە: «قەدری زێڕ لای زێڕنگەرە». کەوابوو هەقیانە کە نازناوی پیاوە سپیەکەیان پێ داوە. خۆزگە هەزاران کەس چاویان لە کاک جەلال دەکرد و بەخشین دەبوو بە دیاردە، نەک لەناو ملیۆنان کەس تەنها پەنجە بۆ ئەم ڕابکشرێت.


**کاردیف، بەریتانیا-٢٠ ی ئایاری ٢٠١٩**

(*) ١٩٩٢ ماستەر لە ئەندازیاری شارستانی لە زانکۆی ویستمینیستەری، لەندەن.
١٩٩٢ بڕوانامەی باڵای وانەوتنەوە لە زانکۆی لیگرینجی لەندەن.
٢٠١٣ ماستەر لە عەدالەتی سیاسی لە زانکۆی هارڤەردی ئەمریکا.

# (جەلالی عومەری سام ئاغا)
# قوتابخانەی دژە گەندەڵی

## ئەحمەدی حاجی رەشید

**پەرلەمانتاری دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ**
**لەسەر لیستی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان.**



ئەحمەد حاجی ڕەشید، جەلالی سام ئاغا
ماڵی جەلالی سام ئاغا
٢٠٢٠/٦/١٥

سەرەتای ئاشنابوونم بە کاری حکومەت و دەوڵەتداری بوو، ناوی ئەم پیاوەم دەهاتە بەر گوێ و لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا ناویان دەهێنا. بە ترسێکەوە، بە تایبەت کاتێک گومان هەبوایە ئەو دۆسییەیە بکەوێتە بەردەستی سەرۆکی دیوانی چاودێریی. زۆرم حەزدەکرد ئەم پیاوە بناسم، تا لێوەی فێربم، یان خۆم بچووێنم بەم پیاوە، کە لە دەستپاکی و دژە گەندەڵیدا وێنەی کەمە. زۆرن ئەوانەی پلەو پۆستیان لە هەرێمی کوردستان لەبەر دەست بووە، بەڵام بڕوا ناکەم کەس هێندەی ئەم پیاوە حەقی دابێت بە وەزیفەکەی. کەس بە قەد ئەم پیاوە سەروەری وەزیفی بۆ خۆی تۆمارنەکردووە، ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێریی دارایی گەواهی ئەم ڕاستییەن. بەدادگادانی بەرپرسانی ئەم وڵاتە، تەنها ئەم پیاوە توانی بیکات. کە دەم بیست ئەندامی مەکتەبی سیاسی داوەتە دادگا، مووچڕکە بە لەشمدا دەهات. ئەم پیاوە چۆن زاتی وا دەکات؟ ئەی چۆن دەوام دەکات؟ لە کوێ دەخەوێت؟ چۆن هاتوچۆ دەکا؟ ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گەورەیی ئەم پیاوەم بۆ دەردەکەوت، لە کاتێکدا کە بە خۆی نەدەوێران، دەچوون لە سێبەرەکانیان دەدا، نموونەی لێدانی ئاسۆس هەردی و ئەوانیتر بوو، (جەلالی عومەری سام ئاغا)، ئەو پیاوەی خۆی لە خۆشییەکانی دونیا مەحروم کردووە، وەک وەزیفەی باڵا، ئاخر من نەم بیستوە کەس هێندەی (جەلالی عومەری سام ئاغا) وەزیفەی باڵای ڕەتکردبێتەوە، هەروەها خۆی مەحروم کردووە لە بەدەستهێنانی موڵک و ماڵ، ئەوەی هەیەتیی و بە حەقی خۆی وەریگرتووە بەخشیویەتی، ئەمەشم تەنها لە (جەلالی عومەری سام ئاغا)دا بەدی کرد، خۆشی مەحروم کردووە لە پێکهێنانی خانەوادە، بۆ ئەوەی بە بەرپرسان بڵێت ئێوە ئامادەن بۆ کوڕ و کچەکانتان هەموو کوردستانیان لەسەر تاپۆکەن و هەموو مەرجی دانوستان و ڕێکەوتنەکانتان لە بەرژەوەندی کوڕ و کەسوکارتان بێت، (جەلالی عومەری سام ئاغا) ئامادە نییە پێشەکییەک دروست بکات، کە کاریگەری هەبێت لەسەر خزمەتکردنی گەلەکەی. ئەو لە دەستلەکارکێشانەوەکەیدا دەڵێت: «شەرفمەند نیم بە وەزیفەکەتان»، ئاخر کێ توانیویەتی ئەمە بە دەسەڵاتداران بڵێت، مەگەر لە کوردستانی ئێمە هەمیشە لە کاتی دانوستاندا هێزە سیاسیەکان نابنە دوو بەرەوە، بەرەی پشتگیر بۆ ئەوە نییە کە پۆستێکی چەوریان دەست بکەوێت و دەڵێ و ئاشکرای دەکات خۆی بە جسمێکی غەریب دەزانێت لەو مردوانەی هیچ

هەستێکیان نەماوە، وەک هەستی نیشتمانپەروەری و دەستپاکی و داوێنپاکی. ئاخر کام بەرپرسی وڵات هەوڵی داوە خەڵاتی خانمان بکات بۆ سەلارییان، یان هەمیشە خەڵاتیان کردوون بۆ ناسەلارییان. بە بڕوای من دەبوایە وێنە و پەیکەرەکانی (جەلالی عومەری سام ئاغا) ئاغا ئێستە لە ڕاستە شەقامەکانی هەولێر و سلێمانیو دهۆک لە دیارترین شوێندا بوونایە، بەڵکو گەورەترین پەیکەری لەبەردەم بینای پەرلەمان بۆ دروست بکرایە، بۆ ئەوەی پەرلەمانتاران لە مەدرەسەکەی (جەلالی عومەری سام ئاغا)وە، دەستیان بکردایە بە فێربوونی دژایەتی گەندەڵی. یەکێک لە خەسڵەتە جوانەکانی (جەلالی عومەری سام ئاغا) ئەوەیە، پێوەری ئەو بۆ دۆستایەتی، تەنها نەزاهەت و شارەزایەتی و ئازایەتییە، هەر بۆیە دۆستایەتی هەموو نەزیهەکان دەکات، گوێ لە هەموو شارەزاکان دەگرێت، بە زەردەخەنەوە پێشوازی دەکات لە ئازاکان، (جەلالی عومەری سام ئاغا)،ماڵەکەی کردووە بە یانەی بەیەکگەییشتنی هاوپەیمانەکان، هەروەها دەسەڵاتدارا، پێ نابڕن لە ماڵەکەی ئەو، بۆ ئەوەی هەست بکەن دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ باوەشی گەل، یاخود هەست بە ئارامی بکەن. کە بیستم (جەلالی عومەری سام ئاغا)، گوێ لە بەرنامەکانم دەگرێت، هەستم کرد وا دەبم بە یەکێک لە سێبەرەکانی، کە بە دیداری شادبووم و بە قەولی خۆی دەبێت ڕیشە سپیەکەت ماچ کەم چوومە دونیای خەون. خەونم دەدی و بێدەنگ بووم کاک جلال هەستی نەدەکرد بۆ بێدەنگم، منیش دەمویست بەردەوام بم لە خەونەکانم، خەونێک بۆ من وام دەزانی مەدالیایی زێڕین لەسنگم دەدرێت، هەستم دەکرد لە دونیای پیاوە سپیەکان نزیک دەبمەوە، کە دانیشتین پێکەوە، زیاتر هەستم کرد بەوەی یەک ئامانجمان هەیە بۆ خزمەتکردن، بۆیە بڕیارم دا ببمە قوتابی قوتابخانەکەی (جەلالی عومەری سام ئاغا)، دروشمی هەڵبژاردنی خولی دووەمیشم کرد بە یەکێک لە دروشمەکانی (جەلالی عومەری سام ئاغا)، کە دژ بەگەندەڵکاران دەبم لە هەر پلەو پۆستێکدا بن.

# کەسایەتی کورد

# «جەلالی عومەری سام ئاغا» بە نموونە

مەسعود عبدالخالق



**مەسعود عەبدولخالق، جەلالی سام ئاغا**
**شەدەڵە - ٢٠١٩**

زۆربەی ڕۆژهەڵاتناسەکان هاوڕان، کە لە کۆنەوە کەسایەتی کورد بەهێزبووە. لەبەر ڕێزی کورد بە (قورەیشی عەجەم) بەناوبانگ بووە.. بۆیە میللەتانی تریش لەناو کورد دەتوانەوە، بەڵام لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم (١٩١٤-١٩١٨)و ڕێکەوتننامەی (سایکس بیکۆ ١٩١٦) کەسایەتی کورد تووشی کۆسپێکی گەورە دەبێت، بە تایبەتی لە دوای سەرهەڵدانی سیستەمی کۆماری و بزووتنەوەی نەتەوەیی تا ئەو ڕادەیەی تووشی (دەردی تەقەزوم)یش دەبێت، نزیکەی سەدەیەکە دووچاری داگیرکاری و شکست بۆتەوە. لە ڕووی نیشتمانی و سەربازی و سیاسی و فکرییەوە لەسەر شکستی شارستانی و تەعلیمی ڕەنگی داوەتەوە، ئەو شکستانەش وا ئاوێتە دەبن، کە دەردەکە بگاتە ئاستی فەرهەنگی و سایکۆلۆژی، کەسێتی کورد کەمتر متمانەی بە خۆی ماوە.

بەم هۆیەوە بەرگری لە کاری خراپە لاواز دەبێت، دەردی میللەتانی ژێردەستە، کاریگەری سیاسی و دەروونی و فەرهەنگیی قوڵ بەجێدەهێڵێت. بۆیە جار وایە لای کۆمەڵگەی کورد پێوەرەکان پێچەوانە دەبنەوە، (ڕەشی لێ دەبێتە سپی و بەپێچەوانەشەوە)، بە تایبەتی دوای ئەوەی خودی دەسەڵاتی کوردی هەڵسا بەو تێکشێواندنە،

بۆیە دەبینین ئینتیمای نیشتمانی و نەتەوەیی و ئایینی و فەرهەنگی لاواز بووە. بە خێرایی دەگۆڕێن- جلوبەرگ و دیمەنی خۆیان دەگۆڕن، زمان و نەریتیان دەگۆڕن، نەتەوەیان گۆڕیوە، هەتا ئایینیش دەگۆڕن، بەرژەوەندی تایبەتی و خۆویستیی زۆر زاڵبووە، خراپە و دزی ئاسایی دەبێت و دەبێتە ڕای گشتی. جاری وا هەیە شەرعیەتیشی پێ دەدرێت. پانتایی گۆڕاوی زۆر دەبێت و پانتایی چەسپێنراوی زۆر تەسک دەبێتەوە، ئەوەی زۆر چەسپێنراوە، لای خۆویستییە. باقییەکەی تری چەسپاونییە، لەوەوە ڕای گشتی بۆ (کاری سەلبی) دروست دەبێت، زۆر زەحمەتە لەو کاتەدا کەسایەتی وا دەرچێت. دژەباو، دژی نیمچە ڕای گشتی، بۆیە کەسانی وەک (جەلالی عومەری سام ئاغا) و کەسانی تری ئیداری و سیاسی و قانونیی هاوتا زۆر جێگەی ڕێزن، ئەستێرەی تاریکەشەون.!

لە ساڵی ١٩٩١ەوە، لە دوای ڕاپەڕین و دروستبوونی دەسەڵاتی کوردی، واچاوەڕوان دەکرا، بە هۆی حکومەتی خۆماڵییەوە بونیادی کەسایەتیی کورد

لە ڕێی وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا و خوێندنی ئایینی و زۆر لایەنی تر دابڕێژێتەوە، کەچی کەسێتی کوردی بە هۆی گەندەڵی و نەبوونی بەرنامە و دیموکراسییەت و زۆر قەیرانی تر خراپتر تێکشکا.

ئێستا کەسێتی کورد لەقەیراندایە، کۆمەڵگەی کوردی بە «يتيم الأمة الإسلامية» ناودەبرێت. دەروونی زۆر ناسک بووە، لە دۆخێکی سایکۆلۆژی لاواز دایە، خەریکە ئەو گەندەڵییەی سەروو شۆڕ دەبێتەوە بۆ ناو کۆمەڵگە، هەقوناهەق لێ تێکەڵ دەبێت

ئیمامی عەلی و لۆبۆن و دورکهایم و زۆری تر قسەیان لەوەها سایکۆلۆژییەتێک کردووە، وا پێدەچێت لە کوردستان چینی گەندەڵ، بۆ ئەوەی کۆمەڵگەیەکی شێواو بەرهەم بهێنن، کاری ڕێکخراوەییان لەسەر ئەو پرۆسەیە کردبێت، تا بەرگری گەندەڵی نەکرێت، واش کراوە و سەرکەوتنی گەورەیان بەدەستهێناوە، بۆیە بە دەگمەن دەبینین کەسانی ناودار لەو تاقیکردنەوەیە دەرچن. کەسانێک لە پۆست و پایەدا بن، بە پاکی لێی دەربچن، هەندێک ئەزموونی سیاسي هەیە لە کوردستان سەرکردەی گەورە و کاربەدەست بەرەی گەندەڵییان بەجێهێشتووە و بەرەی گەلیان هەڵبژاردووە.

لەو بوارەدا وەکو پێشڕەو.. لە نموونە هەرە دیارەکان (جەلالی عومەری سام ئاغا) ناوی دێت، چونکە ئەو بەبێ پاڵنەری سیاسی وایکردووە، لەو پۆستانەی وەریگرتووە لە هەمووی بە پلەی نایاب لێی دەرچووە. ئینجا ڕێگری هەرە گەورە بووە بۆ گەندەڵی، (جەلالی عومەری سام ئاغا) چەندین دۆسییەی گەورەی بۆ دزە گەورەکان کردۆتەوە، ئەو وەک دادوەرە نەفامەکان نەهاتووە دۆسییە بۆ هەژار و کەم دەرامەتەکان بکاتەوە، گەورە و شەریفەکانیش ببوێرێت. ئەو جۆرە تەرازوە لە ئاییندا پێي دەوترێت «حوکمی جاهیلی یان نەفامی». لە زاراوەی دەولیش پێی دەوترێت (دەبڵ ستاندەر)، کوردستان پڕیەتی لەو جۆرە حوکمە، یان حوکمەکە نییە، یان ئەگەر هەبوو لەو شێوەیەیە. کەمێک لەوانەی وا ناکەن (جەلالی عومەری سام ئاغا)یە، تەرکیزی خستۆتە سەر گەورەکان و سەرچاوەکان، بەو هۆیەشەوە باجی داوە، ئەوەی تەحەدای ئەو پیاوە بە گەورەیی دەنرخێنێت کارە دژە باوەکانییەتی.. کە نەچۆتە ژێر باری (باو). باو لە کوردستان گەندەڵی و تالانییە، تا ئەو ڕادەیە خەریکە ببێتە ڕای گشتی. ئەوانەی دزی دەکەن و ماڵ و سامان (لە جیاتی کوردایەتی و خزمەت) بەرپا دەکەن، لەناو حزبەکەیان پێگەی بەهێزیان دەبێت، تا ڕادەیەکیش لەناو خەڵکیدا یەکڕیزییان پەیدا کردووە. دەڵێن (بۆ خۆی بۆتە پیاو)، ئەوانەی پاکیشن ڕێگری لە دزی و تالانی دەکەن و دەیانەوێت پارێزگاری موڵکیەتی گشتی بکرێت، زۆرجار پێیان دەڵێن (نەیزانی بیخوا)، ئەوە دۆخێکە هەر میللەتێک پێی بگات وەسفی تایبەتی خۆی دەبێت لە (پۆلینە سایکۆلۆژییەکان)، تا ئەو کاتانە ڕۆڵی کەسی


کاریزما دێت، هەروەک ئیمامی عەلی ستاییشی ئەو جۆرە کەسانە دەکا، کە بە دوای ڕای گشتی هەڵە و جاهیلی و بەرژەوەندی تایبەتی ناکەون، وەک تاک دژەباو دەبن، دژەباوی «کاری چەوت».. (جەلالی عومەری سام ئاغا)، شاییستەی ئەو ستاییشەیە، لەوەش زیاتر کە لەم دەمەدا جاڕی پێچەوانە دراوە، لەم دەمەدا زۆربەی بەرپرسان و دەسەڵاتداران وەک دەرفەت ماڵ و سامانی گشتی بۆ بەرژەوەندی تایبەتی کۆدەکەنەوە، ئا لەو کاتەدا ئەو کاری پێچەوانە دەکات، بە دەگمەن بە خەڵکی چاکسازیش کراوە، هەندێک خەڵکیش کە خۆیان بە ئاییپەروەر ناوزەد کردووە، هەر پێیان نەکراوە، بەو پیاوە کراوە و هەڵساوە ماڵ و موڵکی تەحویل کردووە بۆ موڵکی گشتی... لە بواری دروستکردنی خوێندنگادا کاری خێرخوازی کردووە. ئەوەش ڕێک لەگەڵ فەرمودەکەی پێغەمبەر (د.خ) کە دەڵێت: «فلیکن تهذیبکم بسیرتکم»، ئەو هەنگاوەی (جەلالی عومەری سام ئاغا) مەدرەسەیە بۆ ئەهلی چاکساز، تا ئەزموونی لێ وەرگرن، نمونەیەکی زانستی و فەلسەفی بەهێزیشە بۆ بەرپەرچدانەوەی هەموو ئەو کەس و لایەن و دەزگایانەی پەردەپۆشی ئەو دۆخە دەکەن و دەڵێن: کەس لە کەس چاکتر نییە.. هەموو یەک لە یەک خراپترن، ئەو دەستەواژەیە یەکجار بێئومێدییە، ئەو هەنگاوەی ناوبراو ئەو ماکینە ڕاگەیاندنەی گەندەڵکارانی وەستاندووە، ئینجا لە ڕووی فەلسەفی و ئابووریش دەگوترا «نەوەی سەردەمی نوێی جیهانگیری و پرسی کەسایەتی بەرژەوەندیخواز گشتییە و چارەی ناکرێت» ئەوەتا ئەو هەنگاوەی (جەلالی عومەری سام ئاغا) نموونەی فەلسەفەی ئابووری و سایکۆلۆژییە.. بریا لەو بارەیەوە توێژینەوەیەکی زانستی لە زانکۆیەک بکرابایە، هەروەها چەندین وتاری ئایینی بۆ بدرابایە، تا بینای جولانەوەیەکی دژە گەندەڵی بەرپابکرێت، وەک جولانەوەکانی (لیخ ڤاونسا) لە پۆلۆنیا، (پورتوقالی) لە ئۆکرانیا، زەردەکانی فەرەنسا، برسییەکانی ڕووسیا...هتد

۲۰۱۹/۲/۲۲

**هەولێر**

# پیسخۆریی نەهامەتییە

## ناسر حەفید



جەلالی سام ئاغا، شێخ ناسر حەفید
سلێمانی

(ئه‌وه‌ی په‌یام بۆ گه‌ل ده‌رده‌کات، با له‌ پێشه‌وه‌ بیسه‌لمێنێت که‌ هیچ پاره‌و موڵکێکی دزراوی لا نییه‌). به‌ ته‌مغه‌ی پیسخۆرییه‌وه‌ قسه‌ دژی پیسخۆریی به‌تاڵه‌. له‌ زماندا سیستمی بیرکردنه‌وه‌ ده‌رده‌که‌وێت، په‌رداخێک ده‌شکێت، ده‌ڵێین: «په‌رداخه‌که‌ به‌ربووه‌وه‌.» ناڵێین «په‌رداخه‌که‌مان له‌ده‌ست که‌وته‌ خواره‌وه‌.» یه‌که‌م شت له‌ قه‌باعه‌ته‌که‌ ڕاده‌که‌ین، ئیراده‌ی ئه‌وه‌مان نییه‌ به‌ره‌و ڕووی ڕووداوه‌که‌ ببینه‌وه‌ و به‌رپرسیاریی هه‌ڵبگرین. جوڵانه‌وه‌یه‌کی چه‌کداریی بڵاوه‌ی پێ ده‌کرێت، هه‌زاره‌ها که‌سی تێدا ده‌کوژرێت، ده‌ڵێین: «شۆڕش هه‌ره‌سی هێنا.» هه‌روه‌کو که‌نده‌ڵانێک به‌ به‌فر و لافاو ڕۆچووبێت. هیچ که‌سێک ڕووبه‌ڕوو پرسیارێکی له‌ده‌م ده‌رنه‌هات. هه‌ڵه‌بجه‌ له‌نێوان جه‌نگی دوو وڵاتد. ده‌بێت به‌ مه‌ڕی قوربانی، ته‌نها ده‌سته‌ خوێناوییه‌که‌ به‌ ناوچه‌وانی ئێمه‌دا ده‌سون، بۆ سواڵ و که‌ره‌سته‌ی میدیایی. ده‌نا پێویست ناکات که‌سێک وه‌ڵامی پرسیارێک بداته‌وه‌. قه‌یرانیش که‌ ئه‌مڕۆ به‌ قوتابیی قوتابخانه‌وه‌، به‌ نه‌خۆشی سه‌ر جێگاوه‌، به‌ پێشمه‌رگه‌ی ناو سه‌نگه‌ره‌وه‌ دیاره‌، هێلکه‌ی مریشکێکه‌ پێی ده‌ڵێین: «گه‌نده‌ڵی». گه‌نده‌ڵبوون شتێکه‌ وه‌کو سێوێک له‌ دارێک که‌وتبێته‌ خواره‌وه‌ و له‌سه‌ر زه‌وی ڕزی بێت. ڕه‌نگه‌ بارانێکی ناوه‌خت باری بێت، یان شانسه‌که‌ی ئێمه‌ ئاوای هێنابێت. هه‌موو قه‌یرانێک ڕووت ده‌که‌ینه‌وه‌، یه‌که‌م له‌ دزێویی و دووه‌م له‌ به‌رپرسیاریی. قه‌یران وه‌کو قارچک له‌ خاکه‌وه‌ ده‌ردێت. جاران نه‌وت به‌ ده‌ست داگیرکه‌ره‌وه‌ بوو.. ئه‌مان وت: ئاخ ئه‌م نه‌وته‌ چۆن بووه‌ به‌ به‌ڵا بۆ کورد؟ بۆچی وشک ناکات نه‌جاتمان بێت! ئێستا نه‌وت به‌ ده‌ست خۆمانه‌وه‌یه‌، کورد خۆی به‌ڵاکه‌ بوو. ژن و منداڵه‌کانمان له‌ کوردستانیشدا جێگایان نابێته‌وه‌ و ده‌یان نێرین له‌ ده‌ریادا بخنکێن. بۆچی ڕووداو پرسیار دروست ناکات؟ بۆچی کاره‌سات په‌نجه‌ بۆ که‌س ڕاناکێشێت؟ بۆچی مێژووی ئێمه‌ له‌سه‌ر هێڵی تیاچوون ده‌ڕوات؟

کورد ده‌ڵێت: «بۆ ئه‌وه‌ی گۆشت بۆگه‌ن نه‌کات، خوێی پێوه‌ ده‌کرێت»، به‌ڵام ئه‌گه‌ر خوێ خۆی بۆگه‌نی کرد چی لێ ده‌که‌یت؟

خوێ هه‌م مه‌ڕه‌ هه‌م گورگ، خوێ هه‌م ده‌رده‌ هه‌م ده‌رمان، خوێ هه‌م کڕیاره‌ هه‌م فرۆشیار، خوێ هه‌م تاوانباره‌ هه‌م دادوه‌ر، خوێ هه‌م حیزبه‌ هه‌م کۆمپانیا.

ئه‌مه‌ پێی ناوترێت گه‌نده‌ڵی، ئه‌مه‌ پیسخۆرییه‌. هه‌م دزێوه‌، هه‌م ده‌بێت یه‌کێک هه‌بێت پرسیار باران بکرێت.!

### دەسەڵات و کۆمپانیا

پیسخۆریی ئەو کاتە دەگاتە لوتکە، کە دەستەڵات و کۆمپانیا دەبن بە دوو دەستی خوێ. ئەم دەست بۆ ئەو دەست. ئەو دەست بۆ ئەم دەست. ئیتر لێرەوە ئاو و زێراب تێکەڵاو دەبن. ئیتر لێرەوە تاعون سەر دەردێنێت. ئیتر لێرەوە شار دەبێت بە مەڵبەندی جرج. پیسخۆریی لەو بەهایانە دەدا،ت کە مرۆڤ و کۆمەڵگایان پێ ڕاوەستاون. پیسخۆریی ڤایرۆسێکە دوژمن ڕەشەکوژیی گەلێکی پێ دەکات. مرۆڤی پێ دەکات بە پەنگ.

### چەکی گەلکوژیی

ساڵی ١٧١٠،٣١٠ ساڵ لەمەوبەر، وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا، چەکی پیسخۆریی دژی گەلانی موسوڵمان بەکارهێناوە. وەزارەت ئامۆژگاریی میستەر هامفێری سیخوڕی بەریتانیای کردووە، کە هەوڵ بدرێت فەرمانڕەوای پیسخۆر و ناپاک هەڵبژێرن، بۆ ئەوەی ناسکترین کاروباری وڵاتەکەیان بگرنە دەست. بە لەناوبردنی داهاتی نەتەوەیی.. کوشتنی گیانی چالاکی و تێکۆشان ڕێگا لە گەشەکردن و پێشکەوتنیان بگیرێت و لاوەکانیان توشی سەرگەردانیی بن، توشی مەیخۆریی... قومار و پیسخۆریی بکرێن. میستەر هامفێر قسە زێڕینەکانی وەزیری کۆلۆنییەکانی دێتەوە یاد، کە دەڵێت: «ئێمە بە هۆی مەیی و پیسخۆرییەوە توانیمان ئیسپانیا لە موسوڵمانەکان بسێنینەوە». دەبێت بە پشتبەستن بەم دوو فاکتەرە بەهێزە، هەموو وڵاتەکانی تریش بگێڕینەوە ژێر دەستی خۆمان.»

### لەتکردنی مرۆڤ

لە شوێنێکی دنیادا مرۆڤێک حوکمی لەناوبردنی بەسەردا دەدرێت، بەڵام مردن سزایەکی بەس نابێت. دوای ئەوەی کە بە پلایسی داخ، ڕۆنی لەکوڵ، قورقوشمی تواوە ئەشکەنجە دەدرێت، دەبەسترێت بە چوار ئەسپەوە بۆ ئەوەی پارە بکرێت، بەڵام ئەسپەکان ڕانەهاتبوون بۆ کارێکی وا، بۆیە لە ژێر قامچی جەلادەکاندا شەکەت بووبوون. ناچار جومگەی ئەژنۆ و قوڵەکانی ئەم پیاوە بە چەقۆ قلیش دەکەن بۆ ئەوەی ئەسپەکان بتوانن بیکەن بە چوار بەشەوە. بەزمی کوشتنی ئەم پیاوە چوار سەعات دەخایێنێت.

ئایا تاوانێکی ئاوا لە کام وڵاتی دنیادا ڕوو دەدات؟ سۆماڵ؟ عێراق؟ لیبیا؟ ئەفغانستان یان کوریای باکور؟

وەڵام: ئەم تاوانانە وڵاتیان بۆ نییە. لە هەر وڵاتێکی دنیادا موراڵ وەکو بینایەک

هه‌ره‌س بهێنێت ئیتر جه‌هل و وه‌حشتگه‌ریی حوکم ده‌کات. گرنگ نییه ساڵی (٦٠٠)ه یان ساڵی ٢٠١٥ ئێستای عێراق و سوریا به ده‌ست وه‌حشتگه‌رییه‌وه. له ڕاستییدا ئه‌و پیاوه ناوی ریچارد دامینس بوو. ڕۆژی ١٧٥٧/٠٣/٠٢ له پاریس به‌و ده‌رده ده‌برێت. ڤۆڵتێری فه‌یله‌سووف له‌وێ ده‌بێت، کاتێک ده‌بینێت ئافره‌تانی ته‌ختی پاشایی ده‌گرین بۆ ئه‌سپه‌کان، که له ژێر قامچی جه‌لاده‌کاندا ده‌حیلێنن. ئه‌مه فه‌ڕه‌نسای ٢٥٨ ساڵ له‌مه‌وبه‌ر. کاتێک تیرۆر١٣٠که‌سی مه‌ده‌نیی له پاریس کوشت فه‌ڕه‌نسای ئه‌مڕۆ هاواری لێ هه‌ڵسا: «خۆشه‌ویستیی بڕژن به سه‌ر ترس و ڕقدا.» فه‌ڕه‌نسا له پێش هه‌موو شتێکدا ده‌ستی گرت به به‌هاکانییه‌وه زه‌ره‌ر نه‌هێنن. چونکه ئه‌گه‌ر به‌هاکان بکه‌ون، هیچ نابێت فه‌ڕه‌نسا پێی هه‌ڵسێته‌وه. پیسخۆریی ئه‌و ڕۆحه ده‌کوژێت، که مرۆڤ و کۆمه‌ڵگا پێی هه‌ڵده‌سنه‌وه. جیاوازیی نێوان پاریس له‌گه‌ڵ سعودییه ئه‌وه‌یه، له پاریس دوو کچ له‌سه‌ر جاده ئاسایی ناوده‌می یه‌کتریی ماچ ده‌که‌ن، که‌چی له سعودیه ده‌ستی مرۆڤی تیادا ده‌بڕنه‌وه، ئه‌مه پێ ده‌وترێت جیاوازی موراڵی. پیسخۆریی ئه‌و ده‌سته‌یه که ده‌گاته ئه‌و شوێنه‌ی ده‌ستی تفه‌نگ نایگاتێ. پیسخۆریی هه‌ر نه‌وت نادزێت، هه‌ر گرد داگیر ناکات. ڕه‌نگه خانویه‌کی جوانت بۆ دروست بکات، به‌ڵام خۆت ده‌کات به قوتوی به‌تاڵ. ڕۆژانه مرۆڤ لاقه‌ده‌کات. پیسخۆریی به خۆڕایی ئێسقان ناخاته به‌رده‌مت. هه‌موو به‌ها و جوامێرییه‌کانتی لێت ده‌وێ. ئه‌گینا ناتوانێت شه‌و بێ خه‌م بخه‌وێت. پیسخۆریی مرۆڤ ده‌کات به سه‌گی بێ کلک. نایه‌ڵێت مرۆڤ خۆی بێت.

## خوێ

که خوێ خۆی بۆگه‌نی کرد پیسخۆریی تا ته‌پڵی سه‌ر دێت. مرۆڤ قاچی له زه‌وی ده‌بڕێت. ئیتر پیسخۆریی خۆی هه‌موو لایه‌ک ده‌جوڵێنێت. بۆیه گرنگه ئه‌وانه‌ی دژی پیسخۆریی ده‌دوێن ده‌بێت به ده‌ستنوێژه‌وه باسی پاکسازیی بکه‌ن، پێویسته بکرێت به پره‌نسیپ:

هه‌ر که‌سێک که دژی پیسخۆریی قسه‌ده‌کات، با ته‌مغه‌ی پیسخۆریی وه‌کو «قونی مه‌یمون» به پاشه‌ڵییه‌وه نه‌بێت.

## خه‌ڵات

ڕۆژی ٢٠١٥/١٢/٠٩ ڕێکخراوی «کیدۆ» خه‌ڵاتی ڕێزلێنانی به‌خشی به کاک (جه‌لالی عومه‌ری سام ئاغا)، چونکه (جه‌لالی عومه‌ری سام ئاغا) له‌و ماوه‌یه‌دا که سه‌رۆکی دیوانی چاودێریی دارایی بووه، زیاتر له (٢٧٢٠) ڕاپۆرتی له‌سه‌ر

پیسخۆریی ئامادەکردووە و (٨٦) بەرپرسی باڵای لەسەر پیسخۆریی ڕووبەڕووی دادگا کردۆتەوە. گومان لەوەدا نییە کاک جەلال کارێکی زۆری کردووە. خۆشی وەکو نموونەیەک پیشان داوە، کە خاوەن پۆست دەتوانێت بە جۆرێکی تر بژی لەوەی پیسخۆران بۆ خۆیان داناوە. نوکەکە پیسخۆریی بووە بە ڕاستییەکی سەلماو. گرنگ ئەوەیە کە نموونەی دەستپاکیی بدۆزینەوە. ئەگینا دنیایەکی ئاساییمان لەبیر دەچێتەوە.

## قیرەی باڵندەیەك

لە دەشتێکی ئەفریقیادا کاتێک کەمتیارەکان پارێز دەبەنە بەر ئاسکەکان، باڵندەیەک بەسەر دارێکەوە تا هێزی تیایە دەقیرێنێت. کەمتیارەکان ئاشکرا دەکات و ئاسکەکان هەڵدێن. هەرچەندە خەباتەکەی کاک جەلال بەری بە پیسخۆریی نەگرتبێت، بەڵام هاوارێکە بۆ ئەوەی خەڵک بەئاگابێنەوە.

## چارەسەر

ئەگەر دژایەتیی پیسخۆریی لە دەست پیسخۆر خۆیدا نەبێت، دەبێت ستراتیجێک بۆ چارەسەریی دابنرێت:

١. پێویستە کۆمپانیا و دەسەڵات لە یەکتریی جیابکرێنەوە! ئەوەی خاوەنی کۆمپانیا و بەرژەوەندییە نابێت لەدەسەڵاتدا بێت.

٢. ئەوەی پەیام بۆ گەل دەردەکات با لە پێشەوە بیسەلمێنێت کە هیچ پارەو موڵکێکی دزراوی لا نییە. ئەگینا پێویستە هیچ قسەیەکی لێ وەرنەگیرێت.


٣. ئەو میدیایەی دژی پیسخۆریی قسەدەکات، با ڕیکلامی هیچ کۆمپانیایەکی پیسخۆر وەکو «ریقنەی قەلەڕەش» بە ناوچەوانییەوە دیارنەبێت.

٢٠١٥/١٢/٠٩

**سلێمانی**

# زۆریش نییە کاک جەلالم ناسیوە

عەبە سور



ماموستا عەبدوڵا سور، جەلالی سام ئاغا
ماڵی جەلالی سام ئاغا
٢٠١٨/٥/٣١

گەرچی من و کاک جەلال هاوتەمەنین، بەڵام لە ڕاستیدا دۆستایەتی من لەگەڵ ئەودا دۆستایەتییەکی هێندە تولانی و لەمێژ نییە، ئەوەندەش ئەزموو‌ناوی نەبووە، تا بتوانم لە هەموو بارێکەوە لە تەوقەسەرییەوە تا نووکی پێی دەبارەی بدوێم. من چوزانم بە مێردمنداڵی و لاوێتی مەیلی بە شنەبای چ لاولاوێکەوە شەکیوەتەوە! من لە هەڵەبجە و ئەو لە سلێمانی! دۆستایەتی و ئاشنایەتیمان، چەشنی کابرای عەجەم دەڵێ: کوجا مەرحەبا. پێتان سەیر نەبێ کە ئەڵێم «پێش دۆستایەتیم لەگەڵ کاک جەلال، بە هۆی باڵندەی کەنارییەوە لەگەڵ عومەری سام ئاغای باوکیدا، دۆستایەتی و ئاشنایەتیم هەبووە. ناوبەناو لە ماڵەوە دیدەنیم ئەکرد. لە سەرەتای شەستەکاندا گرنگیدان بەم باڵندە ئێسک سوکە... دەنگ خۆشە «کەناری» زۆر کەم بوو، یەکەم کەس کە ئەم باڵندە دەنگ خۆشەی هێنایە سلێمانی «مامۆستا شێخ عوسمان شێخ لەتیفی دانساز بوو». با ئەوەش بڵێم، یەکەم کەسیش کەناری هێنایە هەڵەبجە، من بووم.

لە شەستەکاندا ئەوانەی هیوایەتی کەناریيان هەبوو، ئەمانە بوون:

١. مامۆستا شێخ عوسمان شێخ لەتیف.
٢. کاک حەسەنی بەرید.
٣. حاجی عەبدوڵڵای شاموحەمەد.
٤. عومەری سام ئاغا.
٥. عەلی مەلا حەسەن.
٦. ساڵی ١٩٦٨، منیش لە هەڵەبجەوە هاتمە ناویانەوە.

بۆیە درێژەم دا بەو بەندوباوە لەسەر باڵندەی کەناری، بۆ ئەوەی بڵێم یەکەم کەس لە دەڤەری کوردستانی باشورد «عومەری سام ئاغا» بوو کەناریی «نارنجی کاڵی سپی ڕەنگی گۆڕی بۆ کەناریی نارنجی تۆخی سورباو».

ئەو سەردەمە ناوبەناو لە دەرەوەی وڵات، تاکە تاکە کەناریی سور ئەهێنرایە بەغداد. ئەو کەنارییانە بە خواردنێکی تایبەت سور ئەبوون، کە بە «کەلەفود- Color Food» ناسراوە.

ئەوەی لێرەدا جێی سەرنجە، شارەزا و نەشارەزا درکیان پێ ئەکرد، کە سوربوونی

ڕەنگی ئەو کەنارییە سروشتی نییە، ئەزانرا هەر کە خواردنەکەی لێ ببڕێ کاڵ ئەبێتەوە، بە پێچەوانەی کەنارییەکەی «عومەری سام ئاغا»وە، کە بەردەوام بە نارنجییە تۆخەکەیەوە دەمایەوە.

**نهێنی سوربوونی ڕەنگی ئەو کەنارییەم چۆن بۆ دەرکەوت؟**

لە سەردانێکدا بۆ لای ئاغا، کەنارییەکی قەبارە گەورەی سورباوی زۆر جوانم لەلا دی. وتم ئاغا ئەم کەنارییە نایابەت لەکوێوە بۆ هاتووە؟ بۆیە گرتی و وتی: ئەوە کەنارییەکی نارنجیی زۆر کاڵ بوو خۆم وام لێ کردووە. وتی ڕەنگی چی! ئەوە سیحرە. چۆن بە تۆی ئەڵێم.. ئەتەوێ سەنعەتەکەم لێ بدزی؟

پاش قەدەرێک، بێ ئەوەی من هیچی تر بڵێم، هەر خۆی بەزەردەخەنەیەکەوە وتی: جارێ لەملاو لەولا باسی مەکە، با لای خۆمان کەمێک زۆربێ، ئەو کەنارییە بە گوێز و کەرەوس وا تۆخ بووە.

ڕاستییەکەی «کاک (جەلالی کوڕی عومەری سام ئاغا)»شم هەر بە هۆی هیوایەتێکی دیکەی لەم چەشنەوە ناسی. ئەو گەرموگوڕییەی ئێستای نێوانمان، سەرچاوەکەی لە گوڵە هەمەچەشنە جۆراوجۆرەکانی ماڵی مامۆستا عەبدوڵڵا سەراج، مامۆستای گەورە و ڕێزداری هەمووانەوە، هاتۆتە هەڵقوڵین.

ئەو مامۆستا بەڕێزە، تا خۆی لە ژیاندا مابوو، ماڵەکەی لە گردی سەرچنار، دراوسێیەکی دەرگا بە دەرگامان بوو. مامۆستای بەڕێز، بیرمەندێکی بواری زانستی زۆر بە توانا بوو. لە بواری بەرهەمهێنانی ڕووەکی ڕازاوە (نباتات الزينة)، شارەزاییەکی بێوێنە و باڵا دەستی هەبوو. ئەوەندە نەبوو گوڵەکانی «مەرجانی-کالیۆس پاتۆنیای شەستپەڕ و گوڵ و ڕووەکە هەمەچەشنانە» سەریان هەڵدابوو. مامۆستا عەبدوڵڵا سەراج لە حەوشەی ماڵەکەیدا بۆ هیوایەتی خۆی مەشتەلێکی سازاندبوو، کە هەموو جۆرە ڕووەک و گوڵێکی ناوازەی تێدا پەروەردە کردبوو. ڕووەکی کالیۆسی تێدابوو، وەک فەرشی کاشان ڕووبەری گەڵاکەی زەخرەفەیەکی هەمەچەشنە ڕەنگ بوو.

من لەناو کتێبدا نەبێ ئەو جۆرە ڕەنگ و ڕووخسارەم لەسەر پەڕەی گەڵا و گوڵەکانی باخچەی گوڵەکانی کاک عەبدوڵڵا نەبێ لە هیچ مەشتەل و باخچەیەکدا نەدیوە.

لای کاک عەبدوڵڵا نەبێ.. کەس ڕووەکی چۆلەکەی بەهەشت «عصفور الجنة»ی نەدیوە گوڵ بکا.. من کاک جەلالم لای کاک عەبدوڵڵا ناسی، هەر لەوێشەوە هەردووکمان وەک دوو خولیاکاری گوڵ و ڕووەکی ڕازاوە لە باسوخواسی گوڵو

ڕووەکەوە، لە حەوشە ڕازاوە پڕ دیمەنەکەی کاک عەبدوڵڵادا بەیەک ئاشنابووین و یەکترمان ناسی.

لەو ڕۆژەشەوە، کە بووە بە «سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی»، بە هۆی هەڵوێستە جوامێرییەکانییەوە ناو و ناوبانگی زیاتر بڵاوبۆتەوە.. ئێستا بە پیاوە سپییەکە ناوی ئەبەن.. منیش کە ئەم بیست و ئەم بینی و ئەم خوێندەوە.. چۆن ئازایانە.. بە هەستێکی نیشتمانپەروەر و دڵسۆزانەوە لەو سەردەمەدا، کە ترساندن و چاوسورکردنەوە و هەڕەشە تێیدا هێجگار تۆقێنەر بوو، ئەم بینی ئەم وەک پاڵەوان شمشێری لە کێلان ڕاکێشاوە و بەرامبەریان لە جەنگدایە و دەستی پیسیان دەخاتە ڕوو.. بۆ ڕاستی ئەڵێم: ئا لەو سەردەمانەوە کاک جەلال لای من ڕۆژ بە ڕۆژ شیرینتر ئەبێ. لە هەمان کاتیشدا ئەتوانم بڵێم ئەو پیاوە سپییە ڕەچەشکێنی سەرەتای بەگژداچوونەوەی گەندەڵی و گەندەڵکاران بووە.

ئێستا من، لە گشت ئەو کردە بێوێنە بەجێهێنراوانەی، تەنیا لەسەر دوو کاریان گەواهی لەسەر دوو هەڵوێستی جوامێرانەی ئەدەم، کە خۆم گەواهیدەری ڕوودانی ناو ئەو دوو هەڵوێستەم.. گەرچی ئەو دوو هەڵوێستە بە ڕواڵەت بچووک دێنە بەرچاو، بەڵام لە ڕاستیدا تا بڵێی گەورەن و لە فەرهەنگی وڵاتانی گەشەسەندوودا بە سیفەتی پیاوانی چاکخواز و دڵسۆزی بێ ڕیاکاریی دێنە ئەژمار.

## هەڵوێستی یەکەم

ئێمە کۆمەڵێک بووین لە خانەنشینانی گردەکەی سەرچنار، هەر لەسەر ئەو گردە دوکانێکی گەورەی بەردەم فراوانمان گرتبوو بە کرێ و کردبوومانە بارەگای دانیشتنی خۆمان. ئەو پارچە زەوییەی سەرتەوقەسەری گردەکە، بە دوکانەکەی ئێمەشەوە کە بە تەنیشت «خوێندنگای مەشخەڵ»(١٦)ەوە بوو. هەر لە سەرەتای دابەشکردنی زەوی گردەکەی سەرچنار بەسەر بەشداربواندا لە نەخشەدا دیاریکرا بوو بۆ ئەوەی بکرێتە باخچەیەکی فراوان، بەڵام لەبەر ئەوەی شوێنکەوتەکەی شوێنێکی بەرز و باسەفا و دڵگیر بوو، وەک ئەوترا دانرابوو بە یاساشکێنی بدرێتە کەسانی باڵادەست و دەستڕۆیشتوو. هەر بەو هۆیەوە چەندین ساڵ بوو فەرامۆشکرابوو. با ئەوەشم بیرنەچێ، هەر لە ساڵانی سەردەمی حیزبی بەعسدا خوالێخۆشبوو مامۆستای گەورەی هەموان و کەسێتی ناوداری شاری سلێمانی «مامۆستا عەبدوڵڵا سەراج» لە ڕێی کۆمەڵەی هەرەوەزی خانوبەرەوە داواکارییەکی دابوو بە پارێزگاری سلێمانی بۆ ئەوەی ڕێ بدەن ئەو پارچە زەوییە،

(١٦) ئەو سەردەمە خوێندنگاکە ناوی «مەشخەڵ» بوو.. دواتر بە چەند ناوێکی جیاواز گۆڕاوە.

کە شارەوانی لە نەخشەدا دیاری کردبوو» ببێتە باخچە، تا ئەم لەسەر حیسابی تایبەتی خۆی بیکاتە باخچەیەک کە لە عێراقدا نموونەی نەبێ، بە مەرجێ بتوانێ بۆ ماوەی «٥ ساڵ» وەک مەشتەل و شەتڵگەیەکی مۆدێرن بۆ سود و تایبەتی خۆی کەڵکی لێ وەربگرێ.

ڕۆژێکیان وێنەی دووەمی داواکاری و هێڵکاری پرۆژەی ئەو باخچە مۆدێرنەی پیشاندام، کە بە قەڵەمی ڕەساس کێشابووی. بە ڕاستیی ئەوەندە باخچەیەکی جوان و مودەڕەج بوو، مەگەر هەر خەیاڵ و دەستوپەنجەی ئەو هونەرمەندە گەورەیە بتوانێ دیزایینی باخچەی وا دڵڕفێن بکێشێ. هەر لەناو باخچەکەدا باخچەیەکی بەردینیشی «الحديقة الصخرية» دیاری کردبوو. بەو نیازەی بیکاتە باخچەیەکی تایبەت بە صوبەرێر «کاکتۆز- صبار- Cactus».

بە داخەوە کۆمەڵەی هەرەوەزی خانوبەرە، بەو بیانووەی کە ئەو زەوییە بۆتە موڵکی شارەوانی و پەیوەندیی بەوانەوە نەماوە، خەمسارد بوو کە بە جددی بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی ئەو باخچەیە کاربکات. لە ڕاستیدا ئەو هەوڵە شکستخواردووەی مامۆستا عەبدوڵڵا سەراج وای لە ئێمەی خانەنشینی ناو ئەو دوکانە کرد و هانیداین زۆر بە جددی هەوڵ بدەین پرۆژەی بەباخچەکردنی ئەو پارچە زەوییە زیندوو بکەینەوە.

بۆ ئەم مەبەستە چەند جارێ بە کۆمەڵ سەردانی شارەوانیمان کرد و توانیمان کەیسی پارچە زەوییەکە بجوڵێنین. دواجار بڕیاردرا مامۆستا تەها خەلیل و من بە پشتیوانی هەموان بەدواداچوونی ئەو کارە بگرینە ئەستۆ. ئێمەش توانیمان لەم ژوور بۆ ئەو ژوور، لەم ئەندازیارەوە بۆ ئەو ئەندازیار، بیگەیەنینە قۆناغی بڕیاردانی کۆتایی. هەر هەموو بیرمان لەوە کردەوە، کە بە تەنیا من و مامۆستا تەها نەچینە بەر قاپی ڕەحمەتی کەسی کۆتا بڕیاردەر، نەک ڕیسەکەمان لێ بکاتەوە بە خوری. لەبەر ئەوە بەچاکیان زانی (سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی- کاک جەلالی عومەری سام ئاغا) بەو پاساوەی کە خۆشی دانیشتووی گەڕەکەکەیە و کەم تا زۆر ئاگاداری ئەو کەیسەیە، ئاگادار بکرێ و داوای لێ بکرێ لە جێبەجێکردنی ئەو کۆتا خاڵەدا بە جددی هاوکارمان بێ. بۆ جێبەجێکردنی ئەو مەبەستە، بە پێویستیان زانی هەردووکمان (مامۆستا تەها و من) لە دیوانی چاودێریی بە ناوی هەموانەوە سەردانی بکەین و داوای لێ بکەین ئەو ئەرکە کۆتاییە بخاتە ئەستۆی خۆی.

ڕۆییشتین بۆ لای، پێیان وتین: دوو میوانی لایە، چاوەڕێ بکەن. زۆری نەبرد، بە هۆی ئیشێکەوە، خۆی لە ژوورەکەی هاتە دەرەوە، کە ئێمەی بینی زۆر بە گەرمی بەخێرهاتنی کردین و وتی: دوو میوانم لایە، ئێستا ئەڕۆن، زۆریشی نەماوە

بۆ تەواوبوونی دەوام، تا دەوام تەواو ئەبێ پێکەوە دائەنیشین. ئەو کات پێکەوە ئەڕۆینەوە بۆ ماڵ. هیچ منەتێکی تێدا نییە. کە ئەتانگەیەنم، هەرسێکمان لە گردەکەین.

دوو میوانەکە ڕۆییشتن. ئێمەش چووینە ژوورەوە بۆ لای، لە کوێوە بۆ کوێ، چیمان کردبوو، هەموویمان بۆ گێڕایەوە، با ئەوەش بزانرێ ئەم سەردانەی ئێمە، لە کاتێکدا بوو ئەو لە گەرمەی شەڕی گەندەڵی و گەندەڵکاراندا بوو.

لە کۆتاییدا.. ئێمەش ژیرانە ئەو بارودۆخەمان قۆستەوە و پێمان وت: دڵنیاین کە بیستووتە ئەو زەوی باخچەیە بە کەسانی دەستڕۆییشتوو و باڵادەست دەدەن. پێتان وایە ئەویش کارێکی نایاسایی و ناڕەوا و نادروستە، بە هەموو ویژدانێک قبوڵ نەکراوە و ناکرێت موڵکی گشتی بەسەر ئەم و ئەو و کەسانی باڵادەستدا دابەش بکرێت. ڕەنگە کاری لەم جۆرە دزێوترین کاری گەندەڵی بێت. ئێستاش تۆ بە ئاشکرا شەڕی گەندەڵی دەکەی، بۆیە لەو دیدەوە بە ناوی هەموانەوە داوات لێ دەکەین لەبەر بەرژەوەندیی گشتی ئەم شەڕە عادیلانەیەش بۆ ئێمە بکەیت و کۆتایی ئەم کارەش تۆ بە ئەنجامی بگەیەنیت. لە ڕاستیدا چونکە ئەو زۆر بە باشی گوێی بۆ گرتبووین ناوبەناو زۆر بەپەرۆشەوە قسەکانی پشتڕاست دەکردەوە. ئێمەش کۆمەڵێ قسەی جوانمان بەدەمدا هات. جۆرە دڵنیاییەکی لامان دروستکرد، کە لە (١٠٠٪) سەردانەکەمان بەرداره و داواکەمانی قبوڵکردووە، کەچی دوا قسە وتی: من دڵنیام ئەوەی ئێوە دەیڵێن هەمووی ڕاستە، ئەو زەوییە لە نەخشەدا بۆ باخچە دیاریکراوە، بەڵام داوای لێبوردن ئەکەم من ناتوانم هیچتان بۆ بکەم....بۆ؟! ئێوە ئەزانن من ئێستا لەگەڵ گەندەڵکاراندا لە چ جەنگێکدام! کێ ناڵێ ئەوەی ئێوە ئەتانەوێ من تەکلیفی لێ بکەم قسەم ناشکێنێ و هیچمان بۆ ناکات، ئەمە ئەگەرێکە، لەوانەیە وا دەرچێ. ئەگەری دووەم با بڵێین بەدەممانەوە هات و داواکەی قبوڵ کردین، کێ ناڵێت دوای ئەوەی ئیشەکەی بۆ کردین، پاش ماوەیەک کۆمەڵێ زانیاری توشبوون بە گەندەڵی لەسەر ئەو کەسە ناگەێنرێتە (دیوانی چاودێریی دارایی)، لە حاڵەتێکی وادا لە ئێوە ئەپرسم... هەر خۆتان ئەکەم بە حەکەم، من لەو دوو حاڵەتە کامیان هەڵبژێرم، وتی خۆم لە گەندەڵییەکەی کەڕ بکەم و بڵێم: ئەو ئازایانە دوێنێ من چیم ویستووە ئەو بۆی کردووم، ئایا دەبێ ئەمڕۆ من ئەو بە تێوەگلانی گەندەڵییەوە گیرۆدە بکەم؟! یا دروست وایە، ڕاشکاوانە بە ئێوە بڵێم لەبەر ئەو هۆیە من ناتوانم بەدەم داواکارییەکەتانەوە بچم، چونکە بڕیارم داوە بەردەوام دژ بە گەندەڵی و گەندەڵکاران ڕووبەڕوو ببمەوە، بۆیە پێویست ئەکا لە واسیتە و واسیتەکاری خۆم بەدوور بگرم، بۆ ئەوەی چاکەی کەسم بەسەرەوە نەبێ و بتوانم شوێنکەوتەی ڕێبازە بێگەردەکەی خۆم بم و لێی لا نەدەم.

جا ئەگەرچی ئەو هەڵوێستەی بۆ چەند چرکە ساتێک ئێمەی نیگەران کرد، بەڵام دواتر ئێمەش بە قسەکانی قایل بووین و نەمان ویست ئەو داواکارییەی ئێمە ببێتە لادان بە ئەندازەی سەری دەرزییەک لە ڕێبازەکەی. جا بۆ ئەوەی نەپرسن بەسەرهاتی باخچەکە گەییشتە کوێ؟ بۆ دەمکوتی خەڵکەکە لە بنی بنی لای خوارەوەی ئەو پارچە زەوییەوە وەک سەرە مقەست پارچەیەکی درێژکراوەیان لێ دابڕیوە و بە داری بێنازی (سەروو- سنەوبەر) کردوویانەتە باخچە. باقی زەوییەکەش هەروەکو هیچی لێ دانەبڕابێ، هەروەکو خۆی بە بەیاری ماوەتەوە. بە ئومێدین ڕۆژێ بێ ئەو زیادەڕۆییە کە تێیدا کراوە هەر هەمووی بڕوخێنرێ و بکرێتە باخچەیەکی نموونەیی.

## هەڵوێستی دووەم

هەموو ئەزانین ئەو خانووەی ئێستا کاک جەلال تێیدا نیشتەجێیە ڕاسپاردەی کردووە پاش کۆچی دوایی خۆی بکرێتە بنکەی تەندروستی، تا خەڵکی گەڕەک و دەوروبەر بتوانن لە نزیکەوە سودی لێ وەربگرن. پێم باش نییە باسی ئەو پرۆژە بەخشینانە بکەم کە کاک جەلال و بنەماڵەکەی کردوویانە، ئەوانە لەبەرچاون و دوور و نزیک پێی ئەزانرێ. تەنیا قسە لەسەر دیوەخانەکەی ئەکەم، کە وەک دیوەخانەکەی (عەبباس مەحمود العقاد) بۆتە ئەو دیوەخانەی کە گەورە نووسەر و ڕۆشنبیری عەرەب (ئەنیس مەنصور) بە مونتەدایەکی ڕۆشنبیری لەقەڵەمی ئەدا و ئەڵێ: (فی صالون العقاد کان لنا أيام).

بە ڕاستی ئەم دیوەخانەی کاک جەلالیش وەک دیوەخانەکەی ئەو بۆتە مونتەدایەکی ڕۆشنبیری. لەوەش زیاتر، دیوەخانەکەی عەقاد لە هەفتەیەدا یەک ڕۆژ بە ڕووی ڕۆشنبیراندا ئەکرایەوە، ناوێرم بڵێم ڕۆژانە لەسەر پشتە، ئەترسم بوترێ زیادەڕۆییە، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەتوانم بڵێم ئەم دیوەخانە ڕۆژی دیاریکراوی نییە، زۆرجار ڕێ ئەکەوێ لە هەفتەیەکدا سێ-چوار ڕۆژ دەرگای بە ڕووی ڕۆشنبیراندا ئەکرێتەوە. ڕۆشنبیری هەمەچەشن- بێلایەن و لایەنگیر- کەسانی بەرپرس- پەرلەمانتار- نووسەر و شاعیر ئەبنە میوانی.

ئەم دیوەخانە کەشوهەوایەکی ئازادانەی وای ڕەخساندووە بێ سانسۆر هەموو ڕاو بۆچوونێکی تێدا قبوڵ دەکرێ. قسە لە شامەوە ئەبرێتە شیراز و چی لە ڕێدا ببینرێ قسەی لەسەر دەکرێ. بۆ نموونە، ڕۆژێک لەپاش مەدح و زەمکردنی ئەم و ئەو و هەڵسەنگاندنی گۆڤاری گەلاوێژی ساڵانی چلەکان، قسە هاتە سەر کەسێتی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، من لە وتووێژی ئامادەبوانەوە وام بۆ دەرکەوت کە

بنەماڵەکەی بەنیازن یادەوەرییەکانی کۆبکەنەوە و لە دووتوێی کتێبێکی گەورە و قەشەنگی شایستە بەو بیرمەندە گەورەیە بەچاپ بگەیەنن.

منیش هەر لەو ساتە وەختەدا تێکەڵ بە وتوویژەکە بووم و یەکسەر کورتە باسێکی بیستراوم دەربارەی گێڕایەوە، ئەوە بوو بە هۆی یەکێک لە بنەماڵەکەی داوام لێ کرا چیم لەسەر بیستووە بۆیان بنووسم. لە ڕاستیدا منیش هەر لە مونتەدای پیاوە سپییەکەدا پەیمانم دانێ بە جددی هەوڵ بدەم لە هەڵەبجە و دەڤەری هەڵەبجە دەربارەی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد چیم بیستووە و لامە بە پشتڕاستکردنەوە یان بە بەڵگەی حاشاهەڵنەگر و شایەتیدانی کەسانی پەیوەندیدار بەو ڕووداوانەوە، کە قسەیان لەسەر ئەکەم، بنووسمەوە و بە ئامادەکراوی بیخەمە بەردەستیان. هەرکە زانیشم خانەوادەکەی پرۆژەیەکی لەو جۆرەیان لەبەردەستایە، ئەوا پێشکەشیان بکەم. خۆ ئەگەر پرۆژەیەکی وا لە خەیاڵ و بەرنامەیاندا نەبوو، ئەوا لێی ئەگەڕێم و لای خۆم ئەیپارێزم، تا لە لایەکەوە دەرفەتی چاپکردنی بۆ ئەڕەخسێ.

دوا قسە ئەڵێم: دیوەخانەکەی کاک جەلال ئاوەدان بێ.. ئەو دیوەخانە بوو هانیدام بۆ کۆکردنەوە و نووسینەوەی ئەم برە زانیارییە ژێر تەم کەوتووە، کە دەرهەق بە مامۆستا برایمە و مێژووەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە لە هەڵەبجە حاکم بووە. بە دیاریکراوی لە ساڵی (١٩٤٢)ەوە بۆ ساڵی (١٩٤٤) بووە. بە ئومێدیشم تەمەنی خاوەن دیوەخانیش هەر درێژبێ، بۆ ئەوەی وەک نەریتی خۆی تا ئەمێنێ لە دژی گەندەڵ و گەندەڵکاران هەر لەجەنگدا بێ.

٢٠١٩/٤/٠١

# ئیمپراتۆریەتی سام

## نزار موحەمەد



جەلالی سام ئاغا، نزار محەمەد
ماڵی جەلالی سام ئاغا
٢٠٢٠/٦/١٩

هەموو کەس دەتوانێ بڵێ بەڵێ..
گرنگ ئەوەیە تۆ بڵێیت: نا
**تۆنی بلێر**

نیچە پێی وایە مرۆڤی باڵا لەناو وێرانکارییەکاندا سەرهەڵدەدات. بە ڕاستی لە ڕۆژگاری ئێمەدا، کە ڕەنگی ڕەشی قەترانی زاڵە، بە کەسێک بوترێ پیاوە سپییەکە، مانای وایە نموونەی مرۆڤی باڵا سەریهەڵداوە.

لە زەمەنی وێرانکاریدا سام (جەلالی عومەری سام ئاغا) پیاوی سپی ڕۆژگارە ڕەشەکەی ئێمەیە. لە کاتێکدا بەرپرسەکان پۆستەکانیان وەکو پێک دەنۆشن، لە پێناوی خۆیاندا پایەکانی وڵات وێران دەکەن. ئەمە ئیشی زۆرینەیە، پێویست بە نموونە هێنانەوە ناکات، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە: کێ لەم زەمەنەدا بیناسازی دەکات؟ جەلالی عومەری سام ئاغا ئەندازیاری بونیادنانی سەردەمی داڕووخانە. گرنگ نییە ئەگەر ماسی لەگەڵ ئاڕاستەی ئاودا مەلە بکات، چونکە ماسی مردووش ئەوە دەکات، بەڵام ئەوەی سەرنجت ڕادەکێشێ ئەو ماسییەیە، کە بە پێچەوانەی ئاڕاستەوە مەلە دەکات، لەبەردەم ڕەشەبای بەهێزدا ئاسانە دەست بە کڵاوەکەتەوە بگریت تا نەیبات، بەڵام قورسە ئەوەندە گەورە بیت نەک کڵاو سەریشت بخەیتە بەردەم ڕەشەبا. لە سنگی ئاسمانێکی پڕ ئەستێرەدا، تەنها یەک مانگ هەیە، لەناو ئەرشیفی مام جەلالدا ژمارەیەکی زۆر نامەی ماستاوچێتی هەیە، بەڵام تاقە نامەیەک بەجیا بۆی نووسراوە تێیدا هاتووە دەڵێت «شەرەفمەندیم نیم بە وەزیفەکەتان»، ئەوەش نامەکەی سام ئاغایە.

لەناو پێگەیەکی بچووکی (حکومەتی هەرێمی کوردستان)دا، فەرمانگەیەک کە دیوانی چاودێریی داراییە و سام ئاغا لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٢-٢٠١١) سەرۆکی بووە، بە ئیمپراتۆریەت دادەنرێت. سەرۆکەکەی کەسێکە (کتێبەرکێکار- بێباک- پشوو درێژ و بوێر- خاوەنی پرنسیپی کارگێڕی خۆی)، وەک سەرۆکێک نا، بەڵکو وەک عاشقێک بۆ کارەکەی دەبینرا، بۆ ئەوەی پایەکانی ئەم ئیمپراتۆرە، لێرەوە بخەینە ڕوو.. ئەم وێستگانە نمایش دەکەین.

## ڕەتکردنەوە

پۆست لە ئیمپراتۆریەتەکەی ساماغادا گرنگ نییە، ئەوەی گرنگە گەیاندنی پەیامەکەیە. لە دیوانی چاودێریی دارایی سام ئاغا پەیامەکەی خۆی گەیاند، پاش ئەوەی هیچ بەرژەوەندییەکی لە وەرگرتنی پۆستی تردا نەما، بۆیە داوای دەستلەکارکێشانەوەی کرد لە پۆستی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی:

* داوایەکی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی ڕەتیکردەوە، پۆستی سەرۆکی چاکسازی هەرێم وەربگرێت.. چونکە دەیویست جەنگاوەرێکی ڕاستەقینەی مەیدان بێت، نەک شمشێری دەستی مقەبا بێت.

*پێشنیازێکی بزوتنەوەی گۆڕانی ڕەتکردەوە بۆ وەرگرتنی پۆستی وەزیری دارایی.

* سازدانی مەراسیمی ڕێزلێنانی یەکێتیی نێودەوڵەتی ئابوریناسانی ئەورووپای ڕەتکردەوە.

* دابینکردن و ڕاگرتنی پاسەوان و شوفێری ئۆتۆمبیلی ڕەتکردەوە، کاتێک کە لە لێپرسراوێتیدا بوو.

* لەسەر پێشنیازێکی ڕەوانشاد «نەوشیروان مستەفا ئەمین»کاندیدبوونی بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕەتکردەوە، ئەم ڕاگەیاندنە بە هەردوو زمانی کوردیو عەرەبی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا بڵاوکرایەوە.

* هەموو جۆرە ئیمتیازاتێکی حکومی ڕەتکردۆتەوە، بە تایبەتی کاتێک کە جێگری وەزیری دارایی بوو، هەروەها کاتێکیش کە سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی بوو، بەپێچەوانەشەوە دووجار داوای کەمکردنەوەی موچەکەی خۆی کردووە.

## بە ژمارە

- لە نموونەی بێباکی و بوێری و بێلایەنییەکەیدا، کاتێک کە سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی بوو، «٨٦» کەیسی تۆمەتبارانی داوەتە دادگا، کەیسەکانی دادگاو فایلەکانیشیان لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەیگرێتەوە هەتا بچووکترین فەرمانگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

- لە لایەن دەستەی سەرۆکایەتی دەزگای چاودێریی داراییەوە، کە (جەلالی عومەری سام ئاغا) سەرۆکی بووە، ٢٧٢٠ ڕاپۆرت لەسەر کەیسی گەندەڵکاری ئامادەکراوە.

- لە کاتی سەرکەوتنەکانی لە کارەکەیدا «٧-حەوت» جار نامەی دەست لەکارکێشانەوەی پێشکەشکردووە، بەڵام ڕەتکراونەتەوە، بە پێچەوانەی ئەوانەی بەردەوام لە پۆستەکانیاندا شکست دەخۆن، کەچی لە بری دەستلەکارکێشانەوە، ملکەچی دەنووێنن بۆ مانەوەیان لە پۆستەکانیان و وەگرتنی پۆستی زیاتر.

- سام ئاغا نامەیەکی بڵاوکردەوە بە ناونیشانی «نامەی ماڵئاوایی لە هەموو فەرمانبەران و کارمەندانی دیوانی چاودێریی دارایی»، لەسەر ئەو نامەیە بە دەیان نووسەر و ڕۆژنامەنووس لێدوانی خۆیان بڵاوکردەوە. لە مێژووی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بە دەگمەن کەسێک هەیە لەسەر نادادپەروەری هەڵوێست وەربگرێ و پۆست ڕەتبکاتەوە، سام ئاغا ئەو کەسە دەگمەنەیە.

## ١٧ی شوبات ٢٠١١

لە ١٧ ی شوباتی ٢٠١١دا خەڵکی قسەی خۆیان کرد. (جەلالی عومەری سام ئاغا)ش قسەی خۆی کرد و وتی: «ئەو گولانەی کە دەنرێن بە سنگی گەنجانەوە.. دەبوو بنرێن بە گەندەڵییەوە». ئەمەش ناونیشانی وتارێکی سام ئاغا بوو، کە ئەوکات لە ڕاگەیاندنەکانەوە بڵاوکرایەوە. هەر خۆشم لەبەردەم خۆپیشاندەراندا پشتگیری (جەلالی عومەری سام ئاغا)م ڕاگەیاند بۆیان و پێشوازی گەرمی لێ کرا. چونکە لەو کاتەدا کەمبوون ئەو بەرپرسە حیزبی و حکومی و ڕۆشنبیر و نووسەرانەی کە پشتگیری خۆیان بۆ خۆپیشاندەران ڕادەگەیاند، وەک ئەندامی ئەنجومەنی کاتی سەرای ئازادیش، کە سەرپەرشتیاری خۆپیشاندانەکەی دەکرد، جێی شانازیمە. پێشنیازی کرد یەکێ لە دواکارییەکانمان ئەوە بێت کار بکرێت کە ڕاپۆرتەکانی چاودێریی دارایی کارا بکرێنەوە بۆ لەناوبردنی گەندەڵی. پەرلەمانیش داواکارییەکانی پەسەند کرد، ئەو داواکارییەش بووە یەکێ لە بڕگەکانی بڕیاری ژمارە(٢)ی پەرلەمان، بەڵام بە داخەوە بڕیارەکە سەرەونگوم کرا و جێبەجێ نەکرا، دەقەکەشی لە بڵاوکراوەی «وقائع کوردستان» بڵاونەکرایەوە.. بۆیە حکومەتیش نەگۆڕا، بەڵکو دۆڕا. سەبارەت بە خۆشم، سام ئاغا هەمیشە خاوەن هەڵوێست بووە، چونکە هەر کاتێک لە کاتی خۆپیشاندانەکاندا فەرمانی دەستگیرکردنم بۆ دەربچوایە، داوای دەکرد وەک پەناگە بچمە ماڵەکەی ئەو. جارێکیش بۆ ناسینی کەسوکاری سەربەرزی شەهیدانی «١٧»ی شوبات داوای لێ کردم لە ڕێگای داوەتخوانێکەوە کۆیان بکەمەوە. هەتا ئێستاش پەیوەندی و سەردانکردنیان بۆ لای سام ئاغا بەردەوامە، هەروەها بۆ ناسینی چالاکوان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و شەقام داوای لێ کردم بۆ ماڵەکەی خۆی بانگهێشتیان بکەم، ئەو ماڵەی زیاتر لە یانەیەکی ڕۆشنبیریی دەچێت.

## پرنسیپەکانی کارکردن

بە پێچەوانەی زۆربەی بەرپرسەکانەوە، کە پۆست لایان بۆ گیرفان و پۆزلێدانە، کەچی پۆست لای سام ئاغا (شەرەف و بەرپرسیارێتییە). بۆ بەرجەستەکردنی

ئەمەش لەسەر ئەرزی واقیع چەند پرنسیپێکی بۆ کارەکانی خۆی دارشتووە، کە بە ژوورەکەی خۆیدا بەم جۆرە وەکو دروشم هەڵیواسیبوو:

- يَكونُ المَسْؤُولُ قَوِيّاً.. إلي أَنْ يَطْلُبَ شَيْئاً لِنَفْسِهِ واتە: بەرپرس بەهێزە تا ئەو کاتەی کە داوای شت بۆ خۆی ناکات. سام ئاغا بۆ ئەوەی لاواز نەبینرێ و سام و شکۆی وەزیفەکەی بپارێزێ، هیچی بۆ خۆی داوا نەدەکرد، بەڵکو هی خۆشی ئەبەخشی. داواکاری و گلەیی زۆر بوو، بەڵام بۆ کارکردن بە ڕاپۆرتەکانی تەواو بێ منەت بوو، چونکە تەنها بە دروشم و گوفتار هەڵوێستی نەبوو، بۆیە لە نامەکەیدا بۆ مام جەلال دەڵێت: «من جسمێکی غەریبم لەناوتاندا».

- السَخاءُ أَنْ تَكونَ بِمَالِكَ مُتَبَرِّعاً.. وَعَنْ مَالِ غَيرِكَ مُتَوَرِّعاً واتە: سەخاوەت ئەوەیە کە دەستت لە ماڵی خۆتا کراوە و بۆ ماڵی خەڵک گیربێت. دەقاودەق ئەم پرنسیپەشی لە دروشمەوە کردبوو بەکردەوە. پیاوێکی سەخی طەبیعەت، بەڵام خەمخۆری ماڵی گشتی بوو. ملیۆنەها دۆلار و ملیارەها دیناری بۆ خۆی نا، بەڵکو بۆ سندوقی دەوڵەت گێڕایەوە. بەرپرسەکانی تر زۆریان پارەی زۆریان کۆکردەوە، بەڵام بۆ خەڵک نا، بەڵکو بۆ خۆیان. بۆیە ئێستا سندوق و گیرفانی خەڵک خاڵییە، سندوقی بەرپرسەکان لێی دەرژێت.

- پرنسیپێکی تری سام ئاغا لە کارکردندا بێدەنگ و کەمدوو بوو، ئێمە گیرمان خواردووە بەدەست ئەو بەرپرسانەی کە هیچیان پێ نییە، کەچی قسە لەسەر هەموو شتێک دەکەن، بەڵام خەڵک گوێیان لێ ناگرێ، کەچی خەڵک گوێ بۆ سام ئاغا دەگرن، گەرچی بێدەنگیشە، چونکە ئەوەی لێرەدا قسە دەکات، سەرکەوتنەکانیتی، نەک خۆی.

## تەنز

- لە هەموو دونیادا دەزگای چاودێریی دارایی ترس دەخاتە دڵی گەندەڵکارانەوە، کەچی لێرە دەبێتە مایەی خێر و بەرەکەت.. فەرمانبەرێکی دیوان وتبووی: هەر کاتێک ڕاپۆرت لەسەر گەندەڵێک ئامادە دەکەین، لە بری ئەوەی سزا بدرێت، پلەکەی بەرز دەکرێتەوە، دوو ئەندامی سەرکردایەتی حیزبێک کە لە کۆنگرەکەیان دەرنەچووبوون! گلەیی زۆریان لە دیوانی چاودێریی دارایی هەبوو، ئەیانوت: ئەگەر دیوانی چاودێریی دارایی ڕاپۆرتی لەسەر ئێمەش بنووسیایە، ئەوا ئێمەش دەبووین بە ئەندامی سەرکردایەتی.

- لە پای ئەو هەموو بەخشین و دەستپاکی و شەڕە قورسەی (جەلالی عومەری سام ئاغا)دژ بە گەندەڵی کردوویەتی کتێبێکی قەوارە گەورە دەرچوو، ناونیشانەکەی «چی بێت» باشە؟

[سەروەرییەکانی (جەلالی عومەری سام ئاغا)]... نەخێر [سام ئاغا دژ بەگەندەڵی] نەخێر... ئەی چی... [بەخشندەیی و دەستپاکی سام ئاغا]... نەخێر... ناونیشانەکەی بریتیی بوو لە [گەندەڵییەکانی جەلالی سام ئاغا]، ئەمەیە تراژیدیای پڕ لە کۆمیدیا... ئەمەیە سیناریۆکانی دەسەڵات! ئەمەیە بەرهەمی قەڵەمفرۆشەکانی ناو مەزادخانەی حیزبی گەندەڵ... ئەمەیە چیرۆکی ئەو دزەی بە خاوەن ماڵ دەڵێ: «تۆ.. چی ئەکەی لێرە؟»

کاتێک (جەلالی عومەری سام ئاغا) لە پۆستی سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی دەستبەکار بوو، وتی: «پاسەوانم ناوێ.. موچەم ناوێ.. بەڵام دوای خۆی [هـ. م. ک] کرا بە سەرۆکی دەزگاکە.. چوو بوو تێکتی گەشتی فڕۆکەیی خێزانی خۆی هێنابوو بۆی سەرف بکەنەوە..». ئیتر جسمە غەریبەکە نەما.. جسمێک بوو بە سەرۆکی دەزگای دیوانی چاودێریی دارایی، کتومت لە ماڵە باوانی خۆی دەچێ، تەواوکەری گەندەڵستان دەبێ.

## ئاوا ناسیم!

ساڵی ٢٠٠٣، لە سەروبەندی تەفروتونابوونی دەسەڵاتی بەعس لە دەوڵەتی عێراقدا، ئێمە کۆمەڵێ خەڵکی نەتەوەیی بووین، پێمان وابوو دەرفەتی دەوڵەتی کوردی لەئارادایە. لە گۆڤاری هاوبیر کە من سەرنووسەری بووم، زۆرمان لەو بابەتە نووسیبوو، بۆیە ڕۆژێک مامۆستا کامیل ژیر پەیوەندی پێوە کردم، وتی با قسەکانمان ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی سەرۆکی حکومەت بەڕێز «دکتۆر بەرهەم ساڵح» بکەینەوە.. پرۆژەیەکیش ئامادەیە، کەسێکیش ئەم دیمانەیەمان بۆ ساز دەکات. ئێمە (کامیل ژیر- فایەق عارف- سازە عەبدوڵڵا- خوالێخۆشبوو دکتۆر ئیحسان فوئاد و من ) چووینە لای دکتۆر بەرهەم، هەروەها ئەو کەسەی دیمانەکەی ڕێکخستبوو کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا) بوو، یەکەم جارم بوو ببینم. دانیشتنەکەمان ئیجابی نەبوو. ئێمە دەمانوت عێراق تەواو بووە، ئێران و سوریاش لە میحوەری شەڕن، تورکیاش ڕێگا بە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی نادا بە خاکەکەیدا تێپەڕ بن بۆ پەلاماردانی عێراق، ئیتر بیانووی [هەر چواردەورمان دوژمنە و ناتوانین دەوڵەت ڕابگەیەنین] لەئارادا نەماوە. ئێستا دەرفەت هەیە، بە پێچەوانەشەوە کورد لەو ماوەیەدا تاکە هێزی ناوچەکە بوو کە هاوپەیمانی گەورەترین هێزی جیهانی بێت، بەڵام دکتۆر بەرهەم ڕای تری هەبوو. بۆ نموونە دەیوت: ئێمە دوو شارمان بۆ ناکرێتەوە بەیەک...هتد، گفتوگۆ گەرم بوو، من پێم وابوو کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا) نیگەرانی دەرببڕێ.. چونکە وام دەزانی ئەمیش وەکو خاوەن پۆستێک ئەم

دیمانەیەی بۆیە ڕێکخستووە هەتا بە شان و باڵی سەرۆکوەزیراندا هەڵبدات، کەچی بە پێچەوانەوە لە سەرەتادا زیاتر ڕووی خۆشتر بوو، لەگەڵ منیش گەرمتر بوو، چونکە جگە لەوەی لە بنەماڵەیەکی نەتەوەپەروەرە، هەمیشە لە تەک بێلایەنیو کەسایەتییە سەربەخۆکەی خۆشیی شانازیی بە نەتەوەییبوونییەوە دەکات. پاشانیش لە ڕێگای مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسفەوە ژمارەی تەلەفۆنەکەی وەرگرتم و پەیوەندی پێوە کردم، بۆ ماڵی خۆیان بانگهێشتی کردم و پێکەوە قاوەیەکمان خواردەوە.


## هەڵوێستێکی تر

هەر لە ڕووی گەورەیی سام ئاغاوە، کە چەند لە ئەخلاقیاتی مەبدەئەوە نزیکە. نموونەیەکی تر ئەگێڕمەوە. ئەو کاتەی کە خوشکەزاکەی پارێزگاری سلێمانی بوو، من لە کەناڵی تەلەفزیۆنی «K.N.N»وە ڕەخنەیەکی زۆرم لێ دەگرت، چونکە ئەم پارێزگارە بڕیارێکی بە نووسراوەیی دەرکردبوو، تێیدا هاتبوو هەرکەس و گرووپێک نیازی خۆپیشاندانی هەبێت، دەبێت بچێتە پارکی ئازادی. دیسان پێم وابوو، خاڵی پارێزگار (جەلالی عومەری سام ئاغا) بەمە نیگەران دەبێت، بۆیە کە پەیوەندی پێوە کردم، من داوای لێبووردنم لێ کرد کە ئەو ڕەخنانەم گرتووە لە خوشکەزا پارێزگارەکەی. بە پێکەنینەوە وتی: هێشتا من ناناسی، من حەقیقەتم لە کەسایەتی پێ گرنگترە. ئیتر من هەر کاک جەلال دەناسم، ئەویش جوانییەکان زیاتر تۆخ دەکاتەوە.

٢٠١٩/١٠/٢١

# گەندەڵیی

## مافناس و توێژەر- ئارام حاجی



ئارام حاجی، جەلالی سام ئاغا
ماڵی جەلالی سام ئاغا
٢٠٢٠/٦/١٤

گەندەڵیی شتێکی نامۆ و ناوازە نییە بە ژیانی دامەزراوەیی ئەم هەرێمە، بەڵکو دیاردەیەکە زۆرێک لە وڵاتانی جیهان بە دەستییەوە دەناڵێنن و کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر ناکارایی ئابووریی و گەشەسەندن و بووژاندنەوەی سەرخان و ژێرخانی ئابووریی و دامەزراوەیی. تەنها پەتایەکی ئابووریی ڕووتیش نییە، بەڵکو گرفتێکی سیاسی و شارستانیشە. کردە چاکسازییەکان لەبارەیەوە تێکڕا گۆڕانکاریی لە بنەما دەستوریی و پەیوەندییە سەرەکییەکانی بازاڕ و دەوڵەتیش دەخوازێت.

گەندەڵیی گرفتێکی فرەڕەهەندە و چارەسەرکردنی پێویست بە بنەماو میکانیزمێکی فرەڕەهەند(١٧) دەکات. بۆ نموونە، ئەو سیستمە ڕێکخراوەییەی دەوڵەت و کۆمەڵگا کە هەیە، لە کوێدا بۆتە مایەی سەرهەڵدانی پاڵنەرەکانی گەندەڵی؟! گەندەڵی بە چ مانا و واتایەک بوونی هەیە و مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت؟! بنەما سەرەکییەکانی هەردوو بواری کەرتی تایبەت و گشتی چۆن لەتوانایاندایە بەرهەمهێن یان ڕێگر بن لە گەندەڵی؟! بێگومان لە دۆخێکی ئاوا نەخوازراو و فرەڕەهەندا، چارەسەرکردنی گەندەڵی، چ وەک گرفتێکی ئابووری، یا شارستانی، یا سیاسی، هێندەی تر لەو ئەرکو بەرپرسیارێتیانە قورستر دەکات کە پێویستن بۆ چارەسەر و بنەبڕکردنی. بۆ نموونە، لە کاتی ڕوانین لە گەندەڵی وەک گرفتێکی ئابووری، لەو کاتەدا کە دەوڵەت بەرپرسیارە لە زاڵبوون بەسەر داهات و سامانەکاندا، میکانیزمەکانی ئیدارەدانی زۆر گرنگە ڕێگریی لەو بەرتیل و بەخششانە بکات، کە لە ڕێی بەرپرسانی ناو دامەزراوەکانەوە لەتوانایاندایە برەو بە گەندەڵیی بدەن، چونکە ئەمە لە سروشتی خۆیدا، وەک یەکێک لە نیشانەکانی ڕوودانی هەڵەیە لە بەڕێوەبردنی دامەزراوەدا. لە پاڵ زۆرێک لەو ڕەهەندانەی کە چ لەتوانایدایە دیاردەی گەندەڵی چارەسەر بکات یان ڕێگریی لە فراوانبوونی بکات، بوونی دامەزراوەی چاودێرییە، بەسەر ئەدای دامەزراوەکانەوە. پشکنینی ڕەوایەتی کارکردنیان بەرمەبنای ڕستێک یاساو ڕێنمایی کارپێکراو و دیاریکردنی کەموکوڕییەکانی پراکتیزەکردن و چارەسەرکردنیانە.

بێگومان ڕستێک لە کار و بەرپرسیارێتی ئاوا لە دامەزراوەی چاودێرییدا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دیاردەیەکی ئاوا مەترسیدار و بەربڵاو لە ژیانی

(١٧) البعد.


دامەزراوەیی هەر کۆمەڵگایەکدا، بە تایبەت بۆ گەلێک کە ساڵەهای ساڵ بێبەش بووە لە حوکمڕانیی خۆماڵی، هێندەی تر لە ئەرکەکانی ئەو دامەزراوەیە قورستر دەکاتو لێبووردەییو لە خۆبوردووییەکی زۆری دەوێت. دۆزینەوەی کەسانێک بۆ لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتییەکی ئاوا گران، شتێکی سانا نییە و بێ بەربەستو گرفتگەلێک چێ نابێت. کاکە (جەلالی عومەری سام ئاغا) یەک لەو کەسانەیە، کە لەسەر وەختێکی لێوانلێو لە نارەزایەتی بەرامبەر خراپی دۆخی حکومڕانیی ئەم هەرێمە ئەو بەرپرسیارێتییەی لەئەستۆ گرت و لە ماوەی کارکردنی خۆیدا چەندین هەنگاوی گرنگی بڕی. کاکە جەلال لەو پێناوەدا تەواوی خۆشییەکانی ژیانی خۆی وەک کەسێکی سەر بە خانەوادەیەکی دامەزراو و دیاری سلێمانی بەلاوەنا و لەسەر ڕاسپاردە و داوای بەڕێز مام جەلال چاکی مەردانەی لێ کرد بەلادا و بە هاوکاریی ستافێک لە کەسانی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر کەوتە سەنگەرگرتنو ڕووبەڕووبوونەوە لەو پەتا کوشندەیە و سات لە دوای سات لە هەنگاوەکانی بنەبڕکردن و چارەسەرکردنی خێراتریان دەکرد، زەنگی وشیارکردنەوەی لە مەترسییەکانی ئەم پەتا کوشندەیەی دا بە گوێی ژیانی دامەزراوەیی حکومەتداو ناچاریکرد بە ڕستێک بەرنامە و پلانی دروست بۆ تێپەڕاندنی یاخود لانیکەم بۆ ڕێگریی لە فراوانبوونی. لەم بوارەدا تەقەلاکانی ئەم کەڵەپیاوە بوو بە یەکەم بەردی بناغە و هەوێنی هەنگاونان بەو ئاراستەیە، کە لە توانایدایە مایەی دەستەبەرکردنی ژیانێکی دامەزراوەیی تەندروست بێت، هەروەها یەکەم دەستپێکی ئەو هەوڵ و هیممەتانە بێت کە ئامانج لێی، دەستەبەرکردنی حوکمڕانێتییەکی شیاو و شایستەیە بە خەبات و تێکۆشانی گەلەکەمان و پنتێکی پڕشنگداری ژیانی دامەزراوەییە لە حوکمڕانێتییەکدا، کە تێکڕا چاومان بڕیوەتە سەر دەستەبەربوونی.

٢٠١٩/٩/١١

**سلێمانی**

# کەسێك سەر بەخۆی.. نەك بە کەسی تر

د.شێرکۆ جەودەت
سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان



جەلالی سام ئاغا, د. شێرکۆ جەودەت
ماڵی جەلالی سام ئاغا
٢٠٢٠/٦/٧

مامۆستا (جەلالی عومەری سام ئاغا)ی خۆشەویست...

بە سروشتی خۆم حەزم بە پیاهەڵدانی کەس نییە، بەڵام مامۆستا جەلال ڕۆڵێکی تایبەتی بینی لە ژیانمدا، کە کاریگەری و تامی ئەو ڕۆڵەی بەرێزیان لەو ساتە وەختەدا بوو، کە لە گەرمەی ڕووبوونەوەی گەندەڵی و بەدادگا سپاردنی گەندەڵکارانی ئەم هەرێمی کوردستانە بێنازە بریندارەدا بووم، سەرقاڵی ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکانی کوشتن و ناوزراندن و فشارە جۆراوجۆرەکانی بووم، لەو ناوەدا بێپشتیوان تەنها خوای گەورە و پاشان چەند کەسانێکی ویژدان زیندووی دانسقە نەبێت، کەس نە تاقەتی مابوو نە جورئەتی دەکرد لەپێناو پشتیوانی لە ئێمە و ڕووبوونەوەی گەندەڵیدا بەرژەوەندییەکانی کەسی خۆی بخاتە مەترسیەوە.

لەناکاو پەیوەندییەکی تەلەفونیم بۆ هات و پێی وتم من (جەلالی عومەری سام ئاغا)م، منیش بە لامەوە سەیربوو، چونکە پێشتر ناوبانگی جوانیم بیستبوو، بەڵام ئەمە یەکەم جار بوو بە تەلەفون قسە بکەین، پەیوەندییەکەی بۆ ئەوە بوو پێم بڵێت کە بەرێزیان بە هەموو شێوەیەک پشتیوانمە و هەموو مێژوو و خەباتی خۆی بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دەخاتە خزمەت ئەزموون و ڕێبازی ئێمەوە. دڵخۆشیو سەربەرزی خۆی پێگەیاندم بە هەڵوێست و گوتار و چالاکییەکان. بە ڕاستی پشتیوانیەکی مەعنەوی گەورە و بەهێز بوو بۆم، بۆیە لەسەر داوای بەرێزیان چوومە خزمەتی و یەکەم دیدارمان سازکرد و چیرۆکی ژیانی، بەڵگەو دۆکیومێنتی هەڵوێستەکانی دامێ. لەو کاتەدا زۆر دڵخۆش بووم کە هێشتا کەسانێک ماون زیندوون و پشتیوانی لە زیندووان دەکەن، هێشتا ئومێد ماوە و ئومێدبەخشانیش ئامادەن قوربانی بدەن و کۆڵ نەدەن گەر لە تەمەنێکی وەک تەمەنی مامۆستا جەلالیشدا بن. هەستم ئەکرد بە زمانی ڕوح دەیەوێت پێم بڵێت کوردستان و مرۆڤایەتی پێویستی بە تێکۆشەرانی دژە گەندەڵی و بونیادنان هەیە. هەستم کرد کە دەیەوێت پێم بڵێ کوردستان فەرامۆش مەکەن و بەرامبەر گەندەڵکاران کۆڵ مەدەن، چونکە ئەمە پیرۆزترین ڕێبازە لەنێو هەموو ئایین و ئایدیا و بۆچوون و پەیامە ئاسمانی و زەمینیەکاندا.

بوونی کەسانی وەک مامۆستا جەلال خەونە گەورەکانمی بۆ ژیان و مرۆڤ و

کوردستان بەهێزتر کرد، ناخمی ئارامتر کرد. گرێبەستی هاوبەشی خەم و ئەرک و بەرپرسیارێتی بەرامبەر خاک و نیشتمان لە نێوان هەردووکماندا نوێکردەوە.


هەر بمێنی مامۆستا جەلال و سەربەرزی دونیا و دوارۆژ بیت.

٢٠١٩/٠٥/٢٠

# ویژدانی سام ئاغا و ئەزمونێك بۆ حكومەت

## كوردستان پێویستی بە سام ئاغاكانە

**زانا توفیق بەگ**



جەلالی سام ئاغا، زانا تۆفیق بەگ
ماڵی جەلالی سام ئاغا
٢٠١٨

به داخه‌وه له دوای وه‌رگرتنی ده‌سه‌ڵاتی به‌ڕێوه‌بردن و دروستکردنی حکومه‌تی هه‌رێم له لایه‌ن حیزبه سیاسییه‌کانه‌وه، ڕۆژ له دوای ڕۆژ سیستمی به‌ڕێوه‌بردن تووشی دارمانێکی گه‌وره و ترسناک بوو، هۆکاری ئه‌م ترازانه‌ی ژێرخانی ئابووری له کوردستان، ئه‌نجامی خراپ به‌کارهێنانی سامانی گشتیی نیشتمان بوو بۆ تاکه‌که‌س و به‌هێزکردنی ده‌سه‌ڵاتی سیاسی وایکرد که‌مترین که‌سی شاره‌زای حوکمڕان بدۆزینه‌وه له‌ناو ناوه‌نده‌کانی حکومه‌تی هه‌رێمدا. زیاتر ئه‌وه‌ی که بوونی هه‌بوو بریتی بوو له مۆنۆپۆڵکردنی جومگه بنه‌ڕه‌تییه‌کانی ده‌سه‌ڵاتی جێبه‌جێکردن له لایه‌ن هه‌ندێ سیاسی به‌رژه‌وه‌ندخواز بۆ خۆیان و به‌کارهێنانی پێگه‌کانیان بۆ کاری بزنس و کۆکردنه‌وه‌ی پاره‌ی ناشه‌رعی بۆ خۆیان و نه‌وه‌کانیان. پێشکه‌شکردنی پله و پۆستی حکومی له سه‌رشانی خه‌ڵکی کوردستان، کورد وته‌نی (پیاوه‌تیکردن به‌سه‌ر ئاوی حه‌مامه‌وه). دروستکردنی خه‌ڵکانی نه‌شاره‌زاو کاڵفام و بێ ئه‌زموون بۆ ناو حکومه‌ت، ئه‌مه‌یان کرده خه‌ڵات و پێوه‌ری دڵسوزی وه‌لائی شه‌خسی بۆ سیاسییه‌کانی هه‌رێم. له نێو هه‌موو ئه‌م دزی و گه‌نده‌ڵییه‌دا که بووه به‌شێک له ئه‌ده‌بیاتی سیاسی و کۆمه‌ڵایه‌تیی ئێمه بنه‌مای کۆمه‌ڵگای کوردیان هه‌ڵته‌کاند، هاوکات بێئومێدی و کوشتنی ئاواته‌کانی ئێمه‌یان له‌ناوبرد. له‌ناو ئه‌و هه‌لومه‌رجه نه‌خوازراوه‌ی خه‌ڵکی کوردستاندا جارێکی تر تروسکه‌ی هیوا له لایه‌ن که‌سایه‌تی و کارێکته‌رێکی ئیداری و سیاسیی وه‌کو (جه‌لالی عومه‌ری سام ئاغا) دروست بوو. بێ ئاوڕدانه‌وه له به‌رژه‌وه‌ندی تایبه‌تی خۆی و بنه‌ماڵه‌که‌ی، ئالآی دژایه‌تیکردنی گه‌نده‌ڵیی به‌رزکرده‌وه، هاوکات هه‌موو سه‌روه‌ت و سامانی تایبه‌تی خۆی بۆ به‌رژه‌وندیی گشتیی ته‌رخانکرد.. جگه له‌وه‌ی که ئه‌زموونی کارکردنی به شێوه‌یه‌کی سه‌رکه‌وتوو دوور له خواستی شه‌خسی له پۆسته‌که‌یدا کاتێک که سه‌رۆکی (دیوانی چاودێریی دارایی هه‌رێم) بوو به هه‌زاران دۆسیه‌ی گه‌نده‌ڵی له‌ناو ناوه‌ندی حکومی و به‌رپرسانی سیاسی له هه‌رێمدا ئاشکرا کردو داواکاری گشتی لی ئاگادارکرده‌وه، هه‌وڵی دا مولاحه‌قاتی قانونی به‌شێکی زۆری به‌رپرسه‌کان بکات، به‌ڵام کاتێک که بێئومێد بوو له‌لایه‌ن ده‌سه‌ڵاتی باڵای دادگای هه‌رێمه‌وه له کوردستان، یاداشتنامه‌ی ده‌ستله‌کارکێشانه‌وه‌ی خۆی پێشکه‌ش به سه‌رۆکی ئه‌نجومه‌نی وه‌زیران و سه‌رۆکی هه‌رێم و سه‌رۆکی کۆماری عێراق کرد. ده‌ڵێت:

«من هیچ دڵخۆش نیم بە پلەوپۆستەکەتان، چونکە من وەکو جسمێکی غەریب وام لەناوتانا».

ئەزموونی دڵسۆزیی (جەلالی عومەری سام ئاغا) لە کوردستاندا کەموێنەیە، چونکە جگە لە هەوڵدان بۆ پاکتاوکردنی سیستمی بەڕێوەبردن لە کوردستاندا، هاوکات گرنگە ئاماژە بەو پرۆژە خزمەتگوزارییانە بدەین کە لەسەر گیرفانی تایبەتی خۆی و سەروەتی بنەماڵەکەیان پێشکەش بە خەڵکی کوردستان، بەتایبەتی خەڵکی شاری سلێمانی، کردووە. بۆ نموونە، دروستکردنی قوتابخانەیەکی گەورەی دوو نهۆمی بە هەموو کەلوپەلەکانییەوە بەناوی (زەکیە عومەری سام ئاغا) بۆ خوێندکارانی سلێمانی، هەروەها پێشکەشکردنی خانووە تایبەتییەکەی خۆی لە گردی سەرچنار، کە بە ملیۆنان دۆلار مەزندە دەکرێت، بە وەزارەتی تەندروستی هەرێم. هاوکات پێشکەشکردنی خانووە تایبەتییەکەی کۆچکردوو خاتوو (ئەختەری سام ئاغا) خوشکی کاک جەلال بۆ دایەنگەی منداڵان. ساڵانە پێشکەشکردنی خەڵاتی (جەلالی عومەری سام ئاغا) بە باشترین و دڵسوزترین و دەستپاکترین فەرمانبەری دەزگای چاودێریی دارایی/ سلێمانی لەسەر نەفەقەی تایبەتی خۆی. چەندان کاری تری خێرخوازی لە کوردستاندا، کە ئەمە مشتێکە لە خەروارێک.

بۆیە گرنگە سودوەرگرین لە ئەزموونی ئەم جۆرە کەسایەتیانە لەناو عەقڵی بەڕێوەبردندا. لە دوای دامەزراندنی حکومەتی نوێی هەرێم، بتوانین بەشێک لە دامەزراوە گرنگەکان کە بەرکەوتەی گشتیی و برِبرِەی پشتی بەهێزکردنی ناوەندەکانی حکومەتن، بدرێنە هاوشێوەکانی وەکو (جەلالی عومەری سام ئاغا)، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بتوانین بنەمایەکی ئیداری و ئابووریی بەهێزمان هەبێت. دەمەوێت قوفڵی بابەتەکەم بە وتەیەکی کاک جەلال کۆتایی پێ بێنم، کە لە چاوپێکەوتنێکی سایتی (سپی میدیا) دەفەرمووێ: ئەی بەرپرسانی هەرێم، ئەگەر دەتانەوێت چاکسازی ڕیشەیی بکەن، ئەوا (گەندەڵکاران لە بەردەمتاندان، لە پشتانن لە دەستی ڕاست و چەپتانن) دە وەرن بیان گرن، بیان دەنە دادگا.

ئاکاری سەرەکی ئەم نووسینە بریتییە لە خستنەڕووی ئەو دیاردە کوشندانەی کە وایکردووە ڕۆژ لە دوا ڕۆژ سیستمی سیاسی و بەڕێوەبردن لە وڵاتدا بەرەو هەڵدێرو دارمانێکی حەقیقیی و سرینەوەی ویژدانی ئینسانی کورد بەرێت. بە داخەوە ئەم ژینگە خراپە، کە بۆتە هۆی بەرهەمهێنانی وڵاتێکی فاشیل و نەبوونی ناسنامەیەکی زانستی لە بوارەکانی بەڕێوەبردن و دروستنەکردنی ستراکتورێکی ئابووریی بەهێز بۆ ئەم هەرێمەی کە ناوی کوردستانە، بە بڕوای من گەورەترین ماک کە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لە دروستبوونی وڵاتیکی بێ بەرنامە و شکستخواردوودا.

بێگومان لە ئەنجامی ئەزموونی ٢٧ ساڵەی کاری سەقەت و بێ بنەمای سیاسییەکانی کوردە کە خاوەنی ئایدیایەکی ڕاست و دروست نەبوون. هەر بۆیەش فۆڕمی سیاسیی کوردی نەیتوانیوە بوونەوەرێکی ئەکادیمی یان زانستی لە بوارەکانی سیاسي و سیستمی بەڕێوەبردندا دروست بکات، نەیتوانیوە ئینسانێ بەرهەم بهێنێت دووربێت لە هەر بەرژەوەندییەکی حیزبی یان شەخسی، کار بۆ بەرژەوەندی گشتیی یان ئەوەی پێ دەوترێت چاکەی گشتی بکات. بە داخەوە دوژمنی سەرەکی ئەم نووسینە بریتییە لەو دەرخستنە حەقیقیەی توانای هەزمکردنی ئەستەمە لەلای ئەندامانی فۆڕمی سیاسی، یان باشتر بڵێین حیزبی کوردی. لە ماوەی ڕابردوودا بەگشتی لە هەرێمی کوردستان شتیک نییە بە ناوی سیستمی بەڕێوەبردن، ئەم جۆرەی کە لە کوردستان پەیڕەو دەکرێت، بە پێی زانیارییەکانی من لە دنیادا، بابەتێکی شاز و کەموێنەیە. هەر قسەکردنێک لەسەر شێوازی ئیجابی ئەم سیستمە دەچێتە چوارچێوەی موبالەغەکردنێکی بێ بنەما و بازدانە بەسەر دۆخێکی بێماناو بێ ناوەرۆک لە کوردستاندا. ڕۆحی ئەم بابەتە بریتییە لە چارەسەرێکی لۆژیکی بۆ ئەو دۆخەی لە کوردستاندا بوونی هەیە. ئایا پرسیاری جدی لێرەدا ئەوەیە کێ فریادرەسی چارەسەری ئەم دۆخەیە؟ بە ئاڕاستەی خستنە سەرسکەی ڕاست و ڕزگارکردنی دۆخەکە لەو فەوزایەی تێی کەوتووە.


بە بڕوای من، بۆ چارەسەری ئەو دۆخە ترسناک و مەترسیدارەی هەرێم.. فشارخستنە سەر گەڕانەوەی چەند کاریکتەرێکی بەتوانا، کە ئەزموونێکی دەوڵەمەندیان هەیە لە بواری بەڕێوەبردن و ڕابردوویەکی پاکیان هەیە و خەڵکانێکن دڵسۆزی ئەم نیشتمانەن، کە ئیمتیاز و پلە و پۆستیان لا گرنگ نییە. تەنها غەمیان بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنیانە و ئیدارەیەکی تۆکمەیە. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەو ڕاستییە بکەین، باشترین نموونەی بەڕێوەبردنی هەرێمێکی پێشکەوتوو بە کەسانێک دەکرێت، کە لە زانستی بەڕێوەبردندا پێی دەوترێت پیاوی ئیداریی کارامە و وەزیفەیان تەنها بینینی کەفائەت و تواناکانی تاک و وەگەڕخستنیانە لە دامودەزگاکانی هەرێمدا، بە مەرجێ لە هەر ئینتمایەکی سیاسی و حیزبی دوور بێت، توانای ڕووبەڕووبوونەوەی فیرعەونەکانی دزی و گەندەڵی هەبێت لە کوردستاندا، شێلگیرانە و چاونەترسانە ڕووبەڕوویان ببنەوە.. لە هەمان کاتدا دەبێت ئەو کەسانە، توانای تێپەڕاندنی قەیرانەکانیان هەبێت .

یەکێک لەو نموونانە وەک کەسایەتی دوور (جەلالی عومەری سام ئاغا) و هاوشێوەکانێتی، کاریکتەری ئەم پیاوەی لەناو کایەی سیاسی و حکومیدا کەسێکی دەستپاک و داوێنپاک و عەدالەتخوازە. کەسێتی ئەم پیاوە، کە نازناوی پیاوە

سپییەکەی پێ بەخشراوە لە دەزگا میدیاییەکانی کوردستاندا، وەکو فریادڕەسی ئەم دۆخە، بۆتە جێگەی خەونی زۆر لە خەڵکانی دڵسوز و خاوەن ویژدانی زیندوو. ئەتوانم بڵێم، خەڵکی کوردستان کەمترین متمانەیان بە سیاسییەکانی ئەم هەرێمە ماوە. تەنها تروسکاییەک کە هیوابەخش بێت بۆ ئێستای کوردستان، بە بڕوای من، لەنێو ئەم تونێلە تاریکەی ناوی فەزای سیاسی و دارمانی سیستمی ئیداری کوردی بە کەسێکی وەکو (جەلالی عومەری سام ئاغا) هاوشێوەکانی وەکو بەڕێزیان دەتوانن جارێکی تر ڕۆحی متمانە و پاکتاوکردنی گەندەڵکاران و بردنی سامانی نیشتمان لە سیستمی بەڕێوەبردندا لە دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ڕزگاربکەن، کەشتی نغرۆبوونی حکومەتی هەرێم جارێکی تر بگەڕێتەوە کەناری ئارام، ئاسویەکی گەش بۆ نەوەی ئێستا و داهاتووی هەرێمی کوردستان دەستەبەر بکات.

# ڕازێك بۆ پیاوێکی بوێری سپی

## تۆفیق سەعید محەمەد



تۆفیق سەعید، جەلالی سام ئاغا
ماڵی جەلالی سام ئاغا
٢٠٢٠/٦/٦

گه‌لۆ، مرۆڤه‌کان، که به پیاو ناوزه‌دم کردووه، فره‌ن، کورد وته‌نی «هه‌رچی سمێڵ سوور بوو هه‌مزاغا نییه». له‌ناوماندا پیاوی سپی که‌مه، زۆریشیان خۆده‌رخه‌ر نین، به‌ڵام ئێمه به ڕه‌فتاریاندا دروسته بڵێین فلان پیاوێکی سپییه، سپی هێمای ئاشتی، جوانی، خاوێنی... تاد، له‌م سه‌ریشه‌وه پیاوانێک هه‌ن وه‌ک تاریکه‌شه و چاره‌گران و قێزه‌ونن، ئه‌م سپییانه که‌من، به‌ڵام وه‌ک مانگی چوارده شه‌ق به تاریکی و شه‌وه‌زه‌نگ ده‌ده‌ن و ڕۆشنایی په‌خش ده‌که‌ن. له‌نێو ئه‌م دوو شێوه پیاوه‌دا (سپی، ڕه‌ش) بێگومان به حوکمی هارمۆنی ژیان ڕه‌نگی خۆڵه‌مێشیش زۆرن، که ناتوانن زۆر سپی یا زۆر ڕه‌ش بن. خۆزگه پیاوه سپییه‌کانمان هێنده بوونایه که پیاوه ڕه‌شه چاره‌گرانه‌کانیان بشاردایه‌ته‌وه، به‌ڵام ڕۆشنایی مۆمێک دڕ به شه‌وه‌زه‌نگی تاریکی ده‌دا.

بوێریی، جوامێریی، به‌خشنده‌یی، ڕه‌فتار و کردار و گوفتارجوان، هه‌ر له پیاوی سپی دێت، گه‌نده‌ڵکاران گه‌ر ئارایشتی سپیش بکه‌ن، ڕه‌شییه‌که‌ی ژێر ئارایشتیان هه‌ر ده‌نیشێته سه‌ر سپییه درۆزنه‌که.

به درێژی و پانی مێژوودا بڕوانه هه‌میشه پیاوی سپی که‌من، به‌ڵام دره‌وشاوه.. نه‌ک زێڕ ئه‌ڵماسن! ئه‌مه‌ش به‌خشنده‌یی یه‌زدانه، کۆمه‌ڵگای کورده‌واری گه‌ر له‌م پیاوه سپیانه‌ی که‌م بێت، به‌ڵام چوارده‌ور ڕۆشن ده‌که‌نه‌وه و گه‌نده‌ڵکاران له‌به‌رده‌میاندا وه‌ک به‌فری به‌هار به‌رگه‌ی تینی هه‌تاو ناگرن و ده‌پوکێنه‌وه و قێزه‌ونن.

نموونه‌کان له مێژوودا هه‌ن، هه‌نووکه یه‌ک له‌و سپییه بێگه‌رده جوانه بوێره، چاونه‌ترسه، به‌خشنده‌یه کاک جه‌لالی سام ئاغایه. جه‌لال واته شکۆ و سام، واته هه‌یبه‌ت، ئه‌م دوو پێناسه‌یه له‌م که‌سه‌دا ڕه‌نگی داوه‌ته‌وه، زیاده‌ڕۆیی ناکه‌م گه‌ر بڵێم له‌وانه‌ش باڵاتره، له سپیش سپیتره، ئاخ خۆزگه نموونه‌ت زۆر بوایه پیاوه سپییه بێفیزه بوێره جوانه‌که‌ی سلێمانی، تا دنیا ببوایه به شامی شه‌ریف و گه‌نده‌ڵچییه‌کان له تاوا ده‌ستیان به ڕووخساریانه‌وه بوایه و بیان شاردباوه.

کێ ده‌گاته پله‌ی جێگر وه‌زیر و قێز له کورسی و مێزی سوڕاوه بکاته‌وه.. له‌سه‌ر کورسیه ڕه‌قه بزماراوییه‌که‌ی له‌سه‌ر کورسی کۆبوونه‌وه‌کان دانیشێت و بێفیز و لووتبه‌رزیی خه‌ڵکان سه‌رسام کات.

ئه‌م قسانه‌م هیچی پیاهه‌ڵدان نییه، دۆست و دوژمن گه‌واهیده‌ری ئه‌م ڕاستیانه‌ن.

بوێرییەکەی بەرامبەر کێوی گەندەڵیی لە ئاستێکدا بێت بڵێ: (گەندەڵیی شێوەی خۆی گۆڕیوە و ئەوەی دەگوزەرێت تالآنچێتیە).

لەم گۆمە لێخنەشدا هەر بەرەنگاریان بۆتەوە و بە ملیارەها دینار و ملیۆنەها دۆلاری بۆ گەنجینەی دەوڵەت گێڕاوەتەوە، هەرچەندە سێکوچکەی گەندەڵکاران «سیاسییەکان و کۆمپانیاکان و پۆستە باڵاکانن» لەئارادا بووە، بەڵام ئەم پیاوە سپییە چاونەترسە بەرەنگاریان بۆتەوە و وەک بێکەسی شاعیر بەرامبەر ئەدمۆنس ڕاوەستا، بوێرانە ئەمیش کەمتری نەکردووە.

گەندەڵیی دیاردەیەکی کوشندەیە بۆ داڕمان و هەرەسهێنانی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووری، خۆ گەر بەر بەم دیاردەیە نەگیرێ، ئەوا (سورەتی فاتیحە) لەسەر گیانی کۆمەڵگا بخوێنین. دەم خۆش کە فەرموت (پەتای گەندەڵیی لە کیمیاباران و ئەنفال کەمتر نییە)، یا (دەبێت شۆڕشێک دژی گەندەڵی و گەندەڵکاران بەرپا بکرێت، تا گەلەکەمان سەرگەردان نەبێ).

گەر لە وڵاتدا بەرپرسان بەرەنگاریی ئۆتۆمبێلی جامڕەش نەبنەوە، گەلۆ چۆن دەتوانن گەندەڵییە زەبەلاحەکان بنبڕ بکەن. کاک جەلالی سام ئاغا توانی ٨٦ کەیسی گەندەڵیی قورس بخاتە بەردەم دادگا، تا دادگا بە کاری خۆی هەستێ و سزای قورسی گەندەڵکاران بدات، بەڵام مەخابن هەر دیزە بەدەرخۆنەیە و لەو ژمارەیە تەنها کەیسی چواریان جوڵاوە و ئەوانی دیکە هیچ. جا گەر کەسانی گەندەڵ پشتگیریی پارتە سیاسییەکانیان هەبێ، کێ دەرەقەتیان دێت.

کەسی ڕاست و دروست سڵ لە گەندەڵکاران ناکاتەوە، خۆ کە ڕووی هەڵماڵیون و پەردەی پۆشینی ڕوویانی لابردووە، هەندێکیان برادەری خۆشی بوون، کە لای ئەم گەندەڵ هەر گەندەڵە با برای باوکیشم بێت، جا ئەمە بوێری نەبێت چییە؟

گەر بەرەنگاری گەندەڵکارە زەبەلاحەکان بیتەوە و لە پلە و پایەیان نەترسی و لە کورسییەکەت و پێگەی فەرمی خۆت نەترسی.. لات گرنگ نەبێت، ئەی بوێری چییە، وەنەبێت کاک جەلال پشتئەستوور بێت بەم یا بەو، بەڵام بە بوێری و کارمەیی و بێباکی خۆی پشتئەستوور بووە.. ئەم کارەش نەتەوەییە و شەرەف و ڕووسپێتی خۆی لای گرنگتر بووە لە پلە و پایە.

کەسان هەن بۆ سووکترین نەخۆشی سەردانی دەرەوەی وڵات دەکەن.. وەک ئەوەی ئەم چارەسەرگا و خەستەخانە و تیمارگایانە تەنها بۆ ئەم میللەتە نەگبەتە کرابێ و لەسەر ئەرکی حیزب و حکومەتیش دەڕۆیشتن. من ئاگادارم ئەم کاکەیەمان بۆ نەخۆشی چوو بۆ وڵاتی فەڕەنسا.. دوا فلسی چارەسەریش لە ئەستۆی خۆی بوو، هەرچەندە لە ئاستی باڵاوە دەروازەی هاوکارییان بۆ کردەوە،

بەڵام هەرگیز قبوڵی نەکرد و نەچووە ژێر ئەو بارەوە. ئەو پۆستانەی تا ڕۆژی دەستلەکارکێشانەوە وەریگرتووە لەسەر داوا و سووربوونی بەرزترین ئاستی حیزبی و حکومی بووە.. خەڵکینە کێتان دیوە بڵێ من کەسێکتان بۆ دەستنیشان دەکەم ببێتە سەرۆکی چاودێریی دارایی و خۆشم خانەنشین دەکەم و موچەکەشم دەبەخشمە کەمئەندامان و دەزگای شەهیدان. تو خوا ئەم بەخشندەییە لەم پیاوە (حاتەمی تەیە) نەبێت لە کەسی کەتان دیوە، یا بیستووە، یا خانوەکەی کە تەنها موڵکییەتی وەسێت بکا پاش خۆی بیکەنە دەزگایەکی تەندروستی و پارچە زەوییەک دابنێت بۆ خزمەتی فەرمانبەرە دڵسۆزەکانی چاودێری دارایی.. ئۆتۆمبێلی حکومی بۆ گەڕان و هاتوچۆ قبووڵ نەکات.. بە ئۆتۆمبێلە کۆنە مۆدێل هەشتاکەی هاتوچۆ بکات.. تو خوا خەڵکینە کەستان دیوە لە وێنەی، پاش خانەنشینی و پێش خانەنشینیش نە حیمایە و نە لاف و گەزاف قبووڵ کا و هەمووی ڕەتکاتەوە؟

کە ویستی دەست لەکار بکێشێتەوە.. وتە قورسەکەی بەرامبەر ئاستە باڵاکان کرد، بەڕێز مام جەلال بانگی کرد بۆ بەغدا و لەبەردەمی هەموو ئاستبەرزەکاندا ئاوا بەرامبەر بەم کەڵە پیاوە فەرمووی «دەستلەکارکێشانەوەت ڕەتدەکەمەوە و قبووڵم نییە، کەی چارەکە جەلالی سام ئاغایەکم دەست کەوت، واز لە سێ چارەکەکەی تری دێنم». جا تو خوا ئەم پیاوە پێویست نییە پەیکەری زێڕینی لە ژیانی خۆیدا بۆ بکرێ؟ خەڵاتە ڕێزلێنانەکانیشی کەم نین بە ژمارە و بە چۆنایەتی. ڕێز لە ڕێزدار دەگیرێ، ماڵە جوانە خنجیلانەکەی بۆتە یانەی ڕۆشنبیران و سیاسەتمەداران و کەسانی کۆمەڵایەتی، تەنانەت هەندێک لە دوورەوە ناویان بیستووە لە دەرگای دەدەن و سەردانی دەکەن، ئای چەند قەشەنگە ئەو دیوەخانە خوا بۆمانت بهێڵێ و تەمەندرێژ بی پیاوە سپییە جوانەکە. سلێمانی بە نموونەی وەک تۆوە ڕەنگینە.

# چەند پەیڤ و یادەوەرییەك سەبارەت بە
# مامۆستا (جەلالی عومەری سام ئاغا)

**بەختیار شەمەیی**



بەختیار شەمەیی، جەلالی سام ئاغا
هۆڵەندا- ئەمستەردام
٢٠١٤

با له سەرەتاوە لە بیرەوەریی ساڵانی حەفتاکانەوە دەست پێ بکەم، من هەر لە تەمەنی منداڵی و  مێردمناڵیمەوە ئاشنای ناوی بنەماڵەی بەڕێز و ناوداری سام ئاغا بووم. ئەو ئاشنایەتییە سەرەتاییەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە چەند ساڵێکی تەمەنی منداڵی و گەنجێتیم لە بازاڕی زێوەردا بەسەربردووە. لەو بازاڕەدا جگە لە ئەحمەد شەمەیی برا گەورەم، کە شوێنی خوالێخۆشبوو حەمە شەمەیی باوکمی گرتبووە و دوکانی کوتاڵفرۆشی هەبوو، خوالێخۆشبوو کاک جەمالی سام ئاغای برای کاک جەلالیش لەبەری ئەوبەری دوکانی کاکمەوە دوکانی جوملەفرۆشیی کوتاڵی هەبوو. ساڵانێکی زۆر ئەحمەد شەمەیی و جەمالی سام ئاغا وەک دوو براو هاوڕێ لە بازاڕی زێوەردا بە ئاشتی و خۆشی و برایەتی کار و پیشە و ژیانیان گوزەراندووە. خوالێخۆشبوو کاک جەمال کەسایەتییەکی ڕێزدار و بەڕێز بوو، هەروەها زۆر هێمن و لەسەرخۆ بوو. کەسایەتییەک بوو هەموو کەسانی بازاڕەکە ڕێزی زۆریان لێ دەگرت، ئەویش بە سروشت خۆی کەسێکی بەڕێز و ڕێز لە خەڵک گرتوو بوو.

سەرەڕای ئەوەی کەسی سەرەکی لەم نووسینەدا کاک جەلالی بەڕێزە و ناکرێت لە هەندێک وردەکاری تر بدوێم و لە مەبەستە سەرەکییەکە دووربکەومەوە، بەڵام ئەم کورتە ڕوونکردنەوەیەم بە پێویست و گرنگ زانی، کە سەبارەت بە ئاشنایی منالی و لاوێتی خۆم بۆ بنەماڵەی بەڕێز و ڕێزداری کاک (جەلالی عومەری سام ئـاغـا)، بەیان بکەم. بە کورتییەکەی جگە لە کاک جەمال، ناوبەناوێکیش گوێم لە ناوی کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا) دەبوو، چونکە کاک جەلال فەرمانبەری بانکی رافیدەین بوو، کە ئەو بانکە هەڵکەوتەی سەر شەقامی مەولەوی بوو. مەسەلەکەش وا بوو کە چ ئەحمەد شەمەیی و چ دوکاندارەکانی تریش سەروکاریان لەگەڵ ئەو بانکەو بە هۆی ئەوەشەوە لەگەڵ بەڕێز کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا) دا هەبووە.

بیرم دێتەوە، گەلێک جار پارە یان کۆمپیالەیان پێدا دەناردم بۆ لای کاک جەلال بۆ بانکی رافیدەین، چەندین جار لەوێ بۆ ئەو کاروبارانە کاک جەلالم لەو بانکەدا بینیوە. ئەمە یەکەم بینین و یەکەم ئاشنایەتیی دووربەدووری سەردەمی لاوێتیم بوو لەگەڵ کەسێکدا، کە پاشان لە لایەن میللەتەوە نازناوی پیاوە سپییەکە و پیاوە دەستپاک و ئەستۆپاک و تێکۆشەر و کۆڵنەدەر و دڵسۆزەکەیان پێ بەخشی. لە

ڕاستیدا ئەگەر ئەو چەند نازناوە پڕبەپڕی کەسایەتییەک بێت، بێ هیچ دوودڵییەک ئەو کەسە مامۆستا (جەلالی عومەری سام ئاغا).

سەرباری هەموو ئەوانەش، ناوبەناو لە ڕاگەیاندنەکاندا ناوی کاک جەلالم بەرچاو دەکەوت.. هەندێک بابەتی جۆراوجۆرم لەسەر کار و هەوڵ و تێکۆشانو دڵسۆزی و خەمخۆرییەکانی دەخوێندەوە. بە کورتییەکەی وای لێ هاتبوو کە بە ئاواتبووم ڕۆژێ لە ڕۆژان بە خزمەتی ئەو کەسایەتییە ناودار و پاک و دڵسۆزە بگەمەوە و بە دیداری بەڕێزیان شادمان و گەورە ببم. جا هەندێک ڕووداویش لە ژیاندا بەبێ ئەوەی خۆت هەوڵی بۆ بدەیت یان مەبەستت بێت، خۆی بە ڕێکەوت یان بە هۆی بەختەوە ڕووبەڕووت دەبێتەوە. تۆش بە فەرمی و بە تامەزرۆییەوە پێشوازیی لێ دەکەیت.

ڕێکەوت وا هاتە پێشەوە کە بە هۆی ڕێزدار کاک ئەیوب بارزانییەوە جارێکی تر بە دیداری مامۆستا (جەلالی عومەری سام ئاغا) شاد ببمەوە، ئەم جارەیان لە ماڵی کاک جەلال خۆیان، بەڵام بە تەمەنێکی جیاوازەوە. ئەو بینین و ئاشنایەتییە دووربەدوورییەی لاوێتم و ئەو هەستوسۆزەم هەر لە گیان و دڵدا مابووەوە. ئەوە بوو بە درێژایی ئەو ماوەیەی کە لە سلێمانی بووم، بە دەست خۆم نەبوو، نەم دەتوانی لە ماڵی کاک جەلال دابېڕێم.

جا با لێرەدا، ئەگەر زۆر بە کورتیش بێت، هەندێک باسی کەسایەتیی مامۆستا جەلالو بارودۆخی ماڵەکەی بەڕێزیان بکەم. یەکەم جار کە لە ماڵی خۆیان سەردانی کاک جەلالم کرد، هەندێک دیمەنی ناو ماڵەکەی سەرنجیان ڕاکێشام.. پەڕتوکخانەیەکی دەوڵەمەند و ڕێکوپێک و پڕ لە پەڕتوکی جۆراوجۆر، پاشان لە کاک جەلال خۆیم بیست، کە ئەوە هەموو پەڕتوکەکانی نین، ماوەیەک لەوەوبەر زیاتر لە ٧٠٠ پەڕتوکی لە پەڕتوکخانەکەی خۆیەوە پێشکەشی پەڕتوکخانەی گشتیی ڕانییە کردووە. ئەو ڕووداوە و بیستنی بەخشینی ئەو ژمارە زۆرەی پەڕتوکەکانی خۆی هەر دەبوایە هێندەی تر کاک جەلالیان لە لام ڕێزدارتر و خۆشەویستتر بکردایە. هەر بە ڕاستی بەو بەخشینە زۆر سەرسام بووم، چونکە خۆشم یەکێکم لەو کەسانەم کە پەڕتوکم زۆر لا بەنرخ و بەهادار و خۆشەویستە. لێرەدا بەم بۆنەیەوە دەبێت ئەو ڕاستییە باس بکەم، کە هەر لە گەنجێتیمەوە بە هۆی هەلومەرجی بنەماڵەو گەڕەکەکەمانەوە، لەگەڵ پەڕتوک و خوێندنەوەدا ئاشنا و تێکەڵ بووم. هەر بۆیە ئەو ڕووداوەم زۆر بە لاوە خۆش و گەورە و بەنرخ بوو.

هەر کەسێک ئەگەر بۆ یەک جاریش سەردانی ماڵی کاک جەلال بکات، بە پاکوخاوێنیو ڕێکوپێکیی بێوێنەی خودی خۆی و ماڵەکەی سەرسام دەبێت. ماڵێکی

هەتا بڵێی خۆش و دڵگیر و ڕازاوە بە گوڵ و تابلۆ و بولبول و بۆنی خۆش، کە هەستێکی دڵنیایی و خۆش و چێژبەخش بە میوانەکانی کاک جەلال دەبەخشن. لە هەمووشی خۆشتر، هەر پاش ماوەیەکی کەم لای کاک جەلال، ئەو هەستەت پێ دەبەخشێت کە ماڵەکەی بە ماڵی خۆت بزانیت و خۆت بە میوان نەزانیت.. وەکو میوان هەڵسوکەوت نەکەیت. ئەمەش تایبەتمەندییەکی زۆر تایبەتە و لە هەموو ماڵێک و لای هەموو کەسێک ئەو جۆرە هەست و هەڵسوکەوتکردنە هەست پێ ناکرێت و نابینرێت.

تایبەتمەندییەکی تری سەرنجڕاکێش و خۆشیبەخشی ناو ماڵەکەی کاک جەلال ئەوە بوو، یەکسەر ئەو هەستەم بۆ پەیدا بوو کە لە ماڵی کەسایەتییەکی گەورەو میهربان و میوانپەروەر و دڵسۆز و خۆنەویست دام. ئەو هەستەم وایکرد کە لە ماڵی بەڕێزیان هەست بەوە نەکەم کە میوانم، بەڵکو خۆم وەک ئەندامێکی بنەماڵە بەڕێزەکەیان هەست پێ دەکرد. ئەوە خۆی نیشانەی گەورەیی و لەخۆبووردوویی و سادەیی و کۆمەڵایەتیبوونی کەسایەتیی کاک جەلالی بەڕێز و دڵسۆزە. هەر بە ڕاستی دانیشتن و گفتوگۆکردن لەگەڵ کاک جەلالدا تاموچێژێکی تایبەتییان هەیە.. کاتێک هەست دەکەیت کاتەکە زۆر بە چێژبەخشی و سوودبەخشی و خێرایی تێپەڕبووە، کە پاشان خۆبەخۆ دەبنە یادگار و بیرەوەرییەکی هەرەخۆش و لەیادنەچوو. خۆم هەرگیز ئەو دانیشتن و ئەو گفتوگۆیانەی ماڵی کاک جەلالم لەبیر ناچنەوە،

گەلێک جار بە تاسەوە یادیان دەکەمەوە. ماڵی کاک جەلال، جیاواز لە ماڵی کەسایەتییە ناودارەکانی تری سلێمانی، کراوەیە بۆ هەموو کەسێک و هەموو کۆڕو کۆمەڵ و لایەنێک. ڕۆژانە چەندین کەس و کەسایەتی و لایەنی جۆراوجۆر و لێک جیاواز سەردانی کاک جەلال دەکەن. بە شێوەیەک.. بە دەگمەن ڕۆژێ لەو ماڵە تێپەڕ دەبێت کە چەند میوانێک لەوێ بوونیان نەبووبێت. دەتوانم بڵێم دیوەخانێکی کراوەیە، بەڵام جیاوازیی ماڵەکەی کاک جەلال لەگەڵ دیوەخانەکانی تردا ئەوەیە کە کاک جەلال خۆی دیوەخاندار و سەرۆک خێڵ نییە، بەڵام ماڵەکەی لە هەموو دیوەخانەکانی دەڤەرەکە کراوەتر و ئاوەدانتر و پڕتر لە گفتوگۆ و مشتومڕ و باسوخواسی جۆراوجۆرە. دیوەخانێک هەموو ڕۆژێک لە کەسایەتییە ناودار و ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەنووسان و نووسەران و سیاسەتمەداران و پێشمەرگەی دێرین و گەلێک هاوشاری و هاونیشتمانیی سەربە گشت چین و توێژ و شارو شارۆچکە و دەڤەرە جیاوازەکانی باشوری کوردستان جمەی دێت. ئەمەیە گەورەیی‌و میوانپەروەری و تایبەتمەندی و جیاوازیی دیوەخانە ڕۆشنبیرییەکەی کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا). بێگومان نابێت ئەو ڕاستییەش باس نەکەم، کە

کاک جەلال زۆر زۆر و بێئەندازە ڕێزی خەڵک دەگرێت، بە تایبەتی کە ڕۆژانە هەموو ئەو میوانانەی ڕوو دەکەنە ماڵەکەی. باوەڕ ناکەم هیچ کەس و هیچ میوانێک بە دڵگرانی و هەستێکی نائاساییەوە ماڵی کاک جەلالی بەجێهێشتبێت. لای کاک جەلال میوان زۆر بەڕێز و ڕێزلێگیراو و خۆشەویستە. ئەمەش شێوازێکی تر و جۆرێکی تری گەورەیی و دڵسۆزی و بەڕێزیی خودی کاک جەلالە، کە لە ماڵەکەی خۆیدا خۆی بە خاوەن ماڵ نازانێت.. بە گشتی میوانەکان خۆبەخۆ خۆیان دەبن بە خاوەن ماڵ. ئینجا با لێرەوە بێمەوە سەر باسی ئاشنابوونەوەم بە بەڕێزیان: پاش ئەوەی لە سلێمانی لە ماڵی خۆیان چەندین جار بە خزمەتیان گەیشتم و بە دیدار و بەشداربوون لە دانیشتنەکانیان شادمان و دڵخۆش و گەورە بووم، وا ڕێککەوت.. کاک جەلال لە دوو سەردانیدا بۆ چەند وڵاتێکی ئەوروپا، (هەندێک لە سەردانەکانی کاک جەلال، بە تایبەتی بۆ فەڕەنسا، بە هۆی نەخۆشی و بۆ چارەسەر بووە)، هۆڵەندەشیان بەسەرکردەوە و ئەو دەرفەتە زێڕینەم بۆ ڕەخسا کە زۆرتر و باشتر لە نزیکەوە ئاشنایەتییان لەگەڵدا پەیدا بکەم و لە نزیکەوە زۆرترو باشتر بەڕێزیان بناسم. ئەو دووجار هاتنەیان بۆ هۆڵەندە، کە لە خزمەتیاندا بووم، زۆرترو باشتر لە جۆری بیرکردنەوە و تێگەیشتن و هەڵسوکەوت و ڕەوشتی هەرە بەرزی بەڕێزیان تێگەیشتم.. بە ڕاستی زۆرتر و زۆرتر لە لام خۆشەویست بوو. هەر بە هۆی سەردانەکانی بەڕێزیشیانەوە، گەلێک هاوڕێ و دۆست و ناسیاومان لێ کۆبوونەوە و هەموو بە دڵخۆشی و تاسەوە هاتبوونە دیدار و خزمەتی کاک جەلالی خۆشەویست. لە چوونە دەرەوەکانی ناو ئەمستەردام و شوێنەکانی تری هۆڵەندەدا، زۆر تێڕوانین و هەڵسوکەوتی کاک جەلال بە تەواوەتی سەرنجیان ڕاکێشام، وەک ورد و کردی و سەرنجدانی هۆشیارانەیان بۆ هەموو شتێکی ناو شارە جوان و ڕازاوەکەی ئەمستەردام، یەکێ لە داواکانی کاک جەلال، سەردانی مۆزەخانەکانی ناو ئەمستەردام بوو. هێندەی لەو ماوەیەدا، کە لەخزمەتی بەڕێزیاندا بووین، چ خۆم و چ برا و هاوڕێی دێرینم شوانەی ڕەشید خەفاف، بە گوێرەی توانامان ئەو شوێنانەی پێویست و گرنگ بوون گەڕاین. کاک جەلالیش پرسیار گەلێکی زۆری لەسەر گەلێک جێگە و تایبەتمەندیی شوێنە سەرنجڕاکێشەکانی ناو ئەمستەردام و جێگەکانی تری دەرەوەی ئەمستەردام هەبوو. کاک جەلال زۆر تامەزرۆ بوو.. هەروەها زۆری مەبەست بوو زۆرتر لەسەر هۆڵەندە و ژیانی میللەتی هۆڵەندی بزانێت، پێم وایە ئێستا سەرنجێکی گشتیی لەسەر هۆڵەندە و میللەتی هۆڵەندە هەیە.. تا ئەندازەیەک ئاشنای جۆری ژیان و گوزەران و بارودۆخی هۆڵەندەیە. دڵنیام لە وڵاتەکانی تریش هەر هەمان تامەزرۆیی و هەست و خواستی بۆ ئەو وڵات و

میللەتانەی تریش هەبووە و هەیە. کاک جەلال تاسە و ئارەزوویەکی فرە زۆری بۆ گوڵ و باخ و باخات هەیە، ئەمەش شتێکە.. هەرکەسێک سەردانی ماڵەکەی بکات، لە دیمەنی جوانی گوڵزار و درەختەکانی باخەکەی ئەو سەرنجەی لا دروست دەبێت. لە ئەمستەردام سەردانی بازاڕی گوڵمان کرد و ماوەیەکی باش سەرنجی هەموو گوڵ و تۆوە گوڵەکانی دا و پرسیاری دەربارەیان دەکرد. لە هەر شوێنێک گوڵو گوڵزار بەرچاومان بکەوتایە و سەرنجڕاکێش بوایە، بێ وێنەگرتن‌و چێژلێبینین، بەجێمان نەدەهێشتن.

ڕۆژێک بە تایبەتی سەردانی کەناری دەریامان کرد و ماوەیەکی باش چەند کاژێرێک لە کەنار دەریا ماینەوە، گەشتوگەڕانێکی زۆر خۆش و چێژبەخش و بەسودمان پێکەوە گوزەراند. لە ئەمستەردام سەردانی کۆشکی پاشاکانی هۆڵەندەمان کرد، کە یەکێکە لە تەلارە هەرە جوان و ڕازاوە و هونەرییەکانی ناوەڕاستی ئەمستەردام، ئێستا وەک مۆزەخانە سوودی لێ وەردەگیرێت و ڕۆژانە گەشتیارێکی زۆر لێی چێژمەند و سودمەند دەبن.

بە کورتییەکەی، ڕۆژانەمان بە گەشتوگەڕانی شوێنە پێویست و گرنگەکانەوە بەسەردەبرد، ئێوارانیش تا درەنگانێکی شەو بە هۆی کاک جەلالەوە و میوانێکی زۆر لە هاوڕێیان و دۆستان و برادەران دەهاتنە خزمەتی کاک جەلال و دانیشتنەکان گەرموگوڕ و پڕ لە گفتوگۆی خۆش و هێمنانە و دۆستانە و بەسود بوون. کاک جەلال بە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی ژیانی خۆی و سەربووردەکانی ڕابردوو هێندەی تر دانیشتنەکەی خۆشتر دەکرد. گەلێک بەسەرهاتی تاڵ و شترینی ژیانی بۆ دەگێڕاینەوە، ئێمەش بە پرسیاری تایبەتی و گشتی کاک جەلالمان زۆرتر بۆ بابەتی جۆراوجۆر و باسوخواسی ڕابردوو و هەمەجۆر دەجووڵاند، بەڕێزیشیان بێدڵی نەدەکردین و بە ئارامی و بە خۆشییەوە وەڵامی هەموو پرسیارەکانی دەداینەوە. بە ڕاستی ئەو دانیشتنانە هەرگیز دووبارە نابنەوە. هەموومان لەگەڵ کاک جەلال (پیاوە سپییەکەی جێگەی ڕێز و خۆشەویستی) تەواو سەرسام و دڵخۆش و شادمان و سوودمەند بووین.

شایانی باسە، لە سەردانی دووەمی کاک جەلالدا بۆ هۆڵەندە، ئێمە وەک هەندێک لە کوردانی دانیشتووی هۆڵەندا ئەو هاتنەی بەڕێزیانمان بە دەرفەتێکی باش و گونجاو زانی، کە وەک ڕێزلێنان و پێزانین و سوپاسگوزاریی کار و هەوڵ و تێکۆشانی ڕابردوویان، بە ناوی (یانەی کوردی میدیا لە ئەمستەردام) خەڵاتی ڕێزلێنانی یانە کوردییەکە پێشکەشی کاک جەلال بکەین. هەر بۆ ئەم مەبەستە بە پێشکەشکردنی مەدالیایەکی ڕێزلێنانی یانەی کوردی میدیا و لە ڕێوڕەسمێکی جوان و ڕێکوپێک و

شایستەدا خەڵاتەکە لە لایەن کاک سەردار فەتاح ئەمین و چەند بەرپرس و ئەندامێکی تر، بە نوێنەرایەتی یانەکە بەو ڕێز و شکۆمەندییەوە، پێشکەشی کاک جەلالی بەڕێز کرا. لێرەدا با ئەوەشم بیرنەچێت، خوا هەڵناگرێت پاشان کاک جەلالیش داوەتێکی شاهانە و شایستەی هەموو ئەو هاوڕێ و دۆستانەی کرد و شەوێکی زۆر خۆش‌و بەسوودمان لە یەکێ لە ڕێستۆرانتە دڵگیرەکانی ئەمستەردامدا بەسەربرد. ئەوە دانیشتن و شەوێک بوو، کە هەرگیز لەبیرمان ناچێتەوە. نابێت ئەوەش باس نەکەم کە کاک جەلال کەسێکی هەتا بڵێی دڵفراوان و دەستکراوەیە بەرامبەر بە هەموو ئەوانەی داوای هاوکاری و کۆمەکی لێ دەکەن. هێندی ئاگاداریشبم، لە کۆمەککردن‌و یارمەتیدانی ئەو کەسانەدا، کە شایستەی کۆمەککردن و یارمەتیدان بن، درێخی نەکردووە.. لەو ڕووەوە جێگە پەنجەیان دیارە. با لێرەوە، دوابەدوای ئەو دوو سەردانە و گێڕانەوەی هەندێک لەو یادەوەرییانە، چەند وشەیەکی تریش دەربارەی کەسایەتی و ڕابردووی مامۆستا جەلال باس بکەم: شایانی باسە بە دەگمەن کەسێکی تر لە مێژووی میللەتەکەماندا دەدۆزیتەوە کە لە هەموو تەمەنیدا وەک کاک جەلال یان بڵێین کەسێک کە لە سەدا یەکی ئەو دژایەتی و دوژمنایەتیی درۆ و دزی‌و گەندەڵکاری و تاڵانچێتی و ستەمکاری و نادادپەروەریی کردبێت. کاک جەلال بە تەنها، وەک ژەنەڕاڵێکی بێ چەک و بێ سەرباز و بێ سوپا، بەگژ چەندین بەرپرسی باڵای حیزبی و دەسەڵاتداری پلەبەرزدا چۆتەوە، کە ئەوان خاوەنی هێز و سەرمایە و دەسەڵات و هەزاران چەکدار بوون و هەن! شایانی وتنە، ئەوە ئازایەتی و بوێری و بێباکی و لەخۆبووردووییەکە لە نموونەی تاک‌و تەنهای خۆیدا بێوێنەیە. سەرباری گشت ئەو خەسڵەتانەی باسمان کردن، کاک جەلال هەندێک تایبەتمەندیی خۆڕسکی و سروشتیشی تێدایە، کە بە گشتی لە هەموو کەسێکدا نابینرێن، وەک سادەیی و کراوەیی و ڕووخۆشی لەگەڵ کەسانی تردا، ئیتر لە هەر تەمەن و پلەوپایەیەکدا بن، هەروەها ڕاستگۆیی و قسە لەڕوویی و لەڕوودا دانەمان و بوێری و بۆ قسە دانەمان لە ڕووی درۆ و دەلەسە و تۆمەت و بوختان‌و نارەوایی و ستەم و نادادپەروەری، ئیتر بەرامبەر بە هەر کەس و لایەنێک کرابێت‌و بکرێت. جگە لەمانەش زۆر دژی واسیتە و واسیتەکارییە، بە تایبەتی بۆ کەسێک کە شیاو و شایستەی ئەو تەکلیف بۆکردنە نەبێت. دڵنیام کاک جەلال بڕوای تەواوی بەو پرینسیپە هەیە کە دەڵێت: کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو. واتە: دەبێت کاڵا پڕ بە باڵا بێت.

هەر بەم بۆنەیەوە ڕەنگە باشتر بێت لێرەدا چەند نموونەیەک لە بیروڕا و وتە گەوهەرییەکانی کاک جەلال خۆی دووبارە بکەینەوە:

- وەزیفە لای من خزمەت و مێژووە.
- دەبێت شۆڕشێک دژی گەندەڵی و گەندەڵکاران بەرپا بکەین.
- ئەو دەستەم دەبڕم دەنگ بە لایەنێکی گەندەڵ بدەم، بۆ لایەنێکی بدەم هانی گەندەڵی بدات، بۆ لایەنێکی بدەم کە بەرپرسیارە بەرامبەر ماڵ و موڵکی ئەم خەڵکە، کە بە تاڵان دەبرێت، من هەر لە بەرەی میللەتدا بووم و لە بەرەی میللەتدا خۆم دەمێنمەوە.
- بەشێک لەو ئەندامانەی لە لیژنەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بوون، خۆیان پێویست بوو بدرێن بە لیژنەی لێکۆڵینەوە.
- گەندەڵی شێوەی خۆی گۆڕیوە، دەتوانم بڵێم ئەوەی ئێستا دەگوزەرێت تاڵانچێتییە، گەر گەندەڵی خراپ بەکارهێنانی سامانی گشتی و یاسا و دەسەڵات بێت، ئەوا تاڵانچێتی حاڵەتێکی مەترسیدارترە، تەنها لە کاتی جەنگ و شیرازە پچڕاندا ڕوودەدات، بە داخەوە ئەمڕۆ ئێمە لە حاڵەتی شیرازەپچڕاندنی ئیداریدا دەژین.
- لە کوردستان گەندەڵییەکە لەسەر ئاستە بەرزەکان پیادە دەکرێت و لە چەند بازنەیەکدا گردبۆتەوە، دەستبژێرە سیاسییەکە سەرقافڵەی گەندەڵی گرتووە لەمانەوە شۆڕبۆتەوە بۆ ناو دامەزراوەکانی حکومەت، لەناو حکومەتیش توێژێکی گرتۆتەوە، کە لە پۆستە باڵاکانی حکومەتەوە دەستپێدەکات و بۆ خوارەوە درێژ دەبێتەوە. توێژێکی تریان خاوەن کۆمپانیاکانن، کۆمەڵێک خاوەن کۆمپانیا لەپێش ڕووخانی بەعس و دوای ڕووخانەوە هەڵتۆقیون و بە ئاسایی لەدایک نەبوون و گەشەیان نەکردووە، یەکڕاست ئەمانە بەسەر ماڵ و موڵکی گشتییەوە مافیان. ئەم مافیایانە نە خوایان هەیە نە ویژدان و نە نیشتمان، بە هەموو جۆرێک و شێوازێکی کۆن و نوێ خەڵک و حکومەت دادەشۆن. ئەم سێ دەستەیەیە کە لە گەندەڵییەکی قورسەوە ئاڵاون.. تا ئێستا ڕێژەیەکی کەمیان بۆ خەڵک ئاشکرا بووە، ئەگەر ڕۆژێک بێت و هەمووی ئاشکرابێت، میللەت دووچاری بێئومێدییەکی زۆر دەبێت.
- زۆرجار گەندەڵی لە کوردستان وەک سێکوچکەیەکی لێهاتووە، سیاسییەکان لوتکەی سێگۆشەکەن و دوای ئەوان خاوەن کۆمپانیاکان و دواتر پۆستە باڵاکانی حکومەت دێت، ئەم سێکوچکەیە هاوکێشەیەکی سەیروسەمەرەی مافیای سیاسی و سەرمایەداری مافیایی و فەرمانبەری مافیایی دروستکردووە، زۆرجار وەک شێوەی هەرەمێک دەردەکەون، کە ئەمیان لەسەر شانی ئەویان ڕاوەستاوە، ئەمانە هاوشێوەی نەهەنگ هەموو شتێک قووت دەدەن و بەتاڵانی دەبەن، ئامادەن خوێنی میللەتیش بمژن. لە نەوتەوە دەستپێدەکات و کلکەکەی لە زەویوزار دەدۆزیتەوە، لە کۆمپانیای فرۆکەوانییەوە دەستپێدەکات و پاشماوەکەی لەناو ئاو و لە شوێنە

گەشتوگوزارییەکان دەبینیتەوە، لە بازرگانی دەرمانەوە دەردەکەوێت و لەناو خۆراکی کوالیتی خراپدا خۆی دەبینێتەوە، ئەمانە و دەیان نموونەی تریش.

- دیاردەی گەندەڵی بە کوشندەترین دیاردە دادەنرێت بۆ داڕمانی سیاسی و ئابووریی و کۆمەڵایەتی، هەر بۆیە ئەگەر بەر لە گەندەڵکاران و مافیاکان نەگیرێت، ئەم پەتایە وردە وردە میللەتەکەشمان دەگرێتەوە، خوا نەکات بگاتە ئەو ئاستە، ئەگینا دەبێت پرسە بۆ ئایندەی ئەم گەلە دابنێین.

- گەندەڵی بە دروستکردنی لیژنە و بوونی پرۆژە چارەسەرناکرێت، گەر ئیرادەیەک هەموو کەس لەبەردەم یاسادا چوونیەک نەکات و سزای نەدات. سەرۆکی هەرێم نەیتوانی بڕیاری قەدەغەکردنی ئۆتۆمبیلی جام ڕەش جێبەجێ بکات، کەواتە قەیرانەکە لە ئیرادەدایە، بۆیە بڕیارەکان بێڕۆحن، مەرەکەبی سەر کاغەزن. بیریشمان نەچێت لیژنەکانی نەزاهە و دیوانی چاودێریی داراییش کاریان تەنها ئاشکراکردنی گەندەڵییە، ئەویتر لەئەستۆی دادگادایە، کە ئیرادەکەی زۆرجار سەربەخۆ نییە. ئێمە لە دیوان لە کاتی خۆیدا ٨٦ کەیسی گەندەڵی قورسمان خستۆتە بەردەم دادگا، بەڵام دادگا و داواکاریی گشتی چییان کردووە؟ ئەمە پرسیارە قورسەکەیە. بۆ زانیاری زیاتریش هەر تەنها سەرۆکی هەرێم خاوەن پرۆژە نەبووە، بەڵکو جەنابی مام جەلال و کاک کۆسرەت و کاک د. بەرهەم و کاک نێچیرڤانیش پرۆژەی چاکسازیان هەبوو، بەڵام ئیرادەی جێبەجێکردن نەبووە، سەیریش لەوەدا بوو کە ئەو لیژنانەی بۆ ئەو مەبەستە دادەنرا، ئەندامانی لیژنەکە زۆربەیان خۆیان گەندەڵ بوون و پێویست بوو خۆیان بدرێن بە لیژنەی لێکۆڵینەوە، لە بەغدا بە ئامادەبوونی د. بەرهەم و د. فوادو د. لەتیف و چەند کەسێکی تر ئەمەشم بە خودی مام جەلال وت. هەر بۆیە تا ئێستا نەمان بینی و نەمان بیست یەک بەرپرسی حیزبی و حکومی بدرێنە دادگا، جگە لەوانەی پێشتر دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی ڕادەستی دادگای کردبوون. چاکسازیی ڕاستەقینە و بنەبڕکردنی گەندەڵی بە لیژنەیەکی سەربەخۆی دەرەوەی حکومەت دەکرێت، لیژنەیەکی نەترس و دادپەروەر و کارامە بێت و پشت بە خەڵک و ڕای گشتی ببەستێت.

- من لە کارەکەمدا ئامادەبووم سەرم ببەخشم، پشتم بە خۆم و ڕاستی بەستبوو، نەک حیزب و عەشیرەت و هاوڕێ و کەسوکار، چونکە کەسێک لە ڕێگای بیروباوەڕدا ئامادەی سەر و گیانبەخشین بێت، بێگومان ئەو کەسە نە لە کەس دەترسێت و نە هیچ هێزێکیش هەیە بیترسێنێ.

- شەرەفمەندنیم بە وەزیفەکەتان، چونکە من جسمێکی غەریبم لەناوتاندا، ئەمەش مانای ئەوە نییە نەترساوم، بەڵی لە ژیانی وەزیفیمدا ترساوم، بەڵام

ترس لە لەدەستدانی شەرەفی وەزیفیم و ترس لە کەوتنی ئەو سوێندەی خواردوومە، خۆزگە لەم بوارەدا هەموان بەرامبەر بەو سوێندە ترسنۆک بووینایە.

- من هەمیشە لەسەرڕێ بووم بۆ دەستلەکارکێشانەوە، چونکە منەتم پێی نەبووە، من پۆستم بۆ ئەوە نەویستوە بۆ مەرامی خۆم بەکاری بێنم، پۆست لای من خزمەتو مێژووە، نەک مووچەی بەرز و ناونیشان و ئیمتیازات، کە لە هەرسێکی خۆم بەدوورگرتووە، لە هەردوو پۆستی بریکاری وەزارەتی دارایی و سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری دارایی داوام کردووە مووچەکەم کەمبکرێتەوە، هەروەها پاسەوانو حیمایەم قبووڵ نەکردووە، ئۆتۆمبیلی حکومەتیشم قبووڵ نەکردووە.

- ئێستا لە خانەنشینکردنیشم وەک وەزیرێک مافی ئۆتۆمبیل و شۆفێر و پاسەوانم هەیە، بەڵام ئەویشم ڕەتکردۆتەوە. ئەمانە بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە منەتم بە وەزیفە نەبووە. کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا)، شیاو و شایستەی هەموو ڕێزلێنان و ڕێزگرتن و خزمەتکردن و خەڵاتکردنێکە. بێگومان باشترین خەڵات و ڕێزلێنانیش ئەو نازناوانەن کە دڵسۆزان و ڕۆشنبیران و تێکۆشەران و کۆڕ و کۆمەڵانی خەڵکو لایەنە جۆربەخۆرەکانی ناو میللەت لە کاک جەلالیان ناوە، وەکو: پیاوە سپییەکە، پیاوە پاک و بێگەردەکە، پیاوە هەرە دڵسۆز و تێکۆشەر و کۆڵنەدەرەکە، پیاوە بەخشندە و خۆنەویست و لەخۆبووردووەکە...هتد.

دڵنیام ئەو ڕۆژە هەر دێت کە پەیکەرەکانی مامۆستا (جەلالی عومەری سام ئاغا)، گەلێک گۆڕەپانی شار و شارۆچکەکانی کوردستان بڕازێنێتەوە و هەزاران هەزار هاونیشتمانی سەرانسەری کوردستان شانازی بە سەردان و وێنەگرتنی ئەو پەیکەرانەوە بکەن. بەو هیوایەی کار و کۆشش و دەستپاکی و دڵسۆزی و لەخۆبووردوویی و کۆڵنەدانی کەسایەتییەکی وەکو کاک جەلالی سام ئاغا ببێتە نموونەیەک بۆ گشت فەرمانبەر و بەڕێوەبەر و بەرپرسێکی فەرمانگە و خوێندنگەو نەخۆشخانەکان.. گشت شوێنە فەرمی و نافەرمییەکانی نێو کۆمەڵگەکەمان. ئومێدەوارم کە ژیان و ڕابردووی ئەم کەسایەتییە تایبەت و دەگمەنەی میللەتەکەمان ببێتە ڕێنیشاندەر و سروشبەخش (الوحیانی) بۆ دەستپاکی و دڵسۆزی و لەخۆبووردوویی بۆ گشت کورد و هاونیشتمانییەکی کوردستان. بەم بۆنەیەوە، لە کانگای دڵمەوە هیوای تەمەندرێژی و تەندروستیی باش بۆ برای گەورە و خۆشەویست و ڕێزدار مامۆستا (جەلالی عومەری سام ئاغا) دەخوازم، ئەو کەسایەتییە مێژووییە دەگمەن و بێوێنەیەی کە بە خواست و ویستی خۆی، پێشنیازی پۆست و دەسەڵات و پلەوپایەی سەرۆکبوون و سەرۆکایەتیی باشوری کوردستانی ڕەتکردەوە، هەر بژی.

لە کۆتاییدا با ئەم بیرەوەرییەشم بیرنەچێت، ئێوارەیەک لە گەڕەکی بەرانانەوە بە تەکسی بەرەو ماڵی مامۆستا جەلال کەوتینەڕێ، کاتێک گەیشتینە بەردەم ماڵی مامۆستا جەلال، شۆفێری تەکسییەکە لێی پرسیم: بۆ ماڵی کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا) دەچیت؟ وتم: بەڵێ. وتی: ئەی بۆچی هەر لە سەرەتاوە پێت نەوتم بۆ ماڵی ئەو بەڕێزە دەچیت. وتم: بمبورە جا چۆن بمزانیایە کە بەڕێزتان ماڵی مامۆستا جەلال دەزانن!؟ وتی: جا کێ هەیە خەڵکی سلێمانی بێت و ماڵی ئەو پیاوە بەڕێزو دڵسۆزە نەزانێت؟ وتی: ئەو بەڕێزە بە پیاوە پاکەکەی کوردستان ناسراوە.وتی: خزمتە؟ وتم: مامۆستایەک و برایەکی گەورەمە. شۆفێرەکە نەی دەویست پارەم لێ وەربگرێت، ئیتر بە سوێندخواردن و بە زۆر کرێکەی خۆیم دایە. دواجار وتی: زۆر ڕێز و سڵاوم بەو پیاوە گەورە و پاک و بەڕێزە بگەیەنە. خواتان لەگەڵ بێت.

**ئەمستەردام – هۆڵەندە**

# ئەگەر چاو لە کاک جەلالی سام ئاغا بکرێت

حەمەڕەشید هەرەس



حەمە ڕەشید هەرەس، جەلالی سام ئاغا
سلێمانی - ٢٠١٦

له کاتێکدا له کوردستاندا گەندەڵی دیاردەی تێپەڕاندووه و بۆته کولتوور و کارەساتێکی ترسناکی هێناوەته ئاراوه، وێرانەیەکی پشتشکێنی له باری ئابووری‌و فەرهەنگي و کۆمەڵایەتي و گشت بوارەکانی ژیاندا خستۆتەوه، لەم کاتەی که دەبوو گەندەڵان و گیرفان بڕەکانی کۆمەڵگا به خۆیاندا بچنەوەو هەر هیچ نەبێت ئەم دزو مافیایانه، که دەسەڵاتیشن، ماوەیەک خۆیان هەڵپەساردایه، تا ئەم نەتەوه ماڵ دزراوه به خۆیدا بێتەوه و دۆخەکه به تەواوی نەیخنکێنێت و چنگیان له گیرفانی هەژارانی برسی دەربهێنایه، کەچی به پێچەوانەوه، وەک چۆن کەسانی ناڕەسەن به لێدان بێتاوانێک ئەخەن، بەوەش دەستبەرداری نابن و ئینجا به لەقه بەردەبنه جەستەی زامداری، ئەمانیش ئاوها بەربوونەته جەستەی داڕزاوی کۆمەڵگاکه و تەڕو وشکی ئەوەی ماوه هەڵیئەلووشن و تێرخواردنیان بۆ نییه.
ئا لێرەدا یەک پرسیار هاته مژمەوه و وتم: باشه ئەگەر ئەم دەسەڵاته کارێک بکات، وەک ئەوەی کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا)دەستی کرد به گیرفانی حەڵاڵی خۆی و خوشکەکەیدا و ئەوەی هەیانبوو کردیان به قوتابخانه و خەستەخانه و وەک دیارییەکی پیرۆز پێشکەشی خەڵکی کوردستانیان کرد، جگه لەوەش هەر له پارەی حەڵاڵی خۆی ئەوەندەی بڕ بکات خزمەتی هەژارانی پێ کردووه، ئەی بۆچی وا له خۆیان و چەند گەندەڵێک ناکەن دەست بکەن به گیرفانی حەرامیاندا، ئەوەی به دزی و تاڵانی کوردستان پەیایان کردووه، هیچ نەبێت هەندێکی بخەنه بواری ئابووری و پینەکردنی ئەو دەلاقه زەبەلاحەی کردوویانەته جەستەی نەتەوەیەکی خێر نەدیوەوه؟
ئەم ماڵوێرانییەی به هۆی ئەم دز و مافیایانەوه دووچاری لایەنەکانی ژیان بووه، ئەگەر ڕێی لێ نەگیرێت، ئەوا خۆی بۆ ئایندەیەک شۆر کردۆتەوه، ڕووناکایی تیا بەدی ناکرێت. کاک جەلال دەمێک بوو ئەم ڕۆژەی نیشانی کاربەدەستان و نەتەوەکەی دابوو، بەڵام له بری ئەوەی به دەنگییەوه بێن، وەک مەترسی و کۆسپ له ڕێی مافیاکاندا، دووریان خستەوه، هەرچەنده ئەو خۆی دەمێک بوو داوای دەستلەکارکێشانەوەی کردبوو، کاتێک به ئاشکرا له گۆڤار و میدیاکاندا زۆر به ڕاشکاوانه دەیگوت : شەرەفمەند نیم بەم پۆسته، من جیسمێکی نامۆم له ناوتاندا.
شایەنی باسه، شوێنی ئەو کاک جەلالەی له بەردەست و کاربەدەسته بچووکەکانی چاودێری داراییەوه تا پله باڵاکانی پێگەکەی فێری عیزەتی نەفس‌و ئەستۆپاکی

کردبوو، ئەو شوێنە درا بە کەسێک، کاتێک بانگهێشتیان ئەکرد بۆ ڕیستۆرانتێک، جگە لەوەی ژنەکەشی لەگەڵ خۆی دەبرد، سەفەرییەکیشی لەسەر حسابی کەسەکە بۆ خەسووەکەشی ئەپێچایەوە. ئەم باسەم بۆ ئەوە هێنایەوە، بۆ ئەوەی بۆ خوێنەری بسەلمێنم دەسەڵاتەکە خۆی ڕێگاخۆشکەرە بۆ تاڵانکردنی وڵاتەکە. ئەگینا خۆ لە دوای کاک جەلال دنیا بەقوڕ نەگیرابوو، کەسێکی لێوەشاوە لە جێگاکەی بکەن بە سەرۆکی چاودێریی دارایی.

ئێستا ئەو دیوانی چاودێری داراییەی لە کاتی سەرۆکایەتی کاک جەلالدا گاردێکی پۆڵایی بوو بەسەر ئاسایشی ئابووری کوردستانەوە، لەوێشەوە بۆ ئاسایشی بوارەکانی تر، بەڵێ ئێستا دامەزراوەیەکی لاواز و پەککەوتەیە، ئەو دەستەی چاودێرییانەی وەکو هەنگ دەهاتن و دەچوون و ڕاپۆرتیان لەسەر گەندەڵی بۆ سەروو خۆیان بەرز ئەکردەوە، ئێستا دەستەوسان و بێکار ماونەتەوە و گەندەڵیش وەکو خۆرە بە جەستەی وڵاتەکەدا بڵاو بۆتەوە.


ئەو کوێرەوەری و وێرانبوونەی ئەمڕۆ یەخەی بە کوردستان گرتووە قەزاو قەدەر نییە، ئەمە بە ئاشکرا مافیاکان بەرپایان کردووە و پێشەکیش زانیویانە چ کارەساتێک ئەنێنەوە.

دارایی کوردستان جگە لەوەی لە عیراقە دزەکەشەوە بۆی دێت، بەشی هەموو ئاوەدانی و گەشەی ئابووری دەکات ژیانی خەڵکەکەشی بە شێوەیەکی شیاو دەکات، کەچی وەک ئاو بکەیتە ناو بێژەنگەوە، کەس نازانێت ئەم هەموو داهاتە چۆن لووش دەدرێت، بە بەر چاوی زەقی هەژارانەوە، بلیۆنێر و ملیۆنێرەکانی کوردستان تیکەی هەژاران لرف لێ ئەدەن و نە حساب بۆ ئاسمان و ئامۆژگارییەکانی ئەکەن، نە بۆ حورمەتی ئەو زەوییەی لەسەری دەژین، بە هەموو پیرۆزییەکانیانەوە.

کاک جەلال ماڵی حەڵالی خۆی کردە دیاری بۆ نەتەوەکەی، دە فەرموو ئێوەی گەندەڵیش ماڵی حەرامی خۆتان، ئەوەی لە نەتەوەکەتان دزیوە، بەشێکی لێ بدەنەوە، یان بڵێین بگەڕێننەوە بۆ خاوەنی شەرعی خۆی کە نەتەوەکەیە، دڵنیام و بە پێی ئەو ئامارانەی لەبەر دەستدان، بە تەنها پارەی دزیی یەک گەندەڵ کوردستان ئەبووژێتەوە، چ جای ئەو ئۆردووە گەندەڵەی بە وڵاتەکەدا ورووژاون و وەک سن و کوللە ئەوەی دێتە ڕێگایان ئەیدوورنەوە.

# کێ لە تۆ ئەچێ!

ئازاد چالاک



ئازاد چالاک، جەلالی سام ئاغا
ماڵی جەلالی سام ئاغا
٢٠٢٠/٦/٥

لە ڕێی زەنگی تەلەفۆنەوە، سەرەتای ئاشنایەتی و دۆستایەتی هەمەلایەنەم لەگەڵ کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا) بەنسیب بوو. هەتا ئەوکاتە زانیارییەکی ئەوتۆم لەسەر کار و چالاکییەکانی دیوانی چاودێریی دارایی هەرێمی کوردستان/ سلێمانی و خودی کەسایەتی کاک جەلال نەبوو، من ئەوکات ئەندامی لیژنەی نەزاهەی عێراق-خولی یەکەم بووم، ئەو منی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە بینیبوو، گوێی لە ڕاو بۆچوونەکانم گرتبوو، لەمەڕ کاری دەزگا چاودێرییەکان و پەتای گەندڵی لە عێراق‌و هەرێمی کوردستان.

بە خۆشحاڵییەوە ڕوومکردە بینای چاودێریی دارایی، هەر لە دەرگای دەرەوە هەستم بە جوانی و ڕێکوپێکی شوێنەکە کرد، کە کاک جەلالیشم بینی بۆ یەکەم جار، سادەیی و ڕۆحسووکی و مەعشەرخۆشیی ئەو پیاوە سەرنجی ڕاکێشام، فەرمانبەرو کارمەندانی ئەو دەزگایەش وەک ئەوەی کاک جەلالیان لە ئاسمانەوە بۆ هاتبێتە خوارەوە ئەهاتنە بەردەستی و خواخوایان بوو کارێکیان پێ بسپێرێ. قسە و باسەکانمان بە کاری لیژنەی دەسپاکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی و هەوڵەکانی دژایەتیکردنی گەندەڵی دەستپێکردو هەر کۆتایی نەهات، نە لەو دانیشتنە و نە لە دانیشتن و چاوپێکەوتنەکانی ترمان، چ لە دیوان و چ لە ماڵی خۆی.

تاکە سەرنج و پرسیارێک کە هەمبووبێت لەسەر کار و چالاکییەکانی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی لەو دانیشتنەدا عەرزی کاک جەلالم کردبێت و قەناعەتم پێی نەبووبێت، ڕستەیەکی یاسای دیوانەکەیە کە ئەویش سوێندخواردنی کارمەندانی ئەو دەزگایەیە، کە دەبێ ڕاپۆرتەکانیان نهێنی بێت و بڵاونەکرێنەوە. هەرچەندە کەم تا زۆر بەشێکی ئەو ڕاپۆرتانە دراون بە لایەن و کەسایەتی و بەرپرسی باڵای هەرێم، بەڵام گرفتی ئەورەی ئەو دەزگایە و تەشەنەکردنی گەندەڵی بە بۆچوونی بەندە ئەوە بوو، کە سوێندخواردن بۆ پاراستنی نهێنی گەندەڵی و گەندەڵکاران خزمەت بە پرۆسەی شەفافیەت و بەربەرکانێکردنی گەندەڵی ناکات.

بۆچوونی بەندە وابوو، کە دەبێت ئەو بڕگەیە لە یاسای دیوان لابرێت و گەندەڵکاران پاش سەلماندنی گەندەڵییەکانیان لە لایەن دادگاوە ئاشکرا بکرێن. ئەگەر

حیزب چاوپۆشی لە مەسەلەی گەندەڵی کرد، ئەوا دەبێت ڕاگەیاندن و ڕای گشتی لێ ئاگادار بکرێتەوە و داواکاری گشتیش بێتە سەر خەت و ڕۆڵی خۆی ببینێ.

کاتێک پۆل بریمەر یاسایەکی بۆ دیوانی چاودێریی دارایی عێراق دەرکرد، زۆر بە ڕوونی نووسیویەتی: دەبێت ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێریی بۆ خەڵک ئاشکرابکرێن و بڵاوبکرێنەوە.

کەمن ئەوانەی هەڵپەی پۆستیان نەبێ، کە پۆستی باڵاشیان بۆ دەستنیشان بکرێ پەسەندی نەکەن، هەروەها زۆر کەمن ئەوانەی دەگەنە پلە و پۆستی باڵا بۆ بەرژەوەندی خودیی و دارایی خۆیان بەکاری نەهێنن و نەیخەنە خزمەت بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیانەوە. ئەم دوو خەسڵەتە هەردووکی لە کاک جەلالدا زۆر بە ڕوونی بەرجەستە بووە. لەوەش زیاتر ئەتوانم بڵێم زۆر دەگمەنن ئەوانەی لەبری زەوتکردنی ماڵی گشتی هەموو ماڵ و موڵکی تایبەتی خۆی بە هاونیشتمانییەکانیان ببەخشن، بۆ کاری خێرخوازی و سوودی گشتی.

دڵنیام ئەم کەسایەتییانە لە جیهاندا وێنەیان هەیە و بڕی ئەو سەروەت و سامانەش، کە پێشکەشی کاری خێرخوازی ئەکەن، زۆر لەوەی کاک جەلال و بنەماڵە بەڕێزەکەی زیاتر بێت، ئەو کارە لای ئەوان بووبێت بە کولتوور، بەڵام لە کوردستان ئەم کارانە زۆر دەگمەنن، بە تایبەت هەموو دەزانین کاک جەلال وەک کەسایەتییەکی بێلایەن لە حیزب و حکومەت سوودمەند نەبووە، نە خاوەنی کۆمپانیا و موڵک و ماڵی بێ شوماریشە، بۆیە بەخشینەکانی ئەم جوامێرە، ئەگەر لە ڕووی نرخ و پارەوە بپێورێ.. ڕەنگە زۆر زۆر نەبێ، بەڵام بەهایەکی مەعنەوی و ئەخلاقی هێجگار گەورەی هەیە و مرۆڤدۆستانە و کوردپەروەرانەیە.

ماوە بڵێم، ئێمە هەموو بە چاک و خراپمانەوە، کە بە چەند دێڕ و ڕستەیەکی جوان ستایشی هەڵوێست و بەها بەرزەکانی کاک جەلال بکەین، خۆ دەبێ ئەم پرسیارەش لە خۆمان بکەین، ئێمە لە کوێی ئەم بەخشش و لەخۆبوردەییە داین؟ بۆچی پیاوچاکەکان زیاتر نابەخشن؟ ئەی لەبەر چی خراپەکاران و گەندەڵکاران ستایشی جوامێری و بەخشندەیی کاک جەلال دەکەن! کەچی خۆیان، کە دەسەڵاتدارن و لەسەر حیسابی حیزب و خەڵک بوون بە ملیۆنێر و ملیاردێر... ئامادەنین بەشێکی بچووکی ئەو سەروەتە بگێڕنەوە بۆ خاوەنەکانیان. ئەگەر ئەوەشیان پێ ناکرێ بە لایانەوە قورسە! با تەنها بۆ ساتێکیش ڕاستگۆ بن و بڵێن ئیتر بۆ لەمەودوا و بۆ داهاتوو دەست لە بینەقاقای خەڵک بەردەدەین.

بسم الله الرحمن الرحيم

# بۆ ڕای گشتیی

## مامۆستا عەلی باپیر

### ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی لە کوردستان



سەردانی مامۆستا عەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی
لەگەڵ چەند هاوەڵێکیدا بۆ ماڵی جەلالی سام ئاغا
٢٠١٧/٧/١٣

سەبارەت بە برای بەڕێزم (م. جەلال)ی سام ئاغا، ئەوەندەی دەزانم و بیستوومە و خۆم دەرکم پێ کردووە و دەرفەتی ئاشنایەتی و دیدارمان هەبووە پێکەوە، دەتوانم لە بارەی بەڕێزیانەوە بڵێم:

١. بەڕێز (م. جەلال) بە یەکێک لە پێشەنگە کەموێنەکان لە بواری کارکردن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پەتای کوشندەی گەندەڵیی دەژمێردرێت، ڕێگرتن لە بەهەدەردانی سەروەت و سامانی گشتیی وڵات، بە تایبەت ئەو کاتەی بەڕێزی ئەرکی سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی لە پارێزگای سلێمانی لەئەستۆ بووە. لەو ماوەیەدا بەڕێزی هەوڵی داوە، هەر لەو سەرەتایەی دەستپێکی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، لانی کەم لە ئیدارەی سلێمانی ڕێگا بگرێت لەوەی پەتای کوشندەی گەندەڵی و بەهەدەردانی سامانی گشتی، ڕەگی خۆی دابکوتێ و بگاتە قۆناغە پڕ مەترسییەکەی، کە بڵاوبوونەوەی ڕۆشنبیریی گەندەڵییە. هەر بۆیە ڕۆڵی جوان و سەرکەوتووی ئەو لەو بوارەدا، لە لایەک بە شارەزاییەکەی لە ڕووی پیشەییەوە، لە لایەکی دیکەوە بە دەستپاکیی خۆی و جورئەتی دەستبردن بۆ دۆسییەکانی گەندەڵی و گەلاڵەکردنی ڕاپۆرتی بابەتییانە، لەسەر کاری فەرمانگەکانی حکومەت و دەستنیشانکردنی کەموکوڕییەکان و بەهەدەردانەکان، جێگای نرخاندنە و هەتا ئێستاش بێوێنەیە.

٢. یەکێکی دیکە لە خەسڵەتە جوانەکانی (م. جەلال) سەخاوەت و بەخشندەییە، کە بە هۆی بەخشینی سەروەت و سامانی خۆی، وەقفکردنی بۆ بواری خزمەتگوزاری و چاکە و بەرژەوەندیی گشتیی و بوونی دەستی هاوکاری لە پرۆژە خزمەتگوزارییەکاندا، بە یەکێک لەو کەسایەتییانەی سنووری پارێزگای سلێمانیی ئەژمار دەکرێت.

بێگومان هەردوو تایبەتمەندێتییەکە لە کەسایەتیی (م. جەلال)دا، سەخاوەت لە زەمەنێکدا، کە سەرەڕای بوونی کەسایەتی و خەڵکی بەخشندە، بەڵام هێشتا سەرمایەدارێکی زۆری دەست نوقاو دەبینین، لە لایەکی دیکەوە: خاسیەتی دەستپاکیی و کارکردن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و بژارکردنی دامەزراوەکانی حکومەت لە گیاکەڵەی بەفیڕۆدانی سەروەت وسامانی ماددیی و مرۆیی، لە سەردەمێکدا کە بە داخەوە گەندەڵیی هەڕەشە لە ژیانی خەڵکی و لەسەرپێ خۆ

وەستانی دامەزراوەکان دەکات لە کوردستاندا، بۆتە هۆی نەزیفێک لە توانا گەورەو فراوانەکان و داهاتی هەرێمی کوردستاندا، کاری بەڕێزیان زۆر دیار و بەرچاوە، بایەخی پیاوێکی بەڕێزو چاکەکاریی وا زیاتر دەدرەوشێتەوە.

بۆیە دوعای خێرو خۆشییم بۆی هەیە، هیوادارم گەنجان بیکەنە سەر مەشقی خۆیان، بە تایبەت لەو دوو سیفەت و تایبەتمەندییەدا، کە سیفەت و تایبەتمەندیی پیاوە گەورەکانن، تا کوردستان لە سایەی کاری کەسایەتییە چاکەکارانیدا بە خێروخۆشیی بژی.

**دڵسۆزی هەموولایەک**

**عەلی باپیر**

**هەولێر ٢٠١٩/٤/٢٤**

# كاك (جەلالی عومەری سام ئاغا)...
# خەرمانی تەمەنت بەرەكەت

**مەلا مەجیدی گوێڕی**

**بریكاری پێشووی وەزارەتی ئەوقاف و كاروباری ئایینی/ ئیدارەی سلێمانی**



**جەلالی سام ئاغا، مامۆستا مەلا مەجیدی گوێری**
**ماڵی مامۆستا گوێری**
**هەولێر - ٢٠١٩**

لە تەنگانە و ناخۆشیدا، لە ڕۆژانی ڕەش و ماڵوێرانیدا، کە ژیان پڕبوو لە کارەساتو ڕۆژانی سەخت، هیچ چارەش نەما بۆ گۆڕین، ئینجا مرۆڤ هەوڵ دەدات فەزایەکی فراوان بۆ خۆی دروست بکات، وەک بڵێی لە جیهانی ماددی بچێتەدەر و بەرەو جیهانێکی (ڕوحی- میتافیزیکی) هەنگاو بچرێت. لەوەتەی دونیا هەیە هەزاران زاناو فەیلەسووف و بیرمەند تا دەگا بە غاندی و ئاینشتاین لە بیرکردنەوەی چاککردنی باری مرۆڤایەتی و میللەتەکەیان نەوەستاون، کە لەژێر باری ئەو حاڵە دژوارەدا دەژین. ساڵەهای ساڵ مرۆڤایەتی ئەو دەردەی وەک ژەهریمار نۆشکرد بە دەستی مرۆڤی برای، لەبەر ئەو هۆیانە ویستوویانە مرۆڤایەتی لە جەوری زەمان ڕزگار بکەن، تا وای لێهات تەرکی ئەو واقیعە تاڵە بکەن بەرەو چیایان و ئەشکەوتان کۆچ بکەن.. خەڵوەتگاهێک (صَومَعە)(١٦) دروست بکەن ژیانی تەنهاییو ڕەبەنی لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی (ترجیح) بکەن. ئەمەش هەڵاتن نەبووە لە ژیان، بەڵکو هەڵاتن بووە بۆ گۆڕینی ژیان لەژێر باری جەور و ستەم و ئیستیبداد بۆ داهێنانی ژیانی مرۆڤانە و پڕ لە ئارامی، ئێستاش مێژوو خۆی دووبارە کردۆتەوە، دەستە دەستە بیرمەندان و زانایان لەپێناو پاراستنی بیروباوەڕ قەوارەی نەتەوایەتی خۆیان. بەڵێ لەو زروفە خراپ و نەشازەدا زۆرێک لە بیرمەند و شاعیر و ڕۆشنبیر لەو واقیعە تاڵە و ڕەشەی کوردستان و بێکەسی کورددا کردنی ڕۆڵەکان و خانمانی بە جارییەو کۆیلە و سەبایا بە بەرچاوی هەموو جیهانی ئیسلامی و غەیرە ئیسلامی، هەروەکو سەردەمی فتوحاتی ئیسلامی دێرین، لەو سەدەی بیستویەکەدا شەرمەزارییە ئەوا بۆ حەفتا و چوارەمین جارە بەسەر کوردانی شەنگال هات.

ئەو جارەیان زۆرێک لە توێژانی خەمخۆرانی گەلی کوردستان ڕوویان کردە (صَومَعە)کەی کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا) مەعبەد و خەڵوەت خانەکەی تۆ، کە بۆتە قوتبی جازبییەت وەک دیوانەخانە هەموویانی لەئامێز گرت، ئەم دیوەخانەی تۆ کە قیبلەگاهی ئاشقانی ڕێگای کورد و کوردستانە، دیوخانی کوردایەتییە یەکێکە لە قوتابخانەی فەلسەفەی کوردۆلۆجی..

بەڵێ پیاوی مەزن سەرکردەی مەزن، ئەمانە ژیانیان لە ڕۆژی مردنیان

---

(١٦) جبل أو مكان مرتفع يسكنه راهب أو متعبد قصد الانفراد.

دەست پێ دەکات خەڵکی تر، کە مردن کۆتایی دێت و کۆتایی بە ناویشیان دێت، فەلسەفەی مردن و ژین وێڵ و حەیرانیان کردووم، کە مرۆڤ لەدایکبوو بۆ دەگری؟ ئەی کە مرد بۆ ناگری؟ خۆ یەکەمیان هاتووەتە بوون (وُجُوُد) دووەمیان دەچێتە نەبوون (عَدَم).

بەڵام تۆی مرۆڤ سەبارەت بەو سیفەتە بەرزانەت وەک دڵپاکی و نەفسبەرزی و خۆنەویستی، لە هەموویان مەزنتر ئەوەیە کە لە ژیانی وەزیفییت زاهید بووی. بەڵام تۆی مرۆڤیش هەروەکو خاوەن مەدرەسەیەکی خۆت بووی لە نیشتیمانپەروەری خاوەن (صَومَعه) بووی بە شێوەی عاریفان حەزیان لە خەڵوەتخانە بووە بۆ دۆزینەوەی ڕێگای حەقیقەت، وەک ڕەبەن بە دوای خۆشەویستە ڕوحییەکەت دەگەڕێیت، خۆشەویستی خۆت و موریدانی خەڵوەتگاهەکەت (صَومَعه)، کە وڵاتەکەتەو لەتلەت کراوە. لەوەتەی تۆم ناسیووە ئینسان بووی بە مانای ئینسانییەت، دڵێکی فراوانت هەبوو، جێگای شانازیی هەموو کوردستان بووی، دوور لە نەعرەی شارگەرایی، کە دەردێکە ئەگەر بڵاوبۆوە زۆر کوشندەیە، وڵات وێران دەکا. ئەوەت باش دەزانی و دژی ئەو نەعرەیە بووی.

ئیتر بژی بۆ کورد و کوردستان و تەمەنێکی درێژ.

۳۰/ ۲۰۱۹/۳

# به ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

## مەلا محەمەد ئەمین چەمچەماڵی

### سەرۆکی پێشوی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان- چەمچەماڵ



ماموستا مەلا حەمە ئەمین چەمچەماڵی، جەلالی سام ئاغا
ماڵی جەلالی سام ئاغا
٢٠١٩

خۆزگە ئەو کەسانەی هەموو تەمەنیان تەرخانکردووە بۆ خزمەتی مرۆڤ‌و مرۆڤایەتی هەرگیز نەدەمردن، خۆزگە ئەو کەسانەی هەموو تەمەنیان تەنیا بۆ سوودی تایبەتی خۆیان خستۆتەگڕ هەر لەدایک نەدەبوون.

**بەڕێز جەنابی مامۆستا.. (جەلالی عومەری سام ئاغا):**

دوای ئەدای سڵاو و ڕێزی زۆرم.. خۆم بە شەرەفمەند ئەزانم کە نووسراوەکانی بەڕێزتانم پێ گەیشت، بە ئەدەبەوە خوێندمنەوە، بەپێی کورتە زانیاری خۆم لە ئاخ و ئازارەکانی دەروونی پڕ لە مرۆڤاییەتی و کوردایەتیتان باشتر حاڵی بووم.

بەڕێزم: ئەم ئاخ و داخانەی جەنابتان منی ڕاکێشایە بەردەم واتای ئایەتێکی قورئانی پیرۆزەوە، کە دەفەرموێت: ((هُوَ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الأَرْضَ ذَلُولًا فَامْشُوا فِي مَنَاكِبِهَا وَكُلُوا مِن رِّزْقِهِ وَإِلَيْهِ النُّشُورُ))(١٩). واتە: خودا ئەو خودایەیە کاتێک ئەم ئەرزە شلە ئاگرینێک بوو بۆتانی (موسەخەر) کرد نەرم و ڕام و ئاسایی کرد، پڕی کرد لە ژیان و گەنجینە و کانزا بەسوودەکان. دە ئێوەش بە چیاکانی وڵاتاندا بگەڕێن، پەند وەرگرن، وڵات بونیات بنێن، ئەم ئەرزە بنەخشێنن، قەدری بگرن، دارایی و سامانەکانتان بپارێزن، لە بەرهەمەکانی سوود وەرگرن، سەرەنجامیش گەڕانەوەو ژیانەوە، چیتان کرد و لەکوێتان بوو. بەڵێ بەڕێزم: بێگومان سەروەت‌و سامان‌و دارایی کۆڵەکەی ژیانە، هۆی پێشکەوتنی هەموو گەلانە. هەرگەلێک بیەوێت وڵاتەکەی ئاوەدان بکاتەوە، بیەوێت لە کاروانی شارستانییەت دوانەکەوێت، پێویستە لە سەرەتاوە دارایی وڵاتەکەی ڕێک بخات.

بەڵێ: ئەو گەلانەی کە ئێستا لە لوتکەی شارستانییەتدان، ئەوانەی بانکەکانیان پڕە لە زێڕ و زیو و نەختینە، ئەوانەی بەرهەمە پیشەسازییەکانیان جیهانی گرتۆتەوە، ئەوانەن: کە توانیویانە لە بواری دارایی و پیشەسازی و کشتوکاڵی و بازرگانیدا خۆیان ڕێک بخەن، ئەوانە ئەو کەسانەن کە وەک مەردی مەیدان کانزا و ئاو و سامانەکانیان، کە خودا لە ئەزەلدا پێی بەخشیون، لەناو سکی ئەرز دەریدەهێنن، وەک سامانی نەتەوەیی دەیهێننە بەرهەم، دەیان پارێزن، چاودێری لێ دەکەن، لە

---

(١٩) الآیة١٥/ سورة الملک.

سوودی گشتی گەل و نیشتماندا بەکاریدەهێنن. زیادەکانیش وەک پێشینان وتویانە: (ماڵی سپی بۆ ڕۆژی ڕەش) بۆ تەنگانەکان بە ئەمانەتەوە هەڵیان دەگرن.

## بەڕێز مامۆستا جەلال:

دوور لە ڕووپامایی و بەبێ مەبەستی سیاسی، ئەوەی بەڕێزتان و یاریدەدەران و فەرمانبەران، لە برایان و خوشکە سەلارەکانی دیوانی چاودێریی، کردووتانە جێی سەروەری و شکۆمەندی خۆتان و گەل و نیشتمانەکەتانە.

مامۆستا سام: ئەوەتا بە وەرگرتنی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی هەرێم.. تۆ (شۆڕشێکت دژی گەندەڵی) ڕاگەیاند – تۆ (جیهادی بێ قیتالت) بەرپاکرد. چونکە تۆ کەست لەو کەسانە نەبوارد کە بە گەندەڵکارت زانیبێت، تا کار گەیشتە ئەوەی ڕاپۆرتەکانتان گەییشتە نزیکی هەزارانەوە.

ئەم بێباکییەی جەنابتان تەنها لە واتای فەرمودەیەکی پێغەمبەر (د.خ) دەبینم، کە لە ڕووداوێکی دزی و گەندەڵکارییدا هەڵوێستی وەرگرتووە، بەئاشکرا دژی وەستاوەو فەرموویەتی: (وَأَيْمُ اللهِ، لَوْ أَنَّ فَاطِمَةَ بِنْتَ مُحَمَّدٍ سَرَقَتْ لَقَطَعْتُ يَدَهَا). واتە: سوێندم بەخوا، ئەگەر فاتیمەی کچی محەمەدیش دزی بکردایا دەستم دەبڕی.

مامۆستا سام: تۆم وەک (لەبیدی کوڕی ڕەبیعەی عامیری) تەمەن (١٤٥) ساڵ، شاعیری (موعەلەقاتی سەبعە)م دێتە بەرچاو، کە لە پێش ئیسلامبوونیدا لەسەر سەحابەیەکی (هاوسێی پەنابەر) دێتە جواب دژی (وەلیدی کوڕی موغییرە)ی (هاوسێی پەنانەدەری زوڵمکەر) لە گەورە گەورەکانی قوڕەیش دەوەستێتەوە، لە شیعرێکیدا دەڵێت: «الا كل شيء وماخلا الله باطل... وكل نعيم لا محالة زائل». واتە: «ئاگاداربن، چی شت هەیە لە خوا بەولاوە بەتاڵە... چی نیعمەتی دونیاش هەیە تاسەر مانەوەی مەحاڵە».

پێغەمبەریش (د.خ) کاتێ هەواڵی ئەم شیعر و هەڵوێستەی ((لەبید)) دەبیستێت بێ ئەوەی هەواڵی ئیسلامبوونی یان ئیسلام نەبوونی بپرسێت بە حورمەتەوە ناوی دێنێت و دەفەرموێت (إِنَّ أَصْدَقُ كَلِمَةً قالتها العرب قَوْلُ لبيد بن ربيعة).. واتە: ڕاستترین قسەیەک کە عەرەب کردبێتی قسەی (لەبیدی کوڕی ڕەبیعەیە)، بەڵێ هەڵوێستی گەورە پیاوان بە درێژایی مێژوو نە لەبیرکراون و نە لەبیردەکرێن.. هەر بەزیندوویێتی دەمێننەوە، وەک حاجی فەرموویەتی:

(مەرگ و ژین میسلی سێبەر و تاوە ... ئەوەی باقی بمێنێت هەر ناوە)

تۆش مامۆستا سام.. کارێکت نەکردووە لە گەورەپیاوانی مێژوو دوابکەوێت،

تۆ لە ئاستی ئەو کەسانەیت کە خۆیان کەمتر نابینن لە ئاستی خەبات و قوربانییەکانی (مەهاتما غاندی و نێڵسن ماندێلا )... هتد.

ئەوەتا لە نیشتیمانپەروەری و بەخشندەییدا کێ وەکو تۆ و بنەماڵەکەتان کردوویەتی: لە بەخشینی خانوو بۆ بنکەی تەندروستی، دابەشکردنی (فائیدەی بانکیی) بەسەر فەرمانبەران و خانمە سەلارەکانی دیواندا، لە دروستکردنی خوێندنگە لەسەر ئەرکی خوشکە (زەکییە خان) یادی بەخێر، لە بەخشینی شوققە بۆ باخچەی ساوایان لەسەر ئەرکی خوشکە (ئەختەر خان).

چیتر لەوە سەربەرزیتر.. تۆ ناوی «پیاوە سپییەکە»ت لێ نرا، لە بەغدا داوات لێ کرا بۆ وەرگرتنی پۆستی وردبینی موچەی گشتی ڕازی نەبوویت، پۆستی وەزیری داراییت پێ بەخشرا ڕازی نەبوویت، لە چەند لاوە داوات لێ کرا بۆ سەرۆکایەتی هەرێم خۆت هەڵبژێریت ئەویشت هەرنەویست.

نەک ئەمانەش، هەقە ئێمەش ئەو قسە نەستەقەی ڕەوانشاد «مام جەلال» یادی بەخێر لەیاد نەکەین، کە لە کاتی دەستلەکارکێشانەوەتدا پێیوتی: (من ڕازی نیم بەدەس لەکارکێشانەوەت، کەی ڕوبعە جەلالی سام ئاغایەکی ترم دەستکەوت، ئەوسا واز لە (سێ ڕوبعەکەی) تر دەهێنم.

بە ڕاستی ئەم وتەیەش دوو ڕاستی گرنگ، کەم بەڵام پڕ مانا دەرئەخات.

١- مام جەلال زۆر هەوڵی دا، بەڵام کەسێکی شایستەی دەستنەکەوت، مام بە «روبعە جەلالێک» ڕازی بوو، کەسێکی واشی دەستنەکەوت.

٢- تۆش کە فەرمووت «من جسمێکی غەریبم لەناوتاندا»، ڕێک وا دەرچوو.


چونکە ئەگەر سام ئاغایەک دەستکەوتایە، کێ بە «ڕوبعە جەلالێک» ڕازی دەبوو؟!

هەمیشە بە هیوای سەربەرزی و تەندروستی و بەردەوام بوونتانم.

لەگەڵ ڕێزی زۆرم

# (٤٥) ساڵ لەنێوان جەلالی سام ئاغا و بەندەدا

**فەرهاد عەونی**



فەرهاد عەونی، جەلالی سام ئاغا
ماڵی فەرهاد عەونی
هەولێر - ٢٠١٨

لە ڕۆژێکی تەڕوتوشی بەهاریساڵی (١٩٧٤)دا لە ناوپردان ژوورەکەی خۆم، کە لە تەنیشت ژوورەکەی شەهید (دارا تۆفیق)ەوە بوو، دانیشتبووم، کە ئەو کاتە لە دەیەی یەکەمی مانگی ئازاردا بووین.. ئەم دوو ژوورە لە سەرەتادا بۆ ڕێکخستنی کاری ڕاگەیاندن تەرخانکرابوو، پاش ئەوەی سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلول بە تەواوی هاتبووە ئەو قەناعەتە، کە حکومەتی بەعس جارێکی دیکە گەڕ بە شۆڕشی کوردستان دەکات و شەڕی یەخەگیریی لەگەڵدا دەکات، چونکە وتوێژ و چوونو هاتنەکانی نێوان هەردوولا نەگەیشتنە ئاکام، وەکو بەعس دەیەویست. ئێمەی ڕاگەیاندکارانی کوردستانیش، ئەوانەی لە ڕیزی بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردستان حسێب دەکراین پەیتا پەیتا هەندێکمان بەرەو ناوچە ئازادکراوەکان هەڵدەکشاین، بە تایبەتیش بۆ دۆڵی (باڵەکایەتی)، کە ئەوکاتە پایتەختی سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلول بوو و بریتی بوون لە شار و شارۆچکەکانی (گەڵاڵە، ناوپردان، چۆمان، دەربەند رایات، بابەکراوا، ئازادی، حاجی ئۆمەران).

لە سەرەتادا و لە نێوەندی مانگی ئازاری ئەم ساڵە شەهید (دارا تۆفیق) لێپرسراوێتیی ڕێکخستنی سەرەتای کارە ئیدارییەکانی ڕاگەیاندنی پێ سپاردم، چونکە لە ناوەڕاستی ساڵی (١٩٧٢)ەوە ئەرکی بەڕێوەبەری (دار التآخي)، کە هەردوو ڕۆژنامەی (التآخي و برایەتی)ی تێدا دەردەچوو، لە ئەستۆی بەندەدا بوو و تێیدا کاکە دارا سەرنووسەری هەردوو ڕۆژنامەکە بوو، زۆر باشیشی دەزانی کە بە چ گیان و لێپرسراوێتییەوە کار و ئەرکەکان هەڵدەسووڕێنم و بەڕێوەی دەبەم.

بارەگا کاتییەکەی ڕاگەیاندن لە سەرەتادا ئەو دوو ژوورە بوو، کە تێیدا ژووری یەکەم بۆ لێپرسراوی ڕاگەیاندن تەرخانکرابوو، ئەویش کاکە دارا بوو، ژووری دووەمیش هی (بەندە) بوو لەگەڵ مێزێک و چەند کورسییەکی ئاسن کۆیکردبووینەوە، سەرەتای کارەکان تەنها وەرگرتن بوو (استعاب)، وردە وردەش ئامادەکاری بۆ پەخشی تەواوی ڕادیۆی دەنگی کوردستان دەکرا، کە کۆمەڵێک لە نووسەر و ئەدیب و ڕۆژنامەنووس و شاعیری سەرقاڵکردبوو، بە مەبەستی پەخش تاکە دەنگیی شۆڕش ڕادیۆی (دەنگی کوردستان) بوو.

لە سەرەتاکانی ڕۆژانی وەرزی ئەو بەهارە، ناوە ناوە ئەوانەی پەیوەندییان

بە شۆڕشەوە دەکرد، بە تایبەتیش ئەو برایانەی لە ڕاگەیاندن و کاری ڕۆشنبیرییەوە نزیک بوون بۆ ناونووسین، یاخود دیدەنی کاکە دارا سەریان بە ژوورەکەی مندا دەکرد، کە تێیدا برایان (ئەنوەر عەبدوڵڵا و عەبدولقادر حەمەد ئەمین) هاوکارم بوون، لە سەرەتادا بۆ جێبەجێکردنی ئەرکی وەرگرتن و تۆماری ناوەکان، لەو کات و ساتەدا دەمەو عەسرێکی درەنگی ڕۆژێکی باراناویی ئەو بەهارە بوو سێ برادەر کە هیچیانم نەدەناسی هاتنە ژوورەوە، پاش سڵاوکردن و بەخێرهاتنانیان کاتێ لێیان وردبوومەوە لە قسە و جلوبەرگ و بەستنی جەمەدانییەکانیان بە خەڵکی شاری سلێمانی خۆیان نیشان دەدا، دیاربوو حەزیان بە دیدەنیی کاکە دارا دەکرد، ماوەیەکی باش لامان دانیشتن بە قسە و هەواڵی سلێمانیو دەوروبەری و دەستپێکردنەوەی شۆڕش کاتمان بەڕێدەکرد، ناوەناوەش تەماشای دەفتەرەکەی بەردەمم دەکرد بۆ ئەوەی ناوەکانیان لە کاتی گونجاودا بۆ کاکە دارای بنێرم، کە پاش خۆناساندن بەدیارکەوت یەکێکیان کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا) بوو، کە بەڕێوەبەری کارگێڕیی زانکۆی سلێمانیی ئەو سەردەمە بوو، دووەمیانیش کاک (کەمال ئیبراهیم)ی فەرمانبەری یەکێ لە دائیرەکانی سەر بە وەزارەتی بازرگانی یان دارایی بوو، بەڵام سێیەمیانم بیر نەماوە، کە کێ بوو و ناوی چی بوو.

سەرەتای ناسینی من و کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا) بۆ ئەو ڕۆژەو ئەو سەردەمە پیرۆزە دەگەڕێتەوە، کە تاکو ڕۆژانی ئەمڕۆ و تا نووسینی ئەم چەند دێڕە نێوانمان (دوو برا و دوو هاوڕێ و دوو برادەری زۆر لێک نزیکین)، سەردانی یەکتری و پەیوەندیی تەلەفۆنیمان بە بەردەوامی ماوەتەوەو دەمێنێ.

لە ڕۆژەکانی شۆڕشی ئەیلول و قۆناغی ساڵانی ١٩٧٤-١٩٧٥ کاک جەلالو بەندە ڕۆژانە زیاتر لێک نزیک دەبووینەوە، کە لە سەرەتادا پاش ڕێکخستنی کاروباری شۆڕش و دامەزراندنی ئەمینداریتییەکان (وەزارەتەکان)، کە تێیدا ئەمینداریتی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری و لاوان یەکێک لەو ئەمینداریتییانە بوو، کە هەر لە سەرەتاوە زوو کەوتە کارکردن و ڕێکخستنی دامەزراوەکانی، ئەمەش بە شێوەی ئەو خشتەیەی خوارەوە بوو:

کە تێیدا لە نێوەندی ئەو بەڕێوەبەرییە گشتییانە سەدان ڕۆشنبیر، ئەدیب، شاعیر، ڕۆژنامەنووس، وەرگێڕ، زمانزان، موزیکوان، ئەکتەر، هونەرمەندی شێوەکار، کارمەندی ئیداری و پێشمەرگەی پاسەوان کاریان تێدا دەکرد، هەر بەڕێوەبەرایەتییەکیش ڕۆژانە ئەرکی خۆی بە تەواوی جێبەجێ دەکرد، لێرەدا نامەوێ بچمە نێو پانتایی کاری ئەو

ئەمینداریێتییە، کە ڕۆڵی پێشەنگی دەبینی، چ لە ڕووی کارگێڕی و دارایی، چ لە ڕووی هونەری و پەخشی ڕادیۆیی و چاپەمەنی، بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستە ڕۆڵی ئەو برا دڵسۆز و ڕاستگۆ و پاک و بێگەردەیە، کە توانی ببێتە (کۆڵەکە)ی ناوەندی ئەم ئەمینداریێتییە بەرچاوە، کە ئەویش برای هێژامان کاکە جەلالی عومەری سام ئاغا بوو.

هەر لە سەرەتاوە کاک جەلال مرۆڤێکی زۆر بەدیسەپلین بوو، سەرەڕای کارگێڕیکی نموونە لە کاروباری ڕۆژانەدا، کە تێیدا سەرجەم کارمەندان حسابیان بۆ دەکرد، چونکە ڕێزی لە هەموو کارمەندان دەگرت و بەوپەڕی خۆشی و ڕاستگۆییەوە کارەکانی بۆ جێبەجێ دەکردن، بەڵام لە هەمان کاتیشدا بە شێوازێک وردبینی لە فەرمانە کارگێڕییەکان و لیستی حیسابات دەکرد، کە بە هیچ شێوەیەک کاری نادروست و خواری بەسەردا تێنەدەپەڕی، هەمیشە بە دەستەواژەی (کاکی خۆم) بابەتەکانی یەکلادەکردەوە.

| | |
|---|---|
| **ئەمینی گشتیی ئەمینداریێتییەت** | شەهید دارا تۆفیق |
| **جێگری ئەمینی گشتی** | د. کەمال مەزهەر |
| **بەڕێوەبەری گشتیی کارگێڕی و دارایی** | (جەلالی عومەری سام ئاغا) |
| **بەڕێوەبەری گشتیی ڕاگەیاندن** | خوالێخۆشبوو فەلەکەدین کاکەیی |
| **بەڕێوەبەری گشتیی ڕۆشنبیری** | تەڵعەت نادر |
| **بەڕێوەبەری گشتیی لاوان** | فەرهاد عەونی |

لەو سەروبەندەدا (د. کەمال مەزهەر و خوالێخۆشبوان د. کەمال خەیات و د.دارا ڕەشید جەودەت لەگەڵ سیروان عەبدوڵڵا سەعید و بەندە) پێکەوە لە یەکێ لە خانووەکانی ناوچەی ئازادی دەژیاین، ژیانمان پێکەوە بوو، کاک جەلال و بەندە زۆر لێک نزیکبووین، شەوانە بە گوێگرتن لە ئێستگەکان و ئاڵوگۆڕی شەپۆلی ڕادیۆکان سەرقاڵی دەکردین، سەرەڕای خوێندنەوەی ئەو بابەتانەی کە ئەوکاتە دەکەوتنە بەردەست. زۆر جار کاک جەلال کارە کارگێڕییەکانی شەوانە دەهێنایەوە ماڵ، کە من بۆ خۆم ئەم دیاردەیەم لە دوو لێپرسراوی شۆڕش دەدیت کە ئەم کارەیان بە ڕۆژ و بە شەو ئەنجام دەدا یەکەمیان (خوالێخۆشبوو کاکە خەسرەو تۆفیق)ی زێدە دڵسۆز و پاک و بێگەرد و بەتوانا بوو، دووەمیشیان (کاک جەلالی عومەری سام ئاغا) بوو، وەکو لە پێشەوە ئیشارەتم پێ داوە. بۆ بابەتی حیساب و پارە و خەرج و وردبینی برا و برادەری نەدەناسی، بە هیچ شێوەیەک هەڵەی بەسەردا نەدەڕۆیشت. بۆ نموونە، لە سەفەرێکدا بۆ (تاران)، کە سیروان عەبدوڵڵا

سەعید و بەندە تەکلیف کرابووین بۆ کڕین و هێنانەوەی پێداویستییەکانی ئێستگە و چاپخانەی شۆڕش و ئیدارە و ماوەی (٢٢) ڕۆژی پێچوو، چونکە کەلوپەل و وردە کارییەکان یەکجار زۆربوون، کە تێیدا ڕۆژانە ڕەزامەندیی دەزگا پەیوەندیدارەکانی دەویست لە تەک ئاغای (کیسەچی)دا کە ئەو سەردەمە (کیسەچی) نوێنەری یەکێ لە دەزگا تایبەتییەکانی حکومەتی ئێران بوو بۆ ڕێکخستنی کارەکانی شۆڕش. لە گەڕانەوەماندا لەنێوان هەردوو سنووری دەستکرد-دا ڕێک لەنێوان گوندی شیوەڕەش و سنووری وڵاتی ئێران، کە بەندە و سیروان هەر یەکێکمان لەگەڵ ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگری گەورە سوار ببووین، لەو کات و ساتەدا تووشی کاکە دارا بووین کە بەرەو ئێران دەچوو، ئۆتۆمبیلەکانمان ڕاگرت و ئێمە هاتینە خوار، کاکە داراش بە هەمان شێوە، کاتێ کاکە دارا ئەو هەموو کەلوپەلەی دیت کە بە دوو ئۆتۆمبیلی سەربازیی گەورە هێناومانەتەوە، خۆشحاڵیی خۆیی دەربڕی و گوتی: (کارێکی زۆر چاکتان کردووە، دەستتان خۆش بێت کەلوپەلەکان لە حاجی ئۆمەران لای کاکە ئەحمەد حاجی دابنێن و تەسلیم بە ئەوی بکەن، بە دەور و تەسلیم، پاشان ئێمە دەیگوازینەوە بۆ کۆگای تایبەتیی چاپخانە و ئێستگە، بەڵام پێم بڵێن ئەم ئۆتۆمبێلانەتان چۆن دەستکەوتووە؟) ئێمەش (بەندە و سیروان) لە وەڵامدا گوتمان: لە تاران.. پاش داواکردنی ئێمە، ئاغای کیسەچی بۆی جێبەجێکردین، لە تارانەوە بۆ حاجی ئۆمەران، چونکە هێنانەوەی ئەو جۆرە کەلوپەلانە ڕەزامەندیی تایبەتیی دەویست)، بۆیە کاتێ کاکە دارا گوێبیستی قسەکانمان بوو یەکسەر گوتی: (مادام وایە یەکی هەزار تومەن کە ئەو کاتە بەرامبەری پەنجا دیناری خۆمان بوو وەکو پاداشت پێیان بدەن و نانی نیوەڕۆیان بۆ دابین بکەن)، کارەکانمان وەکو ئەو گوتی جێبەجێکرد و پاداشتەکانیشمان بە شۆفێری ئۆتۆمبیلەکان دا.

دوا قۆناغی کۆتاهاتنی ئەم بابەتە (حیساب و کتاب بوو) لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتیی دارایی و کارگێڕی، کە ئەویش کاک جەلالی عومەری سام ئاغا بوو. لە سەرەتادا گوتی (حساباتی ئێوە سەرێکی سارد و کاتێکی ئارامی دەوێ، چونکە مەسروفاتەکە زۆرە.. وردەکاریی زۆری تێدایە، جارێ با لە پێشەوە ژمێریار کاک (بەختیار جیاووک) بیبینێ و تێبینیی خۆی بنووسێ، شەو کە چووینە ماڵەوە کاتێکی باشی بۆ تەرخان دەکەین بە مەبەستی (تەسویەکردنی).

هەمان شەو هەرسێکمان کاک جەلال و سیروان و بەندە لەبەر چرا و لالە نەوتییەکە سێ قۆڵی پەڕ بە پەڕ و وەسڵ بە وەسڵ بە قەڵەمێکی سوور شەنوکەو کرا، بەڵام لە دوا بڕگەدا کە پاداشتی (١٠٠) دیناری دوو شۆفێرە ئێرانییەکە بوو، کاک جەلال لەسەری ڕاوەستا و گوتی:

(برايينە ئەم سەد دينارە وەسڵی نييە، ناتوانم تەسويەی ئەم حيساباتە بکەم، باشە ئێوە چۆن بەبێ ڕەزامەندی و بەبێ وەسڵ سەد دينار دەبەخشن، ئەمەيان لە قتووی هيچ عەتارێکدا نييە، دەبێت لەسەر ئێوە حيساب بکرێت، چونکە لەگەڵ ئوسوڵی حيسابات يەک ناگرێتەوە).

منيش لە وەڵامدا بە کاک جەلالم گوت: کاکی برا ئەم سەد دينارە لە سنوورو لەسەر ڕێگای گشتی بەم دوو شوفێرە دراوە، بە ئەمری ئەمينداری گشتی کە ئەويش (کاک دارا تۆفيق)ە و بەرەو ئێران دەچوو، هيچ مەعقولييەتيشی تێدا نييە ئێمە لەو کات و ساتەدا داوای وەسڵ لە دوو شوفێری سەربازی بکەين، کە بە فەرمان هاتوونەتە کوردستان، برا چۆن شتی وا دەکرێ!.

کاک جەلال: (برايينە قسەکانتان ڕاستە من نکۆڵی لە ڕاستگۆيی و دەستپاکی ئێوە ناکەم، بەڵام من چۆن دەتوانم شوێنی ئەو سەد دينارە بکەمەوە، کە وەسڵی تايبەتیو ڕەزامەنديی لەگەڵ نييە، کاکينە ئەمە حساباتە حسابات).

لە وەڵامدا بە کاک جەلام گوت: کاک جەلال مەسەلەکە (تەعقيد) مەکە، چۆن چارەسەری ئەم بابەتە بکەين.

کاک جەلال: (هەر سبەينێ هەردووکتان بە جووتە سەردانی کاک دارا تۆفيق بکەنو داوای لێ بکەن بە نووسراوێک ئاراستەی ئێمەی بکات و تێيدا بە (صريح العبارة) بنووسرێ، کە ئەو فەرمانی بە سەرفکردنی ئەو سەد دينارە داوە، بيرتان نەچێت لە نووسراوەکەدا مێژووی پێدانی پارەکەش بنووسرێ.)

بەهەرحاڵ، بەيانی لەسەر داوای کاک جەلال سەردانی کاکە دارامان کرد و مەسەلەکەمان بۆ باس کرد، پاش نەختێ کاکە دارا بە زەردەخەنەيەکەوە دەستی بۆ سەروپرچی برد و زۆر بە هێمنی گوتی (باشە خۆ ئێوە و کاک جەلال لە يەک خانوو دەژين هاوڕێ و دۆستی يەکترين و ئاگاداری پارەکەيە، بۆ حساباتەکەتان تەسويە ناکات، خۆ حيساباتی (بلانجۆ) نييە، پێی بڵێن بە ڕەزامەنديی من ئەم پارەيە سەرف کراوە و پێويستيی بە نووسراوی ڕەسمی نييە).

بەندەش لەسەرخۆ بە کاکە دارام گوت: کاک دارا ئێمە ماوەی چەند مانگێکە پێکەوە لە ئازادی لە يەک خانوو دەژين، دۆست و برادەری يەکترين، بەڵام کاک جەلال لە حيساباتا حيساب بۆ هيچ ناکات غەيری وسوڵات و وردبينی لە حيسابات، نووسراوەکەمان بۆ بکە دەنا بە خوا دەبێتە چيرۆکی (عەنتەر). کاک دارا ديسان زۆر لەسەرخۆ گوتی: ڕاستە دەبێت حيسابات وابێت، بۆيە هەموو (سەلاحياتێکم) بە کاک جەلال داوە، باوەڕيش ناکەم لە هيچ ئەميندارێتييەکەی ديکە وەکو ئێرە کارەکان وا بە ڕێکوپێکی بڕوات، چونکە خەڵکانی وەکو کاک جەلال و ئێوە و ئەو

کارمەندە دڵسۆزانە بەم شێوەیە کاری تێدا دەکەن. کاتێ نووسراوەکەی ئیمزاکرد لە پەراوێز بە دەستی خۆی ئەم دێرەی نووسی «کاک جەلالی بەڕێز، زۆر سوپاس بۆ تێبینییەکانت، هیوادارم نموونەتان زۆر بێت».

ڕۆژانی پاش ١٩٧٥/٣/٦م بیر ناچێ، کە تێیدا شۆڕش تووشی کارەساتێکی جەرگبڕ ببوو.. لە ئاکامی ئەو خیانەتەی بەرامبەر گەلی کورد کرا و بە ڕێککەوتننامەی جەزائیر ناوزەد دەکرێ و تێیدا هەردوو دوژمنە کۆن و قین لە دڵەکە (عێراق و ئێران) ڕێککەوتن، کە ئەوکاتە لە حیسابی سەرکردە و سیاسەتمەداران و ئێمەدا نەبوو، لەپڕ کۆتاییان بە ئامانج و هیوا و خەونی کورد هێنا، ڕۆژی پاشتر بەرەو بارەگای ڕاگەیاندن بە دڵشکاوییەوە بۆ لای کاک جەلال چووم، لەو کاتەدا ناسر زاهر حسێن لای کاک جەلال دانیشتبوو سەرقاڵی وردبینیی دۆسییەیەکی کارگێڕی بوون، کاتێ سڵاوم کرد کاک جەلال یەکسەر دەموچاوی خوێندمەوە و گوتی (قوربان سیاسەتیش حساباتی خۆی هەیە و ئەویش هەڵە قبوڵ ناکات، وا دیارە ئێمە بەهەڵە دۆستەکانمان خوێندۆتەوە، کە ئەم دیاردەیەش هەمیشە قەدەری کورد بووە)، بۆ چەند کاتێک کەوتینە بێنەوبەردەی سیاسەت و بارودۆخی ئەم ڕۆژە بەو هیوایەی مەسەلەکە بە شێوەیەکی دیکە گوزەر بکات و تێیدا (دەریچە)یەک بۆ شۆڕشی کورد بدۆزرێتەوە.

قەدەری کاک جەلال و بەندە و سەدان هەزاری وەکو ئێمە بە گەڕانەوە بۆ عێراق شکایەوە، بۆیە هەر زوو سەری کاک جەلالم دا لە سلێمانی، کە ئەوکاتە ماڵی باوکی لە گەڕەکی سەرشەقام بوو. کاک جەلال هەندێ جار (طقوس)ی تایبەتیی خۆی هەیە، بە تایبەتی ئەگەر (دیوە نەرێنییەکەی ڕۆژگار لەئارادابوو)، کە ئەویش جۆرێکە لە (مانگرتن) لە ژیان، لەدەوروبەر، لە خۆشی و تێکەڵاویی دەرەوە، بە تایبەتی لەو کاتانەی ئەو لە سلێمانی بوو مرۆڤ وای هەست دەکرد کاک جەلال ئەو خۆی بە هۆکاری نسکۆی شۆڕشی ئەیلول دەزانی، کە بێگومان ئەم بۆچوون و دیاردەیە تەنها (لە دڵسۆزان و خەمخۆرانی وڵات) بەدی دەکرێ.

پاش دوورخستنەوەی لە سلێمانی، کە پێشووتر بەڕێوەبەری کارگێڕیی زانکۆی سلێمانی بوو، لە وەزارەتی بازرگانی لە بەغدا بووە فەرمانبەرێکی ئاسایی، لە یەکەم سەردانم بۆ لای ئەو دائیرەکەی لە نزیک (ساحەی الخلانی بوو) لە ژوورێکی ئاسایی، کە سێ مێزی ئاسنی ڕەقوتەقی لێ بوو لەگەڵ فەرمانبەرێکی بە ڕەگەز عەرەب، دیمەنەکەم لا سەیرنەبوو، بەڵام جۆرە خەم و دڵگرانییەک دایگرتم کە کاک جەلالم لە سێ دیمەندا دەهاتە بەرچاو، دیمەنی یەکەم زانکۆی سلێمانی و ژووره ڕێکوپێکەکەی کارگێڕی بوو، نزیک لە دەفتەری سەرۆکی زانکۆ، دیمەنی دووەم ژێر چادرەکەی

ڕاگەیاندنی شۆڕش بوو لە کوردستان، بە پانتایی دوو بە سێ مەتر، کە لە ژێری چاڵێکی بۆ هەڵکەندرا بوو بە مەبەستی پاراستن لە بۆردومانی تەیارە، کە تێیدا کاک جەلال خاوەن فەرمانی ڕاست و دروستی حیسابات و کارگێڕی ئەو ئەمینداریێتییەی شۆڕش بوو، دیمەنی سێیەمیش ئەو دیمەنە بوو کە تێیدا کاک جەلالم بە (نامۆ) لەو شوێنە لە بەغدا دەهاتە بەرچاو، بە چاو لێکتێگەیشتن دۆخەکەم خوێندەوە، تا کۆتایی دەوام ماینەوە پاشان لە لای (ساحه الطیران)ەوە بەرەو ماڵەکەی هەنگاومان نا، کە لە دەوروبەری شەقامی (النضال لە گەڕەکی بەتاوین) بوو. کاتێ گەیشتینە ماڵەکەی، کە بریتی بوو لە ژوورێکی پان و بەرین، جگەرەیەکم داگیرساند و بەدەمیەوە پرسیارێکم ئاڕاستە کرد (دەبێت ئەم گەمەیەش کەی کۆتایی پێ بێت؟!)، وەڵامەکەی کاک جەلال لەو ڕۆژەوە تاکو ڕۆژانی ئەمڕۆ ئەوەیە کە هەمیشە دەیڵێتەوە (سەدان ساڵە ئێمە بەم دەردەوە دەناڵێنین کە سەرکردایەتیی سیاسی کورد لە زەمان و مەکانی جیادا خوێندنەوەیەکی بابەتیانەیان نییە بۆ دۆزی گەلەکەیان، نەخۆشییە خۆییەکانیش بە بەردەوامی لەگەڵمان دەژی، وەکو شانەی شێرپەنجەیە بە هێمنی جەستەمان دەخوات، نەخۆشییەکانیش بریتین لە گەندەڵی، خۆ بە زلزانین، قبوڵ نەکردنی یەکتر، شەڕی برا و خۆکوژی، بەفیڕۆدانی سەروەت و سامانی ئەم میللەتە، دەوڵەمەندبوونی سەرکردەکانی لەسەر حیسابی خوێنی شەهیدان و تێکۆشەران، سەرەڕای نەخوێندنەوە و دەستنیشان نەکردنی دۆست و دوژمن لە هاوکێشە سیاسییەکاندا، غیابی عەقڵ و مەنتق کە هەمووی وەکو ڕۆژی ڕووناک دیارە، سەرەڕای هەموو ئەمانەش حزبایەتیی سەقەت و تەسکی بێمانا بۆتە پردی پەڕینەوە بۆ مەبەستێک کە نێوانی دووری ئاسمان و ڕێسمانە، دوور لە کوردایەتی، سەرەڕای ئەو هەموو نەخۆشیانەش سەرکردەکان نە بە (مەنتق، عەقڵ، بەرژەوەندیی باڵا، کوردایەتیی ڕاستەقینەی بێ غەلوغەش، جیانەکردنەوەی دۆست و دوژمن، شەڕ بە کۆنەقین) بیریان نەک هەر لە چارەسەرکردنی ئەو دیاردەو نەخۆشییانە نەکردۆتەوە، بەڵکو خۆشی لێ گێل دەکەن، کۆمەڵگا شێواوە، وەفا و ڕاستگۆیی خەریکە لەم کوردستانە بار دەکا، خۆ دەوڵەمەندکردن لەسەر حیسابی موڵک و میللەت مەیدانی هەمیشەییانە، نائومێدی، جنێودان، تووڕەبوون، کۆچکردنی بە کۆمەڵ بۆ دەرەوەی وڵات، لێکترازانی خێزان سیمای ئاشکرای ڕووی کۆمەڵایەتیی خەڵکی کوردستانە، تەنانەت لەناو سەرکردایەتیی یەک حزبیش تەبایی باری کردووە، ئەوجا نازانین بۆ ئێمەی (خەمخۆر) قوڕی کوێ بەسەری خۆماندا بکەین).

پێش و پاش ڕاپەڕینیش لەگەڵ کاک جەلال بە بەردەوامی یەکترمان بەسەرکردۆتەوە، لە سەرەتای شەڕی ناوخۆش ١٩٩٤ کاک جەلال کەوتە ناوەندی

ئەو لیژنەیەی کە بۆ لەعنەت لە شەڕی خۆکوژی و سەقامگیریی ئاشتی لە کوردستان لەگەڵ کۆمەڵێک لە خەمخۆرانی ئەم وڵاتە لە سلێمانییەوە سەردانی هەولێریان کرد، لە ئوتێل هەورامان دوو بە دوو لەو کات و ساتەدا یەکترمان گرتەوە، ئاخەکانمان یەک بوون، خەمەکانیشمان هەر یەک بوون، پەرۆشیش بۆ بەرژەوەندیی باڵای گەلی کوردستانیش هاوڕای تەواوی یەکتری بووین، بەڵام (ئیرادەی شەڕ لەسەر پاوانکردنی دەسەڵات و پارە لەم وڵاتە لە لایەن هەردوو زلهێزەکەوە ئامانجی سەرەکیی ئەو ڕۆژگارەی پاوانخوازان بوو، بۆیە نەدەکرا و نەدەلوا ئیرادەی خێرو ئاشتیخوازی سەربگرێت)، بەڵام دیسان کاک جەلال وەزیفە و لێپرسراوێتیی حکومی بۆ ئەوە تەرخانکردبوو کە بتوانێ (گەندەڵی بە هەموو مانا و وشەوە) لە گۆڕ بنێ و هەمیشە دروشمی (دەبێت شۆڕشێک دژی گەندەڵی و گەندەڵکاران بەرپا بکەین)، شۆڕشەکەی بەرپا کرد، گۆمەکەی بە تەواوی شڵەقاند، ڕاپۆرتەکانی کە لە ژمارە نایەن خەڵکانێکی زۆری تووڕە کرد، ئاگرەکەی پەرییەوە بۆ تەواوی هەرێمی کوردستان، ڕاپۆرتەکانی، دیمانە ڕۆژنامەوانییەکانی، نامەکانی کە ئاڕاستەی لێپرسراوانی گەورەی کوردستان دەکرد ئەو دەست و ئەو دەستی دەکرد، ئەگەر ئیرادەی ڕاستەقینە هەبا دژی گەندەڵی خەریک بوو کودەتایەکەی سەری دەگرت، بەڵام بە تەواوی هەوڵەکان سەرنەکەوت، عەرشەکەی (عەرشی گەندەڵکاران)ی پێ تێکنەدرا، بەڵام ئەو توانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان هۆشیاربکاتەوە و هێزی بەرەنگاربوونەوەی زیاتری پێ بەخشین، بۆیە ناونرا (پیاوە سپییەکە).

ئەو کاتەی بەندە نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بوو، وتارێکم بە زمانی عەرەبی لە گۆڤاری (الصحفی) ژمارە (٦٩)ی مانگی ئەیلولی ٢٠١٠ نووسی لە ژێر ناوی «الحرص علی المال العام من ساسون حسقیل إلی جلال عمر سام آغا وللتاریخ لسان» تێیدا باسم لە یەکەم وەزیری دارایی عێراقی (ساسون حسقیل) کردبوو، کە لە وەزارەتی (طالب النقیب)ی یەکەم و دووەم لە ١٩٢٠-١٩٢٤ دواتریش بۆ چەند ساڵێک بە وەزیری دارایی مایەوە، کە ئاشکراشە کا ساسۆن لە نەتەوەی جوولەکە بوو، هۆکاری سەرەکیی هەڵبژاردنیشی بۆ ئەم وەزارەتە گرینگە دەستپاکیو لێهاتوویی ئەو پیاوە بوو، کە تاکو ڕۆژانی ئەمڕۆش بووەتە (سومبول)ی پاکی و خاوێنی ئەو مرۆڤە، کە تێدا بە دەیان جار لەگەڵ سەرۆک وەزیران و وەزیرانی ئەو سەردەمە بۆ دە دینارێک کەوتۆتە (مەیدانبازی) و ململانێ، هۆکاری نووسینەکەشم (خانەنشین)بوونی هاوڕێم کاک جەلال بوو لە پۆستی سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتیی چاودێریی دارایی، پاش مانەوەی حەوت ساڵ لەم ئەرکە گەورەیە، کە بە مانای وشە گەورەبوو سەرەڕای گەورەیی کاک جەلال خۆی کە

توانی به شمشێری پۆڵایینی به‌ره‌نگاری (دیارده‌ی گه‌نده‌ڵی ببێته‌وه له كوردستان)، تێدا هیوای ئه‌وه‌شم خواستبوو كه یاسایه‌ك هه‌بوایه سالی خزمه‌تی ئه‌و جۆره مرۆڤانه تاكو تاقه‌تیان مابێت له‌و شوێنانه بمێننه‌وه، پاش ره‌زامه‌ندیی خۆیان، كه بێگومان له به‌رژه‌وه‌ندیی باڵای گه‌لی كوردستانه.

كاك جه‌لالم ئاوا ناسی. له قۆناغی دواساڵانی شۆڕشی ئه‌یلول بوو، كه به درێژایی ئه‌و ماوه‌یه هه‌ردووكمان وه‌كو خۆمان ماوین سه‌ره‌ڕای جیاوازیی (شوێن و پۆست) و دوو ئیداره‌یی ئه‌م وڵاته، كه هه‌رگیزاو هه‌رگیز لای كاك جه‌لال و به‌نده قابیلی قبووڵكردن نه‌بووه و نابێت.

# هەڵوێستێك..

# هەر لە جەلالی سام ئاغا دەوەشێتەوە

ئاسۆس هەردی

لە لایەن «دادگای کەتن»ی سلێمانییەوە ڕاسپێردرابووم بۆ هەڵسەنگاندنی دۆسییەی سکاڵایەک، کە پەیوەندیی بە بڵاوکردنەوەوە هەبوو. سکاڵاکار کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا) و سکاڵالێکراویش ڕۆژنامەنووسێک بوو کە نەم ئەناسی. سەرەتا دوودڵ بووم لە وەرگرتنی ئەرکەکە، چونکە کاک جەلال هەم هاوڕێ و ڕای گەورەمە هەم خزمایەتیشمان هەیە، جگە لەوەش لایەنی بەرامبەر هاوپیشەم بوو، بەڵام دواجار بڕیارم دا خۆم تاقی بکەمەوە و بزانم تا چەند ئەتوانم لەم نێوانەدا بەدوور لە سۆز و عاتیفە، بێلایەنانە بڕیار بدەم.

دەستنیشانکردنی کەسێک یان چەند کەسێک لە لایەن دادگاوە بۆ هەڵسەنگاندنی بابەتێکی ڕۆژنامەوانیی بە ڕەزامەندیی هەردوو لایەنی سکاڵاکە دەبێت. واتە هەردوولا ڕێک دەکەون لەسەر ناوی ئەو کەسانەی متمانەیان پێ دەکەن بۆ هەڵسەنگاندنی دۆسییەکە و هاوکاریکردنی دادگا بۆ گەییشتن بە بڕیار. کەسە دەستنیشانکراوەکان لەبەردەمی دادوەردا سوێند دەخۆن، کە بێلایەنانە و پیشەییانە ڕای خۆیان لەسەر بابەتی سکاڵاکە بنووسن.

دۆسییەکەم وەرگرت و بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک بە وردی بابەتە بڵاوکراوەکەو وتەکانی هەردوولام خوێندەوە و هەوڵم دا بگەمە ئەنجامێک. لە زمانی دەقەکەدا هەندێک زیادەڕەویی هەبوو، بەڵام بە تێگەییشتنی من نەدەگەییشتە ئاستی تاوان. جگە لەوەش کاک جەلال شەخسییەتێکی گشتیو خاوەنی پۆستێکی گشتی بوو، بۆیە بە مافی خەڵک و ڕۆژنامەنووسانم دەزانی قسەی لەسەر بکەن و ڕەخنەی لێ بگرن، ئەویش بە سنگێکی فراوانەوە وەری بگرێ. دیارە بەو مەرجەی سنورەکانی ئێتیکو یاسا نەبەزێنن. بە کورتی، ڕاپۆرتەکەی خۆم بەو شێوەیە نووسی، بەو مەنتیقەش کە ئەگەر هەر کەسێک قسەی لەسەر بەرپرسێکی باڵا کرد سزا بدرێت، ئەمە دەبێتە پێشینەیەکی ترسناک و هۆکاری چاوترسێنکردنی خەڵک، لە ئەنجامیشدا بەرتەسککردنەوەی ئازادیی قسەکردن و ڕادەربڕین. نایشارمەوە پاش گێڕانەوەی دۆسییەکە بۆ دادگا و تەسلیم کردنی ڕاپۆرتەکەی خۆم، لە دڵی خۆمدا زۆر نیگەرانی ئەوە بووم کاک جەلال لێم دڵگران و زویر بێ، بەو پێیەی هەڵسەنگاندنەکەی من بە قازانجی سکاڵاکەی ئەو نەبوو.

پاش ماوەیەک ڕۆژێک زەنگی تەلەفۆنەکەم لێی دا. بە بینینی ناوی کاک جەلال

کەمێک نیگەران بووم. دڵنیا بووم هەواڵی ڕاپۆرتەکەی زانیوە و چاوەڕێی ئەوە بووم گلەییم لێ بکا. بیرم لەوە ئەکردەوە چی بڵێم و چۆن دڵی بێنمەوە! هەرچۆنێک بوو تەلەفۆنەکەم هەڵگرت، بەڵام جارێکی تریش بە گەورەیی خۆی سەرسامی کردم، چونکە نەک هەر گلەیی نەبوو، بەڵکو زۆر گەرموگوڕتر لە جاران قسەی کرد. پاش هەواڵ پرسینێکی زۆر، بێ ئەوەی ڕاستەوخۆ باسی دۆسییەی سکاڵاکە بکات، پێی وتم «زۆرم پێ خۆشە کە بە ویژدانو قەناعەتی خۆت بڕیار ئەدەی، نەک بە عاتیفەی خزمایەتی و دۆستایەتی. بەو بۆنەیەشەوە دیارییەکی بچووکم بۆ داناویو ڕۆژی (...) دەعوەتی منی»!

من لەمێژ بوو کاک جەلام دەناسی و ئاشنای بیرکردنەوە و کارەکانی بووم. دەمزانی جیاوازە لە هەموو ئەو کەسانەی پۆستی باڵایان وەرگرتووە. تەمەنی کارکردنی پڕە لە هەڵوێستی پیشەییانەی پاک و ئازایانە، ژیانی ڕۆژانەی پڕە لە هەڵوێستی جوان. کەسێک کە لەبەردەم پلەوپایە و پارە و هەوا و هەوەسی ژیاندا سەر دانەنەوێنێ، بەقەد تاڵە موویەک لە بەها و پرەنسیپەکانی خۆی لانەدات، لەم سەردەمەدا دەگمەن و پەنجەبژێرە. ئەم هەڵوێستەیشی ئەوەندەی تر گەورەییو پاکیی ئەو پیاوەی پێ ناساندم. هەڵوێستێک کە تەنها لە خەڵکی وەکو ئەو دەوەشێتەوە.

ڕێز و خۆشەویستی بێپایانم بۆ کاک جەلال.
هیوای تەمەنی درێژ و لەشساغی بۆ ئەخوازم.

# جەلالی سام ئاغا..
# پیاوێك لە هەڵوێست-سەرەتای ئاشنایەتی
## هۆشیار عەبدوڵا
پەرلەمانتاری خولی سێهەم و چوارەمی پەرلەمانی عیراق



هۆشیار عەبدوڵا، جەلالی سام ئاغا
ماڵی جەلالی سام ئاغا
٢٠١٩

رایەکم لەسەر دیوانی چاودێریی دارایی دەربڕیبوو، بەوەی کە زیاتر ڕاپۆرتەکانیان تۆڕێکە.. گەندەڵی و گەندەڵە بچووکەکان ڕاو دەکات، نیگەران بوو تەلەفۆنی کرد ناوی زۆر بەرپرس و بڕی ئەو پارانەی پێ گوتم کە دیوان ئەنجامی داون.. وتی ئەمانە بۆ بچووکن؟! پێم گوت قسەکانت هەموویان دەقیقن، ئەمە سەرەتای ئاشنایەتی من بوو لەگەڵ کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا)دا، پێشتر ناویم بیستبوو، بە چالاکی و کار و مەکانەتیم دەزانی، بەڵام لە نزیکەوە بە خزمەتی نەگەییشتبووم. لە دوورەوە دەم ناسی و ئاشنایی ئازایەتییەکەی بووم، بەڵام ناسین و ئاشنایەتیم لەگەڵ کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا) یان وەک دواتر بانگم دەکرد (کاکە جەلال) بۆ ساڵی٢٠١١ دەگەڕێتەوە، ئەو کاتە بەڕێوەبەری کەناڵی کەی ئێن ئێن بووم، لەو باسوخواسەی دیوانی چاودێریی داراییەوە دەرگای ئاشنایەتیمان کرایەوە و گەییشت بەوەی وەک مامۆستا و هاورێ.. یەکێک لە هەرە دڵمەسکەنەکانی ڕۆژگاری تەمەنم لێی بڕوانم.

## کاک جەلال، ئینسانییەتێکی کامڵ

لە یەکەم دیدارەوە هەستم بە سۆزێکی تایبەتی ئینسانی کرد، لەپاڵ پەرۆشییەکی زۆری بۆ پشتیوانی گەنج، جیا لەو حەماسە گەورەیەی هەیبوو بۆ سەرخستنی چاکسازی بەسەر گەندەڵیدا، بیرمە وەک هاندان پێی گوتم موعجەبم بەو کوردییە ڕەوانەی قسەی پێ دەکەیت.

مرۆڤێکم ناسی هەر لە یەکەم تەعاروفەوە هەستم بە هۆگریەک کرد، کە دوایی بوو بە ئاشنایەتی و نزیکایەتیەکی تایبەت یەکێک لە شانازییەکانی ژیانم. لە دوای کاک نەوشیروانەوە بە یەکێکی تر لە مامۆستاکانمی دائەنێم کە هێجگار زۆری لێوە فێربووم.

کاک جەلال مرۆڤێکە بە قوڵی مانا جوانەکانی ئینسانییەتێکی کامڵی تێدا بەرجەستەیە، هیچ جۆرە دەمارگیرییەکی قەومی و دینی و چینایەتی تێدا نییە. هێجگار تامەزرۆی سروشتە، خۆشەویستییەکی تایبەتی بۆ باڵندە و گیانلەبەران هەیە، ئینتیمای ئەو بۆ هەموو ڕۆحلەبەرێکە، نەک تەنها ئینسان، هەموو ئەو قسانەی ڕێزم کردوون بە چاوی خۆم لێم بینیوون. نموونەی زیندووم لێ

بەرجەستە کردووە، کە ئێرە دەرفەتی ئەوەم نادات هەموویان باس بکەم. بینیومە کە خەمی پیشلەکانی لاکۆلانی خواردووە، تا ئەو ئاستەی خواردنیان بۆ دابین بکات. هێندە قوڵ لە ئینسانییەت ئەڕوانێ، کە باسی ژن ئەکرێ، زیاد لەجارێک لێم بیستووە کە ئەو بەزەیی بە ئافرەتی ناشریندا دێتەوە، لە منالییەوە لەگەڵ ئەوەی لە ماڵی ئاغایەکدا گەورە بووە، کەچی هۆگری ئەوە بووە لەگەڵ کرێکار و جوتیارو خەڵکی سادە نان بخوات. دوو سیفەت زۆر ئاشکران لە کاک جەلالدا، ڕۆحی بەرەنگاربوونەوە و ئۆپۆزسیۆنبوونی لە زۆر بواری ژیاندا تێدا بەرجەستەیەو کەم ڕازییە لە شت، دووەمیان مدقق و پشکنەرێکی زۆر وردە، نە قسە نە ئاکاری هەڵەی بەسەردا تێناپەڕێ.

## کاک جـەلال و کاک نەوشـیروان
## دوو جوامێر و دوو هاوڕێی جیاواز

ئەو کاتەی ئاشنایەتیم لەگەڵ کاک جەلال دەستپێکرد بەڕێوەبەری کەناڵی کەی ئێن ئێن بووم.. ساڵ کۆتایی٢٠١١ بوو، تازە بەستەڵەکی ئەو ساردییە لەنێوان کاک جەلال و کاک نەوشیروان توابۆوە، کە بە هۆی بیناکەی چاودێریی دارایی دروست ببوو، خۆشبەخت بووم کە لەو سەردەمەدا لەو دوو جوامێرە نزیک بووم، هەفتەی چەند جارێک شەوان دەرۆیشتمە ماڵە گەرم و دڵگیرەکەی کاک جەلال و بەیانیانیش بەهۆی کاری سیاسی و میدیایی و بەرنامەی ڕووبەڕوو لە خزمەتی کاکە نەوەدا بووم، لەنێوانی دوو مرۆڤی جواندا، کاک نەوشیروان و کاک جەلال، ماوەیەک (قاصید)(٢٠) و شاهێدی ئەو هەموو ڕێز و خۆشەویستییە بووم کە لەنێوانیاندا هەبوو. ئەو خۆشەویستی و پەرۆشییەی لە کاک جەلال بینیومە بۆ کاک نەوشیروان لە کەم کەسی تری دۆستی کاک نەوشیروان بینیوومە، ئەو ڕێز و متمانەیەشی کە کاک نەوشیروان هەیبوو بۆ کاک جەلال بە دەگمەن بۆ خەڵکی تر هەیبوو. زۆرجار قاصیدی نێوانیان بووم بۆ گەیاندنی پەیامی گرنگ، دیاری نێوانیان، هەندێ قسەی تایبەت و دیاریکردنی مەوعیدی دیدارەکانیان. لە یەکێک لە سەردانەکانی کاک جەلالدا بۆ لای کاک نەوشیروان لەگەڵ مامۆستا جەلال جەوهەر لە خزمەت کاک جەلالدا چووینە دیداری کاک نەوشیروان، ئێمە گەیشتینە بەردەرگا و ئۆتۆمبێلەکانی عادل عەبدولمەهدی (کە ئەوکات وەزیری نەوت بوو لە حکومەتەکەی عەبادیدا) ماڵی کاک نەوشیروانی جێهێشت، لە دوای دیدارەکەمان، کاک جەلال لەگەڵ مامۆستا

---

(٢٠) نامەبەر.

جەلال جەوهەردا تەشریفیان برد، من مامەوە، کاک نەوشیروان وتی وشیار، عادل عەبدولمەهدی بێ مەوعید هاتبوو، قسەی گرنگیشی پێ بوو، دەرفەت نەبوو زۆر لەگەڵیدا بم، بە هۆی مەوعیدەکەی کاک جەلالەوە، وتم ئەی بۆ قسەت نەکرد درەنگتر دەهاتین یا چاوەڕێمان دەکرد، قسەکەمی بە دڵ نەبوو، سەیرێکی کردم و بە جدییەتێکەوە وتی: (مەوعیدی جەلال نە هی دواخستنە و نە هی ئەوەشە چاوەڕێ بکات).

## وەزیری باینجان

لە ماوەی ئاشنایەتیمان، لەو سەدان ئێوارە و شەو و بەیانی و پیاسەی ئێوارانی ناوشار و دیدارانەمانەدا بەردەوام کاک جەلال بە بەسەرهات و پەند و حیکمەت خەرمانی فکری دەوڵەمەند کردووم، بەڵام هیچیان وەک بەسەرهات و قسە توندو حەق و ڕەقەکانی، کە خۆی وەک هەڵویست نواندوونی، سوودیان پێ نەگەیاندووم، ئەو ژیانی پڕە لە قسەی حەق لە مەوقفی دەقیقدا، عادەتێکیشی هەیە بەردەوام لەگەڵ خەڵکی بەرپرسدا قسە ڕەق و لەگەڵ خەڵکی سادە نەرمونیانە. لەوەدا ڕێک لە کاک نەوشیروان دەچێت. جارێک بەسەرهاتی وەزیری باینجانی بۆ گێرامەوە، ئیزنم لێ خواست بیکەم بە وتارێک و بڵاوی بکەمەوە ڕەزامەندی نیشاندا. نووسیمو دەنگدانەوەی زۆری هەبوو. پوختەکەی ئەوەیە کە هێرۆخان مەبەستی بووە بۆ لێپێچینەوە لە دۆسییەی گەندەڵیی وەزیرێکی کابینەکەی بەرهەم سالح لە سلێمانی کاک جەلال ببینێ و هاوکاری بکات لەوەی کە ئایا لای دیوان ئەو وەزیرە چەند گەندەڵە؟ سەرەتا هەر تا ئەوەی کە چۆتە لای و چاوەڕێی هاتنەوەی هاوڕێکەی کردووە تا پێکەوە بچن بۆ لای هێرۆخان ئەوە خۆی چیرۆکێکە کاک جەلال خۆی کاتەکەی هەڵبژاردووە، کە کەی و لەگەڵ کێ دەچێت، نەک هێرۆ خان. کە چوون بۆ لای سەرەتا لە سەر قەنەفە دانیشتوون، کە وتویانە با بچینە سەر ئەو مێزە بۆ ئەوەی دۆسێ و فایلەکان سەیر بکەین. کاک جەلال بە هێرۆخانی وتووە، بەر لەوەی بجوڵێین با قسەیەکت بۆ بکەم لە ئێستاوە بزانە من هاتووم بۆ دژایەتیی گەندەڵیی بە گوێرەی ڕاپۆرتەکانی دیوان نەک ڕازیکردنی تۆ کە لە وەزیرێک نیگەرانی یاخود نا، پێی وتووە لە ئێستاوە بزانە من وەزیری باینجان نیم بە دڵی تۆ قسەبکەم، بەسەرهاتی وەزیری باینجانی بۆ هێرۆ خان گێراوەتەوە، کە چۆن پاشایەک هەبووە حەزی لە باینجان کردووە وەزیرێکی هەبووە زۆر وەسفی باینجانی کردووە بە باشە، پاش ماوەیەک پاشا باینجانی لەبەرچاو دەکەوێت

دەڵێت: نەیبینمەوە لەسەر سفرەی خۆم، هەمان وەزیر دەکەوێتە زەمکردنی باینجان بەوەی چەند خراپە. پاشا ئەڵێ ئەی هەر تۆ نەبووی ماوەیەک پێشتر باسی باشیی باینجانت دەکرد؟! وەزیر دەڵێت گەورەم من وەزیری تۆم نەک باینجان حەزت لێی بوو وەسفی دەکەم، ڕقت لێی بوو زەمی دەکەم. هیرۆخان قسەکانی بەدڵ دەبێت و بە بەسەرهاتەکەش زۆر پێ دەکەنێت.

## کاک جەلال و هاوڕێیەتی

کاک جەلال لە هاوڕێیەتیدا مەدرەسەیەکی تایبەتە، کەم کەس هێندەی کاک جەلال هاوڕێی زۆرە، لە هەرچی ناوچەی کوردستان و حیزبەکانیشییان هاوڕێی هەیە، گەصفرۆش،گوڵفرۆش، پاقلەفرۆش.. ئەوانە هەموو هاوڕێی ئەون، خۆشیان دەوێت و پەیوەندی تایبەتیان هەیە لەگەڵیدا، لەگەڵ زۆرێک لە هاوڕێکانی هاوڕا نییە، بەڵام لە دڵەوە خۆشیی دەوێن و جیاوازی ڕا وای نەکردووە مەوقفیان لێ وەرگرێت، من لەوەدا بە تایبەتی زۆر حەسوودی پێ دەبەم .

## بەخشندەیی کاک جەلال

شەوان نەبێت دەرگای ماڵەکەی لەسەر پشتە، ئەوەی ڕووبکاتە ئەو ماڵە و داوای هاوکاری بکات، هیچ نەبێت بە خاتر شکاوی نایەتەدەرەوە.. جا ئەگەر چوکلێت یا سێو و پرتەقاڵ یا دوو بزە و قسەی خۆشیش بێت لە کاک جەلالەوە، عادەتێکی هەیە لە دیاریدا دەست و دڵی جوانە، لای ئەو هەدیەکانیشی دەبەخشرێن و هەرچی بۆی بێت و هەست بکات باش و نایابە دەیبەخشێت. زۆرجار لەگەڵ کاک نەوشیروان وایدەکرد و دەیگوت پێم خۆشە فلانە شت، کە دیاری فلان کەسە بۆ کاکە نەوەی ببەیت. ئەگەر مەنجەڵێک شۆربا ببەیت بۆ کاک جەلال چەند کەس لێی بخۆن دەبێت بزانن ئەوە شۆربای تۆیە، قەتیش قاپ و مەنجەڵ بەتاڵ نانێرێتەوە، پڕی نەکات لە شتێک کە بەردەستی بێت لە نەستەلە و چەرەس و زۆر شتی تر. دۆست و ئازیزانی هێندە لەو دەست و دڵجوانییەی ترساون کە وای لێ هاتووە خواردن یا شتی تری لە قاپ و مەنجەڵی سەفەریدا بۆ دێنن بۆ ئەوەی نەیگەڕێنێتەوە پڕ بێت لە شت.

## کاک جەلالی ئازدیخواز

لە هەموو پارچەکانی کوردستان دۆستی هەیە، خەمی هەموو پارچەکانییەتی. بیرمە سەردەمی شەڕی کۆبانێ تەواو بێزار و قەلەق بوو. ماڵەکەی وەک تەکیەی هەموو ئەو ئازادیخوازانە وایە، کە لە سەرتاسەری کورستانی گەورە خەبات بۆ سەربەخۆیی


نیشتمانیی دەکەن. پرسی یەکەمی ئەو بۆ باشور وەک خەم دژایەتی گەندەڵییە، بۆ ئەو ئامانجە بەردەوام ئامادەی هاوکارییە، زۆر خەمی ئەو سەرمایە ڕەمزیەیەتی کە پێکیەوە ناوە، لەو پێناوەدا زۆر پۆست و ئیمتیازاتی دوای خانەنشینبوونیشی ڕەتکردۆتەوە.. نەک هەرهێندە زۆرجار دیداری گەورە بەرپرسانی ڕەتکردۆتەوە، نەبا کاربکاتە سەر ئەو سەنگەی لە دڵ و دەروونی خەڵکا دایناوە.

کاک جەلال مرۆڤێکی حەدیە، لە دۆستایەتیدا ئێجگار دڵسۆز و لە ناکۆکیشدا حاسم و قسەڕەق. بۆ خزم و دۆست و کەسەکانیشی هەر وایە، ئەوانەی نزیکن لێی خۆشەویست و ئەوانەی دوورن ئەویش دوورە لێیان. بە ڕاستی خۆشبەختم کە قەدەری ڕۆژگار وای کرد ئاشنای مرۆڤێکی سادە و سپی، ئازا و نەبیل، بەخشندەو چاکەخواز بووم بە ناوی (جەلالی عومەری سام ئاغا)، کە بە حوکمی نزیکیم لێی زۆر چیرۆک و سەرگوزشتە و بەسەرهات و بۆچوونیم لای خۆم نووسیوەتەوە، لە ئاییندەدا بڵاویان دەکەمەوە.

# پەیامەکەی (جەلالی عومەری سام ئاغا)

**سورکێو محەمەد**

**سەرنوسەری ماڵپەڕی پەرەگراف**



جەلالی سام ئاغا، سورکێو محەمەد
٢٠٢٠/٦/٥

## ١

کاتێک ویستم سەردانی بکەم، بە تەلەفۆن خۆم پێ ناساند و داوای بینینیم کرد، وەڵامەکەی هێشتنەوەی من بوو لە چاوەڕوانیدا تا خۆی پەیوەندیی دەکاتەوە.. ڕۆژێک زەنگی تەلەفۆنەکەم لێی دا و کاک جەلال بوو، پێی گوتم پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دواتر چاوەڕوانم دەکات لە ماڵەکەی خۆی. لەو ماوەیەی من چاوەڕوانی وەڵامدانەوەی بووم بیستم (جەلالی عومەری سام ئاغا) پرسیاری منی کردووە. من بەوە خۆشحاڵ بووم. هەر بۆیە لەگەڵ بەیەکگەییشتن دوای سڵاو و چوونە ژوورەوە پێم گوت: کاک جەلال بیستوومە پرسیارت لە بارەی منەوە کردووە، خۆشحاڵم هەر کەسێک پرسیار بکات بزانێت کێ دەبینێت. لە وەڵامدا وتی: بۆ هەرکەسێک کە نەیناسم بەر لەوەی بیبینم پرسیار لەبارەیەوە دەکەم، بەڵێ لە چەند کەسێک پرسیاری تۆم کردووە.

بە زەردەخەنەیەکەوە وتم: ئەی وەڵامەکەی چۆن بوو؟ کاک جەلال بە پەیامێک وەڵامی دامەوە، کە هەردەم لە یادەوەریمدا دەمێنێتەوە، ئەو وتی «ڕۆژنامەنووسی گەنجی وەکو تۆ لەم ڕۆژگارەدا سەربەخۆ مابێت، دەبێت ئینسان دەست بە سنگییەوە بگرێت بۆی».

پێزانینێکی زۆرم بۆ قسەکەی لەبارەی خۆم، لەوەش زیاتر بۆ ئەوە دەربڕی کە بەو جۆرە لە ڕۆژنامەنووسی سەربەخۆ دەڕوانێت، بەهای ئەو جۆرە ڕوانینەم بەرز نرخاند.

## ٢

بەو جۆرە لە نزیکەوە ئاشنای (جەلالی عومەری سام ئاغا) بووم. بەپێی دەرفەتی گونجاو بۆ هەردووکمان سەردانی دەکەم. لە سەرەتای ٢٠١٧ پرۆژە میدیاییەکەمان (ماڵپەڕی پەرەگراف) بە دیدارێک لەگەڵ کاک جەلال کردەوە، کە تا نووسینی ئەم کتێبە کۆتا دیداری ڕۆژنامەوانیی ئەوە بۆ ڕاگەیاندنەکان.

ناوی (جەلالی عومەری سام ئاغا) لەگەڵ دژایەتی گەندەڵی و پاراستنی موڵک و ماڵی گشتیدا ڕۆییشتووە، ئەوەی ئەو لەو ژینگەیەدا کردوویەتی، بە ڕاستی کارێکە جێگای باس و پێزانینە، نەک تەنها بۆ خودی خۆی، بەڵکو بۆ هاندانی کەسانی

دیکەش کە بەو ڕێگایەدا بڕۆن، بە تایبەت لە سەردەمێکی وەک ئەم ساڵانەی کوردستان پێیدا گوزەر دەکات.

کاک جەلال لە سەروەختێکدا ڕووبەڕووی گەندەڵیی وەستاوەتەوە، دەگمەنن ئەوانەی پۆستێکیان هەبووە و تێوەنەگلابن، یاخود بێدەنگییان لە گەندەڵیی کەسانی دیکە نەکردبێت، بەڵام ئەو ڕووبەڕوویان بووەتەوە لە باڵاترین ئاستەوە بۆ نزمترین، بۆ ئەوەش لە سەردەمی سەرۆکایەتی ئەودا دیوانی چاودێریی دارایی زیاتر لە دوو هەزار و حەوت سەد و بیست -٢٧٢٠- ڕاپۆرتی لەسەر دامودەزگاکانی حکومەت و گەندەڵکاران ئامادەکردووە. ٨٦ بەرپرسی باڵای داوە بەدادگا، ئەمە سەردەمی زێڕینی دیوان و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیی بوو، بەڵام دەسەڵاتە حیزبییەکەی کوردستان وەک پێویست بە دەمەوەچوونی نەبووە بۆ ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێریی دارایی.

حیزبە حوکمڕانەکان بە لێنەپرسینەوە لە گەندەڵکاران، نەک تەنها لە کۆمەڵگە وماڵی گشتی، بەڵکو زەبری کوشندەیان بەخۆیشیان گەیاندووە، ئەوەتا دوای ئەوەی یەکێتیی نیشتمانیی لە هەڵبژاردنی٢٠١٣ی پەرلەمانی کوردستان کورسییەکانی دەبن بە ١٨ و بزووتنەوەی گۆڕان ٦ کورسیی لەو زیاتر دەهێنێت.

## ٣

لە کۆبوونەوەیەکی ناوخۆیی یەکێتیی و لە پرسی گەندەڵیدا مام جەلال، سکرتێری کۆچکردووی یەکێتی، بە ئامادەبووانی وتووە: ئەگەر باسی پرسی گەندەڵیی کرا ئێوەش بڵێن ئێمە (جەلالی عومەری سام ئاغا)مان هەیە. بەشێک لە ئامادەبوانیش لە وەڵامدا دەڵێن: ئەگەر شتێک لە ڕاپۆرتەکانی دیوانەکەی ئەومان جێبەجێ بکردایە وامان بەسەر نەدەهات. (گفتوگۆی ئەم کۆبوونەوەیە هەریەکە لە د.فوئاد مەعسوم و عیماد ئەحمەد ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی لە کاتی خۆیدا- ساڵی ٢٠١٤- بە تەلەفۆن بۆ کاک جەلالیان گێڕاوەتەوە، کاتێک کاک جەلال لە ئەڵمانیا بووە، ئەویش دواتر بۆ بەندەی گێڕاوەیەوە). سەرباری دانپێدانانی تەواوی بەرپرسان بە هەبوونی گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و ماڵی گشتیی، بەڵام بە ئێستاشەوە ڕاپۆرتەکانی دیوان کاریان پێ ناکرێت. خەڵکی کوردستان شاهیدی دادگاییەکی دادپەروەرانەی گەندەڵکاران نەبوون، لە سەردەمێکدا گەندەڵیی تەواوی جومگەکانی حوکمڕانیی گرتووەتەوە. ئەو لێنەپرسینەوە و سزانەدانەی گەندەڵکاران وای لە (جەلالی عومەری سام ئاغا) کردووە لە بەشێکی نامەی دەستلەکارکێشانەوەکەیدا بنووسێت شەرەفمەندنیم بە مانەوەم لەم وەزیفەیەدا، لەوەش زیاتر بنووسێت هەست دەکەم جسمێکی غەریبم لەناو جەستە گەورەکەی حکومەتدا. غەریبییەکە

ئەوپەڕی پلەی بێزاری و بێتاقەتیی ئەوە لەو ژینگە پڕ لە گەندەڵییەی لە گەندەڵکاران ناپرسرێتەوە. هەر بۆیە پێویستە هەر هەنگاوێک بۆ چاکسازی و دژایەتی گەندەڵی، بە گەڕانەوە بۆ ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێری دارایی دەست پێ بکات.



عەلی کەریمی، جەلالی سام ئاغا
ماڵی عەلی کەریمی
سلێمانی ۲۰۱۹

مرۆڤەکان بوونەوەری سەیر و عەجایب و دانسقەن. تێیاندایە بلیمەت و شارەزان، خەڵکی و کۆمەڵایەتین، هێمن و نیان و لەسەرخۆن، عاشق و ئاشتیخواز و سروشت خۆشەویستن، ئازا و بوێرن، بە کورت و کرمانجی لە شەکر شیرینترن، تێشیاندایە گەوج و نەفامن، بێزار لە خۆیان و خەڵک، شەڕەنگێز و ئاژاوەگێڕ، دژی سروشت‌و جوانین، جەبان و ترسەنۆک و خوێڕی، دیسان بە کورت و کرمانجی بە حەوت پوت شەکریش ناخورێن.

ئێمەی کوردیش بە خۆشی بێ یان بە ئەفسووس، بەشێکین لەم بوونەوەر و کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە. بۆیە لەم باخی وەحشەتەی سروشت هەمانە کۆتری سپی‌و بولبولی خۆشخوانە، بەبڕ و شێر و پڵینگە، هەڵۆی بەرزە فڕە، یانیش رێوی و دەغەڵ بازە، ماری سڕ و گورگ سیفەتە.

لە نیویۆرک و واشنگتۆنەوە تا دەگاتە لەندەن و پاریس و ڤییەنا، لە بەرازیلەوە بگرە تا دەگاتە تۆکیو و پەکین، بە سەدان پایتەختی ملیۆنیی دەبینی، بە شەوو ڕۆژ جادە و کۆڵانەکانیان جمەی دێ لە مرۆڤ. ئەوەندەت شان لە شان دەدرێ خوارەوخوار دەڕۆی بەرێدا. لە چرکەیەکدا لە نزیک و لە دوور، بە ڕووبەڕوو و بە فیلم، هەزاران و بگرە زیاتریش تۆ مرۆڤ دەبینی یان باشترە بڵێم دووپێ دەبینی، هیچیان لە هیچیان ناچن بە ناخ و دەروون، زۆربەیان بە شکل و سیما، چاکەت و بۆینباخ و قژی رۆناویی و ڕەشی وەک قەتران ڕەنگە شێوەی یەک بکەن و وەک یەک ڕازابێتنەوە، بەڵام دڵنیام بە ڕێژەی تاکی مرۆڤەکانی سەرگۆی زەوی ناخ و دەروونی جیاوازمان هەیە. بە ملیۆن سەخی، ئازا، میهرەبان، بلیمەت و دانسقە، هەروەتر ڕەزیل و پیسکە، ترسەنۆک‌و گێل، گەندەڵ‌و نەفامان هەیە، بەڵام هیچیان لە هیچیان ناچن. ئاخر هەستان و دانیشتن و ژیان لەگەڵ مرۆڤەکان... ڕەنگە بۆیە خۆشبێ هەرـامیان بۆنێکی تایبەتی لێوە دێ... یەک شیرینە وەک هەنگوین، ئەویتر تاڵە وەک کەکرە، هەیە بە دوو چرکە ئولفەتی پێوە دەگری، هەشە بە هیچ جۆرێک بۆت قوت نادرێ و ناچێتە ناو دڵت.

بە سەدان و بگرە زیاتریش لەم سەر و ئەوسەری ئەم جیهانە پان و بەرینە زانکۆو پەیمانگای کۆمەڵناسی و مرۆڤناسی بەردەوام لە خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەدان لەسەر ناخ و دەروونی مرۆڤەکان. ئەوانەی هەموو بەیەکەوە کۆمەڵگا دروستدەکەن هەر

ئەوانیش بۆ خۆیان کارەساتەکانی هیرۆشیما و هەڵەبجە و ستالینگراد و کۆبانێ و عەفرین چێ دەکەن و جینۆسایدی دەیان ملیۆن مرۆڤیش هەر دەستکردی خۆیانە. بۆیە دیاردە و شێتخانەی ناو مرۆڤەکان هەرچەند لێی بکۆڵرێتەوە و دراسەی لەسەر بکرێت هەر تەواو نابێ. ناخی ئەم مرۆڤەمان هەر لێ ئاشکرا نابێ. خۆ من ڕەنگە خۆم بە ئاتەیزم بناسێنم و باوەڕم بە هێزی میتافیزیک هەر نەبێ، بەس زۆرجار حەز دەکەم و ئارەزوومە ئەمانە وەڕاست گەڕێت، بە بردنی تەنیا تاکە مرۆڤێک بۆ دەربار و خزمەتی بێژم پێی؛ جا توخوا ئەمە شتە دروستت کرد؟!

ماوەیەکە وەک زۆر لە کۆمەڵگا ئاشتیخواز و پێشکەوتووەکان، کوردیش وردە وردە قەدر و ڕێز بە زیندوویی لە کەسایەتییە باش و بە خزمەتەکانی خۆی دەنێ. «هەتا ماوە نەفەس فەرموو بفەرما» یەکیان لێ دەکا.

کە دەڵێم سلێمانی بە مانای تەواوی وشە شارە، درۆم نەکردووە و زیادەشم نەگوتووە. ئەم عەتارە کە ناوی لە خۆی ناوە سلێمانی، خاوەنی سندوقێکە بە هەزاران شتی عەنتیکە و دانسقەی تێدا دەدۆزیتەوە، شارێکی زۆر کۆن و پڕ لە شوێنە مێژووییەکان نییە، پڕ لە مۆزەخانە و بینای دیرۆکیش نییە، بەڵام پڕ پڕێتی لە مرۆڤە هەڵبژێردراوەکان، پڕی پڕە لە ئەدەب و وێژە، لە قارەمان و شۆڕشگێڕیی هەرگیز نەمر، لە هونەرمەند و دەنگخۆش، لە نووسەر و پسپۆڕی سیاسی و ئیداری. لە بیری نەکەین تێشیدایە گەندەڵ و فاسیدی سیاسي و حکومی، بەڵام کەمی تێدایە (جەلالی عومەری سام ئاغا)ی دژەگەندەڵ و ڕاوچی دزەکان!

من خەڵکی سلێمانی نیم، هاوتەمەنی کاک جەلالیش نیم. بەرێزیان زۆر لە من گەورەترن، بەس بە درێژایی زیاتر لە چل ساڵ لەگەڵ خەڵکی ئەم دەڤەرە لە شاخ و شار ژیاوم، شین و شادییم لەگەڵ کردوون. زۆربەی هاوڕێکانم لە شاخەوە ناسیوە، کاک جەلالم لە شار ناسی، مرۆڤێکی ئیشکەر و بێمنەت، بە زەبروزەنگ و پرنسیپ، نیشتمانپەوەر و سیاسی، دۆست و خزم خۆشەویست لە لایەک.. بێزار و پڕ لە نفرینو ڕق لە خاکفرۆشان و تاڵانکەرانی خاک و خۆڵی وڵات لە لایەکی تر. زۆرجار ناوی کاک جەلالم دەبیست وەک بەرپرسی چاودێریی دارایی. بەرپرسێکی توندوتیژو بێرەحم، دەیان گوت برای بابی بێ گەندەڵی و شاشی لێ دەرکەوێت ڕەحمی پێ ناکا و ڕەوانەی دادگای دەکا. بەرتیل و هەڕەشە لای ئەو هێشتا نەچوونە ناو قاموسەکەی و بە بای خەیاڵیدا نایە. کۆشک و تەلاری دەقاتی ناوێ و کۆنە خانوەکەی خۆی لە گردی سەرچنار هەزارجار پێ خۆشتر و ئاوەدانترە لە باخ و سەرسەرای پڕ لە سورەیا و مەڕمەڕ، حەوز و نۆکەر و کڵفەت. نە عاشقی مۆنیکایەو نە بۆ وەنەوشە دڵی لەخۆ دەبێتەوە، نە حیمایە ڕادەگرێ و نە سکرتێری جوان و

مەمک قیت. هەتا کەبابخانەیەکی پیسی سەر کۆڵان هەبێ هیچ حەزی بە ڕێستورانتی گران و بیف و ستێکی ئیتاڵی و فەڕەنسی نییە، لەگەڵ کرێکار و سائق تاکسییەکان کەبابێکی ناو بازاڕەکەی سەرچنار بەدەست دەخوا و چەتاڵ و چەقۆی بەلاوە زیادەیە.

هەتا بە هۆی هاوڕێیەکم لە ماڵەکەی خۆی بە خزمەتی گەییشتم، خۆی گوتەنی «برا بۆ وا درەنگ»، ناسینێکی کتوپڕ و لەناکاو، هەردوو بۆ یەک ناسراو بووین، لە ماوەی چەند چرکە هەستم کرد دەیان ساڵە لە نزیکەوە دەیناسم، گورج و گۆڵ بە قادرمەکاندا سەرکەوت و توتن و پایپی لە وانەی خۆی بەشدام، هەر دوو پایپمان دەکێشا، ئەو سەردەم بە خۆشییەوە هەردووکمان وازمان لێ هێناوە. دیسان قسەو باس و دیسان سەرکەوتن بە پلیکانەکاندا، ئەوجار باقەیەک نامیلکە و سی دی و وتوێژی خۆی لە گۆڤارەکان لەسەر گەندەڵی و دادگا کردنیان بە باوەشمدا. ماڵێکی گەرموگوڕ و خاکیی و ڕێکوپێک، هەموو شت لە جێی خۆی، لە نووسین، نامیلکە و بەڵگەیەکی دەساڵ پێش بگەڕێت بە دە چرکە دەیدۆزێتەوە، یەکسەر دەزانی پیاوی ئیداری و قانوونە، کات بە فیڕۆنادا، گەلێک چەتوونە فێڵی لێ بکرێت، ئەوەندە پڕەو ئەوەندەی پێیە هەر دەبێ گوێ بگری و زەحمەتە سەرەی قسانت بێ، خوا نەکا خۆشی بوێی، ئەوەندەت خزمەت دەکا شەرمەزار دەبی.

ئەو! کاک جەلال لە سلێمانی تاقانەیە، هەر بۆیە نازیش بەسەر هەمواندا دەفرۆشێت. هەردەم قاپیی ماڵەکەی بەسەر ڕۆژنامەنووس و چالاکی سیاسی و کوردپەروەراندا ئاوەڵایە. گلەیی و گازەندەکانی دەبێ یەکسەر بڵێی وایە، ئەو حاکم و بازرەسە، ئەوە، حەق بەدەست.. نەک تۆ!

زۆرن ئەو حیزب و گرووپگەلەی حەز دەکەن و ئارەزوویانە کاک جەلال هی وان بێ، بەس ئەو هی هەموانە و هی هیچیان نییە. ئەو لەگەڵ حەق و عەدالەتە، لەگەڵ پاکی و سەداقەتە. ڕۆژانە بە دەیان نووسەر و ڕۆژنامەنووس‌و سیاسی و حیزبی، سەردانی دەکەن و گوێی لێ دەگرن، هەزار طموحی وەبەربنێن حسێبی فلسێکیان بۆ ناکا، حەقە لە ژێرناوی « ئەو پیاوەی نەکڕرا» وەک سومبولی دەسپاکی بێتە ناسین و لە هەموو دەوایری حکومی و ناحکومی هەرێمی کوردستان وەک لەوحەیەک بێتە هەڵواسین و لە ژوور. سەری هەموو کورسی و خاوەنەکانی بێ. ئەو عاقڵە و دەیەوێ بە گەورەیی ماڵئاوایی لە دونیای فانی بکات. بۆیە شەو و ڕۆژ بیر لە جێهێشتنی یادگارییەکانی دەکاتەوە، چی دەسکەوێت هی خۆی، هی کەسوکاری دەیکاتە پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری بۆ شارەکەی، لە ئێستاوە باش دەزانێت دوای خۆی ناوی جاویدانە، ئەوەش ئەوپەڕی عەقڵانییەتە

هەڵبژاردن لە نێوان ڕێز و حورمەتی هەتایی، یان دابەشکردنی ماڵ و سەروەت لە ناو کەسوکاران و دواییش گلەیی و پێ نەزانینیان. کاک جەلال سلێمانەییەکی خەست و خۆل و تەواوە، بەس وەک بیروکردەوە کوردستانییەکی بێ ئەملاو ئەولایە. لە ماڵە بچووکەکەی لە گردی سەرچنار، کوردی ڕۆژهەڵات و باکوورو ڕۆژئاوا دێن و دەچن، کوردایەتی دەکا و جیاوازیی ناکا لەنێوان پارچەکان، هەرئەوەندەی کەسایەتی و سەرکردەی باشوور دەناسێ و دەچن بۆ لای هی بەشەکانی تریش هەروا. ئەوەندەی هاوتەمەن و بەساڵاچووەکان لە لای دەبینی چەند هێندە لاو و تازەپێگەیشتووەکان دەبینی.

لێرەدا بە دڵ ئاواتەخوازم نموونەی کاک جەلال لە ئەزموونی حوکمداریی کورد ڕوو لە زیادبوون و گەشەکردن بێ، بگەینە ئەم باوەڕە حوکمداری لە دنیای شارستانی و مۆدێرن، بە مرۆڤ گەلی قانوونی و عەدالەتخواز و دوور لە گەندەڵی دەکرێت، لە ژێر سێبەری ئەوانەدا کۆمەڵگا بە پیر و لاو و فەقیر و دەوڵەمەند لە ئاسوودەییدا دەژی و بەرەوپێشەوە دەچێت. ئارەزوومە هەر پایەدار و تەمەن درێژ بێت و هەر بمێنێ بۆمان!

# مرۆڤێك بەتامی گەزۆ

شوان محەمەد




**دایکی شەهید کاوە گەرمیانی، جەلالی سام ئاغا**
**شوان محەمەد ٢٠١٣**

لەم پارچەیەی کوردستانی مەڕ خۆمان، هێشتا ئینسانی میهرەبان و خاوەن پرەنسیپی تێدا ماوە. کاتێک مرۆڤ ئەمان دەبینێت و لەگەڵیان دادەنیشێت، سەرلەنوێ ئومێد بە ئاییندەی ئەم وڵاتە پەیدا دەکاتەوە. یەکێک لەو کەسایەتییانە کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا)یە، کە مرۆڤێکە بە تامی گەزۆ. کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا)، کە دەڵێین مرۆڤێکە بە تامی گەزۆی سروشتی، واتە سەرەتا ڕەقە وەک گەزۆ، بەڵام کاتێک کە دەیخۆیت شیرینیشە هەر بە تامی گەزۆ. کە سەرەتا ئەو هاوڕێیە دەناسیت، کەمێک ڕەقیی پێوە دیارە، بەڵام کە دواتر دەیناسیت، دونیایەکە لە میهرەبانی و شیرینی. لەم دۆخەی ئێستای کوردستان، خەڵکانی کەم ماون تاسەر خاوەن پرەنسیپ بن، بەبێ لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە ماددیو دەسەڵاتخوازییەکانیان سووربن لەسەر بیروڕای خۆیان و هەڵوێستەکانیان. کاروانی ژیانی کاک جەلال لەم ڕووەوە هێندە خاوێنە لە خۆنەویستیدا گەییشتۆتە حاڵەتی «زاهیدی». ئەم کەسایەتییە هێندە «زاهیدە»، دوورە لە دونیای مادییەوە، کە هەرچی سەروەت و سامانی خۆی هەیە خستوویەتییە خزمەتی خەڵکی شارەکەی سلێمانییەوە، بگرە کاریگەری لەسەر خانەوادە بەڕێزەکەشی تا ئاستێکی بەرچاو هەیە، کە دەتوانین بڵێین: ئەو خانەوادە بەڕێزە بوونەتە پرۆژەیەک بۆ بەخشین بە شاری سلێمانی، هەر لە دروستکردنی باخچەی ساوایان و قوتابخانەوە تا دەگات بە نەخۆشخانە. کاک جەلال، لە ڕووی دڵسۆزییەوە بۆ پیشەکەی لەم دۆخەی ئێستادا کەم کەس هەیە هێندەی ئەو پابەندبن بە سیستەم و عورف و ڕێساکانی وەزیفەی حکوومیەوە. بە درێژایی هاوڕێیەتی من لەگەڵ ئەودا تا ئەم ساتە بۆ جارێکیش نهێنییەکی ئەو دەزگایەی ئەو سەرۆکی بوو، کە دیوانی چاودێریی دارایی بوو، نەدرکاند. بۆ مێژوو ئەوەی من ئاگادار بم، یەک ڕاپۆرتیش چییە لەوەوە دزەی نەکردووە بۆ بواری میدیا، یان هەر بوارێکی تر کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە فەرمانگەکەی ئەوەوە نەبووبێت، لە کاتێکدا من یەکێک بووم لەو ڕۆژنامەنووسانەی کە زۆر لێوەی نزیکم، بەڵام مەحاڵە دۆکۆمێنتێکم لێ دەست کەوتبێت، بە ئەزموونی خۆشم لەگەڵ ئەو کەسایەتییە هەر پرسیارێکی لەسەر کەیسێک، یان کەسێکی خاوەن کێشە لێ بکەیت، هەر تەنها هەندێ شتی گشتیت بۆ باس دەکات، کە بە ناڕاستەوخۆ وەڵامەکەت دەست دەکەوێت. ئەو دەمەی ئەو سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی

بوو، «شۆڕشێک لە دژی گەندەڵی» دەستپێکرد. چەندان ڕاپۆرتی ئەو دەزگا گرنگە خرانە بەردەم داواکاری گشتی و دادگاکان و هەندێکێشی لە ڕێگای ئەو شوێنانەوە، کە بە فەرمی ئاڕاستەی کرابوون بڵاوکرانەوە بۆ ڕای گشتی، بەڵام ئەوەی لێی جێبەجێ کرا، دڵۆپێک بوو لە دەریایەک، ئەگەر لەو کاتەوە ئەو شۆڕشە پشتگوێ نەخرایە، ئێستا دۆخی هەرێم ئەو گەندەڵییەی تیایدا دەژی لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە بەم ئاستە نەدەگەییشت، هەروەها نەشدەبووە هەڕەشەیەکی جددی لەسەر تێکڕای ئەزموونی کوردستان، وەکو ئەمڕۆ دۆستان پێش دوژمنانی کورد ئاماژەی بۆ دەکەن. کاک جەلال بە تەنها کەسایەتییەکی ئیداری و نوقم بووی دونیای دارایی نییە، بەڵکو کەسایەتییەکی ڕۆشنبیرە... سیاسییەکی ئاگاداریشە، کە هەمیشە بە شوێن هەواڵی سیاسیی تازەی کوردستاندا دەگەڕێت و بۆتە خەمێکی ڕۆژانەی، هەروەها خوێنەرێکی باشیشە، کاتێکیش کە گفتوگۆی لەگەڵ دەکەین سەرسوڕمانی خۆی بە شیکردنەوە و نووسینەکانی ڕۆژنامەنووسی ناسراوی عەرەب، محەمەد حەسەنین هەیکەل و چەند نووسەرێکی تری عێراقی و عەرەبی دەردەبڕێت، لە کاتی گفتوگۆشدا زۆرجار بە پەندێکی عەرەبی یان کوردی ڕوونکردنەوە بۆ بەرامبەرەکەی دەدات. ماڵەکەی کاک جەلال بۆتە دارتوویەک، لەژێر سێبەری گەڵاکانیدا خەڵکانی ڕۆشنبیر و چالاکوانی کۆمەڵگای مەدەنی و سەرکردە سیاسییەکان کۆدەبنەوە. ئەو کە ساڵانێکی دیاری ژیانی لاوێتی لە ڕیزی شۆرشی نەتەوایەتی کورددا بەسەر بردووە، بەڵام وەک خۆی باسی دەکات هەمیشە خۆی بە چەپ دەزانێت، زۆر بە ڕاشکاوانە بیروڕای خۆی ناشارێتەوە لەسەر چەپخوازیی خۆی و داکۆکیکردن لە خەڵکی زەحمەتکێش و هەژار. هەرچی لەسەر کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا) بوترێت کەمە، ئەوەی من بە چەند دێرێک ئاماژەم بۆ کرد، چەند دڵۆپێکە لە دەریایەکی گەورە لە میهرەبانی و جوامێریی ئەو پیاوە، هەر بۆیە تەمەنا دەکەم تەمەن درێژبێت و خەرمانی بەخشینی بۆ شاری سلێمانی و هەرێم بە بەرکەتتر بێت، وەک هاوڕێکانیشی ئاواتەخوازین ئەو کە ئینسانێکە بە تامی گەزۆ لەناو ئاپۆڕای خۆشەویستیماندا بە تەندروستیەکی باشەوە تەمەن درێژبێت.

# بۆ پیاوێك سپیتر لە بەفر، پاكتر لە ئاو

كاوە محەمەد



جەلالی سام ئاغا، کاوە محەمەد
ماڵی جەلالی سام ئاغا
٢٠٢٠/٦/١٧

هەرچەند ماوەیەکە ڕێک نەکەوتووە یەکتر ببینین، بەڵام پەیوەندی بەندە و ئەو پیاوە، بە ژمارەی یەکتربینینەکان ناپێورێت، چونکە ئێمە خەم و پەرۆشی کۆی کردووینەتەوە! خەمی هاوبەش بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و گەندەڵکاران، پەرۆشیی هاوبەشیش بۆ دروستکردنی دونیایەکی باشتر بۆ هاونیشتمانیان، کە عەدالەت بەرقەرار و یاسا سەروەر بێت، بەرپرس و حکومەت خزمەتکاری خەڵک بن، نەک بەپێچەوانەوە. کەسێتیی ئەو پیاوە، لە زووەوە جێی سەرنجم بوو، من ئەو کاتە لە سەرەتای ساڵانی دووهەزارەکان، کە لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) کارم دەکرد، ڕۆژانە بەریەککەوتنم لەگەڵ بەرپرسانی حزبی و حکومی هەبوو، جۆرەها قسەو زانیاریم پێ دەگەیشت، هەندێک جار گفتوگۆی گەرم، تەنانەت توندیشم لەگەڵیان دروست دەبوو، زۆربەیان پەیوەندییان بەو گەندەڵی و ناعەدالەتیانەوە هەبوو، کە ڕۆژ بە ڕۆژ جەستەی حیزب و حکومەتی زیاتر دەتەنی و دادەڕزاند، دەمزانی بەرپرسانی حزب و حکومەت ڕاستییەکان لە ئێمەی کادیرانی حیزب و خەڵکیش دەشارنەوە، هەر لە خەمی بەرژەوەندیی خۆیان و دەوروبەری خۆیاندان، تەنها کاک (نەوشیروان مستەفا) لەناو حیزب و کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا) ش لەناو حکومەت، دەنگی دلێر و حەقبێژ بوون، کە ببوون بە سەرچاوەی درکاندنی ڕاستییەکان، بێتاقەتکردنی بەرپرسە گەندەڵ و بێ بەرهەمەکان. بۆیە بیرم لەوە کردەوە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانی لەگەڵدا سازبکەم، دەمزانی بڵاوکردنەوەی ئەم چاوپێکەوتنەش سەرودڵی زۆر لە بەرپرسانی حکومەت و حیزب دەگرێت، هەرواش بوو، چونکە بە ڕاستی ئەو کە سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی ئیدارەی سلێمانیی حکومەتی هەرێم بوو، چاوی لە هیچ گەندەڵ و گەندەڵییەک نەدەپۆشی، حیسابی بۆ هیچیان نەدەکرد، زۆر پیشەییانە، سەنگەری لەو هەموو سەرە گەورانە گرتبوو، بەدەگمەنیان هەبوون لیژنەکانی دیوانی نەناردبێتە سەریان و ناویانی نەخستبێتە دووتوێی ڕاپۆرتەکانی دیوانەوە کە تا بەجێیهێشت، ژمارەیان گەیشتە سەرووی (٢٧٢٠) ڕاپۆرت. ئیتر لە دوای ئەو چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەنووسیەوە لەگەڵ کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا) بووین بە هاوڕێ و هاوڕا و هاوسەنگەرێکی هەمیشەیی بەرامبەر بە لەشکری گەندەڵکاران. زووزوو لە ماڵەکەی خۆی لە گردی سەرچنار، وەک برایەکی گەورەی هەموان، میوانداریی دەکردین و مەجلیس بە باسوخواسی بێ

پلانیو بێ باکیی بەرپرسان و کار و بڕیارە نابەرپرسانەکانیان گەرم دەبوو، هەندێکجار ڕێکدەکەوت کە هەندێ لەو بەرپرسە گەندەڵانەش (بۆ خۆخۆشەویستکردن لای کاک جەلال) سەردانی بکەن، کە لەگەڵیاندا گفتوگۆمان گەرم دەبوو، کاک جەلال زۆر بەوە دڵخۆش دەبوو کە دەیبینی ڕووبەڕووی خۆیان ڕاشکاوانە قسەی دڵی خەڵک و خۆی دەکەم. هۆکارێکی دیکەش کە وایکرد بەینی کاک جەلال و بەندە گەرم و بەهێز بێت، زۆر جاران خۆشی باسی دەکات، ئەوە بوو کە لەگەڵ بەرپرسان دەکەوتمە گفتوگۆو باسی گەندەڵییەکانی ناو حزب و حکومەتم لەگەڵ دەکردن، نکوڵیان لێ دەکرد و دەیانوت ئەمانە تەنها قسەن و هیچ بەڵگەیەک نییە بیان سەلمێنێت، بۆیە پەنام بۆ کاک جەلال دەبرد، هەمیشە پشتم بە ناوەڕۆکی هەندێ لە ڕاپۆرتەکانی دیوان دەبەست بۆ دەمبەستکردنی نکوڵیکاران. لە ڕاستیدا هیچ زێدەڕۆییەک ناکەم ئەگەر بڵێم کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا) بە جەدارەتەوە پیاوی دەوڵەتە و لە مێژووی حوکمڕانیی کوردیدا کەسێکی کەم وێنەیە، ئەگەر نەڵێم دەگمەنە، تاکە خەمی ئەو، پاراستنی موڵکو داهاتی نیشتمان و هاونیشتمانیانە، تۆزقاڵێک تەماعی شەخسی نە بۆ پۆست و نە بۆ پارە نەبووە، من یەکێک لە ئاگادارانی ئەوم، کە موڵک و ماڵی خۆی خستۆتە خزمەت خەڵکەوە، لە دوای یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی سلێمانی و هەولێری حکومەتی هەرێم چەندین پۆستی گەورە و جیاجیای بۆ پێشنیارکرا، هەموویانی ڕەتکردەوە. ئاخر کە ئەو لە لوتکەدا، بە شکۆوە وازی لە سەرۆکایەتیی دیوانی چاودێریی دارایی هێنا، پێم وایە قەڵایەکی دەوڵەتداری ڕووخا. ئیتر هەرچی دامەزراوەی چاودێریی هەیە لە هەرێم لەگەڵ دەستلەکارکێشانەوەی ئەوو یەکخستنەوەی لەگەڵ دیوانی چاودێریی دارایی هەولێر، بوونێکی ئەوتۆیان نەما، ڕێگا بۆ گەندەڵکاران تەخت بوو، کە ئەوانەی سلێمانی و هەولێر بێ شەرمانە بکەونە پێشبڕکێکردن لەگەڵ یەکتر بۆ دابڕینی زۆرترین بەشە گەندەڵی، ئیتر ئەمەش یەکێک بوو لە هۆکارەکانی ئەوەی ڕۆژبەڕۆژ چارەنووسی خەڵک و پرۆسە و بڕیاری سیاسی و حوکمڕانی، زیاتر بکەونە دەست گەندەڵکاران، وڵاتیان بەرەو هەڵدێرێک برد، کە ئەمڕۆ ئێمە گەواهیدەرییەتی، لە هەموو کاتێک زیاتر بەدەست شکست و پاشاگەردانی و بێئومێدییەوە دەناڵێنین.

# (جەلالی عومەری سام ئاغا)
# پیاوێك لە ئاسمانەوە!

**پشکۆ نەجمەدین**



پشکۆ نەجمەدین، جەلالی سام ئاغا
ماڵی جەلالی سام ئاغا
٢٠٢٠/٦/٧

دەبێ لەوێوە هاتبێت، لە ئاسمانەوە! پیاوێک بە خەسڵەت و ئادگارە فریشتەییەکانی خۆیەوە، لە ڕێسمانی ئەم زەوینە وێران و پۆخڵەوە، لە زەمەنی قەیرانی جوامێرەکاندا، بوارێکی بۆ جموجووڵ و مامەڵەکردنی ناوازە لەگەڵ دەوروبەردا پێ نابینرێتەوە! مرۆڤێکی ڕۆح سپیی خۆنەویست و عاشقی خەڵک و شار و وڵاتەکەی، لە کەسێکی دیکە ناچێت، تەنیا هەر خۆی و خودی خۆیەتی. کاک جەلال، پیاوێک کە لە زەمەنی دەگمەنیی ئەو پیاوانەی لە وێرانبوونی کایە کۆمەڵایەتی و کەلتووری و مۆراڵییەکانی کۆمەڵی لێک هەڵەوەشاوی کوردستاندا، لە ماڵی بێئومێدیی ئێمەدا، چرای هیواکان لە دەروونی بەشمەینەتاندا پێ دەکات. ئەمە ڕێک (جەلالی عومەری سام ئاغا)، پیاوێکی ڕووحسپی کە زەریای دڵی گەردێکی لێ نەنیشتووە. ئەم پیاوە، لە لۆچێکی مێژووی وڵات و شاری سلێمانیدا، لە هەوڵی خولقاندنی مێژوویەکی پرشنگدارە بۆ خۆی و بنەماڵەکەی. مێژوویەک، هەتا دەورانی گەردوون بگەڕێت، هەر تیشکبارەو دەدرەوشێتەوە!

ئەم پیاوە، ساتێ لە وەزارەتی دارایی بریکاری وەزیر بووە، بە نووسراوی ڕەسمی داوای کەمکردنەوەی مووچەکەی خۆی کردووە! هەر لەو سەروبەندەدا خانووەکەی، کە بە حەوت سەد هەزار دۆلار خەمڵێنراوە، لەسەر وەزارەتی تەندروستیی تاپۆ کردووە، تا پاش خۆی وەکو یەکەیەکی تەندروستی بۆ خزمەتی هاوڵاتان بەکار بهێنرێت! ساتێک بە پلەی وەزیر، سەرۆکی دیوانی چاودێریی بووە، پارچە زەوییەکی بەخشیوە بە دیوان و بە چەردەی حەفتا ملیۆن دینار فرۆشراوە، پارەکەی لە بانک دانراوە تا سوودەکەی مانگانە بدرێتە فەرمانبەرانی بەتوانا و خانمە فەرمانبەرە سەلارەکان.

(جەلالی عومەری سام ئاغا)، ئەمساڵ خوێندنگەیەکی بنەڕەتیی مۆدێرنی، بە ناوی خوێندنگەی بنەڕەتیی زەکیەخانی سام ئاغا، لە شاری سلێمانی و لە گەڕەکی ئیبراهیم ئەحمەد، بۆ خوێندکارانی هەژاری شار، بە تێچووی شەش سەد هەزار دۆلار، دروست کردووە!

(جەلالی عومەری سام ئاغا)، دەمێک سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی بووە، نموونەی فیگەرێکی دژەگەندەڵی بووە، زیاتر لە ٨٦ لێپرسراوی گەورە و دیاری بە تۆمەتی گەندەڵی و دزینی پارە و بودجەی دەوڵەت، داوەتە دادگا، لە نەبوونی

دادگایەکی سەربەخۆ و شەفافدا، وەکو پێویست ئیجرائاتیان دەرهەق نەکراوە و دۆسییەکانیان ڕاگیراون!

ئەو وەکو وەزیرێکی خانەنشینکراو، بە پێی ڕێساکان، مافی گلدانەوەی ئۆتۆمبیل‌و شۆفێری تایبەتی هەبووە، بەڵام قبوڵی نەکردووە و ڕەتی کردۆتەوە. ئەمانە مشتێکن لە خەرواری خەسڵەتە فریشتەییەکانی پیاوێک، کە نموونەی لە وڵاتی ئێمەدا کەم و دەگمەنە.


ئێمە کە لە نزیکەوە، هاوڕێ و برای ئەم پیاوە ڕۆح سپییەین، دەزانین کە ماڵ‌و دیوەخانی ئەو مەکۆی کۆبوونەوەی سیاسەتکاران، هەڵسوڕاوانی سیاسی، بە هەموو دەنگ و ڕەنگەکانیانەوە، لە باشوور و تەواوی بەشەکانی کوردستانە! ئەم ماڵە، نێوەندی کۆبوونەوەی نووسەران، ڕۆشنبیران و میدیاکارانی کوردستانە، شوێنێکە بۆ گفتوگۆ و شەنوکەوکردنی کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆژ.

من تەمەنی درێژ و تەندروستیی باش بۆ برای ئازیزی خۆم و فریادڕەسی هەژاران و بەشمەینەتان دەخوازم.

**١٨ی دێسەمبەری ٢٠١٨**

# با ناوی بلێم ئەگەر نایزانی

## هەڵکەوت حەکیم



جەلالی سام ئاغا، دکتۆر هەڵکەوت حەکیم
فەڕەنسا - ٢٠١١

# ١

لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٩دا، پاش کۆنگرەی مەولانا خالیدی نەقشبەندی لە سلێمانی، ڕۆژێکیان چووم بۆ هەولێر و سەرم لە کاک عەدنان موفتی دا. لەوێ بۆ یەکەم جار چاوم بە کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا) کەوت. لام وایە هەر لە سەرەتاوە لە مێشکی هەردووکماندا پرسیارێک دروست بوو: ئەمە کێیە؟ ئینسان یەکێک لە نزیکەوە ببینێ و بیناسێ.. جیاوازە لەوەی نووسینی لەسەر خوێندبێتەوە و بەوێنە هاتبێتە پێش چاوی. (جەلالی عومەری سام ئاغا) وەکو کەسێک هاتە پێش چاوم، کە زۆر لەسەرخۆیە و دەزانێ چی دەڵێ و بڕوای بە خۆی هەیە. لە دەنگ و پێکەنینو قسەکردنیدا دیار بوو کە خۆی بە زل نازانێ. لە چاوەکاندا، لە شێوەی گوێگرتنیدا، دیاربوو دەیەوێ بزانێ و تێبگا، بزانێ کێ لە دەوروبەرین و چی دەڵێن. هەیبەتێکی هەبوو لەو جۆرە هەیبەتانە نەدەچوو، کە ئینسان ناڕەحەت بکەن بە « قورسی یان بە شێوەیەک ناچارت دەکەن زیاتر ڕێز پیشان بدەیت، هەندێ جاریش حەز بکەی بە زووترین کات ئەو شوێنە بەجێبێڵی و هەڵبێی».

لە پاریسەوە قوتوویەکی «سیی مراویم» هێنابوو لەگەڵ خۆمدا بۆ کاک عەدنان. چەند مانگێک پێش هاتنی جەژنی مەسیحییەکان، کە مراوی تەمەنی دەبێ بە یانزە مانگ، بەخێوکەر بە زۆر خواردنی چەور دەکاتە دەمییەوە، بۆ ماوەی دوانزە ڕۆژ، زۆر لەوە زیاتر کە پێویستیی پێیە، بە مەبەستی ئەوەی جەرگی چەور و قەڵەو بێ. پاشان سەری دەبڕێ و جەرگی جیادەکاتەوە و بە شێوەیەکی تایبەتی دەیکوڵێنێ لەگەڵ چەند گیایەکی بۆنخۆش، بێ ئەوەی تامی گیا زاڵ بێ بەسەر تامی جگەردا.

بۆ نانی نیوەڕۆ چووینە سەر مێز، شوێنی من لە چەپی کاک جەلالەوە بوو. قووتووی جگەری مراوی کرایەوە. کاک جەلال هەر لە یەکەم تیکەوە زۆر حەزی لێ کرد و پارچەیەکی گەورەی لێ خستە بەردەم خۆی. دواییش دەستی کرد بە خواردنی گۆشت و شلە و برنج. چەند جۆرێ چێشت مێزەکەی ڕازاندبۆوە، بۆنی خۆشیان بەردەوام ئارەزووی خواردنی زیاد دەکرد. کاک جەلال ئەوەندە بە خۆشییەوە نانی دەخوارد، کە بە ڕاستی هەتا ئەو کاتە کەسم نەدیبوو ئەوەندە بە خۆشی و ئارەزووەوە نان بخوا، بە تایبەتی کە کەوچکەکەی لادا و وتی بەخوا من پەنجەکانی خۆم ناگۆڕمەوە بە کەوچکی سەگباب. ماوەیەکی زۆر بوو کە من

بەدەست نانم نەخواردبوو. زۆر حەزم دەکرد چاو لەو بکەم و قۆلی لێ هەڵماڵم، بەڵام شەرمم دەکرد، چونکە هەموو میوانەکانم نەدەناسی و ئەشترسام نەتوانم باش بە دەست نان بخۆم، بۆیە هەتا لەسەر مێز هەستاین نەموێرا پەنجەی خۆم بکەم بە کەوچک، وەکو ئەو. پاش ماوەیەک تێگەییشتم لە کاتی نانخواردن قەت وەڵامی تەلەفۆن ناداتەوە، هەرچەندە بەردەوام تەلەفۆنەکەی لایە، زۆر بەکاری دێنێ، کە زەنگی تەلەفۆن لێی دەدا یەکسەر دەگەشێتەوە. پاش نانخواردن... چا هات، باس هاتە سەر مەولانا خالید. لەو کاتەدا کاک جەلال وتی: کە ماڵیان لە شان خانەقای مەولاناوە بووە و وێنەیەکی ژوورەکەی مەولانای لا ماوە. بۆی باسکردم کە ژووری مەولانا دەکەوتە ناو ماڵەکەی ئەوانەوە. باوکی کردبووی بە ژووری زەخیرە، چونکە لەو بڕوایەدا بووە بەخێر و بەرەکەت دەبێ. لەو ساڵانەی دواییدا خانووەکەیان فرۆشتووە و ژوورەکەی مەولاناش وەک چەند بەشێکی تری خانووەکە کراون بە ژووری پرسەی خانەقای مەولانا. وتی کە چوومەوە بۆ سلێمانی بە دوای وێنەکەدا دەگەڕێم. ئیتر ڕێککەوتین لە سلێمانی تەلەفۆنی بۆ بکەم‌و سەری لێ بدەم. زۆر خۆشحاڵ بووم بەوەی وێنەی ژووری ئەو ئینسانە ببینم کە دکتۆراو چەندان وتارم لەسەر خۆی و تەریقەت و بزووتنەوەکەی نووسیوە. لە دیمەشق قەبرەکەیم دی بوو، بەڵام هیچ وێنەیەکی خانەقای سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمم لە مێشکدا نەبوو.

خەیاڵ و پرسیار دەستیان پێ کرد. دەبێ ئەو ژوورە چۆن بووبێ؟ گەورە یان بچووک؟ دیارە وێنەکە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی چل و پەنجاکان، واتە نزیکەی سەد و سی ساڵ پاش ئەوەی مەولانا بەیەکجاری بەجێی هێشتووە و لە ترسی هەڕەشەی کوشتن لە لایەن شێخ مارفی نۆدێوە لە سلێمانی هەڵاتووە. ڕەنگە ئەو ڕۆژەی کاک ئەحمەدی شێخ و شێخ ئەحمەدی سەردار چووبن بیکوژن ئەو لە ژوورەکەی خۆی بووبێ! ئەی دووەم جار کە لەگەڵ دووسەد کەس لە پیاوانی شێخ مارف چوون بۆ کوشتنی پاش نوێژی جومعە؟ ڕەنگە پاش بەتاڵبوونەوەی پلانەکەیان مەولانا چووبێتە ئەو ژوورە بۆ حەسانەوە! ئەی کە شێخ ئەحمەدی سەردار پەشیمان دەبێتەوە لە کوشتنی، ئایا لەو ژوورە خۆی خستۆتە سەر دەستی مەولانا و داوای لێبووردنی لێ کردووە و بووە بە موریدی؟ ئەی ئەو هەموو ماوەیەی کە سلێمانی لە دووبەرەکیدا بووە لەنێوان پشتگیری مەولانا و پیاوی شێخ مارفی نۆدێ، هەتا ڕادەیەکیش چەند بێلایەنێک، ئەبێ لەو ژوورەدا چی ڕوویدابێ؟ باسی چی تیا کرابێ؟ ئیتر لەم چەشنە پرسیار و خەیاڵانە لە مێشکمدا پەنگیان دەخواردەوە و قەتاریان دەبەست، تا دەهات تەما و چاوەڕوانییان لە مێشک و

دڵمدا دەخستە جموجوڵ. پاش چەند ڕۆژێ لە گەڕانەوەم بۆ سلێمانی، تەلەفۆنم بۆ کرد و ڕێککەوتین بچمە فەرمانگە بۆ لای. گەیشتمە ژوورەکەی خۆی و دانیشتم، ژوورێکی زۆر ئاسایی یان وەکو دەڵێن هاکەزایی بوو. هی کەسێک نەبوو بە پلەی وەزیر لەو کوردستانە، کە چوار ساڵ بوو ئۆتۆنۆمی خۆی وەرگرتبوو بە توانایەکی دارایی باشەوە. وابزانم هیچ شتێکی ڕازێنراوەی تێدا بەدی نەدەکرا. ئەو لە ئیشی خۆی نەوەستا، پەیتا پەیتا هەندێ کاغەزی ئیمزا دەکرد و هەندێکی تری دەخستە ماشینێکەوە بۆ لەتلەتکردن و لەناوبردنی، هەروا بەردەوامیش بوو لە قسەکردن لەگەڵ مندا. لەو کاتەدا چەند لاپەڕەیەکی دایە دەستم.. وتی ئەمە بەم زووانە بڵاودەکەمەوە، ناوی «چاوپێکەوتنەکانی سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی (جەلالی عومەری سام ئاغا) لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا» بوو. منیش دەستم کرد بە خوێندنەوەی چەند لاپەڕەیەکی... وتم هەڵەی زۆری ڕێنووسیی تێدایە. یەکسەر ئیشەکەی ڕاگرت و وتی چۆن؟ بە دەنگی «چۆن»ەکەی و بە ڕوانینی چاوەکانییەوە هەستم کرد کە ڕەنگە تێبینییەکەمی بە دڵ نەبووبێ. وتم بەداخەوە لە بڵاوکراوە کوردییەکاندا هەڵەی ڕێنووس زۆر زۆرن. بۆ نموونە دوێنێ کتێبەکەی کاک نەوشیروان مستەفام دەخوێندەوە- ناوی کتێبەکەم هێنا کە ئەو کاتە بە دەستمەوە بوو، کەچی ئێستا لە بیرم نەماوە کام کتێبی بوو، سەرم سوڕما لە ژمارەی هەڵەی ڕێنووس لە هەموو لاپەڕەیەکدا. ئەم نموونەیەم هێنایەوە بۆ ئەوەی بڵێم هەر کتێبی ئەو نییە، نەوەکو دڵی بێشێ. یەکسەر داوای لێ کردم تەماشای هەمووی بکەم و هەڵەکانی چاک بکەمەوە؟ زانیم کە یان «چۆن»ەکەی باش تێنەگەییشتم یا وەکو وەڵامەکەم ڕای گۆڕی. وتم بێگومان. وتی سوپاست ئەکەم ئەگەر بتوانی زوو ئەو کارە بکەی، چونکە خەریک بووم بینێرم بۆ چاپکردن. وتم هەر ئیمشەو تەماشای دەکەم. پاش ئەوە کەباب هات و چاشمان کرد بە سەریا و دواییش من ئیزنم لێ وەرگرت. سایەقەکەی بە ئۆتۆمبیلی سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی گەیاندمییە ماڵەوە. بە درێژایی ڕێگا.. بیرم لە ئوتۆمبیلی وەزیر دەکردەوە کە تیا دانیشتبووم. پیرە ئۆتۆمبیل زۆر سادە بوو، هیچ شتێکی تازەی تیا نەبوو، وەک لەناو ئەوانەی ئێستا و ئەو کاتەش کە زیاتر لە فڕۆکە دەچن بەو هەموو گڵۆپ و دوگمە و وێنانەی کە واقی ئینسان لە ئاستیاندا وڕدەمێنێ. لە خۆمم دەپرسی بۆچی ئۆتۆمبیلی وەزیرێک ئەبێ وا بێ؟ دوایی تێگەییشتم کە دەیەوێ پیشانی بدا چۆن کارمەندی ئەم « حکومەتە»ە،تازە پێگەییشتووە ئەبێ دارایی گشتیی بپارێزێ، بۆ کەیف و کەشخەی خۆی خەرجی نەکا. ئیتر ئەو شەوە نەنووستم تا چل لاپەڕەی نامیلکەم خوێندەوە و هەڵەکانیم ڕاست کردەوە. ڕۆژی دووەمیش تەلەفۆنم بۆ کردو

سایەقەکەی بە هەمان پیرە ئۆتۆمبیل هات و بردی. ئەو ماوەیەی لە سلێمانی بووم چەند جارێک سەرم لە کاک جەلال دا. کە وەختی نانخواردن بوایە دەینارد کەبابێک دەهات، ئێستاش کە بیری لێ دەکەمەوە تام و بۆنی دێتەوە یادم. هەروا ئەو ماوەیە چەند جارێک لەگەڵ خۆی بردمی بۆ پرسەی ئەم و ئەو، کە بەشی زۆریانم نەدەناسی. جاری وا هەبوو هەر کە دەگەییشتمە لای، ماوەی ئەوەی لێ دەبڕیم بڵێم ناتوانم و شتی ترم هەیە و دوایی دێمەوە بۆ لات و حەز لە پرسە ناکەم، ناچاری ئەکردم بکەومە دوای.

نزیکەی سی ساڵ بوو سەرم بە پرسەی کوردەواریدا نەکردبوو. زۆر دڵم پێیان تەنگ دەبوو. بەڵای گەورەی پرسەش لای دەنگی بەرزی قورئان خوێن بوو. نە دەمتوانی دەست بگرم بە گوێچکەمدا بۆ ئەوەی بیپارێزم، نە دەمتوانی بڵێم بێ زەحمەت نەختێ دەنگەکەی کەم بکەنەوە. بەو شێوەیە زۆر ناساز و ناخۆشە بۆ گوێچکە. تاقە ئاواتم ئەوە بوو زوو بچینە دەرەوە. خۆ ئەگەر لە نزیک سەماعەکەوە بوومایە، ئەوە ئەشکەنجەیەکی بێئەندازە بوو بۆ گوێچکەی چەپم، کە سەرەتای نەخۆشییەک خۆی پێدا کردبوو. دەنگی بەرزی قورئان خوێن سەرەگێژەیەکی توندوتیژی دەدامێ. ئەو پرسانەش مردنی باوکم و دایکم و خێزانەکەمیان دەهێنایەوە یادم. هەروا دەیانخستمە بیرکردنەوە لە کوشتنی کاکم دوو سێ ساڵ لەوەوپێش‌و هەموو ئەو دەردەی ژنەکەی‌و کوڕەکەی هێنایانە سەری، کە بە سەرشۆڕیەوە لە دنیا دەرچوو. لە فەڕەنسا فێری پرسەی ئەورووپا بووبووم. لە جیاتی گریان و سەرخۆشی لە کەسوکاری کۆچکردوو، پاش بەخاک سپاردنی، کۆمەڵێک لەوانەی نزیکبوون لێیەوە لە ماڵی خۆیان لە ماڵی یەکێک لە نزیکترین خزم و هاورێکانی کۆدەبنەوە و یادی دەکەنەوە لەگەڵ پەرداخێ شەراب و خواردنێکی سووک. خەڵکیش لاشەی مردوو نابەن بۆ سەرقەبران، بەڵکو کۆمپانیایەکی تایبەت هەیە کە بە ئۆتۆمبیل دەیبا. نە-گریان هەیە و نە-لەخۆدان، نە- پرسە و نە-شیوەن، نە-سەماعە و نە-ئینجیل‌و تەورات خوێندن. بە هەر حاڵ ئینسان تووشی سەرەگێژە نابێ. سەرەخۆشی بە وشەیەک یان بە نامەیەک کۆتایی پێ دێ. پاش ئەو کۆبوونەوەیەش، هەر یەکە دەگەڕێتەوە بۆ ماڵی خۆی. واتە هەمووی نیو ڕۆژ دەخایەنێ. بەڵام پاشان زۆر شت دەکرێ بۆ ئەوەی یادی مردوو بهێنرێتەوە خەیاڵ و ڕابگیرێ.

ئەو ماوەیەی لە سلێمانی بووم و کاک جەلالم دەبینی، لە بەشێ لە دانیشتنە خۆشەکانی ئامادە دەبووم، یان لەم پرسەوە بۆ ئەو پرسە، یان لەم میوانداریییەوە بۆ ئەویتر، یان دانیشتن و باسی سیاسەت و گەندەڵی و گەندەڵان بوو. ئیتر بەو شێوەیە وێنەی ژووری مەولانام لەبیر چوو، ئێستا و ئەوساش نەم بینی، بەڵام

هێشتا بە تەواوی بێئومێد نیم لەوەی ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەو وێنەیە بینینم و خەیاڵم دەستی پێ بکاتەوە.

## ٢

ئیتر لەو ساوە پەیوەندیمان نەبڕا. پاش چەند مانگێک لە گەڕانەوەم بۆ پاریس، ڕۆژێک تەلەفۆنی بۆ کردم، ئاگاداری کردم کە ماوەیەکە ئازارێک لەناو سکیدا هەر دێت و دەڕوا، چەند دکتۆرێکی دیوە و پێیان وتووە باشتر وایە سەفەرێکی ئەورووپا بکا، دکتۆری ئەوێ ببینێ. ئەویش زیاتر حەز دەکا بێت بۆ فەڕەنسا. وتم فەرموو من چیم لەدەست بێ ئامادەم.

لە سەرەتای ساڵی٢٠١١ بۆ یەکەم جار هات بۆ پاریس بۆ فەحس و تێگەیشتنی هۆی ئازار. لەم دکتۆر بۆ ئەو دکتۆر، لەم فەحسەوە بۆ ئەو ئەشیعە، تاوەکو گەییشتینە بەناوبانگترین خەستەخانەی پاریس لە بەشی نەخۆشیی هەناویی، کە خۆشبەختانە تەنیا دە دەقیقە لە ماڵەکەم و پێنج دەقیقە لە شوێنی ئیشەکەمەوە دوور بوو.

لەو ماوەیەدا ڕووداوەکانی حەڤدەی شوباتی٢٠١١ دەستیان پێ کرد. من لە شوێنێک دەژیم کە بۆمان نییە پارابۆڵ بخەینە سەر خانووەکەمان. دەنگوباس تەنیا بە دوو ڕێگاوە دەگەییشتە لامان: تەلەفۆنی هاوڕێیان و ڕۆژنامەی سەر ئینتەرنێت. کاک جەلال هەستی دەکرد کە دەبوایە لە کوردستان بێ، بە تایبەتی لەو کاتەوە کە خوێنی خۆپیشاندەران ڕژا، ئیتر ئارامی لێ بڕا. دیار بوو پرسیارێک ئۆقرەی لێ بڕیبوو: چی بکەم؟ ناتوانم هەروا دانیشم و هیچ نەکەم! لە دواییدا ڕا گەییشتە سەر ئەوەی نامەیەک بنووسێ لە دوورە وڵاتەوە. چۆن و بۆ کێ؟ ئەوە سەرەتای پرسیار بوو.

دەست کرا بە وتووێژ... «دان و وەرگرتن»، شیکردنەوەی ئەم وشە و ئەو بۆچوون. پاش ماوەیەک دەست درایە قەڵەم و نووسین. هەر کە ڕەشنووس گەییشتە لاپەڕەیەک دەستم کرد بە تایپکردنی بە کۆمپیوتەر، ئینجا چاپکردنی بە دوو نوسخە. من دەمخوێندەوە بە دەنگی بەرز و ئەو تەماشای پەڕەکەی خۆی دەکردو گوێی لە دەنگی خوێندنەوە دەگرت، دێڕ بە دێڕ، وشە بە وشە، پیت بە پیت. لێرە وشەیەک لابە، لەوێ وشەیەکی نوێ بنووسە، لێرە کۆمایەک دانێ، لەوێ خاڵێک بخەرە شوێن کۆما. ئەم ڕستەیە بخەرە شوێن ئەویتر. ئەمجار خوێندنەوە لە ڕووی مۆسیقای گشتی نامەکەوە، سازی و ناسازی وشە و دەنگەکان، یەک لە پاڵ یەک، یەک لە دوای یەک. زیاتر لە بیست جار پیا چووینەوە و گۆڕانکاریمان تێدا کرد، تا گەییشتینە ئەوەی کە نامە تەواو بووە و هیچ نەماوە بخرێتە سەری

یان لێی لابرێ. هەموو ئەو کارە بۆ یەک لاپەڕە بوو. دوای ئەوە نامەی کوردیمان کرد بە عەرەبی. ڕۆژی ٢٦ی شوبات کاک جەلال نامەی ئیمزا کرد و بە کوردیو بە عەرەبی نێردرا بە ناوی «ئەو گوڵڵانەی دەنرێن بە سنگی گەنجانەوە دەبێ بنرێن بە گەندەڵییەوە». ڕۆژی دووەم نامەی کراوەی کاک جەلال، کە ئاڕاستەی سەرۆک کۆماری عێراق و سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆک وەزیرانی هەرێم کرابوو، لەبەر دەرکی سەرای سلێمانی بۆ خۆپیشاندەران خوێندرایەوە، کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لەسەر خەڵک. کە ئەو خەبەرەی پێ گەییشت ئیتر ئیسراحەتی کرد و دڵی کرایەوە و قسە خۆشەکانی هاتنەوە. دوای ئەوە گەڕاییینەوە لای فەحس و ئەشیعە و خەستەخانە و عەیادە. ڕۆژێکی بۆ دیاری کرا لەگەڵ دکتۆرێکی پسپۆڕی هەناویی. دکتۆر بە وردی تەماشای ئەشیعە و ڕاپۆرتەکانی کرد پێش ئەوەی بچینە ژوورەوە. ئەمجار فەحسی کرد و کۆمەڵێ پرسیاری لێ کرد. لە دواییدا وتی دەبێ عەمەلیات بکرێ. کاک جەلال ڕەزامەندیی خۆی دەربڕی و بڕیار درا پاش سێ مانگێک عەمەلیات بکرێ. ڕۆژی یەکی حوزەیران هەڵبژێردرا. پێش ئەوە زەحمەت بوو بۆ من، چونکە ڕۆژی ٢٣ی ئایار دانرابوو بۆ دیفاعکردنم بەرامبەر بە شەش پرۆفیسۆر لە سۆربۆن لە پۆستی پرۆفیسۆری زمان و ئەدەبیاتی کوردی، دەبوایە چاک خۆمی بۆ ئامادە بکەم. بەڵام دوای ئەوە بە چەند ڕۆژێ ئیتر دەرسی ئەو ساڵەی زانکۆ کۆتایی دەهات و بە تەواوی ئازاد دەبووم، دەمتوانی وەختی خۆم تەرخان بکەم بۆ کاک جەلال.

ڕۆژی ٢٥ی ئایار گەییشتە پاریس. چی پێویست بوو کرا. چی مابوو بکرێ بە چەند ڕۆژێک هەموومان جێبەجێ کرد. پاشنیوەڕۆی ٣٠ی مانگ چووە خەستەخانە. ژوورێکی جوان و بچووکی بۆ تەرخان کرابوو. نزیکەی سەعات نۆی شەو بەجێمهێشت، وتم کە سبەینێ پێش عەمەلیات دەگەمێ. ١ی حوزەیران سەعات حەوتی بەیانی دوو کارمەند هاتن بە دوایدا و خستیانە سەر قەرەوێڵەیەک و پاڵیان پێوە نا بۆ ژووری عەمەلیات. من لە شانیەوە بووم. کە گەییشتینە بەر دەرگای ژووری عەمەلیات، کارمەندەکان وەستان و ڕوویان لە من کرد و وتیان ئیتر تۆ بۆت نییە لێرەوە زیاتر لەگەڵمان بێی. قسەکەیانم کرد بە کوردی بۆ کاک جەلال. دەستی یەکترمان گرت و تەماشایەکی یەکترمان کرد. پێم وت هەموو شتێ بە باشی دەڕوا و نەختێکی تر دێمەوە بۆ لات. لە چاوەکانیدا دوو شت دەخوێندرانەوە: بەهێزیی و دوودڵی. دیار بوو پرسیاری لە خۆی دەکرد: هیچی نەوت، بەڵام لە سیمایدا زۆر شت دیار بوو. جارێکی تر پێم وتەوە هەتا دوایی. دوو جار دەستمی گوشی وەکو ئەوەی پێم بڵێ سوپاس و ناترسم. کارمەندان خواحافیزییان لە من

کرد. دەرگا کرایەوە، لە پەنجەرەی دەرگاوە چاوم لێیان بوو تا چوونە ژوورێکی ترەوە، دەرگا داخرا بە دوایاندا... ئیتر هیچ شتێک لە مەودای بینینمدا نەجووڵایەوە. ئەو ڕۆژە هەتا سەعات چواری پاش نیوەڕۆ دووجار چوومەوە بۆ نەخۆشخانە. هێشتا لە ژووری عەمەلیات دەرنەچووبوو. کە جاری سێیەم چوومەوە لەسەر قاڵدرمەکان ڕووبەڕووی دکتۆرەکەی بوومەوە. زۆر ماندوو دیار بوو، بەڵام زۆر لەسەرخۆ بوو. وتی عەمەلیاتەکە زۆر زەحمەت بوو هەرچەندە ڕووبەڕووی هیچ کێشەک نەبووینەوە، خۆمان بۆ هەموو شتێک ئامادە کردبوو. ئێستا زۆر باشە و لە ژووری ئینعاشە. زۆر سوپاسیم کرد و چووم بۆ بەشی ئینعاش. ڕێگایان دام لە پەنجەرەیەکەوە تەماشایەکی بکەم. لە دوورەوە چاوم پێ کەوت. دیار بوو لە خەوێکی قووڵدایە. سەعات نۆی شەو بوو.

ڕۆژی دووەم، سەعات یانزە گەیشتمە لای. ئەم جارە لە بەشی چاودێریی بەردەوام بوو. هەر کە دەرگام کردەوە دەنگیم بیست بە تەلەفۆن قسەی دەکرد. کە بینیمی یەکسەر هەوڵی دا بجوڵێتەوە بۆ ئەوەی ماچم بکا. زوو گەیشتمە ئاستی و نەم هێشت بجووڵێتەوە. زۆر ماندوو بوو، بەڵام لەو ڕۆژەوە دەمناسی قەت ئەوەندە شادیم لە ڕوومەتیدا نەدیبوو. ئینسانێکی تر بوو. وەکو ئەوەی لە دنیایەکی ترەوە هاتبێ بۆ ئەم دنیایە، کەساڵەهای ساڵ لە چاوەڕوانیدا بووبێ وابوو.

ئەو ماوەیە زۆرکەس تەلەفۆنیان بۆ کرد. ڕۆژێکیان تەلەفۆن لێی دا. کاک فارووقی مەلا مستەفا بوو. هەواڵی کاک جەلالی پرسی. بە وردی بۆم باس کرد. وتی عەمەلیات و مەسرەف چی دەوێ پێم بڵێ. ئامادەم هەر ئێستا یەک ملیۆن دۆلاری بۆ بنێرم. پێم وت کە هەموو مەسرەفی هێناوە لەگەڵ خۆی و پارەی خەستەخانەشی بە تەواوی داوە. پێویستی بە هیچ نییە. بە کاک جەلالم وت و سوپاسی کرد. پاش ئەوە بە دوو ڕۆژ گەڕایەوە ژوورەکەی خۆی. کارمەندانی نەخۆشخانە زۆر خەریکی بوون. هەرچەندە لە زمانی یەکتر تێنەدەگەیشتن، بەڵام هەردوو لایان بە کەیفەوە قسەیان دەکرد و تەماشای یەکتریان دەکرد. ڕۆژێکیان ئەوەندە شاد بوو لە عەمەلیات و لە خزمەت و پاک و تەمیزی ئەو شوێنە، پێی وتم بە ڕاستی ئەو خەرجییەی لێیان وەرگرتم ئەگەر دووقاتیشم لێ داوا بکەن... هێشتا هەر کەمە، ئامادەم بیان دەمێ. دەبوایە بیست و یەک ڕۆژ لە خەستەخانە بمێنێتەوە. بۆ ژوورو عەمەلیات و عیلاجی ڕۆژانە و خواردن ٣١ هەزار یۆرۆیان لێ وەرگرت. بەڵام پاش دە ڕۆژ دکتۆر هات، بە وردی فەحسی کرد و وتی تەندروستیی زۆر باشە، پێویست ناکا سێ حەفتە بمێنێتەوە. تەنیا دوو حەفتە بەسە. دەتوانێ پاش چوار ڕۆژ لە نەخۆشخانە بچێتە دەرەوە. ئەوە بوو ڕۆژی دیاریکرا، سێ یەکی پارەکەیان

بۆ گەڕانەوە و گەڕایەوەماڵەوە. هەردووکمان سەرمان سوڕما لەو سەر ڕاستییە. من لە خۆمم پرسی، وابزانم لەویشم پرسی، ئەبێ لە کام وڵاتی ئیسلامیدا شتی وا ڕوو بدا؟ تەنانەت دە ساڵێک دەبێ باسی داخستنی ئەو خەستەخانەیە دەکرێ، چونکە لە ڕووی داراییەوە مەسرەفی لە سوودی زۆرترە، تا ئێستاش وەڵامی ئەو پرسیارەم بۆ نەدۆزراوەتەوە. ڕۆژی دەرچوونی لە خەستەخانە کۆمەڵێ دیاری، بە تایبەتی پاقلاوەی لوبنانی، دا بە کارمەندان و چووین بۆ لای دکتۆرەکەی، کە ناوی سۆڤانێ بوو. دیارییەکی زۆر جوانیشی دا بەو لەگەڵ پاکەتێ پاقلاوە. دکتۆر کۆمەڵێ دەرمانی بۆ نووسی و کاتی خواحافیزی کاک جەلال وتی دەتوانم ماچی بکەم؟ دکتۆر لە شوێنی خۆی هەستا و یەکتریان ماچ کرد. دیمەنەکە زۆر جوان بوو، وەکو ئەوە بوو کە کاک جەلال پێی بڵێ سوپاس بۆ ئەوەی ژیانت پێ دامەوەو ئەویش بڵێ شایەنی نییە... ڕێککەوتن پاش چەند مانگێکی تر بێتەوە بۆ فەحس. پاش ماوەیەک کیلۆیە هەنگوینی کوردستانی بۆ نارد. کە جاری دووەم هاتەوە، سۆڤانێ پێی وت کە خێزانەکەی و منداڵەکانی زۆر حەز لە هەنگوین دەکەن. پاش بەراوردکردنی هەموو ئەو هەنگوینانەی خواردوویانە، بە ڕای هەموویان ئەوەی کوردستان لە هەمووی خۆشترە بووە.

## ٣

یەکێک لەو خاڵانەی کاک جەلال جیا دەکاتەوە لە بەشی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان ئەوەیە، کە گەندەڵی و پیاوخراپی لای برای خۆشی بێ، یان وەک خۆی دەڵێ چاوی خۆشی بێ، لێی قبوڵ ناکا. ئەم هەڵوێستە لای مرۆڤی ڕۆژهەڵاتیو پەروەردەی ئیسلام و مێشکی دەرەبەگایەتی نییە، یان بە ڕاستی زۆر کەمە. هەڵوێستی وا هی کۆمەڵگایەکە کە هەق و ماف و ڕاستی بخاتە پێش خزمایەتیو کەسوکار. لای خۆمان بە «عەیبەعەیبە و خەڵکی دەڵێن چی و حەیامان دەچێ» عەیب و خەوش و گەندەڵی کەسوکارمان دەشارینەوە، بەڵام دریغی ناکەین لە باسکردنی بچووکترین عەیبی دراوسێ و غەیرە.

یەکێک لە کوردستان یان لە شوێنێکی تری ڕۆژهەڵات بژی و بەم شێوەیە بیر بکاتەوە شتێکی ئاساییە، هەوڵێکی نەداوە لەو بەهایانەی لە باوباپیرانەوە بۆی ماونەتەوە وردبێتەوە و لێیان لا بدا. یەکێک بچێتە وڵاتانی تر کە «خێر بە خویش نەک بە دەرویش»، یان وەک عەرەب دەڵێن «أُنصُر أخَاكَ ظَالِماً أو مَظْلُوماً» واتە: پشتی برات بگرە کە غەدر دەکا یان غەدری لێ دەکرێ، لە لایان نەمابێ، زۆر سەیر نییە کە ئەویش لەم بەهایە لا بدا و ئیتر پشتی کردەی خراپی برا و کەسوکاری خۆی

نەگرێ، بەڵام سەیر و سەرسوڕمان لەوەدایە یەکێک ژیانی هەمووی لەناو ئەم بەهایە بەسەر بردبێ، کەچی گەندەڵی هی براشی بێ پەنجەی خەتاباری بۆ درێژ دەکا.

که کاک جەلالم ناسی دوو ساڵ بوو لەناو جەرگەی ئەم کێشەیەدا دەژیام. پاش نزیکەی چل ساڵی ژیان لە ئەورووپا ماوەیەک بوو هەتا ڕادەیەک ئەو بەهایەم لا نەما بوو، بگرە بە هۆی برایەکی گەندەڵمەوە بە توندی دژی بێدەنگ بوون بووم لە ئاست گەندەڵیی کەسوکار. کێشەی تایبەتیی خۆشم وای لێ کردبووم بە ڕوونی زیانی «عەیبەعەیبە و خەڵکی دەڵێن چی و حەیامان دەچێ» ببینم. کەس وەکو کاک جەلال گوێی لێ نەگرتم لەم کێشەیە و هەوڵێکی زۆری لەگەڵم دا بۆ ئەوەی هەموو لایەنەکانی تێ بگەم.

کاکم، کە ناوی محەمەد حەکیم بوو، ئینسانێکی زۆر خوێندەوار و شارەزا بوو. ماوەیەک جێگری بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی سلێمانی بوو. هەندێ کەس وەکو پێغەمبەر تەماشایان دەکرد و پێشیان دەوت پێغەمبەری پەروەردەی سلێمانی، ئەوەندە پاک و بەخزمەت بوو. بۆ ئێمەی برا و خوشکانی شوێنی باوکمانی گرتبووەوە. لە سەرەتای ساڵانی نەوەدەوە دەستم پێ کرد یارمەتی بدەم بە شێوەیەک، کە ماوەی دە ساڵی تەواو لە سەدا بیست و پێنجی موچەم لە فەڕەنسا دەدایەوە بە دوو قەرزی بانق، کە بۆ کاکی پێغەمبەرم کردبوون. لە ساڵی٢٠٠٧ بە ڕێکەوت بۆم دەرکەوت کە ئەم برایەم ناپاکییەکی تێدایە. کە لە قسە و نامە و نووسین و باسی ئەم و ئەو ورد بوومەوە، زانیم برا و خوشکەکانم ماوەیەک بوو پێیان زانیبوو، بەڵام ئەوەندە ترساندوونی، چونکە برا گەورە و توندوتیژ بوو، نەیان ویستبوو من پێی بزانم، بۆ ئەوەی نەبێ بە ناکۆکی و حەیایان نەچێ.

ساڵەهای ساڵ بوو، برای پێغەمبەرم منی دەڕووتانەوە بۆ ئەوەی ژنەکەی بچێ بە لایا، چونکە کە پارە دەهات ژنی سارد و وشک شل دەبووەوە و گەرم و گوڕییەکی وای دەنواند دەتوت تازە بووکە. برا لە منی دەبرد بە ناوی برا گەورە بۆ ئەوەی کەسوکاری ژنەکەی چەور بکا، یان لە دەست و نازی ڕووخۆشێک بێبەش نەبێ، یان بۆ کەشخەی کوڕە گەورەکەی کە ئێستاش گومان دەکرێ لە نەخشەی کوشتنی باوکی. چیرۆکەکە پەلوپۆی زۆرە، بەڵام ئەوەی شایەنی باسە تەزویری قەسامی شەرعییە. ئەم برا پێغەمبەرەم لە هەشتاکان هەستاوە کاغەزێکی بە عەرەبی بە دایکمان ئیمزا کردووە کە نەیدەزانی بخوێنێ و بنووسێ، گوایە پاش مردنی باوکمان تەنیا محەمەد وەک تاکە مناڵ لە دوای بەجێماوە. کەچی وای بۆ خوێندۆتەوە کە شەش منداڵی لە دوا بەجێماوە. دایکی نەخوێندەواریش نامەی ئیمزای کردووە. پێغەمبەری شارەزای کون و قوژبنی کاروباری دایەرەکان، چووە

بۆ تاپۆی خانەقین سجلی قەسامی شەرعی دەرهێناوە، نەک تەنیا وێنەی قەسامەکەی ئێمە، بەڵکو نۆ قەسامی خەڵکی تری پێش و پاش ئەوەی ئێمەی دڕیوەو لە سجل دەریانهێناوە، بۆ ئەوەی ئاسەواری تەزویرەکەی بە تەواوی بشارێتەوە. لە هەمان کاتدا قەناعەتی بە پیاوێک هێنابوو بە هەرزان خانوو بکڕێ، بەڵام کڕیار پرسی ئەمو ئەوی کردووە و مەسەلەی بۆ دەرکەوتووە، لە ترسی کێشە خانووی نەکڕیوە و دەستی پێغەمبەریش لە هەمانە هاتووەتە دەرەوە، پاش ئەو هەموو هەوڵو کۆششو فێڵانە. ئەم تەزویرە پاش بیست ساڵ و دوای چەند مانگێک لە مردنی یان کوشتنی بۆ ئێمە دەرکەوت. منیش شکاتم لێ کرد و مەحکەمە حوکمی دا. بەشی هەرە زۆری ئەوانەی لە نزیکەوە پێغەمبەریان دەناسی، نەیان دەتوانی بڕوا بکەن کە ئەو تەزویرە کردەی ئەوەو ئەو ئەو نامەیەی بە دایکم ئیمزا کردبوو، قەسامی موزەوەر و حوکمی مەحکەمەمان پیشان دەدان دەیان وت ئەمە کردەی ژنەکەی و کەسوکاری ژنەکەیە.

پێغەمبەری پەروەردەی سلێمانی زۆر بە زیرەکی خەڵک و کەسوکاری خۆی خەڵەتاند. وەکو دز مرد. ژن و کوڕە گەورەکەی کە ئەو هەموو دزییەی بۆ کردبوون شایەنی ئەوەیان نەزانی بەتانییەکی پاک بدەن بە لەشی سڕبوویدا. بە بەتانییەکی پیس و چڵکن ڕەوانەی خەستەخانەیان کرد و قەبرەکەشی هاوکارێکی خۆی بۆی هەڵگرت.

## ٤

ساڵی ٢٠١٣ زانکۆی سۆربۆن و بنکەی لێکۆڵینەوەی زانستی لە فەڕەنسا ناردمیان بۆ کوردستان، بە مەبەستی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەک لەسەر هەقە. کاک جەلال ناساندمی بە چەند کەسێک کە یارمەتییەکی زۆریان دام. یەکێ لەوانە ڕەوانشاد مستەفا عەسکەری بوو، کە بێ ئەو کارەکەم بۆ نەدەکرا. لە شوێنێکی تر بە دوورو درێژی باسی ئەو سەفەرە و ئەنجامەکانی دەکەم. لە شەدەڵە پەروەردەی سلێمانی شوێنێکی دامێ لەناو قوتابخانەی کۆنی دێ، کە چوار ژووریم بەکار دەهێنا بۆ موتبەخ و ژووری خەوتن و ژیان و کلاسی وانەوتنەوە و ژوورێک بۆ پەیکەرتاشی. چەند جارێک کاک جەلال و چەند برادەرێکی تر هاتن سەریان لێ دام. پەنجەرەی ژوورەکەم نزیک چۆڵەوانییەک بوو، کە یەکێ بە ئاسانی دەیتوانێ دەستێک بوەشێنێو ڕابکا، وەکو دوایی تێگەییشتم. جارێکیان، دەمە و ئێوارە بوو، کاک جەلال لە سەفەرێکی تەماشایەکی پەنجەرەی کرد و وتی ئەرێ چەکت لا نییە؟ پرسیارەکە سەیر بوو بە لامەوە. وتم نەخێر، بۆچی؟ وتی ئا ئەو پەنجەرەیە خەتەرە، منێ کە لە هەموو ژیانمدا چەکم نەبووە، ترسێکم لا پەیدا بوو. لەو ڕۆژەوە هەر کە لقی

دارەکانی پشت پەنجەرە دەجولآنەوە خەیاڵی ڕیش پانێک، بە چەکەوە، مێشکمی داگیر دەکرد. جاری وا هەبوو چەکی پیشان دەدام، یان چاوی لێ زەق دەکردمەوە، یان زمانی لێ دەردەکردم. حەفتەیەک یان دوو بەو شێوەیە با و ڕەشەبا خەیاڵی ڕیش پانێکی چاوزەق و چەک بە دەست و زمان بە دەریان لە مێشکم دەبزواند. شەوانیش، کە لە شیرینی خەودا دەنگێک لە لای پەنجەرەوە دەهات، بیرم بۆ ئێران و ڕقی مەلاکان لە بەهائییەکان و پەیوەندیی ئەمان لەگەڵ هەقە دەچوو. وای لێ هات شەو نەبوو گەڵای دار نەبێ بە ڕیش و تروسکایی بە چاوێکی زیت! تا ڕۆژێکیان بە شێوەیەک باسم کرد لەگەڵ شێخ مەحمودی شەدەڵە، نەک باسی ترسی خۆم، بەڵکو باسی مەترسی. دڵی ئارام کردمەوە کە شتی وا ڕوونادا و خەڵکی دێ چاویان لێمە. منیش تێگەییشتم کە ئەگەر لەو خەیاڵە بەردەوام بم کارم بۆ ناکرێ. ئیتر لەو ڕۆژەوە ڕیش پان دەرنەکەوت. جاربەجاریش کە ڕەشەباش هەڵیدەکرد، دەچوومە بەردەم پەنجەرە وەک ئەوەی پێی بڵێم دەی فەرموو ئەگەر ئازایت خۆت دەرخە! هەتا ئەو ڕۆژەی شەدەڵەم بەجێهێشت ڕیش پان دەرنەکەوت، لە کاتێکدا با و ڕەشەبا لە هەڵکردنی خۆیان نەکەوتن.

لە هەمانساڵی ٢٠١٣دا مەسەلەی جێگرتنی مام جەلال هاتبووە کایەوە، بە تایبەتی لەناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا. یەکێ لە هاوڕێی سەردەمی لاوی و کاتی حیزبایەتیم، واتە زیاتر لە چل ساڵ لەوەوپێش، کە لە هەمان کات هاوڕێی کاک جەلال و کاک عەدنان موفتی بوو، کاک عادل مراد خۆی خستبووە مەیدانی هەوڵدان بۆ سەرۆکایەتیی کۆماری عێراق. کە لەگەڵ برادەران دادەنیشتین باس هەر باسی عادل و سەرۆکایەتیی کۆمار بوو. عادل بەینی زۆر باش نەبوو لەگەڵ تالیبی برای، جۆرە ناکۆکییەکیشی هەبوو لەگەڵ کاک عەدنان، بێ ئەوەی بگاتە ڕادەی عاجزی. ئەو ماوەیە زۆر شتم بیست لەسەر ئەو مەسەلەیە، کە لە دواییدا بوونە مایەی ئەم شۆڕشەی لە شەدەڵە نووسیم. لە کاتی خۆیدا بۆ کاک عادلم خوێندەوە و زۆر پێکەنی و داوای کرد بیدەمێ بڵاوی بکاتەوە. وەختێکی زۆری خایاند تا بۆم نارد. ئەمە یەکەم جارە بڵاوی دەکەمەوە وەکو خۆی، هەرچەندە جارەهای جار لە مەجلیسی برادەران خوێندوومەتەوە، هەندێ جاریش بە ئامادەبوونی کاک عادل یان کاک تالیب. ئەم دێڕانەم ماوەیەک پێش هەڵبژاردنی دکتۆر فوئاد مەعسووم بە سەرۆک کۆماری عێراق نووسی.

## شۆڕشێ لە خەودا

### ئـــــــەی کاک جـــەلالی ســـامی سلێمانی

تۆ لەم دنیایە دەنگی بیرمانی
هاتووم بۆت باس کەم پوختەی چیرۆکێ
پێشمەرگەی ئازا و پاشان سەرۆکێ
هەمووکەس ئەڵێ هەروا ڕۆژنامەش
خۆتان حازر کەن گوڵ پڕ بە باوەش
کاک عادل ئەبێ بە سەرۆک کۆمار
کاک عەدنان ناکا بە هیچ لە دەربار
ئەمما تالیبی برای پڕ هەستی
شۆڕشێ ئەکا بە خەم و پەستیی
ماڵ ئەداتە کوڵ چەک ئەکاتە شان
هەنگاو هەڵئەگرێ بەرەو شاخەکان
هەر ئەڕوا و ئەڕوا و بە دەم ڕێگەوە
جارجار ئەوەستێ بە چاو توورەوە
ڕوو بەرەو ئاسمان دەست لەسەر تفەنگ
هاوارێ ئەکا بە گڕەی ناو دەنگ
«خودا چە کردی عەقڵت نەمایە
ئەو کەیدە سەرۆک، کەستر بڕیایە
نەزانیم ڕووژێ یە تێدە سەرم
وە پیشمەرگە بم وە پیری عومرم»(٢١)
توورە پڕ مێشکە و خەفەت پڕ دڵە
ئەڕوا هەر ئەڕوا تا دێی شەدەڵە
لەوێ پێی ئەڵێن یەکێ لێرەیە
شێتی پەیکەر و شەیدای هەقەیە
کە گەییشتە لای، شەکەت و ماندوو
یەکتر ئەناسن، زۆری پێ ئەچوو
تالیب وای لێ کرد ئەویش شۆڕش کا
پێکەوە هەستان دەست بەسەر چەکا
ئیتر کەوتنە ڕێ بەرەو شاخەکان
هەی ماندوو نەبن، وتیان هەقەکان

---

(٢١) ئەم چەند دێڕە بە شێوەزاری خانەقینی نوسراون.

ئۆغرتان بۆ کوێ بەو چەکی ڕاوە
یان بەو مشارە کە دانی ساوە
ئەڕۆین بۆ شۆڕش شۆڕشێ ئەکەین
دژی ناهەقی قەت چۆک دانادەین
پێکەنین هەستا کۆنە پێشمەرگە
پێی وتن مەکەن شۆڕشتان مەرگە
ئەوە ئەڵێن چی تالیب پێی وتن
هێزی شۆڕشتان نەماوە لە کن
بەخوا بە بڕنەو ئەمەی ئەیبینی
سی هەزار عەسکەر تاڵ ئەبێ ژینی
هەڵکەوتی سەرلق بەو چەکەی دەستی
ئاسنیش ئەبڕێ لە کاتی مەستی
ڕاست ئەکا تالیب ئەو سەرۆکمانە
شۆڕش بەرپا کەین گەل لەگەڵمانە
قەسەم بێ بە خوا بەو خوای گەورەیە
چەکی لەم چەشنە لای کوردان نییە
ئەمە مشارە و پێی ئەڵێن شمشێر
دەبابە ئەبڕێ وەک ڕۆستەمی نێر
لەتلەتی ئەکەم ئەیکەم بە پەیکەر
دنیا دێتە لای وەک تەماشاکەر
تابووری سەرۆک لە بەغداوە دێ
کاک جەلال لەگەڵ هاتووان ئەبێ
کاک عادل ئەگا بە ڕێی مێرگەپان
لە دوورەوە دێ ئەسپی کاک عەدنان
ئیتر شۆڕشێ ئەکەین بە شێنی
عادل لا ئەدەین عەدنان بۆ شوێنی
بزگەی سمێڵی کاک جەلالی سام
لە دوور ئەبینرێ لە بەغدا و لە شام
وایە شۆڕشی گەلی چەوساوە
سەرکردەی بەهێز تالیبی ناوە
دەنگی پێشمەرگە لەو لاوە هەستا

**کەس ڕێــــی لێ نەگرت خۆشی نەوەستا**
**شۆڕش وا نابــــــــێ کاکی سەرکردە**
**ئەمــــــــانە قسەی خەیاڵی کوردە**
**برنــەو تاپڕ بێ و کلاشینــکۆف مشار**
**شۆڕش بە گونــــمان ڕۆژێ هەزار جـار**
**بە نائومێـــــــدی لــە شاخ هاتنە خوار**
**تالیــــــــب بە تاپڕ هەڵکەوت بە مشار**
**ماندوو بوون خەوتـن لە داخ ئـاشبەتاڵ**
**کە لە خەو هەستان هــەریەک لەناو ماڵ**
**زانییان خـــــەو بوو، نە هیچە لە شار**
**نە عـــــــادل بووە بـە سەرۆک کۆمار**

## ٥

ساڵێکیان کە هات بۆ پاریس، ژنێکی سێربی حەفتەی جارێک دەهات ماڵەکەمی پاک دەکردەوە. لە هەموو ژیانمدا کەسی وا چەنەبازم نەدیبوو، بەڵام سەرەڕای نەوەستانی لە قسەکردن ماڵەکەی وا پاک دەکردەوە کە ئەو ڕۆژە وتی ئیتر ناتوانم بێم داوام لێ کرد یەکێکی وەکو خۆیم بۆ بدۆزێتەوە. زۆر چالاک بوو لە ئیشەکەی. پاش سێ سەعات ماڵەکە لە گوڵ پاکتر بوو. ئیتر نازانم چەندی وەختەکەی بە قسەکردن بەسەر دەبرد و چەندی بە ئیشکردن. ئینسان بە حاڵ لە فەڕەنسییەکەی تێدەگەیشت. نزیکەی سی ساڵ بوو لە فەڕەنسا بوو، کەچی دوو ڕستەی بە ڕێکوپێکی لە دەم دەر نەدەچوو. کە قسەی دەکرد من زوو پیشانیم دەدا کە ئیشم هەیە و ناتوانم زۆر گوێی لێ بگرم. کاک جەلالیش هیچ تێنەدەگەییشت لە قسەی ئەو ژنە، بەڵام هەر تەماشای دەکرد و گوێی لێ دەگرت. ژنیش نەیدەزانی کە کاک جەلال لەبەر ڕێزگرتنی ئەو کەسەی کە قسە دەکا تەماشای دەکا و ئەوەندە بە قووڵی گوێی لێ دەگرێ، ئەگینا هیچی لێ تێناگا. ئیتر ئەوە جەژنی بوو. پەیتا پەیتا قاوە و چای دەکرد بۆ کاک جەلال و قسەی بۆ دەکرد، بە شێوەیەک من لە سەدا نەوەدی قسەکانی تێنەدەگەییشتم. چ جای تێدەگەیشت کاک جەلال! گرنگ نەبوو بە لای ژنەوە. لە نێوان دە پانزە ڕستەی لەپڕ دەنگی کاک جەلال بەرز دەبووەوە و دەیوت: بۆنژوور مەدام، بوونژوور مەدام (ڕۆژباش خانم، ڕۆژباش خانم)، کە هیچ هۆیەک نەبوو بوترێ، کاک جەلال هەر ئەوە لە فەڕەنسی فێر بووبوو. ژن پێدەکەنی و بەردەوام دەبوو لە مەتەڵی خۆی و قاوە و چا کردن بۆ کاک جەلال. بەم شێوەیە

ئەم حەوت هەشت جار بۆنژوورەکەی خۆی دەوت و ئەویش بە هیچ شێوەیەک لە قسە و باسی خۆی نەدەوەستا. وا بزانم ئەو ئافرەتە لە هەموو ژیانیدا لە فەڕەنسا کەس ئەوەندە گوێی لێ نەگرتووە. ڕەنگە شادیی هەردووکیشیان ئەوە بووبێ کە لە یەک تێنەدەگەییشتن. جاربەجار کاک جەلال پێکەنینێکی قووڵ دەیگرت بەو شانۆیە، ژن لە قسەی خۆی بەردەوام دەبوو بە زەردەخەنەیەکەوە. کاک جەلال زۆر حەز لە گاڵتە و قسەی خۆش دەکا. لەو چەند هاتنەی بۆ پاریس وامان لێ هات کە گاڵتە و پێکەنین ببێ بە یەکێ لە پێگەی پەیوەندیمان. هەردووکمان پێکەنینێکی زۆر بەرزمان هەیە. کە وەختمان دەبوو دادەنیشتین یان شیعری کوردیم بۆ دەخوێندەوە یان چەند لاپەڕەیەک لە ڕشتەی مرواری. جاروبار بیر و زەوقی نووسینی چەند دێڕێکی بە کێش و قافیە دەدامێ. زۆربەشی ئەوەی ئەمنووسین بۆ پێکەنین بوو. هەمووشی پەیوەندییان بە واقیعی ڕۆژانەی ژیانەوە هەبوو. جارێکیان داوای دەرمانێکی کرد لە دکتۆر بۆ ڕاگرتنی میزی شەوانە. پاش دوو سێ ڕۆژ وتی ئەو دەرمانە سەگبابە هەر هیچ سودی نییە و نەختێ ڕەخنەی لە دکتۆری فەڕەنسا گرت. هێشتا زوو بوو بۆ ئەوەی دەرمان کاری خۆی بکا. منیش ئەم دێرانەم بە زمانی خۆیەوە نووسی. ئێستاش کە بۆی دەخوێنمەوە، دەیدا لە قاقای پێکەنین. بێگومان بۆ هاوڕێکانیشیم خوێندووەتەوە.

**پاریس کە زۆر گرانە**
**نایبینم بەم زووانە**
**دکتۆری هەر نەزانە**
**دەرمانی پێچەوانە**
**گوایە بۆ میزوەستانە**
**کەچی سەد جار شەوانە**
**ئەڵێی ئاوی سیروانە**

ماوەیەک هیچ دەنگوباسی نەبوو. بە تەواوی نایەتەوە بیرم ئایا ئەو کاتە لە کوردستان بوو یان لە یەکێ لە سەفەرەکانی لە ئەورووپا. منیش ئەم دێڕانەم بۆ نووسی.

**ئەی کاکی کوردان ناپرسی هەواڵ**
**ڕەحمت نەماوە وەک جاران ئیمساڵ**
**قەل وای لێ کردووی لەبیرت بچێ**
**چ هاوڕێ چ خوا چ نوێژ چ بەرماڵ**

جارێکیشیان ئەم دێڕانەم بۆ نارد. مەبەستیشم لە هەولێر هاوڕێی دێرینی بوو کاک عەدنان موفتی:

**ئەی برادەر هەواڵی کـەس نــاپرسی**
**نە فەقیر نە هەژار نە خاوەن کورسی**
**کـە قەل و کفتە هاتنە لای مـــاسی**
**نە پاریس نە هەولێر هـیچیان ناناسی**

کە لە پاریس بوو زۆر جار پلاوم لێ دەنا لەگەڵ شلەیەکی خۆش. دادەنیشتین بە دەست دەمانخوارد. کە چوو بۆ شاری بوخوم لە ئەڵمانیا بۆ لای ڕێزانی برازای، ماوەیەک هەر دەنگی نەما. ڕێزانی برازای بەناوبانگە لە چێشتی خۆش. منیش ئەم دێڕانەم بۆ نارد:

**کە بوخوم هاتــە پێش پاریس پاشە و پاش**
**بــێ دەنگوبــاس مـــا، نە خراپ و نــە باش**
**کفتە و قەلی بوخوم لوتکەی چێشت و ئاش**
**پــلاوی پــاریـــــسی کـــردە تــەڕمـاش**

کە کێشەی موچە و نەدانی لە لایەن بەغداوە هاتە مەیدان، لە سەردەمی مالیکی، هەندێ سیاسەتمەدار لەگەڵ ئەوەدا بوون کە خەتای پارتییە. کاک عادل یەکێ بوو لەو کەسانە. ئەوە بوو ڕۆژێ هەستا چوو بۆ لای مالیکی. ئەو سەفەرە و باسکردنی دوایی چ لە لایەن خۆیەوە و چ لە لایەن هاوڕێکانییەوە بوونە مایەی ئەم چەند دێڕە، کە یەکەم جار بۆ کاک جەلال و کاک عادل و کاک عەدنان بە تەلەفۆن خویندمەوە، دواییش بۆم ناردن. ئەم دێڕانە بۆ یەکەم جار لێرە بڵاویان دەکەمەوە:

**میوانی بەغدا**

**زرمـــــەی دەهۆڵ و فیقەی زوڕنایە**
**ئــەوا کاک عادل میــوان بەغدایە**
**کێــشەی میللەتمان ئــەو چاری ئەکا**
**وا مـــــوچە ئەدەن ئەو باری ئــەکا**
**لە ڕێگا نیـــــوەی ئــەخاتە گـیرفان**
**یەک فلسی نـــــادا بە کاکە عەدنان**

من و کاک تالیـــب به دوای ڕائەکەین
«بەشەکەی ئیمە وە خاتـر حوسەین»

عادل
«لاچـن، هیـچ نییە ئەرا خائینان
ئیوە جاسووسن، جاسووس عەدنان»

تالیب
بـــزانە ئەگەر نیـــوەی پـــارەکە
بـــە ئێمە نــــەدەی گلەیی مەکە
مـالیکی بکـەم بـە میوانی خـــۆم
وەک برای سەرۆک سەربەرزییە بۆم
خـــۆ تۆ نازانـــی میوانیم چۆنـــە
گریـــس بۆ چێـــشتم لەباتی ڕۆنە
کفتــەم چ کفـتە بەردی ڕەق و تـەق
برنـج ئەوەن سارد چاو ئەکا ئەبلەق
نانی وشک و ڕەق هەر بۆ سەگ باشە
وا دان ئەهاڕێ هەر ئەڵێی ئـــاشە
ئـــاوم قوزەڵقورت وەکـو چلکاوە
ئا بۆیە هیچکەس نایـــە بەم ناوە
ئیـــتر بەم شێوە مالکی کە دێ
بە ساغی دێت و بە تابووت دەچێ

عادل
جـــا ئەوە چییە؟ پێی ئـەڵێم ئەیە
بەینمان خـراپە و ئیتر برام نیـــیە

هەڵکەوت
بـەو خوایە ئەگەر هیچمان نـەدەیتێ
وا کەین کاک جـەلال بە دوژمنت بێ
ڕاپۆرتێ بکا لـــەسـەر مـالیکی

**ئەوەی هاوڕێی بێ یا وەک شەریکی**
**خۆیان لێی دوور خەن نەوەک بخزێن**
**وەک ...... ... بـــە دادگـــا بدرێن**
**ئیتـــر کـێ بـــڵێ ئـددەلەل کاکە**
**بەش ئێمە بـدەی هەر بۆ خۆت چاکە**

**عادل**

**مـــەکەن پێـی مەڵێن بۆ خـاتـر خـــوا**
**ئەتۆ هاوڕێمـــــی و تـــۆش کاک و برا**
**مـــەکەن پێی مەڵێن هەرچیتان ئەوێ**
**بـۆتـانـــــــی ئەکەم لێرە یان لەوێ**
**کە بووم بە سەرۆک هەردووکتان ئەکەم**
**بـــە وەزیـری خۆم یەکسەر ئەمر ئەدەم**
**کاک تالیـــب بکـەن بـە وەزیری ئاو**
**هەڵکەوت هی قەیرە و خەیاڵی پڵاو**

کە ئەم دێڕانەم بۆ عادل نارد تەلەفۆنی بۆ کردم و دیار بوو بە دڵی بووە. وتی چاکت لەسەر تالیب نووسیوە. کە بۆ تالیبیشم خوێندەوە، زۆر پێکەنی و وتی چاکت لەسەر عادل نووسیوە.

لە یەکێ لە سەفەرەکانی کاک جەلال بۆ ئەورووپا کوردەکانی هۆڵەندا داوەتیان کرد، ڕێزێکی زۆریان لێ گرت بۆ ئەو خەباتەی لە کوردستان کردوویەتی و دەیکا دژی گەندەڵی و گەندەڵکاران. کە لەوێ بوو ئەم دێڕانەم بۆ هات و هەر بە تەلەفۆن بۆم خوێندەوە. زۆر دڵی خۆش بوو. چەند چرکەیەک بێدەنگ مایەوە و هیچی بۆ نەوترا. دەبێ ئەوە بڵێم کە بەشێ لەم بابەتانەی لێرە ناویان هێنراوە باس و سەروردی کاک جەلال نین لە هەموو دانیشتنەکانی، بەڵام لە کاتی نووسینی ئەم دێڕانە و بەرزبوونەوە هەست و سۆزی خۆم گەییشتمە ئاستی ئەوەی هەندێ لەو مەسەلانەی خۆم خەریکیانم بیان خەمە ناو دەقەکەوە، ئەویشم بە هەقی خۆم زانی، چونکە دەقەکە بە ناوی خۆمەوە بڵاو دەبێتەوە، هەرچەندە باسی بیروباوەڕی کاک جەلال دەکەم. ئەمە دەقێکی زانستی نییە بۆ ئەوەی هەرچی تێدایە دەقاودەق وا بێ. زیاتر دەقێکی ئەدەبی و عاتفییە.

**هۆڵەند نازانێ**


**هۆڵەند نـازانێ کێیە مـــیوانی**

پوختەی ئەخلاق و هی میهرەبانی
هــی وەفاداری هەستی ئینسانی
میوانی هــەق و هی کوردەکانی
داوەت کــراوە بــۆ ڕێــزلێنانی
بۆ باســی کورد و خەمی گرانی
شی ئــەکاتەوە زۆر بە ڕەوانی
دەردی هەرێم و هی گەندەڵانی
هی کــرێکار و هی جوتیارانی
هی بێوەژن و هی جەرگ بڕاوانی
هی بــراکوژراو هی بێبـاوکانی
هی زوڵمی ئیسلام لە یەزیدیانی
یا خـەتەنەی ژن بەناو قورئانی
هی مـاڵوێران و هی هەژارانی
دزی لە میللەت مووچە بــڕانی
کــوشتنی ئــازا و ڕۆژنامەوانی
بێ حـساب و پرسی تاوانبارانی
فرمێسک ئەڕێژێ بە دڵ لە ژانی
کەمبوونی هەق و هەقپەرستانی
لە بەشی ئازاد لە کوردستانی
وەک ڕۆژانی کۆن دەمی جارانی
کە هاوار هەستا ئەوەندەت زانی
میللەت بە جارێ چەکە و لە شانی
بۆ سەندنی هەق بـۆ مافەکانی
ئامادەی مردن لە ڕێی قوربانی
هەمووت بۆ ئەڵێ شەو تا بەیانی
بە دەنگی پڕ ئێش دڵ پڕ گریانی
فرمێسک قەتیسماو لەناو چاوانی
با ناوی بڵێم ئەگەر نـایـزانی
جەلالی سامی ئاغای سلێمــانی

پاریس

# ضوء لن يغيب.. بل هالة دائمة

**يوسف زوزاني**



جەلالی سام ئاغا، یوسف زۆزانی
کۆشکی سەلام - بەغدا
٢٠٠٩/١/١٦

الكلام عن كاك جلال ليس سهلا.

أولا: لأنك لا تدري من أين تبدأ.

ثانيا: عن أي من صفاته وأخلاقه ومواقفه ستتكلم؟ هل تستطيع أن تعطيه حقه مهما كنت بليغا ومتمرسا أم لا.!

كنت أسمع عنه.. ولكن لم تكن تربطنا علاقات..كما هي الآن. كان أول لقاء لنا في بيت المرحوم الشهيد (شەوكەتی حاجی موشیر) على دعوة عشاء، في حقبة حكومة الأخ (بەرهەم صالح). وكان من بين المدعوين الأخ بەرهەم وبعض من وزرائه.. بعد عودتهم من زيارة لدمشق، حيث كان الأخ جلال من ضمن الوفد الزائر، وكان وكيل وزارة المالية حينذاک. جرت العديد من المناقشات.. تخللتها نكات وتعليقات. قال أحد الحاضرين محاولا دغدغة عواطف كاك جلال: لقد سمعت أن الرقابة المالية ستلغى.. وكان هو مرشحا لهذا المنصب، وقد استفزت هذه الجملة كاك جلال، فرد كعادته بعنف مخاطبا المتكلم: إن ذلك لا يهمني لأن الوظيفة هي التي تبحث عني ولم أبحث أو أركض وراء الوظيفة مثلكم. كان ذلك بالنسبة له وكان مقصده الملاطفة حسب ظنه ردا قاسيا والمقصود به هو شخصيا. فنهض دون كلام وترک المجلس. الأخ الذي ترک المجلس كان من أقرب أصدقائي ومن المناضلين القدامى.. لذا صعب الأمر علي. وبعدها سألت العم (جەمال ئاغا) عن كاك جلال فمدحه كثيرا وإعتبر أن الأخ الذي وجه الكلام لكاك جلال (وكان صديقه أيضا)، كان على خطأ. فقلت لـ(جەمال ئاغا) علاقتک مع الطرفين جيدة.. فلنحاول إصلاحهم، مادام الإثنان من معدن جيد.. ولايجب أن يبقيا على خلاف. ونجحت مساعينا ومن هنا بدأت علاقتي مع كاك جلال وتطورت.

أستطيع أن أقول أن كاك جلال.. ولد في بيئة غير بيئته أو أقل مايقال لم تصل للمستوى الذي كان هو يريده لها، لذا كان يتهمني في أغلب الأحيان بالمهادنة أو التصرف كملتزم حزبي الى درجة إنني لمدارات الوضع كنت أنهي الأمر بمثل أو نكتة مضحكة توازن الوضع وننهي الأمر بالضحک.

أن أكثرية المسؤولين..كانوا يحترمون كاك جلال ويقدرون جهوده، وكان يلاقي الإحترام والتقدير والدعم الكامل من مام جلال..كان يمدحه في حضوره وفي غيابه، لكن مع الأسف ومع كل الدعم والإحترام والتقدير العالي لجهود كاك جلال فإن الظروف المعقدة وطبيعة العمل السياسي والعلاقات الحزبية المتداخلة، كانت تقف

عائقا أمام ما كان يريده كاك جلال لأن مام جلال كان كسياسي مخضرم يحسب لكل شيء حسابه ولاينفذ خطوة قبل أوانها ولكن المرض لم يمهله لتكميل ماكان قد بدأ العمل له.

صحيح أن كاك جلال كان متشددا ولا يتهاون في الإنضباط الوظيفي.. خاصة في دائرته ولكنه كان مطلعا على كل شاردة و واردة ورغم تشدده الوظيفي الا أن العاملين معه كانوا يقدرونه تقديرا عاليا، ويكنون له كل الإحترام لا فرق بين مدير عام وأصغر الموظين. وكان الكل يلجؤون إليه عندما تواجههم أية مشكلة ويلقون منه كل الدعم الممكن.

بعد أن توطدت علاقاتي مع كاك جلال.. كنا على إتصال دائم وكنا مع مجموعة من الأخوة نذهب سوية لكل المناسبات من الأفراح والأتراح. وكانت لقاءاتنا هذه صميمية فبغض النظر عن إختلافنا في القضايا العامة سواء السياسية منها أو الإدارية الا أن التنكيت والتعليقات وخاصة بيننا وبين العم (جەمال ئاغا)والأخ (صەلاحەدین موهتەدی)، كانت تلقي بظلالها على كل القضايا الاخرى. ورغم كل ذلك كنا أنا والأخ (صەلاحەدین موهتەدی)(ولو كل بقدر ما) لانسلم من تعليقات كاك جلال بأننا لا نقف مثله بقوة في وجه بعض القضايا وكنا نرد بأنه شديد في بعض المواقف التي قد تحل بطريقة أكثر ليونة.

كان (مام جەلال) في بغداد، بإعتباره رئيسا للجمهورية. وكان كاك جلال يريد أن يتقاعد وقد إتخذ قرارا قطعيا بعدم تبوء أية وظيفة، لكن (مام جەلال)لم يكن موافقا، وكان يريد إقناعه بوظيفة رئيس الرقابة المالية للحكومة الموحدة في الإقليم وكنت حينها أريد السفر لأوربا لرؤية عائلتي، فطلب مني (مام جەلال)تأجيل سفري وأن أحضر مع كاك جلال الى بغداد، لعله يقنعه بعدم الإستقالة وقبول الوظيفة الجديدة. فأجلت سفري، وسافرنا الى بغداد ضيوفا عند الرئيس (مام جەلال).

لقد بقينا بضيافة (مام جەلال) عدة أيام. كانت من أجمل الأيام، لأن المرء لايمل من جلسات (مام جەلال)، وأحاديثه الشيقة سواء في السياسة أو في المسائل العامة والتي تتخللها النكات والتعليقات التي لها نكهة خاصة. لقد كنا مرتاحين جدا ولم نشعر كيف مرت الأيام. وفي آخر ليلة كنا في ضيافة (مام جەلال)، حيث كان سيسافر صباحا لحضور مؤتمر القمة في الكويت. وعندما أردنا أن نستأذنه السفر، ونودعه قال لا تودعوني الآن، فأنا بانتظاركما صباحا لنفطر سوية ثم أسافر. ولخوف كاك جلال من أن نتأخر قال لـ(مام جەلال): أعذرنا من المجيء صباحا لأن يوسف يتأخر في الإستيقاظ، وطبعا (مام جەلال) يفهمها وهي طايرة كما يقول المثل بأن كاك جلال يقصد نفسه ويلقي الأمر علي. فقال على راحتكم، وودعناه

ليلا. طبعا كاك جلال لم يقتنع بالإستمرار في الوظيفة رغم محاولات (مام جەلال). لذا ترك له الإختيار.

في إحدى الليالي.. خلال وجودنا مع (مام جەلال)، تطرق الحديث إلى فرق الأسعار بين بغداد وأربيل والسليمانية، حيث الأسعار في السليمانية أغلى من أربيل وبغداد. فقال كاك جلال : أردت ان أشتري ماكنة لقص الأعشاب للدائرة، حيث قالوا لي أنها أرخص في أربيل وهنا قاطعه (مام جەلال) بموضوع آخر يخص قضية تتعلق بدائرة كاك جلال ولكن كاك جلال رد بطريقة أخرى ولم يريد (مام جەلال) الدخول في المناقشة فقال: ياكاك جلال أكمل لنا قصة ماكينة قص الأعشاب ودعک من هذا وضحكنا وأكمل كاك جلال الحكاية.

أن سرد كل ما اريد أن أقوله عن كاك جلال، كثير ويحتاج إلى كتاب بذاته لا جزء من كتاب ولكن سأختصر. والآن أريد أن أتكلم عن بعض القصص الحلوة و المضحكة التي مرت بنا، وبعضها طبعا كان يألفها ويحكيها كاك جلال، ولكن ينسبها إلي، خاصة عندما كان يتعلق الأمر بصديقنا والعزيز علينا (جەمال ئاغا). ففي مناسبة أربعينية المرحوم (فؤاد عارف)كان عمنا (جەمال ئاغا)أحد المتكلمين وبما أن الوقت كان محدودا فحددوا للآغا بضعة دقائق وهذا لم يرضيه لأنه كان يريد أن يتكلم مطولا عن المرحوم (فؤاد عارف)، فإستغل كاك جلال الفرصة وقال له أن يوسف رتب البرنامج وحدد الوقت وطبعا (جەمال ئاغا)، كان يصدق كل مايقوله كاك جلال فحلفت له أغلظ الايمان بأن لا علاقة لي بالموضوع لكنه لم يصدق. لقد كانت علاقتنا مع الآغا علاقة صميمية وكنا دوما نذهب لكل المناسبات سوية مع الآغا وكاك (صەلاحەدین موهتەدی).

وبمناسبة الكلام عن المرحوم فؤاد عارف فقد تعرفت عليه من قريب عن طريق كاك جلال إذ كنت أعرفه قبل ذلك من بعيد. وكنا نزوره مع كاك جلال وكاك صلاح و الآغا بأستمرار. لقد استفدت من معلوماته كثيرا لأنه عاصر كل الحكومات العراقية من أيام الملك غازي، (حيث كانا سوية في الكلية الحربية وصار مرافقا له بعد أن أصبح ملكا) وحتى حكم صدام حسين. وفي أحدى المرات على ما يبدو تأخرنا بضعة أيام عن زيارة المرحوم (فؤاد عارف) فقام هو بزيارة (جەمال ئاغا)، دون أن يخبره فتفاجأ (جەمال ئاغا) وإنحرج فأراد أن يقول أن تأخره عن زيارة (فؤاد عارف) كانت بسبب كاك جلال ولكن لشدة حرجه غاب عن ذهنه إسم كاك جلال فصاح بأعلى صوته على أخته: سعاد ما أسم إبن عمر أفندي.. يقصد والد كاك جلال طبعا.. لذا عندما كنا نريد ممازحة (جەمال ئاغا) نقول : ماهو اسم إبن عمر أفندي!!

كما قلت أن كاك جلال كان يألف و يخرج قصص مضحكة لكنه ينسبها الي فالأخ


الدكتور (لەتيف ڕەشيد)صديق مشترك لي و لكاك جلال وكان وزيرا للموارد المائية في بغداد. وكان بعض الأحيان يرسل لنا سلال من التمر، وأحيانا الرز البسمتي ذو الرائحة المشهورة. وفي أحد المرات أرسل سلتي تمر واحد لي والثانية لكاك جلال وفي اليوم الثاني هاتفني كاك جلال منتقدا التمر، وأنه كله تراب.. فقلت له يا كاك جلال السنة كانت سنة مليئة بالغبار والتمر المرسل لي نفس الشيء فإن أردت أن تتخلص من التراب ضع السلة تحت دوش الحمام ولن يبقى على التمر أية غبار، فاستغل كاك جلال الفرصة وتلفن لكاك (لەتيف) ليقول له أنني أقول أن التمر مليء بالغبار وأنني أضطررت أن أضعه تحت دوش الحمام ومن كثرة الغبار، إنسد أنبوب التصريف عندي وعند الجيران الموجودين في الطابق السفلي. طبعا كاك (لەتيف ڕەشيد) كان قد تعود على مزاحنا لذا كان من أول وصوله للسليمانية يتلفن لنزور كاك جلال سوية.

الحقيقة كما قلت في المقدمة، أن الكلام عن كاك جلال يطول ويتشعب ومهما أطلت لن تستطيع أن تعطيه حقه. إننا رفاق وأصدقاء كاك جلال ومحظوطين بهكذا رفيق وصديق وليدم الله الرفاقة والمحبة والصحة وطول العمر.

# كاك جلال سام آغا

# وقصصنا معه في الجبل: پياح!

## كامران قره داغي



جەلالی سام ئاغا، کامەران قەرەداغی
ماڵی جەلالی سام ئاغا
٢٠١٨

تعرفت على كاك جلال في عام(١٩٧٤)، بعدما التحقت بالثورة الكردية في منطقة چۆمان. قبل ان أتعرف عليه سمعت عنه انه كان مدير ادارة جامعة السليمانية، وانه اشتهر بكفاءته ونزاهته وحرصه على الانضباط في العمل وعلى المال العام وصرامته في التعامل مع كل من يحاول ان يتحايل ويتقاعس في العمل. في ضوء هذا التعريف فقد تصورته انسانا جديا وعبوسا وقليل الكلام وصعب المعشر، لذا قلت لنفسي انه سيكون من الافضل الاقتصار في التعامل معه في اطار متطلبات العمل معه بصفته المقبلة كمدير عام للادارة في الامانة العامة للثقافة والاعلام والشباب، التي كانت تضم نحو ٣٠٠ شخص. وكم كنت مخطئا في تصوري ذاك! لكن بداية ليس مبالغة القول ان (جەلالی عومەری سام ئاغا)هو واحد من الذين ينطبق عليهم بشكل دقيق عبارة «الشخص المناسب في المكان المناسب». لست وحيدا في اعتقادي إذ يعرف عنه هذا القاصي والداني وبشهادة زملائه وأصدقائه وكل من عمل معه، مسؤولين ومأمورين. خصوصا في حكومة اقليم كردستان على رغم انه كان، بحكم وظيفته نائبا لوزير المال ثم رئيسا لديوان الرقابة المالية في اقليم كردستان، يحاسبهم على كل فلس كانوا ينفقونه من المال العام ولا يسمح بانفاق فلس بطلب أي جهة حكومية، ما لم يكن طلبها مستوفيا لكل شروط الشفافية وقواعدها وضوابطها. أذكر المثال الآتي التي تعكس نزاهته واستقلاله ورفضه أي محاولة للتدخل في عمله من أي جهة. لكنني هنا سأتحدث عن صديق الجبل كاك جلال «الإنسان الجدي المحب للناس والمرح والبشوش وحلو المعشر والمعروف بروح النكتة»، وعن فترة العمل معه والصداقة التي استمرت وأروي بعض قصصنا معه في الجبل. ذكرياتي عن تلك الفترة مع كاك جلال، استعيدها كلما أزوره في بيته العامر او ألتقيه عند أصدقاء مشتركين، عندما أزور السليمانية. وهو عادة بعد السلام والتحية يبادرني بسؤال: أين هو خولة الذي لا أراه الا عندما يأتي معك الى بيتي خلال زياراتك الى السليمانية؟ «خولة» هو شقيقي الأصغر محمود الذي كان معنا في الأمانة العامة للاعلام ومكلفا بمهمات في اطار ارتباطه بالمديرية العامة للادارة بقيادة كاك جلال. ومن هنا العلاقة القديمة بينهما. عادة كاك جلال بعد السؤال عن خولة يهدد انه في المرة القادمة عندما يراه «سيبهذل أحواله» لتخلفه عن زيارته بين حين وآخر. في المرة الاخيرة قبل فترة عندما هاتفت كاك جلال من لندن، قال ان خولة زاره فبهذل أحواله لكنه بعد ذلك

عفا عنه! واضاف ان الحديث بينهما تطرق الى ذكريات الجبل وانه ذكره بأحداث كان كاك جلال نساها بالكامل أو نسي تفاصيلها.

يطيب اللقاء مع كاك جلال الذي يجيد ادارة الحديث، وتطيبه بحلو الكلام والأمثلة والقصص. وما أكثر هذه القصص التي يحب كاك جلال ان يخوض فيه،ا خصوصا تلك التي تضفي جوا من الألفة والمرح وخفة الدم على مجالسه. كاك جلال يحب ان يتذكر قصصنا الجميلة، خصوصا في فترة الجبل ومنها قصة «القبعة الروسية»، التي يتذكرها دائما كلما نلتقي. كنت في الجبل انتظر موافقة السلطات الايرانية المعنية بالموافقة على منح زوجتي الروسية أولغا سمة دخول الى ايران، كي تستطيع ان تلتحق بي في الجبل. وكانت أولغا غادرت بغداد الى بلدها الاتحاد السوفياتي بعدما التحقت بالثورة ثم قررت ان تلتحق بي. بعد صدور الموافقة الايرانية على منحها سمة دخول أبلغتني بانها ستصل الى طهران من موسكو جوا. كاك جلال أخبرني ان «القبعة الروسية» المصنوعة من الفرو تعجبه جدا فقلت لها سأطلب من أولغا ان تجلب قبعة له. وبالفعل جلبت أولغا «قبعة روسية»تقليدية سوداء اللون وأهدتها الى كاك جلال الذي مازال بعد كل هذه السنوات يحتفظ بها. طبعا كان كاك جلال بصفته مدير الادارة العام في أمانتنا في الجبل، يحرص على ان يوفر لنا الوسائل التي تمكننا من القيام بمهماتنا في اطار الامكانات المتاحة له في تلك الظروف الصعبة. وكما في أي مؤسسة يواجه المسؤول عن شؤون العاملين فيها مشاكل تتعلق بأحوالهم ويتعين عليه ان يجد حلولا لها. وعلى رغم ان بعض هذه المشاكل، كانت جدية، لكن التعامل معها وحلها لم يكن يخلو من مفارقات طريفة. مثال على ذلك «المواجهات» بيننا وبين مسؤول شؤون المطبخ الطيب الذكر حنا مربين. صديق الجبل فرهاد عوني الذي كان مديرا عاما للشباب في أمانتنا يعرف حنا جيدا، وأشار اليه في كتابه»ذاكرة الأيام» فذكر انه، أي حنا، كان «انخرط في صفوف الپارتي منذ بداية شبابه ومنذ منتصف الخمسينات، وينتمي الى عائلة مسيحية في مدينة كويسنجق وقبل التحاقه كان كاتبا في قسم حسابات الاعلانات في جريدة «التآخي» بعد آذار ١٩٧٠ و(في فترة الجبل) كانت ترتبط به في أمانتنا مجموعة السواقين وهم المرحوم اسماعيل اسطة أحمد والمرحوم حاجي الحاج طاهر وفرياد رسول بايز و حكيم كاكه ڕەش وأسطة حسن وكانوا يتناوبون العمل ليلا ونهارا وفي أصعب المهام، لاستمرار التنقل بين مقر الامانة العامة للاعلام ومقر الاذاعة والمطبعة، لايصال مواد التحرير والاخبار اليومية، التي كانت ترسل الى اذاعة صوت كردستان البعيدة نسبيا والمحفوفة بالمخاطر، وخاصة عند «اشتداد القصف الجوي على الاذاعة بالقنابل الفوسفورية والموقوتة»، وكانوا يضطرون الى عدم استعمال أضوية السيارة ليلا، حتى لا تكون هدفا سهلا

للقصف المعادي». الحق ان حنا وهؤلاء كانوا الجنود المجهولين الذين كانوا يوفرون الخدمات الضرورية لسير العمل ويستحقون هم وزملاء مثلهم في الامانات العامة والهيئات الاخرى الامتنان والتكريم. ويستحق كاك فرهاد التقدير لانه تذكرهم في كتابه بالاسماء واشاد بهم وبتفانيهم في العمل. لكن التعامل اليومي بين حنا والعاملين في أمانة الاعلام كان لا يخلو من منغصات وتوترات، الأمر الذي كان يفرض على كاك جلال مواجهتها والتدخل لحلها، على رغم ان الزملاء كانوا على رغم شكاواهم من حنا يحبونه لطيبته وبساطته فكانوا يمزحون معه ويصفونه بانه «بخيل». كان حنا بحكم عمله مسؤولا عن إطعامنا ثلاث مرات يوميا وذلك في اطار المواد الغذائية التي كانت تحت تصرف المطبخ. الطعام كان متواضعا يتكرر يوميا. الفطور عبارة عن خبز وجبن ولبن. الغداء التمن والمرق يضاف اليها اللحم مرة واحدة كل أسبوع. العشاء التمن والمرق أيضا. حنا كان يحرص على ان يكون الطعام كافيا للجميع مع إبقاء كمية قليلة لأي حالة طارئة محتملة. لكن الشكوى من حنا أنه كان يقدم الطعام للبعض من دون شريحة اللحم المفروض اضافتها الى المرقة مرة في الأسبوع بذريعة ان الكمية المخصصة للمطبخ لم تكن كافية للجميع. لكن المشتكين كانوا يفندون هذه الذريعة بدليل ان رائحة شواء اللحم كانت تنتشر من جهة المطبخ في الأمسيات بعدما تنتهي فترة العشاء الأمر الذي كان يعني أن حنا وفريقه كانوا يستخدمون كميات اللحم المخصصة للعاملين في المجمع. أخيرا في ضوء هذه الشكاوى قرر كاك جلال سحب مهمة ادارة شؤون المطبخ من حنا، وتكليف شخصين اثنين بدلا منه. لكن بعد فترة تبين ان الأمور لم تتحسن وأن حنا على الرغم من كل شيء كان أرحم من البديلين. المشتكون من حنا كلفوا شاعرنا الكبير الراحل «شێرکو بێکەس»، أن يصوغ نيابة عنهم شكوى جديدة. قريحة «شێرکو» الشعرية تفتقت عن قصيدة إخوانية جميلة رفعها الى كاك جلال مضمونها أن حنا على رغم كل شيء كان أرحم من البديلين لذلك المطلوب اعادته الى ادارة شؤون المطبخ. هكذا عادت المياه الى مجاريها، وظل حنا الطيب يطعمنا الى النهاية. ولا أعلم هل مايزال كاك جلال أو أحد رفاق الجبل يحتفظ بقصيدة «شێرکو بێکەس»، أم لا. كاك جلال كان له عادات وهوايات مفضلة في الجبل يمارسها في أوقات فراغه. في مكان قريب من حاجي عمران كان هناك مجمع سياحي يضم عددا من الدور السياحية التي كان كل منها يتألف من غرفتين. كان هو و «كمال مظهر وكمال خياط ودارا رشيد جودت وسيروان عبدالله» يقيمون في واحدة من هذه الدور وفي البداية كان معهم «فرهاد عوني» ثم انتقل الى مكان آخر. من هوايات كاك جلال هناك التنزه في محيط مجمع آزادي وحاجي عمران حيث الطبيعة الجبلية هناك تتميز بالجمال والهواء النقي. في الشتاء كان الثلوج تهطل

بغزارة أحيانا ويكون ارتفاعها عاليا، الى حد يتعذر معه فتح أبواب البيوت، التي كانت شيدت أصلا لتكون قابلة للسكن في موسم السياحة صيفا. من الأكلات التي يحبها كاك جلال تحتل المشويات المرتبة الأولى وكان يقول انه مستعد لتناول المشويات كل يوم. كان أصدقاؤه يمزحون معه واخترعوا قصة مفادها ان كاك جلال المشهور بالشجاعة لو كان آمرا لوحدة من البێشمركة تدافع عن موقع جبلي في مواجهة العدو فان اي قوة لم تكن قادرة على هزمه. اللهم الا إذا اكتشف العدو نقطة ضعفه المتمثلة في عدم مقاومته للمشويات ورائحة الشواء. في هذه الحالة كان يمكن للعدو ان يحمل كاك جلال على الاستسلام دون اطلاق رصاصة واحدة، إذ انه يكفي أن يلوحوا له بشيشين تكة لاغرائه فيبادر الى رفع راية بيضاء مستسلما للعدو بشرط توفير المشويات له!

أختم هذه الذكريات عن كاك جلال، بقصة كنت رويتها له ولأصدقاء آخرين في الجبل، فأعجبته الى حد أنه ظل يستخدم عبارة وردت فيها للتعبير عن شعوره. القصة كان رواها لي والدي الراحل شيخ مصطفى قرەداغي. في العهد الملكي أصبح ياسين الهاشمي وكان أحد مؤسسي الدولة العراقية رئيسا للوزراء مرتين الاولى في العشرينات والثانية في الثلاثينات من القرن الماضي. مرة كان يقوم بجولة تفقدية في المناطق الجبلية في كردستان. وفيما كان يتنقل بسيارته في طريق جبلي رئيسي بمقاييس تلك الفترة، تذكر أن هناك بلدة صغيرة (ناحية) نائية يمكن الوصول اليها عبر طريق فرعي ضيق فأمر سائق سيارته بأن يتوجه الى تلك الناحية لتفقدها. كانت الناحية الصغيرة بالعدد القليل من سكانها بلدة آمنة تخلو من المشاكل، وبالتالي لم يكن أمام مديرها ما يعمله في معظم الأحيان. يوم قرر الهاشمي زيارتها، كان مدير الناحية موظفا مهووسا بسلطته الضئيلة ويتظاهر بأنها مهمة وانه كثير العمل ومشغول بادارة شؤونها ومشاكلها التي كانت عمليا معدومة. ولكي يقنع المدير للاخرين أهمية سلطته وكثرة مشاغله، أمر الفراش الذي كان عادة يجلس خارج باب مكتبه بانه عندما يرى مراجعا يقصد مكتبه لأمر ما، وكان ذلك يحدث نادرا جدا، عليه ان ينبه المدير، الى ذلك قبل ان يدخل المراجع الى مكتبه. يدخل المراجع ويقف أمام طاولة المدير الذي كان يسرع الى فتح ملف ما ممسكا بالقلم متظاهرا بانه يدرس موضوعا مهما. هكذا ما ان رأى الفراش الهاشمي يدخل الى الدائرة وحده متوجها الى مكتب المدير، حتى أسرع الى تنبيه رئيسه، بقدوم أحد المراجعين. طبعا في ذلك العهد لم يكن المسؤولون بمن فيهم رئيس الوزراء يسيرونهم محاطون بحراس مدججين بالسلاح. دخل الهاشمي الى مكتب المدير ووقف أمام طاولته وقال:

- السلام عليكم.

المدير لم يرفع رأسه، عن ملف مفتوح أمامه وبعد قليل أجاب ورأسهما زال مدفونا في الملف المزعوم: «وعليكم السلام».

بعد لحظات قال المدير، وهو ما يزال منهمكا في «القراءة»:

- شنو مشكلتك؟

فرد الهاشمي، انه جاء ليتعرف على جناب المدير ويسلم عليه. مرت لحظات أخرى قبل ان يسأله المدير دون ان يرفع رأسه أيضا:

- انت شسمك؟

- ياسين الهاشمي.

أستدعى الأمر لحظات أخرى، قبل أن يدرك المدير خطورة الوضع فسقط القلم من يده ورفع رأسه ونظر في وجه «المراجع» وقال:

- ياسين الهاشمي رئيس الوزراء؟

- نعم.

جمد مدير الناحية المسكين في مكانه، وشحب وجهه ثم صرخ مرتعبا: «پياح»! ونهض من مكانه وتوجه الى باب المكتب راكضا الى الخارج لا يلوي على شيء من هول ما حدث.

« پياح» هذه صارت لازمة يرددها كاك جلال كلما يريد ان يعبر عن رأيه في موقف أو كلام لا يمكن التعبير عنه الا بكلمة « پياح»!

٢٠١٩/٠٤/١٦

# جلال عمر سام آغا

## «وظيفتكم لا تشرفني لأنني جسم غريب بينكم»

### أيوب بابو بارزاني



جەلالی سام ئاغا، ئەیوب بابۆ بارزانی
سویسرا - جنێف

لم تتحول معظم الشعوب المستعمرة بعد أن نالت استقلالها الوطني، الى مرحلة بناء أنظمة ديمقراطية، بل تحولت بسرعة نحو أنظمة استبدادية ودكتاتوريات دموية، وهذه الظاهرة واضحة للعيان في معظم دول الشرق الأوسط. فالأنظمة الاستبدادية، أفقرت الشعوب وسلبت منها الحريات والكرامة والشعور بالأمان. وبعد طرد قوات صدام حسين من الكويت عام ١٩٩١ انتفض الشعب العراقي ضد نظام الطاغية في الجنوب أولا، ثم في كردستان، واستغل رؤساء الأحزاب الكردية، الانتفاضة الشعبية للعودة من وراء الحدود لبسط سيطرتهم على المناطق التي انزاح عنها نظام البعث، وهي محافظات (دهوك، أربيل، السليمانية و كركوك). هذه النخب منذ البداية اعتمدت على شبكات زبائنية للثراء غيرالمشروع.

مسألة الفساد في إقليم كردستان العراق، قضية بنيوية رافقته منذ نشأته ككيان شبه مستقل منذ عام ١٩٩١، وهو في الواقع ليس فسادا دخيلا وانما «أصيل» نبت من صميم واقع المجتمع الكردي وحاضنته النظام الاقطاعي، فقمة الهرم الحزبي هم أبناء وأحفاد أولئك الآغوات الذين اشتهروا في مجال النهب والسرقات، وبالأخص في مناطق بادينان، حتى قبل تأسيس الدولة العراقية بعد الحرب العالمية الأولى. الفساد في كردستان بدأ من «القمة» الى «القاعدة» وهم فوق كل مسائلة. وعليه فإن تجذر الفساد في الجزء الأكبر من النخبة السياسية و في قمة الهرم الحزبي، أمر واضح وجلي. فالفاسدون الرئيسيون دائما يتغطون بعباءة القومية، ويلجأون إلى عشائرهم وقنواتهم الفضائية وميليشياتهم وأحزابهم، مستغيثين بها، واصفين الحرب على فسادهم، أنها حرب على الكرد و كردستان.

خاضت الزعامات الحزبية حروبا داخلية لاحتكار السلطة والثروة، وتم تقاسم نسبي للسلطات والثروات، بعد أن دعتهم واشنطن الى الكف عن «حرب الزعامات» عام ١٩٩٨. ولم تكن واشنطن مهتمة بوقف الفساد وهدر المال العام من قبل الزعامات الحزبية، وفهم هؤلاء موقف واشنطن فأمعنوا في الاختلاسات وقننوها وأخذ الفساد بالتوسع مصحوبا بالحماية من الرؤوس الكبيرة.

أصبح الفساد، مؤسسة مهيمنة بحد ذاتها وقادرة على مواجهة الأجهزة الرقابية والسلطة القضائية والغائها، مما شكل خطرا يهدد وجود نوع ما من الاستقلالية للإقليم. الضرورة كانت تقتضي التصدي لهذه الظاهرة المتنامية بسرعة. وهذا يعني

محاربة مصدر الفساد المتجذر في حيتان الفساد الممسكين بمفاصل الإدارات الحكومية في الإقليم.

هنا، يبرز دور (جەلالی عومەری سام ئاغا)، وقبوله مهمة مكافحة الفساد ووقف النزيف المالي في بيئة موبوءة. كان لديه الحماس والإرادة للخروج من هذا الواقع المأزوم.

التقيت بـ(جلال) لأول مرة مع الاخ مصطفى خوخى عام ٢٠١٣، وجدته ممتعضا من حجم الفساد في الإقليم. «بشوش- هادئ الطبع- يتكلم بتأن- يختار كلماته بدقة ولديه قدرة التعبير عن آرائه بوضوح و ثقة»، حديثه شيق مصحوب بالنكات و المرح، ولديه شجاعة كافية في وضع النقاط على الحروف، دون لف أو دوران. متحرر من عقدة الخوف والمصلحة المادية مما يضفي على قراراته عنصر الحزم ووضوح الرؤية، وكان واضحا من كلامه أن السبب الرئيسي لهذا الفساد هو النخبة السياسية الحاكمة التي لاتقيم وزنا للقانون أو للاخلاق، وقد سمعته مرات عديدة يشير الى تقديم هؤلاء الى السلطة القضائية، الى محكمة خاصة «محكمة الشعب».

شغل منصب رئيس ديوان الرقابة المالية لمحافظة السليمانية لتسع سنوات، انتهت عام (٢٠١١)، وقبلها كان وكيلا لوزارة المالية لمدة ثلاث سنوات، لم أشعر اطلاقا ان له هدف شخصي، بل كرس كل طاقاته في إيجاد إدارة مدنية متحضرة في خدمة المجتمع لا وساطة فيها أو محاباة أو رشاوي، لم يفرق بين كبار اللصوص وصغارهم. أشار علنا الى كبار المسؤولين الذين خانوا الأمانة، وقد تمكن خلالها إعادة المليارات من الدنانير و الملايين من الدولارات المسروقة والمنهوبة الى الخزينة العامة.

الحكومات الحريصة على سعادة وتقدم شعوبها تبحث عن الشخصيات الكفوءة والنزيهة، وتضعه في المكان المناسب، كان تولى (جەلالی عومەری سام ئاغا)، فرصة جيدة للحد من وباء الفساد المعمم والمقنن، وكان من الممكن ايجاد نموذج في كردستان يحتذى به في العراق، لو قامت السلطة التنفيذية بتطبيق ما تضمنته التقارير التي قدمها (جەلالی عومەری سام ئاغا)، وهي في غاية الدقة، لمكافحة آفة الفساد ومحاسبة المسؤولين عبر القوانين المعمول بها وإعادة الهيبة للقانون ومن ثم كسب ثقة الشعب، كما هو الحال في المجتمعات المتحضرة. لكن النخبة السياسية الحاكمة كانت في واد آخر، وقد تحولت علنا الى «عصابة مالية دولية» مجردة من القيم القومية والوطنية ولاتبالي بالمخاطر التي تهدد الامة و الوطن. والمجتمع الكردي لايزال مسكونا بالفهم الخاطئ للوطنية و المواطنة و التخلف وانتهازية الشرائح المتعلمة. وبعد تجارب مريرة كان لابد من اعلان الطلاق، عبر (جەلالی عومەری سام ئاغا) عن عمق المرارة والإحباط مما دفعه ان يقول

في طلب اعفائه الرسمي من منصبه: «وظيفتكم لا تشرفني، لأنني جسم غريب بينكم».

كلما زاد معرفتي به، زاد تقديري ومحبتي له


التقينا مرتين في سويسرا، وفي مدينة جنيف قمنا بجولات على شاطئ بحيرة (ليمان) ونافورتها المشهورة حيث يقصدها السياح من مختلف دول العالم، تقع فرنسا على الشاطئ الأيمن من البحيرة وسويسرا على شاطئها الأيسر، وتجولنا في ارياف سويسرا الخضراء والأماكن الطبيعية الخلابة، زرنا القلعة «شاتو دوشي» المطلة على ساحل البحيرة، حيث وقعت فيها معاهدة لوزان عام ١٩٢٣ المجحفة بحق الشعب الكردي، والتقطنا صورا تحت قطعة رخامية عليها أسماء كافة الدول الموقعة على الاتفاقية. ثم زرنا عددا من المدن الصغيرة: مونترو، فيفي، على شواطئ البحيرة الزرقاء، والتقطنا صورا مع تمثال الذي أقيم للممثل الذائع الصيت (شارل شابلن) وكان شديد الاهتمام بالورود المتنوعة التي تزدان بها الساحات والميادين العامة والمتنزهات والحدائق والأشجار الباسقة على حافات الطرق والممرات العامة. مما دفعنا الى التقاط عشرات الصور له مع مختلف الورود الزاهية.

كان معجبا بتقاليد الشعب السويسري في الاحتفاظ بتراثه الحضاري، ففي زيارة لمدينة نوشاتيل الناطقة باللغة الفرنسة، زرنا مادلين في بيتها، وهي دكتورة متعددة الاختصاصات، انتدبها الصليب الأحمر الدولي ومنظمة الصحة العالمية الى مختلف أقطار العالم في مهام إنسانية، كانت هناك ساعة معلقة على الجدار يعود تاريخ صنعها الى عهد (فريدريش الثاني) ملك بروسيا (١٧٤٠-١٧٨٤)، وذكرت له أن القرية التي تنتمي اليها أسرتها تحتفظ بأرشيفات تعود الى القرن الحادي عشر وتكريما له، دعته لحفل في دار الأوبرا الشهير في لوزان لمشاهدة (ballet de la compagnie Béjar باليه بيجار) وهي معروفة على النطاق العالمي، وقالت لي مادلين: «إن إصلاح المجتمع الكردي يحتاج الى الكثيرين من أمثال جلال».

بقينا دوما على اتصال وفي كل مرة نزوره وفي كثير من الأحيان بصحبة الأخ (شێخ موحەمەد حەفید) ، نستمتع بأحاديثه الشيقة وغزارة تجربته في الحياة الكردية العامة.

# كوردستان مازالت بخير

د. طالب مراد



**تالیب موراد، جەلالی سام ئاغا**
**هەولێر - ٢٠١٨**


وأنا أحاول أرشفة وتفريغ أوراقي ودفاتري القديمة، لأترك إرثا لأولادي دانا وساره المشحونين بالكوردايتي. رغم أنهم لايعرفون لغة ملة أبيهم.. والسبب أن أباهم كان منشغلا في الحصول على لقمة عيش كريمة و»شريفة» لهم. مرتادا دولا فقيرة، وصلوا الى مراتب وفكر مفتوح لم يصل له أندادهم. أنا فخور بهم وأعصر ذهني لأكتب لهم بلغة أمهم ما لم أتمكن أن أسرده لهم حول الدفاية الفحمية في ليالي بيتنا القديم في ويلز، لأني كما ذكرت آنفا كنت ألهث ركضا وراء لقمة العيش الكريم لهم، الغريب أن أولادي كادوا أن يكونوا إنسايكلوبيديات في علم الفساد الجاري تطبيقه في إقليم كوردستان، في هذه المرحلة التاريخية، حال حصولي على الضوء الأخضر للسفر من أطبائي في ويلز حزمت أمتعتي وإتجهت شرقا لكوردستان، رغم محاولات جرت لثنيي عن السفر من أحبتي وأهلي، بالمقابل لم يتوقف أحبتي في كوردستان وبإلحاح لزيارتهم، وصلت (هەولێر) وبقيت أياما في بيت عدنان المفتي، الأخ الذي لم تلده أمي وكان يرافقني رجل كوردستان الأبيض كاك (جەلالی عومەری سام ئاغا)، وتمتعت برؤية أحباب أكن لهم كل الحب والمودة، في هذا المفرق أود أن أسجل زيارة قمت بها لموقع مدرسة زكيه سام آغا سميت بأسم أخت كاك جلال حيث إجتمعت العائلة وبتحويشة عمر بأكمله امل لكاك جلال لبناء مدرسة في منطقة كأني بأعلى ارض مساحتها»٧٠٠٠»متر مربع، «٣٠٠٠» منها خصصت لأبنية فيها كل مواصفات أي مدرسة حديثة في العالم منها تسهيلات للتلاميذ المعاقين والإستفادة من الإضاءة الطبيعية حيث لا كهرباء في كوردستان، فقط بل في أرجاء العراق الأخرى أصبحت مهزلة وأصبحت مصدر رزق للقطط السمينة، المدرسة (قوتابخانەی زکیەی سام ئاغای بنەڕەتی) تسع لـ «٧٢٠»، تلميذ وكانوا متواجدين أثناء زيارتنا، أجمل ما في المشروع هو أن مدير المدرسة أختير لكونه ملما بالزراعة والورود وسأحاول أن أحصل على بعض الأشجار لزراعة «٤٠٠٠»مربع ضمن المدرسة، ان هذا الصرح الجميل المحاط بمساجد بنيت من قبل القطط السمينة حاجزين محلاتهم في الجنة تاركين عائلة سام اغا لإنهاء المدرسة. البناء الكبير والجميل والذي يرتاده يوميا أكثر من «٧٠٠»طفل، كلفت «٦٠٠,٠٠٠»دولار فقط ومن دون شك لو كلف القطط السمينة بالبناء لكانت كلفتها أضعاف أضعاف ذلك. وهنا أود أن أذكر بأن أخت جلال.. أختر، التي تركتنا قبل أشهر تبرعت بشقتها الكبيرة لروضة أطفال وأما جلال

نفسه فقد وهب بيته الجميل ليتحول الى مستوصف بعد رحيله عنا، ويبقى ذكرهم الطيب سيفوح عطرا لأجيال قادمة وأما القطط السمينة النافقة و الكنادلة فإن ماكدسوا من ثروة لا تزيل رائحة عفونتهم، هذا ماسأقوله لدانا وسارة عندما أصل لديارهم. كوردستان ستكون بخير لانه مازال فيها رجال ونساء بيض.

# ژياننامەی

# (جەلالی عومەری سام ئاغا)

## ئامادەکردنی بەختیاری شەمەیی



جەلالی سام ئاغا، بەختیار شەمەیی
سلێمانی - ٢٠١٩

- ساڵی(١٩٤١)، لە گەڕەکی سەرشەقام لە سلێمانی لە دایک بووە.
- خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندیی لە سلێمانی تەواوکردووە.
- کاتێک کە خوێندکار بووە، بە هۆی چالاکیی سیاسیی کوردییەوە ساڵی (١٩٦٢) لە زیندانی (خلف السدة) لە بەغداد زیندانی کراوە.
- ساڵی (١٩٦٣)، کۆلێژی بازرگانی و ئابووریی لە زانکۆی بەغداد تەواوکردووە.
- لە ساڵی (١٩٦٤)دا وەکو فەرمانبەر لە فەرمانگەی پۆستی سلێمانی دامەزراوە، پاشان پاڵێوراوە بۆ بەڕێوەبەری بانکی بازرگانی سلێمانی، ئینجا گوێزراوەتەوە بۆ زانکۆی سلێمانی و ساڵی (١٩٧١) کراوە بە بەڕێوەبەری کارگێڕیی زانکۆی سلێمانی.
- ساڵی (١٩٦٥)، کۆلێژی ئەفسەرانی یەدەکی لە بەغداد تەواو کردووە.
- بۆ ماوەی(٣) ساڵ، بەڕێوەبەری کارگێڕیی زانکۆی سلێمانی بووە تا (١٩٧٤)، تا هەرەسی شۆڕش.
- لە ساڵی (١٩٧٤ تا ١٩٧٥)، بەشداریی شۆڕشی ئەیلولی کردووە.
- دوابەدوای هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلول و گەڕانەوەیان بۆ سلێمانی، پاش (٢) *مانگ، دوورخراوەتەوە بۆ بەغدا و لە وەزارەتی بازرگانی وەک کارمەند دانراوە.* بۆ ماوەی (٥) ساڵ بە ناچاری لەوێ ماوەتەوە. پاشان گەڕاوەتەوە سلێمانی. لە سلێمانیش هیچ وەزیفەیەکی گرنگی نەبینیوە، بەڵام وەک زۆربەی کەسایەتییە ناسراوەکانی گەڕاوەی ناو شۆڕش، لە لایەن حیزبی بەعسەوە پێشنیاز کراوە بۆ (دەستپاکی و ئەستۆپاکی و دڵسۆزی بۆ کار و پیشە) بۆ بەڕێوەبەریی گشتیی کارگەی چیمەنتۆی سلێمانی، دواییش بۆ کارگەی شەکری سلێمانی، هیچیانی پەسەند نەکردووە. پاشان بۆ ئەمینی عامی دائیرەی زەراعە، واتە: ڕازگری گشتیی فەرمانگەی کشتوکاڵی، ئەویشی نەکردووە. لەو سەردەمی دەسەڵاتدارێتییەی بەعسییەکاندا، ئەوکاتە بە ئاشکرا نەیتوانیوە بڵێت نایکەم، بەڵام بە پاساوی ئەوەی کە تەندروستیم تەواو نییە، هەروەها لەو کارەش نازانم و ناتوانم، ڕەفزی کردووە. بۆ ئەوەش داوای لە هەندێک کەسی نزیکی خۆی کردووە کە لە حکومەتدا بوون، لەو بەڵای پێشنیازانە ڕزگاری بکەن. لە هەشتاکاندا هاتۆتەوە بۆ سلێمانی و لە فەرمانگەی گشتیی شارەزوور و بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سلێمانی کاریکردووە تا ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١)ی بەسەردا هاتووە.

- لە دوای دروستکردنی یەکەم کابینەی حکومەتی هەریمی کوردستان، کراوە بە ڕاوێژکاری دارایی و ئابووری لە وەزارەتی دارایی و ئابووری و هەتا ساڵی(٢٠٠٠)، پاشان بۆ ماوەی (٣) ساڵ بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووریی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە.

- لە ساڵی (٢٠٠٢)ەوە کراوە بە سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی، بە پلەی وەزیر بۆ ماوەی زیاتر لە (٩) ساڵ لەو پلەوپایەیەدا ماوەتەوە، لە سەرەتای (٢٠١١)، لەسەر داوا و پێداگرتنی خۆی، خۆی خانەنشینکردووە.

- لە ماوەی ئەم دوو وەزیفەیەیدا لە وەزارەتی دارایی و لە دیوانی چاودێریی، دووجار بە فەرمی داوای کەمکردنەوەی موچەکەی خۆی کردووە، لەبەر بارودۆخی خراپی دارایی ئەوکاتەی حکومەت، جگە لەمەش خانوەکەی خۆی کە بە زیاتر لە (٧٠٠)هەزار دۆلار نرخێندراوە، لەسەر وەزارەتی تەندروستی تاپۆی کردووە، کە لە دوای خۆی بکرێت بە بنکەیەکی تەندروستی بۆ دانیشتوانی گردی سەرچنار و خەڵکی تر، هەروەها ئەو پارچە زەوییەی کە هەیبووە پێشکەشی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی کردووە و فرۆشراوە بە زیاتر لە (٧٠) ملیۆن دینار، ئەو پارەیە خراوەتە بانکەوە وەک شێوازێک لە خەڵاتی نۆبڵ هەتا سوودی ساڵانەکەی بدرێت بە فەرمانبەرانی شایستە و لێهاتوو، هەروەها تەرخان بکرێت بۆ ئەو خانمە سەلارانەی دیوان کە دەستنیشان دەکرێن بۆ ئەو خەڵاتە، لەمەشدا ئامانجە سەرەکییەکە ئەوەیە کە هانی دەستپاکی و دڵسۆزی و ڕەوشتبەرزی تاکی کورد بدات.

- شایانی باسە بە هۆی کاروبارە پێویستییەکانی دیوانی چاودێریی داراییەوە بۆ بەرگری لێکردن و پاراستنی موڵک و ماڵی گشتی سەرۆکی دیوان و فەرمانبەران ڕووبەڕووی چەندین هەڕەشە و ناوزڕاندنی نێو میدیاکان بوونەتەوە، کە لە ڕێگەی گەندەڵکاران و تاڵانچییەکانی موڵک و سەروەت و سامانی میللەتەوە بەرامبەریان کراوە.

- ئەم زانیارییانە هەموویان لە بەرگی یەکەم و دووەمی پەرتووکی ڕوونکردنەوەکانی دیوانی چاودێریی داراییدا پارێزراون، بەڵگەکان بەدوور و درێژی بڵاوکراونەتەوە.

- مامۆستا (جەلالی عومەری سام ئاغا)، تاکە وەزیریشە کە دوای خانەنشینکردنی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ڕێزی لێ نراوە، کاک عیماد ئەحمەد جێگری سەرۆکی پێشوی حکومەت و چەند گەورە بەرپرسێکی حکومەت ڕێزلێنانەکەیان لە ماڵەکەی مامۆستا خۆیدا پێشکەشکردووە.

- خەڵاتی ڕێزلێنانی یانەی کوردی میدیا لە هۆڵەندە لە (٢٠١٤/١٢/٢٨).

- خەڵاتی ڕێزلێنانی ڕێکخراوی گەشەپێدانی ئابووریی کوردستان (کیدۆ) بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە ( ٢٠١٥/١٢/٩).
- خەڵاتی یەکێتیی نێودەوڵەتیی بۆ ئابووریناسان و کارگێڕیناسان لە دەوڵەتانی یەکێتیی ئەورووپادا، بەڵام لەبەر هەندێک هۆی تایبەتی بەخۆی پەسەندی نەکردووە و وەرینەگرتووە.
- خەڵاتی ڕێزلێنان لە لایەن د. پشتیوان سادق، وەزیری پەروەردەوە بۆ کاک جەلال بە بۆنەی دروستکردن و پێشکەشکردن و کردنەوەی خوێندنگەیەکی (١٢) پۆلی و نموونەیی بە ناوی خوێندنگەی (زەکیەی سام ئاغا)وە، کە لەسەر ئەرکی کاک جەلال و بنەماڵەی سام ئاغا، بە بودجەی (٥٥٠)هەزار دۆلار، کە ماوەی ٣٠٠ڕۆژ کاری تێدا کراوە و تەواو کراوە.

**هۆڵەندە – ئەمستەردام**

# سەرمەشقی ڕووبەڕووبونەوەی گەندەڵی

**دکتۆریوسف محەمەد سادق**

**سەرۆکی پێشووی پەرلەمانی کوردستان**



جەلالی سام ئاغا، د. یوسف محەمەد
ماڵی جەلالی سام ئاغا
٢٠١٦/١٠/١٥

عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە، لە ڕیزبەندی پێشەوەی وڵاتە پڕ لە گەندەڵییەکانی جیهانە. بە شێوەیەک لە ڕاپۆرتەکانی ساڵانەی ڕێکخراوی شەفافییەتی جیهانیی، عێراق بەردەوام لە «١٠- دە» وڵاتە هەرە گەندەڵەکانی جیهانە. هەڵبەت گەندەڵی هۆکارێکی سەرەکییە بۆ بەهەدەردانی سامانی نیشتمانی. «فراوانبوونی جیاوازیی ئاستی بژێویی چینە کۆمەڵایەتییەکان- لاوازبوونی چینی ناوەند- داخورانی دامەزراوە سیاسی و ئابوورییەکان- لاوازبوونی سێکتەری وەبەرهێنەکانی ئابووری- دروستبوونی بۆشایی گەورە لە نێوان هاونیشتمانییان و دەسەڵات- لاوازبوونی دیموکراسی و بەهێزبوونی مۆنۆپۆلی دەسەڵات لە لایەن دەستەبژێرێکی کەمی حوکمڕان».. لەم ڕوانگەیەوە هەمیشە لە تێڕوانینی ئێمەوە گەندەڵی ڤایرۆسی کۆی کێشە و گرفتەکانی دیکەی هەرێمە، هەر لەبەر ئەمەش لەگەڵ دەستبەکاربوونمان لە سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان، هەوڵمان دا دامەزراوەکانی چاودێریی هەرێم، بە تایبەت دیوانی چاودێریی دارایی و دەستەی دەستپاکیی هەرێم، چالاکتر بکەین.. تا هاوشانی بەهێزکردنی کاری چاودێریی پەرلەمان، ببنە دامەزراوەی فیعلی و کاریگەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی.

هەڵبەت تەنها دامەزراندنی دامەزراوەکانی چاودێری بەس نین بۆ کۆنترۆڵکردنی گەندەڵی، بەڵکو لە وڵاتێکدا کە ڕێز لە دامەزراوەکان ناگیرێ و چەندان کەس خۆیان لە سەروو یاسا و دامەزراوەکانەوە ئەبینین، بوونی کەسانی بەهێز و خاوەن ئیرادەو پاک و بێگەرد، بۆ بەهێزبوونی ئەم دامەزراوانە ئێجگار گرنگن.

کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا)، یەکێکە لەو کەسایەتییانەی بە بوونی خۆیان هێزییان بەخشی بە دامەزراوەیەکی وەک دیوانی چاودێریی دارایی. کاک جەلال بە ئیرادەی بەهێزی خۆی، هاوڕێ لەگەڵ هاوکارەکانی لە دیوانی چاودێریی دارایی لە ئیدارەی پێشوی سلێمانی، توانیی لە ماوەیەکی کەمدا دیوانی چاودێریی بکاتە دەزگایەکی رەقیب و چاودێریکاری کاریگەر، کە سەرجەم دەسەڵاتەکان لە ڕاپۆرتەکانی بلەرزن و بترسن.

شاراوەش نییە، کە وەستانەوە بە ڕووی گەندەڵکاراندا، هەمیشە پێویستی بە بێمنەتی لە بەرژەوەندیی شەخسی و چاونەترسی لە هەڕەشەی بەردەوامی

سودمەندانی گەندەڵی هەیە. کاک جەلال لەم ڕووەوە سەرمەشقێکی گرنگی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵییە بۆ ئێستا و داهاتووشمان.

ئەو نەک تەنها سەرۆکایەتیکردنی دیوانی چاودێریی نەقۆستەوە بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی، هەر ئەمەش خۆی و دامەزراوەکەشی بەهێزی کرد، بەڵکو خۆیو خێزانەکەی لە هەرێمی کوردستاندا بوونەتە سەرمەشقی کاری خێرخوازی و چاکەخوازی. ئەم پیاوە سەنگینە نەک هەر لە دەسەڵات سوودمەند نەبووە، بەڵکو وا ئەوەی هی خۆی و خێزانەکەشییەتی ئەیبەخشێ.

زۆر کەمن ئەوانەی وەک کاک جەلال دەسەڵات بە ئەرک و بەرپرسیاریی قورس بەرامبەر بە خوا و خەڵک دەزانن. هەر لەبەر ئەمەش هەڵپەی بۆ ناکەن، بەڵکو تەنانەت لێی ڕائەکەن. کاک جەلال بە پێچەوانەی ئەوانەی هەمیشە لە هەوڵی درێژکردنەوەی ماوەی مانەوەیانن لە دەسەڵات، ئەم خۆبەخشانە واز لە کارەکەی دێنێ، دواتریش چەند جارێک وەرگرتنی پۆستی باڵا لە حکومەتی هەرێمدا ڕەت ئەکاتەوە.

لەبەر هەموو ئەمانە، کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا)، بۆ ئێمە و نەوەکانی داهاتووش، سەرمەشقی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و مامەڵەی تەندروست لەگەڵ دەسەڵات لەپێناو بەرژەوەندیی گشتی و کاری خێرخوازییە، ناسین و هاوڕێیەتیی جێی شانازیمانە.

# (جەلالی عومەری سام ئاغا)
# سەروەتێکی مەزن

**بابەکر درەیی**



بابەکر دڕەیی، جەلالی سام ئاغا
ماڵی جەلالی سام ئاغا
٢٠١٦

مرۆڤێکی خۆنەویست.. کەسێکی دەگمەن، کە یار و نەیار لە پشتیوانیی خۆی کۆدەکاتەوە. لە پاکژی دارایی و سیاسیدا کەم وێنەیە.. لەگەڵ ئەوەی کوردستان لەناو ململانێیەکی سەختی ئایدۆلۆژیا و سیاسەتدا بوو، بەڵام زۆربە یان هەموو بەرپرسانی باڵای لایەنە نەیارەکان، لەئاست پاکی و بێگەردی و خەمخۆریی ئەو بۆ حکومەتداری کۆدەنگ و یەک هەڵوێست بوون. کە (جەلالی عومەری سام ئاغا)، بۆت دەدوێ، مرۆڤێکی نەرم و هێمن، بەخشندە و ئارامیی بە ڕووخسارییەوە دیارە، بە تۆنێکی وا هێور دەدوێ، حەزدەکەیت چیرۆکەکانی تەواو نەبێ.. لە پرس و بابەتی گشتیدا مەعریفەی فراوانە، لە پرسی فەرمانڕەوایی حکومەتی و بە ئۆرگانیکردنی جومگەکانی ژیانی ڕۆژانەدا پسپۆڕ و کەسێکی تایبەتمەندە. (جەلالی عومەری سام ئاغا) سەروەتێکی مەزنی کوردە. لە دنیای ئێمەدا یەکێکە لەو کارەکتەرە دەگمەنانەی تا ون نەبێ، نازانین چ گەوهەرێکمان لەدەست داوە.!

(جەلالی عومەری سام ئاغا)، خۆنەویست و خاک ویست و مرۆڤ ویستە. لەئاست بەژەوەندییە ماددیی و دونیاییەکاندا کێوێکی سەخت و یاخییە. لە ئاست میهرەبانیو بەخشندەییدا کەم وێنە و خۆنەویستە. لە دوای ڕاپەڕینەوە، ڕۆژ بە ڕۆژ هەڵوێستە نیشتمانی و نەتەوەیی و کارە دادپەروەری و کۆششەکانی بۆ چەسپاندنی دادپەروەریی دارایی پەرەیسەند، ئەمەش وایکرد بەردەوام خۆنەویستانە چاوی میدیاو ڕۆژنامەنووسان و دەستبەژێر، پشتیوان و پشتگیریی کارەکانی بکەن. هەر بۆیە ئەمە بۆتە ڕایەڵەیەکی بەتین لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان و نووسەران و ئەهلی قەڵەمو هزر. بە هۆی ئەوەی بەم تایبەتمەندییەوە، (جەلالی عومەری سام ئاغا)، وەک خۆی بناسی، تەنها وشەیەک بەسە بە هاونەوە و هاوڕێ و دۆستەکانی بڵێی، ئەرێ بەڕاست (جەلالی عومەری سام ئاغا) کێیە و چی کردووە؟ ڕەنگە شانامە و کتێبی وشەی جوان و بێگەرد و بێ ڕتووشی نێو فەرهەنگیی پاکیت بەر گوێ بکەوێت. مانەوەو بەردەوامی بەها بەرزەکانی پاکی و باشی و خێرخوازیو ئازایەتی لەنێو کۆمەڵی مرۆڤدا بەستراوەتەوە بە هەبوونی ئەو کەسایەتیانەی هەڵگر و داکۆکیکاری ئەو بەهاو مۆراڵە بەرزانەن، (جەلالی عومەری سام ئاغا)، لە نێو گەلی ئێمەدا ڕەمزو هێمایە بۆ داکۆکی لە بەها جوانەکانی ئازایەتی و دەسپاکی و خێرخوازی و ئەمانەتداری لە پاراستنی موڵکی گشتی و نەتەوەییدا، هیچ گەلێک نەیتوانیوە بێ وجودی پیاوە گەورەو


هەڵکەوتووەکانی لە بەرامبەر ڕەشەبای زەمان و قەیرانە سەختەکاندا خۆی ڕاگریّ. ڕاستە مرۆڤە هەڵکەوتوو و تایبەتەکانیش بەرهەمی میللەت و کولتوور و فەرهەنگی هەمان سەردەم و زەمانن، بەڵام کاریگەریی ئیجابی «کەسایەتی»یە دەگمەنەکان لە مێژووی گەلاندا ئینکارنەکراو و مەزنە. لەم سۆنگەیەوە، ڕۆڵی کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا)، بۆ پاراستنی موڵکی گشتی و ئەمانەتداری و خاوێنی لە کاری حکومەتیدا، هەروەها وەستانی ئاشکرا بەرامبەر بە گەندەڵی وەک ترسناکترین نەخۆشی ناو حکومەتی خۆماڵی، بە ڕاستی جێی سەرنجی تاک و کۆی هاونیشتمانانی کوردستان بووە. لەو ئاقارەدا ئەو سەرمەشقێکی بێوێنەیە کە پێویستە هەم حکومەتی هەرێم و هەم ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بەهەند وەری بگرن و لێکۆڵینەوە لەسەر هەڵوێست و لێدوان و بەیاننامە ڕەسمی و نارەسمییەکانی بکریّ.

ئێمە وەک نوخبەی ڕۆشنبیر و بەشدار لە ئیدارەدانی کاروباری سیاسی و ئیداریی بەشێکی کوردستان بە قوڵی و بە جدی قەرزاری پیاوێکی گەورەین بە ناوی: (جەلالی عومەری سام ئاغا)، سڵاو لەو پیاوە نەجیب و مەزن و پڕ فەرهەنگە.

# جەلالی سام ئاغا...

# قوتابخانەیەك بۆ فێربوون!

ئاوات عەلی



ئاوات عەلی، جەلالی سام ئاغا
٢٠١٩

ئاشنایەتی من لەگەڵ (جەلالی عومەری سام ئاغا) دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی (١٠) ساڵێک لەمەوبەر، هەرچەندە من و کاک جەلال ناسیاو و خزمی یەکترین، بەڵام بە هۆی کاری ڕۆژنامەنووسیی خۆمەوە پێشتر لە دوورەوە ناوی ئەوم بیستبوو. تا لە نزیکەوە لەگەڵ (جەلالی عومەری سام ئاغا)، هەڵسوکەوت نەکەیت، گوێت لە ڕاو و بیروبۆچوونەکانی نەبێت، لەوانەیە سەرجەم ئەو نووسین و بابەتە ڕۆژنامەوانییانەی لەسەر ئەم کەسایەتییە نووسراوە، بەشێکی کەمی ئەم کەسایەتییەت بۆ دەربخات. ئەم کەسایەتییە ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە ئاشکراکردنی سەدان و هەزاران مەلەفی گەندەڵی، بەشێکی زۆر کەمیشی لە میدیاکاندا بڵاوکرانەوە! هەنگاوە سەرەتاکانی (جەلالی عومەری سام ئاغا)، وشەی گەندەڵی بە هاوڵاتیان ناساند! ئەو بوو بە بەڵگەوە مەلەفی ناعەدالەتی و بەهەدەردانی سامانی گشتیی بۆ هەموان ڕوونکردەوە! بەڵام دەسەڵات و داواکاری گشتی نەیانتوانی کار بە سەرجەم ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێریی دارایی بکەن و گەندەڵکاران سزا بدەن. هەر ئەمەش بوو وایکرد کە (جەلالی عومەری سام ئاغا) نەتوانێت لەنێو سیستمێکی لەو جۆرەدا ئۆقرە بگرێت و ناچار بێت بەجێیبهێڵێت. بە ئاشکرا لە میدیاکانەوە باس لە هۆکارەکەی بکات و پێیان بڵێت: «شەرەفمەندنیم بە وەزیفەکەتان، چونکە من جسمێکی غەریبم لەناوتاندا». چەندین جاریش لە لایەن حیزب و کەسایەتی جیاوازەوە پۆستی حکومی و حیزبی بۆ خراوەتە ڕوو، بەڵام ڕەتیکردۆتەوە و ئامادە نەبووە وەریبگرێت.

بە هۆی ئەوەی (جەلالی عومەری سام ئاغا) لەنێویاندا کاری کردووە و باش لێیان شارەزا بووە، لەبەر ئەوە زۆر باش لەوە تێگەییشتووە کە چاکسازی و گۆڕانکاری بەم دەسەڵاتەی ئێستا ناکرێت، بۆیە هەمیشە بۆ هەوڵی گۆڕانکاری لە هەرێمی کوردستاندا، پێشوازی لە بیرۆکە و ئایدیای نوێ کردووە. ئەوماڵەکەی بۆتە لانکەی کۆکردنەوەی سەرجەم ڕەنگ و دەنگە جیاوازەکان، لەوێ هەموو کەس ئازادە ڕای خۆی بڵێت.. لە ڕاستەوە بۆ چەپ، لە عەلمانییەوە بۆ ئیسلامی! بەڵام لەنێو ماڵەکەیدا هەمیشە ئایدیای نوێ و هەوڵ بۆ گۆڕانکاریی دەنگی زاڵ بووە. لە ماوەی (١٠) ساڵی ڕابردوودا هەندێک ڕۆژ هەبووە زیاتر لە (٨) کاتژمێر هاوکاری کاک جەلال بووم لە ڕێکخستن و پۆلێنکردن و بڵاوکردنەوەی بەشێک لە فایل و بەڵگەی بەرپرسە گەندەڵەکان! تا ئەوانە نەبینیت، لە وردبینی و پشوو درێژییەکەی تێناگەیت!

ئینجا دەزانیت ئامادەکردنی ئەو ڕیپۆرتانە بەو وردییە هۆکاری ئەوە بووە کە کاریگەری لەسەر تەندروستی دروستکرد و مەترسی لەسەر ژیانی هەبوو. ئەو کە ئێستا خانەنشینە، ئەو خانووەی تیایدا دەژی بەخشیوبەتی بە کەرتی تەندروستی، تەنانەت سامانی خۆی و خانەوادەکەشی لە دروستکردنی قوتابخانەیەکدا لە شاری سلێمانی سەرفکردووە! ئەو پارچە زەوییەشی کە وەک مافی خۆی وەریگرتبوو، وەک خەڵاتی سالانە بەخشی بە فەرمانبەرانی دیوانی چاودێریی دارایی، ئێستاش سەرقاڵی باخچەیەکی ساوایانە بۆ یەکێک لە گەڕەکەکانی سلێمانی.

(جەلالی عومەری سام ئاغا)، نموونەیەکی ناوازەیە لە وردبینی و پاکی لە کارو سازش نەکردن بۆ هیچ پلە و پۆست و ماڵێکی دونیا. ئەو ئێستا لە کارەکەی دوورکەوتۆتەوە، بەڵام دژی گەندەڵی، ڕێگایەکی تری بۆ خەبات هەڵبژاردووە، تا سەردانی ماڵەکەی نەکەیت و بەشداری کۆڕ و کۆبوونەوەکانی نەکەیت، قورسە لە ڕێگەی نووسینێکەوە تەواو پێی ئاشنا بیت.

(جەلالی عومەری سام ئاغا)

# قەڵەمێک

لەم هەرێمەدا، کەمن ئەو کەسانەی لە ئەرکە وەزیفییەکانی خۆیاندان و فەرمان دەردەکەن... موچەکەکانیان کەم بکردیتەوە یاخود بۆتە کارێکی دەگمەن کە داوا بکەیت پلەی وەزیفییەکەت کەم بکەیتەوە.

لە هەرێمی کوردستاندا کەسێک نەبوو کە (وەزیر و بەرپرس ) بێت، دەیان پارچە زەوی و پرۆژە و ئۆتۆمبیل و موچەی زیادەی بۆ خوشک و خوشکەزا و برا و ماڵە خەزوران و دۆست و هاوڕێکانی وەرنەگرتبێت. تاکە کەسێک هەیە کە پلە وەزیفییەکەی وەزیریش بووە و لە دامودەزگایەکدا کاری کردووە، ئەگەر مەبەستی بوایە، زۆرترین دەرفەتی لەبەردەستدا بووە بۆ خیانەتی مالی و داگیرکردنی پارچە زەوی و پارە بەخشینەوە، بەڵام ئەو نەک زەوی داگیرناکات، بەڵکو ئەو تاکە پارچە زەوییەی خۆشی بە پارە دەفرۆشێت، پارەکەش بۆ بەردەوامیدان بە خزمەتی بەردەوام بۆ کارمەندانی دەزگاکەی خۆی دەبەخشێت، تاکو لەم ڕێگەیەوە هانیان بدات دەستپاک و سەرڕاست و داوێنپاک بن. بە باشی ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن.

لەناو فەوزای گەندەڵی و خیانەتی نەتەوەیی و نیشتمانی و بێئابڕوویی، بەشێکی زۆر لە بەرپرسانی هەرێمی کوردستان بە دەگمەن کەسێک هەڵدەکەوێت نە خاوەن دۆلار و نەخاوەن (٣ بۆ٤ ) ژن و چەند کچێکی ناسکۆڵە بێت. بۆ گوڵی سەر مێزی بادەی ڤێلاکەی ئەو کەسەش (جەلالی عومەری سام ئاغا) یاخود پیاوە سپییەکەیە.

سروشت بە ئاوەزی جوانی خۆی، (جەلالی عومەری سام ئاغا)، لە ساڵی (١٩٤١) دا دەبەخشێ بە شاری سلێمانی، لە گەڕەکی سەر شەقام لەدایک دەبێت. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندیش هەر لە سلێمانی تەواو دەکات. دواتر بۆ تەواوکردنی خوێندنی زانکۆ لە کۆلێژی بازرگانی و ئابووری ڕوو لە شاری بەغداد دەکات. بە سەرکەوتوویی سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن بەدەست دێنێت.

ساڵێک پێش تەواوکردنی زانکۆ، بە هۆی چالاکی سیاسییەوە لە ناو ڕێکخراوە کوردییەکاندا، لە شاری بەغداد دەستگیر دەکرێت و ڕاپێچی زیندانی (خلف السدة) دەکرێت. لە ساڵی (١٩٦٤)دا وەک فەرمانبەر لە فەرمانگەی (پۆستی سلێمانی) دادەمەزرێت، دواتر دەگوێزرێتەوە بۆ زانکۆی سلێمانی و دەکرێتە بەڕێوبەری کارگێڕیی زانکۆی سلێمانی. ساڵی (١٩٦٥) کۆلێژی ئەفسەرانی یەدەکی لە بەغداد تەواوکردووە.. دواتر لە ساڵی (١٩٧٤- ١٩٧٥) بەشداری شۆڕشی ئەیلول دەکات،

هەر لەبەر ئەمەش لە دوای هەرەسهێنان بە شۆڕش بۆ ماوەی (٥) ساڵ دوور دەخرێتەوە بۆ شاری بەغداد. لە ساڵانی هەشتاکاندا دێتەوە سلێمانی، لە یەکەم کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی دوای ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٩١، لە وەزارەتی دارایی و ئابووری دەکرێتە ڕاوێژکار، تا ساڵی (٢٠٠٠) بەردەوام دەبێت. دواتر دەبێتە بریکاری وەزیری دارایی و ئابووری لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا. ئیدی لە ساڵی (٢٠٠٢)دا دەبێتە سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی بە پلەی وەزیر، ئەم دەزگایە ئەبێتە جێگەیەکی گرنگ بۆ (جەلالی عومەری سام ئاغا)، تا شەڕی دژ بە گەندەڵیی بەرپرسان و مشەخۆرانی تێدا بکات، هەموان لە ڕێی ئەم دەزگایەوە (جەلالی عومەری سام ئاغا) دەناسن.

کاری ئەم دەزگایە لە ڕێگەی چەند تیمێکی شارەزاوە بۆ پێداچوونەوەو وردبینیکردنی کاروباری دامودەزگاکانە، لە ڕووی چەندێتی و چۆنیەتی خەرجکردنییەوە. ئەو موازەنەیەی حکومەت و پەرلەمان بڕیار لەسەر سەرفکردنی دەدەن بۆ وەزارەتەکان. بۆیە لەم دەزگایەدا سەرجەم تیمەکان و (جەلالی عومەری سام ئاغا)ش لە پرسینەوە دەگەڕێن و بە دوای ئەو پرسیارەوەن لە سەرجەم وەزارەتەکاندا سەبارەت بە خەرجییەکان بۆ کوێ دەچن؟

بۆ ماوەی (٨) ساڵ، (جەلالی عومەری سام ئاغا)، سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی دەبێت، لە ماوەی ئەو (٨) ساڵەدا (٢٧٢٠) ڕاپۆرت سەبارەت بە گەندەڵی بەرپرسان و فەرمانبەرانی دامودەزگاکان پێشکەش بە حکومەت کردووە، تاکو لێپێچینەوەی لێ بکات، بەڵام بە داخەوە تەنها (٨٦) کەس لەو ماوەیەدا دراونەتە دادگا، لەو کەسانەش لە فەرمانبەرێک و کەسێکی ئاسایی تا دەگاتە وەزیر و بەرزتر لە وەزیریش دراونەتە دادگا.

سەرجەم ئەو ڕاپۆرتانە گەندەڵی و دزیکردن و بەکارهێنانی پلەی وەزیفی بووە بۆ بەرژەوەندی تاکەکەسی، جێگەی ئاماژەپێکردنە تەنانەت چاوپۆشی لە هاوڕێ و دۆستە نزیکەکانی خۆشی نەکردووە، کە بە درێژایی تەمەن، هاوڕێی بوون و لێپرسینەوەی لە کەمتەرخەمییەکانی ئەوانیش کردووە و ڕووبەڕووی دادگای کردوونەتەوە.

لە ترسی ڕاپۆرتی ئەم دەزگایە لەسەر (قائممەقامی) هەڵەبجە، لە ساڵی (٢٠١٠) دا، قائممەقام ڕایکرد و خۆی شاردەوە. بە ئێستاشەوە هیچ کەس نازانێت لە کوێیەو بەرەو کوێ هەڵاتووە.

تەنانەت لە شۆڕشی خەباتگێڕی شاخیشدا.. کاتێک هیچ کەس نەیزانیوە وشەی گەندڵی چییە.. ئەم کەسایەتییە ڕووبەڕووی گەندەڵی بۆتەوە. لە ساڵی (١٩٧٤) دا..

کە بەرپرسی دارایی( دەزگای ڕاگەیاندنی شۆڕش) بووە، بە لیستێکەوە بە دوای ئەو کەسانەدا گەڕاوە کە لە شار فەرمانبەر نەبوون، بەڵام لە شاخ وەک فەرمانبەر خۆیان لەقەڵەم داوە، تاکو کەمێک بڕی موچە لە پێشمەرگەکانی تر زێدەتر وەربگرن. لە ئێستادا (جەلالی عومەری سام ئاغا)، بێ پاسەوان و ئۆتۆمبیلی گوللەنەبڕ، لە خانوەکەیدا دەژی لە گردی سەرچنار. هەر کە لە دەرگا دەدەیت و سەردانی دەکەیت، سەرەتا چاوت بە ئۆتۆمبیلە کۆنەکەی... جۆری ( کرۆنا مۆدێل١٩٨٠).. دەکەوێت. هەرچەندە چەند جارێک بە فەرمانی کارگێڕی ئۆتۆمبیل و پاسەوانی بۆ نێردراوە، بەڵام ڕەتیکردۆتەوە، چەند ساڵی بەرپرسیارێتیی بەو ( کرۆنا) مۆدێل کۆنە بەڕێکردووە.

دوای دانیشتنێکی کەم، بۆ خۆی هەڵدەستێ قاوەیەکت بۆ دەهێنێت و باسی ئەو گەندەڵی و بێئابڕوییەی بەرپرسانت بۆ دەکات، باسی ئەوەت بۆ دەکات، کە چۆن لە سەری سەرەوە چاوپۆشیان لێکراوە. زۆر کات کە داوای کردووە چەند کەسانێک بدرێنە دادگا، حیزب گوتویەتی ئێمە پیاوەکانی خۆمان عەیبدار ناکەین! بێدەنگی دەسەڵات و حکومەت لە ئاست ڕاپۆرتەکانی (جەلالی عومەری سام ئاغا) وایکردووە زۆرجار نامەی دەسلەکارکێشانەوە پێشکەش بە جەلال تاڵەبانی و حکومەت بکات. جارێک لە نامەیەکدا بە مام جەلال دەڵێت: (شەرفمەندنیم بە وەزیفەکەتان، چونکە من جسمێکی غەریبم لە نێوتاندا). نابێت ئەوە لەیاد بکەین کە پارچە زەوی ژمارە ٦٢٥/٢٦ی کەرتی ئابلاخی فرۆشتووە بە «٧٠,٠٠٠,٠٠٠- حەفتا ملیۆن دینارو پارەکەی لە بانک داناوە، لەم پارەیە ساڵانە لە١٠٪ی بڕی سوودەکەی وەک خەڵاتی (جەلالی عومەری سام ئاغا) دەدرێتە ئەو فەرمانبەرانەی کە سەرراستن و ئەرکەکانیان بە جوانی جێبەجێ دەکەن و هیچ گەندەڵییەکیان لێ دەرناکەوێت.

ئەو خانوەش کە ساڵانی حەفتاکان دروستی کردبوو، بە نووسراوی ژمارە (٢٢٨) لە بەرواری ( ٢٠٠٢/٨/٢٨) پێشکەشی وەزارەتی تەندروستی کردووە، وەسیەتیشی کردووە کە بکرێتە بنکەی تەندروستی. ئێستا خانوەکەی لەسەر وەزارەتی تەندروستی تۆمارکراوە. ڕووبەرەکەی (٤٥٠م) چوارگۆشەیە و ژمارەی موڵکەکە (٢٥٠/ ١٨٧ی کەرتی ٨ ئابلاخە)، کە لەو ساڵەدا بە (٧٠٠,٠٠٠- حەوتسەد هەزار) دۆلار خەمڵێنراوە. جگە لەوەی (جەلالی عومەری سام ئاغا)، بە (پیاوە سپیەکە) ناسراوە، زۆرجار ڕۆژنامەنووسان بە (پیاوە بێدەنگەکە) ناوی دەبەن، ئەگەرچی بۆ ڕۆژنامەنووس و (T.V)یەکان زۆر نەدواوە، ئەو خزمەتەی کە کردوویەتی نەیداوەتەوە بە ڕووماندا. هەر ڕۆژە لەسەر کەناڵێکی تەلەفزیۆنی پێی نەفرۆشتوینەتەوە، بەڵام خۆشبەختانە

دادگاکانی پڕکردووە لە دەنگی ئاگاداری و ڕاچڵەکین بۆ گەڕانەوەی دادپەروەری لە ڕێگەی ئەو ڕاپۆرتانەوە، کە شەونخونی کێشاوە بە دیار ئامادەکردنیانەوە. زۆرکەس لێی دەگێڕنەوە... کاتێک مەلابانگدان خەڵکی بە دەنگی بانگی بەیانی هەستاون بۆ نوێژ، (جەلالی عومەری سام ئاغا)، هێشتا نەخەوتووە و بەرەبەیان سەرخەوێکی شکاندووە. لێرەدا پرسیارێک دێتە پێش... ئایا ناتوانین بڵێین (جەلالی عومەری سام ئاغا)، وەک سەربازێکی ون بە ئەندازەی هێزێکی ئۆپۆزسیۆن کاریکردووە؟ دەیان بەرپرس و پارێزگار و قائممەقام و بەڕێوبەری گشتی و ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزبەکانی ڕاپێچی دادگا کردووە، بێ ئەوەی هیچ پشت و پەنایەکی هەبێت، تەنانەت ماڵەکەی بەردەوام کراوەیە، بێ ئەوەی هیچ پاسەوانێکی هەبێت بیپارێزێت. لە (٢٠١٦/١١/٢١)دا پێشنیاری بۆ کرا بە وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی هەرێم، کە ئەو کات داوای جێگرەوەی (مەسعود بارزانی) دەکرا، بەڵام هەر زوو وەرگرتنی ئەو پۆستەی ڕەتکردەوە. لە ژوورەکەیدا دوو دروشم هەڵواسراوە کە دەڵێت:


السَخاءُ أَنْ تَكونَ بِمَالِكَ مُتَبَرِّعاً.. وَعَنْ مَالِ غَيرِكَ مُتَوَرِّعاً
واتە: سەخاوەت ئەوەیە کە دەستت لە ماڵی خۆتا کراوە و بۆ ماڵی خەڵک گیربێت.

يَكونُ المَسْؤُولُ قَوِيَّاً.. إلِي أَنْ يَطْلُبَ شَيْئاً لِنَفْسِهِ
واتە: بەرپرس بەهێزە تا ئەو کاتەی کە داوای شت بۆ خۆی ناکات.

دواجار، وەک خەمێکی نەخوازراو بۆ هەموان، لە ڕۆژی (٢٠١١/١/١٧) پاش خانەنشینبوونی بە پلەی وەزیر، سەرجەم ئەو ئیمتیازاتانەی بۆی دابین کرابوو، لە پاسەوان و ئۆتۆمبیل، ڕەتیکردەوە. بە نامەیەکی ورد و پاراو و مێژوویی ماڵئاوایی لە فەرمانبەرانی دیوانی چاودێریی دارایی کرد.

# «ئاغا»ی شەفافیەت و لێپرسینەوە لە گەندەڵکاران

**عەبدولڕەحمان ئەبوبەکر**



عەبدولڕەحمان ئەبوبەکر- پەیامنێری (KNN)، جەلالی عومەری سام ئاغا

پیاوە سپییەکەی نیشتمان، ئەو پیاوەی بوو بە سیمبوڵی تێکۆشان و بەرگریکردن لە مافی خەڵک بە گشتی، تا بمێنێن لە لوتکەی مەردایەتی و دڵسۆزیدا دەمێنێتەوەو ناوێکی درەوشاوەیە لە دنیای دژە گەندەڵیدا.

ناوی ئەو پیاوە بۆ هەموولایەک نامۆ نییە، هەر کەس ناوی بیستبێت، هەستی کردووە لێوەی نزیکە، ئەویش بە دەستپاکییەکەی و کارە جددییەکانی لە فەرمانگەکاندا، هەمیشەش خۆنەویست بووە، ناسینی بەندەش لە نزیکەوە بۆ ئەو پیاوە لە دوای ساڵی (٢٠١٤)وە بووە، بۆ یەکەمجار کە بینیم زۆر دەستخۆشی لێ کردم بۆ کارەکانم و وتی: «هەقە لەگەڵ خۆت بمبەیت بۆ ناو ئەو سروشتە جوانانە»، منیش پێم وت «تۆ بە ئێمە ڕازی بیت، پێی گەورە دەبین». ئەوەندەی ئێمەی ڕۆژنامەنووس هەستمان بەوە کردبێت کە هەرکەس گەندەڵ بێت، دڵنیابووین لەوەی کە چاودێریی دارایی ئەوکات، کە (جەلالی عومەری سام ئاغا) سەرۆکی بووە، دەیداتە دادگا. بۆیە زۆربەی کات ئەو هەواڵ و ڕاپۆرتانەی دەمان کرد یان دەمان نووسی، ئامانجی سەرەکیمان ئەوە بوو کە چاودێریی دارایی بیبینێت، چونکە دەمان زانی ئیتر قاچی ئەو کەسە گەندەڵە دەکەوێتە تەڵەی ئەو دەزگایەوە، بە ئاسانیش ڕزگاری نابێت. بۆ کوردستان پیاوێکی وەکو کاک جەلال گرنگی خۆی هەیە، چونکە بۆ دۆخی دوای ساڵی (٢٠٠٣)و هاتنی ئەو هەموو پارەیە بەلێشاو، دەبوو پیاوێکی وەکو کاک جەلال بوونی هەبێتو چاودێر بێت بەسەرییەوە.

(جەلالی عومەری سام ئاغا)، پیاوێک لێوانلێو لە متمانە و سەنگینی و خۆشەویستیی هەموان، پێم وایە ئەوانەشی گەندەڵیان دەکرد کاک جەلالیان خۆشدەویست. بە ڕاستی خانەنشینبوونی زیانێکی گەورە بوو لە کەرتی گشتی، چونکە گرنگ بوو چاودێرێکی وەکو کاک جەلال بەسەر دامودەزگاکانی ئەو کەرتەدا بوونی هەبێت. پێم وایە بەخانەنشینبوونی هەندێک کەس دڵیان خۆشبووە، بەڵام زۆرینەی خەڵک غەمبار بوون. ئەگەرچی دیوانی چاودێریی دارایی دوای کاک جەلالیش کەمتەرخەم نەبوونو بەپێی توانای خۆیان کاری باشیان کردووە، ئەو فەزڵەش هەر بۆ ئەو دەگەڕێتەوە، کە ئەو فەرمانبەرانەی ڕاهێناوە. کەوایە نووسین لەسەر کەسایەتی کاک جەلال هەروا ئاسان نییە، چونکە هەموو تەمەنی پڕ لە کار و کردەوەی جوانو هەمیشەش لایەنگری مرۆڤایەتیبوون و دڵسۆزی نیشتمان بووە، جگە لەوەش بنەماڵەکەی

بەهەمان شێوە لە خزمەتکردنی نیشتماندا بوون.. مولّک و ماڵیان بەخشیوە بە حکومەت، بۆ خزمەتکردنی خەڵک. لەم دواییانەدا دروستکردنی خوێندنگەیەکی (١٢) پۆلی کە بە باشترین کەرەستە و لەسەر باشترین سیستمی پەروەردە دروستکراوە.. بۆ ناوچەیەکی بەرفراوانی شاری سلێمانیش گەورەترین سوودی هەیە، هەروەها بەخشینی خانووە تایبەتەکەی خۆی بە کەرتی تەندروستی، گەواهیدەری دڵسۆزیی و بێمنەتی ئەوە بە پارەو ماڵی دونیا.

ناوی (جەلالی عومەری سام ئاغا)... ناوێکە هەرکەس بۆ ساتێک بینیبێتی شانازی پێوە دەکات، زۆربەی زۆری لایەنەکان، بۆ هاوپەیمانی و ڕێککەوتنی سیاسی ماڵی ئەو پیاوەیان هەڵبژاردووە. ئەویش تەنها لەبەر ئەوە بووە دادپەروەر و پیاوێکی پاک و سپیی کوردستان و نیو سەدە ئەزموونی کاری ئیداریی هەیە. ئەو پاشگری «ئاغا»یەش بە ناوەکەیەوە ئاغای ئاغا و دەرەبەگایەتی نییە، ئەم ئاغایە... ئاغای شەفافیەت و لێپرسینەوە بووە لە گەندەڵکاران و ئاشتەوایی و بەخشینی مولّکی خۆیو باوباپیریشی بەحکومەت. ئەوەی مەبەستمە بیڵێم ئەم جۆرە مرۆڤانە بۆ میللەتی ئێمە زەرورن. هەقە تا لە ژیاندا ماون گەورەترین ڕێزیان لێ بگیرێت، ئەزموونی کارکردنی پیاوانی وەک کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا)، هەقە سودی لێ وەربگیرێت، نەوەک پشتگوێ بخرێت، چونکە دڵنیام کە «ئاغاکەی دژە گەندەڵی» ببوایە بە سەرۆکی حکومەت و دەسەڵاتی تەواوی هەبوایە، ئێستا کوردستان لە دۆخێکی دیکەدا بوو!.

# قۆناغێکی دۆکیومێنتی وێنەیی
# لە ژیانی جەلالی عومەری سام ئاغا



ماڵی جەلالی سام ئاغا کە ساڵی ١٩٥٣
کرایە یەکەم قوتابخانەی ناوەندی بە ناوی ناوەندیی سلێمانیی کوڕان



ماڵی حاجی عومەری سام ئاغا
کە کرابوو بە قوتابخانەی سەرەتایی عەبدول ئیلاهـ - ١٩٥٢



ئەنجومەنی قوتابخانەی عەبدول ئیلاهـ - ١٩٥٢/٢/١١ مامۆستایان: یوسف موسڵاوی،
ئەحمەد سەعید، سەید موحسین خطاط، علی مظفر(مدیر) بەهجەت سەعید کابان، عیزەت کۆیی و موحەمەد عەزیز




حاجی محەمەدی عەلی مەولودی سام ئاغا
لەگەڵ خورشیدە خانی خوشکی - ١٩٥٦



جەلالی سام ئاغا لەگەڵ حاجی محەمەدی سام ئاغای باپیری - ١٩٥٣



حاجی عومەری سام ئاغا لەگەڵ
بەغدا - ساڵانی چلەکان



عەلی سام ئاغا




حاجی عومەری سام ئاغا لەگەڵ حەلاوە خانی خوشکی - ساڵی ١٩٦٩



زەکیەی سام ئاغا، حاجی عومەری سام ئاغا،
حەپسە خانی کەریم خانی هاوسەری حاجی عومەر، ئەختەری سام ئاغا - ١٩٥٧



عەتیە خانی حاجی حەمە ئاغا
دایکی جەلالی سام ئاغا
شەماڵ و ئەختەری سام ئاغا



ئەختەری سام ئاغا



ئەختەری سام ئاغا - ١٩٦٣



خاتو بەهیە حاجی محەمەد سام ئاغا
خێزانی فەقێ ڕەشید قەشانی



خاتو ئەختەری سام ئاغا لەگەڵ خوێندکارەکانیدا




ئەختەری سام ئاغا و هاوڕێکانی
لە پەیمانگەی پێگەیاندنی مامۆستایان



ڕووناک سائیب و ئەختەری سام ئاغا



خوا لێخۆشبووان زەکیە و ئەختەری سام ئاغا
لەگەڵ دۆست و هاوڕێکانیاندا



عادل موراد، خاتو گەلاوێژ خێزانی جەمال سام ئاغا، ڕووناک سائیب
عەدانان موفتی، ئەختەری سام ئاغا - ئاوکورتێ



جەلالی سام ئاغا، زانا تۆفیق نوری بەگ، ئەختەری سام ئاغا
٢٠١٣



مەحمود حەسەن ئاغا ئاوکورتێ، سەعید ئاغا کەریم خان، جەلالی سام ئاغا


بطاقه الاشتراك فى الامتحانات العامة

١٩٥ - ١٩٥

الدراسة الابتدائية

الأسم واسم الأب واللقب ........

الرقم الامتحاني ........


المدرسة ........

اللواء ........

ناجح في المعدلات السنوية  التاريخ ........

للصف السادس الابتدائي  مدير ........

**كارتی به‌شداریكردن له‌ تاقیكردنه‌وه‌ی پۆلی شه‌شی سه‌ره‌تاییدا**


بطاقة جواز الاشتراك فى الامتحانات

١٩٥٦ - ١٩٥٧

الدراسة المتوسطة

الأسم واسم الأب واللقب جلال عمر سلام اغا

الرقم الامتحاني ٩٠٧٠٧

المدرسة ........

اللواء ........

ناجح في المعدلات السنوية

للصف الثالث المتوسط

العدد ........ التاريخ ........

مدير ........

**كارتی به‌شداریكردن له‌ تاقیكردنه‌وه‌ی پۆلی سێی ناوه‌ندیدا**



خوالێخۆشبوو
خاتو ئەختەری سام ئاغا



زەکیەی سام ئاغا، حەپسەخانی کەریم خان، جەمیلەی سام ئاغا، جەلالی سام ئاغا
بەهرە و بەسامی حەمە ساڵحی فەقێ ڕەشید



جەمیلە خانی سام ئاغا، جەلالی سام ئاغا، بەهرە حەمە ساڵحی فەقێ ڕەشید
سلێمانی - ئەزمەڕ ١٩٦٠




گەشتی کەشافەی قوتابخانەی سەرەتایی عەبدول ئیلاه
١٩٥٢



جەلالی سام ئاغا، لە ژوورەکەی خۆی
کاتی ئامادەکاری بۆ تاقیکردنەوەی پۆلی پێنجی ئامادەیی - ١٩٥٧




تیپی تۆپی پێی ناوەندیی سلێمانی کوڕان



جه‌لالی سام ئاغا له‌گه‌ڵ خوشکه‌زاکانیدا له شاخی ئه‌زمه‌ڕ - ۱۹٦۰
به‌همه‌ن، به‌هره، به‌سام و به‌هرۆزی حه‌مه ساڵحی فه‌قێ ڕه‌شید



نازدار سام ئاغا، دلێر سام ئاغا و دارا سام ئاغا



نازەنین سام ئاغا، شەماڵ سام ئاغا و دارا سام ئاغا

# پیرەمێرد[٧]

ئەوەی لەم ڕۆژە قسەی حەق بکا
ئەبــێ چاوەڕێ ی زلە و شەق بکا
ماستاوچیـەکان ئەمــڕۆ پیاوچـاکن
زۆر بڵی ودمم ڕوت لای خـەڵکا پاکن
خـــاکمان سەرتاپای غـــەرقی گێژاوە
چونــــکە لە خەمی کەم کەسێ ماوە
چەن ســـــەیرە دنیا ئاخ چۆن گۆڕاوە
پیاو چاك زەلیلە و جاش خۆی حەساوە


الرقم

الرتبة والصنف

الاسم واسم الاب

رقم السجل

البلدة

تاريخ دخول الجيش

امضاء صاحب الهوية او بصمة الابهام

كلية

التاريخ / / ١٩٦

توقيع آمر الوحدة :

**ناسنامه‌ی كۆلیژی ئه‌فسه‌رانی یه‌ده‌گ**


الرقم: ١٠٠٩١


الرتبة: تلميذ

الاسم: جلال عمر سام

الفصيل: الخامس

السرية: الثانية

**كۆلیژی ئه‌فسه‌رانی یه‌ده‌گ - ١٩٦٦**



شکۆنامە

. لەوحەی شەرەف .

لیژنەی کۆمەکی دامەزراندنەوەی زانکۆی سلێمانی رۆژی ١٨/٩/١٩٩٢ لە چەند کەسێکی دڵسۆز پێکهات کە لە ماوەیەکی کەمدا ئەوەندەیان پارە کۆکردەوە زانکۆی پێ دابمەزرێتەوە، لیژنەکە ئەم بەڕێزانە بوون:

١- جمال عبدول سەرۆك
٢- نەوشیروان مصطفی ئەندام
٣- د. محمود دەرویش نادر "
٤- خالد محمد خال "
٥- جلال عمر سام آغا "
٦- رفیق توفیق قزاز "
٧- علی محمد عبدالله "

جمال عبدول
پارێزگاری سلێمانی



سەردار بەهادین محەمەد، فازڵ ئەحمەد بەنا و جەلالی سام ئاغا
لە بۆنەی هاتنی شا فەیسەڵی دووەم بۆ سلێمانی - ١٩٥٦



سه‌ردانی وه‌فدی به‌غدا بۆ هه‌ڵسه‌نگاندنی
زیانه‌کانی لافاوه‌که‌ی ساڵی ١٩٥٧ی سلێمانی



به‌شداریکردن له خۆپیشاندانی یه‌کێتی قوتابیانی کوردستان
به بۆنه‌ی جه‌ژنی نه‌ورۆزه‌وه - به‌غدا/ زه‌عفه‌رانیه - ١٩٦٠/٣/٣٠




جەلالی سام ئاغا و جەواد حەیدەر
کۆلیجی بازرگانی زانکۆی بەغدا
١٩٦٢



جەلالی سام ئاغا، سەردار مستەفا مەزهەر و شاسواری جەلالەفەنی
کۆلیجی بازرگانی زانکۆی بەغدا - ١٩٦٢



نه‌ناسراوه‌ته‌وه،نبیل، فاروق مه‌لا مسته‌فا، سه‌ردار مسته‌فا مه‌زهه‌ر، نه‌ناسراوه‌ته‌وه
جه‌لالی سام ئاغا، نه‌ناسراوه‌ته‌وه- كۆلیژی بازرگانی زانكۆی به‌غدا- ١٩٦٢



شێركۆ عه‌زیز،عومه‌ر حسێن،عه‌لی ئه‌حمه‌د حه‌مامچی، حه‌مید سه‌راج
جه‌لالی سام ئاغا، نه‌ناسراوه‌ته‌وه- خانه‌ی قوتابیان به‌غدا- ١٩٦٢



قوتابیانی کوردی زانکۆی بەغدا
مەراسیمی نەورۆزی ساڵی ١٩٦٢دا



مەراسیمی نەورۆزی
لە هۆڵی کۆلیجی پەروەردەی زانکۆی بەغدا - ١٩٦٢



قوتابیانی کوردی زانکۆی بەغدا
مەراسیمی نەورۆزی ساڵی ١٩٦٢دا



زەکیەی سام ئاغا و حەپسەخانی کەریم خان
ماڵی عومەری سام ئاغا - ١٩٦٥



جەمال قەزاز، جەلالی سام ئاغا، نەوزاد عەنبەر
ڕۆژی تۆمارکردن لە کۆلیژی ئەفسەرانی یەدەگ - بەغدا- ١٩٦٦/٢/٦




کۆمەڵێک قوتابیانی کۆلیژی ئەفسەرانی یەدەگ
بەغدا ١٩٦٦



مەیدانی نمایشی کۆلیژی ئەفسەرانی یەدەگ
حەزیرەی چوارەمی فەسیڵی پێنجەمی سریەی چوار- ١٩٦٦/٣/٢



کاتی مەشقکردن لە کۆلیژی ئەفسەرانی یەدەگ
بەغدا - ١٩٦٦



جەلالی سام ئاغا لە کاتی قاچ شکانەکەیدا
لەگەڵ نازەنین سام ئاغا و سەعیدی کەریم خان - ١٩٦٨



سەیرانێک لە چیای پیرەمەگرون
١٩٧١




مەراسیمی کردنەوەی بانکی بازرگانی سلێمانی
١٩٧١





مەراسیمی کردنەوەی بانکی بازرگانی سلێمانی
١٩٧١




**مەراسیمی کردنەوەی بانکی بازرگانی سلێمانی**
**١٩٧١**



**بەرپرسانی بانکی بازرگانی سلێمانی لە کاتی کردنەوەیدا**
**١٩٧١**



DAR AMMAN INSTITUTE

AMMAN — JORDAN

معهد دار عمان

عمان - الأردن

The Faculty of Dar Amman Institute Certify that
Mr. Jalal Omar Sam Aga
has completed the prescribed lessons
Elementary Book Keeping Course
and passed the Final Examination, in Recognition of which he is hereby awarded this

DIPLOMA

Date 1/3/1959

The Director
M. A. Saleh

President of the Examining Board


تشهد ادارة معهد دار عمان أن
السيد جلال عمر سام آغا
قد أتم الدروس المقررة في
منهج المحاسبة ومسك الدفاتر الابتدائية
ونجح في الامتحان النهائي
واشعاراً بذلك منح هذه

الدبلوم

التاريخ ١ / ٣ / ١٩٥٩

رئيس اللجنة الفاحصة

المدير



DAR AMMAN INSTITUTE

AMMAN — JORDAN

معهد دار عمان

عمان - الأردن

The Faculty of Dar Amman Institute Certify that
Mr. Jalal Omar Sam Aga
has completed the prescribed lessons
Advance Book Keeping and Accountancy.
and passed the Final Examination, in Recognition of which he is hereby awarded this

DIPLOMA

Date 1st. July 1959

The Director

President of the Examining Board

تشهد ادارة معهد دار عمان أن
السيد جلال عمر سام آغا
قد أتم الدروس المقررة في
المحاسبة ومسك الدفاتر العالية
ونجح في الامتحان النهائي
واشعاراً بذلك منح هذه

الدبلوم


التاريخ الأول من شهر تموز ١٩٥٩

رئيس اللجنة الفاحصة

المدير



بەڕێکردنی بەڕێوەبەری بانکی بازرگانی سلێمانی
دوای تەواوبوونی ماوەکەی - ۱۹۷۲



ئەندازیار بەختیار زوهدی
سەرپەرشتیاری بیناسازی فراوانکردنی زانکۆی سلێمانی




د. دارا ڕەشید جەودەت، د. کەمال مەزهەر،
جەلالی سام ئاغا
سەردەمی پێشمەرگایەتی شۆڕشی ئەیلول
حاجی نۆمەران - ١٩٧٥



جەلالی سام ئاغا و بەختیار زوهدی - ئاوکورتێ ١٩٧٣



جەلالی سام ئاغا و عەلی حەسەن ئاغا



جەلالی سام ئاغا، شێخ ساڵحی داراغا، شێخ سالاری حەفید
لە مەزاری شێخ حەسەنی گڵەزەردە - ١٩٩٧/٦/٥



مەلا محەمەدی بەحرکە، جەلالی سام ئاغا
ماڵی مەلا محەمەد - هەولێر - ٢٠١٩



عەلی حەسەن ئاغای ئاوکورتێ
پورزای جەلالی سام ئاغا



**فوئاد نوری خەفاف و جەلالی سام ئاغا**
**بەغدا - ١٩٨٧**



**خالید خالّ، دارا تۆفیق، د. دارا جەودەت، جەلالی سام ئاغا، نەناسراوەتەوە**
**حاجی ئۆمەران - ١٩٧٤**



خالید خاڵ، جەلالی سام ئاغا، د. دارا جەودەت
حاجی ئۆمەران - ١٩٧٤



خالید خاڵ، د. کەمال خەیات، نەناسراوەتەوە، د. کەمال مەزهەر
جەلالی سام ئاغا، سیروان عەبدوڵا سەعید، حەکیم- حاجی ئۆمەران ١٩٧٤

چارەنوسی مرۆڤەکان یەکجار تۆمار دەکرێت. وەکو دەقە پیرۆزەکان دەستکاری ناکرێت! چەند لە قووڵایی مێژوو نزیک بینەوە، باوەڕ و گومانی مرۆڤ هێندەی ئەو قووڵاییە زیاتر دەبێت، کایەکانی گەمەی ژیانی مرۆڤ بۆ دواوە ناگەڕێنرێتەوە، هیچ کاتێک چارەنوسی دوو مرۆڤ لە دوو دونیای جیاوازدا وەک یەک نابن، دەکرێت وەکو نەمریی، سەیری ئەم مانایە بکەین بۆ مرۆڤ! جگە لەمرۆڤیش هیچ بوونەوەرێکی تر مانای نەمریی نازانێت، ئەمە چارەنوسی جەلالی عومەری سام ئاغایە. ئەوا کتێبەکانی بە چاپ گەیشتن، کەچی ئەم چارەنوسە نەگۆڕە هەروەکو خۆی وایە و گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە! چەندە ئەوەندەی تر، لەناو نەتەوەی کورد دا، ناپاکی! نادادپەروەری! گەندەڵیی! چەندەها بواری تری ژیان بێت و بچێت، لە ڕابردوودا، لە ئێستا و داهاتووشدا، هەر دەتوانێت جەلالێک... سیمبولێک - جسمێکی غەریب - دژە گەندەڵ- بێباک و دۆستپەروەر... فەراهەم بکات. ئەم پەرتوکانەی بەردەستی تۆی خوێنەر، شەپۆلی سۆز و خۆشەویستی هاوڕێ و سەرسامبوان و دۆستان و پشت و پەنایانی ئەوت بۆ بەیان دەکات، بۆ کەنارێکی لەنگەر گیراو، ڕاتدەکێشێت. بۆیە ئاخ هەڵمەکێشە، لەبەرئەوەی تۆش جەلالی سام ئاغا نەبوویت! چونکە ئەو جەلالە و تۆش خۆت!

خالید حەمە غەریب